MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

## دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# بـــابـــەك

# بـــــابـــەك

نووسینی

جەلال بەرگشاد

وەرگێڕانی بۆ فارسی

رەحیم رەئیس نیا   –   رەزا ئنزابی نەژاد

وەرگێڕانی بۆ کوردی

ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل

ئەم کتێبە وەرگێڕاوی ئەمەی خوارەوەیە:

جلال برگشاد

بابك

ترجمە: رحیم رئیس نیا / رضا اترابی نژاد

مؤسسە انتشارات نگاه، تهران ، ١٣٨١

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **بـــابـــەك**
- **نووسینی:** جەلال بەرگشاد
- **وەرگێڕانی بۆ فارسی:** رەحیم رەئیس نیا – رەزا ئنزابی نەژاد
- **وەرگێڕانی بۆ کوردی:** ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** هۆگر سدیق
- **پیتچنین:** نووسینگەی ئەنتڵ بۆ کۆمپیوتەر
- **ژمارەی سپاردن:** ٣٨٩
- **نرخ:** ٦٠٠٠
- **چاپی یەکەم :** ٢٠٠٧
- **تیراژ:** ١٠٠٠
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢١٩)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

## (١)
## دۆزەخـــــی پەسنـــــــد کـــراو

*هەرگیز ئیرەیی بەو کەسانە مەبە*
*کە لە نێو کۆشکانی ڕازاوە و بە ڕواڵەت*
*نهێنی ئامێزدا دەژین, ئەوانە لە نێو*
*دەریایەکی شەپۆلاوی و تۆفانگرتوودا*
*بە کەشتی رزیو دەچنە راوە ماسی. لەوانەیە*
*بەخت یاوەریان بێ بەڵام چەندین زۆریان*
*بە پارچە تەختەی کەشتییەکانی خۆیانەوە*
*بە قووڵایی دەریادا ڕۆدەچنە خوارەوە.*

خەیزەران, گەورە خاتونی دەزگای خەلافەت, هەروەکو ئاگریپینا, دایکی‌نیرون ئیمپراتۆری ڕۆما, خولیای فەرمانڕەوایی هەبوو. ئەو لە پاش کوڕەکەی خۆی, هارون رەشید, بە دووەمین دەسەلأت دەژمێردرا. هەرچەندە بە ڕەسمی هارون خەلیفە بوو, بەلاّم بەڕێوەبردن و ڕاوێژی زیاتری کاروبارەکان, بەوی بوو. خەلیفە بۆ خۆی هەروەکو نیرون لە ڕاووشکار و خۆش ڕابواردندا دەس بەتاڵ بوونی بۆ نەبوو. ئەو هەر ڕۆژ, لە ژێر درەختی زێڕینی کۆشکی زێڕیندا بەزم و ئاهەنگی ڕازاوەی پێکدەهێنا, لە ژێر ڕۆشنایی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوی مۆمەکان, لە نێو جوولأنەوەکانی سەماکەرانی نیوە رووتدا نقووم دەبوو. تاوێك دڵی دەدایە گۆرانی دڵخرۆشێنی کەنیزە جوانەکان و ساتێك بە گۆرانییەکانی قەرەنفل, دڵبژاردە جوانەکەی خۆی, بە نێو خەونە شیرینەکاندا دەچووە خوارێ و خۆی لە باوەشی گوڵاوینی پەریاندا هەست پێ دەکرد. هەر جارێك ئەم سروودەی لە زاری قەرەنفلەوە گوێ لێ دەبوو, دووبارە خۆی بە تازە لاو دەبینییەوە:



تیری ئەوینێك گیربووە لە گیانم
بەلأم من بەوە نامرم
نیگای تۆ هەتوانی زامی ڕوحی منە
تۆ دلّت لە من فڕاندووە, بەلأم
غەمی ئەوینت لە جێدا چاندووە
کە من بەو غەمە ئەوین دار ترم

ڕۆژان بەم ئاوایە تێدەپەڕین, هەرگا گەرم و گوڕی و چالاکی ئەم بەزمانە ڕوویان لە ساردی کردبا, ئەبو نەواس شاعیر و هاونشینی تایبەتی خەلیفە, سەر گەرمییەکی دیکەی پێکدەهێنا... خزمەتچیان, سواران, جارچییان, چوست و چالاك خۆیان هەلدەدایەوە سەر پشتی ئەسپەکانیان, بە شەقامەکان و کۆلأنەکانی بەغدادا ئەم سەرو ئەو سەریان دەکوتاوو بە جۆرێك کە لە هەموو لایەکەوە گوێیان لێ بوایە جاڕیاندەدا :

- هۆ خەلّکینە! گوێتان لێ بێ و ئاگاداربن, هارون رەشید خەلیفەی گەورە و دادپەروەر بۆ ڕاووشکار دەردەچێ, نابێ هیچ تەنیا بە شەرێکیش لە مالّەکەی خۆی دەربچێ.

خەلیفە جل و بەرگی ڕاوی لەبەر دەکرد و لەگەلّ سەیوری, سەگی شێر شکێنی کە لە هیندوستانەوە بە دانسقە بۆیان هێنا بوو, هەلۆیەکی سپی بەسەرشانەوە و بە سواری ئەسپێکی ڕەشی پڕ لە باق و بریقەوە بە ڕێگادا دەڕوا... لەو حالّەدا هیچ کەسێك ناتوانێ گوێ بە هەڕەشە و دورکەونەوە, دەك کوێراییتان دابێ. کانی خزمەتچیان بـــــــدا, تەواوی شاری بەغداد بۆ سەیرکردنی هارون کە بۆ ڕاوی شێر ڕوویدەکردە زۆنگەکانی بابل, دەهاتنە دەرێ. لە هەر پەنجەرەیەکەوەچەندینسەرو کەللە بە چارشێوی ڕەش و ڕوو پۆشی سوورەوە دیار دەکەوتن, لە هەر کلاّو و ڕۆژنەیەکەوە چەندین چاوی ڕەش بە حەسرەتەوە تەماشای خەلیفەی گەورەیان دەکرد.

چاوەکان لە خودی خەلیفە خۆی زیاتر, لە ئەسپیەوەك شەوی ڕەش ورد دەبوونەوە کە هەروەکوئەسپەکانی پاشاکانی ساسانی لە نێو زێڕ و زیوەردا نقووم بوو. سەرتاپای لەشی ئەسپ تاریك و کلکی خەنەیی و بەستراوی هەروەکو کەزی کچان دەچوو.

گەوهەری گرانبەها بەسەر زینی زێڕینەوە بریسکەی دەدایەوە, ئاوزەنگی زێڕین بوو, جلەوی بە مرواری بێ هاوتا ڕازێنرابۆوە. بە کورتی ئەسپە ڕەش وەك چل چرایەك دەدرەشایەوە و بازرگانانی بیانی ڕادەکێشایە نێو دەمەتەقێوە :

- ئەسپ نییە, دیارییەکی بەهەشتە, نرخی شارێك دەهێنێ!

- ئەگەر بەم هەموو گەوهەروخشڵەوە بیبەنە بازاڕ کەس دەتوانێ بیکڕێ؟

- تەنانەت فنحاسی یەهودی, ئەویش ناتوانێ بیکڕێ! لە نێو بازاڕی کویلە فرۆشاندا لانیکەم دە هەزار کۆیلە زیاتری پێدەدەن...

شەوان و ڕۆژان, با, بەنێو خێوەتە سپیەکاندا کە لە ئاقارگە قەدەغەکراوەکانی دەوربەری زۆنگەکانی بابل هەڵدرابوون, ویزە ویزی دەهات, پاسەوانان سەگەلی ڕاویان بەرەو ڕووی زۆنگەکان دەنگدەدا. شێران، بە دەنگی عەوە عەو و حەپەی سەگەکان لە لانەکانیان دەردە پەڕینە دەرەوە و لە نێوزۆنگەکان و داوەکاندا گیریان دەخوارد. ئەو جا نۆرەی تیر بارانی شێرەکان دەستیپێدەکرد. وەختێك شێرانی گیر خواردوو تووڕە هێدی هێدی تاقەت وتوانای خۆیان لەدەسدەدا, هارون لە شادیدا نقووم دەبوو و ئینجا نۆرەی سەیوری دەهات کە چالاکانە خۆی فڕێبداتە ناو داوێوە و گەرووی شێری تیکەوتوو بگرێ, و ڕاکێش ڕاکیش, نێچیر بخاتە ژێر پیکانی خەلیفەوە.

لە کۆشکی زێڕین, هەموو گفتۆگۆکان لەمەڕ ڕاوی سەرکەوتووی خەلیفە, بەکام گەیشتنەکانی ئەو لەگەڵ دڵبژاردەی خۆشەویستی خۆی, قەرەنفلدا و گۆرانی بێژان و نەستەق بێژیی و گاڵتە وگەپەکانی ئەبونەواس لە ڕاووشکار, بوون.

لە نێو کۆشك تاریفی ئەوەیان دەکرد کە گوایا ئەبونەواس لەوارگەی ڕاوشکارێدا, ئەسپی لنگ داوە, وەکو بروسکەپێشی هارون کەوتۆتەوە و ئینجا چاوێکی لە خەلیفە هەڵبڕیوە, و خۆ پەسندانە پێی دەڵێ :

- ئەها... پیاوم دەوێ پێم بگاتەوە, کوا پیاو لە کوێن؟

هارون تێدەگا کە ئەبونەواس لەوپەڕی مەستی دایە, بۆیە لاف و گەزافەکانی شاعیر بە جیدی وەرناگرێ و ڕێگا بە ڕاوچییان نادا بە دوای بکەون :

- کارتان بە سەر شاعیرەوە نەبێ, نەوەکو دڵی لێمان برەنجێ,خۆشی ڕاووشکار لەوهەڵسوکەوت و لاف لێدانانە دایە, داب و ڕەسمی نێو کۆشك لە وارگەی ڕاوشکار جیایە.

ڕاوچیان جڵەوی ئەسپەکانیان رادەکێشن بەڵام شاعیرهێشتا دەستی لە شیرینکارییەکانی هەڵنەگرتووە, سەری ئەسپەکەی وەردەگێڕێ, هەروەکو سەردارێکی سەرکەوتوو هاوار دەکات :

- ئەمیرول موئمنین ئەوەندە بە ئەسپی شەوڕەنگی خۆتانەوە مەنازن, رۆژێك دێ دەبینی تێدا دەمێنێ و خەلیفە تووشی چنچڕوکی شێران دەکا!

ئەمجارەیان خەلیفە لە کەوڵی خۆی دەردەچێ و شاعیر کە پێی لە بەڕەی خۆی بەولاوەترەوە ناوە, بانگ دەکاتە لای خۆی پێی دەڵێ :

- ناکا سەری شاعیری گەوجمان لە لەشی خۆی زیاد بێت؟!

ئەبو نەواس دەستبەجێ خۆی کۆدەکاتەوە و ڕووی خۆی دەکاتە خۆر, بە زەردەخەنەوە وەلاّم دەداتەوە :

- ئەی ئەمیرول موئمنین, غولامی ئێوە ئەستێرەی زوهرەیە و زوهرە هەمیشە پێش وەدەرکەوتنی خۆر هەلّدێ تا مزگێنی هەلاّتنی خۆر بەگوێی خەلّکی جیهان ڕابگەیەنێ!

نێوچاوانی گرژ و وێك هاتووی خەلیفە دەکرێتەوە :

شاعیر! تا ئەوزەمانەی من لە ژیاندا ماوم, تۆ لە ئامان دای, لە پاداشی ئەم قسەیەت دەغولامم پێ بەخشیت.

شاعیر سەری کرنۆش نزم دەکاتەوە و لە حالێکدا بەرەوزۆنگەکان ڕادەکا, بە دەنگێکی بەرز دەلێ :

ئەی خودایە! ساویلکەیی خەلك لە دلّ مەگرە!

کاتێك ئەم جۆرە حالّەتە پێکەنین هێنەرانە و بەسەر هاتەکانی دیکەی ڕاوشکار, لەبەر چاوی خەلیفە ناسکی خۆی لەدەسدەدا, بە تیلەی چاو ئاماژەیەکی بۆ ئـــــــەبونەواس دەکرد و دەیکوت :

- سبحان الله.

و ئەمە ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی کە دەبێ لە بیری سەرگەرمییەکی دیکەدا بێ. هاونشینی تایبەت دەسبەجێ دەکەوتە تەقەلاو کۆششەوە. هەلّبەتە دۆزینەوەی کەرەسەیەکی تازەی شادی لە دار ئەلخەلافەی بەغداد - شاری خودا داد — کارێکی ئەوەندە دژوار نەبوو. سەرتاسەری قەلّەمڕەوی ئیسلامی بۆ خەلیفەی گەورە بە کەرەسەیەکی سەرگەرمی و دلّشادی دەهاتە ژماردن. ئەگەر هیچ دلّشادییەك نەبوایە, یاریکردن بە گیانی ئینسانان بۆخۆی جۆرە دلّشادییەك بوو...

مەیدانی ئەسپ ڕانی بەغداد لە حیلەی ئەسپان دەلەرزییەوە. سواران بە بازووانی بەهێزەوە کە لە مەیدانەکانی نەبەردا وەکو پۆلاّ مشت و مالّ بوو بوون, بە سەریالّی ئەسپانی خۆلّەمێشی و کورت و قەلّەودا درێژ ببوون, بروسکە ئاسا بۆ ئەمسەر و ئەوسەر غاریان دەدا. نۆکەرانی چوست و چاپووك کە چاوی بە حیرس و ئازیان لە پاداشی خەلیفەوە بری بوو, تێدەکۆشان هەموو هونەری خۆیان بنوێنن. پاش ئەسپ سواری نۆرەی یاری تیر هاوێژی دەهات کە هارون یەکجار زۆر حەزی پێدەهات... بەشدارانی نێو یاری, بەسەر رووی ئەسپەکانەوە بە چەپ و ڕاستدا دەچەمانەوە و وەك فرفرۆکە دەخولانەوەو لە حالێك دا کە ئەسپ غاری دەدا خۆیان فرێدەدایە سەر زەوی و ئینجا



دووبارە خۆیان هەلّدەدایەوە سەر پشتی ئەسپەکانیان و کاتێك بە بەرامبەر خەلیفەداتێدەپەڕین شمشێرەکانیان بۆ سەرەوە ڕادەوەشاند و هاواریان دەکرد :

- مردن بۆ خەزەرەکان! ئەگەر خەلیفە فەرمان بکا. دەڕۆین بۆ دەربەند و خەزەرەکان لە جێگای خۆیان ڕۆ دەنێین!

- ڕۆیان دەنێین!

ئەی ئەمیرول موئمنین, ئەگەر فەرمانڕەوای ئەندەلوس دیسانەوە سەر بزیوی بکا, ئێمە بنێرە سەری!

- بماننێرە!

- خەلیفەی گەورە! ئەگەر ڕۆم لە باج دان بە بەغدا سەر بابدەن, خاکیان دەکەینە توورەگەوە!

- لە توورەگەیان دەکەین!

- قیبلەی عالەم با بزانێ کە بە شمشێرەکانمان سوژدە بە خوڕەمیان دەبەین. جاویدانی پورشە هرەك لە بەرامبەرماندا ئەژنۆ دادەدا.

- ئەژنۆدادەدا!

مەبەست لە بەر پاکردنی مەراسیمی لەم ئاوایە, لەواقیعدا ئەوە بوو کە دەسەلاّت ومەزنی خەلیفە لەبەر دەمی خەلّکیدا پیشانبدەن. سەرەنجام خەلیفە لەم غارغارێنو ڕاکردن و بڕێ و بژییە, تاقەتی دەچوو :

- سبحان الله!...

ئینجا نۆرەی لیبۆکان وگالّتە بازان بوو کە هەندێکیان بە لووتیکی گەورە, هەندێکیان بە دەمێکی فراوانەوە, هەندێکیان بە بەژنی درێژ و باریکەوە, و هەمووشیان کوتالّی بە زێر چنراویان لە خۆیان ئالاّندوە و لۆژە لۆژ دێنە نێو مەیدانەوە, لیبۆکێك کە خۆی بە شێوەی شەمشەمەکوێرە لێکردبوو, قاچی گالّتە جاڕێکی دیکەی کە کەولّە ڕێوی لەبەردا بوو توند و قایم گرتووە و بە دەنگێکی نوزانەوە بەلاّم گوێ کەڕ کەر دەپارایەوە :

- دەستم بە داوێنتان, بەو جوانییە سەرنج ڕاکێشەوە ئەگەر بە ڕۆژ بفرم, دەسبەجێ ڕاوم دەکەن, فریام کەون!

- تەماشاکاران لە پێکەنیندا دەتریقانەوە و دەنگی قاقایان مەیدانەکەی دەلەرزاندەوە. هەندێك لەگالّتە جاڕان بە شێوەی مەیمون وریوی, هەندێکیان بە شێوەی شێر و بە هەلّسوکەوت و

جولانەوەی سەیر هەولێیاندەدا خەلیفە ڕازیبکەن. هەندێکیان بەئاوازێکی گالتەوە, شیعری گەپ ئامێزیان دەخوێندەوە :

ژیر تر لە هەر داوەرێك
ولاّخەکەی من بوو!
شیرین تر لە هەر چیرۆك خوێنێك
ولاّخەکەی من بوو!
رۆژێك کت و پڕ
مردوو و لە ناو چوو
شەوێك بە نازەوە هاتە خەوم
پێم کوت ئازیزم, ڕەوان و گیانم
من ئاوم دایەی, کام دەرخوارد دای
کلك ئاوریشمین, ولاّخی نازم!
لە دووریت ئیستا ڕوو لە کام لا کەم!

خەلیفە لە پێکەنیندا بەم لاو ئەو لای خۆیدا دەسووڕا و فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارێ. پیاوماقوولاّن و قازییان بەدەم کەیف خۆشی خەلیفەوە قاقا پێدەکەنین.

لەناکاو خەلیفە باوێشکێکیدەدا و دەیکوت :

- سبحان الله!

شەترەنجزانان لە کۆشکی زێرین چاوەڕێی هاتنی خەلیفە بوون, کاتێك هاتنە ژوورەوەی خەلیفە ڕاگەیەنرا, هارون ڕووی لەوەزیری گەورە — جەعفەری بەر مەکی — کرد :

با دەست پێبکەن!

- لە ژێر فەرمانی ئێوەین, ئەی ئەمیرول موئمنین!

یاری شەترەنج دەستپێدەکرد. خەلیفە لێرەش بێ حساب خەلاّتی دەبەخشینەوە. بەنرخ ترین خەلاّتەکانی هارون بە نسیب حافزی شەترەنج, شەترەنج زانی ناسراوی کۆشکی زێرین دەبوو. پاش وەرگرتنی خەلاّتەکان, ئینجا لەگەلّ مەئمون, کوڕی خەلیفە یاریدەکرد و بە جۆریکی ئاسایش بە ئەنقەست خۆی بە (کش مات) دەدا. ئاکام خەلیفە خۆی لەگەلّ کوڕەکەی, کە زۆرانی (کش مات) کردبوو یاریدەکرد. مەئمون لە باوکی دەبردەوە. خەلیفە بە دۆڕان وەخت و حالّی لێ تالّ دەبوو, بەلاّم هەولێدەدا نیگەرانی خۆی ئاشکرا نەکا :



- با خولێکی دیکەش یاریبکەین!

ئەمجارەیان مەئمون بە ئەنقەست دەیدۆڕاند. تا نیگەرانی باوکی بڕەوێنێتەوە. خەلیفە لە دلّی خۆیدا بیری دەکردەوە, (ئایا بە ڕاست مەئمونی کوڕی هۆشیاریی زۆری لە مەراجل خانمی ئێرانی بە میرات وەرنەگرتووە؟).

کاتێك کە هارون لە یاری شەترەنجیش ماندوو دەبوو, بە سەر گەرمی دیکەی جیاواز لە کاری خەلیفە, خەریك دەبوو, لە گۆشەیەکی باخ لەگەلّ وەزیرەکەی خۆی جەعفەر, کە بە (برا) بانگی دەکرد, گرەوی دەکرد. سەگەکان یاخود کەلّەشێرەکانیان بەردەدایە گیانییەکتری. لە شەڕی سەگەکان یان کەلّەشێرەکان داوەری بە ئەستۆی ئەبو نەواسەوە بوو هەمیشەش سەگی وەزیر تێکشکاو بوو, هەروەها کەلّەشێریشی خوێناوی وسەر بە خوێن دەگەڕایەوە. ئەو دەمەش خەلیفە کە سەرمەستی سەرکەوتنی سەگەکەییان کەلّەشێرەکەی دەبوو, چاوێکی لە ئەبو نەواس دادەگرت, دەیکوت :

- با بڕۆین

ئەبو نەواسیش کە لە شەڕابی سووری قوتربلدا مەست و کەیل بوو. ماوەی چەندین سەعات لە بن تەختی خەلیفەدا دادەنیشت و شیعری عاشقانەی بۆ دەکوت :

***

دلّبەر! ئەو باخ و نەوبەهارە
دەستانی سپی و ئەو مەچەکانەی
ئەو گۆنا سور, و ئەو لێوانەی
هەر دەلّێی چەشنی لالە زارە
گوفتاری شیرین ترە, بەلاّم
چاوی ڕەشی کە نرخی گیانێکە
عاشق کوژە و یەکجار بروسکە هاوێژە

خەلیفەی گەورە,خاوەنی (کۆشکی زێرین) ئەوەندە سەر گەرمی ڕابواردن و خۆشگوزەرانی و قیسارە و بادە نۆشی بوو لەمانگێکدا لەیەك شەو زیاتر نەیدەتوانی لەگەلّ هاوسەرە جوانەکەی( زبێدە)دا بێت. ژنانی ئارایشگەرو ئاواز خوێنان, خواجەکان و کەنیزەکانی دەربار لە خودی زبێدە زیاتر چاوەڕێی ئەو شەوە خۆشەیان دەکرد. بە خاتری حورمەتی خانمی گەورەی حەرەمسەرا, ئەو شەوەی کە لەوێ لە ژووری خەوتنی ئەوی بە سەر دەبرد. سەدکویلەی ئازاد دەکرد.

به گوێرەی نەریت, کاتێك کە هارون ڕەشید سەر گەرمی کەیف و شادیو ڕابواردن دەبوو, دایکی هارون, خەیزەران لەسەر تەخت دادەنیشت.خەلیفە هەرگیز تاج و تەختی خۆی بۆ دایکی بە زۆر نەدەگرت و هەرگا لەگەڵ کێشەیەکدا ڕووبەڕووببوایە, جگە لە وەزیری گەورە لەگەڵ دایکیشی دەکەوتە ڕاوێژەوە.

– دایکی بەڕێزم, ئەم خوڕەمییە کافرانە دیسانەوە لە (بز) ئاسوودە دانانیشن. نازانم چۆن خۆم لە بەڵای ئەوانە رزگار بکەم. دیسانەوە چەندکەسێکیان لە باجگرانی ئێمە کوشتووە. چەند کاروانێکی ئێمە کە لەبەغداوە بەرەو دەربەند دەچوون لە کاتی تێپەڕین بە ئاراسدا, پەلاماریان داون. نازانم چ شمشێرێك کاری خۆی لەوانە دەکا؟

– کوڕی ژیرم, لە ڕیشەوە دەرهێنانی ئەم کافرە شەڕانییانە ئەوەندە ئاسان نییە. ئەستەمە لە جەنگێکی ڕووبەڕوودا بتوانی بە تەواوی بە سەریاندا زاڵببی. لەمەڕ خوڕەمیانەوە کاری لە شمشێر بڕندەتر, تەگبیر لیکردنە. دەبێ بە نهێنی لەگەڵ ئەبو عومراندا پەیوەندی دابمەزرێنی و بە بەخشیشی گرانبەها و بەڵێنی باش, دڵی ئەو ڕابکێشی (هەزار دۆست کەمەو یەك دژمن زۆرە).

دوو شت نابێ لە یاد بکرێ: زیاد کردنی ژمارەی دۆستان و چاودێری ڕەفتاری نێزیکەکان. لەکۆنەوە کوتوویانە (دارکرمی لە خۆیەتی)... ئێمە هەر چەندە پاشایەتییەکی گەورەی وەك ساسانیانمان لە نێو بردووە, بەڵام هێشتا ئازەربایجان سەری دا نەنەواندووە.مادام ئازەربایجان ملی کەچ نەکردووە, خەوی ئاسوودە لە ئێمە حەرامە.

– دایکی بەڕێزم, منیش هەر لەو باوەڕەدام و تا دوایەمین هەناسەشم کۆشش دەکـەم.

دەجەنگم تا ئازەربایجان چۆکی خۆ بە دەستەوەدان دادەدا...

هەر جارێکی پەیکی (بز) بەنامەگەلی (پەڕ سوور) ەوە دەگەیشتەجێ, روخساری خەیزەران بە جۆرێك وێك دەهاتەوە هەروەکو مار چۆن پێچ و لوول دەخوا: ((نازانم ئەو کافرانە چییان لە گیانی کورەکەم دەوێ؟! دڵنیام ئێمە لە عۆدەی ئەمانە هەر دێین, بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەم جەعفەرە مل درێژە مێشکی پەرێشان کردووین و لە لایەکی دیکەوە رۆمییەکان لێناگەرێن ئاسوودە دابنیشین. خەزەرەکانیش خەنجەرەکانیان تیژ کردووە و چاوی تەماعیان لە دەربەند بڕیوە. فەرمانڕەوای ئەندەلوسیش هێشتا نایەوێ بە ڕەسمی کوڕەکەم بناسێ. بەڵام هێشتا شوکرانەی دەوێ کە پەیوەندییەکانی فەرەنسە و شارلمان لەگەڵ بەغدا باشە. لە میسریش کەم و زۆر نا ئارامی هەیە. دوور نییە دەنگی شمشێری خوڕەمیان بە گوێی ئەوانیش گەیشتبێ. وێڕای هەموو



ئەمانەش, بێباکم, تا زیندوو بم ڕێگا نادەم کە قەڵەمڕەوی خەلافەت پەرێشان حاڵ و پارچە پارچە ببێ. ناهێڵم یەك پارچەش لە پەیکەری جیا ببێتەوە.))

بەڵام واقیع شتێکی لەمە جودا بوو. دەزگای خەلافەت درزی تێکەوتبوو, پەیکەرەکەی دەلەرزی و لەم لەرزین و درزەدا, بۆنی لە نیو چوون دەهات و خەوی ئاسوودە لە چاوی خەیزەران دەزڕا.

ئەوی لە هەموو شت زیاتر خەلیفە و خەیزەرانی هەراسان کردبوو, ئەو کێشمەکێشمانەی پشت پەردە بوون کە لە نێوان نێزیکانی دەزگای خەلافەت لە ئارادا بوو. دایك و کوڕ لە دژمنانی نهێنی زیاتر هەراسان بوون وەك لە دژمنانی ناسراو. لە لایەکەوە ئەشرافان و گەورە پیاوانی ئێرانی لە پشت جەعفەری بەرمەکی کۆببونەوە و نەخشەیان دەکێشا و لە لایەکی دیکەوە هاوسەرانی خەلیفە لە نێوان خۆیاندا ئیرەیان بە یەکتری دەبرد و پیلانیان دەگێڕا. لەم نێوانەدا عەباسە, خوشکە جوانەکەی هارون, هەڵوێستی بە شێوەیەکی دیکە بوو. هارون عەباسەی لە جەعفەری بەرمەکی مارە کردبوو, بەڵام مۆڵەتی بەیەکەوە خەوتنی بەوان نەدابوو.

عەباسەکە ماوەیەکی دوور بو ڕەفتاری نا ڕێکو پێکی ژنەکانی هارونی کردبووە بیانگە, ئەو لە کوێستانی نەهرەوان دەژیا. جەعفەریش لەم ماوەیەدا, شەوانە — دوور لە چاوی خەلیفە — ئەسپی بەرەو ئەو کوێستانانە لنگ دەدا و لەگەڵ دڵبەری خۆشەویستی خۆی لەوێ دیدەنی دەکرد. عەباسە و جەعفەر دوو کوڕیان هەبوو کە لە چاوی خزم و بێگانەش دەیانشاردنەوە. پیاوانی وەزیری گەورە, بە هۆشیارییەوە, پاسەوانییان لە کۆشکی عەباسە دەکرد.

عەباسە دەیویست لە دوا ڕۆژدا کوڕەکەی لە سەر تەختی خەلافەت دابنیشێ. بەڵام ئاگای لەوە نەبو زبێدە شەو و ڕۆژ دەرمانی بۆ وەزیری گەورە لە دەسکەواندا دەکوتی و لە هەموو ڕەفتار و جووڵانەوەکانی ئەو ئاگادارە و هەر ساتە وەختێك بە دوای بەڵگە و دەرفەتێکی لە باردا دەگەڕێ تا ڕازیان لە لای خەلیفە ئاشکرا بکا.

لە نێو کۆشکی زێریندا هەر ڕۆژەی ڕوداوێك دەهاتە پێش و هەر تاوێك چاوەڕێی ئەوە دەکرا کە ملی کەسێك بخرێتە سەر کۆلکەی (مەسروری سەیاف) جەلادی دڵڕەقی هارون. خەڵکی دەربار سەرەڕای ئاکامگەلێکی ئاوا ترسناك, سەر قاڵی بگرە و بەردەی خۆیان بوون. جۆش وخرۆش سات بە دوای سات زیاتر دەبوو و قەیران لە نێو دەزگای خەلافەتدا پتر تاوی دەستاند.

## (٢)

# لە نێو حەرەمسەرای خەلیفەدا

*خۆشەویستی ڕەسەن تەنیا هی ژنانە.*
*گی دوموپاسان*

ئەو ئێرانیانەی کە لە کۆشکی زێڕیندا خاوەنی نفوز و دەسەلاتێك بوون, بابەتی (وەلیعەهد) و جێ نشینی خەلیفەیان هێنابووە پێشەوە. ئەم باسە لە سەراسەری قەڵەمڕەوی خەلافەتدا دەما و دەم دەگەڕا و مێشك و هۆشی خەڵکی دوچاری دڕدۆنگی و گومان دەکرد. کەس نەیدەزانی سەرەنجام شمشێری تیژی (مەسرور) جەلادی دەربار, بەسەر ملی چ کەسێکدادێتە خوارەوە. ئەوەی کە ئاشکرا بوو و لە هەموو جێیەکدا باوبوو, ئیرەیی و دوژمنایەتی ئاشکرای نێو حەرەمسەرا و نێوان ژنانی خەلیفە بوو. بابەتی جێنشینی خەلیفە مایەی جوولاندنی زۆرێك لەوانە بوو. هاوسەرانی خەلیفە گیرۆدەی جۆرێك لە نیگەرانی و دەردێك بوو بون کە دەرمانی ئەوەندە ئاسان نە دەهاتە بەر چاو.

لایەنگرانی جەعفەر, ئەشرافانی عەرەبەکانیان هێنابووە ژێر گوشارەوە. ئەوانیش بە ناچار لە نێو دەرباردا بە دوای کەسێکدا دەگەڕان کە پارێزەری ئەوان بێت و ئومێدیان لە هەموو کەس زیاتر بە خانمی گەورەی حەرەم زبێدە خاتون بوو کە بەرەو تەورێز بارگەی تێك نابوو. زبێدە بەهۆی نۆبەتاوە بڕیار بوو تا بە تەواوی تەندروستی ساخ دەبێتەوە, لە کوێستانی تایبەتی خۆی لە تەورێز بمێنێتەوە.

لەو دەمەدا خانمی گەورە, لە نەکاو, گەڕایەوە بۆ بەغدا, گەڕانەوەی ئەو مایەی توڕەیی و غەمبارییئێرانیان و خۆشحاڵ بوون و ئومێدەوار بوونی عەرەبەکان بوو... زبێدە خاتون دروست شەوی یەکەمی بەهار گەیشتەوە بەغدا. غولامان و کەنیزان و خواجەکان هاتنەوەی خانمی



گەورەیان بە مژدە بە یەکتری ڕاگەیاند. بە ڕاست ئەمجارەیان بەخت بە ڕووی کام لەوانە پێدەکەنێ و چ کەسێك بەراتی ئازادی خۆی لە دەستی خانمی گەورە وەردەگرێ؟

زبێدە بە ئەنقەست خۆی وا پێشاندەدا کە دڵی لە خەلیفە ڕەنـــجاوە. ئەو بە نەریتی خۆی, بە بێ هەڵپە و پەلە کردن سەرەتا مۆمەکانی دادەگیرساند و پاشان دەزوویەکی گونجاوی لە کەمەری باریکی دەبەست, سەری گلەیی و سکاڵای دەکردەوە و کاتێك بە نەرمە فێڵانەوە دڵی خەلیفەی وەکو مۆم نەرم دەکرد, ئیتر چیدی بەندە خوا نەبوو.

ئەمشەو خەلیفە میوانی ئەو بوو. ئەو بەدوا سێبەری زبێدەوە کە یەکە یەکە مۆمەکانی دادەگیرساند, ڕاکێش دەبوو. گورزە کەزیەکانی زبێدە کە دەتکوت گەردی ئاڵتونیان بە سەردا پەخشکراوە دەگرت و چاوە هەوەسبازەکانی خۆی لە سنگی بەرجەستەی ئەو, کە گوڵاوی چیمەن زارانی هەبوو, هەڵ نەدەگرت. زبێدە کە هەلی گونجاوی دی, بە ناز و عیشوەوە نیگایەکی لە مێردەکەی بڕی, بە ئارام گرتنەوە بانگی ئەوی کرد و ئینجا کوتی :

- ئایا ڕێگام هەیە بێ باك و بێ پەردە لەگەڵ فەرمانڕەوای داد پەروەرو بیر چاك دا قسە بکەم؟

هارون بە هوشیارییەوە ئەوەی لە ناو دڵی هاوسەرەکەیدا دەگوزەرا, تێگەیشت, پاشان لێوەکانی بە سەر کەزییەکانی ئەودا خشاندە خوارێ, سرتەیەکی بە گوێدا کرد:

- فریشتەی جوانی من لە بیرت نەچێ لە ساتە وەختی ئاوادا تۆ فەرمانڕەوای.

زبێدە لە داگیرساندنی مۆمەکان ببۆوە, بەلاّم بۆ داگیرکردنی قەلاّی دڵی هارون هێشتا ڕێگایەکی درێژی لە پێش بوو و بۆ ئەم مەرامەش بۆ هەموو فێل و ڕێگایەك دەگەڕا. بەو مەرامە وەك مامزێك بەرەو ئەو سەری ژوورەکەلارو لەنجەیەکی کردو لەسەر گۆشەی مافووریکی سەوز و سوور دانیشت :

- دەزانی بۆچی ژنان دەیانەوێ مۆمی ژووری خەوتنەکانیان داگیرسێنن؟
- بۆچی گیانەکەم؟
- بۆ ئەوەی مرازی تەواو بە مێردی خۆیان ببەخشن. هەر بۆیە هەموو مۆمەکان من بۆ خۆم دایان دەگیرسێنم... خەلیفەش دەبێ بەڵێن بەمن بدا کە مۆمی دڵی من دابگیرسێنێ.
- خۆشەویستی من, دووبارەی دەکەمەوە کە فەرمانڕەوای ئەمشەو تۆی.

دڵی زبێدە ئارامیی پەیدا کرد و زاتێکی زیاتری بە بەر خۆیدا کرد :

- ئەمیرول موئمنین دەبێ بزانێ کەمن تەنیا هەر هاوسەری ئەو نیم, بەڵکو کێشکگری تەخت و تاجی شکۆمەندی ئەویشم. کاتێك خورەمی یانی جل سوور لە (بز) دەستیان دایە شۆڕش, ئەشرافەکانی ئێرانی لە دەربار لە خۆشیاندا ڕاست و چەپیان لێك جیانەدەکردەوە. رۆژانێك کە خەلیفە لە شکارگاکانی بابل سەر قاڵی ڕاوی شێر بوون, لێرە من شەو تا بەیانی, ئەستێرەم دەژماردن و ئارامم نەبوو. دڵنیام ئەگەر لە ترسی خەلیفە نەبوایە, ئێرانیان تەنانەت نەفەر و کۆمەگیان بۆ جاویدان بەڕێ دەکرد. لە بیری ئەوەی کە جەعفەری بەرمەکی تەواوی دەسەلاَتەکانی دەرباری لە چنگی خۆی داناوە, لە تەورێزیشساتێك خەیاڵم ئاسوودە نەبوو. ئایا هیچ دیارە کە تاکەی ئەو دەستەلاَتداری ڕەهای دەزگای خەلافەت دەبێ؟

خەلیفە کە سەری بە سەر ئەژنۆی زبێدەوە نابوو,دەستی لە دەوری کەمەری زبێدەوە وەرێنا:

- فریشتەیمن دەبێ باش بزانێ کە لە ئاسمان خوا هەیە و لە سەر زەویش هارون, هەروەکو چۆن کە خواوەند شەریکی نییە, لە قەڵەمڕەوی خەلافەتیشدا, ئاوا کەسهاوتـــــــاو بەرامبەری ئێمە نییە. وەزیری گەورە هەر چەندێکیش کە بیەوی مەقامی لە (سەیوری) سەگی من تێناپەڕێ.

- لە خواوەندی گەورە, گەورەیی و شکۆمەندیی بێهاوتا بۆ سەروەری خۆم داوا دەکەم و هەر لەم ڕووەیە کە ناتوانم ئەوەی مایەی پەرێشانی دڵمە, بیخە مەبەر چاوتان. ئایا مۆڵەتم پێدەدەن؟

- چ شتێك دەتوانێ مایەی پەریشان حاڵی دڵی دڵداری من بێ؟

- جەعفەر!

- جەعفەر؟

- ئا, جەعفەر, هەمان جەعفەر کە ئێوە بە (برا) بانگی دەکەن. ساڵەهایە لە بۆسەی تاج و تەختی خەلیفە دایە و گومانم نییە ئەگەر هەلێکی دەسکەوێ چاوەکانی خەلیفە و کوڕەکەی, ئەمین. هەڵدەکۆڵێ. لە بیرتە ئەو رۆژەی کەمنی بۆ تـــــەورێز دەنارد لە سەر ڕێگا چی کوت؟ : (هەر کەسێك متمانە بە دژومنی خۆی بکا, دژمنایەتی خۆی دەکاو ئەو کەسەی دژمنانی خۆشحاڵ دەکا دۆستانی خۆی بـــە هیلاك دەبا)باڕاشکاوانەتر قسە بکەم لەوەی کە تۆ پەڕو باڵت بە وەزیری گەورە داوە و دەستیت لە کاروباردا ئازاد کردووە, زۆر لە دۆستانییەك دڵ, ڕوویان لە ئێوە وەرگێڕاوە, تەنانەت بیستوومە ئەبو نەواس هاونشینی تایبەتی ئێوە خەیاڵی



وایە بەرەو میسر بڕوا... پاسەوانانی کۆشك تەنیا ملکەچی بۆ جەعفەر دەکەن ئایا ئەم ئێرانییە فێلبازە تا ئەو ڕادەیە شیاوی متمانەیە؟

سوێند بە مەکەی موعەزەم, ئەگەر ئەوانە بتوانن ئالاَی کاوەی ئاسنگەر هەڵدەدەن. ئەوانە خوای فێل و تەگبیرن. نابینی لە یاری شەترەنجدا چ شارەزاییەکیان هەیە؟ مەئمون کە کش مات لە مامۆستای شەترەنجی خۆی - ئەبو حافز - دەکا ئەم هەڵکەوتوییەی لە کوێوە بە میرات وەرگرتووە؟

جگە لە دایکی ئێرانی خۆی (مەراجل)؟. لە شەترەنجی سیاسەتدا دەبێ کارپارێزی زیاتر لە ئێرانییەکان بکەین دەنا توشی دەردە سەری گەورە دەبین. با ئەوەش بڵێم کە بـــــرا ئەو کەسەیە کە شەریکە بەشی شیری برایە و سوپاس بۆ خوا کە شیری ئەمین لە شیری مەئمون جیایە...

خەلیفە سەری بەسەر ئەژنۆی زبێدەوە بوو.هەرواخامۆش بوو. ئەم خامۆشییەی ئەو، خرۆشان و دڵگەرمییەکی زیاتری بە زبێدە دەبەخشی. زەوینە لەبار بوو تا ئەو حەزی لە هەرشتێك و لە هەر کەسێك نەبوایە, لە بەردەمی خەلیفە کە ئەوەندە ئەفسونکێشی خۆی کرد بوو, بەد گۆیی بکا. پاش جەعفەر نۆرەی (ئەل کەندی) حەکیمی گەورە و خاوەن نفوزی دەربار بوو کە ببێتە ئامانجی فیتنە گێڕانی ئەو :

- ئایا تاجی سەری من دەزانێ کە ئەگەر ئەو شاگردەی ئەفلاتون لە دەربار دەرنەکەن ئێرانییەکان بە سەر ئێمەدا زاڵدەبن؟ ئەم خوا نەناسە هەڵکەوتەیە هیچ کارێکی نییە جگە لەوەی کەللەی مەئمون بە بیر و ئەندێشەی نا ڕاست و ترسناکی خۆی پڕ بکا. جارە های جار بە گوێی خۆم گوێم لێبووە کە بە مەئمونی دەکوت : ((خەلیـــــــــفە بە قەتڵ و عامی خوڕەمییان هەڵەیەکی گەورە ئەنجامدەدا. ئەگەر کار بەم ئاوایە بڕواتە پێشەوە باج لە کێ وەربگرین؟ بێگومان دەبێ لە مردووەکان! بە خەزێنەیەکی بەتاڵ و دەستی بەتاڵەوە حاڵ و رۆژگاری دەزگای خەلافەت بەرەو کوێ دەچێ؟))

((ئەل کەندی)) وا خۆی پیشاندەدا کە گوایا لە نێو خەڵکانی دەرباردا کەس بە ئەندازەی ئەو خەلیفەی خۆش ناوێ.

زبێدە هێشتا دڵی پڕ بوو. ئەو دەیویست ئەو شەوە هەرگیز بەرەبەیان دانەیە. ئەو هێشتا قسە و باسی کوتنی زۆری هەبوو, هەم لە سەفەری تەورێز و هەم لەم تەرزە فیتنە گێڕی و بەد گۆییانە...

هەرچەندە خەلیفە لە گوێگرتن بۆ ئەو هەموو گلە و گازندەکارییە, ئەویش لە شەوێکی ئاوادا, ناخۆش حاڵ بوو, بەڵام لە بەر خاتری ڕێزی زبێدە تەحەمولی دەکرد.

زبێدە کە خۆشەویست ترین هاوسەری خەلیفە بوو, پاش گەڕانەوە لە تەوریز زۆر زوو بێ تاقەتی خۆی نواند. خۆش بەختانە ئەو شتێکی لە قسەکانی (مەراجل) بەر گوێ نەکەوتبو ((بزنەگەڕ یەك هەمبانە گرانەتای بە دیاری لە تەورێزەوە هێناوەتەوە!)) لــــە واقیعدا ڕاستییان کوتووە کە ((دوو پاشا لە هەرێمێك بە یەکەوە بگونجێن دوو ژن لە ماڵێکدابەیەکەوە نا حەوێنەوە.))

خەلیفە دەیزانی ڕق و ئیرەیی زبێدە کۆتایی بۆ نییە, لەبەر ئەوە زۆریك لە قسەکانی ئەوی گوێ پێ نەدەدا و هەندێکیانی بەسەر لەقاندنەوە دەسەلماند. دواجار بێدەنگییەکەی شکاند :

- فریشتە جوانەکەم تکایەکم لە تۆ هەیە.
- لە ژێر فەرمانی ئەمیرول موئمنین دام.
- ئەی ناتەوێ کەمێکیش لەبارەیخۆمانەوە قسەی بکەی و بە قسە شیرینەکانت خۆشحالم بکەی؟

حەیفە خۆشەویستی جوانی من کەش و هەوای دلگیری ژووری خەوتنەکەمان بەم قسانە, ساردو جارز هێنەر بکا. ئایا لە بـــــیرتە لە کاتی دەزگیرانی , هەموو هاوینێك بۆ خۆم. دەمبردیە کوێستانەکانی تەورێز؟ ئایا ئەو شیعرانەی لەوێ دەتخوێندنەوە لە بیرت چۆتەوە؟

- بۆ دەکرێ لە بیرم چوبێتەوە؟ ئەگەر شیرینی بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی خۆشی ڕابردوو لە دلمان بچنە دەرەوە ئێستا ژەهری نالە بارییەکانی ڕۆژگار بە هیلاکی بردووین...

ئەم قسەیە وەك ئەوەی خەلیفەی زیاتر نیگەران کردبێ, ئەلقەی بازووەکانی بە دەوری کەمەری ئەودا سستکرد. زبێدە کەمێك خۆی کشاندەوە دواوەو ئابڕوومەندانە — بەلام هێشتا خرۆ شێنەر — چاوی لە چاوی خەلیفە بڕی و بە هێواشی سەری وەرسوڕاند و شەپۆلیکی بە گوزرە کەزیەکانیدا :

- ناشێ فەرمانڕەوای دل و گیانم دلی ڕەنجابێ, لەگەل ئەوەشدا دیسانەوە هەولیدا تا بالا دەستی خۆی بپارێزێ. پاشان درێژەی پێدا :

- شاعیران, گۆرانی خۆشەویستی تەنیا بۆ ئەوە دەچڕن تا بەهای قسە بزانن. بولبولان ئاواز خوێنانی ڕاستەقینەی خۆشەویستین و لەم ڕووەوەیە نەوایەك کە لە گەرووی ئەوان دێتە دەرێ هەمیشە تازەیە. شاعیران دەلێن عیشقی پاك لە فەرمانڕەوایانەوە بە دوورە.



ڕیـــــشی سووری خەلیـــــفە لە تین و تاوی تـــــوڕەییدا لەرزییەوە و شوێنی زامێك کە بەسەر تەوێڵیەوە بوو, تاریك تر بوو.

- نازانم خانمی جوانی من ئەمشەو لە دلتەنگ کردنی من چ مەبەستێکی هەیە؟
- هەرگیز, بۆ دەکرێ فەرمانڕەوای ژیر و خاوەن تەخت و کەمال دلتەنگ بکرێ, تەمەنی نەمری لە خواوەند بۆ وی داوا دەکەم.

... ئاسمانی خۆلەمێشی, بێ یەك پەلە هەور, خونچەکانی ئەستێرەکانی لە باوەشی خۆی گرتبوو, جار و بار بایەکی خۆش پەردە ئاوریشمیە سەوزەکانی لە پەنجەرەوە لادەدا و ئاپۆڕای ئەستێرانی کا کێشان وەدەردەکەوتن.

جگە لە دەنگێکی نەرم و جاربەجارەی درەختەکان, و زەمزەمەی ئاو پرژێنێك کە بەسەر ئەستێرکێکی مەڕمەڕیندا دەڕژا و بولبولێك کە بەسەر لقێکی ئەستێرکەکە دەیخوێند, دەنگێکی دیکە نە دەبیسترا.

- زبێدە خاتون, لە دلەوە ئاهێکی هەلێنایەوە, و گفتوگۆی تازە کردەوە :
- ئاخ بۆ ڕۆژانی خۆشی دەزگیرانیمان! ڕۆژانێك کە ئەوەندە لە لای یەکتری خۆشەویست بووین. چۆن فەرامۆشی بکەم و چۆن حەیفی بۆ نەخوازم؟!

سەرەتای دەزگیرانیمان بوو کە ئازەربایجانت بە دیاری دا بەمن, سەفەرێکی ((باب ئەل ئەبواب)) مان کرد و بە لێوارەکانی خەزەردا تێپەڕین و لەوێوە بەرەو تەوریز گەراینەوە. لە تەوریز فەرمانت دەرکرد لە پێش کۆشکی هاوینەی من سەرچاوەیەکی ئاو ڕابکێشن و ناوت لێنا ((سەرچاوەی زبێدە خاتون)). ئەمساڵ هەر جارێك لە ئاوی سازگار وزولالی ئەوێم دەخواردەوە, دەکەوتمەوە یادی تۆ و ئەو هەموو عیشقە قوولەمانەوە. ئاه بۆ ئەو عیشقە, بۆ ئەو ڕۆژانە, ڕۆژانی بەدەر لەغەم و کەسەر! هەرگیز لە بیرم ناچێ لە کاتی گەڕان بە کوێستانی تەورێزیدائەو چەپکە گولانەت دەبەست و دەتدایە دەستم. پاش گەڕانەوە بۆ بەغدا کە لەنێو باغی کۆشکدا پێکەوە دەگەڕاین و دلگوشادیمان دەکرد. شەوان, تا بەرەبەیان لە ژێر تیشکی زیوینی مانگە شەو بەسەر دیجلەوە سواری بەلەم دەبووین, ئەم هەموو بیرەوەرییە شیرینانە لاپەڕ بە لاپەڕی دەفتەری تەمەنمانی ڕازاندۆتەوە.

ئایا ئەو ڕۆژ و شەوانی پڕاوپڕ لە عیشقت لەبیر چۆتەوە؟

- بۆچی دەکرێ ئەو بیرەوەرییە شیرینانە لە بیر بچێتەوە؟!

زبێدە ماندوویەتی نیشاندا و سەری دادایە سەر شانی هارون. گورزە کەزییەکانی کە هەر دەتکوت خۆڵی ئاڵتوون بەسەریدا پەخشکراوە, وەك تاڤگە بەسەر روخسار و شانی مێردەکەیدا بلاۆ ببۆوە. دڵی هەردوکیان وە خورپە خورپ کەوت. هارون لە هەناسەی گەرم و گولاۆینی شۆخی عەرەب سەر مەست بوو بوو. پرشنگی زیوینی مانگە شەو کە لە پەنجەرەوەدەهاتە ناو ژوورەکەوە, لەگەڵ ڕۆشنایی زێڕینی مۆمەکاندا تێکەڵ دەبوو و لێوەکان و گۆناکانی پەری بەغدایان ئەفسووناوی کردبوو, هارون ئەفسوونکێشی ئەم جوانە شۆخە, لەسەر جێگایەکی ئاوریشمینی سوور پاڵیدابۆوە, بە نیگایەکی پڕ لە حەسرەتەوە لە هاوسەرەکەی دەڕوانی. زبێدە هەستاو لە بەردەم ئاوێنەیەکی بالاّنمادا, وەك داری سەروو ڕاوەستاو بە پەنجە خەنەییە شمشادییەکانی کەزییـــــــە پەرش و بلاّوەکانی بەسەر شانەکانیدا بەردایەوە. لە ئاوێنەکەدا وەکو کچێك شەرمناوی, لە مێردەکەی ڕوانی و هارونی دی کە چاوەکانی لە بالاّی ئەودا نقووم بووبوون. ئاوی سازگار و هەوای فێنکی تەورێز وایان لە زبێدە کردبوو کە خەلیفە ئەوی بە ناسکی گولاّنی بەهار دەهاتە بەر چاو.

تەنیا لەبەر چاوی خەلیفە نەبو کە زبێدە ئەوەندە ئەفسوناوی بێتە بەرچاو. لە ساتی گەیشتنی زبێدە بۆ بەغدا, جوانی و ئارایش و خشڵ و گەوهەرە گرانبەهاکانی ئەو, لە کۆشکی زێڕیندا وێردی سەر هەموو زمانان بوو. بەرگ دوورووانی تەورێز جل و بەرگی تازەیان بۆ زبێدە خاتون دروو بوو. ئەمشەویش پێش ئەوەی کە خەلیفە بێت, چەند ئارایشگەر بە سەلیقە و شارەزاییەکی تایبەتەوە ئەویان ئارایش کرد بوو.

زبێدە یەکەمین خانمی دەزگای خەلافەت بوو کە ((چاقچوری)) لەبەر کرد. چاقچور ئەوی ئەوەندە جوان و بەر جەستە کردبوو کە مایەی ڕەزامەندی بوو بۆ هەر کەسێك کە چاوی بەو دەکەوت, هەروەها مەنجەڵی ئێرەیی ناحەزانیشی دێنایە جۆش. ئەوسەدکچی جوانیش, کە لە تەورێزەوە بە دیاری بۆ کوڕەکەی خۆی (ئەمین) ی هێنا بوو, چاقچوری لەبەر کردبوون. ئەو, ئەوانی بۆ گەڕان دەبردە نێو گولزارەکانی (دار ئەل خەلافە) وە.

ژێر کراسێکی چنراو لە قوماشی کرێشەیی ڕەنگ زومرودی و ژێر چەنەیەکی گوڵ ســـوور, هەر بەڕاستی ئەمشەو زبێدە خاتونیان وەك بووك دەرهێنا بوو. توولێکی ئاوریشمینی ڕەنگ سەوز کە بەسەر کەزییەکانی خۆیدا دادا بوو, ئاسمانی باشووری وەبیر دێنایەوە. کلاۆ زەڕێك کە بەسەریەوە بوو لە پەسن نەدەهات و بەهای کێشانە نەدەکرا. بەسەر کلاۆزەڕەکەیەوە هەلۆیەك نەخشکرابوو کە سەنگ و باڵەکانی بە یاقووت رازابۆوە.



دەنکێك زومرود بەسەر تاجی شاژنەوە بوو چاوی پێ ڕوون دەبۆوە. دەنکە ئەڵماسی ورد و درشت بەسەر پاپووچەکانی زبێدەوە لەگەڵ ڕۆشنایی لەرزانەی مۆمەکاندا تیشك بازی و بریسکە بریسکیان بوو. شەفەقی دەستەوانە نایاب و بێ هاوتاکانی لەگەڵ ڕەنگی مەچەکەکانی لێهاتنێکی دڵپەسندی هەبوو. گۆنا سوورەکانی تەرزیك دەبریسکانەوە هارون وای خەیاڵدەکرد ئەگەر دەستیان لێ بدات, پەنجەکانی دەسوتێ. خەلیفە لەم هەموو جوانییە, لەم هــــەموو هاوئاهەنگییە ڕەنگا و ڕەنگە کە خانمی گەورەی حەرەمی هەر بە چەشنی تاوس لێکردبوو, نەیدەتوانی چاوەکانی لەسەر هەڵبگرێ. ئەو, ئەفسونکێش بوو بوو. لە ناکاو بەسەر خۆیدا هاواریکرد ((بێچارە, چت لێ قەوماوە لە بەرامبەر ئەم ئایەتی جوانییەدا نایە ئەژنۆ و پێکانی لەماچدا نقوم ناکەی؟!)) خەلیفە لە خەیاڵی خۆیدا, جوانی زبێدەی لەگەڵ دڵبەرەکەی خۆی ((قەرەنفل)) دا بەراورد دەکرد و هەندێك جار ئەوی بەسەر زبێدەداو, هەندێك جار زبێدەی بەسەر ئەودا پەسند دەدا. بەلاّم بە هەر حاڵ ئێستا زبێدەبوو کە ئارامی لەبەر ئەو هەڵگرتبوو.

زبێدە دەیزانی چ ئاگرێك لە نێو گیانی هاروندا داگیرساوە! بە نازەوە لە بەر دەمی ئاوێنەدا ڕاوەستاو تەماشای خۆی دەکرد, وەکو ئەوەی بۆ خۆشی کەوتبێتە بەر ئەفسونی جوانی خۆی و لە دڵیدا کوتی :

- ئافەرین بۆ تۆ ((ڕوحیە))! نازناوی سەرۆکی ئارایشگەرانی دەربار شایانی خۆتە!
- فتبارك لله أحسن الخالقين!

خەلیفە تا ئەوساتە زمانی قفڵ بووبوو :

- خواوەند لەسەر زەوی بوونەوەرێکی لەژن جوانتری دروستنەکردووە. هەر چی زووتر جوانی ژن بەتالاّن ببەی, جوانییــــــــــەکەی زیاتر دەبێ. خۆشەویستم, فەرمانـــــــڕەوای داهاتوو لەنێو منداڵدانی تۆ دا بۆتە خوڕ... دڵنیابە کە تاج وتەختی من تەنیا بۆ ((ئەمین)) دەبێ. تۆ ڕاستت کوت ((کە تەنیا برا شەریکە بەشی شیری برایە, لە حاڵێکدا کە ئەوان لە یەك مەمکیشەوە شیریان نەخواردووە)).

تیری زبێدە ئامانجی خۆی پێکا بوو. ئەو, بەهای ئەو هەموو نازفرۆشی و دڵ ئەفسوون کردنەی خۆی وەرگرتبوو. ئەو خۆی بە بەختەوەرترین کەس دەبینی. سەرتاپای گیانی لە تامی کامەرانیدا نقوم بوو. لە حاڵێکدا ئەو لووتە ناسك وجوانەی بە سنگی خەلیفەدا دەهێنا, لە ژێر لێوانەوە دەیکوت :

ئەی ئەستێرەی بەختی من! ئەگەر ناحەزانی من ئەم قسە پڕ لە خۆشەویستی و هۆش و دادپەروەریانەی تۆیان گوێ لێبێ, لە ئیرەیدا شەق دەبەن.

زبێدە بە ناز و عیشوەی ژنانەیەوە لە داگیرکردنی خەلیفە زیاتر و زیاتر دەچووە پێشەوە... لەو کاتەدا دەنگی لێدانی ژوورەکە هات! پێشهاتێك بوو ناوەخت وچاوەڕوان نەکراو, خەلیفە واقی وڕما, لە جێگەی خۆی ووشك بو, دەستەکانی شلبوون و بەر بونەوە دەنگی تەپەی دڵی لە خامۆشی شەودا دەکەوتە بەر گوێ.پاش کەمێك هەستایە سەر پێ. شاژنیش هەستا و لە جێگەی خۆی دانیشت. لە وەختێکی ئاوای شەودا چ کەسێك بوو زاتی ئەوە بکا لە پشت دەرگای ژووری نوستنی هارون نزیك بکەوێتەوە؟

خەلیفە بە توڕەییەوە نەڕاندی :

– مەگەر ئەم خزمەتچیانە مردوون؟ بەرەو ڕووی دەرگاکە هەنگاوی ناولەپشت دەرگاکەوە دەنگی دایکی کەوتە بەر گوێ :

– ناوەخت هاتم, کوڕم! لە ((باب ئەل ئەبواب)) دوە پەیکێك هاتووە و نامەی پەڕ سووری پێیە. بەڵایەك روویداوە. خەزەرەکان هێرشیان هێناوەتە سەر ((باب ئەل ئەبواب)) فەرمانتان بە چییە؟

خەلیفە لەم دیوەوە وەڵامی دایەوە :

– جێگای نیگەرانی نییە دایکە! سبەی لەم بارەیەوە ڕاوێژ دەکەین.

– خەلیفە بە پەشۆکاوییەوە گەڕایەوە سەر جێگاکەی. زبێدە پرسی :

– ڕووداوێك قەوماوە؟

– خەزەرەکان هێرشیان بردۆتە سەر ((باب ئەل ئەبواب))

– ئەی خودایە!

– خەلیفە دڵی دایەوە :

– خەم مەخۆ, هارون رەشید نەمردووە دەربەند, ببێتە مەیدانی تەراتێنی خەزەرە کێوییەکان!

میوە گەورە و بۆن خۆشەکان لە نێو قاپە زێڕین و زیوییەکاندا هەر مابوون و دەستیان بۆ نەبرابوو.

سوراحی بلورین چاوەڕێی دەکردن. خەلیفە لە جێگای خۆی هەستاو لەسەر ڕووی فەرشێکی گرانبەهای کە بەنەخش و نیگاری باڵندە و ئاژەڵان ڕازێنرابۆوە, چوو, ئارام ئارام دەستی بە



پیاسە کردن کرد. لە سەر لێوارەکانی فەرشەکە دیمەنەکانی ئازەربایجان نەخش کرابوو. هارون کە چاوی لەسەر ئەو دیمەنانە ڕاگرتبوو, لە ناکاو لە ژێر لێوانەوە نەڕاندی: ((بەر نەفرەت کەوتوانە دیسانەوە ئارام دانانیشن. نازانم ئەو کافرانە چییان لە گیانی ئێمە دەوێ.)) خەزەرەکان لەلایەکەوە, جاویدان لە لایەکی دیکەوە. نازانم ئەبو عومران چاو دەرپەڕیو بۆچی جڵەوی ئەم ئاژاوانە ناگرێ؟ ئایا ناتوانێ لە عۆدەی جاویدانی شەهرەك بێت؟ وا پێدەچێ تا لاشەی جاویدان بە دارەوە هەڵنەواسم, تەنانەت لەنێو جێگاو نوێنەکەشمدا ئاسایش بە خۆمەوە نابینم!...)) هارون هەولێدەدا نیگەرانی لە خۆی دوور بخاتەوە, پیاڵەیەکی زێرینی هەڵگرت و لە زبێدە نزیك بۆوە و بە دەنگێکی کە هەولێدەدا خۆی ئارام پیشانبدا, کوتی :

– نازەنینەکەم, ژیان مانای شادی و نۆشینە.

– بەڵام بەداخەوە لە ژێر هەر نۆشینێکەوە چژوویەکیش شاردراوەتەوە. لە ڕاستیدا دوژمنان و بەدکاران, دەوری ئێمەیان گرتووە و هەوڵدەدەن هەنگوینی ژیان لە نێو زارماندا بکەن بە ژەهر. بەنی ئومەییەی بریندار هێشتاکەش بە دوای هەلێکدا دەگەڕێن. پڕوپاگەندەی نابەجێ لە بارەی ئێمەوە بلاۆدەکەنەوە. ئەوانە ئارەزووی نابووت کردنی ئێمە دەکەن... ڕواڵەت پێویستە بپارێزرێ, خەلیــفەی گەورە نابێ لە بیری بچێ کە دوژمنێکی ترسناکی وەکو جەعفەر, وەزیری گەورەی لە پەنای خۆی هەیە و مار لەکوندا پەروەردە دەکا, دوور نییە کەسێك کە خوڕەمییەکانی لە دژی ئێمە ڕاپەڕاندووە, ئەو بێت, ئەوەی زیاتر بۆ ئێمە بایەخی هەیە, یەکلاکردنەوەی حسێبەکانمانە لەگەڵ خوڕەمییەکاندا نەك لەگەڵ بەنی ئومەییە.

– بەڵام فریشتەی من, ئیستا کە, من تەنیا بیر لەتۆ دەکەمەوە, تۆ کە لەبەر چاوی من لە ئەستێرەی سیوەیل جوانتری, بە شادی شەوێکی ئاوا جوان, بە خاتری ئەوەی کە چاوی سپێدە بکرێتەوە, چەندین کویلە ئازاد دەکەم.

زبێدە کە سەر مەستی ئەوینداری و قسە دڵنەوازییەکانی هارون ببوو, سەری کردە سەر شانی, لە ئاوێنەی باڵانمادا دوو سێبەر تێکەڵاوی یەك بوون و بەیەکدا لکان...

... ئەستێرەکانی دوێنێ شەو, ئاسمانی بەغدادیان بە جێ هێشتبوو. باڵندەکان لە هەوای پاکژی باخدا, بە شادمانییەوە دەیانخوێند. تیشکی هەتاوی بەرەبەیان لەمیانی پەردە سەوزەکانەوە, دەهاتە ژوورەوە و بەسەرکەزییە پەرێشانەکانی زبێدەدا دەنیشت, زبێدە لەنێو پێخەفی بە گولاوی گوڵ پرژێنراو, لە خەوێکی نازەنینیدا خەوی لێکەوتبوو. ریشی پڕو سووری هارون بەسەر سینەیەوە, ئاگری دێنایەوە یاد. ئەو لەخەودا دەستەکانی ڕادەوەشاندو هاواری

دەکرد, ((ئەمە چ هەواڵێکی ڕەشە وەزیر؟ مانای خەزەرەکان دووبارە هێرشیان بردۆتە سەر ((شاری ئازاد))ی من؟ من پێشانی ئەو گومڕایانەی دەدەم کە لەگەڵ کێدا بەرامبەرن! چۆن؟خورەمیان دووبارە ئاوریان لە ئاورگاکاندا هەڵکردۆتەوە؟! من بۆ هەتا هەتایە خۆری ئەوان دەکوژێنمەوە!))

خەلیفە لە خەودا, جارێك خەزەرەکانی کە هێرشیان بردبووە سەر دەربەند, زنجیرکێش دەکرد و لە داری دەدان و جارێك خورەمیانی ئاژاوە گێڕ. لە ناکاو کۆڵە مشتی دەستی خەلیفە بە قایم بەسەر سنگی زبێدە خاتونەوە هاتە خوارێ...

هەردووکیان بە پەشۆکاوی لەخەو ڕاپەڕین : ((بسم الله)) پشیلە ڕەشی بەوەفای خەلیفە لە پەنا دەرگای ژورەوە وەستا بوو, پشیلە بە بیستنی دەنگی خەلیفە, میاو میاوی کرد و پەنجەکانی بە پەردەوە نابوو.

زەنگەکان لە کۆشکی زێرین لێدران و تەپڵ کوتان دەستیپێکرد. کۆتایی مەستی شەوانە بوو, هارون لە گژ بیرانەوە چووبوو و لەوەی کە پاش بیستنی هەواڵی ناسازگار لە دایکی خۆی, هەر بەو شەوە بۆ ڕێگا چارە ڕانەبووە, هەستی بە پەشیمانی دەکرد, ((دوژمن دووبارە زاتی ئەوەی کردووە شمشێر لە ڕوومان هەڵکێشن؟ ئەمە کاری کردن نییە؟ ناشێ! سەربازانی ئێمە بە دیل بگرن, بەدەست بەستراوی بیان بەنە بەردەمی خاقان؟ ئەوە چۆن دەبێ؟!))



## (٣)

## بەرەبەیانی ڕەشی ((شاری ئازاد))

*نەزانی سەرچاوەی ترسە...*

*ئەنتوان دوسنت – ئیگزوپری*

لە هۆبەکان و گوندەکانی باکووری ئازەربایجان, روبارەکان پڕ لە هاژە و چیاکان و دۆڵەکان بە گوڵ و گیا داپۆشرابوون. ئاوازی کلاۆکورەکان و کەندە سمەکان دەشت و بیابانی پڕ کردبوو. پەپوولە باڵ زێڕینەکان جووت جووت دەفڕین. بەلام لە نێو ئەم هەنگامەیەی گوڵ و سەوزاییەدا. ئاهورا مەزدای گەورە دەتکوت لە نێو کەلووی سەرەتاندا گرفتار بووە. لە (دەربەند) ی بەلاڵێدراودا, بەیان, هەر دەتکوت لە ئەنکوتن دەترسێ. ناڵە ناڵی بریندااران, شیوەن وواوەیلای ژنان, گریانی مندالان... ئەگەر هارون, باب ئەل ئەبواب, ئەو ((شاری ئازاد)) ە ی قەڵەمڕەوی خۆی بەو حاڵەوە دەدی, هۆش لە کەللەیدا نەدەما, یان لەوانەشە, ئەوشەوە پیاڵەی زێرینی پڕ لە شەڕابی لەگەڵ ژەهردا تێکەڵ کردبا.

تورکانی خەزەر ترسیان نەدەناسی. ئەوان کۆتەڵی شێر کە هێمای جوانی و قارەمانی شار بوو, لە هەر کوێ دەدی, دەشکاند و دووریان فڕێدەدا. ئاسمانی شار دووکەڵێکی خەست دایگرتبوو, بڵێسەی ئاگر لە عەمبارەکانی دانەوێڵە هەڵدەستا. خاقان لە بێ حورمەتی کردن بە مزگەوتە پیرۆز و بە شکۆکان کە هەر کامیان یادگاری یەکێك لە خەلیفەکانی ئومەوی و عەباسی بوو, لە هیچ شتێك چاوپۆشی نەدەکردو فەرمانی دابوو, لەشکرییەکان, ئەسپەکانی خۆیان لە نێو مزگەوتەکاندا ببەستنەوە. لە سێ مزگەوتی گەورەی شار, مزگەوتی فەلەستین, دیمەشق و خەزەر حیلەی ئەسپان بەرز دەبۆوە. مزگەوتەکانی حومس, قەیسەرییە, جەزائیر و موسڵیشی وەك ئەمبارێك بەکار هێنابوو. ئەوێیان پڕ لە ماڵی تالانی کردبوو.

ئەم ڕەفتارە گەوجانەی خەزەرەکان کینە و نەفرەتی خەڵکی لەبەرامبەر ئەواندا بە هێز دەکرد.

بۆنی بۆ گەنیو لە مەیدانەکان, بازاڕەکان و قەراخی شارەکان بەرز ببۆوە. ئەوانەی کە لە سۆنگایی بەرەکەت و ئاسایشی ئەوێوە هاتبوونە ئەم شارەو و لەوێدا نیشەجێ ببوون. بە توندی هەستیان بە پەشیمانی دەکرد. بەڵام ئەم پەشیمانییە, یەکجار درەنگ وەخت بوو و ئێستا جگە لە تەحەمولی ئازار و بەدبەختی ڕێگا چارەیەکی دیکە نەبوو. تەواوی دەروازە ئاسنینەکانی شار کەوتبوونە ژێر دەستی خەزەرەکانەوە هێرشهینەران هەر کەسێکیان بەدیل بگرتبایە دەیان هێنایە دەروازەکانی ((باب ئەل مهاجر, باب ئەل جیهاد, باب ئەل خەمس و باب ئەل سەغیر)).ئەسیرەکان وەك گەلای پایز بەسەر زەویدا بلاو بوبوونەوە.. لە دەروازەی ((باب ئەل مەکتوب)) و ((باب ئەل عەلقەمە)) شدا دۆسیەنامەی ئەسیرەکانیان دەنوسی.

لەو شەقامانەی کە هارون بەیادگاری شاژنی گەورە — زبێدە خاتون — ەوە دروستی کردبوون, بەڕاستی جۆگەلەی خوێن دەڕۆیشت. بایەك کە لەلای دەریاوە هەڵیدەکرد, ئەولاشانەی کەلێرە و لەوێ بەداری مەرگەوە هەڵواسرابوون و هێشتا زرێیان لەبەردابوو دەلەراندەوە.

مزگەوتی گەورە لە هەموو جێگایەك وێران تر و غەمبار تر دەهاتە بەرچاو. کەمێك لەوێ خواروتر, شیوەن و فریادی بازرگانان, سەراپای بەندەری داگرتبوو. خەزەرەکان کالا بەتالان براوەکانی بازرگانانیان بەسەر کەشتییەکان, وشترەکان و لە نێو ئەو داشقانەدا کە گا ڕایدەکێشان, بارکردبوو.

لەکەناری بەنداوی ئەسکەندەر گردێکیان لە کوژراوان دروستکردبوو. خەزەرانی کورتە بنە کە بەسەر کەوڵەکورتەکانی خۆیانەوە, کەمەر بەندی پانی چەرمینیان بەستبوو کلاوی چەرمینی خەزەریان تا سەر چاوەتیژەکانی خۆیان داگرتبووە خوارێ و دەست بە شمشێـــر بۆ هەر جێگایەك دەستیان پێڕاگەیشتبایە هێرشیان دەبرد. نەعرەتەی گوێ کاسکەری ئەوان تۆقینی دەخستە نێو دلانەوە:

– ئەها کرمی بەدبەخت! بۆ کوێ بۆ سەرەوە دەخشێی؟! لە قەلا وەرە خوارێ تا ئیشت ببینم! یەکێکی تر نەعرەتەی دەکێشا:

– قەلا ئاسانە, ئەگەر بچییە ئاسمانی حەوتەمیش لە چنگمان دەرباز نابی!

– ئەها! گوێتان لێبێ و ئاگاداربن ئیدی جارێکی دیکە قاچی دێوەکەی بەغدا ناگاتە ئەم سەر زەویانە!

– گوێ ڕایەڵی خاقانی گەورە بن!...



بەیداخە ڕەشەکان هێشتا بەسەر دیوارە لێواردارەکانی بەنداوی گەورەی ئەسکەندەر دەشەکانەوە و خەزەرەکان هەر چەند هەوڵیاندا نەیاندەتوانی بیانهێننە خوارێ. دیوارەکان و پلیکانە تاریکەکانی بەنداو بە قەوزە و گیاو گۆڵی خۆرسك داپۆشرا بوو. سەربازانی خەلیفە, ئەو خەزەرانەی کە لە ناو گیا و گۆڵەکاندا خۆیان حەشاردا بوو و دەیانویست خۆیان بگەیەننە سەر قەلا, تیر باران دەکرد:

هەی تالان چینە! دەستی ڕەشی پیسی ئێوە هەرگیز بە بەیداخە ڕەشە پیرۆزەکان ناگا! ئەو تیرانەی لە سەرەوەڕا دەیان هاویشت, زیاتر گەرما و گەرمی دەکەوتن. خەزەرانی داخ لە دڵ لە هەوڵدان دابوون. لە سەرەوە فیشەی تیر هەوای دەقەلاشت و لە خوارەوەشڕا نەعرەتەی خەزەرەکان:

– وای سووتام, ئەم تیرەیان لە کام لاوە هاویشت؟!

– خۆت بگرە تا دەت نێرمە لای باپیرت!... چەندین ڕۆژ بوو دەربەند, ئارام وقەراری نەبو, تاریك و روونی بەیانی, دەستەیەك سواری خەزەری مەشخەڵ بە دەست لە پەنا دیوارەکانی بەنداوەوە دەجولانەوە و هەر هێندە لەبەر ڕۆشنایی پرتەپرتکەری مەشخەڵەکانەوە, لاشەیان بدیتبایە, بەسەر ئەوانەی کە لاشەیان ڕادەکێشا, هاواریان دەکرد:

– مەگەر کوێرن؟! ئەو لاشانە نابینن؟! یاڵلا بیانبەن.

– پەلە بکەن بێ ناموسینە! ئەگەر خۆر هەڵ بێت , لەبەر بۆنی بۆگەنیوی ئەمانە, نزیك بوونەوەیان دەرەتانی نابێ. لاشەکێشەکان دەم و لووتی خۆیان گرتبوو, بەسەر لاشەیەکی زەبەلاحدا هەڵەنکوتن!

– چ لاشەیەکی بۆگەنیوە! ئەمەشیان بسوتێنن؟ سەرکردەی سواران لە دین دەرچوو:

– گەوجە, مەگەر نازانی ئەگەر لاشەی مسوڵمان بسوتێنن گیانی دەچێتە بەهەشتەوە؟! بیخەنە چالێکەوە و خۆڵی بەسەردا بکەن.

لاشەکێشەکان لە هیلاکیدا ئیدی توانای جوولانیان نەمابوو, بە زەحمەت ئەولاشانەی کەزرێی قورسیان لە بەردابوو, بەسەر زەویدا بۆیان ڕادەکێشران. لاشەکانی مسوڵمانەکانیان دەناشت و تورکەکانیان بەسەر یەکەوە کەڵەکە دەکرد, و دەیان سوتاندن.

لەبەر بۆنی سووتانی لاشەکان دڵ و ریخۆڵەی بنیادەم دەهاتە دەرێ. سواران کە بە پەڕۆ دەم و لووتی خۆیان گرتبوو, ئەسپەکانیان لنگ دا و دوورکەوتنەوە. سپێدە خەریك بوو گزنگی دەدا ,بەرەبەیانێکی ڕەشی تر. ڕۆژێکی تاڵ و تاریکی تر دەستی پێدەکرد. بەنداوی ئەسکەندەر, لە نێو دووکەڵێکی چڕ کە لە لاشانی کەڵەکە بوو, هەڵدەستا, داپۆشرا بوو, با, بڵێسەی زیاتری بەو

مەشخەلانە دەستاند کە لە نێو ستونیدووکەڵەکانەوە, هەڵدەستا. ئاگر بڵێسەی دەستاند و بەرزترین بەردەکانی بەنداوەکەی دەلستەوە.

لاشەکێشەکان, ئەو سەربازانەی کە هێشتا گیانیان لەبەردا مابوو, بە کلکی ئەسپ و ئێسترەکانیانەوە دەبەست, و بەرەو خەندەقەکانیان ڕادەکێشان.

بەنداوی ئەسکەندەر, جەنگی خوێناوی زۆری دیبوو. تیربارانی زۆر پەیکەری ئەستووری ئەویان ڕوشاند بوو کە نیشانیان هێشتا, بەسەر جێ جێی ئەوێوە دەبینرا,بەلاّم هەرگیز گیرۆدەی بەلاّی لەو جۆرە نەهاتبوو.

لەسەر ڕوباری ڕوباس و ئینجی, لاشەی سەربازان وەك ماسیانیمردوو, بە سەر ئاوێوە دەهاتن و دەچـــــوون. ئەو ئاشەی کە هارون, بەسەر لێوارەکانی ڕووبار دروستی کردبوو, بەتەواوی وێران کرابوو. ئەستێرکی دەمی ئاشــــــەکە پڕاوپڕ لە لاشە بوو, لەگەڵ هەرشەپۆلێکدا پێکدەکەوتن و خولیان دەدا. دوو ئەستێرکی جوان و پاك و گومبەزدار, پڕ بووبوون لە لاشەی مردووان کە مەلەیان بە سەرەوە دەکرد.

پێش دەمی هەموو دەروازە ئاسنینەکانی شار, خەزەرانی چەك بە دەست کێشکیان لێ گرتبوو. هیچ کەسێك بە بێ فەرمانی خاقان, ڕێگاو توانای چوونە دەرەوەی لـــە شار نەبوو.

ئەم دەروازانە ڕۆژگاری شکۆمەندی گەورەی بە خۆیانەوە دیبوو. جارەهای جار باڵوێزانی سپی پۆش و کەژاوەی سپی خاقانیان بە چاوی بەستراوەوە لەم دەروازانەوە بەرەو ناو شار بەڕێ کردبوو — ئەمە ڕەسمێك بوو تا هەم مەزنایەتی شار و دەروازەکانی پێشانی کەسانی تر بدەن و هەم نەخشە و ڕێگای ئەوێ لای هیچ بیانییەك ئاشکرا نەبێ. حەیف بۆ ئەم هەمموو مەزنی و شکۆمەندییە! داد لەم هەموو بێدادی و نالەبارییە! وای کە ((گەردونی دەوران دەور زۆری لەم تەرزە وەرسوڕانانە لە لایە))!...

چەند خوێندەوارێك بە مەرەکەبدانی شەربەیی کە بە بەر کەمەریانەوە هەڵواسرا بوو, بەهەڵدەداوان و بە پەلە ماڵی تالاّن کراوییان دەنووسی. خوێندەوارێکی ئاوڵەداری کورتەبنە کە کلاّوێکی توکنی بە سەرەوە بوو و زیاتریش لە غۆلیکی بێ شاخ و کلك دەچوو تا بنیادەم, ئەسیرێکی لە پرسیاراندا وەگیر هێنابوو:

- ناوت چییە؟
- شبل.
- خەڵکی کوێی؟



- بیلال ئاباد.
- چ کاردەکەی؟
- بازرگانم.
- بارەکەت چ بوو؟
- کاغەز.

روخساری ئاوڵەداری میرزا بە بیستنی ((کاغەز)) گەشایەوە و تابلۆیەکی خۆڵەمێشی بە ناونیشانی ئەسیری بە مــلی ئەسیرەکەوە هەڵواسی. شبل ئاوی ناو دەمی بەتاڵییەوە قووت دا و بە ڕقەوە لە روخساری میرزا کە بەهۆی زەردەخەنەوە دەلەرزییەوە, ڕوانی — جوتێك تاڵە موو کە بەسەر لووتە ئاوڵەدارەکەیەوە ڕوابوون وەکو نێزە ڕەق ببوون. مووەکانی ریشێکی تەنك کە روخساری شبلیان داپۆشی بوو, دەلەرزی. دەبوایە ڕێگایەکی دەرباز بوون بدۆزێتەوە. میرزای کورتە بنە ریشی ئەوی گرت وڕاکێشا:

- ژمارەکەت بوو بە هەزار و پێنج سەد لە بیرت نەچێ! هەزار و پێنج سەد! بۆ خۆشت بڕۆ لەولاوە ڕاوەستە. شبل بە چاوێکەوە کە نەفرەت و حەسرەت تێیدا شەپۆلی دەدا, بەسەر تاپای میرزایهەڵ ڕوانی و خۆی بە دەستەوەدا:
- هەزار و پێنج سەد لە بیرم ناچێ.

نۆرەی نەفەری دوای ئەو هات:

- هێی ورگ دەرپەڕیو!

پیاوێك هاتە پێشەوە.

- تۆ ناوت چییە؟
- سەلمان
- لە دەربەند چت دەکرد؟
- خەڵکی دەربەند نیم. بۆ ئەسپ کڕین هاتبووم مێگەلەوانم
- ئەسپ, ئەسپی نێر! ها... ها... ها! ئەسپی نێری ڕەسەن خودی خەلیفە بۆ خویەتی! ئەسپی نێری باشت کڕی. خەڵکی کوێی؟
- میمەد بیلال ئاباد
- ژمارەی تۆ بوو بە هەزار و پێنج سەد و یەك. تابلۆکەت بگرەو بە ملتەوە هەڵیبواسە. مەترسە ناکەوێ. بڕۆ ئەولاوە.

ڕووی کردە نەفەرێکی دیکە:

– هێی جەنگاوەری سمێڵە ستوور وەرە پێشەوە بزانم، ناوت؟

عەبدوڵڵا بە توڕەیی و ڕقەوە وەڵامی دایەوە:

– لەگەڵ منتە؟... عەبدوڵڵا!

– گەوجە بۆ هاوار دەکەی! ئێرە کەسی دیکەی لێ نییە!

– بە زمانێکی جوان قسە بکە, دەنگی من هەر خۆی ئاوایە.

جێگای ئاوڵەکانی پیاوەکە لە توڕەییدا وێك تر هاتنەوە و برژانگەکانی خێرا خێرا پێکیان دادەدا و لێوی شین هەڵگەڕاو لەرزی.

قەڵەمەکەی کە لە پەڕە مووچ بوو, خستە نێو مەرەکەبدانەکەی کە بەر بەرکەمەریەوە هەڵواسرابوو و هەڕەشە ئامێزانە کوتی:

– وا دیارە زۆر سەرکێشی... وەکو پیاز چاوی بنیادەم دەسوتێنی! یەقین بە ئەگەر لە بازاڕی کویلە فرۆشانیشدا ئاوا هاوار بکەی, بە یەك تاکە درەم ناتکڕن, حاڵی بووی؟ ژمارەکەت لە بیر بێ. هەزار و پێنج سەد و دوو. بڕۆ ئەولاوە. عەبدوڵڵا گوێ بە هەڕەشەی میرزا نەدا. ئەو لە خەیاڵی هاوسەرە خۆشەویستەکەی ((برومەند))بوو کە لە پشتەوە بانگی کردبوو ڕایسپارد بوو کە لە کاتی گەڕانەوەیدا هەڵووژەی ترشی بۆ بێنێ, ((خۆشەویستی بێچارەی من! کێ ئاگای لەو منداڵە ساوایەمان بێ؟!))

ئەسیرەکان غەمبار و نقووم لە بیر کردنەوەدا سەریان بەرەو خوار داگرتبوو. هەر کەسێك خەمی خێزانی خۆی دەخوارد و لە بیری چارە نووسی خۆیدا بوو. بازرگانانی بە توانا کە لە هاتنیان بۆ دەربەند پەشیمان بوون, لە بیری ئەو بەڵایەدا بوون کە یەخەی گرتبوون. هەم ماڵ و سامانیان لە دەست دابوو و هەم گیانیشیان لە مەترسی دابوو. ئەوان لە دڵەوە خەلیفەیان نەفرین و نەفرەتبار دەکرد کە سەر گەرمی ڕابواردنەکانی خۆیەتی و هەر گۆشەیەکی مەملەکەت دوچاری ئاژاوەیەك بووە و تالآنچییەك تالآنی دەکا. وەرن و ببینن خەزەرەکان لێرە چ کاولکارییەکیان بەسەر ڕۆژگاری خەڵك هێناوە.

ئەوئەسیرانەی کە لە دەروازەی جارچیدا ناویان نووسیبوو. ڕیزکران و خستیاننە ڕێ. شبل و سەلمان بە چاوی فرمێسکاوی و نیگایەکی نا ئومێدانە, سەیری یەکیان دەکرد. تەنیا عەبدوڵڵا وەرەی بەرنەدابوو. خەزەرەکان سواری ئەسپ بوون, لە حاڵێکدا قامچییەکانیان بە هەوادا وشەی دەهات, ئەسیرانی دەست بەستراویان وەڕێ خست و دایاننە پێش خۆیان. هەندێکیان دەگریانو هاواریان دەکرد



و هەندیك بەدەم جنێوەوە هاوار و فریادیان دەخواست و ژمارەیەکیش غەمبار و خامۆش بوون. بەنداوی ئەسکەندەر لە نێو ئاپۆڕای دووکەڵدا ئەم کۆمەڵە بێ گوناهەی بەرێ دەکرد.

ئەسیران ڕەوە بە ڕەوە بە ئاراستەی باکوور پێش خۆ دەدران. چاودێرانی ئەسپ سوار هەر ئەسیریك لە ڕیزەکە دەرچووبا یان بە دوا بکەوتبایە دەیـــان دایە بەر قامچی. خۆر بە ئاواگەی ئاوا بووندا دەچووە خوارێ و تاریکی باڵی لێدادەدا. ئێستا ئەسیرانی دەست بەستراو, برسی, و بە زۆریشیان کەم پۆشاك و پێخواس لە کەش و هەوای تەم ومژاوی بولێل و تاریکیدا ون دەبوون. ئەوان جگە لە تۆز و خۆلیکی سووك, شتێکی دیکەیان لە دوا بە جێ نەمابوو. لوتکە بە بەفر داپۆشراوەکان, لە دووره دەستەوە ناوچاوانی سپی خۆیان لەبەر نیگای ڕێبوارانی ماندوودا, نەوی دەکرد. دایکان لە ترسی کەوتنی منداڵەکانیان, ئەوانیان بە سنگی خۆیانەوە دەگوشی و هەر کە ماندوو دەبوون و دەیانویست تاوێك پشوویەك تازە بکەنەوە خەزەرەکان دەستیان بۆ قامچی و شمشێر دەبرد. جار هەبوو منداڵەکانیان لە باوەشی دایکیان دەستاند و فڕێیان دەدایە قەراغی ڕێگاکە:

– گەوجی بەدبەختینە, ئەم بێچوە قەلەڕەشانەتان بۆچی لە خۆتان بارکردووە؟!

شیوەن و ناڵەی دایکان دەگەیشتە ئاسمان: ئایا دەکرا زەوی بقەڵشیبایە و لەوێوە قارەمانێك بهاتبایە دەرەوە و ئەوانی رزگار بکردبایە؟!

داڵاشی دڕندە بە چنگاڵی تیژیانەوە, کە کەس نەیدەزانی لە کوێرا پەیدا بوون, باڵەکانی خۆیان کردبوونەوە, بەسەر سەری ئەسیرەکانەوە خولیان دەداو لە ناکاو وەکو تیری لەکەمان دەرچوو بەرەو خوار دادەهاتن و هێرشیان دەهێنا و لە چاو تروکانێکدا ئەومنداڵانەی کە لەنێو خەندەکێك یان قەراخی ڕیگایەك دەست و پێان دەکوتا, چنگاڵیان لێدەدا و بە هەوایاندا دەبردن. هەر کە هاواری منداڵێك لە ژێر چنگاڵی داڵاش دەکەوتە بەر گوێ, دایکێك هاواری لێ هەڵدەستا و قژ و ڕوومەتی خۆی دەڕنیەوە و بەسەروسنگی خۆیدا دەکوتا و دەستی بەرەو ئاسمان بەرز دەکردەوە:

– ئەی هاوار گوێم لە دەنگی بوو,خۆی بوو!

منداڵەکەی خۆم بۆ داڵاش بردی!

– ئەی خودایە ئەمە چ بەڵایەك بوو بەسەر ئێمە هات؟ خودایە ئێمە چ گوناهێکمان کردبوو؟!...

لەسەر ڕێگا, ناوەناوە لاشەی پیرەمێردان و ژنان دەکەوتنە بەر چاو. منداڵانێك کە بە گۆڵە گۆڵ بە ڕێگادا دەهاتن ولە حاڵێکدا کە بەردەبوونەوەو هەڵ دەستانەوە, لە نێو لاشەکاندا بە دوای

دایکەکانی خۆیاندا دەگەڕان, و جاری وا بوو منداڵیك دایکی خۆی دەدۆزییەوە و خۆی بەسەر مەمکە خوێناوییەکانیدا دەدا.

- نیگەرانی وخەمێکی گران گیانی عەبدوڵلای دەگوشی.

شبلیش هەروا بوو, سەلمانیش هەروا. بەلای ئاوایان لە خەونی خۆشیاندا نەدی بوو.

شبل کوتی:

- ئەم خەزەرانە چ بیٚ بەزەیی و دڕندەن؟!

سەلمان کوتی:

- خوێن خۆرن.

عەبدوڵلا کوتی:

- لە خوێن خۆری و دڕندەییدا هیچی وایان لەبەر کارمەندانی خەلیفەدا نییە.

شبل کوتی:

- نەفرەت لە هەردووکیان بیٚ!

... شتێك لە سەر مەچەکی شبل ((قرتە)) یەکی لیوەهات. دەنگی کەلەپچەبوو. کەلەپچە ڕزی بوو. شبل دەستی خۆی کردەوە. ڕەنگی ئومێد پەریە روخساری.تاوێك هەستی کرد عەرەقێکی گەرم و بۆنخۆشی لە نێوچاوانیداکولاو سەراپای لەشی گەرم کرد. کەلەپچە ژەنگی هێنابوو زنجیر لەنێو ئەلقەی ژەنگاویدا پسابوو.

شبل کوتی: کەلەپچەکەی من کرایەوە لەوانەیە بتوانین دەربازبین...

شبل دەست بەجیٚ کەلەپچەی عەبدوڵلا و عەبدوڵلاش کەلەپچەی سەلمانی کردەوە.

سوارێك لە پێشەنگی ڕیزەکەدا بە پێچەوانەی ئاراستەی ڕیٚ کردن, دەجوولایەوە وئەسیرانی دەدایە بەر دار. کاتێك گەیشتە لای ئەوان, عەبدوڵلا لە ناکاو خۆی هەلدا, خۆی گەیاندە پشتی سوارەکە و دەست و بردانە شمشێرەکەی ڕاکێشاو لە کەلەکەی ڕاکرد.

سوار هاوارێکی لیٚ هەستاو لەسەر پشتی ئەسپ کەوتە خواریٚ. عەبدوڵلا لەسەر زینی ئەسپەکە دانیشت و تا سوارەکانی تر هاتنە خۆ, شمشێری لەسەر سەری خۆیەوە بەرزکردبۆوە و هاواری کرد:

برایان و خوشکان! گەیشتنی هەر کام لە ئێمە بۆ بازاری کویلە فرۆشان مانای مردنی ئێمەیە.لە کوشتن ترستان نەبیٚ. لێدەن, ئەم ڕێگرە چەتانە بکوژن.

ئەسیران لە ناکاو بوون بە شەپۆلێکی خرۆشان گرتوو. بەرەو لای سوارەکان هێرشیان برد. خەزەرەکان کە چاوەڕێی هێرشێکی ئاوایان لە ئەسیرەکان نەدەکرد, بە تەواوی غافلٚ گیر بووبوون.



لەم دەمی ڕۆژئاوا بوونەدا هەڵلایەکی چاوەڕوان نەکراو دەستی پێکردبوو... ژنان بە چنگ و ددان سەر و ڕووی خەزەرانیان دەدڕی و پیاوەکان کۆتەکان یەکتریان دەکردەوە و بە زنجیرەکانیدەستیان هێرشیان دەبردە سەر دوژمن.

- لێدەن!

- لێدەن!

- بکوژن!

- مەهێلٚن هەلٚبێن!

- ئەسپەکانیان بگرن!

خەزەرانی غافلٚ گیر کراو بەتەواوی دەست و پیێی خۆیان ون کردبوو, ژمارەی ئەسیران زۆر و ژمارەی ئەوان کەم بو. ئەسیران, تەنانەت لەوتابلویانەش کە بە ملیانەوە هەلٚیان واسی بوو, بۆلێدانی خەزەرەکان کەلٚکیان وەردەگرت و سەرئەنجام نیشانی دیلێتی خۆیان بە نەفرەتەوە دوور فرێدەدا.

هەر کەسە ڕووی کردە لایەك. تەنیا مردووەکان و ئەوانە نەبیٚ کە برینەکانیان قورس بوون, مانەوە. شبل و سەلمانیش دواجار سواری دوو ئەسپ کە لە سوارانی دژمنەوە دەستیان کـــــــەوتبوو, بوون. عەبدوڵلا تابلۆکانی ئەوانیشی لێکردەوە و دووری فرێدا وئەسپی خۆی تاودا:

- بە دوای مندا ڕاکەن. من نیگەرانی بیلال ئابادم و دلٚم لەلای برومەندە. لەو ڕێگایانەوە کە لە دەربەندەوە بەرەو بەردەعە دەچوو, ستـــــوونی تۆز و خۆلٚ بۆ ئاسمان بەرز دەبۆوە.

لەشکریانی خەزەر لە نێوان بەردەعە و دەربەندا تێکیەوە داویشت. سەر زەوینی بە پیت و بەرەکەتی شێروان وەبن سمی ئەسپانەوە سم کوت ببو. میل و مغانیش پەشۆکا بوو و ترسی لێنیشتبوو. خەزەرەکان پاش تێشکانی سوپای خەلیفە لە قەلاوە هاتبوونە جۆش و خرۆش. ئەوان هەر کەسێك کە دەهاتە سەر ڕێگایان دەیانکوشت و شارەکان و دێهاتەکانیان تالان دەکرد و ئاگریان تیٚ بەردەدا و هەر کەسێکیان بە ئەسیری بگرتبایە, کەلەپچە بەدەست دەیان بردە بەردەمی خاقان.

بەردەعە ئاژاوەی تێگەڕابوو. یەزید کوری مەزید, والی ئازەربایجان لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژرابوو ئەم هەواڵە گەیشتبووە بەغداش. شاعیرانی کۆشکی زێرین بەستەی لاواندنەوەی سۆزهەژێنیان بۆ یەزید دەچری. ئازەربایجان بیٚ والی و سەرپەرشت مابۆوە. خاقان پاش ئەوەی لە کوژرانی یەزید ئاگاداربوو, سەرەڕۆیی لە سنوور تێپەڕاند بوو.

لە بەغداد, خەیزەران, کوڕی خۆی هارون سەرکۆنە کردبوو: ((ئەو شەوە کە ئەوەندە سەر گەرمی ڕابواردن و کەیفکردن بووی, ئەگەر ئەم هەواڵە تالٚ و ترسناکەت ئەوەندە بە ساردی و بیٚ بایەخییەوە

وەرنەگرتبا, ئەمڕۆ کار بەشێوەیەکی دیکە دەبوو. لەکۆنەوە کوتوویانە حەواڵە کردنی کاری ئەمڕۆ بۆ بەیانی لە نەریتی پیاوانی ئاقڵمەند نییە.))

بە ڕواڵەت ئەم هەموو گلەیی و داواکارییەی دایك, مەستی ئەو شەوەی لە سەری هارون دەرکردووە و ئەو بەتەمایە کە لەگەڵ دایکی و وەزیری خۆی جەعفەر دابنیشێ و بڕیار بدات کە بەهێزترین و قاڵاوەترین لەشکریانی خۆی بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی لەگەڵ خەزەرانی ڕێگرو تالانکەردا و بۆ گوێ بادانی ئەوان, ساز و ڕەوانەی ئازەربایجان بکا.

تەنانەت بۆ کارپارێزی, هارون فەرمانیدا ئەو سوارانەی کە بۆ مەبەستی هەڕەشەی بێزەنتیەکان لە قەڵاکانی شاهی, سەنەم و ئەردەبیل دامەزرابوون, بۆ ڕوو بە ڕووبوونـــەوە لەگەڵ خاقان, بەڕێبکەون. بێزەنتییەکانیش کە بەخوێنی سەری خەلیفەی بەغدا تینوو بوون, دەست بەجێ لە هێرشی بروسکە ئاســـــای خەزەران بۆ سەر قەڵای خەلافەت ئاگادار بوون, جاری وابوو پەلاماریان بۆ سەر ناوچەی حەرامی دوژمن دێناو هەر ناوەناوە لە سنورەکانی بێزانتیشدا تێککگیران لە نێوان هێزەکانی ئیمپراتۆر و خەلیفەدا دەهاتە پێش. لەشکریانی خەلیفە تووڕە بوون و سەردارانیان گیریان خواردبوو سەریان لێ شێوا بوو کە چۆن و لە کوێ ڕا خۆیان لە خەزەران لابدەن. ئەوان لەسەر ڕێگای‌خۆیانەوە لە باکوور, لەسەر ڕاسپاردەی ئەبو عومران چاو دەرپەڕیو, خوڕەمیانی ڕاپەڕیویان لە دیهاتەکانی دەوروبەری ((بز)) بە سزا دەگەیاند.

لە نێو ئاورگای بیلال ئاباد ژمارەیەکی زۆر لە ئەسیرانی ژن زیندانی بوون. ژنەکان ڕۆژانی ڕەشی خۆیان دەژمارد. برومەند هاوسەری جوان و خۆشەویستی عەبدوڵڵا, ئەویش لە نێو گیراوەکان بوو ((خۆشەویستی میهرەبانم, زۆر لە دەربەند گیر مەبە, لە گەڕانەوەتدا هەڵوۆژەی ترشم بۆبکڕە. ئەگەر مناڵەکەمان کوڕبوو تۆ ناوی دەنێی و, ئەگەر کچ بوو, خۆم ناوی بۆ هەڵدەبژێرم....)) هەر ساتێك ئەم قسانە لە گوێ عەبدوڵڵادا زیندوو دەبوونەوە و دەزرینگانەوە...

عەبدوڵڵا بێ ئاگا لە حاڵی بیلال ئاباد, بەڵام دڵتەنگ لە وەزعی خەڵك و چارەنووسی هاوسەرەکەی, بۆ گەیشتنەوە بە ئاوایی بە پەلە بوو.



## (٤)

## ئاگـــــــــــــــر زادە

*ئەو تۆوەی دەیەوێ بڕوێ,*
*بەرد دەقەڵشێنێ و رووی خۆی بەرەو*
*خۆر وەردەسوڕێنێ.*

جاری وا هەیە بەدبەختی لە دەرگای خۆش بەختانیش دەدا. ژنانی بیلال ئاباد, ژنانی خووگرتوو بە خۆش بەختییەکی سادە ئێستا گرفتاری بەڵایەکی زل بووبوون. بەڵای چاوەڕوان نەکراو, لە روخساری ئەوانـــــــــدا خەم بە جۆرێك خەت و نەخشی خەمباری کێشابوو کە هەر دەتکوت کەسەر لەگەڵیاندا لە دایکبووە. یا دەتکوت لەم گوندەدا هەرگیز ڕوخساری کەسێك لەگەڵ خەندەدا ئاشنا نەبووە, یان لەوانەیە ئەهریمەن — خوای ناپەسندییەکان - ئاگری گوندەکەی دزیوە و لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە و ئاهورا مەزدای گەورەش نیشانێکی لەم ئاگرە نەدۆزیوەتەوە.

سروشت بەبێ ئاگری ژیان بێزاری هێنەر و ماتەم بەخشە و سروشتی بیلال ئابادیش ساردو سڕ و دڵتەنگ بوو. هەرچەندە بە هارێکی نوێ لە ڕێوە هاتبوو, بەڵام لە ((دۆڵ هەنار)) و ((دەشتی سوور)) زیاتر لە دەشت و دۆڵێکی پایزی دەچوو تا بەهار. بەهار سێلاوی زێڕ هەڵدەڕێژێ, بەهار روناکی هیوا پەخش دەکا, بەڵام لێرە لە هەموو جێیەك تەمی غەمباری پۆشیبوو و لە هەموو جێیەك تۆوی نائومێدی وەشاندبوو. ئاژاوەئاسمان وگریانیش هەور بوو, بەڵام ئاوازی مەلان و پشکووتنی خونچان لە ئارادا نەبوو. هەور بە ئاوایەك دەیخرۆشاند کە هەروەکو جەوانشێر بەسەر رووی هەورانەوە, کوتەکی قورسی‌بە سەر دەزگایەکی گەورەدا دادەکوتی. ئەم بروسکانە کە هەورەکانی دەقەڵاشت پریشکە ئاگرێك نەبوون کە لە کوتەك و دەزگای و بییەوە دەردەپەڕین؟!

ئەبو عومرانی چەتە لە دێهاتەکانی دەوروبەری بز, پیاوانێکی زۆری بە فێڵ و کینەوە کوشتبوو. دێهاتەکانی هەرێمی ((میمەد)) ی بە ڕق و دژمنایەتییەوە نابووت کردبوو.

هیچ چاوێك توانای بینینی بیلال ئابادی کە ئاوا پەرێشان بە جێ مابوو, نەبوو. هێشتا لەم لاو لەولا لاشەی هەڵواسراو بە تەختەدارەوە, دەکەوتنە بەر چاو. بە فەرمانی ئەبو عومران ژنەکانیان لە ئاورگا بەند کردبوو. ئەمەشیان جۆرێك لە زراو تۆقاندنی خەڵك بوو.

چاوەکان, شەکەت و بێخەو, پەرێشان لە ئاکامی کار, بەرەو ڕووی دەرگای ئاورگا چەقی بوون. ئایا رزگارێك پەیدا دەبێ؟ قارەمانانی بە شەرەف لە کوێ گیریان خواردووە؟ عەبدوڵلاّ لەکوێیە؟

جاری وابوو دەنگی خامۆش و نوساوی پاسەوانانی چەکداری خەلیفە کە ئێشکیان دەگرت, دەهاتە بەرگوێ. هەرچەندە دایکان هەوڵیان دەدا, شکۆمەندی و بەرهەڵستی خۆیان لە دەستنەدەن, بەلاّم دردۆنگی و نیگەرانییەکان, لە شکۆمەندی و پایەداری ئەوان قورس تر بوون. لەوناوەدا تەنیا برومەند بوو کە هێشتا لەپێ نەکەوتبوو. ئەو, ئومێد و دڵنەوایی ئەو دایکانەی دەدایەوە کە منداڵەکانیان بە باوەشی خۆیانەوە دەگوشی:

– خوشکانی من, دوژمن ئێمەی فڕێ داوەتە ئێرە تا زراوی خوڕەمییان بتۆقێنێ. بەلاّم دوژمن لە تاریکیدا پەل دەکوتێ. خوشکینە ئێمە ژیان لەناو منداڵدانی خۆمان و ئامانجەکانمان لە ناو دڵ و گیانمان و لە نێو بەدەنی کوڕەکانماندا دەپارێزین. ئیمە کچانی ((خورەمەکی پاتەك)) ین کە ئامانجی مەزدەکی گەورەی درێژە پێدا و ناوی خۆی بۆ ئێمە بە جێ هێشت. کاتێك هەزاران مەزدەکییان بە فەرمانی خەسرەوی نا دادپەروەر دەکوشت. ژنی مەزدەکی گەورە لە پایتەختی ساسانیان هەلاّت و تا زیندوو بوو لە شارەکان و گوندەکانی ری و ئەسفەهان وئازەربایجان ئامانجی مەزدەکی بلاّو کردەوە و لە پریشکێکی بچووکەوە ئاگرێکی گەورەی هەڵگیرساند. ئاگرێك کە رووناکی وگەرمی بە یەکە یەکەی ئێمە بەخشیوە. ئاگریك کە هەرکام لە ئێمە وەزیفەمانە وەکو دایکمان, خوڕەمە, بۆ ئایندە بگوازینەوە ئەوە هەڵ دەگرێ لەبەر خاتری پەیامێکی ئاوا گەورە ڕووبەڕووی نا ئومێدی وترس مەرگ ڕابوەستین و ئومێد, وەکو ئاگری پیرۆز لە ناو دڵی خۆماندا بە زیندوویی ڕابگرین. سەرەنجام روناکی بەسەر تاریکیدا سەر دەکەوێ. تەمەنی رۆژانی سەخت کورتن. سوێند بە گیانی شەروین کە عەبدوڵلاّ هەر دێ. ئەو ناهێڵێ کە ئێمە گرفتاری بەندی ئەم ڕەوشت دێوە نامەردانە بمێنینەوە. بۆچی ماوەی دەربەند تا ئێرە چەندە؟

دایکان, بۆ تاوێك, بە قسەکانی برومەند ئارامییان بەدڵدا هات دوایی هەمدیس شەپۆلی دڵتەنگی و پەرێشانی و غەمباری بەسەریاندا دەهات. بۆ تا چ ڕادەیەك دەکرێ بەرگەی برسێتی,



بەدبەختی و سووکایەتی بگیرێ؟ بسکی زۆریك لە ژنان لەم ماوە کورتەی ئەسیریدا سپی بوو بوو. ئەمە بەفرێکی بەهاری بوو کە بەسەر ئەسیرانی بیلال ئاباد دا نیشتبوو!...

ئەو بیلال ئابادییانەی توانای هەڵگرتنی چەکیان هەبوو, دابوویانە چیاو دەستە دەستە لەوێ دەجەنگان. مەئمورانی خەلیفە لە دەوروبەری ئاورگا سەخت گیرانە ئێشکیان دەگرت. باڵدار زاتی ئەوەی نەدەکرد بەسەر ئەو نێزیکانەدا بفڕیت.

ئێشك گران شمشێر بەدەست لە پەنا حەساری بەردینی ئاورگا پیاسەیان دەکرد و لە هەر ساتێکدا ئامادەی کوشتنی هەر کەســــــیك یا هەر شتێك بوون کە لە ئاورگا نزیك ببوایەوە. ئاورگا کە لە جەژنان و رۆژانی تایبەتی لە شادی و ژیان شەپۆلی دەدا, ئیستاکە خامۆش و دڵتەنگ — دڵتەنگ تر لە ژێر زەوینەکانی فیرعەونەکانی میسر — دەهاتە بەرچاو. هەروەها لە کەڵە شێرانی پیرۆزی سپی کە لە رۆژانی ئاساییدا لە نێو قەپەزەکاندا لە حەوشەی ئاورگادا سنگاو سنگیان بوو, هەواڵیك نەبوو. شیرێکی بەردین کە لە سەر تا پایەوە مەزنایەتی و شکۆ دەرژا, لە حاڵی گورج و لە کەمیندا دانیشتبوو, ئیستا بێشکۆ و بێ توانا خۆی دەنواند. سەربازانی خەلیفە سەریان شکاند بوو. تەنیا نوسراوێك کە لە سەر بەرد, لەسەروەی ئاورگا هەڵکەندرابوو, هێمان دەستی لێ نەدرابوو, مابۆوە: ((مرۆڤ بۆ چاکە کردن خوڵقاوە, مرۆڤ دەبێ لە هەر جێگایەك و لە هەر زەمانیکدا بێ بەختیاری بخوڵقێنێ)) ئێرە ئاورگایەکی کۆن بوو. دەیانکوت موپەدان ئاگردانی پیرۆزی ئەوێیان لە رۆژگاری جەوانشیردا دروستکردبوو. دروست لە ناوەڕاستی ژووره هەشت گۆشەکانی تەنیشت, پەرستگایەکی فراوانی لێبوو. موپەدان لە رۆژانی بۆنەکان و جەژنەکاندا بە مەراسیمی تایبەت ستایشی ئاهورا مەزدای گەورەیان دەکرد. ئاور داگیرسێنان بە بڵندی بەژنی مرۆڤێك لە نێو چرا قوتیلەکاندا, عوودو سەندەلییان دەسووتاند, لەم وەختانەدا هەوای پەرستگا, بۆنیکی دڵگیری تێدا دەگەڕا.

لە دەمی بەرپاکردنی مەراسیمدا, دوو موپەد لە دوولای چرا قوتیلەدا ڕاوەستاون, بنەماکانی ئاینی زەردەشت بەیان دەکەن.

موپەدان شەڕابی ((هوم)) یان دەخواردەوە و پاش نۆشینی ئەم شەڕابە پیرۆزە, یاری و سەرگەرمییە سەروەری ئامێزەکان دەستییێدەکرد. ئاورگا نە هەر تەنیا پەرستگا, بەڵکو واری بەزم و ئەنجومەنی جەژن و سەروەری ئەوانیش بوو. بەر لە دەستپێکردنی مەراسیم, خواردەمەنی تایبەتی بە تامیان لەوێدا دروستدەکرد.

هەموو ئەم حاڵەتانە وەك بیرەوەریەكی ڕوون لەبەر چاوی برومەند خۆیان دەنواند و وەكو خەونان تێكەڵ و پێكەڵ دەبوون و لەبەر چاوی ڕایاندەكرد. هەندێك لە دایكەكان خۆیان بە گیرۆدە و لەدەس چوو دەهاتە بەرچاو, لە ئاهورای گەورە داوای یارمەتییان دەكرد. هەندێكیان دەستەوداوێنی شەروین دەبوون و هەندێكی دیكـــەیان پەنایان بۆ گیانی ئەبو موسلیم دەبرد. لالانەوە و پاڕانەوەی دایكان جگە لە خۆیان بە گوێی كەس ڕانەدەگەیشت. ژنەكان بۆ ئەوەی خەمیان بارگران تر نەبێ, نەیاندەهێشت ئاگر خامۆش بێتەوە. سەلكە بزوتیان دەگەشاندەوە و تاریكییان دەڕەواندەوە.

خەو نەدەچووە چاوی هیچ كەسێكەوە. (ئەوەی لایەكی ئاگربێ و لاكەی تری بەراز بێ مەگەر دەتوانێ خەو لەچاوی بكەوێ)?! جگە لە ئاهو نزولەی دایكەكان و جارجارەش دەنگی منداڵێك كە لە خەو ڕادەپەری و دەستی بەگریان دەكرد, ئیدی دەنگێكی دیكە نەبوو.

ڕوخساری بازنەیی و مانگەشەو ئاسای برومەند, غەمناك خۆی دەنواند, هەر جارێك سەری بۆ لای ژنێك وەردەسوڕاند, پوولەكە زیوییەكانی سەر كەزیە زێڕینەكانی شەپۆلیان دەدا. ئەونیگەران و هەردەم لە یادی عەبدوڵڵادا بوو: ((ئەگەر منداڵەكەمان كوڕ بوو من ناوی دەنێم و ئەگەر كچیش بوو......))

– ئەی ڕووناكی هەردوو چاوم, ئەی پەناگەی دڵ وگیانم! لە كوێ ی؟ وەرە ناوی كوڕەكەت بنێ, كوڕیكی كاكوڵ زێڕینم بۆ هێناوی. ساوا كە لە خەمی ناوگیانی دایك بێ خەبەر بوو, لە باوەشی گەرمی ئەودا خەوی لیكەوتبوو, لەنكاو لەو خەوە ڕاپەری و دەستی كرد بە گریان. شیرازەی خەیاڵەكانی برومەند لێك بلاّو بوو. مەمكی خستە ناو دەمی منداڵەكە و قۆنداغەكەی شلكردەوە و دووبارە بەنێو دنیای ئازادی بیری ئەندێشەكانی داكەوتەوە گەڕان و گەشت: ((كێ دەزانێ, لەوانەیە ئەم ساوایە ڕۆژگاریك ببێتە هەڵۆی قارەمانی خەڵك.))

عەبدوڵلاّ دەیكوت:

– برومەند خۆشەویستی من! كوڕێكم بۆ دەهێنێتە دنیاوە كە هەرگیز شمشێری لەكالاندا ئارام ناگرێ, كوڕێكی وا بەمن دەبەخشێ كە تۆڵەی خامۆش بوونی ئاگری پیرۆز لە خەلیفە بستێنێتەوە...

هەر چەندە دوا دواییەكانی بەهار بوو, وێرای ئـــــــەوەش, هەوای ئاورگا كەمێك سارد دەهاتە بەر چاو, بە تایبەت لە شەوانی تۆفدا, ئـەگەر ئاگریان هەڵنەكردبایە, سەرما گیانی مرۆڤی دەنگاوت, بەلاّم ئیستا كە دار و چیلكە نەبو چارەیەك نەبوو جگە لەوەی هەر كەسە منداڵەكەی بەباوەشی خۆیەوە بگوشێ و بە گەرمی هەناسەی خۆی, ئەو گەرم بكاتەوە.



بێدەنگی, دڵ و گیانی برومەندیدەگوشی و ئەو لەم بێدەنگییە قورسە نەفرەتی دەهاتەوە.

برومەند هەوڵیدەدا خۆی بەگەشبین و ئومێدەوار پیشانبدا. ئەو برێك ئەسپۆنیلە نێو گرێیەكی گۆشەی چارشێوەكەیدا دانابوو و ئێستا لە ژێر سەری ساواكەیدا دانابوو. كەمێك ئەسپۆنی هەڵگرت و خستییە ناو ئاگرەكەو ئینجا مشتێكی خۆی لە دووكەڵەكەی پڕ كرد و بەسەرو چاوی كورەكەیدا بلاّوكردەوە, دایكەكان بە یەك دەنگ كوتیان:

ئەسپۆن دانە دانەیە
ئەسپۆن سی و سەدو نۆیە
ئەسپۆن بەلاّ گەردانە
چاوی بەدكار بتەقێ
لە خۆمانەو بێگانە

ئاسۆ خەریك بوو گزنگی دەدا و سپێدەیەكی شیری بە سەر ئاسماندا دەهات. بایەكی سوبحدەم كە كەمێك تەزێنەر بوو, دەستی بە هەڵكردن كردبوو. ئەو پاسەوانانەی لە پەنا حەسارەكە ئێشكیان دەگرت, لەبەر هیلاكی و بێ خەوی بە زەحمەت بەسەر پێیانەوە ڕادەوەستان, یەكێكیان لە حاڵێكدا كە باوێشكی دەدا, كوتی:

– ئاخ! چەند خۆشبوو ئێستا لە ناو پێخەفێكی گەرمدا خەوتبام! چاوەكانم وەها دەبرژێنەوە دەڵێی خوێیان تێكردووە.

پاسەوان تیكرا بوون. دەنگی ژنەكان, كە پێكەوە گەرم داهاتبوون, لە دیوارە ئەستوورەكانەوە ئاوا دەبوو, و بە هەوادا بلاّو دەبۆوە, یەكێك لە پاسەوانان چاوەكانی هەڵگلۆفی و بە گورجی گوێی بە دەرگای ئاورگاوە نوساند و كوتی:

– میللەتێكی سەیرن! بەم وەختی بەرەبەیانە لە ژووری زیندان سروود دەخوێنن! چەند ساتێك تێپەڕی و سروودی دایكەكان نەما. برومەند ڕوو بە دایكەكان كوتی:

– خوشكەكانم! چاوی دوژمن كوێر بێ. منداڵی وەك چەپكە گوڵمان هەن. حەیفتان لێ نایە سەرەڕای بوونی ئەو منداڵانە, قۆنداغەكانیان بە فرمێسكی خۆتان تەڕدەكەن. تا دەتوانن خۆتان بە ئارام پیشان بدەن. ئەگەر غەمبار بن, ئەهریمەن خۆشحاڵ دەبێ. نەوە بە دوای نەوەدا نەریتی خوڕەمیان ئاوا بووە كە لە كاتی سەختی و مەینەتیدا سەریان بەرز بكەنەوە و دێوی كەسەر و نائومێدی لە خۆیان دوور بخەنەوە.

برومەند منداڵەکەی خۆی لەسەر پێکانی خۆی خەواند بوو, و لە پەنای ئەویشدا منداڵێکی دیکە بە ناوی موعاوییە خەوتبوو. پیاوانی ئەبو عومران دایکی ئەم منداڵەیان لە ژێر پێی ئەسپەکانی خۆیاندا کوشتبوو, باوکیشی کە لە یاوەرانی جاویدان بوو. لە نەبەردا کوژرابو. برومەند ئەم منداڵەی هەڵگرتبۆوە, لەگەڵ خۆیدا هێنا بوویە ئێرە. و ئێستا شیری دەدا بەویش: ((کوڕێژگەی من, تۆ لەگەڵ کوڕەکەی من بوویە برا, برای شیری, لە بیرتان بێ کاتیك گەورە بوون و شمشێرتان بە دەستەوە گرت, لە پشتی یەکترییەوە بن))... موعاویە, بە سیمایەکی پاکەوە زەردەیەکی هاتێ, کێ دەیزانی ساوایەکی دوو سێ مانگە بە چی پێدەکەنێ. ئەو, ئەوەی کە لە دەوروبەریدا دەگوزەرا, لەو دووکەڵەی کە هەر ئێستا لە ماڵە ئاگر تێبەردراوەکانی بیلال ئاباد هەڵدەستا, چ ئاگایەکی لێبوو؟ ئەو کوا دەیزانی لاشەی دایکی لە ژێر خاك نێژراوە و لەو دیوی دیوارەوە شمشێری ڕووتی دوژمن بریسکەیان دێ؟!

پاسەوانان لە نێو خۆیاندا قسە و باسیان بوو تاکو خەو و هیلاکی لە چاوی یەکتری بڕەوێننەوە:

– ئەمانە چ ڕێبازێکیان هەیە؟ چ جۆرە بنیادەمێکن؟ لە برسان خەریکە بە هیلاك دەچن و بەو حاڵەشەوە سروود دەخوێنن!

– مەگەر ئاگر پەرستان ناناسی؟ ئەوانە مردووەکانیان نانێژن. ئەوانە خاك بە پیرۆز دەزانن و باوەڕیان وایە کە نابێ خاك, بە مردوو ئالوودە بکرێ. تەرمەکان لەسەر تاتە بەردەکان دادەنێن تا داڵ و دڕندەکان گۆشتی مردووەکە بخۆن و دواجاریش ئیسکەکانی مردووەکە لە نێو تابوتێکدا بەناوی ((ئستودان)) دادەنێن و لە جێگایەکی دوور لە کشتوکاڵ وئاو دەینێژن.

ئاوازی بولبولێك لە دوور دەگەیشتە بەر گوێ. هەر سات لە ژمارەی ئەستێرەکان کەم دەبۆوەو گزنگی بەیان ئەوانی لە ڕووی ئاسمان دەسڕییەوە. هەورانی تاریك, کۆمەڵ بە کۆمەڵ بەرەو بز دەهاتن. لە ناکاو دەنگی خشپەخشپێك هاتە بەر گوێ.

پاسەوانان شمشێرەکانیان ڕاکێشاو لە پشت قەپەزی کەڵەشێرەکانەوە خۆیان لە کەمین نا.

– وس! هەر دەڵێی وا دێن!...

– ئامادە بن!

– با نزیك ببنەوە.

دووکەس لە پاسەوانان بەرەو دەروازە خزین. چرپە چرپ بەرەو زیادی دەچووبەلاّم لە تاریك وڕوونی بەیانیدا, هیچ شتیك بەدی نە دەکرا. لە ناکاو سێ پیاو بە سێ شمشێری ڕووتەوە. دەمامك لەسەر, پاسەوانانیان غافڵ گیرکرد



– بۆ کوژران هاتوین نەك بۆ ئەوەی ڕابکەین! خۆتان بە دەستەوە بدەن!

– شمشێرەکانتان فڕێ دەن, ئەگینا....

پاسەوانانی خەلیفە لەرزیان پێکەوتبوو: ((ئەجەل گەیشتە سەرمان!)) چەکە چەکی شمشێران کەوتە بەر گوێ. هات و هاوار لە دەور و بەریئاورگا هەستا.

هەموو ژنانی ئەسیر هەستابوونە سەر پێ تا بزانن چی ڕوویداوە. دڵیان وا خەبەری دەدا پیاوەکانیان, قارەمانەکانیان بە هانایانەوە هاتوون. منداڵاّن لە خەو ڕاپەڕی بوون, برومەند ئاماژەی بۆ دەرگاکە کرد:

– دەبێ دەرگاکە بشکێنین

ژنەکان شانیان لە دەرگاکە قایمکرد:

– یەك, دوو, سێ, ها, بە هەموو هێزی خۆتانەوە!

...شراق!... دەرگا لەبەر یەك هاتە دەر.ژنەکان ڕژانە دەرەوە.

عەبدوڵلاّ لەگەڵ دوو لە پاسەوانەکان لە پەلامار و ئامباز بووندا بوو. دواجار هەردووکیانی بە زەوی دادا. پاشان هەڵمەتی بردە سەر سێ پاسەوانی تر کە شبل و سەلمانیان وەگیر هێنا بوو...

ژنەکان هەرچی بەردەستیان دەکەوت, بەسەری پاسەوانەکانیان دادەدا, هەنگامەیەك بوو ناگێڕدرێتەوە! عەبدوڵلاّ سێ پاسەوانەکانیشی لەت لەت کرد. ژنان و پیاوانی خوڕەمی قارەمانانە دەجەنگان. لە پاسەوانان تەنیا دوو نەفەر زیندوو مابوونەوە و هەر هێندە ئەوانیش بەر پێی خۆیان دی, هەلاّتن.

پاش کەمیك دنیا روناك بوو. عەبدوڵلاّ و شبل و سەلمان لە حەوشەی ئاورگا لە سەر بەردە خوێناوییەکان دانیشتبوون, هەناسە بڕکێیان بوو, ژنان وە جۆش و خرۆش هاتبوون تەماشای ئەوانیان دەکرد.

عەبدوڵلاّ سەیریکی نێو چاوانی پڕ لە بەفری قەلاّی ((هەشتاد سەر)) ی کرد کە لە ژێر تیشکە زێڕینەکانی خۆردا دەدرەوشایەوە ئینجا دەستی برومەندی گرت و لە حاڵێکدا کە هەر کامیان منداڵێکی بە باوەشەوە گرتبوو, ئاورگایان بە جێ هێشت. لەو کاتەدا شادی ئەوان بە ئەندازەیەك بوو دەتکوت ئاگری پیرۆزیان لە باوەشگرتووە یان خۆری ئاسمان لەگەڵ خۆیاندا دەبەن.

## (٥)

# کێـــشمه کێشـــمەکـــانی دەربـــــار

*مانەوە لە نێو کونی هەژدیهادا*
*ئاسان ترە وەك لە ژیانی نێو دەربار*

کێشمە کێشمە نهێنییەکان کە ماوەی زۆر بوو لە نێو کۆشکی زێڕین لە نێوان پیاو ماقوولاڵن و ئەشرافانی عەرەب و فارس دەستی پێکردبوو, ئیستا ئیدی بە ئاشکرایی خۆی نیشان دەدا.

هەمو جێگایەك پیلانگێڕی بو و هەمو کەسێك لە ئاشکرا بوونی پیلانەکەی مەترسی هەبوو. هەر رۆژ چەند کەسیك لە گەورەکانی دەربار خۆیان ژەهر خواردوو دەکرد و خۆیان لە ناودەبرد. هەر بە هەمان شێوەش خۆشییەکانی کۆشکی زێڕین بەر بلاْو بوون - ئەگەر کەسێکیش بکەوتبایە بەر باری ڕق و توڕەییەوە - سزای سەخت و لەوێنـــــا کردن بەدەر چاوەڕێی دەکرد. سەرەتا سەری گوناهبار یان دەتاشی. پاشان زیندەوەرێکیان لە سەر سەری دادەنا وەکو زەروو, بەلاّم لەو ترسناك تر بوو. ئەم زیندەوەرانە بە ((زیندەوەری بەبین ئەل نەهرەین) ناسرابوون. کەللەی سەریان کون دەکرد و مێشکی تاوانباریان وردە وردە دەمژی.

دەور, دەوری زیندەوەرە مێشك خۆرەکان بوو, مەسروری جەللاد باشی دەزگای خەلافەت, هەر رۆژەی, لەسەر سەری چەند نەفەرێك داوەتی بۆ ئەم زیندەوەرانە ساز دەکرد! بە هۆی بوونی جەمسەرگەلی جیاجیاو ناوەند گەلی دەسەلاّت لە نێو دەرباردا ژمارەیەکی زۆر دەبوونە قوربانی. زبێدە کەمەری دوژمنایەتی کردنی ئێرانیانی لێبەستبوو, لە هەر کوێیەکدا دەرفەتێکی بەر دەست بکەوتبایە, ئەوانی لە دەربار دەردەپەڕاند. ئەبو نەواس کەتا ئەو رۆژە هەوڵیدابوو خۆی لەو کێشمانە بە دوور بگرێ. سەرەنجام بەغدای بە جێ هێشت و بەرەو



میسر هەلاّت. وەزع بە ڕادەیەك شێوا بوو, وا دەهاتە بەر چاو خودی هارون ئەگەر پێی شەرم نەبوایە و پەیگیریی دایکی نەبوایە, یەکێك لەم دووکارەی ئەنجام دەدا:

یان ئەوەتا دەستی لە خەلافەت بە تەواوی چاکی و خراپییەکانیەوە, هەڵ دەگرت و دەسکەوتەکانی خەلافەتی بەم کێشمە کێشمانە دەبەخشی, یان بارەگای خەلافەتی بۆ جێگایەکی دوور لە بەغدا دەگواستەوە. گرێ کوێرەی ئەم قەیران و قسەو قسەلۆکانە پرسیجێ نشینی بوو. گیانی هارون لەم سرتە سرت و چاو داگرتن و برۆ هەڵتەکاندنانە هاتبووە سەر کونی لوتی.

هاوسەرانی خەلیفە جێگای تایبەتی خۆیان هەبوو, دلبەرەکانیش کەم کەمە لە ژووری نوستندا, نەیاندەهێشت خەلیفە پشوو بدا. گلەییان لە خەلیفە دەکرد و بەدگۆیشیان بەرامبەر ناحەزان دەکرد. کوتوویانە ((فیتنە لە شـــەیتان شەرەنــــــگێز ترە)) خەلیفە لە ناوجەرگەی فیتنەدا گیرۆدە مابوو.

ئەو رۆژانە دەنگۆی جۆرا و جۆر لە بارەی پەیوەندییەکانی جەعفەری بەرمەکی و عەباسە, بەسەر زاروزمانانەوە بوو. ئەگەر هارون لە ڕاست و دروستی ئەم دەنگۆیانە دوو دڵ نەبوایە, ساتە وەختێك لە سـزادانی خوشکی تاقانەی خۆی و وەزیری گەورە, کە لە هەموو جیگایەك بە ((برا)) بانگی دەکرد, وە دوا نەدەکەوت.

دوو دلّی و ڕاڕایی ناخی دەروونی خەلیفەی هەلّدەگلۆفی. ئایا بە هاوسەری خۆشەویستی باوەڕ بکا یان بە وەزیری ئاقلّمەندی؟!

دلّی‌لە نێو دەستی زبێدە داو ئەقلّیشی ڕامی جەعفەر بوو. ئەو لە هەموو جیگایەك ئەوی بە ((بزر گمهر)) بەراورد دەکرد و تەنانەت هوشیاری و تەگبیری ئەوی لە وەزیری ((ئەنەوشیروان) بە بالاّتر دەزانی... بەلاّم ئێستا هەر رۆژ زیاتر لە پێشان لەبارەی ئەوەوە ئەسیری وەسوەسەو ڕاڕایی دەبوو. هیچ دەردێك تەنانەت کولێراو تاعونیش - بە خێرایی پروپاگەندە, بەر بلاّو گشت گیر نییە! دەزگای خەلافەت نەخۆشی پروپاگەندەی تووش بوو بوو.

ڕوودانی زنجیرەیەکیش شۆڕش لەویلایەتە فارس نشینەکان ببوونە سەرباری هەموو بەلاّوکێشەکان. شەیتانانی بەیداخ سوور.!

ئەو ئێرانیانەی کە بەم ناوە ناوبانگیان دەرکردبوو, بە ئاشکرا پشتیوانییان لە جاویدان کوری شەهرەك دەکرد کە لە قەلاّی بز دژ بە ئەبو عومران دەجەنگا. شوێنکەوتوانی خەلیفە کەوتبوونە بەر پەلاماری توندەوە, لە ناوچە شاخاویەکانەوە بەرەوپێدەشتەکان شکابوونەوە.

خوڕەمییان بە بۆنەی سەرکەوتنی خۆیانەوە, دووبارە لە ئاورگاکان ئاگریان هەڵکردەوە. ئێرانییەکان وایان بلاّو کردبۆوە کە روحی ئەبو موسلیم لە بەدەنی جاویداندا تواوەتەوە. خەلافەت, دەبێ بۆ فەرمانڕەوایەکی دادپەروەر بێ. موعتەزیلەکان داژدارییان لەم ئەندێشەیە دەکرد, دەیانکوت گۆرانکاریی لە شەریعەتدا پێویستە.

گرووپگەلی جیاجیای ئاینی, یەکێتی و یەکپارچەیی خەلافەتیان لە ناوەوە و لە دەرەوە خستبووە ژێر هەڕەشە. بەڕێوەبردنی قەڵەمڕەوی خەلافەت بێ پاڵپشتی ئیسلام دژوار بوو. ئەوفەرمانڕەوایانەی کە بێباکانە لەم کارەیان دەڕوانی, هەموویان ناکام و بەسەرەنجامێکی خراپ گەیشتبوون.

ئێرانیان لە خوراسان بە ساردییەوە پێشوازییان لە هارون کردبوو: ((ئایا زبێدە خاتون هەمان ئەوکەسەی کە ئەوەندە ئاگری جیاوازی لە نێوان شیعە و سونەدا خۆشدەکا, هاوسەری ئەم خەلیفە خۆشگوزەرانە نییە؟ ئێمـە ئەگەر ئیرادەمان لەسەر بێ هەم خۆی و هەم هاوسەرە فیتنەگێڕەکەشی نابووت دەکەین.)) تەنانەت ئەگەر جەعفەری بەرمەکی نەبوایە, ئەوان, هارون, کە بەمەرامی کوژاندنەوەی پشێوی ونارەزایەتی هاتبووە خوراسان, ئێستا ڕەوانەی گۆڕستانی ((کازمیە)) کردبوو. ئەم ڕووبەڕوو بوونەوەیە بە توندی زەندەقی خەلیفەی بردبوو, لەبەرئەوە خۆی نەخۆش خستبوو. ولەنێو خەلکدا خۆی بەدەرنەدەخست. ئەو وای بیردەکردەوە کە ((ئەم ئێرانییە بێباکانە دوێنێ بەنی ئومەییەیان لەسەر تەختی خەلافەت هێنایە خوارێ, ئەمڕۆش دەتوانن حسابی بەنی عەباس یەکلابکەنەوە!))

ئێستا لە خوراسان ناوی هارون لە خوتبە نەدەخوێندرایەوە و لە جێگای ئەو بەناوی مەئمون — کە لەلایەنی دایکییەوە ئێرانی بوو - خوتبە دەخوێندرایەوە ((ئێمە گوێڕایەڵی تەنیا لە مەئمون دەکەین! تەختی خەلافەت, شایانی ئەوە! خوا تەمەنی هەزار ساڵە بە مەئمونی داناو هوشیار کەرەم بکا!)).

هارون جارە های جار بە گوێی خۆی ئەم قسانەی گوێ لێبوو بوو. زبێدە و خەیزەران, هاوسەر و دایکی خەلیفەش لەم هەقیقەتە ئاگادار بوون, هەر بۆیە ئەوپەڕی جێی خۆی بوو کە شێرەمێیەکانی کۆشکی زێڕین چاویان بەرایی نەدەدا جەعفەر وەزیری گەورە ببینن: ((هەر ئاژاوەیەك لە ئێران ڕوودەدا, لە ژێر سێبەری ئەم ئێرانییە فیتنە گێڕە دایە! جەعفەر دەیەوێ بەم ئاژاوانە خەلیفە بتۆقێنێ و هـــــەموو شتێك بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە, بەلاّم ئێمە هێشتا نەمردووین!)).



هارون ڕەشید گەڕابۆوە بۆ بەغدا, بەلاّم ئەو ترسەی لە خوراسان دیتبووی , هێشتا قورگی ئەوی لە نێو چنچڕوکاندا ڕاگرتبوو.

هەواڵی پاشەکشێی خەزەرەکان, لە شوێنی شپرزە بوونی ئەو, ببوە مایەی شادی و حەپەسانی. گشت چراکان داگیرسابوون. لە کۆشکی زێڕین میوانداریيەکی گەورە بەرپا بو بوو.

خەیزەران خاتون, ئەو ژنەی کە لەتەگبیرکردندا وەك ڕێوی فێڵباز و لە بڕیاڕداندا وەك شمشێری بڕندە وابوو, لە هەوڵی ئەوەدا بو تەخت و تاجی کوڕە خۆشگوزەرانەکەی بپارێزێ. چرچ و لۆچی هەنیە و نێوان دوو برۆکانی, سیمای بەرەو دوای سیاسەتی دەزگا بوو بەم ئەلیف و بێیە بوو کە فەرمانی ترسناك دەنوسرانەوە. کەس نەیدەزانی کە ئەم فەرمانە بۆ ناوی کێ قەڵەم کێش دەکرێ و ئەو کەسە دەخەنە سەر کۆلکەی مەسروری جەلادەوە!

چەند ڕۆژێك بوو زبێدە خاتون چوو بووە مەکە. ئەگەر بیزانیبایە کە جەعفەر یش دەچێتە مەکە. لە نیوەی ڕێگا دەگەڕایەوە بۆ بەغدا. هەواڵ گەیشبووە بەغدا ئەو کارێز هەڵکەنانەی کە ئاویان بۆ مەکە ڕادەکێشا, بە هۆی نەبوونی پارەوە کارەکەیان بە نیوە چڵی بە جێ هێشتووە. زبێدە خاتون بۆ ئەوەی لە نێو مسوڵمانان و حاجیانی ماڵی خوا بە چاکە کاری ناوبانگی بڕوا, لە هەڵکەندنی کارێز و ڕاکێشانی ئاو بۆمەکە ببوە پێشەنگ و ئێستا بەرەو مەکە دەچوو تا کاری ئاو ڕاکێشان ڕێك و پێك بکا. ئەو شەڕ و شۆڕانەی کە لە بز و ئازەربایجان ڕووی دەدا, کاریگەری لە سەر بودجەی سەرچاوەکە دادەنا. ئیتر لە هەرێمی بیشکین و میمەد , بۆ کارمەندانی ئابڕوو چووی خەلیفە ((کەس گوی بەکلاّویان نەدەپێوا)).

خورەمیانی شۆڕشگێر هەر ڕۆژەی سەری چەند باجگرێکی خەلیفەیان لە لەشیان جیادەکردەوە. زبێدە خاتون لەوە دەترسا کە ویلایەتەکانی شێروان و ئارانیش لە دەست دەربچێ. سیاسەت وای پێویست دەکرد کە لەگەڵ خوڕەمیاندا بە نەرم و نیانی و پارێزەوە ڕەفتار بکرێ. پاش هێرشەکەی تورکانی خەزەر, هەم توڕەیی و هەم ئازایەتی خەڵك لە بەرامبەر خەلیفەدا تاوی سەند بوو.

جار هەیە سامان و جوانی دەبێتە مایەی ڕۆژی ڕەش. ئاوەدانی و بەرەکەتی ئازەربایجانیش هەروا لەدێرزەمانەوە چاوی تەماعکاری سوڵتان و پاشایانی ئەبلەق دەکرد و بۆ بە دەست هێنانی ئەم بەرنامە زێڕ بەخشە دەستیان بۆ جۆرەها لەشکرکێشی و ئاگر هەڵایساندن دەبرد و دووکەڵ و ژیلەمۆکەی بەردەوام دەچوونێو چاوی خەڵکەکەی خۆیەوە.

هارونە ڕەشید لە ڕۆژگاری لاوی دا هێشتا والی ئازەربایجان بوو, کە ئەم گەوهەرە بێ هاوتایەی پێشکەشی زبێدەی هاوسەری جوانی خۆی کرد بوو و ئێستا تەواوی داهاتی ئازەربایجان دەرژایە ناو خەزێنەی زبێدەوە.

زبێدە خاتون لەوە دەترسا کە خوڕەمیان, بە هاودەستی و کەڵەکبازی وەزیری گەورە - جەعفەر - دیارییەکەی لە چنگ بێننە دەرێ.

لەدەستچوونی ئەم سەر زەوینە, بە خەڵکی هوشیار و قارەمان وسامان و بەرەکەتی بێ سنورییەوە, بە زیانێکی لە قەرەبوز کردن نەهاتوو بۆ بەغدا دەژمێردرا.

شەو و ڕۆژیخەلیفە لە ناو تۆفان و وەحشەت و ئاگری تووڕەیی و کینەدا تێدەپەڕی. وەحشەت لەو لەرزەیەی کە کەوتبووە نێو پەیکەری حکوومەتەوە, بەڵام کینە لە چ کەسێك؟ لە خوڕەمیان, لە خەزەرەکان, لەبێزانتە.... یان لە جەعفەر؟

هارون بوغزێکی وشتر ئاسای هەبوو, بەڵام لەسەر خۆ و ئاگری بن کا بوو کینەی خۆی تا ئەو ساتەی کە چزووی خۆی پێدا بکا و ژەهرەکەی تێبکا, دەرنەدەخست. لە دەرکردنی فەرمانی سزادانیشدا, پێی وا بوو کە((فەرمانڕەوا لە کاتی دەرکردنی فەرمانی کوشتندا دەبێ بە تەواوی بەسەر خۆیدا زاڵبێ)) کاتیك حوکمی لە سێدارەدانی دەردەکرد, هێشتا ئیمزاکەی لە نیوەدا بوو کە دەستی دەکێشایەوە, بیری دەکردەوە, پاشان ئیمزاکەی تەواو دەکرد.

بە ڕوانینی زبێدە, لەو ساتەدا, کەسێك کە لە هەمووان زیاتر موستە هەقی مردن بوو, دوژمنی ژمارەیەکیخەلافەت - جەعفەری بەرمەکی - بوو بەس. بـــەڵام هارون بە کێشانەو پێوانەکارییەوە دەجووڵایەوە و لە پەنهانیدا نەخشەی دەکێشا. ئەو, بۆ ئەوەی ملی جەعفەر , بخاتە نێو ئەڵقەی کەمەندی خۆیەوە, زیاتر لە جاران ڕووی خۆشی دەدایە, ئەو نێچیری خۆی وەکو تیمساح ئەفسونکێش دەکرد.

بە بەر قەرار بوونی ئارامییەکی ڕێژەیی لە میسر و ئەندەلوس, کە بە نائارام ترین ویلایەتەکانی قەڵەمڕەوی خەلافەت دەژمێردران, ئێستا کۆتەڵی ئەسپ سوار کە بەسەر ((قوبەت ئەل خەزرا)) ەوە ڕاوەستابوو, سەرەنێزەی خۆی بە تەواوی ڕوو بە ئازەربایجان نیشان دەگرت. خەلیفە بە تەمای ئەوەبوو کە حسێبی خۆی لەگەڵ دوژمنانیدا کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەو سەر زەوینەدا سەنگەریان گرتبوو, یەکلا بکاتەوە. ئەو, دژمنانی ناوخۆی لە دژمنانی دەرەکی بە مەترسیدارتر دەگرت و ڕاســـــتییەکەشی هەر ئاوا بوو. دوژمنانی دەرەکی هێشتا ئازایەتی دارلەبەر ئاونانیان لەگەڵ ئەودا نەبوو.



خەزەرەکان پاش پاشەکشێ کردن, ئێستا بە مەترسی نە دەژمێردران. سنوورەکانی چین وهیندستان ئارام بوون. ڕێگاکانی بازرگانی دووبارە کرابوونەوە و ژمارەی کاروانەکانی کە لە قەڵەمڕەوی خەلافەتدا لە هات و چۆدابوون, ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە زیادی بوون. لەو ناوەدا تەنیا سنوورەکانی بێزانتە بوو کە لە ڕوانینی بازرگانانەوە نا ئارام دەهاتنە بەر چاو. نیکفوری یەکەم کە پاش ئیرنە هاتبووە سەر تەختی ئیمپراتۆری, بە تەمای ئەوە بوو کە لە بەرامبەر بەغدا هێزی خۆی پێشانبدا. هارون ڕایگەیاندبوو کە ئەگەر ڕۆمییەکان لە جێگای خۆیان دانەنیشن, ناوی ڕۆم لە ڕووپەڕی ڕۆژگاردا دەسڕمەوە و ئەوێ دەکەمە پاژێکی قەڵەمڕەوی خەلافەت. ئەم هەڕەشەیە نیکفوری لە جێگای خۆی دانیشاندبوو و ئەو, وای بە بەرژەوەند زانی بوو کە پێی خۆی لە سنووری خۆی بەولاوەترەوە نەنێ تا هەلێکی گونجاوی دەست دەکەوێ. ئەگەر خوڕەمیان لە قەڵای بز دەستیان دەدایە شۆڕش, ئەوا ئەو هەلە گونجاوە دەهاتە پێش, ئیمپراتۆر باش دەیزانی کە ئەگەر بڕیار بێ نەفەریك پایەی تەختی خەلافەت لە ژێر پێی هارون بێنێتە لەرزە, جگە لە جاویدان سەرکردەی خوڕەمیان, کەسێکی دیکە نییە . ئەمەش بێ بەڵگە نەبوو کە خەلیفە لە جاویدان زیاتر دەترسا وەك لە نیکفور. نیکـــــفور حسابی ئەوەی دەکرد کە ئەگەر بتوانێ کۆمەك بۆ خوڕەمیانی شۆڕشگێڕ ڕەوان بکا, خەلیفە ناچار دەبێ لەشکری سوریا کە لە سنووری بێزانتە دامەزراوە, بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی خوڕەمیان ڕەوانە بکاو ئەوە هەمان هەلی گونجاو دەبێ کە ئەودەتوانێ تا بەغدا پێشڕەوی بکا!

بەڵام ماوەی زۆری ئەندەلوس لە پایتەختی خەلافەت, بە حوکمی دووری, زاتی نابوە بەر والی ئەندەلوس کە لە هارون زیاتر بە لە خۆبایی بوونەوە ڕەفتار بکاو تەنانەت قورتوبەی پایتەختی خۆی, بە ڕکابەری بەغدا لەقەڵەمبدا. هارون بیری دەکردەوە چۆن ئەم دەستەبژاردەیەی خۆی, لە جێگای خۆی دابنیشێنێ. کاتیك کە شارلمان هەڕەشەی لە ئەندەلوس کرد, کۆشکی زێرین لەشادیدا نقووم بوو. هەلیك بوو چاوەڕوان نەکراو و خەلیفە بە هەڵەداوان باڵوێزی نارده فەرەنسا کە بەرواڵەت مەبەستی دامەزراندنی دۆستایەتی بوو, بەڵام لە بنەڕەتدا مەرامی هاندانی شارلمان بوو بۆ سەرکوتکردنی فەرمانڕەوای ئەندەلوس. شارلمان بە گەرمی پێشوازی لە باڵوێزی بەغدا کرد و بۆ پێشاندانی ئەو پەڕی حورمەت و دۆستایەتی, کاتژمێرێکی ئاوی سەرنجڕاکێشی بە دیاری بۆ خەلیفە نارد وێڕای ئەوەش کە لێرە و لەوێ نارەحەتی وە بەرچاو دەکەوتن, بەڵام هارون ئاسمانی خەلافەتی لە هەوری تاریك و تۆفان بە سافی دەدیت. بەسەر بەرزاییەکانی بەنداوی ئەسکەندەر هەمدیسانەوە بەیداخی ڕەش

دەشەکانەوە. بۆ پشتگیری لە هێرش و پەلامارەکانی خەزەرەکان, سوپایەکی بەهێز لە باکووردا بنەجێ بوو بوو. بەڵام پاش کوشتنی یەزید ((والی ئازەربایجان)) فەرمانڕەوایەك کە لە ڕووی لێهاتووییەوە خەلیفە دڵخۆش بکا, پەیدا نەبوو بوو. ئازەربایجان و هەڵبژاردنی والی بۆ ئەوێ ئەهمیەتێکی ئەوەندەی هەبوو کە جار هەبوو وا بە بیری هاروندا دەگوزەرا کە بەغدا بە یەکێك لە کوڕەکانی بسپێرێ و خۆی بچێتە ئازەربایجان. ئەوبەردەوام وەسیەتی باوکی ((مەهدی)) لەبیر بوو: ((کوڕم لە بیرت نەچێ ئازەربایجان ئەژنۆی دانەداوە, مادام دەستت بەسەر ئەو کارە گرنگە ڕانەگەیشتووە چاوەڕێی ئارامی تەواو لە قەڵەمڕەوی خەلافەتدا مەکە!)).

لە ترسی خوڕەمیان بوو کە خەلیفە بەردەوام تێدەکۆشا ژمارەی دۆستەکانی لە ناوەوە و لە دەرەوە زیاد بکا. و بە پێی بیر و بەرژەوەند زانینی دایکی, فەرمانێکی ناوەڕۆك بەتاڵ و عەوام خەڵەتێنانەی دەرکردبوو کە: ((لە وەرگرتنی باجدا نابێ ئازار و زۆرە ملێی تێدا بەکار ببرێ!)) قسەگەلێکیشی بەم ناوەرۆکە ڕاگەیاندبوو کە: ((گەشەپێدان و پارێزگاری لە ئایین وەزیفەی پیاوانی ئایینییە و حکوومەتیش کاری من!)) شێخی ئەعزەم هەر چەندە لە خەلیفە ناڕازی بوو, بەڵام پێویستی بەم قسانە هەبوو, چونکە بێ پشتیوانییەکی ئاوا نەیدەتوانی داوا لە وتار خوێنان بکا لە مزگەوتەکاندا وتار بەناوی هارونەوە بخوێننەوە. پاش ئەمە بوو کە وتار خوێنانی خەڵك خەڵەتێن ئەم بەیانانەیان بە نیشانەیەکی خوا پەرستی و ئاین پەروەری هارون لە قەڵەم داو وشەی ((هەقیقەت پەرست)) یشیان بۆ سەر ناوی ((ئەمیرول موئمنین)) زیادکرد. ئەوانە لە هەموو جێیەك فتوایان دەدا کە: خەلیفەی پێغەمبەر, پارێزەری هەق و عەدالەتە. نەوەکانی داهاتوو, ئیرەیی بەوانە دەبەن کە لەم سەردەمە زێرینەدا دەژین. یەزدانی گەورە تەمەنی هەتا هەتاییبە خەلیفەی دڵاواو ئازای ئێمە ببەخشێ.

کۆشکی زێڕین کە سیوسیوەی دەرگاکانی لەسەر کەڵەکبازی و دژە خەلکی دەسووڕا, بەم شێوازە خەڵك خەڵەتێنانە, ناڕەزایەتی خەڵکیان - هەر چەندە سەرزارەکی و گوزەرا - ئارام کردبۆوە تەنیا دوو خاڵ مابوون کە خەوی شیرینی کۆشکیان پەرێشان دەکرد: جەعفەری وەزیر لە ناو بەغدا و ئازەربایجانیش لەو پەڕیبەغدا. هەر پەیکێك لە لایەن ئەبو عومرانەوە دەهات, کوتەکێك بوو بۆ سەر سەری هارون: ((ئەمیرول موئمنین بزانێ کە هەمدیسانەوە خوڕەمیانی لەخوا بێ خەبەر, شمشێریان لە کالان دەرکێشاوە....))

خەلیفە دوو دڵ بوو ئایا سەرەتا کاری جەعفەر ببینێ یان بز و جاودیدان!



((کوڕم! کرم لە ناخی درەختدا کاری خۆی دەکا و (دار پوازی لە خۆیەتی) خەیزەران, سەرنجی هارونی بۆ سەر جەعفەر وەردەگێڕا, بەڵام یەکلاکردنەوەی کاری جەعفەر بەو ئاسانییە لە تواناداا نەبوو؟!

فەرمانڕەوایانی ویلایەتەکانی ڕۆژ هەڵات زیاتر ژێر فەرمانییان بۆ جەعفەر دەکرد تا خودی خەلیفە. جەعفەر سیاسەت و تەگبیرکردنی لەگەڵ بەخشندەیی و خەڵات بەخشیندا تیکەڵکردبوو. حسابی سامانەکانی لە سنووری ژماردن تێپەری کردبوو وئەو, زێر لە ترازووی دا بوو و هێزیش لە بازووانیدا و چەند دلێکی یەکجار زۆری بە کەمەندی چاکەکاری ڕاو کردبوو. ئەو هەموو ساڵێك بەشێك لە داهاتی خۆی بە هەتیوان و دەستکورتان دەبەخشی. لە قەڵەمڕەوی خەلافەت دا هەمووان ئەویان بە ((حاتەم)) ناو دەبرد. دەربارییەکان ((پیاوانی زێڕ و زیو)) تیدەکۆشان لە ئاکار و ڕەفتاردا, تەنانەت لە جل و بەرگ پۆشین و ئارایشکردنی سەر و قژدا, خۆیان وەکو وەزیری گەورە دەربخەن. یەحیا بەرگدروو, بە هۆی ملی درێژ و بەرزی وەزیرەوە, یەخەی کراسی ئەوی کەمێك بەرزتر دەگرت, ماقووڵانی دەرباریش... یەخە بەرزیان دەپۆشی. جەعفەر لە کاتی قسەکردندانەریتی وا بوو کە دەستی بە یەخەی کراسەکەیدا دەهێنا, زۆرێك لە گەورەکانیش ئاوایان دەکرد!...

جەعفەر شایانی ئەم هەموو ڕەزامەندی و سەرنج ڕاکێشانە بوو, هەر بۆیە لەجێی خۆیدا بوو کە هارون بە ئەندازەی جاویدان, یان تەنانەت لەویش زیاتر, لە جەعفەر هەراسان بێ و بەدڵێکی پڕاو پڕ لە تووڕەیی و ئیرەییەوە بە دووی هەلێکی گونجاودا بگەڕێ.

## (٦)

## سێـــوی ســـوور و ((دۆســـتایـــەتی))هـــارون

*لە دەریایەکەوە کە تۆفانی*
*زوڵم هەڵدەکا, هەڵمی*
*تۆڵە سەندنەوە هەڵدەستێ.*
*(پەندێکی هندی)*

جەعفەر وەزیری گەورە تازە لە زیارەتی مەکە گەڕابۆوە. خەلیفە بە هەمان بۆنەوە و بۆ پێشاندانی خۆشەویستی بەرامبەر وەزیری خۆی, لە ژێر درەختی زێڕیندا داوەتێکی شکۆمەندی سازدا بوو. سەماکاران, گـــۆرانی بێژان و لیبۆکان هونەرنماییان دەکرد... لە کۆتایی داوەتەکە، خەلیفە, وەزیری بۆ باخی دەربار داوەت کرد و کوتی:

- برام! نازانی دووری تۆ بۆ من چ کارێکی سەختە و چەند دڵم بۆت دەگوشرا. دڵم دەخوازێ بۆ قەرەبو کردنەوەی ئەم ماوەی دووریە سەعاتێك بەیەکەوە دابنیشین و دەردی دڵ بۆ یەك باس بکەین:

جەعفەر دەست لە سەر سنگ تەعزیمی کردو کوتی:

- مایەی شەرەف و شانازییە! لوتفی خواوەند هەمیشە بەسەر سەری ئەمیرول موئمنینەوە بێ.

خەلیفە لەدڵدا پیکەنی و دوو قۆڵی لە نێو باخدا دەستیان بە گەڕان کرد. هارون لە هاونشینی خۆی ((ئەبو نەواسی شاعیر)) دڵی ڕەنجا بوو:



- پاش ئەوەی برامان بەرەو مەکە کەوتە ڕێ, ئەبو نەواس دووبارە لە میسرەوە هاتەوە لامان, دەمانزانی کە خۆشگوزەرانی و خۆشییەکانی ناوکۆشکی زێڕینی هەرگیز لە هیچ جێگایەکی دیکە دەستناکەوێ, ئێمەش, لە ســـزای ئەم هەق نەناسییە, گوێمان باداو خستمانە زیندانەوە.

وەزیر - بە حەپەسانەوە - کوتی:

- گومان لەوەدا نییە کە دڵاوایی ئەمیرول موئمنین لە کەمتەرخەمی شاعیر زیاترە.

- بەڵێ, بەڵام شاعیر دەستی لە بێباکی و سەرە ڕۆیی هەڵنەدەگرت. ئەو زیاتر لەوەی کە قارەمانێتییەکانی سەردارەکانم, راوێژەکانی وەزیری ژیری من, کاروان بە دوا کاروانی وشترانی زەنگوڵەداری من, وەسفبکا, لەنێو کەوانی ئەبرۆکان و گۆشەی چاوەکانی ((جنان)) کە نیزەی خۆیدا گیرۆدە بوو.

ئەمیرول موئمنین باش دەزانێ کە شاعیران جگە لە دڵێکی ئەویندار و هەوەسباز شتێکی دیکەیان نییە! ئایا بە بەرژەوەندی نازانن دڵی شکاو و ناسکی شاعیر بە دەستبهێنن؟!

خەلیفە دەستی لە سەر شانی وەزیر داناو کوتی:

- بۆچی... بۆچی... هەر بەو هۆیەوە بوو کە پاش ماوەیەکی کەم فەرمانماندا ئازادی بکەن. و ئەقڵی هاتبوەوە سەر خۆی و لە بەرامبەر بەخشندەییەکانی ئێمەدا شیعرێکی دانابوو:

ئاخ لەتەمی خراپ حاڵی بوون! لەم دیواری زیندانە
کە لە دەریای بێ سنووری بەخشندەیی و چاکەکاری بێ بەشیکردم!
چەند خۆشە فڕین لەم دەشتە پانە بەربەرەڵڵایە!

- ئەبو نەواس شاعیرێکی لێوەشاوەیە ئەی قیبلەی عالەم! ئەم قسە لەدڵەوە هاتوانەی شایەتی ئیرادەی ئەوە. کاتێك کە قەرەنفڵ - دڵبەرە جوانەکەی خەلیفە - شیعرەکانی ئەو لەبەر خۆیەوە دەڵێتەوە, بولبولان بێدەنگ دەبن.

خەلیفە کە لەم ڕەوانبێژییە خۆشحاڵ بوو کوتی:

- کێ هەیە نکۆڵی لەم هەقیقەتە بکا؟ ئەبو نەواس بەڕاستی شاعیرێکی گەورەیە...

- وەك ئەمیرول موئمنین دەڵێ ئاوایە و کێ هەیە لە دڵاوایی و گەورەییدا لەگەڵ خەلیفەی ئیسلام ڕکابەری بکا؟

هارون لە دڵی خۆیدا بە وەزیری پیکەنی و بە خۆی کوت ((هەی ڕێوی فێڵباز!)) وڕووی کردە جەعفەر:

- شاعیر دوای ئازاد بوونی لە زیندان, بەسەرهاتی سەرکەوتنی ئێمەی بەسەر نیکفور دا هۆنیوەتەوە ئایا گوێت لێ نەبووە؟

- بیستوومە قیبلەی عالەم! ئەویشیان یەکێکە لە هۆنراوە بێ هاوتاکانی ئەو. ئەبو نەواس لەم چامەیەدا جەنگی ئەمیرول موئمنین لەگەڵ ئیمپراتۆردا بە دڵسۆزییەکی تایبەتی وەسفکردوە و ئازایەتی حەزرەتی خەلیفەی بە شێوەیەکی ستایش ئامێز وێناکردووە. ئێوە ڕۆمتان ناچار کرد کە ببنە باجدەری بەغدا. چ کەسێك توانای هەیە نکوڵی لەمە بکا.

لەو دەمەدا وەزیر و خەلیفە گەیشتبوونە لێواری ئەستێرکی مەڕمەڕین.

خۆشەویستی ومتمانەی هارون بە جەعفەر, ئەوڕۆژانە لە ناو دەرباردا, مایەی سەرسوڕمان بوو. تەنانەت زبێدە خاتونیش نەیدەتوانی ئەم ڕەفتارە سەیرەی مێردەکەی تێبگا.ئەو, وا دەهاتە بەر چاوی کە مێردەکەی ئیدی متمانەی بەو نەماوە و تەواوی قسەکانی ئەو لە بارەی جەعفەرەوە, بە مشتێك هەڵبەستراو و بوختان وەرگرتووە. شاژنی گەورە بیری دەکردەوەکە جێنشینیش نە بۆ کوڕەکەی ئەو, ئەمین, بەڵکو بۆ مەئمون دەبێ. تەنانەت وای دەبینی کە هارون لەو قسە هاندەرانەی کە جەعفەر لەمەکە بە بناگوێی شیعەکانیدا هەڵخوێندبوو, ئاگادار نییە. زبێدە خاتون ئانێك کە لە مەکە بە سەر کاری سەرچاوە ڕاکێشان ڕادەگەیشت, جم و جۆڵی جەعفەریشی لەبەر چاو بوو. ئەو, تەواوی ئەو ڕوداوانەی بە شاخ و باڵ و زیادەکارییەوە, بە بناگوێ هارون گەیاند بوو و کاتیك بینی کە خەلیفە لە نێو باخدا لەگەڵ وەزیر پیاسە دەکەن و بە یەکەوە گوڵ دەڵێن و گوڵ دەبیستن, بوغز و کینە لە گیانیدا دەکولا و بەو ناڕەحەتییەوە بوو کە دەرگای ژوورەکەی بە ڕووی ئەوانیتردا داخست و خۆی دایە دەست وەسوسەو دڵتەنگی.

((... من وەزیر باش دەناسم, ئەو بەو زمان لووسی و فێڵبازییەی خۆیەوە, ماریش ڕام دەکا...))

زبێــــدە پەردەی سەوزی ئاوریشمینی پەنجەرەی ژوورەکە کە بەسەر باخدا دەکرایەوە, بە هێواشی لادا:

((دەك ئەو چاوانەم کوێراییان دابێ! چی دەبینم؟ چەند گەرم و میهرەبان! کچی باوکی خۆم نیم ئەگەر ئەو ملە درێژەی بە تیغی شمشێری مەسرور نەسپێرم. بەڵام یەکەمجار دەبێ ئەو چاوە ڕەشانەی کە لە ئازەربایجانی بڕیوە, هەڵکوڵمو پاشان وەکو (کەری لغاو کردوو) بیبەستمەوە تا دڵم فێنك ببێتەوە.)) زبێدە دەستی لە سەر دڵە بەجۆش هاتووەکەی دانا, چاوی لە لێواری ئەستێرکی مەڕمەڕین هەڵنەدەگرت. ئێستا خەلیفە و جەعفەری بە ڕوونی دەدی و تەنانەت



دەیتوانی دەم و چاوی ئێسقاناوی خەلیفە لە ناوئاوێنەی ئاوی ئەستێرکەکەدا ببینێ. کاتێك ســــــروەیەکی نەرم بەسەر ڕووی ئاوەکەدا هەڵیدەکرد, وێنەکان دەشلەژان و خەلیفە و وەزیر تێکەڵ بە یەك دەبوون. جێگای زامێك کە بەسەر ئەبرۆی خەلیفەوە بوو. لەبەر چاو وون دەبو و تەنانەت روخساریشی بۆ زبێدە نا ئاشنا خۆی دەنواند.

خەلیفە, جەعفەری لە ژێر بریسکەی نیگای خۆیدا گرتبوو و کاتێك کە جەعفەریش تەماشای ئەوی دەکرد, لە تێك هەڵنکوتنی نیگاکانیان - دەکوت - پشکۆ هەڵدەرژان. هەم جەعفەر و هەم خەلیفە لەم بریسکانە دەترسان و لە تێکگیرانی نیگاکانیان خۆیان دەبوارد. وەزیر ترسناکی هەل و مەرجەکانی بە تەواوی هەستپێدەکرد. ئەو لە ئاکامی کار هەراسان بوو. لە دڵدا دەیکوت ((ئەی خوای گەورە, من لە غەزەبی هارون لە پەنای خۆتەوە بگرە!))

شتێکی وای بۆ نوێژی ئێوارە نەما بوو. ساجی زێڕینی خۆر لە ئاسۆگەدا بە کۆمەڵە هەورێکی سووری خوێنین داگەڕابوو و ڕوناکی دوایی ڕۆژ وەکو کلافەیەکی زێڕ یان وەك کەزیە سپییەکانی پیرەژنان لە خەنەییەوە بەرەو زێڕین دادەگەڕا. باخی خەلیفە باخی ئیرەمی دێنایە بیر کە شەداد بە ناونیشانی بەهەشتی سەر زەوی دروستیکردبوو. باخەوانی پیر چی زەوق و شارەزایی خۆی هەبوو لەم باخەدا بە کاری هێنابو. لە لابەلای تاتە بەردە لووسەکانەوە بەریز دڵۆپە ئاوی زولاڵ هەروەکو دەنکە ئاوی شەونم و مرواری چکەی دەکردە خوارەوە. ئاویك کە لە دەمی شێرە زێڕینەکانەوە دەهاتە دەرێ, بەسەر ڕووی کوتەڵێکی هەڵۆدا دەڕژا کە باڵەکانی خۆی بە پانایی حەوت گەز لێك بڵاوکردبوونەوە. تا چاو حوکمی دەکرد, گوڵ بوو و سەوزرایی بوو, و گوێچکەی مرۆڤ پڕاو پڕ لە بیستنی ئاوازی باڵندە و هاژەی ئاوپژێنان دەبوو. ئەو باڵندە باڵ ڕەنگینە خۆش ئاوازانە - کە هەر کامیان دیاری وڵاتێك بوون - تەگبیری وەزیری گەورەیان لەم باخەدا وەك یادگار هێشتبۆوە. بە پێشنیاری وەزیر لە بەرزایی باخدا تۆڕێکی زێڕینییان بەستبوو تا هەموو ئاواز و هەڵفڕینی ئەم میوانە باڵ تیژ و خۆش ڕەوانە تایبەت بە خەلیفە و ژنەکانی و دڵبەرەکانی بێ. خەلیفە بە تکاوە لە ژێر لیوەکانییەوە سرتە سرتی بوو: ((خۆزگە ئەم شەیتانە, ئەقڵی خۆی لە دەس نەدەداو هەر ئاوا ئەمەگ دارم دەمایەوە!))...

تیشکە زێڕینەکانی هەتاو هەروا لە لابەلای ئاپۆڕای لقەکان و درەختــــەکانەوە بە نێو چاوی تەماشاکارەوە ڕۆ دەچوون. خەلیفە چاوەکانی بە پڕایی ئەم تیشکانە بە کراوەیی هێلابوونەوە, لە ناکاو چاوی بە لقێك کەوت کە یەك جووت سێوی پێوە هەڵواسرابوون, دوو سێوی گەورە, کە ڕوویەکی هەر کامیان زەرد و سەوز, و ڕویەکی تری سووری هەناری بوو!

خەلیفە وە دڵە خورپە کەوت. بێگومان تامیشیان هەروەکو ڕەنگیان دووانەیە, ترش و شیرین, ئەی دەبێ بۆنیان چۆن بێ؟! و هەمووئەمە, بۆ خۆشی, هەلێکی باش بوو بۆ تاقیکردنەوەی وەزیر! با, کە لقی درەختە میوەدارەکەی دەشەکاندەوە, دەتکوت دوو ئەویندارن لە باوەشی یەکتردا سەمای خۆشەویستی دەکەن و چرپەی خۆشەویستی بە گوێی یەکتریدا دەخوێنن یان دوو ساوای جمگ, سوورو سپی, نەرم و ئارام, جۆلانەیان دەکرد.

خەلیفە لە نێو کاری نەخشەی تاقیکردنەوەدا خامۆش بوو وەزیریش لە بیر و ئەندێشەی لە داو ڕزگاربوون ((هەر دەڵێی بە ئەسپایی دەخزێمە ناوزاری ئەژدیهاوە, نەکا وردەکاری و دوور بینی خۆم لە دەستبدەم مرۆڤی خاوەن باوەڕ دووجار لە کونێکدا پێوەی نادرێ!)) با, ڕیشی جەعفەری پەرێشان دەکرد. ((ئاه! ناکا چارەنووسیشم ئاوا پەرێشان ببێ!))

لەبەرسەنگینی خامۆشی وڕاڕایی بوو یان لەبەر ملکەچی کە لە بەرامبەر خەلیفەدا نیشانیدەدا, بالآی بەرزی وەزیر کەمێك چەماوە دەهاتە بەر چاو. ئەوانەی حەز دەکەن کەسانی تر لە بەرامبەر خۆیاندا بشکێنن, لە کاتی خۆیـــــــــدا, لە چەمانەوە و شکانەوەی خۆیان سڵەمینەوەیان نییە.

ئەمە چ گیانێکە لە بەرامبەر فەرمانڕەوایەکدا ڕابوەستێ کە لە دڵەوە نەفرەتت لێ هەبێ و چ لێهاتوویییەك دەخوازێ تا بوارنەدەی لەو ئاگری نەفرەتە, بریسکەیەکیش بێتە دەرێ!

جەعفەر باش دەیزانی کە هەر قسەیەك بەجێی خۆی و هەر نوکتەیەك ڕێی خۆی هەیە. ئەو کە تەنانەت لە جێگای نا ڕەسمی دا پێی خۆی بەولاوەترەوە نەدەنا و ئەو لە یەحیای باوکیەوە کە ڕۆژگارێك وەزیری مەهدی بوو, ئاوا فێر بوو بوو. ئێستا نە تەنیا هەر لەڕەفتاردا بەڵکو لە کوتەکانیشیدا پێوانەکاری ووردبینی خـۆی لە دەس نەدەدا. وێڕای ئەوەش ئەو وای هەستدەکرد کە ئەمڕۆ لەم شێوە و یارییە هەمیشەییەی خۆیدا سەرکەوتن یاوەری نییە. دەتکوت دەستێکی نادیار پەردە لەسەر ڕەفتاری دوو ڕوویی لا دەدەن لەگەڵ ئەوەشدا کە بالآی وی لە بالآی خەلیفە بەرزتر بوو, ئێستا خۆی لەو بە کورت تر هەستپێدەکرد. هەستیدەکرد هەر ساتە ژێر پێی ئەو بەتاڵ تر دەبێت. ڕەفتاری نەرم و میهرەبانی خەلیفە, ئەوی زیاتر دوو دل دەکرد. ((لەو جێگایەدا کە ڕوبار بێ هاژەیەو و ئارامە, قووڵ ترو مەترسیدار ترە, کەس گیرۆدەی بەلآی ئاوا نەبێ!))

ماوەیەکی دوور بوو زبێدە,وەسوەسەی دەنایە نێو دڵی خەلیفە و دڕدۆنگی و بەدبینی ئەوی بەرامبەر بە جەعفەر پەرە پێدەدا.



چاوانی هەراسان و خۆپارێز و نیگا لیك هەلآتووەکان, جارێکی دیکە تێکگیرانەوە. خەلیفە هەوڵیدەدا بە تەواوی خۆی بە سروشتی و ئاسایی پیشانبدا بەلآم لە چاوەکانیدا بریسکەی شمشێری مەسرور بەدی دەکرا. لە ناو ئەستێرکەکەدا سەگە ماسییەکی تێدا بوو, خەریك بووماسییە وردەکانی ڕاو دەنا. ماسیانی پوولەکە زیوین, لە ترسی لێواری دادانە تیژەکانی دوور دەکەوتنەوە و دووبارە خۆیان لە ژێر ئاوپرژێنەکە دەشۆردەوە ویارییان دەکرد و جار جارخۆیان بۆدەرەوە فڕێدەدا.

خەلیفە لەدڵدا کوتی: (بێچووی ئەم سەگە ماسییە دەبێ بکوژرێ ئەگەر نا...))

ئینجا لە حاڵێکدا کە یاری بە تەزبێحە گەورەکەی دەکرد, کەمێك بە توڕەییەوە کوتی:

- وەزیر! چاوت لێیە ئەو دڕندە بچووکە ئەو ماسـییانە چەند نارەحەت دەکا؟ هەر ئێستاکە خەریکە قەپ بەو ماسییە خاڵ وردەدا بکا!

- تەمەنی ئەمیرول موئمنین درێژ بێ! جا لێرەدا چ شتێکی سەرسام هێنەری تێدایە؟ عورفی ژیان ئاوایە.( وەزیر کۆکەیەکی بۆ کرد تاپەیڤێکی جوان بۆ ئەندێشەکەی خۆی بدۆزێتەوە):

- ماسیانی بچوك هەمیشە خۆراکی ماسیانی گەورەن لە ژیانی مرۆڤەکانیش دا ((زێڕەکان)), ((زیو)) ەکان و ((زیو)) ەکان ((ئاسن)) ەکان قووت دەدەن.

هارون وەك خۆشی هاتنێك, دەستی بەیەکدا داداو قاقایەکی کێشا:

- ئافەرین وەزیری ژیر! ڕاستییەکەی ئاوایە.

جەعفەر بە قەلآفەتێکی لە بیران ڕاچووەوە, بەدکاری پەیتا پەیتای سەگ ماسی و ترس و هەلآتنی ماسییە وردەکانی سەیردەکرد. بە هەر جولآنەوەیەکی سەگ ماسییە گەورەکە, ئاوێنەی ئاوەکە دەشلەقا و مێزەر و دەسکی شمشێری بریسکە داری ئەویش وەکو سیمای خەلیفە شەپۆلی دەدا و تێکیەوە داویشت. وەزیرێك کە هەرگا بیویستبایە سەرنجی خەلیفەی بۆ هەر بابەتێك ڕادەکێشا و لە کاتی حوکمی سێدارە کە خەلیفە لە ڕووی توڕەییەوە دەری کردبوو, قەڵەمی لێبوردنی پێدا دەهێنا, ئێستا هەستی بەبێ توانایی دەکرد. وای دەهاتە بەر چاو کە مێشك و زمانی لە ژێر فەرمانی ئەودا نین, بۆیە دڵی خۆی بەرەو خوا کردەوە: ((پەروەردگار)) ئەی ئەوەی کە لە چاك و خراپ ئاگاداری تۆ دەزانی من لە هەموو تەمەنی خۆم دا کارێکی دزێوم نەکردووە. تۆ دەزانیمن هەموو ساڵێك نیوەی دارایی خۆم بە دەست کورتان و هەژاران بەخشیوە, من لە قەپاڵی ئەو سەگە ماسییە توڕەیە ڕزگار بکە.ئەو سێ ژن و سەد و پەنجا

دڵبەر بە خۆی ڕەوا دەبینێ. بەڵام ژیانی بەمن و هاوسەرم تاڵ کردووە. ئەی ئەوەی کە هەر کارێك بە فەرمانی تۆ ڕەوانە. ئەی ئەوەی کە ئەڤین و هاوسەرێتی من و عەباسە بە خواستی تۆ بووە, ئەی ئەوەی کە دوو کوڕەکەم - حسێن و حەسەن - ت بە ئێمە بەخشی, من لە دوژمنایەتی بێ ئامانی ئەم پیاوە سەوداییە ڕزگار بکە! من دەزانم ئەو بەوەسوەسەی زبێدە پشتێنی بۆکوشتنی من لەکەمەر بەستووە....))

لەوکاتەدا لەبەر خۆیەوە بیریکردەوە:

((ئەگەر هەر ئێستا لێم بپرسێ کە لەگەڵ خوڕەمیانی شۆڕشگێڕدا لە بز چ کەین و بەینێکت هەیە؟ بڵێم چی؟ چۆن دەتوانم بڵێم من هێشتا ئاگروئاورگا بە پیرۆز دەزانم...))

کۆشك و باخی خەلیفە بە شێکی گەورەی لە شار داگرتبوو. لە پشت شوورەیەکی بەرز, دارخورماکان و درەختگەلی بەرزی سیدر دیوارێکی سەوز و بڵندیان پێکهێنابوو. لە نێوان ڕیزی درەختەکانەوە, کۆشکی نزم و بێ ئەژمار, وەکو سەدەف دەکەوتنە بەرچاو. هەر کام لەو سەدەفانە, ژنێکی جوانی وەك مرواری لە خۆگرتبوو. ئەم حەرامسەرایانە بە هۆی سەدان خواجەوە چاودێری دەکران, لەولاوە, مـــنارەکانی کۆشك سەریان بۆ ئاسمان بەرز ببۆوە. پاسەوانان نێزە بەدەست وەك پەیکەری بێگیان لەسەر شوورەکە ڕاوەستابوون. ئەو جێگایەکە خەلیفە و وەزیر گەڕان و کوت و بێژیان لێ دەکرد, لە چاوان دوور بوو. جگە لە چریکەی بولبولێك, دەنگێکی دیکە نەدەبیسترا, وەکو بڵێی هەموو باڵندەکان گوێیان بۆ ئەم ئاوازە هەڵخستبوو. ساتیك کە بولبول لە ئاواز خوێندن کەوت, چۆلەکەکان دەستیان بە جریوە جریو کرد.بایەك هەڵیکرد و سێوێك لە لقی درەختەکەوە کەوتە سەر زەوی. نیگای پڕ لە ئازی خەلیفە کەوتەوە سەر دوو سێوەکە. بە هەمان دەست کە تەزبیحی پێ دەگێڕا بەرەو لقی درەختەکە ئاماژەی کرد:

- برا! ئەم دوو سێوە دەبینی؟ ئەم سێوە گەورە و جوانانە, بە تایبەتی هی باخی کۆشکی زێڕینە. تۆوی ئەویان لە باخی ((سپی)) بەردەعەوە هێناوە. باخەوانی پیرمان باوەڕی وایە کە هاوتای ئەوە تەنانەت لە باخی پاشای هیندستانیش دەستناکەوێ.سێوی عاشقی! دەڵێن هەر کەسێك بیخوا عاشق دەبێ هەر چەندە کە پیری سەدساڵەش بێ! نازانم نوســـەرانی هەواڵەکانی پاشاکان و شانامەکان بۆچی ((سێوی عاشقی)) یان فەرامۆش کردووە؟ ناتەوێ ئەم دوو سێوە لێبکەینەوە؟ تەماشای بەرزی لقەکە مەکە,دەتوانی بچیە سەر شانی من و هەردووکیان لێبکەیەوە.



وەزیری گەورە لە ترسان یان لە حەپەساندا لە جێگای خۆی وشك بوو.نەیدەزانی لە وەڵامی خەلیفەدا بڵێ چی. ((پێ لە سەر شانی خەلیفە دابنێم؟... چۆن دەکرێ؟)) هارون لە حالێکدا هەردوو دەستەکانی پێکدادەهێنا, لە دار سێوەکـــە نزیك بۆوە. سەیری چوار دەوری خۆی کرد کەس چاوی لە وان نەبوو. جەعفەر هەر وا مات بوو بوو. خەلیفە پشتی بە قەدی درەختەکەوە داو کەمێك چەمایەوە:

- وەزیر! بۆ ڕاوەستاوی؟ یاڵڵا زوو بە. بچۆرە سەر شانم و سێوەکان لێبکەوە. بۆ شەڕابی ((قوتربل)) هیچ مەزەیەك لەو سێوە باشتر نییە.جەعفەر ئاوی ناو دەمی قوت دایەوە, دەتکوت کەسێك گەرووی ڕادەگوشێ. نە کاتی خۆ وە دوا خستن بوو نە جێگاش جیگای کار. ترسا خەلیفە توڕە ببێ. لە ناو بیری خۆیدا بە دوای گوزارشت و واژە گەلی بریقەداردا گەڕاو دەست لە ســەر سنگ ڕوویکردە خەلیفە کە هەروا پشتی چەماندبۆوە و کوتی:

- مەعازەڵا! خەلیفە لەسەر زەوی, وەکو خۆر لە ئاسمان وایە, من چۆن دەتوانم پێم لە سەر شانی خۆر دابنێم؟!

خەلیفە واینیشاندا کە دڵی ڕەنجاوە:

- برا, جەعفەر, بۆچی لەگەڵ ئێمەدا خۆمانە قسە ناکەی؟ ئەم گوزارشت و وەسفکارییە بۆ کاتێك گونجاوە کە باڵوێزانی بێ نرخی بیزانتەم بانگکردبێ. ئێرە باخەو ئێمەش پیاسە دەکەین. تەشریفاتی ڕەسمی واز لێ بێنە. وەرە سەرکەوە سەر شانم و ئەم دوو سێوە لێ بکەوە! بەڕاستی جەعفەر گیری خوارد بوو. ئەم دڵسۆزی و هەوەنتەکارییە بە چی لێکبداتەوە. ئایا کەڵەکیك لە کاردا نییە؟ چەمایەوە و بە هێواشی و بە دەربڕینێکی گاڵتە ئامێزەوە بە گوێی خەلیفەدا چرپاندی:

من لە سەر خۆری سەر ڕووی زەوی چ کارم هەیە؟ دەزانی ئەگەر لەو بەرزییەوە بکەومە خوارێ هیچم لێنامێنێتەوە؟!

خەلیفە دیسان کوتی:

- غەم مەخۆ. ((جوبرائیل)) ی حەکیم تەنانەت مردووش زیندوو دەکاتەوە. و بە ئاوازێکی گاڵتەوە کوتی:

- تەنانەت ئەگەر پێویست بێ باوکیشی = جەرجیس بەختیشوع = لە ناو گۆڕ دەردەهێنینەوە و دەیهێنینە ژوور سەرت!

- شانەکانی ئەمیرول موئمنین ئەوەندە بەرزە ئەگەر بـــکەومە خوارەوە هیچ دکتۆرێك چی لە دەست نایە.منی پیرەمێرد لەوە تێپەڕیوم بەسەر گومەزانەوە یاری گوێزانێ بکەم!

وەزیر دەیویست لە ڕێگای ئەم گوزارە بێژییانەوە خۆی لەم یارییە ترسناکە دەرباز بکا. بەلاّم خەلیفە ئاواز و قەلاّفەتێکی جیدی تری بەخۆوە گرت:

- ئیتر بیبڕەوە!

وەزیر دووبارە دەستی لەسەر سنگی داناو بە پاڕانەوەوە کوتی:

- خوا چاودێری خۆی لە سەر سەری خەلیفەی سەر زەوی هەلّنەگرێ. ملکەچی بۆ فەرمانی ئەمیرول موئمنین ((واجبیە)). بەلاّم من ترسم لەوە هەیە کە ئەم کارە بێ ئەدەبییە ببێتە مایەی پەشیمانی من. ئاخر ڕەوا نییە نۆکەر پێ لە سەر شانی خۆری خۆی دابنێ. هەر کەسێك لە سەر شانی خەلیفەوە بکەوێتە خوارێ, کەس زاتی ئەوە ناکا یاریدەی بدا . ئەگەر ئەمیرول موئمنین فەرمانی لەسەرە داوا لە باخەوان دەکەم تا پەیژە....

- سوبحانەللاّ!

ئەم قسەیە نیشانەی ئەوە بوو کە ئیتر قسە لە قسەی خەلیفەدا ناکرێ, مەگەر ئەوەی پێشتر لەگۆڕستانی کازمیە گۆڕی خۆی هەلّکەندبێ. وەزیری گەورە, دەتکوت تەختەیەکی ڕزیوە و کەوتۆتە ناو چالاّوێکی سامناکەوە, ئایا ئەو لەو هەلّدێرگەیە ڕێیەکی دەرباز بوونی هەبوو؟

جەعفەر لە دلّەوە, هێزی لە خواوەند دەخواست و وەکو دزێك, بە هەراسانی سەیری چوار دەوری خۆی کرد و بە نابە دلّییەوە پێلاّوەکانی لە پێی خۆی داناو, نەرم و بە ئەسپایی پێی لە سەر شانی خەلیفە = کە پشتی چەماندبۆوە = دانا... خەلیفە وردە وردە بەرزبۆوە, هێشتا جەعفەر دەستی نەگەیشتبووە لقی سێوەکان کە هارون بەژنی خۆی لیك کێشایەوە و پاژنەکانی خۆی بەرزکردەوە. وەزیر دەیویست سێوەکان لێبکاتەوە کە خەلیفە خۆی لە ژێر وەزیر هێنایە دەرەوە و جەعفەر کە لقیکی گرتبوو لە نێوان ئاسمان و زەویدا هەلّواسراو بە پاڕانەوەوە داوای یارمەتی لە خەلیفە کرد:

- ئەمیرول موئمنین! تکات لێدەکەم فەرمان بدەن با پەیژەیەك بهێنن!

- خەلیفە وەکومندالّێکی گالّتەباز, شادمان لەم بەزم و شیرین کارییە, دەستی پێکدا دەدا و لە پێکەنیندا شین ومۆر دەبۆوە: ((ئێستاکە دروست وەکومەیمونەکانت لێهاتووە!)) بە لەرینەوەی لقەکان, دوو سێوەکە بەر بوونەوە و کەوتنە سەر زەوی. بەلاّم بۆ خەلیفەی سەگباز و



کەلّەشێر باز, ئەو حالّەی وەزیری گەورە, یەکجار خۆشتر و گوشادبەخشتر بوو. ئەو وەکو مندالاّنی شەیتان هەلّبەز و دابەزی دەکرد و شادی دەنواند و دەستی لە گالّتە هەلّنەدەگرت:

- ها, برا, لەو سەرانە چ باسە؟!

- ئەی ئەمیرول موئمنین هەر کەسێك لە خۆر نزیك بێتەوە, لە خواوەند نزیك بۆتەوە. خواوەند.... جەعفەر دەستی لە لقەکە بەر بوو و کەوتە خوارەوە. مێزەرەکەی لە سەری پەڕی و لە سەر زەوی خولی دەخوارد.

خەلیفە هەلّیگرتەوە و تۆزی لێ داتەکاند, و هەروا بە پێکەنینەوە گەیشتە سەر سەری وەزیر. وەزیر هاتەوە سەر خۆی و بە چالاکییەوە لە سەر زەوی بەرز بۆوە. کەمێك ئازاری پێ گەیشتبوو بەلاّم نەیدەویست بێ توانایی‌لە خۆی پیشانبدا. پێلاّوەکانی لە پێکرد. سێوەکانی لە سەر زەوی هەلّگرتەوە و بە ئاو شۆردنیەوە و فەرمووی خەلیفەی کرد. خەلیفە یەکێکیانی بە دەستەوە گرت:

- بەه بەه... چ بۆنیکی هەیە ئینجا سێوی ئاوداری خستە بەر ددانی و لە هەمان حالّدا کوتی:

- بە ڕاستی زۆر پێکەنین! جێی خۆیەتی ئەبو نەواس ئەم پالّەوانێتییەی تۆ بە شیعربهۆنێتەوە. لەو بەرزییەوە کە تۆ کەوتویە خوارەوە, هەر کەسیکی دیکە بوایە, بانگی هەقی بە جێ هێنابوو. ئافەرین بۆ تۆ وەزیر!

- خواوەند خۆی پارێزەری کەسانێکە کە دلّێکی پاکیان هەیە.

پاشان سەیرێکی چاوە گالّتە ئامێزەکانی خەلیفەی کرد و درێژەی پێدا:

ئومێدەوارم پاکێتی باوەڕو بێگەردی خواستی من بۆ خەلیفە ساخ بوبێتەوە.

- ....

هارون قسەیەکی بۆ کوتن نەدۆزییەوە. وەزیری گەورە لە سەر ئەوە بوو کە لەم هەلە زۆرترین کەلّك وەربگرێ. لەم ڕووەوە کوتی:

- ئەمیرول موئمنین دەزانن کە هەر کەسێك بکەوێتە بەر لوتفی ئێوە, دوژمنانێکی زۆر ئیرەیی پێدەبەن.من یەقینم هەیە کە ئەگەر ئەمیرول موئمنین کاری گۆڕ هەلّکەندنیش بە خزمەتکاری خۆی بسپێرێ, دیسانەوە کەسانێك پەیدا دەبن کە ئیرەیم پێدەبەن.

زبێدە خاتون لە حالّێکدا کە لەو پێشهاتە بە دەوری خۆیدا خولی دەخوارد, هەستیکرد هەناسەی دەگیرێ. چی دیبوو؟ چی دەبینی؟ دەنگی خۆی گوێ لێبوو:

- کوا ئەو (سندووقەی ئەسراران کە حەوت قفڵی هەبێ)؟ کوا دەریای ئەو دڵەی کە ئەم ڕیسواییە ببیستێ و ڕازەکانی بپارێزێ؟ جەعفەری مل درێژ سواری شانی ئەمیرول موئمنین بووە! کوا...

لە ئیرەیی بوو یان لە بێ قەراری کە زبێدە دەستیکرد بەگریان.

- خەیزەران — دایکی مێردەکەی= کە گوێی لە ناڵە و گریانی ئەو بوو, بە نیگەرانییەوە خۆی گەیاندە ژورەکەی زبێدە و پرسی:

- بووکی جوانی من چیتە؟ چ بەدبەختییەك ڕویداوە؟

- بەدبەختی... بەدبەختی چی؟ ئەگەر ئەوەی من بینیم تۆ بتدیتبایە, دڵتان ڕادەوەستا. خەیزەران خاتون بە شپرزەییەوە لە پەنجەرە کراوەکە نزیککەوتەوە و بە توندی پەردە ئاوریشمینەکانی لادا زبێدە خۆی گەیاندە لای دایکی مێردەکەیو لە حاڵێکدا کە گەرووی بوغز گرتووی خۆی بە دەست دەشێلا کوتی:

- سەیرکەن ئەم شەیتانە سوورە چۆن دڵی لە خەلیفە ستاندووە؟ بەخوا ئیتر ئابڕووی عەباسیان نەما کوا مەنسور؟گیانم بە قوربانی هیمەتی بێ ئەبو موسلیمی بەو هەموو هێزو ئازایەتییەوە بە شێوەیەك لە ناوبرد کە نەیهێشت ئاو شلوێ ببێ. بەڵام ئەمڕۆ جێنشینی ئەو ئەوەندە کەوتۆتە ژێرکاریگەری جەعفەری بەرمەکی کە هەر دەڵێی غولامی ئەوە! لێوی موسڵمانان لەمەکە لە تینوێتیدا قەڵشیوە ئەگەر بارانێك نەبارێ کەس بە زیندوویی نامێنێ, چ زۆر لە حاجیانی تینوو بە حەســرەتی یەك قوم ئاون, وەك ماسی لە وشکانیدا دەست و پێ دەکوتن و ئەمری هەق بە جێ دێنن. جگە لە جەعفەر کێ یە لە کاری سەرچاوە ڕاکێشاندا ئەم هەموو پێشێلکارییە دەکا. لە ئازەربایجانەوە کە مارەیی منە دیناریك بە دەستم ناگا. کوڕەکەی تۆش لە حاڵێکدا کە ئاگای لە سەرتاپای هەموو ئەم دەهۆ و داوانە هەیە. نە هەر تەنیا دەستی لە کاروبارەکاندا کورت ناکا, بەڵکو بە ئەندازەی ئەوگوێ لە قسەی هیچ کەسێکی دیکە ڕاناگرێ...

- کچم دان بە خۆتدا بگرە!

بە خۆڕایی دڵی خۆت تەنگ مەکە, هێشتا من ماوم و ناهێڵم کاری ئاو ڕاکێشان بۆ مەکە بە نیوە چڵی بە جێ بمێنێ, ئەم کارە دەبێ بەئەنجامبگا. بنیادەم لە سەر ئەم زەوینە فانییە. بەڵام ناوی مرۆڤی خێر خواز وچاکە کار بە هۆی کارەکانیەوە بە زیندوویی دەمێنێ, بەڵام کوڕەکەی من هارون... من لە تۆباشتر ئەو دەناسم, ئەو بە هەنگوین باشتر خەڵك دەخنکێنێ



وەك لە ژەهر. یەقینم هەیە کە بەزوویی جەعفەر دەکاتە چێشتەی زیندەوەرەکانی بەین ئەل نەهرەین)).

ئەگەر ئەو دڵدانەوەی خەیزەران نەبوایە,زبێدە غەزەبی شێتانەی خۆی بە ژەهری کوشندە ئارام دەکردەوە, وێڕای ئەمەش, ئەو هێشتا ئارام نەببۆوە.

- ئەمە چ کارێکە دایکە؟!کەسێك کە ئەمڕۆ بۆ سێو لێکردنەوە پێ لەسەر شانی خەلیفە دابنێ,سبەی پێ لە پشتی ئەو دەنێ و لەسەر تەختی ئەو پاڵ دەداتەوە, ئەگەر کاروبار ئاوا بڕواتە پێشەوە, گومانم نییە تاج و تەختی خەلیفە دەکەوێتە ناو دەستی بەنی ساسانەوە.

کاتێك کە زبێدە ڕووداوی سەرکەوتنی جەعفەری بۆ سەر شانی هارونی بۆ دایکی مێردەکەی دەگێرایەوە, فرمێسك لە پێڵوە درێژەکانی بەستبووی.ئینجا ڕوخساری وەرگێڕاو چووە بەردەم ئاوێنە و فرمێسکی لە چاوانی بە سورمە ڕێژراوی خۆی پاککردەوە.چاقچوری ڕەنگ پیرۆزەیی لەشی شووشەیی ئەوی دەگوشی و شاژنی گەورەی وەکو سەماکارەکان دەرهێنا بوو.زبێدە بەو کەمەرە باریکەیەوە کەوا دەهاتە بەرچاو لە ئەڵقەی ئەنگوستیلە دەچێ, هەروەکو کچانی لاو خۆی دەنواند. خەیزەران سەیرێکی سەر و باڵای بووکەکەی کرد, بە ئاوازێکی کە ڕەنگێکی گلەیی کارانەی لێدەهات کوتی:

- ئەمە چ جلێکە لە بەرتکردوە؟لە ناو دەربار بە بێ ئەمانەش - هەزار جۆر قسەت بەدوادا دەکەن. دەڵێن زبێدە خاتون هەر ساڵ شێوەیەکی نوێ دەهێنێ. ئایا جلێکی ئاوا شایستەی شاژنی گەورەیە؟

- دایکە! ئەوە من نیم کە بە دوای شێوەی نوێدا دەگەڕێم, بەڵکو ئەوە شێوە نوێکانن کە بە دوای مندا دێن. ئەم شێوە جلە باڵا و بەژن دوو ئەوەندە جوانتر دەنوێنێ. خەیزەران زەردەیەکی بۆ کردو سەرێکی بادا.

- شەیتان دەبێ دەرسی دڵ فڕاندن لە تۆڕا فێر ببێ!

زبێدە بێ چاقچوریش هەر جوان بوو. وێنەی ئەو کڵاو زەڕە کە بە سەریەوە بوو لە ئاوێنەدا دەدرەوشایەوە و تەنانەت پەرێشان بوونیشی ئەوی جوان تر دەخستە بەر چاو.

بانگ لە مینبەری کازمیەوە هەستا, هەمووانی هێنایەوە سەر خۆ ((اللە اکبر...))

- دەنگی تەپڵ و شەیپوور لە دەرباردا بەرز بۆوە.. کاتی نوێژی ئێوارە بوو. خەیزەران خاتون بە پەلە بەرەو نوێژگە ڕۆیشت. زبێدەش هەروا بۆ نوێژ کردن کەوتە پەلە کردن.

لەوەدەمەدا هارون و جەعفەر لە سەر ڕووی ئەو پلیکانانە کە لە مەڕمەڕی سوور دروستکرا بوون, ڕاوەستابوون. خەلیفە هێمان هەریاری بە نێچیرەکەی دەکرد:

– برا! تۆ تازە لە حەج گەڕاویتەوە. جێی خۆیەتی وەختی باشی نوێژ لە دەست خۆمان نەدەین, بەڵام بەر لەوەی بۆ نوێژ کردن لە یەکتری جیابینەوە حەز دەکەم شتێکم لێ داوا بکەی.

وەزیر سوپاسی خۆی دەربڕی:

– تەندروستی و شادی ئەمیرول موئمنین گەورەترین بەخشندەیی خوایە. لەوە بەرزتر دەتوانم چ ئارەزوویەکم هەبێ؟

– هارون پێدا گری دەکرد و جەعفەریش ملکەچی. ئەو باش دەیزانیکە مەرامی هارون لەم یاری و پێشنیارە چییە. بەڵام ژیان شیرینە و نەیدەویست لەم نیعمەتە بێبەش بێت. هەڵاتنی لە داوێك کە خەلیفە بۆی دانابۆوە بە ناشیاو دەبینی.سەرەڕای ئەوەش لە هەوڵدان و ڕیس و گوریس هۆنینەوەدا دەستی هەڵنەدەگرت.

خەلیفە چاوەڕێی وەڵام بوو:

– زمانی جەعفەر بۆ لاڵ بووە؟ ڕەنگە بە بەرژەوەندی بزانین خوراسان, لە جیاتی مەئمون بە برامان ببەخشین!

– بۆ فەرمانڕەوایی خوراسان کەس بە ئەندازەی ئەبو موسلیم لێهاتوویی نەبوو. کاتێك ئەم هەقە بە خاوەن هەق نەگەیشت, چۆنبەکەڵکی من دێ؟! ماڵ و داهاتێکی کە هەمە کەم نییە و هەمووشی لە سۆنگایی سەری خەلیفەوەیە ئەسکەندەری مەکدۆنی کە حەوت ئیقلیمی جیهانی لە ژێر چنگی خۆیدا هەبوو,لەم دنیایەوە چی لەگەڵ خۆیدا برد؟ پەری و باو ماسی ژێر فەرمانی سلێمان بوون, دنیا چ وەفایەکی بۆ ئەو هەبووە؟!

ئەم کاولاشە کۆنە, نەکەس دروستیکردوە و نەبۆ کەس دەمێنێ. هەزاران پێغەمبەر و حەکیم و ڕێبەر هاتن و چوون, لە کاتی ڕۆیشتندا یەك کفنیان زیاتر نەبردووە.

هارون دەستی لە سنگی جەعفەردا:

– نەمان دەزانی برامان بە مەکتەبی ((ئەبو عەتاهیە)) وە پەیوەستبووە و تەکی بەلای زوهدەوە داوە! ئێمە برای خۆمان لەوە زیاتر بە ئارام تر و بەهێزتر دەزانی. ئایا بەڕاستی ئەم قسە ڕاهیبانە هۆیەکیان هەیە؟ ناکا برامان ئازارێکی پێ گەیشتبێ؟ئەگەر پێویستی بە دەرمان و ڕاوێژ کردن هەبێ تا ((ئەلکەندی)) بانگ بکەین؟

جەعفەر دووبارە ویستی بە زمان لووسی و شەرم نواندن خۆی لە گرفتاری رزگار بکا:



– خوای گەورە, ئەمیرول موئمنین لە هەر بەڵایەك بپارێزی و تەمەنی هەتا هەتایی پێ ببەخشێ, چاوەڕێی ئەوەم لە لوتف و متمانەیخەلیفەی گەورە هەروەکو ڕابردوو بە سەر سەرمەوە سێبەری هەبێ. من پێویستیم بە ((ئەلکەندی)) نابێ. خوا بە شایەت دەگرم کە تەختی ئەمیرول موئمنین لەبەر چاوی من لە بیلبیلەی چاوم ئازیزترە.

– برای ئێمە بایەقینی هەبێ کە لەمتمانەی ئێمە دەرهەقی ئەو هیچ کەم نەبۆتەوە و بۆ سەلماندنی ئەم متمانەیە هەرچی پێویست بێ ئەنجامی دەدەین

– لە لوتفی ئەمیرول موئمنین دەرهەق بە خۆم دوو دڵییەکم نییە, بەڵام لە فیتنەی ڕۆژگار و ئێرەیی بەدکاران دەترسم. ئایا دەتوانم ئارخەیان بم کە ئەم لوتفە هەرگیز بۆ غەزەب ناگۆڕێ؟ ئایا دەگونجێ ڕۆژێك خەلیفەی بە توانافـــەرمانی کوشتنی ئەم خزمەتکارە دەربکەن؟

– سوبحانەڵلا! هەر دەڵێی شەڕابی ((قوتربل)) ئەقڵی لە سەری هەردووکماندا نەهێشتووە! لەوەی کە بیر و خەیاڵی ئاوا پووچ بە مێشکی برامدا تێدەپەڕێ, سەرم سوڕماوە, من بە دەسخەت و مۆری خۆم ئامان نامەیەك دەدەم بە تۆ کە نە تەنیا هەر لەم دنیایەدا بەڵکو لە قیامەتیش دا کەس کاری بە تۆدا نەبێ.

... ((من هارون ڕەشید, خەلیفەی عەباسی متمانەی تەواوم بە وەزیری خۆم جەعفەری کوڕی یەحیای بەرمەکی هەیە و هەرگیز من ئەو ناکوژم!)) جەعفەر دەرگای لە پشت خۆیەوە داخست لە ناو نوێژگەکەی خۆیدا لە سەر مافورێکی چنراوی شیروان دانیشتبوو و کەشتی ئەندێشەکانی لەنێو دەریای پاش تۆفاندا دەبردە پێش. دووبارە دەستیکرد بە خوێندنەوەی: ((من, هارون ڕەشید...)) خوای گەورە, دەستم بگرە, یاریدەم بدە.

جەعفەر لە خەڵوەتگەی خۆیدا ئامان نامەکەی بە شێوەیەك دەخوێندەوە وەك بڵێی لە سەراسەریقەڵەمڕەوی خەلافەتدا گوێیان لێیە. یەك تەکان لە جێگای خۆی هەستاو چەند جارێك درێژی نوێژگەکەی خۆی پێوا, ((ئایا ئەو پسوولەیە دەیتوانی ئەو لە تۆفانێك کە بەسەر کەشتی چارەنوس و ژیانیدا هەڵیکردووە, ڕزگار بکا؟))

ئاگری غەزەبێکی تیکەڵاو بە ترسەوە لە دەمییەوە بڵێسەیدا: کوڵی ئەم زەبوونییە دەبێ بۆ کوێ بەرم تا لە پێناوی ژیاندا ئامان نامە وەربگرم! بەدەم نەفرەتەوە نامەکەی فڕێ دایە سەر مافورەکە و دووبارە بە تووڕەییەوە دەستیکرد بە پیاسە کردن: ((گومانم نییە کە سەرەنجام ئەو پیاوە نامەردە, پەتی سێدارە بە ملمەوە هەڵدەواسێ یان ئەوەتا بە دەستی مەسروری جەلادم دەسپێرێ...

نازانم تاكەی دەتوانم بەرگەی ئەم بارە بگرم؟ ئایا مردنێكی پیاوانە لە ژیانێكی ئاوا كۆیلەتی پەسندتر نییە؟ تاكەی دەتوانم لە پێش ئەم خوا نەناسە خوێن خۆرەدا دەست لە سـەر سنگ ڕابوەستم؟ تاكەی دەبێ وەكو مار بە نەرمییەوە, لە بەردەمیدا بخشێم و وەكو مەیمون لە بەردەمیدا تەقڵەبازی بكەم؟ لە حالێكدا كە تاوانەكان و زۆرداری خەلیفە هەموو جێگایەكی گرتۆتەوە, تـــــاكەی دەبێ ڕیایی كارانە باس لە دلاوایی و داد پەروەری ئەو بكەین و بە هۆشمەندی گەورە ئەو ستایش بكەین؟ دنیا چەندەی لەم تاج بە سەرانی سەرەڕۆ وخوێن خۆر بەرێكردوە؟! فەرمانڕەوا ئەگەر ئەقڵی لەدەسدا و سەرەڕۆیی و ستەمكاری كردە پیشە دەبێ فاتیحەی مەرگی بۆ بخوێنێ. ملكەچی بۆ سەگێكی ئاوا دڕندە گونجاو نییە. نا, بریسكەی شمشێر ڕووناكی ئیمان لە دڵی من ناستێنێ...))



## (٧)

# باڵندەی هەڵفڕیو

*كوڕ هەر وەكو كاروانی میسر*
*وایە هەر چل ساڵ جارێك دێ.*
*( پەندی كۆن)*

لا سوور و بەرزەكانی دەرگا بەئاوایەك بوو كە هەر ڕۆژ یەكەمین تیشكەكانی هەتاوی بەیان لێوی ماچی دەخستە سەریان. دار توویەكی ئەستوور كە لقەكانی, سەریان لە دیوارەكە بەرز كردبۆوە و چووبوونە دەرەوە, ئاماژەیان بۆ بەرفراوانی حەوشەكە دەكرد. لە لقی دارەكەوە, جۆلانەبایەك وەكو تای تەرازوو هەڵواسرابوو و دوو كوڕیژگە وەكو شولكە نەمامە سەختەكانی بە ڕووی دارستانەكانی ((بز)) دیلانێیان دەكرد. با, كە لە كراسە سپی و درێژەكانی دەدان, منداڵەكانی لەوە گەورەتر كە هەبوون, پیشاندەدا.

جۆلانەكە ئەوەندە دوور دەكەوتەوە و سەردەكەوتە سەرەوە كە پێی منداڵەكان بەو شەنانە دەكەوت كە بەدرەختەكەوە هەڵواسرابوون: ((هۆپ... هۆپ...)) و هاواری شادی و دەنگ و هەرای كوڕەكان, دەتكوت چۆلەكەكانیشی وە كەیف و شادی هێناوە.

بایەك كە بە هۆی ئەم لاو ئەولا كردنی جۆلانەكەوە پەیدا دەبوو, خۆڵەمێشی ئەو ئاگردانەی كە شەوی پێشوو دایكیان هەڵیكردبوو, لادابـــوو و وردە وردە لە دار بزوتەكانەوە دووكەڵی هەستاندو دووبارە ئاگردانەكەی داگیرساندەوە. ئێستا وەكو ئەوەكە منداڵەكان بەسەر هەورانەوە یان لە نێو مانگ بفڕن, وابوو. دووكەڵ خەست و چڕ بووبوو و بۆ سەرەوە هەڵدەستا و كەم كەمە هەردوو شاخی ئەو بزنە كێوییەی كە بە سەر دەرگاكەوە داكوترا بوو و وەكو دوو دانە

شمشێر خۆی دەنواند, لە ئامێز گرتبوو. ئێستا دووکەڵەکە واخەست و چڕ ببوو کەوا دەهاتە بەر چاو تاوێکی تر مەشخەڵی شینی بلێسە دەستێنێ و هەموو جێیەك, تەنانەت منداڵەکانیش لە نێو نێڵەی خۆیدا لوولدەدا.

تاکێکی دەرگای داڵانەکە بە ئەسپایی کرایەوە. ژنێکی باڵا بەرز و شۆخ هاتە لای منداڵەکان. ئەو سەرتاپای خۆی سوور داپۆشیبوو و شمشێریکی بە دەستەوە بوو. داوێنی کراسەکەی وەکو ئاگر شەپۆلی دەدا و چاوە گەورەو قاوەییەکانی ئەفسوناوی تر کردبوو. هاتە لای ئاگردانەکە و شمشێرەکەی بە قەدی درەختەکەوە دانا. ئەو, هێشتا شۆخ و شەنگ و بەر چاو خۆی دەنواند. بەڵام لەگەڵ ئەو برومەندەی کە دە - دوازدە ساڵ پێش لە ناو ئاورگا منداڵێکی لە سەر قاچەکانی و یەکێکی دیکەشی لە پەنا خۆی خەواندبو و ئومێد و هیمەتی وە بەر ژنەکانەوە دەنا, جیاوازی زۆری هەبوو. تێپەڕبوونیساڵانێك و باری گرانی بەڵاو نەهامەتیەکان, ڕەنگ و تەڕ و پاراوی گوڵ ئاسای لە روخساری ستاندبوو. لە جێگەی پێکەنین, بەسەر لێوەکانیەوە شەپۆلێك خەم نیشتبو و لە چاوەکانیدا لە جیاتی نیگای شادی و بروسکە پرژێنی, کە دەیتوانی هەر دڵێك بخاتە لەرزەوە, سەختی و ئیرادەشەپۆلیان دەدا. تەنانەت لە کەزیە بادراو و درێژەکانیدا کە تا سەر پوزی قاچی دەهات, تاڵی سپی دەکەوتنە بەر چاو, بەڵام پولەکەو زیوەری خشڵەکانی ساڵانی پێشووی یادگاری هەمان ئەو ڕۆژانە, بە سەر هەنیە و کەزیەکانیەوە بوون. هیچ شتێك هێندەی دەستە ناسکەکانی نەگۆڕابوون. دەستە گەورەو ڕەقەکانی شایەتی ئەوە بوون کە ساڵانێك یەکدانگ هەر سەوڵی لێداوەو بەلەمیژیانی خۆی و سێ کوڕەکەی لە ناو زاری شەپۆڵ و تۆفان دەرکێشاوە. سێ بێچووی لە هەڵمەتی داڵە کەلاك خۆرەکان ڕزگار کردووە و هەڵۆ ئاسا فێری باڵە فڕەی کردبوون. شمشێری مێردەکەی وەك ئەمانەتێکی گرانبەها ئەم دەست و ئەو دەست پێکرد بوو تا ئەمڕۆ بە خاوەنی ئەسڵی خۆی- بابەك - ی بسپێرێ.

دوو کوڕەکەئەوەندە سەر گەرمی یاری بوون کە دایکیان - کە ماوەیەك بوو تەماشای دەکردن - نەدی بوو. دڵۆپێك فرمێســــــك بەسەر گۆناکانی برومەندەوە هاتە خوارێ, کەس نەیدەزانی = برومەند بۆ خۆشی = ئەم دڵۆپەفرمێسکە لە خەمی ڕابردووەوە دەتکێتە خوارێ یان لە شادی ئایندەوە. برومەند فرمێسکی چاوی سریەوە تا گەردی دڵتەنگیبە سەر شادی بێگەردیمنداڵەکانیەوە نەنیشێ. ئینجا بە دەنگێکی کە ئاوازێکی لە میهرەبانی و سەختی تێدا بوو, بانگیکردن:



- بابەك!عەبدوڵڵا!

منداڵەکان لە هاتنی دایکیان بە ئاگا هاتن.

- دایە! ئیدی یاری بەسە. دەبێ بچینە ئاورگا, معاویەش هەر قەرار وایە لە سەحراوە ڕاستەڕێ بچێتە ئاورگا. وەرنە خوارەوە بزانم.

- هۆپ!

- هۆپ!

منداڵەکان بە گورجییەوە لە جۆلانە خۆیان فڕێدا, و بەرەو لای دایکیان ڕایانکرد. شمشێرێك کە بە دەستی دایکیانەوە بو سەرنجی هەردووکیانی ڕاکێشا, ویستیان هەڵیگرن. برومەند بە دەستێك قەبزەی زیوینی شمشێرەکە و بە دەستەکەی تری نووکی کالانەکەی دوور خستەوە.

= شمشێر هی منە!

= ماڵی خۆمە!

بەڵام برومەند نەی دایە دەستی هیچیان:

- لە سەر خۆبن, کەمێکیش پەلە بکەن. وەك ئەوەی نا تانەوێ لە کاتی خۆیدا بگەینە ئاورگا و لە مەراسیمی وەفاداریدا بەشداری بکەین. ئێستا هەردووکتان لە پەنا ئاگردانەکە ڕابوەستن تا دوعای پیرۆز بخوێنم و بکەوینە ڕێ.

دەمەقاڵەی کوڕەکان لەسەر شمشێر تەواو نەبوو بوو. عەبدوڵڵا یەخەی کراسە درێژەکەی بابەکی گرتبوو, هاواری دەکرد:

- شمشێری باوکم, هی منە. دایکم دانەیەکی دیکەت لە مامە شبل بۆ وەردەگرێ.

بابەکیش ملی براکەی لە ژێر باڵی خۆی نا بوو, بە ئاوازێکی میهرەبان و لە هەمان کاتدا کە هەقی خۆی بێ, دەیکوت:

- شمشێر بە کەڵکی چی تۆ دێ؟ تۆ هێشتا منداڵی. هەر کاتێك گەیشتییە تەمەنی من, دایکم شمشێرت بۆ پەیدا دەکا. من لە تۆ گەورە ترم و هەمیشە شمشێری باوك بۆ کوڕی گەورە دەبێ. لەگەڵ معاویە گرەوم کردووە, سبەی شەوێ, شمشێر بە دەست لە دۆڵ هەنار, ئەسپ تاودان دەکەین. یەقینم هەیە پێشبرکێ دەبەمەوە. ئەسپی ئەو تۆزیش لە دوا ئەسپی من ناکا. ((قاراقاشقا)) ی من تاکەی نییە. وانییە دایە؟!

برومەند زەردەیەك گرتی و بە سەر لەقاندنێکەوە قسەکانی کوڕەکەی سەلماند ((کاتێك کوڕەکانم گەورە بوون تۆڵەی مێردەکەم دەستێننەوە. لە کۆنەوە کوتویانە: کوڕ کوتەکی سەر سەری دوژمنانە!)) و لەو کاتەدا نیگایەکی بە نێو حەوشە وماڵەکەیدا گرت, ((هێشتا ئاوەدانە, ئاوەدانیش دەمێنێتەوە!))

بێشکەیەك لە گۆشەی هەیوانەکە دەهاتە بەرچاو, برومەند لە نێو ئەو بێشکەیەدا کوڕەکانی گەورە کردبوو, ((ئەو رۆژانە چیان لێهات کە لای لایەم بۆ دەکردن؟))

هەلۆکەی بابەك لە سەر تاقە چکۆڵەکەی هەیوانەکەدا دیمەنێکی پڕ شکۆی هەبوو. کۆترێك کە لە نێو چنچوڕکەکانیدا بوو, بە دەنووکە چەماوەکەی هەڵیدڕی بوو و بەحیرسەوە خەریکی قووتدانی بوو. سەگەکەشی((چەمبەر)) لە بەردەرگا هەڵتروشکابوو و دەستی دادا بووە سەر زەوی. لە نێو تەم و دووکەڵدا هەر بە گورکی تەنیا دەچوو. قاراقاشقا ئەسپی نێو چاوان ڕەش, لە گۆشەیەکی حەوشەکەدا خەریکی ئالیك خواردن بوو.

عەبدوڵلا هێشتا ئارامی نەگرتبوو. هەر چەندیك بابەك هەوڵیدا نەیتوانی ئارامی بکاتەوە. برومەند بۆ ئەوەی دەمەقاڵێی کوڕەکانی لە سەر شمشێر وەربگێڕێ, کوتی:

– منداڵینە دەبینن چ سپێدەیەکی جوانە! و پاشان قژە زێڕینەکانی عەبدوڵلا و بابەکی دەلاوەندەوە, برومەند درێژەی پێدا:

– سەیریکەن چۆن دووکەڵ هەموو حەوشەکەی داگرتوە! ئێستا ئیتر دووکەڵ دێوە ڕەشەکانی ئەهرێمەنی خنکاندووە. روحە بەدکارەکان ئیتر ناتوانن لە ماڵی ئێمە نزیکببنەوە. ئەهریمەنی لەعنەتی هەروەکو ئەبو عومرانی تاوانکار هەڵاتووە و دیار نییە لە کوێ خۆی شاردۆتەوە؟!

بە بیستنی ناوی ((ئەبو عومران)) نێو چاوانی بابەك و عەبدوڵلا وێکهاتنەوە. ئاگری تۆڵە لە چاوە گەورە و قاوەییەکانی بابەك بڵێسەیدا. ئەوان جارە های جار ناوی ئەو چەتەیەیان لە دایکیانەوە گوێ لێبوو بوو. جارە های جار دایکیان لە حاڵێکدا کە جلە خوێناوییەکانی باوکیانی بە سنگییەوە دەگوشی و فرمێسکی هەڵدەڕشت, ناوی ئەبو عومرانی بە نەفرین و نەفرەتەوە هێنا بوو. ئایا دەمەقاڵێی ئەمڕۆی ئەوان لە سەر شمشێرێك, کە بە خوێنی باوکیان و تۆڵە ستاندنەوە لە قاتڵ پەیوەست نەبوو؟!

خۆر, گەردی زێرینی بە ئاسمانی مانگی نیساندا پەخشکردبو و تیشکە زێرینەکان لە پشت پەڵەی هەورانەوە دەردەچوون. شەوی ڕابردوو تریشقە, هەورە ڕەشەکانی شەقارشەقار کردبوو. ئێستا بای بەرەبەیان وەکو شوان هەورە تەنك و سووکەکانی وە پێش خۆی داوە و لە دەشتی



ئاسماندا بەرەو پێشەوە ڕایان دەماڵێ و بەرەو دوورە دەستەکانیان دەبا. برومەند چاوی لە ئاسۆ بڕی بوو چاوەڕێ بوو خۆر بە تەواویلە کەل سەرکەوێتە سەرێ.

لەم بەیانییە جوانەدا هەر بستێك لە چیاکان بە ڕەنگێك خۆی دەنواند, ڕەنگ لە نێو ڕەنگدا, و دیمەنی لێڕەوارەکان بە هەزار و یەك ڕەنگ, بەردانی بەباران شۆراوە و شەونم لێدراوی بز وەك شووشە دەبریسکایەوە. جۆگەلەی باران کە لە لابەلای سەوزاییەکان و درەختەکانەوە تێدەپەری, لە ژێر هەتاوی خۆردا هەر لە شیرو جیوە دەچوو.

برومەند شمشێری لە کالان دەرکێشا, و بە سەر سەری کوڕەکانیەوە هەڵیسوڕاند. شمشێر جۆریك بریسکەی دەدا کە دەتکوت لە خۆر و ئاگرەوە هاتۆتە دەرێ, تریشقە ئاسا تیشکی دەدایەوە.

برومەند بە شێوەیەك لە غروورو شادیدا نقووم بوو بوو کە دەتکوت ئاگری پیرۆزی لە نێو دەستی دایە. ئەو وەکو مووپەدی گەورە دوعای دەخوێندو, سـلاوی بۆ هەتاوی ژیانبەخش بەڕێدەکرد. ئەو لە بەرامبەر ئاگردا ئەژنۆی دادا. شمشێری ڕووتی بەرەو خۆر بەرزدەکردەوە و لە ناخی دڵیەوە کوتی:

پەروەردگار! تۆ کوتووتە کە مرۆڤ لە هەر جێگایەك و هەر زەمانێکدا دەبێ خزمەتکاری چاکی و پاکی بێ و هەواداری مرۆڤەکان بێ. ئەی ئاهورا مەزدای گەورە کوڕەکانی من بۆ چاکی رێبەری بکە.

ئەی مەزدا! ئێمە لە شەڕی دێوان بە دوور بگرە. ماڵ و خێزانی ئێمە لە شەڕی بەدکاران پەنا بدە. تۆ باش دەزانی کە پاش مێردەکەم عەبدوڵلا, ئەم منداڵانەم بە ساغی وچاکە خوازی پەروەردە کردووە, لە چاوی بەد و شەڕی ئەهریمەن بیانپارێزە!

ئەی ئاهورا! بابەك لە پەنای خۆت بگرە, ئاگری پیرۆز لە نێو دڵی ئەودا گەرم, و گیانیشی ڕووناك بکەوە. بازوانی ئەو بە هێز و شمشێرەکەی لە کولی و شکان بە دوور بگرە.

ئینجا ڕوویکردە بابەك و کوتی:

– کوڕم تۆ ئەمڕۆ کوستی لە کەمەرت دەبەستی.ئەم ئاگرەم بە بۆنەی گەیشتنت بە تەمەنی کامڵبوون, هەڵکردووە.تۆ دەبێ خزمەتکاری ئاگر و هەواداری مرۆڤ بی. دەبێ تۆڵەی باوکت بستێنی ئەگەر نا من پاش مردن – لە نێو گۆڕی تاریکیشدا – بە ئاسوودەیی ناخەوم.

بابەك جارێك لە دایکی, جارێك لە خۆر و زەمەنێك لە ئاگری دەڕوانی. بە حاڵەتێکی نقوم لە بیرکردنەوە و ئیرادەدا, لێوەکانی لە نێو ددانەکانیدا دەگوشی. گوێی لە دوعاکان و

ڕاسپاردەکانی دایکی گرتبوو. ئەو لە خەیاڵی خۆیدا شمشێری باوکی بە دەستەوەیەو، ئەبو عومرانی لەچیاکاندادۆزیوەتەوە و دەیکوت ((ئەی قاتڵ! لە ئەسپەوانانی سەلمان فێری سواری بوم و لە سوارانی شبل شمشێر وەشاندن، ئێستا هاتووم تۆڵەی باوکمت لێ بکەمەوە!)) لە دەروونی بابەکدا تۆفانیك بەرپا بووبوو. روخساری لە تورەییدا داگیرساو و سوورِ هەڵگەڕا بوو. جارێك برۆ باریك و بەیەکەوە نووەساوەکانی لێك دەکشانەوە و کەوانی دەبوون جاریك پەڕەکانی لووتە جوانـــــــــەکەی دەلەرزییەوە.

دەنگی فەرماندەرانەی برومەند ڕایەڵی ئەندێشەکانی پچڕاند:

- کوڕەکانم! بە حورمەتی خۆری ژیانبەخش، لە بەردەم ئاگری گەرمی بەخشدائەژنۆ دادەن!

بابەك و عەبدوڵلاّ ئەژنۆیان دادا. سەلکە بزووتەکانی سەندەڵ بە چوار دەوری خۆیاندا پریشکیان داویشت و گولاّوێکی دڵپەسندیان بلاّو دەکردەوە.

دوعای دایك تەواو بوو، بەلاّم دەمەقاڵێی دوو برا لە سەر شمشێری باوکیان سەر لە نوێ دەستپێکردەوە. دایکیان نەیدەزانی چۆن ئارامیان بکاتەوە. ئەو، خۆشەویستی شمشێری لەگەڵ خوێنیاندا تێکەڵ کردبوو. ئەو، ئەوانی وەکو سۆمای چاوەکانی خۆشدەویست. سالاّنی زێڕین و بەهاری تەمەنی لە ژێر پێی ئەواندا، دانا بوو. پاش لە دایکبوونی کوڕی دوەمیکە ناوی - عەبدوڵلاّ - ی لە باوکیەوە بۆ مابۆوە، بێوەژنی گەنج لە ڕووی ناچارییەوە، شیری خۆی بە نان فرۆشتبوو.

کە مێردەکەیان کوشت، عەبدوڵلاّ لە سگی دابوو، چارەیەکی دیکەی نەبوو جگە لەوە کە لە ماڵی سەلمان کار بکا. هەرچی دەهاتە دەستییەوە، وەکو باڵندەیەك بە دەنووکییەوە دەگرت و بۆ بێچوەکانی دەبردەوە.

بابەك حەوت هەشت ساڵە بوو کە لای مەیتەرەکانی سەلمان دەستی بە کار کرد. شەو و ڕۆژی لەگەڵ ئەسپ و بە سەر پشتی ئەسپانەوە تێپەڕاند و تەنبورلێدانیش لەو ئەسپەوانانەوە فێر بوو.

ئێستا نە تەنیا ئەو، بەڵکو عەبدوڵلاّش گەورە بوو بوو. عەبدوڵلاّ مەڕەکانی ئاوایی دەبردە لەوەڕاندن. ئیتر دایك خەمی نانی نەبوو. ژیانیان تا ڕادەیەك ڕێك و پێك ببوو. بە درێژایی ئەو سالاّنە، ڕوخساری برومەند هەرگیز وەکو ئەو ڕۆژە خۆش حاڵ نەبوو بوو و ئێستا کە لە کێشمە کێشمی کوڕەکان لە سەر شمشێر خۆشحاڵ بوو، کوتی:

- کوڕەکان! ئیتر بەسە. بۆ هەر کامێکتان شمشێرێك دەکڕم.



لە دڵدا کوتی: ((لە ڕۆژگاری خەلافەتی عەباسیدا دەتوانی بەبێ چاویش بژی، بەلاّم بێ شمشێر هەرگیز!... ئێستاش شوکرانەی دەوێ کەپیـــاوانی وەك جەعفەر و جاویدان هەن کە هاوکار و دەستگری برسیان و هەتیوانن ئەگـــــەر نا کێ دەیزانی بار و دۆخ چۆن دەبوو!...))

برومەند هەمیشە هەوڵیدەدا گیانی قارەمانی و سەرمەشقی ژیانی مێردەکەی لە منداڵەکانیدا بێدار بکاتەوە:

- دەبینم هەردووکتان چوونەتەوە سەر باوکتان. باوکتان گیانی شادبێ شمشێری لە ماڵی دنیا خۆشتر دەویست. هەمیشە دەستی لە سەر قەبزەی شمشێرەکەی بوو. پیاوانی ئەبو عومران هەمیشە بە دوایەوە بوون. باوکتان دەیکوت: ((شمشێرێك ژەنگی هێنابێ، وەکو ئەوە وایە خاوەنەکەی مردبێ.)) ئەو شمشێرەکەی خۆی بە میرات بۆ ئێوە بە جێ هێشتووە. نەهێڵن ئەم شمشێرە ژەنگ هەڵێنێ، نە وەکو گیانی باوکتان بڕەنجێ. حەیف ئەو ئێوەی لەو تەمەن و قۆناغەدا نەبینی.

نیگای بابەك لە سەر شمشێر و لە شمشێرەوە بۆ ئاسۆکان دەخزی. ئەو لە سەر ڕووی قەبزەی شمشێر و نەخشەکانی سەری تاوێك داماو پرسی:

- دایکە! ئەم نەخشانە چییە؟

- کوڕم، نەخش نییە، نوسراوە

- چ نوسراوە

- ئەی قارەمان! ئەگەر شمشێرت نەوەشاند، هەر وا باشترە دەست بۆ قەبزەکەی نەبەی!))

برومەند دووبارە نوسراوەکەی خوێندەوە، شمشێری لە کالان دەرکێشاو بەرەو خۆر ڕای گرت. عەبدوڵلاّ چاوی بە خەتەکانی سەر تیغەکە کەوت:

- ئەم خەتانە چییە، دایە!

برومەند لە حالێکدا کە دەستی بە سەر سەری کوڕەکانیدا دەهێنا، وەلاّمی دایەوە:

- کوڕەکانم باوکی ئێوە ڕۆن فرۆشێکی سادە نەبوو، ئەو قارەمانێك بوو...

تاوێك ڕاوەستاو چاوی لەسەر تیغی بریسکەداری شمشێرەکە بڕی:

- ئەم شمشێرە گیانی زۆرانی لە دەربەند لە مردن رزگار کردووە. ئەبو عومرانی نامەرد بەردەوام لەگەڵ جاویداندا ڕوو بە ڕوو دەبوو. ئەم شمشێرە لەم ڕوو بە ڕوو بوونەوانەدا زۆرکاری کردووە. بیلال ئابادی بەلاّ دیتووی ئێمـــــــــە هەمیشە ژێر پێخوستی دوژمن بوو شمشێری باوکتان تاوێك لە کالاندا نەدەمایەوە. هەر جارکە دوژمنێکی لە ناو دەبرد، خەتێکی بەسەر

تیغەکەیدا دەهێنا. ئەم شمشێرە نەوە بە دوای نەوە هاتوە و دەست بە دەست دەگەڕێ و ئەو کاتە دەزانن کە کوڕانیعەبدوڵلاّ هەرگیز واز لە دوژمن ناهێنن. خاوەنی ئەم شمشێرە دەبێ وەك عەبدوڵلاّ بە پێشوازی تۆفانگەلی سامناکەوە بڕوا!...

بابەك پرسی:

- ئەیئەبو عومران چۆن باوکمی لە ناو برد؟

- کورم, باوکتان دۆستی نزیکی جاویدان بوو. هەرگیز قسەی لە قسەی ئەودا نە دەکرد. جاویدان لە قەلاّی بز بنەجێیە - ئەمەیان دەزانی - ئەو سەرکردەی خوڕەمیانە و پیاوێکی قارەمانە. خەلیفە لە ترسی ئەو خەو و ئارامی نییە.

کاتێك هەواڵی ڕاپەڕینی جاویدان بە گوێی خەلیفە دەگا, بۆ خامۆش کردنی شۆڕش و لە ناوبردنی جاویدان تورەگەیەك سکەی زێڕ دەداتە ئەبو عومران. جاویدانیش باوکتان ڕادەسپێرێ تا شوێنی پەنهانی ئەبو عومران بدۆزێتەوە. پیاوەکانی ئەو لە چیای سبلان بەسەر باوکتدا دەدەن. ئەو بە تەنیایی لەگەڵ حەوت سواردا ڕوو بە ڕوو دەبێتەوە و شەڕە شمشێر دەکا... سێ کەسیان لێ نابووت دەکا و سەرەنجام... لە عۆدە هاتنی ئەم هەموو چەتانە کارێکی ئاسان نەبوو... یەکێك لە دواوە پەلامار دەباتە سەر باوکت و باوکت بریندار دەبێ, ئەو دەبەنە بەر دەمی ئەبو عومران, ئیتر نازانم چی دەبێ, ناتوانم قسە بکەم.دەستی دوژمن بشکێ!

لە قوولایی نیگای بابەکدا تۆفانێك لە خەم و تورەییدا دەخرۆشا. عەبدوڵلاّش غەمگین بوو. ئیتر هیچیان لە داکیان نەپرسی, بوغز و کینە گەرووی برومەندی گرتبوو.

ئەو ڕۆژەرۆژی بەر پاکردنی مەراسیمی وەفاداری بوو, ڕۆژی شـــادی بوو. غەمبار بوون و گریان لە ڕۆژی ئاوادا گوناه بوو. برومەند چاوەکانی پاك کردەوە.

ئیتر دوکەلێك لە ئاگردانەکەوە هەڵنەدەستا. برومەند شمشێرەکەی لە ناو دەسرازەی بێشکەکەدا شاردەوەو هاتەوە لای کوڕەکان:

- با بڕۆین کورەکانم. ئێستا مەراسیم دەســـــــت پێ دەکا. دایك و دوو کوڕ بەرەو ئاورگا کەوتنە ڕێ. بابەك لە حالێکدا کە هەنگاوی هەڵدەهێنا, جارێك لە کراسەکەی خۆی جارێك لە کراسەکەی عەبدوڵلاّی برای دەڕوانی. ئەو لە غرورو شادی دا سارێژ ببوو. دایك وەهالە دوو کوڕەکەی دەڕوانی وەك بڵێ ی هەرگیز ئەوانی نەدیبێ: ((خۆزگە باوکیان زیندوو بوایەو دەیبینی کوڕەکانی چەند گەورە بوون!))



لە ڕێگا توشی کوڕانی گەورەو بچوکی بێ هەژمار هاتن منداڵانی کراس سپی لە ماڵانی پڕ لە ئاگرو دووکەڵ دەهاتنە دەرەوە و لەگەڵ منداڵانی تردا کە بەرەو ئاورگا دەهاتن پێك دەگەیشتن. هەموو لە شادی دا نقوم بوون. دەتکوت پێی تالاّنچیانی خەلیفە هەرگیز بەم گوندەدا نەهاتوە هەموو شاد بوون. ئاسمان و چیاو دەرو دەشتیش هەمو پێدەکەنین. وشترەکانی شبل لە نیو کاروان سەرادا عەوەیان دەکێشاو زەنگوڵەکانیان دەنگی دەدایەوە. کانی, لە شەپۆلی کچان و نۆ بوکاندا ژاوەی دەهات. حیلەی ئەسپانی سەلمان ((دەشتی سوور)) و ((دۆڵ هەنار)) ی پڕ کردبوو. دووکەڵ و ئاگری شوانان لە بناری چیاکاندا بە دی دەکرا. بۆنی خاکی باران لێدراو هەموو جیگایەکی پڕ کردبوو. خۆری بەیانییەکی بەهاری, ئاسمانی بیلال ئابادی زێڕ باران کردبو.

برومەند خێرایی هەنگاوەکانی توند تر کرد. نابێ وەخت درەنگ دابێ.

کاتیك گەیشتنە ئاورگا, بابەك غاری دایە پێشەوە:

- گیانی منی کەڵەشێر, کەڵەشێرانی سپی, ئای لەو پۆپنە سورو گەورانە!

عەبدوڵلاّش بە دوای براکەیدا ڕای کرد. لە ناو قەفەزی ئاورگا, کەڵەشێرانی سپی بە پۆپنەی جوانەوە دەگەڕان. بەر سنگی خۆیان وەهادەرپەڕاند بووکەوا خەیاڵ بکەی فەرمانڕەوای ئاورگا خۆیانن. بابەك مشتێك دانەوێڵەی لە خورجینەکەی دا هێنایە دەرەوەو لە بەردەم کەڵەشێرەکاندا ڕۆی کرد:

- دەنــووکتان تیژ بێ کەڵە شێرە سپییەکان! دایکم قوربانی بۆ ئێوە هێناوە, بۆ کوێ ڕادەکەن؟

عەبدوڵلاّ لە حالێکدا کە دەستی بە سەر - چەمبەر - کە بە دوایان کەوتبوو و تا ئاورگا هاتبو- دا دەهێنا, تەماشای کەڵەشێرەکانی دەکرد کە لەنێو قەفەزەکاندا ئەم لاو ئــەو لایان بوو.

پاش کەمێك دەور و پشتی قەفەزەکان پڕ بوو بوو لە کوڕانی کراس سپی کە هەرکامیان لە جێگایەکدا دانی بۆ کەڵەشێرەکان دەڕشت.

برومەند دەستی دوو کوڕەکەی گرت و بەرەو دەرگا ڕایکێشان:

- با بڕوین موپەد چاوەڕێیە.

لە پێش دەرگای ئاورگا موپەدێکی لاواز و بالاّ بەرز بە ڕیشێکی ماش و برنجی ڕاوەستا بوو, دەمامکی لە سەر لووت و دەمی خۆی بەستبوو. داوێنی عەبا سوور و

درێژەکەیکۆکردبۆوە شوڵکە هەنارێکی کە بە دەستییەوە بوو بەبێ ئارامی ڕایدەوەشاند.
برومەند لە موپەد نزیك کەوتەوەو بە ئەسپایی کوتی:

- باوکی ڕوحانی ڕێگامان بدە بچینە ئاورگا. پاشان ئەلقەیەکی زێری کە بەسەر کەزیە بادراوە کەیەوە بەستبووی کردەوە, و خستییە ناو دەستی موپەد و کوتی:

- لە لایەنی منەوە داوای لێبوردن لە موپەدی گەورە بکە. جگە لەم ئەلقەیە شتێکی ترم, کە شایەنی ئاورگا بێ نەدۆزیەوە, کاتێك بابەك لە ئاورگا دەستی بە دەرس خوێندن کرد, قەرەبووی دەکەمەوە. ئەم ئەلقەیە یادگاری مێردەکەم عەبدوڵلاّیە کە بە بۆنەی لەدایك بوونی بابەك لە بەردەعەوە بە دیاری بۆی هێنابووم. نەزرم لە خۆم گرتبوو ئەو رۆژەی کە کوڕەکەم کەمەر بەندی پیرۆز لە کەمەری دەبەستێ, پێشکەشی ئاورگای بکەم.

موپەد دوعای بۆ گیانی عەبدوڵلاّ خوێند و شولکەی هەناری بە سەر سەری ئەوانەوە گێڕاو دوعای بۆ برومەند و کوڕەکانی کرد:

- نەزرتان لێ قبوولّبێ! و دەرگای ئاورگای کردەوە:

- بچنە ژورەوە, خوشکە, بەلاّم کاری نۆژەن کردنەوەی ئاورگا تەواو نەبووە, مەراسیم لە حەوشە بەرپا دەبێ.



## (٨)

## مـــــــەراسیمـــــی وەفـــــــــاداری

*ئەوانەی کە بێ ئیمان دەژین*
*لە نیعمەتی ((ئومێد)) بێبەشن*
*بەلاّم ئیمان بەکێ و بە چی؟*
*هیندییەکان دەڵێن: بە هەقیقەت!*

ماوەیەك بوو لە ناو کۆشکی زێڕیندا سەردەمی فەرمانڕەوایی دووجەمسەری دەستی پێکردبوو. وەزیری گەورە فەرمانەکانی خەلیفەی پشت گوێ دەخست. خەلیفەش قسەکان و ڕێنوێنیەکانی جەعفەری بێ بایەخ وەردەگرت. کاتێك قسە لە بارەی ئاورگاکانەوە دەکرا, مەسەلەکە ڕوویەکی جیدی تری بە خۆیەوە دەگرت. وەزیر باوەڕی وابوو ئەگەر خەلیفە درێژە بە وێرانی کردنی ئاورگاکان بدا, خوڕەمییەکان دووبارە شۆڕش بەرپا دەکەنەوە. جەعفەریش تەئکیدی لەوە دەکرد کە بێ ئەوەش ئێمە دەردەسەریمان هەیە و متمانەی خـــەلافەت ڕوو لەکەم بوونە. بۆچی لە جیاتی دۆستان, ژمارەیدژمنانی خۆمان زیاد بکەین؟ خەلیفە لە دلّدا دەیکوت: ((ئەی شەیتانی سوور, وا پێ دەچێ تۆ لە ئیسلام هەڵگەراویەوە و بە ئاینی باو و باپیرانی خۆت پەیوەست بووی! تۆ چیتە. ئایا ناترسیمالّی خوا کە چوو بووی بۆ زیارەتی, غەزەبت لێ بگرێ!! تۆ لە جیاتی مزگەوت داکۆکی لە ئاورگا دەکەی!))

زبێدە خاتون, خەلیفەیبە سەر سەری جەعفەرەوە وەك شمشێری تیژی دیمەشق لێ کردبوو. ئامان نامەی هارون کە خۆی دابوویە دەستی جەعفەر, بەهای خۆی لە دەست دابوو.

ئەبو عومران کاتێك لە بارەی لێڕوانینی جەعفەر بۆ ئاورگاکان ئاگادار بوو بوو, ئەمەی بە هەواداری جەعفەر لە خوڕەمیان و بەرگری لە ئاینی ئەوان بەستبۆوە, دەرهەقی ئەو, دژمنایەتییەکی زۆری دەنواند. ئەو لە جێبەجێ کردنی فەرمانی خەلیفە لە بارەی وێران کردنی ئاورگاکانی خوڕەمـــــــیانەوە لە ((میمەد)) ساتێکیش بە دوا نەدەکەوت. پیاوەکانی ئەو, ئاورگاکانی خوڕەمیانیان لە میمەد بە شێوەیەك تێك و پێك دابو کە خەڵکی ئەوێ بە ماوەیەکی زۆری کارکردن, ئینجا دووبارە توانی بوویان بیناکە ڕێك و پێك بکەنەوە. تەنانەت ئەو وەستایانەی کە بۆ نۆژەن کردنەوەی ئاورگا لە تەورێزەوە بانگ کرابوون, سەرە ڕای کاری شەو ڕۆژ نەیان توانی بوو بۆ ڕۆژی بەرپاکردنی مەراسیمی وەفاداری, ئاورگا تەواوبکەن. هەر بۆیە قەرار بوو مەراسیم لە دەور و بەری ئاورگا بەرپا بکرێ و لە شەوی پێشوەوە ئاگردانەکانیان لە حەوشە دانا بوو و ئاگریان لەوێداهەڵکردبوو - ئاگر داگیرسێنێکی بەساڵدا چووی بەژن باریکو دەمامك بەسەر وەك پەروانە بە دەوری ئاگردانەکەدا دەگەڕاو بەردەوام بە مقاشێکی درێژەوە ئاگرەکەی خۆشدەکرد, پریشکە ئاگرەکان قرچە قرچ لە ئاگرەکە بەرز دەبوونەوە و بە سەر سەروو ڕووی منداڵە سپی پۆشەکاندا دەپەڕین. کوڕەکان خۆشحاڵیان دەردەبڕی و دەیانویست پڕیشکەکان لە هەوادا بگرنەوە, وەك بڵێی ئەوان تەنیا بۆ یاریکردن بە ئاگر هاتوونەتە ئەوێ. ئاگرداگیرسێن بێ ئەوەی گوێ بداتە یاری کوڕەکان, سەر گەرمی کاری خۆی بوو. ئاگر نێو چاوانی ئەوی سوور کردبۆوە. برۆکانی و ئەوەندەش کە لە ڕیشی لە ژێر دەمامکەکەیەوە هاتبووە دەرێ, بە ئاگر سوتا بوو. کاتێك منداڵەکان پێدەکەنین. ئەو خۆشی پێکەنینێکی بۆ کرد و دووبارە ئاگرەکەی خۆشکردەوە:

- کوڕەکانم! بڕۆنە دواوە با وەکو من برۆکانتان نەسوتێ.

یەکێك لە موپەدان بە سەر پەنجەکانییەوە بەرز بۆوە:

- تەمبورژەنان لە کوێن؟ با بێنە پێشەوە...

منداڵەکان کەمێك لە ئاگرەکە دوورکەوتنەوە. حەوت کوڕی کراس سپی تەمبورژەن هاتنە پێشەوە. ئاگر داگیرسێن پەیتا پەیتا سەندەڵ و عوودی بەسەر ئاگرەکەدا دەپرژاند و هەولیدەدا ئاگردانەکە یەك نەوا بسوتێ.

ئێستا معاویەش لە سەحرا هاتبۆوە و بۆ بەشدار بوون لە مەراسیمی وەفاداری, لەگەڵ براکەی لە دوایەمین ڕیزی تەمبوور ژەنەکان شان بە شانییەکتر ڕەواستا بوون. ئەگــــــەر معاویە ئەومێزەرە سورەی لە ســـــــــــەری خۆی نەبەستبایە, برومەند کە لە گۆشەیەکدا ڕەواستا بوو, ئەو دوو برا شیرییەی لە یەکتری جیانەدەکردنەوە. ئەو مێر منداڵانەی لە مەراسیمدا بە شدارییان کردبوو,



هەموویان یەك باڵا بە کراسی سپییەوە کە تا سەر ئەژنۆیان دەهات, خۆیان وا دەنواند کە هەموویان لە یەك دایك و لە یەك ڕۆژدا هاتوونەتە دنیاوە! ئەوان هەرکامیان تووڕەگەیەکی بە شانەوە بوو, کاتێك پێدەکەنین, لەرزانەوەی مەشخەڵەکان بە سەر دانە ڕوونە سپییەکانیانەوە تیشکی دەدایەوە.

نێو چاوانی معاویە — دیار و نادیار - پێکیان دادا بوو. ڕۆژی پێشوو کاتێك لەگەڵ بابەك ئەسپی تاو دەدا, کەوتبووە خوارەوە و هێشتا ئەم ڕوداوەی لە بیرنەچوو بوو. خەیاڵی بۆ ئەوە دەچوو تەواوی دۆستان و هاوپارییەکانی لەم ڕووداوە ئاگادارن و بە شێوەیەکی حەتمی لە دڵی خۆیاندا دەڵێن:((شێتی بێ ئەقڵ!... تۆ بە چ ورەیەکەوە بۆ بەرامبەری لەگەڵ ((قاراقاشقا)) ئەسپت هێناوەتە مەیدان؟ مەگەر تۆ دەتوانی کێ بەرکێ لەگەڵ بابەکدا بکەی؟ بڕۆ بۆخۆت خەنیمێکی دیکە پەیدا بکە. بابەك, تەنانەت پێش مەیتەرەکانی سەلمانیش دەکەوێتەوە.

برومەند دەستی کوڕی بچووکی خۆی عەبدوڵڵای گرتبوو, لە ژێر سێبەری سەرووبەکدا ڕاوەستا بوو و چاوی لە دوو کوڕە هاو بەژنەکەی هەڵنەدەگرت. بابەکیش جارێك لە معاویەی دەڕوانی کە نێو چاوانی تێك نابوو و جارێکیش سەیری دایکی. وەکو بڵێی بە دایکی بڵێ:((ئەم کوڕەی تۆ, چەند سەر سەخت و نەسەلمێنەیە؟ خۆ بە زۆر نییە هێشتا زۆری ماوە((دەمیر)) پێشی ((قاراقاشقا)) بکەوێتەوە.

معاویە وەکو ئەوەی قسەکانی کە لە نێو مێشکی بابەکدا دەگوزەران, گوێ لێبێ و لە نیگەرانی ئەوی زیاد دەکرد. یەك جێ ئەم پێ و ئەو پێی دەگۆڕی. ئەگەر مەراسیمی وەفاداری نەبوایە, مۆڵەتی لە دایکی وەردەگرت و هەر ئەوساتە خۆی هەڵ دەدایە سەر پشتی ((دەمیر)) و بە هەڵەداوان خۆی دەگەیاندە دۆڵ هەنار و بانگی ڕا دەهێشت: ((ئەهۆ و! بابەك لە کوێی, وەرە و ئەسپەکەت بێنە مەیدان. ئەم جارەیان...)) بیری بابەکیش وەکو معاویە, لەوەیکە بەسەر مەراســــیمی وەفادارییەوە بێ, زیاتر لە سەرئەسپ تاودان و پێشبڕکێ و شمشێـــــری باوکی بوو. دایکی پێی کوتبوو ((پاش ئەوەی موپەدی موپەدان کوستی لە کەمەرت بەست , شمشێری باوکت دەبێت بە هی تۆ))

- معاویە! بۆ ئەوەندە ماتی دایگرتووی. بۆ قسە ناکەی؟

معاویە بە بێباکییەوە کوتی:

- سوێند بە گیانی شەروین ئەگەر لە کاتی شۆربوونەوە لە لێژییەکە ((دەمیر)) پێی نەخلیسکابایە, قاراقاشقا تووزیشی لە دوا نەدەکرد.

بابەك بە تووڕەیی و گاڵتە پێهاتنەوە سەیری براکەی کرد, دەستێکی ڕاوەشاند و کوتی:

- پێویست ناکا ئەوەندەش تاریفی ((دەمیر)) بکەی ئەمە ئەرز و ئەوە گەز. قەیناکا ئەمشەو کاتی مانگە شەو دووبارە پێشبڕکێ دەکەین مەیتەرەکانی مام سەلمانیش با چاودێر بن. بەلاّم دەترسم دووبارە ((دەمیر)) لە ڕێگا بە جێت بێڵێ, چۆنە ئەسپێکی دیکە لە ڕەوە بۆخۆت هەڵبژێری!

ڕوخساری معاویە کە لە توڕەییدا وەك ئاگر سوور هەڵگەڕابوو, کوتی:

- بە قوربانی ((دەمیر)) بم ئەسپی دیکەم بۆ چییە؟ برومەند چاوی لێ بوو معاویە و بابەك پێکەوە, دەبێ و نابێ دەکەن: ((نازانم ئەو کوڕانە بۆ ئەوەندە ئینکەبەری دەکەن. بە دڵ و بە گیان یەکتریان خۆش دەوێ, بەلاّم هەر کە (دایانە ئینکەبەری), ئیدی ئەوە واز ناهێنن. نازانم ئەم هەموو سەر سەختییەی بابەك چۆتەوە سەرکێ؟!))

لە ناکاو خەڵك تیکیانەوە هاویشت. دەنگی تەمبوران بەرز بۆوە. هەنگامە دەستی پێکرد:

مویەدی موپەدان وادێ.

- سەرت بەرە بەو لاوە بامنیش چاوم لێبێ! هەمووان پاژنەی پێ یان بەرز کردبۆوە. ئاگر داگیرسێن سەر گەرمی کاری خۆی بوو و بەردەوام دارە نیوە سوتاوەکانی ژێرەو ژوور دەکرد.

مویەدی کورتە بالاّ و کەمێك قەڵەو کە سەرتاپا سپی پۆش بوو و دەمامکی بەستبوو و لە حالێکدا کە شولکە هەناری ڕادەوەشاند, دڕی بە خەڵکەکە داو بە ئاوازێکی فەرماندەرانەوە کوتی:

- ڕێگا بکەنەوە , مویەدی موپەدان تەشریف دێنێ.

منداڵەکان سیخورمەیان لە یەکترییەوە دەدا.

- ئەوەتانێ! وادێ.

- ڕیشێکی چەند درێژی هەیە!

مویەدی موپەدان دەمامك بەدەم و چاو, عەبایەکی سوور لە بەرداو دار گۆچانێکی زێڕینی بە دەستەوە بوو. لە حالێکدا کە یەکە بە یەکە تەماشای منداڵە سپی پۆشەکانی دەکرد, لە ئاگردان نزیك کەوتەوە, لە پشت ئەویشەوە حەوت مویەدی سپی پۆش دەهاتن. هەرکامیان شولکە هەناری بە دەستەوە بوو. یەکێك لەوان جامێکی زێرین و سوراحییەکی پڕ لە ((هوم)) ی بە دەستەوە بوو بە تەنیشت مویەدی موپەدانەوە دەڕۆیشت.

بابەك بە هۆگرییەکی حورمەت ئامێزەوە لە مامۆستای ئایندەی خۆی دەڕوانی. بەلاّم لە شێوازی جل پۆشین و ئارایشی ئەو بە تایبەتی ئەو خاڵە مووداەرەی سەر نێو چاوانی خۆشحاڵ نەبوو بوو: ((ئەم بابا لینگ درێژە هەر وە جنۆکە بازان دەچێ!)) لێوەکانی کۆکردنەوە سەر یەك و شانەکانی بەرزکردنەوە و بە ئەسپایی پێی خۆی لەسەر پێی معاویە دانا:



- ئەوێ تەماشا کە! ملوانکەی ئەم پیرەمێردە لاوازە دەبینی؟ چەند درێژە دەگاتە سەر کەمەری!

- سس! گوێیان لێدەبێ!

هەمووان چاویان لە مویەدی موپەدانەوە بڕی بوو. ئەو چەند جارێك بە دەوری ئاگرداندا گەڕا و دارە زێڕینەکەی خۆی بەرەو خۆر بەرز کردەوە و لە حالێکداکە پێڵوەکانی پێکیان دادەدا چاوە پروشاوییەکانیبەرەو خۆر ڕاگرت, ورتە ورتێکی کە لە ژێر دەمامکەوە بە ڕوونی نەدەبیسترا, دەستپێکرد. تاجێکی سێ گۆشەی کە بە سەر سەریەوە بوو ئەوی وەك پاشایەکی خاوەن شکۆیەکی بەهێز دەنواند. خۆرێکی کە بە گەوهەر لەسەر تاجەکـە نەخش کرا بوو, لەبەر ڕۆشنایی ئاگرەکە دەدرەوشایەوە.

نیگای بابەك لەسەر باوکی روحـــانی بوو: ((ئەم پیرەمێردە بۆچی ڕیشی ئاوا ئارایش داوە؟

- ئەم هەموو خشڵ و گەوهەرەی لە کوێ هێناوە؟ بە گیانی شەروین سوێندە, ئەم پیاوە جادوو گەرێکی پوخت و تەواوە.))

- معاویە! تۆ پێت وایە ئەم پیاوە ئەم هەموو گەوهەر و خشڵەی لە کوێ وە دەست هێناوە؟

معاویە تەماشایەکی خێرای ئەوی کرد و لە ژێر لێوەکانیەوە پرتە و بۆڵەیەکی کرد.

بەریشی سووری مویەدی موپەدانەوە چەند ئەڵماس و یاقووتهەڵواسرابوون کە لە ژێر تیشکی هەتاودا دەبریسکانەوە. ئەو هەروەکو گەورە پیاوان و نەجیب زادەکانی مادو هەخامەنشی. خۆی ئارایش دابوو. منداڵەکان لە حەپەساویدا دەمیان پێکدا دابوو. بە تایبەتی کچانی سوور پۆش کە دوور لە کوڕەکانەوە ڕاوەستابوون نەیانتوانی سەر سوڕمانی خۆیان بشارنەوە: ((هێیە!))

شکۆی پیرانەی مویەدی موپەدان. زیاتر سەرنجی ڕادەکێشا وەك لە جل و بەرگ و ئارایشی سەرنجڕاکێشی ئەو.

وردە وردە ئەم شکۆمەندییە بابەکی وەها گرتبووە خۆی, لەوەی کە ئەوی وەك ((جنۆکەباز)) چواندبوو, هەستی بە شەرمەزاری دەکرد, تەنانەت لە سەر سوڕمان و ((هێیە)) یەی کچانیش خۆشحاڵ نەبوو.

- بێدەنگ!

کچەکان هەروەکو ئەو جوجەلاّنەی کە بازێکیان دیبێ خامۆش بوون. مویەدی موپەدان داردەستی زێڕینی خۆی بەرەو خۆر ڕاگرتبوو, بە دەنگێکی کە زیاتر لە قیژاندن دەچوو کوتی:

- سوپاس و ستایش بۆ ئاهورامەزدا!

موپەدەکان بێ دواکەوتن خۆیان بۆ دووبارە کردنەوەی کوتـەکانی باوکی روحانی ئامادەکردو ئاماژەیاندا هەمووان لەگەڵ ئەواندا بە یەك دەنگ بیڵێنەوە. هەموو کوتیان:

- سوپاس و ستایش بۆ ئاهورامەزدا!

موپەدی موپەدان داردەستی بەرەو ئاگر ڕاداشت:

- سلاڤ لە ئاگری پیرۆز
- سلاڤ لە ئاگری پیرۆز

موپەدی موپەدان چەند خولێك بەدەوری ئاگردا سوڕایەوەو پاشان بە داردەستی زێڕینی ئاماژەی بۆ ((گۆرخانەی خامۆشی)) کە لە داوێنی چیا بوو, کرد:

- روحی شەروین پێغەمبەر شاد بێ!
- شاد بێ! شاد بێ!

موپەدی موپەدان کوتی:

- هەزاران نەفرەت لە مەنسوری عەباسی بکوژی ئەبو موسلیم بێ!
- بە نەفرەت بێ! هەزاران نەفرەت
- روحی ئەبو عومران لە لاشەی گوێ درێژدا بتوێتەوە!
- ئاوا بێ.
- هەزاران نەفرەت لە هارونە ڕەشیدی دوژمنی ئاگر پەرستان بێ!
- هەزاران نەفرەتی لێبێ! ئاوا بێ!
- جەعفەری کوڕی یەحیای بەرمەکی = وەزیری گەورە دۆستی ئاگر پەرستان و ئێرانیان, لە بەلا بە دوور بێ!
- بەدوور بێ! ئاوا بێ!
- شمشێری جاویدانی پوورشەهرەك = سەرکردەی خوڕەمیان, بڕندە بێ! و تەمەنی ئەو درێژ بێ!
- بڕندە بێ, درێژ بێ! ئاوا بێ.
- بانگی کەڵەشێرانی پیرۆز بەرز تر بێ!
- بەرزتر بێ! ئاوا بێ.
- ددانی سەگەکانمان تیژ تر بێ!
- تیژتربێ! ئاوا بێ.



- درەختی سەرو بەرز و بەرزتر بێ.
- بەرزتر بێ, ئاوا بێ.
- ئاگر داگیرسێنی ئازەر هەرساغ بێ و تەمەنی درێژ بێ!
- ئاوا بێ!

پاش ئەمە موپەدێکی دەستە کە لە پەنای موپەدی مـــوپەدانەوە ڕاوەستابوو, هومی پیرۆزی لە جام کرد و دایە موپەدی گەورە. موپەد هومی وەرگرت و هەمووانی بۆ خواردنەوە داوەتکرد:

- بخۆنەوە تا هومی پیرۆز گیانتان بە خۆرەوە گرێبدات و بۆ ئاسمانەکان بەرزی بکاتەوە.

ئینجا جامی زێڕینی بەرز کردەوە و بە دەنگێکی بەرز کوتی:

- ئەی هومی پیرۆز! خوێنی ئێمە بخرۆشێنە, بە ژیانی ئێمە گەرمی ببەخشە! ئەی هومی پیرۆز, بۆیە تۆ دەنۆشین کە گەرمی بە گیانی ئێمە و شادیش بە دڵمان دەبەخشی. ئەی هومی پیرۆز ئەو شەڕابەی ئەوانی تر دەی نۆشن لە بەرامبەر تۆدا لە ئاوی دیجلە بێ تام ترە ئەی هومی سەرفراز، ئەوانەی تۆ دەنۆشن بەختەوەرترینی مرۆڤەکانن.

لەوکاتەداتەواوی ئامادەبوان جامەکانی خۆیان لە هوم پڕ کرد و خواردیانەوە.

موپەدی گەورە کە بەهومی پیرۆز سەرمەست بوو. جامی زێڕینی دایەوە بە موپەد. و داوێنە درێژەکەی کۆکردەوە و لە حالێکدا کە لە ژێر لێویەوە وێردی دەخوێند, خولێکی تریش بە دەوری ئاگردا سووڕایەوە. پاشان برۆ ماشوبرنجییەکانی بەرز کردەوە, بەرەو لای موپەدێکی تر کە سوراحی بە دەستەوە بو و ئامادەی خزمەت بوو, وەرسووڕاو کوتی:

- کوستییەکان بێنن! تا قارەمانانی بچکۆلە بێنە سەر ئاینی ئاورگا.

موپەد هەر کە گوێی لە فەرمان بوو, بە چالاکییەوە چووە ئاورگا و بە کۆمەڵە شاڵێکی کەمەرەوە گەڕایەوە. تەمبورانی خامۆش بوو دووبارە کەوتنەوە لێـــدان. موپەدەکان سەر مەستی هوم و ئاوازی تەمبوور و لە حالێکدا کە بە شولکە هەناری ناو دەستیان یارییان دەکرد و لە مەیداندا دەگەڕان, بە جووڵانەوەیەکی نەرم دەستیان بە شایی کرد. منداڵانیش کە بۆ یەکەم جار دەمامکیان بە ستبوو, چوونە پاڵ موپەدانەوە. بابەك و معاویە دەست لە ملان هەڵدەپەڕین. چاوەکانی برومەند لە نێو حەشیمەتی نەوجەوانانی هەڵپەڕکێ کەردا, بە دوا کوڕەکانی خۆیدا دەگەڕا. لە عەبدوڵلای, کە لەسەر شانی خۆی دانابوو, پرسی:

- کوڕم براکانت نابینی؟

– با دایە، هەڵدەپەڕن، پیکەوە هەڵدەپەڕن. ئای! پیرەمێردی ڕیش درێژ، قۆڵی بابەکی گرتووە و لە گەڵیدا قسە دەکا:

– ناوت چییە کوڕم؟

– بابەك.

– تۆ کوڕی عەبدوڵلاّنی؟

– بەڵێ.

– دایکت لێرەیە؟

– بەڵێ، لێرەیە.

موپەدی گەورە سەری بەرز کردەوە چاوی بە هەموو ئەوانەدا کە لە دەوری مەیدانی هەڵپەرکێ ڕاوەستابوون. گێڕاو کاتێك چاوی بە برومەند کەوت، پێکەنی، پێکەنین و سەیرکردنی باوکی روحانی، وەك بەرەبەیانیکی بەهاری، گەرمی و شادی ڕژاندە ناوگیانی برومەندەوە. موپەدی گەورە عەبدوڵلاّی باش دەناسی.

جاویدانی کوڕی شەهرەك تکای لە موپەدی گەورە کردبوو کە لە مەراسیمی وەفاداری بیلال ئاباد، هەواڵی برومەند و کوڕەکانی بپرسێ.

– کوڕم تۆ دەزانی کە ئەمڕۆ بە بەشداری لەم مەراسیمە و بەستنی کوستی لە کەمەر، تۆ بەپێی نەریت هاتوویە ناو کۆڕی پەرستکارانی ئاگری پیرۆزەوە؟

– وەك تۆ دەڵێی وایە.

– دەزانی کە عەبدوڵلاّ بە گیان خزمەتکاری ئاگر بوو؟

– ڕاستە

– ئایا دەزانی کێ باوکتی کوشت؟

– ئەبو عومرانی بێ چاو و ڕوو چەتەکانی.

– لە بارەی ئەوانەوە چ دەزانی؟

– ئەوانە دوژمنی پاکی و ئاگرن، خاکی ئێمەیان داگیر کردووە، ئاورگاکانی ئێمەیان وێران کردووە، ئەوانە بەنامەردی باوکمیان کوشتووە، من تۆڵەیان لێ دەستێنمەوە.

موپەدی گەورە دەستی دڵنەوایی بەسەر ڕوخساری بابەکدا هێناو کەمەر بەندی لە کەمەری بەست، پاشان کە یەکە بە یەکە دوعـــــای بۆ منداڵەکانی دیکە کرد،کوستی لە کەمەریان بەست. نۆرەی معاویە هات. ئەو بێ ئەوەی چاوەڕوانی پرسیاری باوکی روحانی بکا کوتی:



– باوکە دوژمنی ئەسڵیی من هارونە، ئەو هەم باوك و هەم دایکی منی کوشتووە، منیش کاتێك گەورە بووم ئەو دەکوژم.

موپەدی گەورە کە لەو منداڵە ئازایە خۆشحاڵ بوو بوو دەستی لاواندنەوەی بە سەریدا هێناو قۆڵی گرت و کوتی:

– ئافەرین کوڕم، خەلیفە هەر تەنیا دوژمنی تۆ نییە بەڵکو دوژمنی تۆ و سەر زەوینی تۆشە، بەلاّم تۆ ناتوانی بە تەنیایی ئەو بکوژی. هەموو ئێمە دەبێ یەکگرتوو بین و دەستی یەك دەستی بدەینە جاویدان و هاوکاری ئەو بکەین. ئەگەر کەسێك لە ڕێگای ڕاستی و ئاینی ئاهورایی بچێتە گۆرخانەی خامۆشییەوە، گیانی دەفڕێتە ناو بەهەشتەوە. بە پێچەوانەی ئەوە هەر کەسێك لە ترسی ئەهریمەن، ڕوو لە ئاینی خۆی وەربگێڕێ. لە نێو دۆزەخ دا بە زنجیر دەبەسترێتەوە. تۆ دەبێ لەم دنیایەدا تووەرەگەی سپی خۆت لە کرداری چاکە پڕ بکەی.

لە ڕۆژی پەسلاّندا ((لاپەڕە)) ی کار و کردەوەی هەر کەسە بە ترازووی چاکە و خراپە دەکێشن. ئەوەی لەم دنیایەدا کرداری چاکەی زیاتری هەبێ، ڕێـــگەی بەهەشت دەگرێتە بەر.

موپەدی گەورە کە لەسەرەتادا بابەك ئەوی بە جادووگەر چواندبوو، ئێستا بە دوعای خێر و زمانیخۆشەویستی ئامێزی، دڵ و گیانی ئەوی ئەفسون کرد بوو. کوڕەکان کوستی بە کەمەر دەمامك بە سەر = روخسارێکی لە خۆبایبوونانەیان هەبوو، دیاریش نەبوو سوور هەڵگەڕانی ڕوخساریان بەهۆی لە خۆبایبوونیانەوە بوو یان هی گەرمی ئاگرەکە.

لەودەمەدا و لە ناکاو لە ئاقاری سەرەوەی ئاوایی دەنگی دەهۆڵ کەوتە بەر گوێ. حەوت سواری دەمامك بەسەر بە خرۆشان و بێ قەرارییەوە، دەهۆڵەکانی خۆیان کە بەڕیسی چەرمین بە قەڵبوزی زینەکەیانەوە بەستبوو، دەکوتاو جاڕیان دەدا

– خەڵکی قارەمانی بیلال ئاباد گوێتان لێبێ و ئاگاداربن کە خەلیفەی بەغدا ئارامی لە باپیران و برایان و خوشکانی ئێمە کە لە گۆرخانەی خامۆشیدا خەوی هەتا هەتاییان لێکەوتووە، دەفڕێنێ، ئێمە چۆن دەتوانین ئەم دەستدرێژییە تەحەمول بکەین! خەڵکی سەر بەرزی بیلال ئاباد! نابێ سەر بۆ ئەم بێ مرووەتییە دابدەین! بە پارە و خەراجێك کە زیبدە لەئێمەی دەستێنێ، ئاو بۆ مەکەڕادەکێشێ. زۆر ئاشکرایە کە ئەم کارە نە لە بەر خاتری خوا، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی بەها و متمانەی دەزگای خەلافەت، دەکا. بۆ ئەوەی لەم زوڵم و زیللەتە ڕزگار ببین، جگە لە پەیوەست بوون بە جاویدان چارەیەکی دیکەمان نییە. جاویدانی کوڕی شەهرەك ئالاّی تێکۆشانی دژی خەلیفە

هەڵداوە. روحی ئەبو موسلیم لە بە دەنی جاویداندا هەڵێداوەتەوە, هەمومان دەبێ هاوکاری جاویدان بکەین.

بانگی جارچیان لە ئاورگادا دەنگی دایەوە. منداڵەکان سەریان سوڕما بوو, تەمبوور ژەنەکان بە دوای شمشێرەکانی خۆیاندا چوون. بابەك نیگای خۆی لە سیمای موپەدی گەورە ورد کردبۆوە. لە ڕەفتاری وییەوە. درکی بە پەشۆکاویی دەروونی ئەو کرد و لەرزینێك کە کەوتبووە ناو دەست و پێیەوە, بینی. جارچیان هەروا جاڕیان دەدا:

– بەناوی یەزدانی گەورە, شمشێر بگرن بە دەستەوە! بزانن خەڵکی هەمەدان و شارەکانی خوراسان ڕاپەڕیون و فەرمانڕەوایانی بیگانەیان وە دەرناوە, خۆیان شارەکانیان بە دەستەوە گرتوە. کوردەکان و قەرەداغـــــــییەکانیش هاودەستی ئێمەن. ئیمپراتۆری ڕۆمیش لایەنگری لە ڕاپەڕیوان دەکا. هەمووان چەك هەڵبگرن و یەکسەر ڕوو بکەنە قەڵای بز و پیشتیوانی لە جاویدان بکەن!

ئەو منداڵانەی کە لە ئاورگا کۆببوونەوە ئەوانیش لە خرۆشان و جۆشاندا لەبەر خۆیانەوە وەلەرزە هاتبوون. ئەم دەنگە لە نێو خەڵکیدا کەوتە بەر گوێ: ((تۆڵە لە دوژمن دەستێنین!))

موپەدی گەورە لە خوا پاڕایەوە کە بازووی بە هێز و شمشێری پتەو و تیژ بە هەمووان ببەخشێ.

...کاتێك کە خۆر بەرەولای چیای بز لار دەبۆوە, لە نێو حەوشی ئاورگادا جگە لە ئاگر داگیرسێنی پیر و موپەدێکی هەراسان کەس نەما بوو. ئاگرداگیرسێن لێکدا لێکدا بە مقاشێکی درێژ ئاگرەکەی خۆش دەکرد و چاوی لە مەشخەڵە گولاوینەکانی ئاگرەکە چەقی بوو.

... نێزیکی ڕۆژئاوا, بایەکی توند هەڵیکرد و تەم و دوکەڵێکی کە بە سەر دەشتی سووردا باڵی کێشا بوو. پەرت و بلاو کرد. و بیلال ئاباد بە نێو دڵی تاریکی و خرۆشان و خەمدا نقووم بوو. هەواڵێك لە جارچیان نەبوو. بەلام زرینگانەوەی دەنگی ئەوان هێشتا لەناو گوێیاندا بوو: ((بەناوی یەزدان دەستدەنە شمشێر...))

ئەوان بەرەو ئاواییەکانی دیکە ڕۆیشتبوون تا بانگ ڕادێرن: ((خەڵکی هەمەدان و شارەکانی خوراسان راپەڕیون...))



## (٩)

## لە لەوەڕگا

*پیاوی قارەمان هیلاکی و بێ خەوی*
*چاوەکانی بەسەر زینی ئەسپەوە دەڕەوێنێتەوە.*
*دەنگی سمی ئەسپان لە ناو گوێی ئەودا*
*لە ئاوازی خۆشەویستی و لای لایە دڵپەسندترە.*

تالانکەرانی هارونە ڕەشید, لە خەزەرەکان بێ بەزەیی تر, سەر زەوینی ئاگرەکانیان دابووە بەر هەڵمەتی تالان و بڕۆوە. ئاورگاکانیان وێران دەکردو خوڕەمییەکانی کە لە هەر گۆشەیەکدا دەستیان دابووە شۆرش, لە هەر جێگایەك بدۆزیبایەوە, دەستە دەستە بەدارەوە هەڵدەواسی. ڕامالینی ئەو تالانچییانە لەو سەر زەوینەدا کارێکی ئاسان نەبوو. لە بست بە بستی خاکی ئەم وارە پڕ بەرەکەتەدا کە خەزێنەکانی زبێدە خاتونی لە ئاڵتوون پڕ دەکرد, بۆنی خوێن دەهات. ئەو میوانە ناوەختانە ئەوەندە ڕق و کینەدار بوون کە ئەگەر بیان توانیبایە هەموو خەڵکی ناوچەی ((مشکین)) یان بە سەر نووکی تیغی شمشێرەکانیاندا دەهێنا. جاویدان زۆریك لەو چەتانەی بەرەو چیا دوورە دەستەکان ڕاونابوو و سوپای خەلیفەی لە دەوروبەری بز پاشەکشێ پێ کردبوو. گوندە دوورە دەست و دەست پێ ڕانەگەیشتوەکان, هەموویان لە ژێر فەرمانی جاویداندا بوون. ئاگرێك کە شەوان لە سەر لوتکەی چیاکان هەڵدەکران, دڵ و چاوی خەڵکی ڕووناك دەکردەوە.

چیاکان کە بیلال ئابادیان لە ئامێز گرتبوو, دەمی شەو, ئەستێرە بارانی ئاگر دەبوون. پاسەوانانی ئاگر, بەپێی باوەڕەکانی خۆیان, تەمبووریان لێدەدا, هومیان دەنۆشی و بە چوار دەوری ئاگردا شادی و هەڵپەرکێیان دەکرد.

خەڵکی بیلال ئاباد هەروەکو باڵندەکان, شەویان لە ناو کەپراندا بە سەر دەبرد. کەپری بابەك و خێزانەکەی هەر لە هێلانەی لەق لەق دەچوو. لق و پۆپی دارتوویان بەسەر کەپرەکەیاندا دادابوو. برومەند لە پـــــــەنای کوڕەکانیدا خەوتبوو. بابەك لە حاڵی خەوتنیش دا دەستی هەر لە سەر قەبزەی شمشێرەکەی بوو.

پشیلەیەك دز ئاسا لە دەور و بەری لانەی مریشکەکان خۆی مات دابوو. چەمبەر هەر کە چاوی بە پیشلەکە کەوت وەك تیری لە کەوان دەرچوو خۆی بەرەو پشیلەکە هەڵدا, پشیلەکە پڤێکی بە دەمیدا کرد و چالاکانە و بە شێواوییەوە چووە سەر دار تووەکە و لە سەر لقێکەوە خۆی هەڵدایە ناو کەپرەکە.

برومەند بە خەواڵوییەوە کوتی:

- لاچۆ!

هەڵۆکە کە بە سەر تاقۆکەکەوە هەڵنیشتبوو. باڵەکانی پێکدادا و پەرەکانی وەك سیخ دەرپەڕاند. گای ڕەنگ خەنەیی بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی لە دەور و بەری ڕوو دەدا لە گۆشەیەکی حەوشەکەدا کاوێژی دەکرد و جار جار سەرو گوێلاکی گوێرەکەکەی دەلێسییەوە. قاراقاشقا بەویقارەوە ڕاوەستا بوو و جار و بار کلکی ڕادەوەشاند. دەنگی باعە باعی بزنەکان و کاریلەکان هەندێك جار لە نێو ئاغەڵەکەوە دەکەوتە بەر گوێ.

بابەك کە بە نێو کەپرەکەدا دەگەڕا, قژە زەردەکەی بابەکی کە بەسەر نێو چاوانی سپی و بەرزیدا هاتبووە خوارێ پەرێشان دەکرد.

لەم کاتەدا دوو سوار لە بەردەرگا ڕاوەستان و بە چاپووکییەوە لە سەر زینەکانیان هاتنە خوارەوە... چەمبەر هۆشیارانە گوێکانی قولاخ کردن. بەلاّم دەنگێکی لێوە نەهات. دەتکوت سوارەکانی ناسیون. بەرەو پێشوازی سوارەکان غاریدا و کلکی ڕاوەشاند و لە ڕووی شادمانییەوە خۆی بە سەر پێکانی سەلماندا دەهێنا و بۆنی بە دەستەکانیەوە کرد. سەلمان دەستی بە سەرو ڕووی چەمبەردا هێنا و ئەوی لە خۆی دوور خستەوە. پاشان بە پشتی دەستی, دەستێکی بە لووتە چەماوەکەی خۆیدا مالّی و روخسارە توکنەکەی خۆی خوراند. مەیتەر بە ئاماژەی سەری, کە پرەکەی نیشاندا کوتی:

- دەڵێی بە خەبەرە.

سەلمان سەری ڕاوەشاند:

- وا گومان دەکەم خەوتبێ, ئەگەر بە خەبەر بوایە, بۆ پێشوازیمان وەپەلە دەکەوت.



سەلمان بە ئەسپایی دەرگاکەی کردەوە. بە دەنگی کرانەوەی دەرگاکە بابەك لە خەوڕاپەڕی چاوەکانی هەڵگلۆفی و پاش چەند دانە کۆکەی وشك, دەنگیدا:

- کێ یە؟

- منم, سەلمانم.

بابەك دەنگی سەلمانی ناسی و لە حاڵێکدا کە بە هاتنی وی خۆشحاڵ بوو بوو, بە پەلە بە پەیژەکەدا هاتە خوارێ, برومەند لە دەنگی ئەوان خەبەری بۆوە, بە پەلە کراسەکەی لە بەر کرد و ئەویش هاتە خوارێ...

سەلمان لە بابەکی پرسی:

- هەموو چەکەکان ئامادەن, کوڕم؟ ئێمە ناتوانین ماوەیەکی زۆر بەن ببین.

- دەزانم.

بابەك بەرەو دەرگای حەوشە چوو و بەردێکی پانی بەرز کردەوە و بۆ ناو ئەمبارێك کە بۆنی شێی لێدەهات, چووە خوارەوە

- تورەگەکان بنێرنە خوارەوە.

مەیتەرەکەی سەلمان بێ دواکەوتن, گوریسێکی ڕاداشت و توورەگەکانی ناردە خوارەوە.

بابەك توورەگەکانی لە شمشێر و کەوان و تیر و نێزە پڕ کرد و کوتی:

- هەلیکێشن.

پاشان دەستیکرد بەسەر خستنی زرێکان و کلاّوخودەکان و سوپەرەکان. چەکەکانیان لە ئەسپێك بار کرد. بەلاّم هێمان چەکێکی زۆر لە ئەمباردا مابوو.

سەلمان دەستە گەورەکەی لە سەر شانی بابەك داناو کوتی:

- زۆر سوپاسی تۆ دەکەم کوڕم. ئەو چەکانەی کە ماون دەیانگوازییەوە بۆ گۆرخانەی خامۆش... کاتێك کاری چاندنی خۆتان تەواو بوو, دێیە لای ئێمە و یارمەتیمان دەدەی, گای خۆشمان هەیە.

قەرار وابوو چەکەکان بگەنە جاویدان کە لە بز خۆی پەنا دابوو. شبلی بازرگان, ئەو چەکانەی لە بازاڕی بەردەعە کڕی بوو و هێـــــــــنابوونی. گونجاوترین و دڵنیاترین جیگا بۆ شاردنەوەی ئەمانە, ئەمباری نهێنی پێش ماڵەکەی بابەك بوو, بابەك لە هەر ڕوویەکەوە شیاوی دڵنیایی بوو. ئەو ئیتر بە پیاوێك دەژمێردرا.

سەلمان و مەیتەر بە پەلە ئەوێیان بەجێهێشت. خەو لە چاوی بابەك پەڕی بوو, برومەند دەستی لە سەر نێوچاوانی کوڕەکەی دانا و برۆکانی وێك هێنایەوە و کوتی:

- خوایە بمرم! تۆ هێشتا تات لێیە! ئەگەر دەتەوێ با عەبدوڵلاٚ خەبەر بکەمەوە, با ئەو ئاژەڵەکان بەرێتە سەحرا. با حاڵت بە تەواوی باش بێ. تۆ پشوو بدە.

- نا دایە! من ئیتر ناخەوم, ناتوانم بخەوم, چی وای نەماوە بۆ بەرەبەیان, کاتی خۆیەتی ئاژەڵەکان دەربکەم, حاڵم باشە.

- ئازیزی دڵەکەم, تۆ تەنیا چەند ڕۆژێکە لە جێدا هەستاوی. ناتوانم بێڵم تۆ بچیە سەحرا. با حاڵت بە تەواوی باش بێ. دەترسم سەرمات بێ و دووبارە تات لێ بێتەوە.

بابەك پاش بەستنی کوستی لە ئاورگا, غرورێکی سەیری لە خۆیدا هەستپێدەکرد و هەروا سەر سەخت و پێداگرێك بوو زەحمەت بوو بڕیاریك کە بیدایە دەستی پێ لێ هەڵبگیرایە. ئەو هەوساوری قاراقاشقای لە سینگەکەی کردەوە و خۆی هەڵ دایە سەر پشتی:

- دایە! معاویەش خەبەر بکەرەوە با بێت.

برومەند ناچار چوە سەر سەرینی معاویە:

- هەستە براکەت چاوەڕێتە.

معاویە دەست بە جێ جلی لەبەر کرد.

بابەك کوتی:

- گاکان و بزنەکانیش بێنە دەرەوە.

معاویە مالاٚتەکانی هێنایە دەرەوە و خۆشی سواری دەمیر بوو. کاتێك گۆلکە ڕەش دایکی بینی دەڕوا, زۆڕاندی, چونکە نەیتوانی گوریسەکەی بکاتەوە, بە پاڕانەوەوە دەیهۆقاند. بزنەکانیش هاودەنگ بۆیان ستاندەوە. برومەند ترسا ئەم هەراو هەنگامەیە عەبدوڵلاٚ بەخەبەر بێنن. کوڕێژگە بەتەنهایی هەموو مالاٚتەکانی ئاوایی دەبردە سەحراو ئەوەندە ماندوو دەبـــــو کە وەختی نوستن وەکو تاشە بەردێك بێ جووڵە, دەکەوت.

برومەند کاتێك بە پلەکانی کەپرەکەدا سەر دەکەوت, بابەکی بینی شاهێن بەسەر شان, وێرای معاویە, گەیشتۆتە کەناری کانییەکە و بەسەر تاتە بەردێکەوە سەرکەوتووە. بە ڕواڵەت هێشتا دۆستانیان لە خەودا بوون, هاوار هەستا:

- ئەها... تاکەی دەخەون؟ هەستن بابە, وەخت درەنگە.

معاویەش بە دوایدا کوتی:



- ئەسپەکانیشتان بێنن ئەمڕۆ لە دەشتی سوور پێشبڕکێ دەکەین...

ئەو کوڕانەی بە دەنگی بابەك و معاویە خەبەریان ببۆوە, یەکتریيان بانگکرد, ئەوان بە هەڵە داوان, گاکان و مەڕەکان وبزنەکانیان بەرەو لای کانی هێنا. معاویە لە سەر ڕێگای خۆیەوە بۆ حەوشی ماڵی سەلمان گەڕایەوە. گاکانی ئەویشی خستە ناوگاڕانەوە و بەرەو دەشتیسوری ڕادان.

ئاسمان هێشتا ئەلماسی ئەستێرەکانی خۆی لە دەس نەدابوو. ئەو ئاوازخوێنانەی شەو هێشتا دەیان خوێند. بولبولان - ئەو باڵندەی ئەستێرەی زوهرەو بەیان - لێویان لە سروودی عیشق بەیەکدا نەدابوو.

ڕۆشنایی کەم و دووکەڵێکی کە بە هەوادادەچوو و بانگی بەرزی کەڵەشێرانی سپی ئاورگا, هەواڵی زیندوویی و ئاوەدانی ئاورگایان ڕادەگەیاند.

دەنگی زرینگانەوەی زەنگوڵەی وشتران لە دوورە دەستەکانەوە لەگەڵ عەوە عەوی سەگەکانی ئاواییدا تیکەڵدەبوو.

ئاو و گیاو داوێنەکانی ئەو لێڕەوارەی کە سەری بە سنگی چیاکانەوە دابوو, چاوەچاوی هاتنی شوانیلەکان - ئەو هاودەمانەی هەموو ڕۆژێی خۆیان - بوون.

هەوای ساردی بەرەبەیان دەم و چاوی شوانانی لاوی دەتەزاند - تەزینێکی گیانبەخش - قاقبەقاقی! خۆشی کەوان لە پەنا بەردان و لە نێو دەوەنانەوە هەڵدەستا. هەر چەندە لە دەشتی سوور نزیك دەکەوتنەوە, گولاٚوی دڵپەسندی, گولاٚنی کێوی, سییەکانی شوانیلە سەر مەستەکانی زیاتر دەلاوەندەوە.

با, بە نێو چاوانی لوتکەی بز, ئاپۆرای هەورانی خۆڵەمێشی وەك شەنەی لێك دادەبڕی و جیا دەکردەوە, بەلاٚم ئاسمانی بیلال ئاباد ساف بوو. هێشتا چەند ئەستێرەیەکی پڕ لە رووناکی خۆیان بە دەستەوە نەدەداو وێنەکانیان لە ئاوێنەی کانیدا تیشکی دەدایەوە. بزنانی شەیتان بە سەر ڕووی دەوەنەکانی پەنا ڕێوە بازبازێنیان بوو, ئارام و سەنگین, بە ڕێدا دەڕۆیشتن. تۆز و خۆڵێکی کە لە جولاٚنەوەی گاڕان بەرز دەبۆوە گولاٚوین و دڵهەژێن بوو. چەمبەر لە حالێکدا کە بۆنی بەڕیگاوە دەکرد, ناوە ناوە وەپێش گاڕان دەکەوت و وەدوا دەکەوت و جار و بارەش عەوەعەوی بوو و بە هەموو حاڵ هۆشیارانە چاودێری مالاٚتەکە بوو. بابەك موچێکی بۆ کێشاو سەری سەگەکەی نەوازش دەدا:

- کوڕی باش! ئاگاداربە ها, گورگی بە تەمەن دروست وەکو چەتەکانی ئەبوو عومران لە پشتەوە سەر دەردێنێ و هەلت لێ وەگیر دەهێنێ. ئێمە دەڕۆین بۆ پێشبڕکێی ئەسپ تاودان و گاوگۆتاڵەکە بە تۆ دەسپێرین.

چەمبەر چاوەڕوونەکانی بە ناونیشانی ملکەچی بە ڕووی بابەك دەربڕی.

ئێستا هەوار دەشتی سوورە کە دەریایەك گوڵ بوو!

لە سەر ڕێگای دەشتی سوور هەڵدێرگەیەکی سامناك هەبوو کە ئەگەر کەسێك لە وێڕا بکەوتبایە خوارێ, پارچە پارچە دەبوو. ڕۆژگارێك کە باوکی بابەك, لەو بەری هەڵدێرگەکە لە سەر پارچە زەوییەك کاری هاوینەی دەکرد, داربەڕوویەکی گەورەی لە لێڕەکە بڕی بوو, لە سەر هەڵدێرگەکە داینا بوو. ئەم بوارە باریکە - ئەم قەدە درەختە لە جیاتی پرد - بە - پردی عەبدوڵلا - ناوبانگی دەرکردبوو, هەر کاتێك گاڕانیان بۆ لەوەڕ دەهێنایە ئەوێ, بابەك بەسەر ئەو پردەدا دەڕۆیشت و لە ناوەڕاستیدا بە شارەزایی و چالاکییەوە, هەڵبەزێنی بە سەردا دەکرد:

- بــە دوای مندا وەرن!... کێ دەتوانێ بە چاوی بەستراوەوە بەسەر ئەم پردەدا بپەڕێتەوە؟

بابەك وەکو هەڵۆیەك کە باڵەکانی بۆ فڕین دەکاتەوە دەستەکانی لێك کردبوونەوە و بەسەر پردەکەدا دەڕۆیشت.

منداڵەکانی دیکە بە ترس و پارێزەوە دەپەڕینەوە. بابەك سەری دەخستە سەریان:

- ئەمە خۆ ترسانی پێ ناوێ!

بابەك ڕای دەکرد, جاریکیش بە ئەنقەست خۆی دەخستە سەر پردەکەو هاواری دەکرد:

- هاوار, هاوار, بمگرن!

کاتێك هاواڵەکانی بە جۆش و خرۆشەوە, هەوڵیان دەدا یارمەتی بدەن, بابەك بە پردەکەوە خۆی هەڵدەواسی.... هەمووان دەکەوتنە شپرزەییەوە, بەڵام بابەك لەیەك چاوڵێك ناندا, خۆی وەردەگێرا, دووبارە خۆی هەڵدەدایە سەر پردەکە.

لەم جۆرە کاتانەدا معاویە لە دین دەردەچوو:

- سوێند بە گیانی باوکم دەبێ بە دایکم بڵێم!

دەزانی ئەگەر لێرەڕا بکەویە خوارێ پارچەی هەرە گەورەت ددانت دەبێ؟!...

شوانانی لاو, کە دەگەیشتنە ئەو بەری پردەکە جڵەوی ئەسپەکانیان ڕادەکێشا. بابەك کوتی:

- یاریکردنی سەر پرد ئیدی تەواو بوو! ئێستا نـــۆرەی ئەسپ تاودانە... معاویە! تۆ لەوەی بەجێ بمێنی ناترسی؟!



معاویە لەسەر پشتی ئەسپەکەی, خۆی ڕێك و پێك دێنا و دەبرد و بە ئاوازێکی فەرماندەرانەوە کوتی:

- هەر کەسێك لە مەیدان بڕواتە دەرەوە نامەردە!

سواران بە سەر پشتی ئەسپەکانی خۆیانەوە سەیری یەکترییان دەکرد. بابەك چەمایەوە و سەیرێکی سمە زیوییەکانی ئەسپەکەی کرد و لە ناکاو سەری بەرز کردەوە:

- گیانی منی!

بابەك هەر کاتێك دەهاتە لەوەڕگا, وێنجەی چوار پەڕی بدیبایەوە, لە سنگی خۆی دەدا. ئەو ئەمجارەشیان لە پەنا سمی ئەسپەکەی, وێنجەیەکی چوار پەڕی دی بوو:

- گیانی منی, ئەمجارەشیان من تەڵەسمم شکاند!

ئەوەی کوت و بە شادومانییەوە لە ئەسپ خۆی فڕێ دایە خوارەوە و وێنجەی چوار پەڕی لێکردەوە و پیشانی هاوەڵەکانی داو کوتی:

- گومانم نییە ئەمجارەشیان قاراقاشقا بردویەتییەوە.وێنجەی چوار پەڕ گیایەکی یەکجار دەگمەن بوو. منداڵەکان باوەڕیان وا بوو کە ئەم وێنجەیە ((تەڵەسم شکێن)) ەو بەختەوەری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. بابەك هەر جاریك وێنجەی چوار پەڕی لە سنگی خۆی دەدا, لە یاری یەکاندا سەرکەوتوو دەبوو.

ئەسپەکان بەسەر پێی خۆیانەوە ڕانەدەوەستان. بابەك وەك باڵندەیەکی باڵ سووك خۆی هەڵدایە سەر پشتی قاراقاشقا. معاویە (دەمیری بۆ پێشەوەتر برد. بابەك یاڵی ئەسپەکەی لە دەستییەوە پێچا, خۆی بە سەر پشتی ملی ئەسپەکەوە نوساند و موچێکی کرد و هاواری لێ هەستا:

- هێ, هێ! کێ حەریفە بابێ!

معاویە کوتی:

- هاتم! ئەوە ئەرز و ئەوە گەز, دڵنیام ئەمڕۆ قاراقاشقا ناتوانێ خەنیمی دەمیر بێ.

دەنگی سمی ئەسپان بەسەر بەردانەوە, بە جۆرێك بوو کە هـــەر دەتکوت بەردەکان دەبڕنەوە.

کوڕەکان شمشێر بە دەست لە پشت سەری بابەکەوە ئەسپیان لنگدەدا, دەتکوت جاویدان داوای لێکردون تا قەلای دوژمن دەست بە سەر بکەن. ((دەمیر)) گوێکانی جووت کردبوو. لە مەودایەکی یەکجار کەم لە پشت سەری قاراقاشقا دەیکوتا بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ قاراقاشقا

جووت بکا . بەلاّم قاراقاشقا ئەسپێك نەبوو بوار بۆ هاوتایانی خۆی بدا لەگەڵی جووت بن و پێشی بکەونەوە. هەوراز و نشێوی زەوی لە ژێر سمەکانی دا بە جێ دەهێشت و بەسینەیەکی کراوەوە لە پێشی پێشەوەی ڕەوە ئەسپەکانەوە غاری دەدا.

بابەك جار بە جار هەڵدەستایەوە پشت سەری خۆی و لە حاڵێکدا کە شمشێری لە هەوادا هەڵدەسوڕاند , سەری دەخستە سەر معاویە:

– ها! قارەمان! گەیشتییە کوێ؟ ئەسپەکەت زۆر ماندوو مـــەکە, دەمیر خەنیمی قاراقاشقا نییە.

معاویە کە لە کەمەر بەرەو سەرەوەی بەسەر ملی ئەسپەکەی داچەماندبۆوە, هێی دەکرد:

– برۆ دەمیر, دەمیر گیان باڵ بگرە, بفڕە!

پەڕەی لووتی ئەسپەکان ئاوەڵا ببوون و سمی ئەوان داغ بووبوو. شێوەی سمەکان بەسەر بەردانەوە شوێنەواری ئاشکرایان هەبووو. کەف لە دەمیانەوە دەر دەپەڕی. با, یاڵە چرپرپەکانی ئەسپەکانی کە دەتکوت بە ڕاستی خەریکە دەفڕن – بە سەر سەر و روخساری سوارەکاندا پەرش و بلاّو دەکردەوە. ئێستا گەیشتبوونە خەندەقێکی قووڵ کە لە سەر ڕێگایان بوو. خێرایی ئەسپەکان بە ئاوایەك بوو کە هیچ کاریك لە کردن نەدەهات.

بابەك چاوەکانی داخست و بە قایم یاڵی ئەسپەکەی گرت و هەیهایەکی کرد و جڵەوی ئەسپەکەی ڕەها کرد:

– ئەها,لە دەوری چاوت گەڕێم, بفڕە...!

قاراقاشقا بازێکی داو لەو بەری خەندەقەکەوە هاتە خوارەوە. دەمیریش بازیدا, بابەك و معاویە, لەو بەری خەندەقەکەوە, ئەسپەکانیان گرتنەوە و جڵەویان سوراندنەوە بابەك بانگی کرد:

– مەترسن هەیها بکەن و بفڕن

معاویەش هاواری کرد:

– چاوتان داخەن, دەنا چاوتان لە ڕەشەوە دەچن!

سوارانی نەوجەوان لەوبەری خەندەق مابوونەوە. جیگاکەی ئەوە نەبوو مل بۆ بەزین نەوی بکەن. هەر کامیان هەیهای لە ئەسپەکەی کرد:

– بۆ پێشەوە! بفڕە!

– گیانی من بفڕە!



ئەسپەکان یەکە یەکە بەسەر خەندەقەکەدا فڕین بەلاّم نەك بەو شێوەیەی کە قاراقاشقا و دەمیر فڕیبوون, لەو نێوەدا فڕینی قاراقاشقا شتێکی دیکە بوو. هەمووان سەراسیمە ببوون:

– ئەسپ نییە هەڵۆیە!

– ڕەخشی رۆستەمە!

سوێند بە گیانی شەروین لە نێو ڕەوە ئەسپی خەلیفەشدا ئەسپێکی ئاوای تێدانییە.

بابەك جۆریك لە شادی و غروووردا نقوم بووبوو کە نەخۆشی خۆی لە بیر چوو بوو.

ئێستا بیست, بیست و پێنج سوار و ئەسپ, بە یەك گەیشتبوون...

ژیان بۆ خۆی, مرۆڤ بۆ ڕوداوی گەورە ئامادە دەکا. لە چی ڕابوو کە خوێنی ئەو تازە لاوانە ئاوا هاتبووە جۆش؟ کێ دەیزانی کە ئەمانە بە زوویی سەربازانی یەك سوپاپێکدەهێنن, یاکێ دەیزانی شەڕو شۆڕی کارەساتبار و ڕۆژانی سەخت چاوەڕێی بابەك و یارانی دەکا؟

لەوانەشە زەمانە بە جۆرێك ئاوس بوو بێ کە ئەم سوارانە, شەو تا بەیانی بەسەر پشتی ئەسپەوە غار بدەن و بە یانی تا ئێوارە شمشێر بوەشێنن!

بابەك و هاوەڵانی, لە ژینگەیەکی ئاوادا, بە ئەسپ تاودان, بەسەر کێو و بەردەلاّنەوە, لە ژێر لێزمە و باران و بروسکەدا گەورە بوون و بە خۆدا هاتن. سالاّنی منداڵیئەوی لە کورەی سەختییەکان و توشییەکاندا مشت و ماڵ کرد و شادی یەکانی سەحرا چالاکی و ئومێدی لەودا خولّقاند. ئەو بەخۆ نازین و بەرزە فڕی, لە هەڵۆکەیەوە فێر بوو – هەڵۆکەی کـــە هەمیشە بە سەر شانییەوە دەنیشت, لە ڕاکردنەکاندا بە دەنووکی لە شانی دەداو قیڕەی بە گوێیدا دەکێشا.

ئەو لەم ئەسپ تاودان و پێشبڕکێیانەدا, هەڵۆکەی لە سەر شانی دادەنا و چنگوڕگەکانی کە بەسەر شانییەوە گرێیان دەکرد, بە نوقلاّنەیەکی باش وەردەگرت.

بە هاران, نە هەورانی ڕەشی داوێن بلاّو درێژەیان هەیە و نەخەندەی لێواو لێوی ئاسمان. تاوێك گریانی ئاسمانەو ساتێك پێکەنینی خۆر. بەیانییەکی ڕۆژێکی ئاوا, هەورانی بارانی لە ئاسۆداچڕ ببوونەوە و بابەك دیـسانەوە لە ئەسپ تاوداندا پێش یارانی کەوتبۆوە و ئەو لە تخوبی کۆتایش تێپەڕی بوو و هێشتاش هەر دەڕۆیشت. هیچ یەکێك لە سوارەکان لە پشتی ئەوەوە نەدەبینران تەنانەت دەمیریش خەبەرێکی نەبوو. بابەك ملی ئەسپەکەی بۆ پشتەوە کەوانی کردو بە دەوری خۆیدا سوڕایەوە و ڕاوەستا, بابەك بە خۆی کوت:

((پشوویەك دەدەم تا کوڕەکان دەگەن.)) لە ئەسپەکە دابەزی. دەستی بەسەر سمت و کەلەکەی ئەسپەکەیدا هێنا:

– ئەسپی پۆلاَینم, سوپاست دەکەم.

هانکە هانکی هەناسەی ئەسپ خەریك دەبوو پەڕەی لووتی بدڕێنێ.

سەر و ملی ئەسپەکە ئارەقی کردبۆوە و هەڵم لە بەدەنییەوە هەڵدەستا. بابەك کەمێك گێڕای تا ئارەقەکەی وشك ببێتەوە لە ناکاو ئەسپ گوێکانی بەیەکدا جووت کرد و هەمان سات هاشەی تیرێك بە بەر گوێی بابەکدا هات و ئەسپ تەکانێکی خوارد, تیرێك لە سنگیدا چەقی بوو. بابەك دانەوی و تەماشایەکی کرد. ئەوەندە قووڵ نەڕۆیشتبوو. بە ڕقەوە, تیرەکەی هێنایە دەرەوە و لچکێکی لە توێشەکەی لێکردەوە و خستییە سەر برینەکەی و تێبینی کرد تیرەکە لەمەودایەکی کەمێك دوورەوە هاویژراوە. لە هەمان کاتدا تیرێکی دیکە چەند پێیێك دوورتر لەزەویدا. بابەك بێ هیچ پە شۆکانێك هەروا ڕاوەستا بوو. چاوەکانی وەکو هەڵۆ دەورو پشتیان دەپشکنی. دواجار تالاَنچییانی کە بە کوێرە ڕێ یەکدا کە بە نێو بەردەلاَنێکدا دەڕۆیی, بینی و تێگەیشت کە چەتەکانی ئەبو عومرانن. ئەوان وەك ئەوەی بابەکیان نەناسیبێ, ئەویان کردبووە بەر ئامانجی خۆیان. ماوەیەك بوو پیاوانی ئەبو عومران بە تەواوی هار بووبوون. ئەوان تەنانەت بەزەییان بە منداڵیشدا نەدەهاتـــــــەوە و لە هەر جێ یەك هەر کەسێکیان بدیبایە ئاوا ناپیاوانە دەیانکوشت. تیرێکی دیکە ویزەی هات و هەڵۆ بەسەر شانی بابەکەوە قیڕە قیڕی دەست پێکرد. تیر بە پەنا باڵی هەڵۆدا تێپەڕی بوو. بابەك بیری کردەوە: گومانی تێدا نییە پیاوەکـانی ئەبو عومران کاتێك لێرەوە تێپەڕین, منیان دیوە.))

ڕق سەرتاپای لەشی داگرت و نەعرەتەیەکی شێتگیرانە لە دڵییەوە هەستا:

– ئەهای...!

بە نەعرەتەی بابەك هەڵۆ هەڵفڕی.بابەك شمشێری بە ئاوزەنگەوە هەڵواسی و قۆچە قانییەکەی لە کەمەری کردەوە و بێ تێفکرین چەند کوچکە بەردی کۆکردەوە و چەتەکانی بێگانەی دایە بەر بەردان. بەردەکان لە مەودایەکی دوور بەر زەوی دەکەوتن. چەتەکان دەستیان لە تیر هاوێژی هەڵگرت, بە ماتییەوە تەماشایان دەکرد: بستە بالاَیەك, چ بازوویەکی بەهێزی هەیە!))

بابەك بە هەڕەشەوە هاواری کرد:

– سەر زەوینی ئێمە تەسلیم بە نامەردان نابێ, ئەگەر پیاون وەرنە پێشتر!

نەعرەتەی ئەم قارەمانە لاوە بە دەشت و چیادا دەنگی دایەوە, شێواوی کەوتە ناو دڵی تالاَنچیانەوە, بە ڕاستی عیشقی نیشتیمان لەگەڵ خوێنی ئەم خەڵکە ئازەرییە تێکەڵبووە, ئەم ئاگر پەرستانە دەبێ بیانکوژین!



لەو کاتەدا سوارانی سەحرا, و لە پێشیانەوەش معاویە, گەیشتنە لای بابەك. پیاوانی ئەبو عومران چاوەڕێی ئەمە نەبوون, بە بینینی ئەوان هەڵاَتنیان لە خۆگرتن, پێ پەسند تر بوو.

هاوەڵاَنی بابەك پرسیان:

– چ ڕوویداوە؟

– هیچ نییە.

– ئەی ئەو تیرانە چین؟

پیاو کوژەکانی ئەبو عومران هاویشتوویانە.

– لە کوێن؟

– کە ئێوەیان دی ڕۆیشتن.

– سواربە دوایان کەوین.

– ئەسپەکەم بریندار بووە.

– ئێمە ڕۆیشتین, تۆ چاوەڕێمان بە!

لاوەکان بە دەوری گردەکەدا سوڕان, بەرەو خوار بوونەوە.... و پاش ماوەیەك گەڕانەوە:

– نامەردانە ڕۆیشتبوون.

معاویە دەستێکی لە شانی براکەیدا:

– گوێ مەدەیە. برینەکەی قووڵ نییە. چاك دەبێ دایکم هەتوانی لێدەدا, شیری بە سەردا دەکا.شتێك نییە...

هەموو چاوەکان بە ئاگری تۆڵە داگیر سابوون. بایەکی فێنکیش کە هەڵی کردبوو هیچی لەو گڕە کەم نەدەکردەوە شوانان مێگەلیان دایە پێش خۆیان و خامۆش و بێ گفت وگۆ بەرەو گوند ڕایاندا. معاویە نەیدەزانی چۆن دڵنەوایی بابەك بکا: ((کوڕە! مەگەر تۆ نەت دەکوت ئەگەر وێنجەی چوار پەڕ پەیدا بکەم, بەخت یاوەری منە! بابەك هەڵۆ بەسەر شانەوە و لە بیرانەوە چوو, جڵەوی قاراقاشقای گرتبوو و ئارام ئارام هەنگاوی دەنا: ((بەخت یاوەری ئێمەیە. با برینی قاراقاشقا چاك ببێ. پیشانی دەدەم بەخت یاوەری منە, بەخت یاوەری ئێمەیە!))

گاڕان گەیشتبوە لێواری کانی و لێواری ئاوایی, هەورەکان لە ئاسۆدا وەك ڕەنگی خوێن هەڵگەڕابوون.

## (١٠)

# دەشـــــــــــتی ســــــوور

*مرۆڤ بۆ سەرکەوتن خوڵقاوە*
*دەتوانرێ ئەو نابووت بکرێ*
*بەڵام ناتوانرێ تێك بشکێنرێ.*
*(ئێرنست همنگوای)*

بە هەق بیلال ئابادییەکان نانی خۆیان لە بن بەرددا دەردەهێنا. کوێرەڕێیەکانی پڕ لە پێچ و پەنا کە لە ناو گوندەکەوە دەستپێدەکرد, خەڵکی بە هەزاران لادا دەبرد. تەنیا هەناسەی گەرمی گوندنشینان بوو کە مەزرای پەرش و بلاو و باخچە پەشۆکاوەکانی پاراو و تێراو دەکرد. بیلال ئابادییەکان دەیانکوت: ((پەروەردگاری گەورە بە خەڵق کردنی مرۆڤ, شەرەف و ناوبانگی بە خاك, بەخشی.))

خۆر هەر چەندە ئەوەندەش گەرم نا = ژیان و گەرمی بە هەموو شتێك دەبەخشی. لەلای ڕوباری ئاراسەوە شنەبایەکی خۆش دەهات کە بە گولاوی گولانی بەهار تێکەڵاو بوو بوو. بابەك لە دایکی زووتر هاتبووە دەشتی سوور تا لە پێشەوە بەرد و پارچە خشتەکان لە ناو زەوییەکەیان کۆبکاتەوە و بۆ کێلان ئامادەی بکا. ئێستا, ئەو, چاو لە ڕێ بۆ هاتنی دایکی دانیشتبوو. خۆر بەرز ببۆوە, بەڵام هێشتا هەواڵێك لە دایکی نەبوو. هەرچی کات تێدەپەڕی چاوەڕوانی بابەك ڕەنگی نیگەرانی بەخۆوە دەگرت. هەمیشە بەشێوەی نیگەرانی, کەسەر و حەیف خواردنەوە: ((ئەگەر باوکم زیندوو بوایە, پێویست نەبوو, ئەوەندە دایکم زەحمەت بدەم.



کشت وکاڵ و چاندن کاری ژنان نییە, بێچارە دایکم! ئەگەر سەلمان لە بز دەگەڕایەوە دەچووم چەند گاجووتم بە ئەمانەت لێ وەردەگرت وزەوییەکەم دەکێلا.))

دەشتی سوور, سنگی بەرینی خۆی لە بەر پێی خەڵکی بیلال ئاباد دا کردبۆوە. ئەم لاو ئەولا بێل و گا بوو, گاسن و کاربوو, کاروکار, معاویەش لەو خوارانە زەوی دەکێلا...

دایك هێشتا نەهاتبوو. بابەك هەنارێکی لەناو توێشوەکەی دەرهێناو لە ناو دەستیدا هەڵگێڕو وەرگێڕی دەکرد: ((دایکم هەمیشە لە بیری ئێمە دایە, ئەم هەنارە کە نیشانەی بەرەکەتە لە پایزەوە تا ئێستا هەڵیگرتووە, خوایە هەر بمێنێ! بەرهەمی هاوینی وەك ئەم هەنارە پڕ ئاو و بەرەکەت بێ!))

جیگای نیگەرانی نەبوو. ئێستا لەلای کانی ((سروشك)) سەر و کەللەی گاکان بەدەرکەوتن. دایك جوتێك گای وەپێش خۆی دابوو و دەیهێنان. گاجوتەکان لە ڕێگا پاڵیان بەیەکترەوە دەنا. بابەك هەنارەکەی خستەوە ناو توێشوەکەیەوە و بە خۆشییەوە بۆ پێشوازی دایکی چوو. دایك کە چاوی بە کوڕەکەی کەوت, وەك هیلاکییان لە لەشی گرتبێ, کوتی:

- وەرە دایـــە ئەم گاجووتانە ماندوویان کردوم, مەگەر ئەمانە دەکەونە ڕێ, مەگەر ڕام دەبن !

- ناڕەحەت مەبە دایکە, ڕامیان دەکەم.

بابەك بە شوڵکەدار کەوتە گیانی گاجوتە قەڵەو و ئەستورەکان. گرتن و بەستنەوەی گایانی ئاوا, بەگاسنەوە کارێکی ئاسان نەبوو. هیچ کامیان ملیان بۆ ئامورر و سەریان بۆ کار نەدەدا. شاخەکانیان لە خەنجەر تیژتر بوو. بەهەر حاڵێك کە بوو گاجوتەکان بە گاسن بەسترانەوە. بەڵام ڕێ یان نەدەگرت و هەر کامیان بەلایەکدا ڕایدەکێشا. مەترسی ئەوە هەبوو ئامورر بشکێنن. بابەك توڕە بوو. مستێکی لە پشتی یەکێکیان دا ئەژنۆی گاجووت کەوتە سەر زەوی. دەمی برومەند لەسەر سوڕماندا بەش بوو: ((خوایە لە چاوی بەد بیپارێزە, ئەم کوڕە هێزی بازووی لە ڕۆستەمەوە بۆ ماوەتەوە!))

ئێستا گاجووتەکان ڕام بوو بوون و ملیان بە ئامورر دابوو. برومەند لێی دەخوڕین و بابەکیش دەستەندووی گاسنەکەی گرتبوو:

- هۆ... هۆ!

برومەند لە حاڵێکدا کە چاوی بەرەو خۆر بوو, لە ژێر لێوانەوە دوعای دەخوێند:

– ئەی خوای میهرەبان هیلاکی لەلەشی جوتیاری تازە لاوم بەدوور بگرە. ئەی ئاهورای گەورە, بەرەکەتی خۆت لە شینایی ئێمە فراوان بکە!

گاجووتەکان بە سەنگینییەوە هەنگاویان دەنا.

نان پەیدا کردن لێرە کارێکی دژوار بوو. بابەك و براکەی چەند ڕۆژ پێشتر لە مەزرا کاریان کردبوو. دەوەنە چقڵ و گوێنییان لە ڕیشەوە دەرهێنا بوو و فڕێیان دابوو. بەڵام هێشتا چقڵ و گیاو گۆڵ – لێرەو لەوێ – بەرچاو دەکەوت. هەر چەندە کار, بەسەختی و لەسەر خۆیی دەچووە پێشەوە, بەڵام هەرچەندە کات تێدەپەڕی بەشێك لە سنگی دەشتی سوور وەردەدرایەوە. گاسن, جاری وا هەبوو لە ژێر خاکەوە کلاو خودەی ژەنگاوی دەردەهێناو, جار هەبوو نووکی لە شمشێر و سووپەری ڕزیو گیر دەبوو. ساڵەهای ساڵ بوو لەم دەشتە, لە نێوان خەڵکی ئاوایییەکان و سوپای خەلیفەدا تێك گیران و پێك دادان بـــــوو. بەڵام هیچ کام لەوشتانە کە لەژێر خاکەوە وەدەردەکەوتن, بیری بابەکیان لە کاری کێڵان, وەرنە دەسووڕاند, تەنانەت بۆنێکی کۆنی و دڵشێوێن کە لە جێگایەك بەر لووتی وی کەوت. ئەو هەمموو گیانی لەسەر ئەم بیرە بوو کە هەرچی زووتر کاری کێڵان تەواو بکا.

جووتێرەکان لە کێڵگەیەکی نزیك, (هولاوار [1]) یان دەخوێند. برومەند لە شادیدا ڕاست و چەپی خۆی لیك جودا نەدەکردەوە. ئەو هەر بەیناو بەین دەگەڕایەوە, و تەماشایەکی کوڕەکەی دەکرد لە ڕووی شادمانییەوە لە دڵدا دەیکوت: ((بەقوربانی کوڕم بم باڵای وەکو فیلەتەن و هێزی وەك شێری لێهاتووە, تەماشا چۆن گاسن بە دڵی زەویدا دەباتە خوارەوە. دەڵێی سی ساڵە جووت دەکا. نەزرم لە خۆم گرتووە قاراقاشقا زوو چاك بێتەوە, بارێك دار بۆ ئاورگا بەرم...))

برومەند ڕووی کردە ئاسمان و خۆر و دەستی بە پاڕانەوەوە بەرز کردەوە و بە بابەکی کوت:

– بابەکم, خودایە لە چاو نەچێ! بەرامبەر سەد لاوی هاوتەمەنی خۆتی! بێ هاوتای!

بابەك هیچ کات حەزی بەو پێداهەڵکوتنانە نەدەهات. نێو چاوانی تێکنان و کوتی:

– دایکە ئاگاداربە, ژێر پێی خۆت نابینی چقڵ لە پێت ڕادەچێ.

– قەیناکە دایە, دەبینم.

١- هولاوار: ئەو گۆرانی و ئاوازانەی کە لادێ نشینەکان لەکاتی سەرخەرمان و زەوی کێڵاندا دەیڵێن.



برومەند کۆلکە چقڵێکی لە نێو دووگاکەدا داناو سەری گاسنەکە دروست چووە بن ڕەگەکانییەوە. بابەك گاسنەکەی بۆ زەوی داگرت و هێنایە دەرەوە. کۆلکەکە ڕیشە کێش بوو. برومەند کوتی:

– ئەم زەوییە, هی ئێمەیە... هەمیشە هەر هی ئێمەش دەبێ.

زەوی وەرد دەدرایەوە... دەستەیەك قەلەڕەش بە سەر زەوییە کێڵدراوەکەوە نیشتنەوە, دەنووك کارییان تێدا دەکرد. دەنگی قاقبەقاقی کەوان لە داوێنەکە و گولاوی تێکەڵبووی گوڵ وگیا لە دۆڵەکەوە بە هەوادا پەخشدەبوو.

کاتێك سێبەری داڵە کەر خۆرەکان کەوتە سەر گاجووتەکان ئاژەڵەکان دەڕەوینەوە.

برومەند لە نێو خەیالاتی شیریندا نقووم ببوو. ئەو لـــە پەردەی خەیاڵیدا کاڵەکی دەدیتن کە (جووتیاران لەکاتی خەرمان هەڵگرتنەوە و زەوی کێڵاندا دەیخۆن), بۆنەکانیان لووتی بنیادەمی ئارام دەکردەوە و شیرینییان گەرووی دەسووتاند. شووتی دەدیتن گەورە و ئاودار, شیرین و سوور, سوور وەکو خوێن ئەوانەی کە بە شووتی ڕەنگ خوێن ناسراون, گەورەترین دانەکانی ئەوانی هەڵدەبژارد تا تۆوەکانیان بۆ ساڵی دواتر و ساڵانی داهاتووتر هەڵبگرێ: ((ئەگەر تەمەن ماوە بدا, ساڵی ئایندە, لێرە بەس شوتی ڕەنگ سووری خوێنین دەچێنین شووتی ڕەنگ خوێنین لە ئەردەبیل و برزەند بە پارەی باش دەکڕن خەیاڵ بەسەر برومەند دا زاڵ بووبوو: ((لەوانەشە بابەك بخەمە ناو کاروباری بازرگانی و لەگەڵ وشتروانانیدا بینێرمە بەغدا. ئەگەر سەفەرێکی ئاوا بێتە پێش. ئەو بە دەست و چاوێکی پڕەوە دەگەڕێتەوە هەرێمەکە. چاوەکانی پڕ لە تاقی کردنەوە و دەستەکانی پڕ لە دیناری سوور, ئەو کاتە ماڵێك پێکەوە دەنێ و زەماوەند بەڕێ دەخەین و بووك دەباتە ماڵی خۆی...))

جیهانی خەیاڵ چەند تەخت و نەخشی خەیاڵ چەندە دڵبزوێنە!

... گاجووتێك پێی بە پێی برومەند دا داناو زنجیرەی خەیاڵەکانی پچڕاند:

– ((ئاخ!))

روخساری لێك کردەوە و دووبارە هاتەوە سەر خۆی. شولکەکەی بەرز کردەوە سەر سەری و هەڵی سووڕاند و هەڕەشەی کرد:

– ئەی بتەقی, بێ خێر!

گاجووتەکان ماندوو ببوون. بەڵام (هولاوارێکی) دڵبزوێن کە بابەك دەیخوێند,ماندوویی لە لەشی ئاژەڵەکان دەردەکرد. بابەك جورێك سەر گەرمی کاری خۆی بوو, ئاوازی معاویەی کە لەو

خوارانە (هولاواریکی)ی دەخوێند, نەدەبیست. جاروبارە گاجووتەکانی چاودێری دەکرد تا ئەو ڕەگانەی کە بەبن پێچی گاسنەکەوە ئالابوون, لێبکاتەوە. کەستەکە خۆڵی گەورە کە لە سەر ڕێگای خۆی دەیدیتن, بە پێ وردی دەکردن تا کێلانەکە یەك دەست ببێ.

– دایکە ئەم خەتەش بۆی دەڕۆین ئینجا گاجووتەکان دەکەینەوە تا پشویەك تازە بکەنەوە.

– قسەیەکم نییە.... من لە بیری بەروبوومی خۆمان دام, وا خەیاڵ دەکـــەم ئەوەندە زۆر بێ نەتوانین هەڵیبگرنەوە خاکی ئاوا بە پیت لە جێگای دیکە وەدەس ناکەوێ.

برومەند شولکەکەی بە هەوادا گێڕاو هاشەی دەهات و گاکان لە ناکاو کەوتنە جوولان. هێشتا چەند پێیەك نەڕۆیشتبوون دەستەندووی گاسنەکە لە نێو دەستی بابەك دا لەرزی. هەروەك ئەوە کە سەری گاسنەکە لە ڕەگی دار بە ڕوویەکی گەورە گیر بووبێ. بابەك ددانەکانی پێکدا گوشی و نەڕاندی:

– یا شەروین....!

گاجووتەکان بە جۆرێك تەکانیان بە خۆدا کە کەمی مابوو ئاموور و داری گاسنەکە بشکێ, بەڵام سوودی نەبوو. کەف لە دەمی هەردوو ئاژەڵەکە دەهاتە دەر. برومەند شولکە درێژەکەی بردە سەر سەری و گاجوتەکان دووبارە تەکانیان دا... لە ناکاو لاشەی جەنگاوەرێك کەزرێی لە بەر دابوو لە ژێر زەوییەوە هاتە دەرەوە!... بۆنێکی دڵ شێوێن بە هەوادا بلاو بۆوە. بابەك وەك کەسێك کە مار یا دووپشك پێوەی دابێ, خۆی خستە ئەولاوە و لە حاڵێکدا کە لووتی خۆی گرتبوو, هاواریکرد:

– ئاگاداری گاجوتەکان بە, دایە!

... برومەندیش لە حاڵێکدا کە بەدەستێك دەم و لووتی خۆی گرتبوو, بە حەپەساوی و دڵشێواوییەوە کوتی:

– ئەی پەروەردگای ئاسمان! ئێمە چ گوناهێکمان کردبوو کە شتێکی ئاوا لەبەر پێمانەوە بێتە دەرێ؟ لەو ئانەدا ڕووی کردە بابەك:

– کوڕم! دەست هەڵگرە, ئیتر بەسمانە لە خێری هاوینە بێستان تێر بووین. بەرێ کەوە با بڕۆین. بە دوای ڕەوەدا بچۆ. حەتمەن مەیتەرەکانی سەلمان ئێستا دڵیان بۆ تۆ تەنگ بووە.

دەتکوت ئەسپیان بەسەر سنگی بابەکدا تاوداوە. نەیدەتوانی چاوە حەپەساوەکانی خۆی لەسەر کلاو خودەی دوو لەت بوو و سووپەری شکاوی جەنگاوەر هەڵبگرێ. تیریك کە لە سنگی لاشەکەدا چەقی بوو هەروا لە نێوان ئێسقانەکانیداگیر بوو بوو. بابەك دانەویەوە تیرەکەی لە



سنگی جەنگاوەرەکە هێنایە دەرەوە. بە چاوێـــکی نەفرەتبارەوە لێی دەڕوانی. ئینجا فڕێی دایە ناو زەوییە وەرد دراوەکەوە. قەلەکان بە قیڕە قیڕەوە کەوتبوونە هەڵفڕین. لە پەنای لاشەکە. شمشێرێکیش سەرنجی ڕاکێشا. بابەك شمشێری ژەنگاوی هەڵگرت و بە وردییەوە تەماشایکرد. نەخشەکانی سەر ڕووی شمشێرەکە نیشانیدەدا کە دەبێ لاشەکە خەڵکانی ئاواییەکانی ئەم دەوروبەرە بێ. تیغی شمشێرەکە لە چەند جێیەکەوە کەل بوو بوو بابەك شمشێرەکەی لەبەر خۆر ڕاگرت, کوتی:

– پەروەردگار! مەهێڵە شمشێرمان بەو دەردە بچێ باوکم کوتوویەتی: ((هەر قارەمانێك شمشێرەکەی ژەنگی هێنا, ئیتر ئەو مردووە))

باڵی خەیاڵ دووبارە پەردەی بەسەر واقعیەت داکێشاو ئەمجارەیان برومەندی لە نێو دنیای ئاوریشمینی خۆیدا نقووم کرد.

عەبدوڵڵا قارەمانی سەرفراز, مێردی برومەند لەگەڵ ئەودا دەستی بە قسەکردن کرد بوو. قسەیەك لە ڕووی سەر کۆنەکردنەوە: ((تۆ گیانی منت ڕەنجاند, بابەکم کە هێشتا لە منداڵێك زیاتر نەبوو, بە مەیتەری لەلای سەلمانی کوڕی میکە, داتنا, سەختی ژیان و دەست کورتی تۆپاکانەی ئەو کارە ناڕەوایەی دەدایەوە. ئێستا چییە وا ڕووت کردۆتە جووت و چاندن لە دەشتی سوور؟ تۆ بیرت نەکردەوە ئەمە کارێکی ناڕەوایە. ئەگەر نا ئەی بۆچی خۆم ئەوکارەم نەدەکرد. مەگەر من نەمدەتوانی, مەگەر نەمدەزانی لەو زەوییەداباشترین شووتی و کاڵەك دێتە بەرهەم؟ بەڵام تۆ دەزانی لە ژێر ئەم خاکەدا هەزاران ڕۆڵەی دلاوەر, هەزاران عاشقی ئاگر و نیشتیمان, بە خاك سپێردراون و چوونەتە خەوی هەتا هەتاییەوە. تۆ دەزانی ئازاردانی گیانی ئەوانە گوناهە. شمشێری من جەنگ دەخوازێ.شمشێری من دەبێ بە دەستی بابەکمەوە بێ. تا تۆڵەی باوکی و هەمەوو شـــەهیدانی نیشتیمان دەستێنێتەوە. بۆچی ئەو بۆ یاریدەی جاویدانی کوڕی شەهرەك نانێری؟ جاویدان پێویستی بە شمشێر و بازووی ئەو هەیە...))

شمشێری لە خاك دەرهاتووی جەنگاوەر هێشتا بە دەستی بابەکەوە بوو. قەبزەی شمشێرەکە لە عاج بوو. ڕووی قەبزەکە هەر وەکـــــــــو شمشێری باوکی, خەت و ڕەسمی بەسەردا کێشرابوون: ((سەیرکە ئەم قارەمانە چەند دوژمنی کوشتووە؟! ئەم شمشێرە دەدەم بە عەبدوڵڵای برام. ئەو هێشتا لەسەر شمشێری باوکم لەگەڵ مندا کێشە و بەرەیەتی.))

ئێستا ئیدی نۆرەی بابەك بوو لە ڕووباری شیری خەیاڵدا بەدەنی خۆی تێدا بشوا. بابەك لە خەیاڵی خۆیدا دەستی بە ئارەزووە بەدی نەهاتووەکانی گەیشتبوو. ئەو شمشێری باوکی

بەدەستەوەیە. قاراقاشقای لە دەشتی سوور بە نەرمییەوە داژوا. لەبەر چاوی ئەو, دەشتی خوێناوی جاریك پڕ لەلاشەگەلیك دەبوو کە دەکەوتنە بەر پێی ئەسپەکەی و ئەسپ ڕەتڵەکی دەبرد و جارێکی دیکە پڕ دەبوو لە شووتی گەورەو خاڵدار, لە کاڵەکی بۆن خۆش کە لەبەر شیرینی یان درزیان بردبوو شەقیان بردبوو. پڕبوو لە شەمامەی خەت خەت. لە ناکاو هەموو ئەو میوانە دەبوونە کەللە سەری کوژراوەکان. دەتکوت کەللە سەرەکان هاوار دەکەن و داوای یارمەتی لە بابەك دەکەن. دەنگێك لە گوێی بابەکدا دەزرینگایەوە: ((ئەی قارەمان! تۆڵەی خوێنی ئێمە دەبێ تۆ وەربیگری. روحی شەروین بازووەکانت بەهێز بکا. هەر ئەسپێکی دوژمن کە لە بەر پێکانیدا, دەمانکوتێتەوە, گیانی ئێمە لە ئاسمان و ئێسقانەکانمان لە ژێر خاك دەلەرزێنێ...))

برومەند هەستیکرد بابەك لە حالێکی سروشتیدا نییە, قۆڵی گرت و بە هێمنییەوە ڕایوەشاند:

- کوڕم! هەزار خەیاڵ بەهای پوولێکی نییە. دەشتی سوور بۆ ئێمە داهاتی نەبوو. بابڕۆینەوە ماڵێ.نازانم ئەم گاجوتانە گاسنەکەیان هەڵگرتووە لەگەڵ خۆیاندا بۆ کوێیان بردوە؟

- گاجووتەکان بە جەهەننەم. ئەم قارەمانە چی لێبکەین؟ ئەومان گۆڕ بە گۆڕ کرد و گیانیمان ئازاردا.

- کوڕم یەکجار ئازارماندا, ڕەوا نییە لە وە زیاتر ئازاری بدەین وا باشترە هەر لەو جێیە بە خاکی بسپێرین. لە کۆنەوە کوتوویانە: ((جەنگاوەر لە کوێ خوێنی برژێ, هەر ئەو جێیە گۆڕخانەی خامۆشی ئەوە.....))

- ئەها, لە کوێی بابەك؟! وەرە گاجووتەکان ببە هەر ئێســـــتا گاسنەکە دەشکێنن! ئەوە بۆ ئەوانەت بەرەڵا کردوە؟!

ئەوە دەنگی معاویە بوو کە لەنێو بەردەکانی دەشتی سووردا دەنگی دەدایەوە. بەڵام بابەك هیچی نەدەبیست. دەتکوت گوێکانی بە ئاوریشـــمی خەیاڵ پەستێوراون و بواری بۆ بیستنی هیچ هاوارێك تێدا نەبوو. دەتکوت مس بەناومێشکیدا دەتوێننەوە و ئاگر لەناو گیانیدا دەکەنەوە, بە جۆرێك داخ بوو بوو ئاراسیش نەیدەتوانی ئەو ئاگر و جۆشانە ساردو خامۆش بکاتەوە.

بابەك و دایکی سەریان بەرەو خوارەوە داختبوو و بەرەو کانی ((سروشك)) دەڕۆیشتن. بەسەر لاشەکەوە چەند داڵێك دەسووڕانەوە.



## (١١)

## چـــەکـــــــــوچ و دەزگـــــــــــــا

*برومەند! ئەو ڕۆژەی کە بابەك*
*کوستی لە کەمەری بەست,*
*شمشێری باوکی بدە دەستی و*
*ڕەوانەی کۆڕی نەبەردی بکە,*
*ئەو پیاوێکە, ئەو قارەمانێکە.*

لە ناوچەی بیشکین هەر کەسێك کە دەیتوانی چەك هەڵبگرێ و سواری ئەسپ ببێ, ڕووی لە بز کردبوو تا یاریدەی جاویدانی شەهرەك بدا... سەلمان, هەموو مەیتەرەکانی خۆی بۆ لێواری رووباری قەرەسو هێنابوو. لەوێ شمشێریان دروستدەکرد و ئەسپیان ناڵدەکرد. کاتیك هەموو لەیەك جێدا کۆدەبوونەوە, کارەکان باشتر بەرەو پێشەوە دەچوون. بابەك و معاویەی براشی لە نێویارانی جاویداندا بوون. بابەك پایەدار و بەویقارەوە لەسەر پشتی قاراقاشقا سوار بووبوو و شمشـــێری باوکی بەدەستەوە بوو. کەولێکی پڵنگی لەبەردابوو و کلاوێکی لە پێستی بەور بەسەرەوە بوو. خەنجەرو چەقۆیەکی کە بە ئەڵقەی کەمەریەوە هەڵواسرابوون, بەیەکتر دەکەوتن و دەنگێکی لێوە دەهات. چاوە گەورە خورمابییەکانی لە ژێر برۆ باریك و درێژەکانیدا, بریسکەیان دەدا. ئەو حاڵەتێکی ئەوەندە بێ ئارامی هەبوو کە دەتکوت کەمێکی تر ئەو بۆ بز, بۆ لای جاویدان بەڕێ دەکەن. بەڵام هێشتا لێرە کاری زۆریان هەبوو.

معاویە لە براکەی پرسی:

- ئایا ناکرێ شمشێر لە نێو دێدا دروستبکرێ؟

بابەك ڕوونی کردەوە:

- نابێ خۆپارێزی لە دەست بدرێ. ئێرە هەروەکو لە ئاوایی دوورە, لە دەستی ئەبو عومرانیش دوورە. ئێرە جێگایەکی گونجاوە. ئەمباری پۆلای جاویدان لە ناو ئەشکەوتێك دایە لە ژێر بەردەکاندا. گوازتنەوەی پۆلاً بۆ دێ, کاتێکیزۆری دەگرت. لەمبارەیەوە ئێرە جێگایەکی دڵنیایە, لەوەش بەولاوە, ئێرە لەبزیشەوە نزیك ترە.

لەپێچی کوێرە ڕێیەکەوە کە تێپەڕ دەبوی و بە بەرزی دەگەیشتی, ڕیزی خێوەتان لە لێواری قەرەسو, دەکەوتە بەر چاو هەروەکو قارچك هەموو ڕۆژێك ژمارەی ئەوان, زیادی دەکرد.

دەنگە دەنگ و هەنگامەی نێو ئاسنگەرخانە گوێی بنیادەمی کەڕ دەکرد. دەنگی چەکوچ و دەزگا بوو, پەڕینی پڕیشکە ئاگر لە تەنوورەکانەوە... حیلەی ئەسپان و نەڕە نەڕی ناڵبەندانی توڕە لەسەر بەردە کارەباییەکانەوە دەنگی دەدایەوە. ئەسپانیك کە سنگ یان کەفەڵیان داخ ببو, لە دەمی ناڵ کردندا, بەسەر پاشوویانەوە بەرزدەبوونەوە ناڵبەندەکانیان هەم تەنگە تاودەکرد و هەم توڕە دەکرد. ناڵبەندی ئەندام وردی بەساڵدا چوو کە ڕیشێکی ماش و برنجی هەبوو, وە تەنگ هاتبوو. دەستەکانی ئەسپێکی خەنەیی کێوی ناڵ کردبوو بەلاّم ئەسپ ڕێگای نەدەدا پیکانی ناڵ بکەن, جووتەی داویشت و نەیدەهێشت کەس لە پشتییەوە بێ. ئەگەر بابەك بە هانای ناڵبەندەوە نەچووبایە, مۆری سمی لە نێوچاوانی پیرەمێرد دابوو. بابەك لەسەر پشتی قاراقاشقاوە خۆی فڕێ دایە خوارێ و ئەسپی خەنەیی لە حاڵێکدا کە پێکانی لە هەوادا بوون, بە کەمەند بەستن. معاویەش بە خێرایی پێڕاگەیشت دووبرا کە ئەسپەکەیان ڕام کرد... بابەك پێی ئەسپەکەی بڵند کرد, خستییە سەر ئەژنۆی خۆی و کوتی:

- مامە زوو بە, ئەو بزمارە دەربێنە. ئازاری ئاژەڵەکە دەدا.

پیرەمێرد ئەژنۆی ڕاستی دادایە سەر زەوی و بە گازێکی گەورە کە بە دەستییەوە بوو. بزمارێکی خوێناوی لە سمی ئەسپەکە دەرهێناو تفێکی کرد و کوتی:

- مەگەر ئاگر تێبەربوو, دەهێڵی ببینێ مرۆڤ بزمار بەکوێدا دادەکوتێ؟

بزمار خوار ڕۆیشتبوو و لە ڕەگی سمەکانی دابوو.

پیرەمێرد زیاتر درێژەی پێدا:

- نیوەڕۆیە من هێشتا ناشتام نەکردووە.

بابەك جڵەوی لە دەستی خۆیدا خڕکردەوە, سەرو ڕوخساری ئاژەڵەکەی نەوازش دەدا:

- بۆچی پیرەمێرد ئازار دەدەی چوار پێ؟ حەیف نییە ئەو سمانەت بەسەر بەرداندا بکوترێن؟



معاویە کەمەندی لە ملی ئاژەڵەکە کردەوە, وەك ئەوەی لەگەڵ مرۆڤێکدا ڕوو بە ڕوو بێ, دەستیکرد بە سەرزەنشت کردنی ئەسپەکە:

- هەق وایە بێ ناڵ تاوی بدەی تا قەدری ماندوبوونی ئەم پیرەمێردە بزانی!

ڕقی ناڵبەندی ماندوو و برسی - کە ئارەق لە هەر حەوت دەریچەی ئەندامییەوە هاتبووە دەرەوە, هێمان نەنیشتبۆوە و لە حاڵێکدا کە بە هەموو لایەکدا جنێوی دەدا مستی لە سمتی ئەسپەکە دەدا.

لەو ئانەدا سەرو کەللەی سەلمان لەناو ئاسنگەرخانەدا بە دیارکەوت, پیرەمێرد کە ئەوی دی ئارامی گرت. بابەك کۆکەیەکی کرد و چاوێکی لە براکەی داگرت و بە هێواشی کوتی:

- سوێند بە گیانی شەروین ئەگەر سەلمان دەیزانی کە پیرەمێرد بزماری لە گۆشتی ئەم ئاژەڵە داوە, بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو ڕیشە سپییەی, سەری لە لەشی جیادەکردەوە.

- سەلمان بەمن دەناسێنی؟... ئەو, ئەسپەکەی لە میکەی باوکی خۆشتر دەوێ.

ناڵبەندی پیر چەکوچەکەی بە نێو قولاپی بەر کەمەربەندی چەرمینییەوە ڕاکرد و لە حاڵێکیدا کە دەستی بەڕیشیدا هێنا و کوتی:

- بە قوربانی ئەو بەژنەت بم, ئەم ئاژەڵە چەتوونـــە زوو لێرە لابە ئەگەر سەلمان ببینێ قاچی دەلەنگێ, سەرم لە گۆڕی بابم دەنێ.

بابەك جڵەوی ئەسپەکەی گرت و لە ئاسنگەرخانە. بردییە دەرەوە. ئەسپ خراپ دەشەلی. بابەك ئەسپەکەی لە ناو ڕەوەدا بەرەلاّ کرد و خۆشی گەڕایەوە ناو ئاسنگەرخانە.

بڕیاری دابوو ئەمڕۆ لە جیاتی ئەوەی بەسەر ئەسپەوە وەنەوز بیباتەوە, لەگەڵ معاویەی برای یارمەتی ناڵبەندی پیر بدا.

سەلمان لە ئاسنگەرخانە لەگەڵ هەمواندا هەواڵ پرسی کرد و بە نیگایەکی پڕ لە خۆشەویستی باوکانەوە بە سەراپای بابەکیدا هەڵڕوانی. زرنگی و کارامەیی, ڕەفتار و دڵسۆزیی ئەو, خۆشەویستی هەر کەسێکی ڕادەکێشا. سەلمان, برۆ چڕ و ڕەشەکانی بەزرکردنەوە و کوتی:

- ها, لاوە! دەڵێی برینی قاراقاشقا بە تەواوی باش بووە! ئێستا پێم وانی یەخەمێکی دیکەت هەبێ.

- خەم نییە. بەلاّم دەمویست ئەو نامەردەی تیری لە سنگی ئەسپم داوە, وەگیرم هێنابا! بیرەوەری بە تیر ئەنکوتنی قاراقاشقا, خوێنی بابەکی هێنایە خرۆش, پەستەکەی داناو

خستییه سەر کولکەکە و ئینجا چەکوچی هەڵگرت و چووە پشتی دەزگا و ڕووی کردە معاویە و کوتی:

– بدەمێنە بزانم! لێدە با پیرەمێردیش پشوویەك بدا. سەلمانیش پەستەکی سپی و درێژی خۆی دانا, بەرسنگی چەرمـــــــینی بەست و چەکوچێکیهەڵگرت و هاتە لای دەزگا:

– کوڕم ئەم پۆلاّیە بخەرە کوورەوە.

سەلمان گەرچی خاوەن ڕەوە بوو. بەلاّم بە زۆری لە چیاو دەشت و پەنا خەڵکەکەی کاتی بەسەر دەبرد و شان بە شانی ئەوان کاریدەکرد. ئەگەر نەناسیاوێك ئەوی بدیبایە, وای دەزانی ئەو خاوەن ڕەوە نییە, بەڵکو تەنیا مەیتەرە. ڕیشی پان و پڕ, ڕوخساری ڕەش و تاوەسووتی ئەوی داپۆشی بوو. ئەوەندە بەهێزبوو ئەو چەکوچە گەورەیەی وەك شمشێرێك بە دەوری سەریدا دەسوڕاند. بە مەچەك و بازووی بە توانای بە هەر چەکوچێك کە لە دەزگای دەدا,لەرزینەوەیەکی دێنایە ئاراوە. بابەك بەسەر سامییەوە بە تیلەی چاو لەوی دەڕوانی. لە خاڵێکی ڕەشی نێوان برۆیێکەوە نوساوەکانیەوە چەند دانە مووی سپی هاتبوونە دەر. لووتە بچووکەکەی دەتکوت دایکی لە هەویر دروستیکردووە و لە ناوەڕاستی دەم و چاوە گوشتنەکەیدا دایناوە.پاش کەمێك پاشتر ئارەق لە سەرو ملی سەلمانەوە هەڵدەڕژا. هەروەکو گا جوتیکی تێر خواردووی خەوتوویان بە گاسنێکەوە بەستبێتەوە ناڵبەندەکانیش هەر بە پێودانگی ئەو بێ ڕاوەستان کاریان دەکرد.

جاویدان, پێنجسەد ئەسپی ناڵکراوی بەزین و ئەسپایی جەنگەوە داواکردبوو. ڕوخساری بابەك وەکو پۆلاّی سووری لێهاتبوو. تاوێك چییە ئەو چەکوچەی نەدەکەوتە سەر زەوی. چەند ئاسنگەر لە دەوری دەزگا کۆببوونەوە و بە ڕێکوپێکی و زیپك و زاکونەوە چەکوچیان لێدەدا. هەندیك لەوانە لە پاڵەوانانی داستانان دەچوون: نووکی سمێڵە شوڕەکانیان دەتکوت چەناگەیان دەگوشێ. دووکەڵ و ڕەشایی لەسەر سەروڕیشیان نیشتبوو. بەو قژە درێژەیانەوە کە تا سەرشان و ملیان داهاتبوو, شێوەیان, هەروەك دەروێشەکان, دەچوو...

ئێستا ئاسنگەرەکان دەستیان کردبوو بە دروستکردنی شمشێر. بابەك, تیغی شمشێریکی کۆنە کە لە ناو کوورەکەدابوو, چاوی بنیادەمی ئەبلەق دەکرد, بە مقاش هەڵ گێڕ و وەرگێر کرد و پاشان هێنایە دەرەوە, لەســــــەر دەزگا دایناو کوتای. هێز و شارەزایی بابەك, سەلمانی توشی سەرمام بوون کردبوو:



– ((ئەمە کوڕە! بێ ئەوەی لە ژێر دەستی وەستادا کاری کردبێ, وەکو یەك ئاسنگەر چەکوچ ڕادەوەشێنێ. دەستت نەڕزێ.))

پڕیشك لە ژێر چەکوچەوە بەسەر سەرو ڕووی ئاسنگەراندا دەپەڕین, بەلاّم کەس گوێی پێنەدەدا و هەر کەس خەریکی کاری خۆی بوو. بابەك بەماشە شمشێرەکەی هەڵگرت و لەبەر خۆر ڕایگرت. پاشان چاوێکی داخست و بە باشی لێی ڕوانی ((عەبدوڵلاّ باوەڕ ناکا ئەوە هەمان ئەو شمشێرە ژەنگاویەیە کە لە دەشت دۆزیمانەوە. کاتیك ئەو شمشێرەی بە دەستەوە گرت, لە خۆشیاندا لە پێستی خۆی جیگای نابێتەوە))

بابەك شمشێرەکەی خستە ناو تەشتێکەوە کە ئاوی لێــــڵی تێدا بوو: ((ئەمەش شمشێرێکی لە ئاودەرچوو))

سەلمان بە دەست ئارەقی کە لە نێو خەتەکانی تەوێڵی کۆببۆوە, سڕییەوە و ڕووی کردە بابەك کوتی:

– بەڵێ, شمشێری لە ئاو دەرچوو. بەلاّم لە دەستی کێ دابێ؟ لێی گەڕێ با چاك لە ئاودا بمێنێتەوە.

پاشان کە بە کۆکەیەك گەرووی خۆی ساف کرد. بابەتی ئاخاوتنی گۆڕی:

– ئاو, ژیانە, ئاو پیرۆزە. بێ ئاو, ژیان بە تاڵە, مردنە. خۆر باوکی خاکە و ئاو دایکیەتی! جوتیاران دەڵێن ئەوەی کە لە بێ ئاوی بمرێ, خۆریش ناتوانێ زیندووی بکاتەوە. بەلاّم ئەوەی بە تیشکی ڕۆژ بمرێ, ئاو زیندووی دەکاتەوە. بۆیە کە ئێمە ئاو بە پیرۆز دادەنێین و ئاناهیتا فریشتەی پاسەوانی ئاو دەپەرستین. لەو باوەڕەدام ئەگەر خاکی خۆمان لە دەستیئەو بێگانە بەدکارانە ڕزگار کرد, پەرستگایەك بە ناوی ئاناهیتا ئاوا بکەم. لە وانەیە ئەگەر سەرکەوتن یاوەرمان بێ ئەو پەرستگایە هەر لە بیلال ئابادی خۆمان دروستبکەین.

– شەروین لە پشتت بێ! ئەگەر ئەم پەرستگایە دروستبکەی, هەموو ساڵێك جەژن دێتە ئەوێ و هومی پیرۆز دەنۆشین و بە شادی و هەڵپەڕکێوە سەرگەرم دەبین.

ئاوی شلوێی تەشتەکە بە گەرمی شمشێرەکە کە بلقە بلقی دەکرد و هەڵمی ئاڵودە بە بۆنی ئاسن بە هەوادا بلاّو دەبوو.

بابەك سەری نەوی کرد بوو. ئەودیسان خەریکی چەکوچ لێدان بوو. ئاسنگەرەکانی دیکەش هەروا.

سەلمان بە چاو وزمان ئەوانی هان دەدا:

– ئەهاهـ, گیانم بە قوربانی ئەو بازوانە! بجولێن, بکوتن. وەختەکەمان درەنگە. هێشتا دەبێ دووسەد دانە شمشێری دیکەش دروستبکرێ. دەبێ جاویدان خۆشحاڵ بکەین.

لەو ئانەدا مەیتەرێکی کورتە بالاَ کە روخسارێکی پێکدا کەوتووی هەبوو, کەمەندیك بە دەستەوە و لەئارەقدا شـەلاَڵ خۆی بە نێو ئاسنگەرخانەدا کرد. سەلمان سەری بەرزکردەوە. مەیتەر بەهەناسە هانکێوە کوتی:

– دەستم بە داوێنتان! ئەم نێریانە سپییە هەمومانی زەلیل کرد, چەند رۆژە هەموومانی وەتەنگ هێناوە هەر کەمەندێکی بۆمان هەڵدا, پساندنی...

سەلمان چاوەکانی هێنانەوە یەك, بە ئاوازێکی نیوە گاڵتە و نیوە جیدی کوتی:

– (بەزیادی خێرم نەکرد!), بە ئێوەش دەڵێن مەیتەر؟! و ڕووشی کردە لای بابەك, بە ئاوازێکی ستایش ئامێزانە کوتی:

– کوڕم! ئەم نێرییە سپیانە هێمن بکەوە با ئەمانە بزانن ژنانی قارەمانی ئێمە چتۆ کوڕێکیان لێبووە.

بابەك بە چالاکی پەستەکەی لە بەر کرد و کوتی:

– ڕێگا دەدەی معاویەش لەگەڵم بێ

– برۆن, بەلاَم ئاگادار بن نێریان یەکجار بەد خولق و سەر کێشە!

مەیتەرەکان لە سەر تاتە بەردەکانی لێواری رووبار خوێیان ڕۆکردبوو. ئەسپەکان بە ئێشتیاوە خوێکەیان دەلستەوە. ئەسپی سپی هەراسان بوو. هەر کەمەندی بە دەستی معاویە دی, گوێکانی جووتکـــــــرد, لە خوێیەکان دوور کەوتەوە و لە پەنا بەردێك ڕاوەستا. بابەك دانەوی و بە شێنەیی خۆی گەیاندە پەنا بەردەکە. ئەسپ بە گورجی ڕاوەستا بوو, گوێ کانی وەك شیش تیژ کردبوو و چاوی لە معاویە هەڵنەدەگرت. معاویەش نیگای پەیگیرانەی خۆی لە چاوەکانی ئەسپەکە گیر کردبوو, وەك بیەوێ نێریان بە نیگای چاوەکانی سەرمەست و ڕام بکا. ئەسپ و معاویە نیگایان لە یەکتری هەڵنەدەگرت. مەیتەرەکان بە سەر سوڕمان و شەوقەوە ڕاوەستا بوون و تەماشایان دەکرد, بە خۆیان دەکوت:

– بابەك وادەزانێ ئەمەش قاراقاشقایە!

– ئەوەی نێریانی سپی دەخاتە کەمەندەوە هێشتا لە دایك نەبووە!

– چەند ڕۆژە ئەم ئەسپە هەمووانی زەلیلکردووە



– سەیری ئەوێ کە! کوڕە شێتەکەی عەبدوڵلاَ دەیەوێ لە سەر بەردەکەوە خۆی هەڵبداتە سەر ئەسپەکە!

معاویەش کە کەمەندی بە دەستەوە بوو, بەرەو لای ئەسپەکە چوو, ئەسپ بە گوێ جوتەکانیەوە زیاتر خۆی لە بەردەکە نزیککردەوە. بابەك چاوەڕێی هەلێکی ئاوا بوو, لە حالێکدا کە هەموو هەناسەی خۆی لە سنگیدا کۆکردبۆوە. لەیەك چاولێکناندا وەك هەڵۆ خۆی فڕێدایە سەر پشتی ئەسپەکە ئەسپ سمی لە زەوی هەڵکەند و بە سەر پێ کانیەوە هەستایە سەر پاشو. ملی کەوانەیی کرد, بە دەوری خۆیدا سووڕا, بەدەنی وەکو مار پێچ و لوول دا و پێی فڕێدا و ملی وەڕسوراند تا خۆی لە باری سەر پشتی رزگار بکا. بەلاَم بابەك جۆرێك چنگی لە یاڵە درێژەکانی ئەسپەکەوە گیر کردبوو و پێکانی بە ژێر سکییەوە گوشی بوو کە هەر دەتکوت بە سەر ئەسپەکەوە نووساوە. بابەك بەسەر ئەسپ زاڵ بو. دەیزانی ئەگەر ئەسپەکە بە سەر ئەودا زاڵببێ, بە هەموو توانایەوە بە زەویدا دادەداو لە ژێر سمەکانیدا دەی ئەنجنێ...

ئەسپ جارێکی دیکەش لە حیلەی داو بە دەوری خۆیدا وەرسوڕا و دەستەکانی بە جۆرێك لە خاك هەڵکەند کە دەتکوت بۆ فڕین باڵی گرتووە... سوار لە ئەسپ جیا نەدەبۆوە. ئەسپ ڕام نەبوو بوو بەلاَم ملی بۆ سواری دابوو. بابەك ئەسپی بەرەو دەشت لـــینگدا, تۆز و خۆڵ بەرز بۆوە و سوار و ئەسپ تیکەڵبوون, بوونەوەیەك, بچووك بۆوە و بچووك تر بۆوەو بوو بە خاڵ. ئەسپ و بابەك لە بەر چاو وون بوون...

هەموو نیگاکان بە دووی ئەسپ و بابەکەوە کێش بوو بوون. سەلمان لە ناکاو تووشی وەحشەت هات:

– ((بەلاَیەك بەسەر ئەو کوڕە نەیەت...)) و بەسەر مەیتەرەکاندا هاواری کرد:

بابەك بۆ کوێ چوو؟ ئەم ئەسپە بۆ کوێی برد؟ دەتان توانی پێشی پێبگرن.

– سوێند بە ئاگری پیرۆز, دەڵێی خەون دەبینین لە یەك چاو تروکاندا چوە سەر پشتی ئەسپ و ئەسپ وەك بروسکە دەرپەڕی.

– مەگەر گوێی بە قسەی ئێمە دەدا.

سەلمان دەستی کردبووە مشتە کۆڵە, نەڕاندی:

– ئێستا بۆ ئاوا دەست لە ناو دەست ڕاوەستاون و چاوە چاو سەیر دەکەن؟ یالَلاَ بجووڵێن, بزانن ئەسپ بۆ کوێی برد؟

بابەك لەبەر چاوان دیار نەبوو.

حەوت مەیتەر چاپووکانە خۆیان فڕێدایە سەر پشتی ئەسپی ڕووت, معاویە دڵتەنگ, پێشی هەموویان لەسەر پشتی دەمیر دانیشتبوو. تاودانی ئەوان بە ئاقاری چناری پیربابا بوو, سەلمان بەخۆی کوت:

((مەیتەر دەبێ سەر لە هەموو شتێك دەر بکا. نێریانی سپی بە زۆری چەموش دەردەچێ, دەبێ لە وەختی خۆیدا ببەسترێتەوە...)) و پاشان تەماشایەکی ناڵبەندی پیری کرد, بەتوڕەییەوە کوتی:

ناڵبەندیش دەبێ بزانێ لەگەڵ هەر ئەسپێکدا چۆن ڕەفتار دەکا, ناڵبەندی پیر ئەوەندە لە سەلمانەوە دوور نەبوو, بەڵام سەرباری ئەوەش گوێی بە سەر کۆنە کردنی سەلمان نەدا.

سەلمان بە بێ ئارامییەوە بە سەر پردێکی بەردیندا پیاسەی دەکرد و بەردەوام ملی بەرز دەکردەوە و بۆ لای چناری پیرەبابا دەیڕوانی. زۆران دەستیان لە بابەك شۆردبوو.

لە ناکاو دەنگی سمی ئەسپێك لەو لای گردەکەوە کەوتە بەر گوێ. دەنگەکە وردە وردە نزیك تر دەبوو. سەلمان بە ئەسپایی و دزەدزەوە دانەوییەوە و گوێی خۆی بە زەوییە ناو نەڕاندی:

- دێت, وا دێت! نێریانی سپی لە دەنگی پێیەوە دەناسم خوا بکا بێسوار نەبێ!

دیار نەبوو بریسکانەوەی چاوەکانی سەلمان لە توڕەییەوە بوو یان لە نیگەرانی. لوولێکی بە سمێڵەکانی داو لەسەر کوێرە ڕێیەکی کە بەسەر پردێکی بەردینەوە بوو, کلاوی چەرمینی بابەکی بینی کە بە تەواوی سەری بە گوێی نێریانەوە نابوو, هەروەکو وا خەیاڵ بکەی کە لەگەڵ ئەسپەکە ڕاز و نیاز دەکا. پرشنگدانەوەیەکی دڵ ئارام بوونەوە لە نێو چاوەکانی سەلماندا شەپۆلی دا:

- سوپاس بۆ یەزدان!

ئێستا شادییەکی بە خۆوە نازینی سەلمان لە جووڵانەوە کانیدا دەبینرا.

نێریان گەیشتبووە بەر مەودای چاو. سوار, روخسار و قژی لە خاك و خۆڵدا بوو و ئەسپ ڕام بوو و شەکەت, لە بەدەنی بابەك و نێریانەوە جۆگەلەی ئارەق دەڕژا. ئەو مەیتەرانەی کە بۆ بە دوادا چوونی بابەك چووبوون هێشتا هەواڵێکیان نەبوو.

بابەك لە ئەسپ خۆی فڕێ دایە خوارەوە:

ئەمەش نێریانی سپی, باسواری خۆی بناسێ!

... سەلمان دەستێکی بەسەر ملی ئەسپدا هێنا باوەڕی نەدەهات کە بابەك بێ کەمەند ئەوی ڕام کردوە, سەر شانەکانی بابەك و ئەوی ڕاوەشاند:



- خۆزگە عەبدوڵڵا زیندوو بوایە و دەیبینی چ کوڕێکی پارچە ئاگری هەیە. زۆری پێ ناچێ تۆ گەورەترین سەرداری جاویدان دەبی چاوی بەد لە گیانت دوور بێ!

ئەم ستایشە خرۆشانێکی لە گیانی بابەکدا هەڵایساند: ((گەورەترین سەرداری جاویدان...))

پەنجەکانی دەستی چەند جاریك کۆکردەوە و شلکردەوە, دەتکوت پەنجەکانی بە هۆی بادانی یاڵی ئەسپەکە سڕ بوون. سەلمان لە حاڵێکدا کە دەستی بەسەر کەلەکەی ئەسپەکەدا دەهێنا, کوتی:

- کوڕم تۆ مەیتەرێکی هۆشیاری. سەیریکە وەکو قاراقاشقای خۆت چەند ئەندامی جوانە. دوای ئەوەش خۆت ئاگاداری ئەو ئەسپە بکە.

- ئەگەر ڕێگام بدەی خۆم دەیبەم ناڵیدەکەم

- تۆ نازانی ناڵی بکەی!

سەلمان بە ئەنقەست ئەمەی کوت. ترسی لەوە هەبوو ئەسپەکە جووتە بوەشێنێ و زیانێکیان لێ بدا.

- ئەگەر نەمتوانی ناڵبەندەکان یارمەتیم دەدەن.

سەلمان بە زەردەیەکی سەر لێوانەوە کوتی:

- بیستبوم زۆر ئینکە بەرو سەر کێشی! چۆنت پێ خۆشە وا بکە.

سەر و کەللەی ئەوسوارانەی بە دوا بابەکدا چوو بوون وەدەرکەوتن, سەلمان ڕووی تێکردن و کوتی:

- وەرن سەیری ئەم پیاوە بکەن!

بابەك ڕاکێش ڕاکێش ئەسپەکەی بەرەو ئاسنگەرخانە دەبرد.

سەلمان ڕاسپاردەی پێویستی لە بارەی ئەسپانەوە دایە مەیتەرەکان و لەگەڵ بابەك کەوتەڕێ. بە مەرگی عەبدوڵڵا خەمێکی نهێنی گیانی گوشی. لە سەفەری خۆی بۆ دەربەند بە بابەکی کوت کە بۆ ئەسپ کڕین چووە و لە گرفتار بوونی خۆی و شبل و عەبدوڵڵا بە دەستی خەزەرەکان و چۆن عەبدوڵڵا ئەوانی ڕزگار کرد... دواجار دووبارە گەڕایەوە. سەر باسی ئەسپەکان:

- کوڕم لە بیرت نەچێ کە ئەسپ مرازە. ئەسپ ئاژەڵێکی بە وەفایە. بەڵام هەر ئەسپە و خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەسپی لاڵ زۆر زوو ڕێگای خۆی ون دەکا.ئەگەر جڵەوی بۆ

ڕەها بکەی ئاوارەیکێـــــو و بەندەنانت دەکا, لە گوێتی بگرە کە ئەسپی کەڕ وەکو تووڵە گوێکانی لەق دەکا. ئەسپی پێ خوار کە پێ کەوانیشی پێ دەڵێن پەیتا پەیتا ڕەتەڵەك دەبا. ئەسپی چاو ڕەشیش ئێمە بە پێ و قدوم بە خێر و بەرەکەت باشی دەزانین...

مەبەستم ئەوەیە ئەسپ هەر لە سەرەتای دنیاوە دەست و باڵی پاڵەوانان بوون و ئەمڕۆش هەروان. قاراقاشقای تۆش هیچی لە بوسفالی ئەسکەندەر کەمتر نییە. ئەگەر گورگێك لە سەر ڕێگای ئەو قوت بێتەوە بە جووتە دەم و ددانی ورد دەکاو پێستی سەری دوژمن دادەماڵێ. ڕێزی ئەسپەکەت کە لینگەی نییە, بزانە.

ستایش کردنەکانی سەلمان لە بابەك و ئەسپەکەی, بابەکی هێنابووە خرۆش:

- لە دەشتی سوور پێشبڕکێمان کرد, هیچ ئەسپێك نەیتوانی قاراقاشقا بگرێ. دەمیر زۆری هەوڵدا بەڵام ئەو لە کوێ بوو قاراقاشقا لە کوێ.

- ئەم نێریانەش ئەسپێکی خۆش ڕەوە. ئەسپی ئەبو عومرانیش هەروا...

ئەسپی ئەبو عومرانیش لە ڕەوەی منە. چەتەکان لە دەشتی سوور بە کەمەند گرتیان و بردیان...

لە نێو ئاسنگەرخانەدا دەنگە دەنگ و هەرایەك بوو گوێی ئاسمان کەڕ دەبوو. هەمووان کوین و چەکوچیان لێدەدا. معاویە جڵەوی نێریانی سپی بە دەستەوە بوو, سەرو ڕووی دەلاواندەوە. نێریان ڕام ڕام بووبوو. نەجووتەی داویشت و نەدەجووڵا. بابەك ئەژنۆی دادایە سەر زەوی و سمی ئەسپەکەی دەتاشی. ناڵبەندی پیر داهاتبۆوە, لە ژێر چاوەکانیەوە تەماشای ئەوی دەکرد: ((چەند بە چاکی تراشی بۆ دەکا!))

سەلمانیش بە هۆگری و سەرسامییەوە لەکاری بابەکی دەڕوانی. ئەوەندە بەوردو ناسکییەوە سمی ئاژەڵەکەی دەتاشی دەتکوت ساڵەهایە کاری ئەو ناڵبەندییە, ڕاست و تەخت, تەخت و ڕێك. دوای ئەوەی لە تاشین و سافکردنی سمی ئاژەڵەکە تەواو بوو, ناڵی بۆ هەڵبژارد, سەلمان کوتی:

- کوڕم بە پارێزەوە چەکوچ لێدە, دەردت لە گیانم ئاگادار بە بزمار نەچێتە پێی ئاژەڵەکەوە.

- نیگەران مەبە.

بابەك وەك ناڵبەندی شارەزا, بزماری لە نێوان دوو لێوی خۆی گرتبوو, دانە دانە لە ناو کونەکانی ناڵەکاندا دایدەنان و چەکوچی لێدەدا.



- ئێه ه. بەڵا دوور بێ؟!

ناڵەکان وەکو دەمەداس وابوون کە جەمسەرەکانیان لێك نزیك کردبنەوە. بزمارە چەقیوەکان لە سەر سمی تراش کراو ناڵی سپی, هەروەکو (پوولەکە) دەهاتنە بەر چاو, ڕاست و ڕێك. مەیتەری پیر هاتە دەنگ:

- ناڵبەند نییە, زەڕنگەرە, نیشانەی گەوهەرە ئەم لاوە منیش کە لاو بووم ئاوا بووم, حەیف بۆ لاوی, ئاخ بۆ لاوی!

یەکێکی دیکە قسەکەی ئەوی تەئید کرد:

- ڕاست بەوە دەڵێن کوتوویانە: درەنگی هێنا بەڵام شێری هێنا بە خۆڕایی نییە سەلمان ئەو هەمووە خۆشی دەوێ!

- ئەگەر کار ئاوا بڕواتە پێش, زۆری پێ ناچێ کوڕی عەبدوڵڵای ڕۆن فرۆش لە هەموو هونەرەکاندا دەبێتە سەر کاری هەمووومان!

ڕیش و سمێڵی پیرەمێردی ناڵبەند ئەوەندە چڕ و پڕ بوو کە ئەگەر قسەی نەکردبا, نەدەشیا دەمی دەسنیشان بکرێ.

ئێستا دەمی لە ئێرەیی و سەرسوڕماندا بەش مابوو.

سەلمان چاوە وردەکانی بچووکتر کردبوونەوە و لە ڕووی خۆشحاڵییەوە پێدەکەنی.

بابەك ئەسپەکەی ناڵکرد, چەکوچەکەی لە پەنا دەزگا داناو کوتی:

- ئەمە نێریانی سپی, ئەمەش ناڵەکەی, ئەگەر کەم و کوڕییەکی هەیە بیڵێن.

سەلمان لە ناخی دڵەوە کوتی:

- دەبوایە تۆم بکردایە بەسەر مەیتەر, بەڵام بە داخەوە کە ئیدی ئەسپێك لە ڕەوە نامێنێ. ئەمڕۆ هەموویان دەنێرین بۆ جاویدان.

- سەرەو خێر بێ, لە ناو بردنی دوژمن لە پێش هەرشتێکەوەیە. بۆ لەوەڕاندن, ئەسپ پەیدا دەکەین.

نێریانی سپی لە ڕووی تاسەو هەوەسەوە حیلەیەکی کێشا.

سمی لەزەوی داو بۆنی بە ماینێکەوە کە لەو نزیکانەوە بوو, کرد. بابەك لەچاولێکنانێکدا یاڵی ئەسپەکەی گرت و خۆی هەڵدایە سەر پشتی. ئەسپ جارێکی دیکەش حیلەیەکی کێشا و هەستایە سەر پاشو و هەردوو دەستی خستە سەر پشتە سەری جوان و ماینی تازە کە پیرە مێردی ناڵبەند خەریکی ناڵکردنی بوو... زۆری نەمابوو کە پیرەمێرد لە ژێر پێکانی

ئەسپەکاندا ئەنجن ئەنجن ببێ.بابەك بە قایم یالی ئەسپەکەی گرتبوو. بەلاّم نێریان دەستەکانی لە سەر پشتە سەری ماینەکە بەرەڵلاّنە دەکرد, هەرکەسە و شتێکی دەکوت

- ئەی بەلاّ لێتدا!
- ئەم نێریانە لە هارون هەوەسباز ترە.
- ئەی خەلیفە - ئەمین - بۆ نالێی؟
- چ ئاژەلێکی بێ شەرمە!
- هەر خۆشی ناوی نێریانە.

سەلمان لە ئەسپەکانی دەڕوانی. بابەك یەك دوو شەبلاقەی لە ملی نێریان داو تەنیا لەوکاتەدا بوو کە ئاژەڵەکە لە سەر پشتی ماینەکە هاتە خوارەوە. سەلمان ڕووی کردە مەیتەرەکان:

- کاتێك ئەم نێریانە تەسلیم بە جاویدان دەکەن, پێی بڵێن ئەمە دیاری بابەکە کوڕەکەی عەبدوڵلاّی دۆستی خۆی.

لە خرۆشان و شادیدا خوێن لە روخساری بابەکدا گەڕاو گۆناکانی وەك گوڵ گەشانەوە:

- مادام وایە مۆڵەتم بدە خۆم نێریان بۆ جاویدان دەبەم.
- نا, جاویدان, فەرمانێکی دیکەی دەرکردووە کە پێویستە ئەنجامی بدەین, تۆ کارێکی دیکەت هەیە. بە باشی بە سەر ئالیك و جۆی قاراقاشقا ڕابگە. ڕاسپاردراوێکی مەترسیدارت لە پێشە.
- ملکەچی فەرمانم.

بابەك بە لە پی دەست لە پشتە سەری ئەسپەکەی دا:

- دەی... بجولێ! بتبینم بەناڵەوە چۆن غار دەدەی!؟

نەریان بەرەو پردی بەردین باڵی گرت.

سەلمان لە پشتەوە ڕا سەیری بابەکی دەکرد, بە شادمانییەوە کوتی:

- خوڕەمییەکان هەر لە سکی دایکیانەوە بە سوار چاکی دێنە دنیاوە.

هەر لایەکی ئاسنگەر خانە قەرەباڵغی بوو, کار بوو, ((دەنگ و هەرا)) ((ژاوە ژاو))و ((هەنگامە و هەرا بوو)).



## (١٢)

## شەوی هەورە تـــریشقە: شەوی تۆفان

*بێ بوونی خۆشەویستی, هیچ*
*شتێکی مەزن لە دنیادا سەر هەڵ نادا*
*( هیگڵ)*

بەهاری ئەو ساڵە وەك بەهاری ساڵانی پێشوو نەدەچوو. ئەو ساڵە دیاری بەهار بۆ خوڕەمیان, لافاو و بەلاّ بوو. لە لایەکەوە لەشکریانی بێ هەژماری هارون وەك تەرزە بەسەر سەر زەوینی بە پیت و فەڕی ئازەربایجاندا هاتبووە خوارێ و لە لایەکی دیکەوە بارانی لێشاوئاسا کەوێرا بە هەورە تریشقە و بروسکەوە,بێ پسانەوە دەباری, ببووە مایەی وەگێرهاتنی خوڕەمیان. ئەستێرە ناسانی کۆشکی زێڕین کوتبوویان کە ئەمساڵ ساڵی سەگەو بە گەڕانەوە بۆ کتێبی کارنامەی پاشایان پێشبینییان کردبوو کە خواوەند غەزەبی لە زەردەشتیان گرتووە و جەنگ و کوشتار بڕانەوەی بۆ نییە.

موبەدان مەسەلەکەیان بە شێوەیەکی دیکە دەخستە ڕوو. ئەوان سەیری کتێبی ئاڤێستایان دەکرد و دەیانکوت: ئەم بەلاّیە, بەلاّی ئەهریمەنە. شەوانە لە پەنا ئاگر, کتێبە کونینەکانیان پەڕ پەڕ لێك دەکردەوە و دەیانویست بارودۆخەکانی گەردوون لەوانەوە دەربهێنن. هەر ڕۆژە دەنگۆیەکی نوێ دەکەوتە سەر زارو زمانان. دەیانکوت کە:

جاویدان, ئامادە بوونی عەبدوڵلاّی کوڕی موبارەك - سەر لەشکری هارون - بۆ هێرش کردنە سەر بز بە ئاهورا مەزدای گەورە ڕادەگەیەنێ و ئاهورامەزدا بە سەختی توڕە دەبێ. سەرەتا دەیەوێ تەواوی بەردەکانی ئاسمان بەسەر کۆشکی زێڕینی هاروندا ببارێنێ و بەغدا لەگەڵ خاکدا یەکسان بکا, بەلاّم پاشان بیر دەکاتەوە کە لە شاردا پیاوانی باش و بیریاری وەکو جەعفەری بەرمەکی, فەیلەسووفانی دووربینی وەکو ئەلکەندی, پەیڤ بێژانی وەکو ئەل جاحز,

شاعیرانی وەکو ئەبو نەواس و پزیشکانی وەکو جوبرائیل لە وێدا دەژین. لەبەر ئەوە لە بڕیاری تێك و پێك دانی بەغدا چاوپۆشی دەکا. ئاهورای گەورە لە ئاسمانەوە بۆ زەوی دێتــە خوارەوە تا لەگەڵ ئەسپندارمز - فریشتەی پاسەوانی زەوی - دیدەنی بکاو لە گەڵیدا بکەوێتە ئاڵ و گۆڕی بیر و ڕاو ڕاوێژکارییەوە.بۆ بێبەختی ئەهریمەن لە هاتنە خوارەوەی ئەو ئاگادار دەبێ و هەر لەگەڵ فڕینی ئاهورا, کەڵکی لەو دەرفەتە وەرگرتووە, لە دووری ئەودا, دەماری ئاسمان کە بێ خاوەن و پاسەوان مابۆوە, هەڵدەبڕێ... لەم ڕووەوەیە کە تۆفان و باران ئارام نابێتەوە و ئاو و لافاو جیهانی ئاوا داگرتووە...

لەو نێوەدا, کۆمەڵێك لە گەش بینان = ئەگەر چی ئازاریان دەخوارد= دیسان هەروا لە سەر کاری خۆیان بەردەوام بوون و لە ئاورگا هومی پیرۆزیان دەنۆشی و بە دەوری ئاگردا تەمبووریان لێدەدا و هەڵپەرکێیان دەکرد. لە ئاوا وەزعێکدا هەمووان نەفرەتیان بۆ ئەهریمەنی چەپەڵ دەنارد. موپەدان دەیانکوت کە ئەم بەڵایە زۆر ناخایەنێ. چونکە ئاهورای گەورە بۆ بارەگای خۆی گەڕاوەتەوە و هەر ئێستا بە یاریدەی کوڕەکەی ئازەر - پاسەوانی ئاگر - لە کاری دروونەوەی دەماری ئاسماندایە,باران و تەرزە بە زوویی ڕادەوەستێ و خۆری هەتا هەتایی لەگەڵ گەرماو ڕوناکی خۆیدا, دووبارە گەرمی و ژیان بە جیهان دەبەخشێتەوە. موپەدان هەروەها دەیانکوت کە شەروین پێغەمبەر دووبارە وەدەردەکەوێتەوە و دیسانەوە ڕۆژانی زێڕین بە دیاری بۆ خەڵکی زەوی دەهێنێتەوە مرۆڤەکان دووبارە ژیانی بەختیاری و ژیانی بێ دەرد و کەسەر دەست پێدەکەنەوە و بەو ئاوایە بە هەشت لە سەر زەویدا خۆی وەدەر دەخات. ئەوانە هەروەکو ڕۆژگاری جەمشید یەکەمین فەرمان ڕەوای ڕووی زەوی, لە ژیانێکی شایان و پیرۆزدا بەهرە وەردەگرن.

هەر کەسە شتێکی دەکوت, بەڵام سروشت خەریکی کاری خۆی بوو. لافاوەکان شەو و ڕۆژ لێواری قەرەسویان هەڵدەکەند و لەگەڵ خۆیاندا ڕایاندەماڵی. کاتێك ڕێژنەیەك دەباری, قەرەسو وەك بەنداوێکی تەقیو شێت ئاسا لە نێو ئاورێژگەی خۆیدا سەر بەرەژێر دەبۆوە و کەفی بە نێو پردی بەردینەدا دەبرد و هاشە و زرمەی لێ هەڵدەستاند.

... خێوەتەکانی ئاسنگەر خانە با, و وزریان هەڵیکەندبوون, ئیدی دەنگی کوین و چەکوچ و هەراو هۆریای گەرمی ئاسنگەران و ناڵبەندان و حیلەی ئەسپان و مەیتەران نەدەکەوتە بەر گوێ. مەیتەرەکان بە فەرمانی سەلمان ئەسپەکانیان زیــــــن کردبوون و بردبوویانن بۆ بز. بەڵام سەلمان بە فەرمانی جاویدان هێشتا دەبوایە لە ئوردودا بمێنێتەوە و جێگای دڵنیا بۆ



ئەمبارەکانی چەك و چۆڵە بدۆزێتەوە. جل و بەرگ و ئەسپابی لە شکری جاویدان تەواو نەبو. چەتەکانی خەلیفە سەرەڕۆییان لە سنوور تێپەڕاندبوو. ئەبو عومران ڕۆژگارێك بوو نەیدەتوانی خۆی وەدەر بخات. ئێستا بە یاریدەی عەبدوڵڵای مبارەك - سەر لەشکری هارون - دەستی بەسەر کاروانی شبل, کە لە بەردەعەوە کەل و پەل و ئەسپابی جەنگی دەهێنا, گرتبوو و تەواوی ئەوزێڕانەش کە موپەدی موپەدان لە بیلال ئابادەوە بۆ جاویدانی دەنارد, کەوتبووە دەستی. حاڵ و وەزعی جاویدان پەرێشان بوو. سەلمانیش خەو و حەسانەوەی نەبوو. ئەو چەند کەسی لە قارەمان ترین و باوەڕپێکراوترین مەیتەرەکانی خۆی لەگەڵ خۆیدا هێشتبۆوە. بابەك و معاویە ماوەیەك پێشتر, پاسەوانییان لە ئەمباری چەك و چۆڵەی ناو خێوەتە بەر تۆفان کەوتووەکان دەکرد. بارانی بێ پسانەوە ئەوانیشی وە تەنگ هێنا بوو...

سەلمان لە یەکێك لە شەوانی تریشقە باردا, بابەك و حەوت قارەمانی دیکەی ڕەوانەی بیلال ئاباد کرد. کاتێك ئەوان گەیشتنە دەشتی سوور, شەو لە نیوەی خۆی تێپەڕی کردبوو. بابەك کە چاوەکانی لە ڕەشەوە دەچوون, لێککردنەوە و سەیری ئەو زەوییەی کە ڕۆژێك لەگەڵ دایکیدا کێلابوویان, کرد. پـــەردەی تاریکی باڵی بەسەر هەموو جێگایەکدا کێشابوو. هەر چەندە جێگای ئەوە نەبوو کە هیچ کام لە قارەمانان خۆیان بە دەستی خەیاڵەوە بسپێرن, بەڵام تاساتێك ئەندێشەی بابەکی بە ڕابردووی ڕەنگینەوە کێش بوو. نیگار کێشی خەیاڵ هەزار نەخشی ئەفسوناوی لەبەر دەمی ئەودا بلاو کردەوە, ئەو جەنگاوەرەی کە گاسنەکەی بابەك لە ژێر زەوییەوە هێنابویە دەرەوە, بە ئیسقانی لەیەك ترازەوە, زمانی ئاخاوتنی لێککردبۆوە, و داوای یاریدەی لە بابەك دەکرد. لە حالێکدا کە خوێن لە جیگای تیرە چەقیوەکەی سنگی دەهاتە خوارەوە, دەستی بەرەو لای بابەك درێژ کرد, بە پاڕانەوەوە دەیکوت: ((قارەمان تۆڵەی خوێنی ئێمە بستێنە!))...

کاتێك گەیشتنە سەرچاوەی کانی((سروشك)), بابەك جڵەوی قاراقاشقای ڕاکێشاو گوێی هەڵخست. بابەك بە دووری نەدەگرت, چەتەکانی ئەبو عومران لە جێگایەك لە بۆ ســەدا بن و لە ناکاو هێرشبکەن. بەڵام لەو تاریکییە ئەنگوستەچاوە دا, چاو چاوی نەدەدی و جگە لە هاشە هاشی باران دەنگێك نەدەهاتە بەر گوێ. بابەك ساتێك هەستی کرد دڵی بە بێ ئارامییەوە بۆ دایکی وەجۆش هاتووە. کەوتە سەر ئەو بیرەی سەرێك لە دایکی بدا بەڵام لەوەختێکی ئاوادا و بەڕاسپێردراوێکی ئاوا مەترسیدارەوە, تاسەی دیدەنی لە دڵی ئەودا بەتاڵ کردەوە. لەو دواییانەدا چەندین جار برومەند هاتبووە خەوی بابەکەوە. مانای لەوانەیە هەر ئێستا, دایك لە

چاوەڕێی ئەودا بی؟ لەوانەیە, و لەوانەشە... دیسانەوە تاسەی دیدەنی بێ و پەردەی ئاوریشمینی خەیاڵ... دایك چاوی بەڕێی ئەوەوە بێ و چاوەڕوانی هاتنەوەی ئەوبێ. لە حاڵێکدا کە ئەو سەری برای بچووکی - عەبدوڵلا - ی لەسەر بازووە بەهێزەکانی خەواند بوو و بە پەنجە ناسکەکانی قژە زێڕینەکەی لەسەر نێو چاوانی لادەدا, بابەك بانگدەکاتە لای خۆی و هەروەکو نەریتی ڕۆژانی منداڵی, گۆناکانی لە ماچە گەرمەکانیدا نقوم دەکا. هەڵۆ لەسەر تاقۆکەکەدا قیرەقیڕ دەکێشێ و گای خەنەیی لە سووچێکی حەوشەکەدا کلك ڕادەوەشێنێ...

... قاراقاشقا سەرسمێکی خوارد و نەخشی خەیاڵی بابەکی تێك و پێکدا. ئەسپەکان فنەفنیان دەکرد. هەمووان بە پارێزەوە دەچوونە پێش. لە هەر ساتێکدا ئەگەری مەترسی هەبوو. بابەك بواری بە ترس نەدەدا و سوارەکانی لە ڕێگایەکی قەدبڕو چۆڵەوە بەرەو گۆڕخانە دەبرد. ئەسپەکەی ئەو ڕێگایەی بە باشی دەناسی و ئەوان بە بیستنی بچووکترین دەنگ - تەنانەت دەنگی باو بۆرانیش - شمشێریان ڕادەکێشا... بابەك هەستی بە دەنگی دایکی دەکرد کە بە گوێیدا دەچرپاند: ((بە پارێز بە کوڕم, دوژمنان بێدارن! قاتلی باوکت بە دواتەوەیە.))

تەنیا لەنێو ئاورگادا ئاگرێك هەڵکرابوو. بیلال ئاباد لە نێو خێوەتی قیڕ ئاسادا نقوم بوو بوو و جگە لە دەنگی تورەی باران و جار جارە دەنگی گایەك یان عەوەعەوی سەگێك, هیچی تر نەدەهاتە بەر گوێ.

هەر کاتێك ئاسمان بریسکەی دەدا, ڕێگایەك کە بەرەو گۆڕخانە دەچوو, ڕوناك دەبۆوە و بە دوای ئەوەدا ڕمبەیەك گوێی ڕێبوارانی شەوی کەڕ دەکرد.

ئێستا ڕێبوارانی ڕەشایی و خامۆشی گەیشتبوونە گۆڕخانە. لە ناکاو ئەسپەکان گوێیان جووتکرد. قارەمانان دەستیان بۆ قەبزەی شمشێرەکانیان برد, شمشێری بابەك بە دەوری سەریدا سوڕی دا:

- هەر کێ دەیەوێ, بابێ!...

دیسانەوە ئاسمان چەخماخەی داو زەوی وەکو منداڵێکی تا لێهاتوو لە بەر خۆیەوە لەرزی. سەراسەری دەشت بە یەکجار رووناك بوو. لە بن حەساری گۆڕخانە ڕێویەیەك دەر پەڕی و بە دوای ئەویشدا دوو چەقەڵ دەرپەڕین. قەلە ڕەشەکان و داڵەکان کە شەویان لەوێدا بەسەر دەبرد, وە دەنگە دەنگ هاتن...

بابەك لە ئەسپ هاتە خوارێ و بە براکەی کوت:



- معاویە تۆ ئاگاداری ئەسپەکان بە تا ئێمە چەکەکان لە گۆڕخانە دەهێنینە دەرەوە. بەر لە سپێدەی بەیان ئێمە دەبێ ئێرە بە جێ بێڵین. نابێ لەم دەور و بەرەکەس بمان بینێ.

کاتێك بابەك پێی دەخستە نێو گۆڕخانەوە, هەورانی ڕەش جارێکی دیکە بە توندی لێکیان داو بروسکە لەیەك ساتدا زەوی و ئاسمانی وەکو ڕۆژ رووناك کردەوە. بابەك هەر کاتێك لاشەی مردووەکانی لەسەر ئەوتاتە بەردانە دەبینی کە لە هەوای بەر بەرەڵلاّدا و بە فرمێسکی چاوی ئاسمان دەشۆرانەوە, هەستی بە لەرز و تایەکی سووك لە خۆیدا دەکرد و دەکەوتەوە یادی لاشەی باوکی خۆی کە هاوڕێیانی لە داوێنی سبلان هێنابوویانەوە و لە سەر هەمان ئەو تاتە بەردانە دایان نابوو. خۆزگە ئێستا باوکی لە ژیاندا دەبوو و دەیبینی کە کوڕەکەی چۆن لە ڕێگای ئامانجی ئەودا خەبات دەکا. ئەگەر ئەو زیندوو بوایە, بە چ شێوەیەك سوپاسی ئەوی دەکرد؟ لە کلاّو ڕۆژنەی خەیاڵەوە دەنگی باوکی بەرز بۆوە: ((کوڕم بابەك, ئەوە تۆی هاتووی؟ ئافەرم بۆ تۆ کە خۆێنی پیاوەتی و شەرەف لە دەمارەکانتدا دێ و دەچێ.))

بۆ گەنی لاشەکان, دڵ شێوێن بوو. بابەك لوتی خۆی گرتبوو, گەڕایەوە و بە هاوەڵەکانی کوت:

- وەرن! هیچ جێگای تـــــرس نییە, هەمووکەسێك ڕۆژێك بەرەو ئێرە دێتەوە.

ئێرە - ئارامگای هەمیشەیی مرۆڤە.

بابەك پارچەیەك ئاگر بوو. ئەو, شمشێرەکان, نێزەکان, تیرەکان و کەمانەکانی کە سەلمان لە نێو گۆڕە بە تاڵەکاندا شاردبووینەوە, کردنیە ناو توورەگەی گەورەوە و دەیبردنە دەرەوەی گۆڕخانەوە و لەوێ معاویە بە یاریدەی هاوەلاّنی. جەواڵەکانی سەرپشتی ئەسپەکانی لێ پڕ دەکرد. قارەمانان هەمووچەکەکانیان لە ئەسپەکان بارکرد و... کەوتنە ڕێ. هێشتا نەگەیشتبوونە دۆڵ هەنار کە چیاکانی دەوربەری دەشتی سوور لەبەر هەورە تریشقە دەلەرزینەوە و دووبارە بروسکەیەکی لێدا دەتکوت ئاسمان شەقی بردووە یان گڕکان تەقیوەتەوە. و پاشان دڵۆپە گەورەکانی باران بوونە کلۆ و تەرزەیەکیتوند دایکرد. ئەسپەکان و سوارەکان, غافڵگیر بوو بوون. چەن چرکەیەکی پاشتر هەمووجێگایەك سپی پۆش داگەڕا... بابەك ئەسپەکەی بۆ ژێر گا بەردێکی گەورە کە بە لقی هەنار داپۆشرابوو, ڕاکێشاو هاوەڵەکانی بانگکرد... دەنکە تەرزەکان بە ئەندازەی گوێزێك بوون. ترسناکی ڕاسپاردەکەیئەوان لە لایەك و نەگونجاوی هەوا, بابەك و هاوەلاّنی بە جۆرێك تورە کردبوو چەقۆت لێدابان خوێنیان لێ نەدەهات. بابەك بە خۆی کوت: ((نازانم هێزی ئاهورامەزدا بۆ کوێ چوە؟!))

بەردێکی داپۆشراو بە چیلکە و چاڵی چقڵ, ئەوی خستە یادی ڕووداوی ژیانی دایکی, ڕوداوێك کە دایکی بە باوکی ئاشنا دەکا و بەزەماوەندی ئەوان بە ئاکام دەگا.

دایکی کوتبووی: ((کچێکی لاو بووم. کار بەدەستانی خەلیفە منیان گرتبوو لەگەڵ خۆیاندا دەیان بردم. عەبدوڵلا لە پشت بەردێکەوە هاتە دەرەوە و منی لە چنگی کاربەدەستانی خەلیفە ڕزگارکرد. لەو کاتەدا لە تین و تاوی شادمانیدا لچکێکم لە چارشێوە سوورە ئـــاوریشمینەکەم دادڕی ولە دار هەناری پیرۆز - کە بەسەر هەمان بەردا سێبەری کردبوو - بەست و ڕووم کردە یەزدانی گەورە, و داوامکرد کە ئەستێرەی من لە پەنا ئەستێرەی عەبدوڵلا دابنێ...))

بابەك لەگەڵ خۆیدا بیری دەکردەوە: ((لەوانەیە هەمان ئەو بەردە بێ و چڵەکەش هەمان ئەو چڵە!)) سەری بەرز کردەوە و لە چڵەکەی ڕوانی. لقەکان لە ژێر پەڕۆدا ون بوو بوون. بە هەر لقێکەوە هەزار و یەك پەڕۆ هەڵواسـرابوون... بارینی تەرزە وردە وردە تاوی دەستاند. دۆڵ هەنار دەلەرییەوە. دەتکوت لەنێو ئەم دۆڵەدا ئەهریمەن و ئاهورامەزدا ڕووبە ڕووی یەکتر هاتوون و دەست و مەچەکیان لە دەست و مەچەکی یەکتر تێکناوە.

لافاو تا ئەژنۆی ئەسپەکان وەسەر دەکەوت. بابەك لە دڵی خۆیدا نەفرەتی لە هارون و ئەبو عمران دەکرد و هانای لە دایکی خۆی دەخوازی: ((دایە لە کوێیی؟ لە سەختی و بەڵاوە گیرمان خواردووە. دوعا بکە دایە با رزگارمان بێ!))

لافاو, سواران و ئەسپانی لە تەنگانەدا وەگیر هێنا بوو... چڕ بوونەوەی هەوران لەسەر لوتکەی چیای ((هەشتادسەر)) کەم دەبۆوە و هەورە تریشقەش کەمتر چەخماخەی دەدا. تەرزە بارینیش لێ ی کردبۆوە... لەو دەمەدا دەنگی حیلەی ئەسپێك هاتە بەر گوێ. بابەك گوێی هەڵخست و لە بیرکردنەوە ڕاچوو: ((ئایا خەیاڵ سەری داگرتوم؟! لەوانەیە ڕوحی باوکم بە یارمەتیمەوە هاتبێ؟ نا. حیلەی ئەسپ دووبارە بۆوە, بە پەلەلە ئەسپ خۆی فڕێ دایە خوارێ وگوێی بە لیتەکەوە هەڵخست. دەتکوت سوپای هارون دەجولێتەوە. دەنگی گوێی ئەسپان بە ڕوونی دەهاتە بـــەر گوێ. بابەك وەك بروسکە خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەی. کەمەندی ئامادە کرد و ڕوو بە هاوەڵانی کوتی:

- بجووڵێن بە دوای مندا وەرن! ئەبو عومرانی بەدکار بەدوامانەوەیە!

معاویە هاتە قسە:

- باپیرانی ئێمە کوتویانە پیاوی قارەمان پشت ناکاتە دوژمن)).

و بابەك کوتی:



- کوتوشیانە: ((پیاوی ئازا خۆی ناخاتە نێو تەهلوکەوە. ئێستا ئێمە چەك دەگوازینەوە, ئێوە دەڵێن چی بکەین؟ گەیاندنی چەکەکان بە جێیێ خۆی یان ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمن؟

- دەبێ بڕۆین

- دەبێ چەکەکان بگەیەنینە شوێنی مەبەست!

بابەك ئاو زەنگی لە ئەسپەکەی دا

- کەوا بوو بجولێن!

معاویە لە پشتەوەڕا بانگی براکەی کرد:

- بابەك ئەگەر بە نێو دۆڵدا بڕۆین لەوانەیە بکەوینە ناو لیتەوە.

- ئەوەندە قسە مەکە برا. ڕێگایەکی ترمان نییە.

دەبێ بە هەر شێوەیەك بووە. چەکەکان لەوادەی خۆیدا بگەیەنینە جێ.

جگە لە ژێر فەرمانی چارەیەکی دیکە نەبوو.

ئێستا دەنگی ناڵی ئەو ئەسپانەی لە پشتیانەوە دەهات بە ئاشکرایی دەبیسترا. پاش کەمێك ئەبو عومران بە خۆی و چەن کەس لە چەتەکانییەوە خۆی گەیاندە دۆڵ هەنار. دیار نەبوو کام نامەردە هەواڵی دابوویە کە قارەمانانی بیلال ئاباد دەیانەوێ لەگۆڕخانە چەك بێننە دەرەوە.

- ئەبو عومران بە چوار چاو بەدەور و پشتی خۆیدا دەی ڕوانی و جنێوی دەدا:

ئەم کافرانە بۆ کوێ چوون؟ هەر ئێستا کە بروسکەی لێدا, لە ژێر ئەو بەردەدا دیمن؟

یەکێك لە چەتەکان هاتە قسە:

- ئەو بابەکە هەرچی لە بارەیەوە بڵێی لە دەستی دێ, ئەو حەرامزادەیە لە بروسکە خێراترە گومانم وایە ئێستا لە دۆڵ هەناریش دەربازبووە.

- نا! بەو لافاوەوە چۆن دەتوانن لە دۆڵ دەرباز بن؟! حەتمەن لە نێو ئەوهەنارستانەدا ون بوون بە دوایاندا بگەڕێن!

ئەبو عومران شمشێری لە کالان دەرکێشا وکوتی:

- سوێند بەم شمشێرە ئەگەر ئەو حەرامزادەیە بەردەستم بکەوێ, زنجیری لە مل دەکەم, تا ئاخیری تەمەنی لە ئەشکەوتێکدا دەیبەستمەوە. ئەو هێشتا منی نەناسیوە. بابەگۆڕ بە گۆڕەکەشی ئاوا کەللە شەق و چاونەترس بوو.

کاتێك بروسکەیەکی لێدا, چەتەکان هاواریان کرد:

- ئەوەتان لەوێ, دەستەیەك سوار خەریكن لە گردەكە شۆڕ دەبنەوە.
- ئەمە چ قسەیەكە ئێوە دەیكەن. چۆن وا بەزوویی دەتوانن بگەنە ئەو گردە؟

یەكێك لە چەتەكان تەئكیدی كرد:

- بە چاوی خۆم دیتمن

نەڕەی ئەبو عومران بەرزبۆوە:

- ئەها كافرینە! بۆ هەر كوێیەك ڕابكەن, ناتوانن لە چنگم قوتار بن!

ئەبو عومران ئەمەی كوت و ئاوزەنگی لە ئەسپ داو نەڕاندی:

- بەدوا من دا وەرن!

چەتەكان بۆ پێشەوە ئەسپەكانیان تاودان. بەلاّم تازە درەنگ بوو بوو. قارەمانانی خوڕەمی ئەسپیان لە لافاودا بوو و پەڕیبوونەوە.

كاتێك ئەبو عومران و پیاوەكانی گەیشتنە لێواری ئاو, هەرچی كە شەبلاقەیان لە ئەسپەكانیان دەسرەواند, ئەسپەكان ملیان بۆ پێشەوە نەدا. ئەسپەكان لە خروشانی لافاو بە هەراسانی حیلەیان دەكێشا و پێكانیان بەرز دەكردەوە و بۆ دواوە دەكشانەوە, سەركردەی چەتەكان بە هەڕەشەوە شمشێری ڕادەوەشاند:

- هەی حەرامزادەی كافرینە! بۆ كوێ هەلـــــدێن لە هەر كوێ بن دەستم بە داوێنتان ڕادەگا.

بابەك جلەوی ئەسپەكەی بە قایم گرتبوو و بە سەر پشتی ئەسپەكەیەوە درێژ بوو بوو. هەر كام لە قارەمانان تیرێكی هاویشت. پیاوەكانی ئەبو عومران تیكیانەوە هاویشت. بابەك و هاوەڵەكانی ئەسپەكانیان تاودان. تەرزە بارین دووبارە بە توندی دایكردەوە. بابەك دیسانەوەبە ئەسپەكەیەوە خۆی بە لقێكی لافاوەكە دادا و لافاو تا سنگی ئەسپەكەی وەسەر دەكەوت.

بابەك هاواری كرد:

- مەترسن!

ئەسپەكەی بە ئاراستەی ڕێژەوی ئاوەكە بەرەلاّ كرد.

معاویە هاواری كرد:

- دەترسم ئەمشەو لافاو بمان با. برا!
- مەترسە بە دوای مندا وەرە!



بابەك بواری ترسی بۆ نێو دڵی خۆی نەدەدا. هێشتا جنێوەكانی ئەبو عومران لە پشتەوە دەهاتنە بەر گوێ ((ئەم حەرامزادانە چۆن خۆیان لە لافاو دەدەن.))

هاواری بەرزتر بۆوە:

- ئەها بۆ هەر جێیەك بچن لە دەستم دەرناچن!

یەكێك لە هاوەلاّنی بابەك كوتی:

- لێی گەڕێن با گەرووی خۆی بدڕێنێ.

معاویە كوتی: گوێ مەدەنێ با وەك سەگ بوەڕێ!

لافاو بەردەوام پێچی دەدا و دەخرۆشا, وەكو هەژدیها پێچ ولوولی دەخوارد و لێوارەكانی دۆڵەكەی دەدڕی و لەگەڵ خۆی ڕای دەدا. وا دەهاتە بەر چاو كە دۆڵ هەنار هەرگیز لافاوی ئاوا گەورەی بە خۆیەوە نەدیوە.

هێشتا قارەمانانی خوڕەمی ساتمەیەكی جیددی یان نەهاتبووە ڕێ. ئەسپەكان پایەدار بوون و ڕوو بەڕێ بوون. ئەبو عومران كە تیری سەری كردبوو, بە بوغز قووت دانەوە كوتی:

بیستومە كوڕەكەی عەبدوڵلاّ پاش ئەوەی كە كوستی لە كەمەر بەستووە هەموو بیر و هۆشی ئەوەیە كە بەدەستەی جاویدانەوە پەیوەست بێ. بیستوومە خەون بە تۆڵە ستاندنەوەی خوێنی باوكیەوە دەبینێ! ئەم مندالّە هێشتا بۆنی شیری خاوی لە زاری دێ. دەبێ بزانێ ئەو پاروە بە دەمی ئەو زۆر گەورەیە.

چەتەكان بەیەك دەنگ كوتیان:

- ئاوایە

... گۆشەی ڕۆژهەلاّتی ئاسمان شیری داگەڕابوو و هەواش خەریك بوو خۆڵەمێشی دەبوو. دەستەی بابەك خەریك بوو لەگەڵ لافاودا ڕام دەبوون و ڕادەهاتن و بەرەو پێش دەچوون. بێباكییەكی گچكە بەس بوو تا هەموویان بە كامی ئاراس بگەیەنێ. جەنگاوەران هەمویان خۆیان بە كەمەند پێكەوە بەستبۆوە تا لە پشتی یەكترەوە بن. ئەسپەكانیان بە ئاراستەی ڕێژەوی ئاوەكە لینگ دەدا. سوارەكان لە هەوالّی ئەوەدا بوون كە جیگایەكی گونجاو بێتە پێشەوە تا ئەسپەكانیان هەوسار بكەن و خۆیان بە لێواری ئاوەكە بگەیەنن. لەو كاتەدا بابەك هێیەكی لە قاراقاشقا كردو لقێكی دار هەناری گرت.

.. ئەسپ بەسەر پێکانیەوە بەرز بۆوە و بە هەموو توانایەوە بازێکی دا, خۆی هەڵ دایە لێوارەکە, معاویەش هەر ئاوا بە دوای بابەکدا خۆی لە لافاو رزگار کرد, سێ, چوار... حەوت کەس خۆیان گەیاندە لێواری رزگار بوون. تەنیا یەکێك لە سوارەکان کەوتە ناو گێژاوەکە:

- فریامکەون! فریامکەون!

بابەك چاپووکانە کەمەندی بۆ هاویشت, سوار کەمەندی گرت:

- گرتم! ڕایکێشە!

بابەك پێی لە قەدی هەنار قایمکرد, بە هەموو توانایەوە کەمەندی ڕاکێشا:

- قایم بیگرە, مەترسە!

بەو پێیە هەشت قارەمان بێ ئەوەی زیانیان هەبێ, خۆیان گەیاندە لێوار. ئەسپی دوایی دەلەنگی.

قارەمانی ڕزگار بوو لە دەستی لافاو و گێژەن, سەری بۆ خوارەوە داخستبوو:

- ئەسپ شەرمەزاری کردم.

- گرنگ نییە, دەڕوا

رزگار بوون لە شمشێری تیژی ئەبو عومران و لافاوی وەخرۆشان هاتوو لە شەوێکی هەورە تریشقەدا, کارێك بوو شاکار.

... شەوی پڕ باران و تەرزە و بروسکە, ئێستا بە تەواوی لە هەناسە کەوتبوو. بایەکی سارد بە ویزە ویز هەورانی سك لێکەتو,و سووکی وەکو پوشکە کا بە درێژایی ئاراس بەرەو چیای بز دەرەتاند. روخساری تێك داگیراوی ئاسمان وردە وردە رۆشن تر دەبۆوە.

چناری پیرە بابا لەسەر ڕێگا بوو, چناری پیرەبابا ئامانجی قارەمانان بوو.



## (١٣)

## یەکەمین هونەر نواندنی بابەك

*شمشێر, باشترین*
*هاوەڵی پیاوانە.*
*(پەندێکی کۆن)*

لە نزیك چناری پیرە بابا, مردن لە هەر ئانیکدا چاوەڕێی بابەك و هاوەڵانی بوو. دوژمن بە دوایانەوە بوو و ئەوانیش شەکەت و لە ئاودا خوساو و داهێزراو بوون. شەپلاقەدان لە ئەسپانی شەکەت کە بەو دەردە سەربییە لە لافاوەکە دەرباز بوو بوون, کارێکی دوور لە ویژدان بوو. لەوەش بەو لاوە, ڕاوەستان لەوێ پێویست بوو. بەپێی فەرمان ئەو چەکانەی کە لە گۆڕخانەوە هێنابوویانن دەبوایە لە نزیك چناری پیرەبابا بشاردرێنەوە.

ئێستا ئەو شیوە سەرسام هێنەرانەی کە شەوی پێشوو لافاو هەڵیدڕیبوون و ئەو چیایانەی کە شەقازلەی هەورە تریشقە یان خواردبوو. بە ئاشکرایی دەبینران. تیغی زێڕینی هەتاو لوتکەی بزی نورباران کردبوو. گەڵاپانەکانی چنار وەك پەنجەی بریندار, بە تەرزەی دوێنێ شەو کون کون بوون. با, لقەکانی وەکو باوەشێن دەلەراندەوە و دڵۆپە بارانەکانی کەبەسەر گەڵاکاندا مابوونەوە, بەسەر سەری سوارەکاندا بەر دەدایەوە. لە هێلانەی لەق لەقەکانەوە, ئاو دڵۆپەی دەکردە خوارەوە.

پیرە بابا چنارێکی بەساڵا چوو بوو. هەر ئانێك ڕێبوارێك کە ڕێگەی بە پەنا وییەوە دەهات, تووشی حەپەسانی دەکرد. لقە زێرینەکانی چنار وەك هەورێکی سەوز و یەکدەست ڕووبەرێکی گەورەی بە سێبەری خۆی داگرتبوو. خەڵك لەوباوەڕە دابوون پیرەبابا, ئەسکەندەری مەکدوونی لە سەر تەخت و دارای پاشای ئێرانی لە نێو بێشکەدا دیوە. چنار کە یادگارێکی

زیندووی ڕابردووە دوور و دێرینەکان بوو, پەناگای ڕێبوارانی زستانان و ساباتی ڕاگوزەرانی هاوین بوو. وشتروانان و تەتەرەکان لە ژێر ئەودا پشوویان دەدا و ئەسپەکانیان دەحەساندنەوە. جارەهای جار وارێك کەوتبوو کە درەخت چەند جەنگاوەری بریندار لە نێو قەدە ئەستوورەکەی خۆیدا پەنا بدا. ئەستووری قەدی چنار ئــەوەندە بوو کە ئەگەر دە پیاو دەستیان لێك ببەستبایە بە دەوری قەدەکەیدا نەدەگەیشتەوە.

لە سپێدەیەکی ئاوا زولاڵ و هەتاویدا, مێشهەنگەکان کە لە نێو قەدی چنارەکەدا لانەیان کردبوو, بە هەوای گولاوینی دڵپەسەندی گولانی کێوی لە پوورەکەیان هاتبوونە دەرەوە, ئاوازی باڵەکانیان دەستی پێکردبوو. چنار هەروەکو ولاتێکی پان و پۆڕ کە خەڵکان لە هەر نەژادێك لە پەنای خۆیدا جێ بکاتەوە, سەد و یەك جۆر باڵندەی لە پەنای خۆیدا گرتبوو کە ئێستا ئاوازی خۆش و ناخۆشیان لەگەڵ ئاوازی یەك ئاهەنگی هەنگەکاندا, کۆرسێکی یەك ئاوازیان پێکهێنابوو. ئایا ئەم گولاو و ئەم هەوا و ئەم نەوایە شەکەتی لە لەشی ڕێبوارانی دوێ شەو دەرنە دەکرد؟

بابەك لە ڕووی کار پارێزییەوە, دوو کەسی لە هاوەڵەکانی لە ماوەی دوورییەکی کەم لە چنارەکە بە پاسەوانی دانا بوو. قارەمانانی دیکە ئەسپەکانیان لە ژێر درەخت کە لە چاودێری دانا بوو, چاوەڕێی فەرمانی بابەك بوون. بابەك لە حاڵێکدا کە سەری کەمەندی لە کەمەری خۆی دەبەست, بە هاوەڵانی کوت:

– من دەچمە سەرەوەی چنار, ئێوەش چەکەکان بخەنە ناو توورەگەکانەوە و بە سەری کەمەندەکەیانەوە ببەستن تا منیش لە سەرەوەڕا هەڵیاندەکێشم. چەکەکان لە ناو هێلانەی لەق لەقەکاندا دەشارمەوە. هیچ جێگایەك لەوێ دڵنیا تر نییە, دەستبەکاربن.

یەکێك لە قارەمانان کوتی:

– پێتوایە هێلانەکان توانای ڕاگرتنی باری قورسی چەکەکانیان هەیە؟

– ئەم هێلانانە ئەوەندە مەحکەم دروستکراون کە ئەگەرپیان بکەی لە بەردیش بەرگە دەگرن. ئەم هێلانانە لە ساڵانێکی زووەوە ماونەتەوە و ڕیشاڵی لقەکانی ئەوانی وەکو داو و دەزوو بە یەکدا چنیوە. هەر کامیشیان بە ئەندازەی دوو بێژنگ جێگایان هەیە. نە جێگای دوو دڵییە و نە وەختی دواکەوتن... بجوولێن!

معاویە وەك نیشانەیەکی دوو دڵی لێوەکانی کۆکردەوە و شانەکانی بەرز کردەوە:

– برا ئەم کارە کردەنی نییە!



– بۆچی؟

– ئێمە دەرفەتی ئەم کارەمان نییە هەر ئێستا ئەبو عومران دەگاتە سەر سەرمان.

– مەگەر لافاو بەو زووییە دەنیشێتەوە؟ تا ئەوان بوارێك بۆ جیگا پێی خۆیان دەدۆزنەوە و لێی دەپەڕنەوە و خۆیان دەگەیەننە ئێرە, ئێمە خۆمان گەیاندۆتە پردی بەردین.

ئەسپەکان بە هۆی سەرمای بەرەبەیان و لە ژێر باری قورسدا دەلەرزین و جار جارە ملیان ڕادەکێشا, سەری خۆیان بۆ ئالفی تازەی دەوروبەری خۆیان درێژ دەکرد.

قارەمانان جڵەوی ئەسپەکانیان بەرەو قەدی درەختەکە ڕادەکێشا.

معاویە کوتی:

– ئەم دوا بڕاوانە هیچ توانای برسێتییان نییە! وەك ئێمە برسیمان نەبێ!

معاویە لە حاڵێکدا کە چەکەکانی لە جەواڵەکە بە تاڵ دەکرد کوتی:

– خوا بکا پەشیمان نەبینەوە.

بابەك کوتی: لە جیاتی ئەوەی زمانت بخەیە کـــــار. دەستەکانت بخە کار! مەگەر نابینی ئاژەڵەکان لە بن باردا بێ تاقەت بوون؟

بابەك توڕە بوو. دەیزانی گفتو گۆ و بەڵگەهێنانەوە لەساتەوەختی ئاوا هەستیاردا لەگەڵ مردن بەرامبەر بوو. بابەك تەنانەت دەرفەتی نەبوو بوو جلەکانی خۆی بگوشێ. چاوەکانی لە بێخەوی و ماندوییدا سوور بوو بوون. هەڕەشەی دوێ شەوی ئەبو عومران هەروا لە گوێیدا دەزرینگایەوە. دواکەوتن هەرگیز گونجاو نەبوو. بۆیە بە چالاکی بەسەر چنارەکە کەوت و جێگای خۆی لە پەنای یەکێك لە هێلانەکان ساز کرد و سەری کەمەندی ڕاداشتە خوارێ:

– بیبەستن!

معاویە بە پەلە تورەگەی پڕ لە چەکی بە کەمەندەوە بەست:

– هەڵیکێشە!

توورەگەکە لە لقێکەوە گیری خوارد. بابەك بە هەموو توانایەوە ڕایکێشا, لقەکە لە جێی خۆی لەرییەوە و تورەگەکەی بەرەڵاکرد. دڵۆپە باران کە بەسەر گەڵاکانەوە بوون, ڕژانە خوارەوە. باڵندەکان لە لقێکەوە دەفڕین.بۆ لقێکی دیکە. لەق لەقەکان بە هەوادا هەڵفڕیبوون و بە سەر چنارەکەدا باڵیان کردبۆوە. سەرەنجــــــــام دەنگ و هەنگامەی باڵندەکان نیشتەوە و گوێ هەڵخستن بۆ دوورە دەست بووە کارێکی لە دەرەتان هاتوو. چاوە تیژەکانی بابەك بەسەر ڕێگاوە بوون و گوێکانیشی لەسەر هەست بوون. ئەو خورجینەکانی یەك بە دوای یەکدا

هەڵکێشایە سەرەوە. کەمەند نێو لەپی دەستەکانی سواند بوو, بەڵام ئەو بایەخێکی بۆ دانە دەنا. لە هێلانەیەکەوە بۆ هێلانەیەکی دیکە دەچوو. لە ماوەیەکی کەمدا چەند سەد دانە شمشێری لە هیلانەکاندا جێ کردبۆوە. ئارەق لە هەر حەوت کونی ئەندامیەوە دەهاتە دەر. هەموو هێلانەکان پڕ بوو بوون. بەڵام هێشتا بڕیك چەك لە سەر زەوی مابوو. بابەك بە پەلە لە درەختەکە هاتە خوارێ. درزێك کە لە قەدی دار چنارەکەدا بوو, بۆ ساتێك نیگای بابەکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. جێگای هەبوو و شاردنەوەی بڕێکی زۆر چەکی تێدا دەگونجا. درزی خوارەوەی فراوان بوو. بەڵام دەریچـــــــــــەی درزەکەی تر باریك بوو و بە زەحمەت کوڕێژگەیەکی ئەندام باریك دەیتوانی خۆی بخزێنێتە ناویەوە.

بابەك بڕیاریدا پاشماوەی چەکەکان لەوێدا بشارێتەوە. بابەك چەند دانە چەکیهەڵگرت و وەکو مار خۆی باریك و کەوانەیی کردەوە و خۆی خزاندە ژوورەوە. بۆنی شێ و ڕزیوی لە لووتیدا گەڕاو وەسەر پژمین کەوت. بە دیقەتەوە چاوێکی بە ناو چاڵەکەدا گێڕا... نەوەکو مارێك, گیانلەبەرێك لەوێدا بێ!

لە دیواری درزەکەوە شلەیەکی لیج بەسەر دەستیدا ڕژا. بابەك بۆنێکی پێوە کرد, هەنگوین بوو کە لە کەندووی مێشەکانەوە - سەرەو ژێر ببۆوە!

بابەك سەری لە درزەکەوە بردە دەرێ و بانگی معاویەی کرد:

- ئەها! ناتەوێ زاری خۆت شیرین بکەی؟! چەندی بتەوێ لێرە هەنگوینی لێیە.

قارەمانان پێکەنین.

- وریای خۆت بە هەنگەکان بە زمانتەوە نەدەن!

بابەك لە قایمەکاری جێگاکە دڵنیا بوو و فەرمانیدا:

- چەکەکان بێنن!

معاویە بە هاوکاری هاوەڵاٚن. بە خێرای چەکەکانیان دایە بابەك و بابەك هەمووی لە نێو چاڵەکەدا - بە شێوەیەك کە دوورە دەست بێ - دانا...

باری هەموو ئەسپەکان بە تاڵ بوو بوو. ئێستا دەتوانن سوار بن و لە چناری پیرە بابا دوور کەونەوە.

هەر کەسێك تەنگەی ئەسپەکەی قایمکرد, پاشان بابەك دەستی لە درزە تەسکەکەوە هێنایە دەرێ, بانگی معاویەی کرد:

- وەرە دەستم بگرە بێمە دەرەوە!



کاتێك معاویە لە درزەکە نزیك دەبۆوە, هاواری یەکێك لە پاسەوانان هاتە بەر گوێ:

- چەتەکان وا خەریکە دێن!...

... نەڕەی ئەبو عومران لەدەشتدا دەنگی دایەوە:

- نەجوولێن دەنا هەمووتان دەکوژرێن!...

هاشەی تیر هات و چەند تیرێك لە دەور و بەری درزەکە کەوتن. معاویە بە خێرای لەسەر زەوی ڕاکشا. ئەگەر لەو ساتەدا بابەك بهاتبایە دەرێ تیرەکان کون کونیان کردبوو. بابەك ساتێك بیری کردەوە بە خێرای بە براکەی کوت

- سواری ئەسپەکانتان بن و پەرت وبڵاٚو بن. نیگەرانی من مەبن, بەڵام زۆر دوور مەکەونەوە. لەوانەیە لێرە پێویستم پێتان بێ. یەکیك لە کورەکانیش بە دوای سەلماندا بنێرە تا خەبەری بداتێ, تێگەیشتی؟

- معاویە لە سەر سنگ لە درزەکە دوور کەوتەوە وڕاسپاردەی بابەکی بەوانی دیکەش ڕاگەیاند. هەموو سوار بوون. معاویەش بازێکی داو سواری دەمیر بوو... بابەك گوێی هەڵخستبوو, دەنگی ناڵی دەستەیەك سوار دوور کەوتەوە و دەنگی دەستەیەکی دیکە نزیك دەکەوتەوە. کەمێك پاشتر ئەبو عومران لە پێش درزەکە نەڕاندی:

- ئەو نارەسەنە لێرەیە! ناتوانیٚ لە چنگم دەربازی ببیٚ!...

بابەك هەستی دەکرد هێزێکی تازەی پەیدا کردووە, بە خۆی دەکوت: ((کێ ئازایە بێتە پێشەوە! بەو شمشێرە سەری لە لەشی جیا دەکەمەوە!))

ئەبو عومران لە نێو داوەکەدا بۆ نێچیرەکەی دەگەڕا:

- تەماشای ئەم توڵەیە کە چۆتە چ درزێکی باریکەوە! پیشلەش ناتوانیٚ بچێتە ئەم کونەوە. لە جێگایەکی باشدا وەگیرم هێناوە. کاری تەواوە! ڕاستیان کوتووە کە (سەری هەڵگرتوو ئەقڵ میوانی نییە) ئەبو عومران کە لە ڕۆژی پێشترەوە سەری بەدوا بابەکەوە بوو, بە پەریشانییەوە سەری بردە ناو دەمی تەنگی درزەکەوە, سەری لە کەلێنەکە گیر کردو شمشێرەکەی لە ناو چاڵەکەدا بە هەموو لایەکدا هەڵدەسوڕاند, بابەك کە پاڵی بە دیواری ناوەوەی چاڵەکەوە دابوو, شمشێرەکەی بەسەر شمشێرەکەیدا ئەو داگرتە خوارێ. ئەبو عومرانیش بە زەحمەت سەری کێشایەوە دەرەوە. بابەك داخی خواردەوە. لەو دەمەدا دەنگی لێکدانی شمشێران بەرزبۆوە, هاوەڵاٚنی بابەك هێرشیان هێنا بوو.

ئەبو عومران دوو نەفەر چەتەی لە بەرامبەردەمـــی درزەکە دانا بوو ڕێگای دەرباز بوونی لە ڕووی بابەك بەستبوو. لێکدان و پێکدادان لە دەرەوە تینی دەستاند. هێزەکان نا بەرامبەر بوون. پێنج کەس لە قارەمانانی خوڕەمی لە بەین چوون. یەکێك لە قارەمانان بۆ گەیاندنی خەبەر ڕۆیشتبوو و لەو ناوەدا, جگە لەو, تەنیا معاویە زیندوو مابوو.

معاویە گەرچی لە شانییەوە بریندار بوو بوو. بەلاّم دەمیر توانی ئەو لە لەبەین چوون قوتار بکا. ئەو لە گۆشەیەکدا لە نێو بەردەکاندا لە بەر چاو ون بوو بوو. دەیزانی کە بابەك زیندووە و هەروەها دەشیزانی کە دۆستانیان بە زوویی بە هانای ئەوانەوە دێن. کراسەکەی خۆی دادڕی و برینەکەی خۆی پێ بەست. برینەکە سەر چیخ بوو و بە زوویی خوێنەکەی ڕاوەستا. بەلاّم نەیدەزانی چ بکا. ئەگەر بە تەنیایی دەستی دەدایە پەلامار, بە دەستی خۆی, خۆی بە کوشت دەدا, بابەك گەرچی لە کەلێنەکە دابوو بەلاّم هێندەش لە ئاماندا نەبوو, بەهەر حالّ جگە لە چاوەڕێ کردن نەیدەتوانی کارێکی دیکە بکا.

ئەبو عومران لە حالێکدا کە توڕەبوو بوو کەف بەسەر لێوانییەوە بوو لە ژێر چنارەکەدا پیاسەی دەکرد فەرمانیدا:

کوژراوەکان سەر بەرەوخوار بە لقەکانەوە هەلّواسن. فەرمان جێ بە جێ کرا.

بەلاّم ڕقی ئەبو عومران ئارام نەبۆوەو فەرمانیدا:

– سەری مردووەکان لە لەشیان جیا بکەنەوە و بیان خەنە ناو ئەو کەلێنەوە.

ئەم فەرمانەش جێ بە جێ کرا.

بابەك لە تینی ڕق و کینەدا بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە, بەلاّم هاتنە دەرەوەی مەحالّ بوو. ئاگری تۆلّە لە دەرونیدا بلێسەی دەدا و بە خۆی دەکوت: ((کوتوویانە ماری بریندار تا زۆرتر بمێنێتەوە ترسناك تر دەبێ. ئەم چاو دەرپەڕیوە ئاخر و ئۆخری بە دەستی من دەکوژرێ!))

ئەبو عومران دووبارە شمشێر بە دەست لە پێش دەمی کەلێنەکە ڕاوەستا بوو. بابەك لە ڕقان خەریك دەبوو دەخنکا. بەلاّم جگە لە بێدەنگی و دان بە خۆدا گرتن چارەیەکی دیکەی نەبوو ((لە ساتەوەختی ئاوا دژواردا, خوڕەمییەکان دەتوانن ئارام بگرن و دەبێ بشتوانن)). لە ناکاو بابەك کەوتە بیری قاراقاشقا, ((ناکا کەوتبێتە بەر دەستی دوژمن؟)).ئاوا نەبوو. ئەو قارەمانەی کە بۆ گەیاندنی خەبەر ڕۆیشتبوو, ئەسپی خۆی بەجێ هێشتبوو و سواری قاراقاشقا ببوو تا زووتر بگاتە ئوردوگای سەلمان.



چەتەکانی ئەبو عومران هەولّیاندەدا ئەسپەکانی قارەمانانی کوژراو بە کەمەندبگرن. بەلاّم ئەسپانی بێ خاوەن ملیان بۆ کەمەند نەدەدا. لە ناکاوئەبو عومران بە جۆرێك نەڕاندی کە لەق لەقەکان هەلّفڕین:

– دەست و پێ سپینە! کە نەتان توانی ئەسپەکان بگرن, هەر نەبێ بگەڕێن بزانن چەکەکانیان لە کوێ شاردۆتەوە؟

چەتەکان کەوتنە گەڕان. بەلاّم هەرچی گەڕان شوێنەوارێکیان بە دەست نەکەوت. خەمبار و دەست بە تالّ لە حالێکدا کە هەر چی جنێویان لە هەگبەکەیاندا بوو حەوالّەی خوڕەمییان و بابەکیان دەکرد, لە دەورو بەری چنار دەستیان بە گەڕان و پشکنین کرد. دەتکوت بە دوا دەرزی دا دەگەڕێن. وەختێك کە هیچیان نەدەدۆزییەوە بۆ دامرکانەوەی ڕقی خۆیان, کەوتنە تیر بارانی لاشەکان

– ئەم شەیتانانە هەقیان ئەوەیە.

– تۆ دەلّێی ئەم چەکانەیان لە کوێ شاردۆتەوە؟

– ناکا لەناو هێلانەی لەق لەقەکاندا شاردبیانەوە؟

– قسەی بێ مانا ئەوەیە!... چ شێتێك دێ ئەو هەموو چەکانە لە ناو هێلانەی لەق لەقدا بشارێتەوە؟

هێشتا خوێن لە لاشاکانەوە دەڕۆیشت. ئاوی زولالّی ئەو کانییە کە لە پەنا چنارەوە لە زەوییەوە هەلّدەقولاّ, لە خوێناودا ڕەنگی سوور بوو بوو.

ئەوانەی بەردەمی کەلێنەکەیان گرتبوو, نە دەڕۆیشتن و دوور نەدەکەوتنەوە. بابەك ئارەزووی دەکرد بالّی هەبووایە و لەو جێیە بفڕییبایە. سیمرغ لە کوێیە بە دەنووك ئەو هەلّبگرێ و لێرە بیهێنێتە دەرەوە. ئەگەر ئازاد بوایە دەیزانی کە چۆن لەگەلّ ئەبو عومراندا ڕووبەڕووی دەوەستێ و شمشێر لە شمشێری دەدا و حسابی دەخاتە ناو دەستییەوە.

ئەبو عومران هەروا هاوار و پرتە و بۆلّەی بوو:

– ئەگەر تاژی حیز نەبێ کەروێشك لەناو کادێندا ناترەکێ! یانی ئێوە ناتوانن مندالێکی بستە بالاّ لێرە بێننە دەرەوە؟ بێ غیرەتینە ئەسپەکانتان پێنەگیرا, نەتانتوانی چەکەکانیش بدۆزنەوە... دەنگی نووساوی بابەك لە درزەکەوە گەڕا:

– گەوجی داماوینە! بە خۆڕایی بەدوا چەکدا مەگەڕێن.

– ئەوەتان لێرە لای خۆمن!

بابەك حەزی دەكرد كە چەتەكان بیانەوێ بێنە ژوورەوەی درزەكەوە و ئەو بە شمشێر سەریان لە لەشیان جیا بكاتەوە.

ئەبو عومران لە گژ بیرانەوە ڕاچوو ((ئایا ڕاست دەكا؟)) بابەك هەرگیز ئەوی لە نزیكەوە نەدی بوو. لە گۆشەیەكی درزەكەوە چاوی لە ڕوخساری بڕی. وشتری پڕ كینەی خەلیفە چ قەلافەتێكی سامناك و دزێوی هەبوو!

ڕیشە ماش و برنجییەكەی هەر لە كلكی ئەسپ دەچوو. سمێڵی لە بنا گوێ دەرچووی وەك قۆچی بزن وا بوو. پێڵوە ئەستورو سوورەكانی, وەك جوتێك كاسەی خوێن دەوری چاوە هەڵ ئاوساوەكانی دابوو. كەمەر بەندێكی پان بەكەمەرەوە و چەند دانە خەنجەری بچوك و گەورەو چەقۆپێوە هەڵواسرابوون. قژە تیكقژراوەكەی لە ژێر كلاو و خودەكەیەوە هاتبووە دەرەوە, جێگای ئاولەی قووڵ بەسەر روخساری ڕەش و سووتاوییەوە دەكەوتنە بەر چاو.

بابەك لەدڵی خۆیدا بیری دەكردەوە ((ئامانجی ئەمانە چییە؟ ماوەیەكی زۆر لێرە دەمێنمەوە؟ خۆزگە زووتر هەواڵیان بە سەلمان دەگەیاند!...))

ئەبوعومران تینوی خوێن بوو ئارەزووی كوشتنی هەبوو. دڵی دەیویست كە توانیبای چنار لە بنەوە, هەڵكەنێ, بابەك كە چەكی بۆ جاویدان دەبرد, بێنێتە دەرەوە و كوت كوتی بكا. ئەو كە نەیدەتوانی لە چاڵەكە نزیك ببێتەوە, نەڕاندی:

- چۆن چویتە ناو ئێرە هەی حەرامزادە!

بابەك وەڵامی نەدایەوە ((با هەتا دەتوانێ حەپە حەپ بكا!))

ئەو بێ گوێدانە هەڕەشە و جنێوەكانی چاو دەرپەڕیو لە گۆشەیەكی ژوورەوەی چاڵەكەدا بێدەنگ و شمشێر بە دەست ڕاوەستا بوو. ((ئەگەر لێرە گیانم بە ساغی بەرمە دەر, دەزانم چ بەڵایەك بە سەر ئەو (نامەردە) دەهێنم.))

بابەك بە خرۆشانەوە چاوەڕێ بوو. كوتەیەكی كە لە سەر تیغی شمشێرەكەی باوكی هەڵكەندرابوو, لە دڵی خۆیدا دووبارە كردەوە: ((ئەی قارەمان ئەگەر شمشێر بكەیتەوە بەكالاندا هەروا باشترە كە دەست بۆ دەسكەكەی نەبەی!)) ئەم قسەیە باوەڕ وتوانای بەو دەبەخشی.

ئەبو عومران ئارامی لە بەر بڕا بوو. ئەو ئیتر تاقەتی نەما بوو. بە خێرایی سەری بردە ژووری درزەكە و بابەك بە دەست و بردی شمشێری داهێنایە خوارێ!...ئەگەر سەری نەهێنابایە دەرەوە بێشك دوو لەت دەبوو!

ئەبو عومران نەڕەیەكی لێ هەستا:



- ئای سوتام! فریام كەون! برینداربووم!

یەكێك لە چەتەكان كراسەكەی دڕی و برینەكەی بەست لەگەڵ ئەوەشدا ئەبو عومران بە زوویی سەری خۆی لادابوو شمشێری بابەك كاری خۆی كردبوو و ئێسقانی نێو چاوانی چەتە باشی داهێنابوو. ڕقی ئەبو عومران لەو زەربە چاوەڕوان نەكراوە پتر تاوی ستاند. خوێنی گەرم لە نێوچاوانییەوە دەهات و بە سەر چاوە سوورە ئاوساوەكانیدا دەڕژا. ڕیشە پڕەكەشیلە خوێندا سوور هەڵگەڕا بوو كلاو خودەكەی لە نێو چـــــــاڵەكەدا, لە پەنا سەرە براوەكاندا كەوتبوو. مێش هەنگانی ڕاهاتوو بە ئارامی, لەو هەراو هەنگامەیەی سەر بازان هاروژابوون و بە گیزە گیز هێرشیان هێنایە سەر سەر و پۆتەلاكی ئەوان. ئەبو عومران بە هاوارێكی كە بە ناڵین دەچوو, نەڕاندی:

- ئەم مێشە نەفرەتییانە چییان لە گیانی ئێمە دەوێ؟!

بابەك نووكی شمشێرەكەی لە درزەكەوە هێنایە دەرێ و هاواری كرد:

- ئەگەر پیاوی دیسان وەرە پێش!
- ئەبو عمران بەسەر پیاوەكانیدا نەڕاندی:
- دەنگی بڕن! بیخنكێنن!
- هەر كەس بە دەم جنێودان و سووكایەتییەوە شمشێرەكەی بە هەوادا هەڵدەسووڕاند:
- وەكو سەگ دەتكوژین!
- لەت لەتت دەكەین!
- بیگرە!
- وەرە پێشەوە هەی نەفرەتی!

چەتەكان هەرگیز ئەبو عومرانیان ئاوا داماو نەدیبوو. بەڵام ئەو خەیاڵی ئەوەی نەبوو ئاوا بە دەستی بەتاڵ لەوێ بگەڕێتەوە. شمشێر بە دەست لە بەر دەمی درزەكەدا بەم لاو ئەو لادا دەهات و دەچوو و جار جار لە ڕقاندا شمشێرەكەی بە ئاراستەی درزەكەوە ڕادەگرت و دەینەڕاند:

- بیهێننە دەرەوە!

كات تێپەڕبوون بە قازانجی بابەك بوو. بە هۆی دەركەوتنی خۆرەوە كەس لە درزەكە نزیك نەدەكەوتەوە. مێش هەنگ هەمووی لە كەندوو هاتبوونە دەرەوە, چەتەكانیان خراپ بە خۆیانەوە سەرقاڵ كردبوو. ئەوان گەرچی بۆ پێشەوە هێرشیان دەهێنا بەڵام بەردەوام لە حاڵێكداكە بۆ كوشتنی مێشەكان, بەسەر و پۆتەلاكی خۆیاندا دەكێشا, بەرەو دواوە دەكشانەوە.

بابەك دووبارە كەوتەوە بیركردنەوە: ((باشە سەلمان و پیاوەكانی لە كوێ گیریان خواردووە؟ ناكا كەس هەواڵی بۆ نەبردبن!))

ئەبو عومران شێت گیرانە, ڕقی بەسەر سەری هەر كەس و هەرچی هاتبایە پێشەوە, دەباراند.

چەتەكان لە دەوروبەری چنار كەوتبوونە هەوڵ و تەقەلای ئەوە لە ئەبو عومران نزیك نەبنەوە. ئەو دەینەڕاند:

- ئەی ئێوە چ دەكەن؟ مانای هێنانە دەرەوەی تووڵەیەك لەو درزەدا ئەوەندە عاسێیە؟

هیچ كامیان لە ترسی گیانی خۆیان ئازایەتی ئەوەیان نەبوو لە چەتە باشی نزیك ببنەوە و ئەو ئارام بكەنەوە: ((هەموو بەدكارییەكی لێ دەوەشایەوە.))

لە ناكاوهەوا گۆڕا. هەورانی پڕ لە تریشقە و بریسكە كە لەلای بزەوە دەهاتن, لە سەر چنار گرماندیان. ئەم حاڵە چەتەكانی زیاتر تووڕە كرد:

- دەبارێ.

- لەوە زیاتر ناتوانین لێرە بمێنینەوە. زوو بن ئاگری تێبەردەن. دەبێ ئەو حەرامزادەیە بسووتێنین!

ئەم دۆزینەوەیەی ئەبو عومران چەتەكانی دڵخۆش كرد, بریك چیلكە و داریان كۆكردەوە و لە بەردەمی درزەكە دایان ناو چەخماخیان لێداو بە هەر زەحمەتێك بوو ئاگریان هەڵكرد. دووكەڵی ڕەش ئەوەندە تێكیەوە داویشت و دەهات بە نێو یەكدا تا بلێسەی ئاگر لێرەو لەوێ لە نێوان دووكەڵەكەدا بەرز بۆوە و دەمی درزەكەی لوش داو سەرەنجام دووكەڵ چڕتر بوو و ئاگر نێڵەی ستاند. لە ناو لانەكەدا یەك مێشی لێنەما. ئەوانەی بە ساخی دەرچون بە سەحرادا پەرت و بڵاو بوون. چەتەكان سەر و ڕووی خۆیان داپۆشی بوو تا لە هێرشی مێشە هارووژاوەكان لە ئاماندابن.

لە ژوورەوەی درزەكە بۆنێكی دڵ شێوێنەر دەهات. بۆ ئەوەی كە دووكەڵ كەمتر بێتە ناو چاڵەكە, بابەك باڵا پۆشەكەی خۆی داكەند و لە نێو دەمی درزەكەیەوە پەستی. ئومێدێكی كەم هەبوو گیانی بە ساغی لێرە بەرێتە دەرەوە. خەریك بوو ئاگر لە باڵا پۆشەكەی بەردەبوو. دووكەڵ دەریچەیەك بۆ ئاوەڵا ببوو خۆی دەخزاندە ناوەوە و چاو و گەرووی بابەك دەچوزایەوە. مەشخەڵ تینی ستاند و بە نێو پەناگەكەدا دەگەڕا. بابەك بە دوو ڕێگایەكی دەربازبووندا



دەگەڕا. نیگایەكی بەرەو سەرەوە هەڵبڕی و لە ناكاو كونێكی بچووكی لە سەرەوەی درزەكەدا دی, ((لێرە دەكرێ سەركەومە سەرێ, ئەی پەروەردگاری گەورە!))

كاتێ كدیقەتی گرت ئومێدی پەیدا كرد كە چـــــــونە دەرەوە لەوێوە كارێكە و دەرەتانی هەیە, ڕقی لە خۆی هەستا كە بۆچی تا ئەو ساتە سەرنجی لەو كونەوە نەداوە.

بابەك چەند تیرێكی هەڵگرت و دوو دانە دوو دانە بە دیواری نەرمی چاڵەكەیدا دەبردنە ناوەوە و بەو پێیە جێگایەكی بۆ خۆی دروستكرد, پێكانی لێك كردنەوە:

- ئەی شەروین! هاوكارم بە!

ئاگر خەریك بوو بە تەواوی دەهاتە ناو درزەكەوە, بەڵام دڵۆپە باران كە تازە دایكردبوو, لە كونی سەرەوەی دار چنارەكەوە دەهاتە خوارەوە و دەرفەتی بۆ داگرتنی زیاتری ئاگرەكە كەم دەكردەوە ئەبو عومران هەرچی كردی و كۆشا ملی بكێشێتە ژورەوە و سووتانی بابەك لە ناو چاڵەكەدا ببینێ, نەیتوانی. چەتەكان بۆ خۆشحاڵ كردنی وی, بابەكیان كردبووە گاڵتە جاری خۆیان:

- تۆ كە حەزت لە ئاگر بوو, ئەمە ئاگر! ئیدی ئەهریمەن ناتوانێ لە تۆ نزیك ببێتەوە!

- تازە ئەگەر جاویدانیش بێت, ناتوانێ هیچ بكا. تا دڵت حەز دەكا بۆ خۆت گەرم بەوە, بسوتێ, سووتان هەقی خۆتە!

- ها... ها... ها! وەزعت چۆنە؟ ئاهورامەزدا لەوێیە یان مردووە؟

بەو قسانە گوایائاوێكیان بە ئاگری دەروونی ئەبو عومراندا دەكرد. ئەو ئێستا كەمێك دوورتر لە چنار لە سەر زەوی دانیشتوە, لێوی ساردی شمشێرەكەی بە نێو چاوانییەوە نابوو تا ئازار و سوێی دەردی ئارام بكاتەوە. لە قرچە قرچی سووتانی ئاگر زەردەخەنەی ڕەزامەندی لەسەر ڕوخساری ئاوساوی نیشتبوو و لاف و گەزافەكانی خۆی زێدەتر دەكرد: ((هەتیوە سەرەڕۆ! ئێستا لە نێو ئەو ئاگرەدا كە ستایشت دەكرد, بۆ خۆت ئەوەندە بسووتێ خۆڵەمێشەكەشت دەستنەكەوێتەوە! ها...ها...! با ئاگری پیرۆز بە هاناتەوە بێ! ئەو موپەدی موپەدانت كە كەمەر بەندی لە كەمەرت بەست لە كوێیە؟ بۆچی بە فریات ناكەوێ؟ هیچ ئاگات لێیە ئەو زێڕانەی كە بۆ جاویدانی ناردبوو, ئەویش كەوتە دەستی ئێمە؟ جاویدان دەیویست بەو زێڕانە كەرەسەو ئەسپابی جەنگی ئامادە بكا, بسووتێ بۆ خۆت سووتان سزای تۆیە!

باران بێ پسانەوە دەباری. چەتەکان لە بەر دەمی درزەکەدا, کە دەسووتا, ڕاوەستابوون. لقەکانی خوارەوەی چنار ئەوانیش دووکەڵیان دەکرد. چەتەکان بۆ ئەوەی لە ئاگر و دووکەڵ دوور بن, لە درەختەکە دوور کەوتبوونەوە. باران دووبارە ئارام ببۆوە و ئاگر پتر بلێسەی دەستاند.

ئەسپەکانی چەتەکان جار جار گوێیان ڕەپ دەکرد, بەرەو لای پردی بەردین ملە قوتەیان دەکرد و پێیان بە زەویدا دەکوتا و دەیان حیلاند.

لەق لەقەکان بە سەر سەری دارچناری دووکەڵ گرتودا دەفڕین و دەنگە دەنگیان نابۆوە.

دووکەڵ هەموو جیگایەکی داگرتبوو, لە بەرزایی چنار و لە نێو دووکەڵدا, جەنگێکی سەیر لە ئارادا بوو. مارێکی بریندار کە بە دەنووکی لەق لەقێکەوە بوو, پێچ و لوولی دەخواردو دەیویست خۆی لە باڵەکانی باڵندەکەوە بئاڵێنێ. لەق لەقەکەش سەری مارەکەی وەبەر دەنووک دابوو, و هێزی جووڵەی لە مارەکە دەستاند. مێش هەنگەکان لە چەندین جیگاوە بەسەر و ڕووی چەتەکانیانەوە دابوو. ئەوانیش لە تەماشای مارو لەق لەقەکە ڕاوەستابوون و ئاگایان لە فنەفنی ئەسپەکانی خۆیان نەبوو.

بابەك پەنجەکانی خۆشی خستە کار و لە حالێکدا کە پێکانی, بەسەر ئەو پلە دەست کردانەوە بوو کە هێندەش قایم نەبوون, بە پارێزەوە دادەنا, خۆی بەرەو دەمی کونەکەی سەرێ هەڵدەکشاند. بابەك وەسەرکەوت و سەرتر کەوت و کاتێك سەری لە کونەکەوە بردە دەرێ, هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشا.

بابەك لە بەردەمی کونەکەدا لقێکی چەماوەی گرت, گوێی هەڵخست, دەنگی پێ ئەسپان لەلای پردی بەردینەوە دەهات ((ئەوانە کوڕ و کاڵی خۆمانن.))

ئـاسمان جار جار دەی گرماند و باران تاوی دەستاند, دەنگی پێی ئەسپان دەم بە دەم نزیك تر دەبۆوە.

ئەبو عومران هەر کە هەستی بە مەترسی کرد, لە جێگای خۆی دەرپەڕی و برۆ ماش و برنجییەکانی لێك کشاندنەوە و چاوە هەڵئاوساوەکانی دەرپەڕاندن و نەڕاندی:

- کافران خەریکن دێن!

هەوساری ئەسپەکەی کردەوە و خۆی هەڵدایە سەر پشتی:

- ئامادەبن!

چەتەکان هەمووان سوار بوون و وەکو تیری لە کەوان دەرچوو بەو دەوروبەرەدا پەرت و بلاو بوون, بەلاّم بە زوویی کۆبوونەوە.



خورەمییەکان ئەوانیان ئابڵوقە دابوو.

دەتکوت ئەمجارەشیان ئەهریمەن دەماری ئاسمانی بڕی بوو. باران یەك دان دەباری. لە ژێر چناردا جەنگی مەغلوبە دەستپێکردبوو! ڕەنگە چناری پیرە بابا هەرگیز جەنگی ئاوای لە بن سێبەری خۆیدا نە دیبێ.

فەرماندەی جەنگاوەرانی خوڕەمی لە ئەستۆی خودی جاویدان خۆیدا بوو. پەیکەری وی دەتکوت لە برۆنز دارێژراوە. سەرتا پێی بەزرێ داپۆشرابوو و دەمامکی بەسەر ڕووی خۆی دا دادابوو.

بابەك لە چنار هاتە خوارەوە. پیاوانی ئەبو عومران چاوەڕێی ڕوداوێکی ئاوا نەبوون: ((ئەمە جنۆکەیە یان شەیتان؟ لە کوێوە پەیدا بوو؟))

لاوێك کە هەواڵی بۆ سەلمان بردبوو, لە قاراقاشقا هاتە خوارەوە. ئەسپی دایەوە دەستی خاوەنی خۆی و خۆشی لە پەنا بەردێکەوە سەنگەری گرت و دەستیکرد بە تیر باران کردنی دوژمن.

معاویە گەرچی بریندار بوو. بەو دەستەیەی کە لە ژێر فەرماندەیی جاویداندا بوو, پەیوەست بوو. بابەك لە حالێکدا کە شمشێری ڕادەوەشاند پرسی:

- برا, ئەم جەنگاوەرە دەمامك بەسەرە کێیە؟

معاویە کوتی:

- جاویدانە - هاتبووە لای سەلمان.

جاویدان وەکو شێر دەجەنگا. بابەك بە بینینی ئەو جەنگاوەرە هەستیکرد هێز بۆ بازووەکانی و ئومێد بۆ ناو دڵی ڕێی دەکرد: ((جاویدان! لـەمێژە حەزدەکەم ئەو ببینم, پاڵەوانێکە!))

جاویدان لەگەڵ ئەبو عومران دا ڕوو بە ڕوو ببوو. لە پێکدادانی شمشێرەکان پرپشك دەرژا.

- ها...! ها...!

- ئاهورامەزدای گەورە! فریا کەوە

- بیگرە...!

سەلمان چەند هەنگاوێك ئەو لاوەتر دەجەنگا و لە ژێر چاوەکانیەوە تەماشای شمشێر وەشاندنی بابەکی دەکرد.

له دەوروبەری چنار چەندین لاشە بەسەر یەکدا کەوتبوون. خوڕەمییەکان چەتەکانی ئەبو عومرانیان بە زەویدا دەدا. سەرەنجام ئەبو عومران خۆی لە تەنگانەدا بینی و کەوتە خۆ سازدان بۆ هەڵاتن. لە ناکاو سەری ئەسپەکەی وەرسوڕاند و پشتی کردە جاویدان. ئەسپی ئەبو عومران کە لە ڕەسەنی ئەسپانی خوڕەمی بوو, وەك بریسکە دەرپەڕی و بە چالاکییەکی سەرسامهێنەر ڕێگای بۆ خۆی کردەوە و بەسەرە ژێرێکدا بەرەو دۆڵ دەستیکرد بەڕاکردن. جاویدان سەری لە دوو ئەبو عومران ناو لە حالێکدا کە ماوەیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەودا نەبوو. تیرێك لە ئەژنۆی ئەسپەکەی چەقی. کەس نەیزانی ئەم تیرە لە کەوانی چ کەسێکەوە دەرچوو.

ئەسپی جاویدان سەرسمێکی برد و جەنگاوەری قارەمان لەسەر زینەوە پەڕیە سەر زەوی. ئەبو عومران و پاشماوەی چەتەکانی لەبەر چاو ون بوون.

چەند کەسێك لە جەنگاوەرانی خوڕەمی بەدوا ئەبو عومران کەوتن...

جاویدان کوتی:

- کارێکی بێ هوودەیە. من ئەسپی ئەو چاك دەناسم ئەم ئەسپە چەندەها جار ئەو نامەردەی لە مەرگ دەرباز کردووە.

جاویدان ئەسپی برینداری دایە دەست یەکێك لە لاوانی خوڕەمی و بەرەو لای بابەك هات و ڕوو بە سەلمان کوتی:

- ئەمەیە بابەك؟ کوڕەکەی هاوڕێی خۆم عەبدوڵڵا!

سەلمان بە ئاوازێکی کە دڵخۆشی تێدا بوو, وەڵامی دایەوە:

- سەرداری گەورە! خۆیەتی. پاش ڕاسپاردەی ئێوە بەردەوام ئاگاداری بووم.

جاویدان بەسەرتا پێی بابەکیدا ڕوانی, بەویقاروشکۆیەکی تایبەتەوە دەستی لە پشتی داو کوتی:

- لاوێکی قارەمانە, چۆتەوە سەر باوکی خۆی.

بە نیگایەکی پێدا هەڵڕوانینەوە تەماشای کرد و دیسانەوە کوتی:

- یەقینم دەبێتە سەردارێکی گەورە

فرمێسکی شادی لە چاوەکانی بابەکدا قەتیس بوون. ئاه! کێ ستایشی دەکا: سەروەری خوڕەمیان, پڵنگی قەڵای بز, جاویدانی پورشەهرەك!...



## (١٤)

# ئـــــەسیری بـــــــــــەغــــداد

*کاتی وا هەیە ئەگەر*
*تۆ ئەوان ئەسیر نەکەی*
*ئــــــــەوا ئەسیرت دەکەن.*
*((پەندی پێشینانی عەرەبی))*

پەرێشان حاڵی خەلیفە لەوە زیاتر بوو کە هۆیەکەی کەش و هەوای دڵ گوشەر و بێزار هێنی زستان بێ. ئەو غەمبار و لە خۆیدا نقووم, و نیگەران و بێ ئارام بوو. هەروەکو جوبرائیل, پزیشکی تایبەتی, لە جیاتی ددانی وەژان هاتوو ڕزیوی, بە گازی ناڵبەندی, ددانێکی ساغی خەلیفەی کێشابێ! مێشکی گرمەی لێدەهات. بە دەست دڵ پەشێوییەوە سەری لە گێژەوە دەهات. ئەگەر سەری ئەو زەلامەشیان وەکو ((یەزید)) لە بەین بردبێ. چار چییە؟ لە مێژبوو ((عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك)) هیچ هــــــەواڵ و پەیامێکی نەناردبو. عەبدوڵڵا بە هەزار و یەك زەحمەت و تەگبیر و هەزار و یەك کەڵەك و فێڵ توانیوی تا ڕادەیەك ڕاپەڕینی خوڕەمیان لە ئازەربایجان دابمرکێنێتەوە, بەڵام ئێستا, بە تەواوی پەیوەندی بە بەغداوە پچڕابوو خەلیفە بە باشی شارەزای سروشتی سەخت و خەڵکی سەرسەختی ئازەربایجان بوو خوڕەمیان ساڵەهای ساڵ پێشتر لەگەڵ خەلیفەدا لە ملمڵانێ دابوون. ئازەربایجان سەری دانەنەواندبوو کە شەو دادەهات, لە ئاسمان زیاتر, قەد پاڵەکانی سبلان, ئەستێرە باران دەبوو. هەموو جێگایەك ئاگر بو, ئاگر دەلەرزییەوە. ئاگر سەمای دەکرد. ئاگر, ئاگری پیرۆز. گەرچی ئاورگەکان لە ژێر سمی سوارانی بەغدادا وێران ببوون. بەڵام ئاگر هەر هەبوو. ئاگر دایسا و لە هەر جێ یەك کە ئاگر دایسا, گەرمی هەبوو. و هومی پیرۆز هەبوو. هومی پیرۆز وەك ئاگرگەرمی دەدا, گیانی

گەرم دەکرد. لە پەنای ئاگرەوە شتێکی تریش دەدرەوشایەوە: شمشێر, شمشێر کە بە هەسان تیژیان دەکردەوە...

خەلیفە بێ ئارام و سەرگەردان بوو. ئەگەر ئەبو نەواسی فڕێ نەدابایە نێو زیندانەوە, لەوانە بوو بە چەند بەیتە شیعرێکی عاشقانە یان بەستەیەك لە ستایشی خەلیفە, هەوری داهێزرانی لە نێو بیری ئەودا بڕەواندبایەوە. بەڵام شاعیر لە ناو زینداندا بوو و لە ناو دەرباریشدا کەسێکی ئەوتۆ دەستڕۆیشتوو کە لە عۆدەی دامرکاندنەوەی ڕقی خەلیفە, و ناوبژیوانی دەرهەقی شاعیری گوناهبار بکا, دەستنەدەکەوت. ئەبوونەواس دیسانەوە لە بارەی شەڕاب و ئەندامی هەوەس هەژێنی دلبەرەکانیدا ستایشی کردبوو و ((ئەمین)) ی بە ناوی ڕاوشکارەوە, شەوانە بۆ ناو دیرو خەراباتی بەغدا بردبوو و سەری بە بادە گەرم کردبوو. ئەم هاوەڵانەی بادە نۆشی, چەندین جار لە کۆڕ و بەزمی مەستی دا شەویان ڕۆژ کردبۆوە. سەر پێوەنانی جێنشینی خەلیفە بە هەواو ئارەزوو, زەوینەی بۆ ناحەزانی خەلیفە هەموار دەکرد شەو و ڕۆژ بە دوا خاڵە لاوازەکان و پیلانگێڕیدا بگەڕێن. بە خۆڕایی نەبوو زمانی جەعفەر ئەوەندە تیژ ببوو هەردەم لە بارەی لێهاتوویی مەئمونەوە قسەی دەکرد.

شەپۆلی مڕومۆنی نێو چاوانی خەلیفە, خەبەری لە دەریای غەمباری و. بێتاقەتی دەدا:((زۆر لە جێی خۆیەتی کە کوتوویانە: لەو کەسە بترسێ کە چاکەت لەگەڵدا کردوە!

باوکم مەهدی, یەحیای هێناو کردییە وەزیر, منیش جەعفەری کوڕی ئێستا هەر تەنیا مەرگی من نا, بەڵکو نەمانی خەلافەتی دەوێ. حەرامزادە, نمەك نەناسێکە! دەبێ لە بیری تەگبیرێك دابین!...))

هارون بێ سەر گەرمی و شادیکردن نەیدەتوانی لە کۆشکیزێرینەدا بمێنێتەوە بەڵام شادی و پێکهێنانی سەر گەرمی لە کوێ بوو؟! چەند جار ویستبووی ئەبو نەواس لە زیندان ئازاد بکا. بەڵام دیسانەوە وازی لێهێنابوو. جگە لە چوونە ڕاو چارەیەکی دیکە نەبوو.

هارون کەیفی بە لورە لوری چەقەڵ وگورگ و نەڕەی شێران لە شەودا دەهات. وەختێك کە دەچووە ڕاو, لە هەواری ڕاوی خۆیەوە سەری لە هەواری زۆزانی خۆی ((شارۆکەی ئەنبار)) کە لە نزیك بەغداد بوو, دەدا.

بەڵام ئەگەر خۆر نەبێ, هەموو جێگایەك هەورانییە, هەموو جێگایەك تاریك و غەمبارە. هارون کە دەچووە ئەوێش هەر دڵشاد نەبوو, هەر ڕۆژەی چەند تەتەرێك بە ئەسپی کلك بڕاوەوە دەگەیشتن. دوا جار لەم ناوەدا قسە لە بارەی کوڕە لاوێك دەکرا بە ناوی بابەك, کوڕی عەبدوڵڵا



ڕۆن فرۆش. فیتنەیەکە! بەچکە شێرێکە! ئەوەی نێو چاوانی ئەبو عومرانی بریندار کردووە!...: ((مادام ئازەربایجان سەری بۆ فەرمانت کەچ نەکردووە, کۆشکی زێڕین خەونیئارام بە خۆیەوە نابینێ.))

کاتێك کە بەلەمی ئەندێشەی پیاو, گیرۆدەی پەشۆکاوی بێ, دەرفەتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی ژن سەوڵی خۆی لێبدات. بوارێکە بۆ ڕاکێشانی خۆشەویستی و متمانەی پیاو. ئێستا ئەو بوارە گونجاوە, زبێدە وەکو ساپیناپۆپی هاوسەری نیرون, نەخشی لێهاتوانەی خۆی دەگێڕا. چزووی خۆتی پێدا بکە, ژەهری خۆتی تێدا بڕێژە, تۆڵەی خۆت لە هەموو کەسێك بستێنە:لە جەعفەر, مەراجل, مەئمون...

هارون چەند شەوێکی لەگەڵ مەراجل بەسەر بردبوو و بە شانازی ئەویشەوە, سەد کۆیلەی ئازاد کردبو. لە کۆشکی زێڕین دەنگۆ وابوو کە پـــاش نۆبەتای زبێدە, خەلیفە ئارەزوییەکی ئەوتۆ بەو پێشانانادا, ئەگەر وانەبوو ئەی ئەوبایەخ پێدانە بە مەراجل لە پای چ بوو؟

بەڵام لە ڕاستیدا ئەم کارەی خەلیفە ڕۆلێك بوو, دەیگێڕا. ئەو دەیویست سەرەتا کۆتایی بەو پڕوپاگەندە ترسناکانە کە بە سەر زمانی ئێرانییەکانەوە بوو, بهێنێ و پاشان زەوینە بۆ جێ نشینی ئەمین ئامادە بکا. بۆ فریودانی ئێرانیان, پیشاندانی هۆگرییەکی زۆر بە مەراجل خاتون, بە پێویست دەزانرا.

بەڵام ئەم دەهۆ و داوەی هارون ئەگەر بە لای خەڵکی ترەوە نەزانراو بوو, لای جەعفەر شاراوە نەبوو. جەعفەر - هەروەکو وشتر مرغ هەست بە مەرگی خۆی دەکا- هەستی بە نزیك بوونەوەی مەرگی خۆی کردبوو. بەڵام نەیدەزانی ژیرانە مەیدان چۆڵبکا. ئاژاوەی ناوخۆیی وە دیار نەدەخست: ((هێشتا خوڕەمیان لە بز بەرەنگاری دەکەن کێ دەزانێ عەبدوڵڵاش بە دەستی جاویدان نەکوژراوە؟!))

بازرگانانی زیرەك و چاو کراوە, لە پێش کەسانی ترەوە لە کێشمە کێشمەکانی ناو دەربار ئاگادارییان هەبوو. لە ناو ئەواندا هەندێك خۆشحاڵ بوون و هەندێك سەر لێشێواو. بازرگانانی یەهودی دەستیان بەرەو ئاسمان بوو کە خوڕەمییەکان تێکنەشکێن. ئەوەش نە لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ خورەمی یاندا نێوانێکی باشیان هەبێ, بەڵکو لەو ڕووەوە کە خوڕەمیان لە مامەڵەدا سەر ڕاست بوون و بەربەستییان لە کاری بازرگانی ئەوان نەدەکرد.

فنحاس - بازرگانی ناسراوی کۆیلەفرۆشی لە بەغداد - خوا خوای بوو جەنگ بەردەوام بێ, بەڵام تای ترازوو بە لای خەلیفەدا قورستر بێ. لەو حاڵەتەدا ئەسیرانی خوڕەمی - کە ئەم

هەموو داواکارەیان هەبوو - بەرەو بەغداد, و داهاتە گەورەکەی دەچووە ناو گیرفانی فنحاسەوە. هەر کەسە بۆ بەرژەوەندی خۆی, ئاگرەکەی خۆش دەکرد!

خەلیفە, بەم شێوەیە فەرمانی بۆ سەرداری خۆی لە ئازەربایجان, عەبدوڵلاّ کوڕی موبارەك, ڕەوان کردبوو: ((ئاورگەکان وێران بکە, شـــــــــۆڕشگێڕان بە دارەوە هەڵبواسە. ژنەکان و منداڵەکانیان بۆ بازاڕی کۆیلە فرۆشی بەغداد و گردمان بنێرە!))

پاش پچڕانی پەیوەندی عەبدوڵلاّ بە بەغدادەوە, فنحاسیش وەکو هارون گیرۆدەی سەر لێشێواوی ببو. شەوان خەو نەدەچۆوە چاوییەوە. لە واقیـــعدا ئەو لە بیری قازانجی گەورەی خۆیدا بوو نەك چارەنووسی سەردار: ((پەنا بەخوا. باشە ئەم کاروانەی ئەسیران لە کوێ گیر بوە؟ عەبدوڵلاّ نووسی بووی کە ناوەڕاستی زستان ئەسیران لە بەغداد دەبن... دەترسم ئەویشیان هەروەکو یەزید والی پێشوو شرت و گوم کردبێ. ناکا ئەو کیسە پارانەی کە بۆم ناردووە بە دەستی نەگەیشتبێ!)) کەشتی هیواکانی گیرۆدەی تۆفانی شێواوی و پەشۆکاوی بوو بوو: ((خودایە عەبدوڵلاّ لە بەلاّو گۆبەند بپارێزی! خودایە دوعای ئەم بەندە بێ پەنایەی خۆت قبووڵبکە! تۆ خۆت دەزانی سەر پاکی ئەم ماڵ و سامانەی من لە ڕێگایەکی حەلاڵەوە بە دەستهاتوە! خۆ من تەنانەت چۆلەکەیەکیشم لە ئاو نەکردووە...))

فنحاس هەموو بەیانییەك پاش لە خەو هەستان وەك ئادەمیزادی خەیالاّوی لە ناوماڵ پیاسەی دەکرد, پاشان لەگەڵ میرزا قزبل - دەفتەرداری خۆی - دەکەوتە ڕێ و بەرەو دەروازەی خوراسان دەڕۆیشت. هەموو ئەسیرەکان - لە هەر جێگایەکەوە بووبان, لەم دەروازەیەوە دەهاتنە ناو بەغداوە ئێرە بۆ - فنحاس - کولەکەی ڕوح- بوو.

فنحاس ئەو ڕۆژەش لە سپێدەی بەیانییەوە لە بەردەمی دەروازەدا کێشکی گرتبوو!. میرزا قزبلیش لەگەڵیدا بوو. پاسەوانان نێزەو قەڵغان بە دەست کێشکیان دەگرت. فنحاس لەگەڵ ئەواندا دۆستایەتی پەیدا کردبوو, هەموو ڕۆژێك لە بارەی هاتنی ئەسیرانەوە پرسیارو قسەی لەگەڵدا دەکردن.

تاکەی دەتوانێ دان بە خۆیدا بگرێ! بە بێ ئارامی لە قزبلی پرسی:

میرزا ئایا بیستووتە جاری وا هەیە بنیادەمی چاوساغیش پێی لە بەرد هەڵدەنگوێ و بەردەبێتەوە؟

قزبل زەردەخەنەیەکی بەمانا وەی هێنایە سەر لێوی و پاش ئەوەی ملە لەڕ و باریکەکەی بادا, کوتی:



- زۆر ببوورە بەلاّم ئێوە لەو چاوساغانەن کە نەپێتان دەکەوێتە چاڵەوە و نە سەرتان لە بەرد دەدەن! کاتێك بێدەنگی خاوەن کارەکەی خۆی دی, درێژەی پێدا:

- بیری لێ مەکەوە ئەرباب! من چەند ڕۆژ پێش ئێستا چوومە ((بەیت ئەل حیکمە)) و داوام لە ئەستێرەناسان کرد بەختی ئێمە تەماشا بکـــــــــــەن. سوێند بە خوا ڕۆژگارمان ڕوو بە گوشادییە. ئەستێرەناسان کوتیان: ئێستا ئەستێرەی عەتارد ڕووناکترین ئەستێرەیە لە ئاسمانی بەختدا. عەتارد بۆ ئێمە ڕوداوێکی پیرۆز دێنێتە پێشەوە.

فنحاس پەنجەکانی وەکو کلکی مار بردە نێو ڕیشە تەنکەکەیەوە و دەمی کە بە بیستنی ((ڕوداوێکی پیرۆز)) بەش مابوو و ددانە گەورەو زەردەکانی لە وێدا دەرکەوتبوون, بە پێکەنینێکی پڕ لە حیرسەوە کوتی:

- نوقلانەیەکی باشت لێدا میرزا! دڵی منیش وا خەبەری داوە. هەرچی بێ لە کۆنەوە کوتوویانە: (تاگەمژەیەك لەدنیادا مابێ ئاقڵ پەکی ناکەوێ) لە بارەی هۆشیاری منەوە دەڵێی چی؟ گومانێکت هەیە؟!

- ها... ئەگەر تۆ بیرت لە هەموو شتێك نەکردبایەوە, ((بەیعی)) شەش هەزار ئەسیرت پێشەکی بۆ موبارەك نەدەنارد. تەنیا ئەم دووەمان دەزانین چ قازانجێکی بە لێشاو بەرێوەیە. ئەگەر بازرگانانی یەهودی بیبیستن لە داخان شەق دەبەن.

- هەروا باشتر کە ئیرەیی بەران لە داخان شەق بەرن. یەهودییانی ئاگری بن کا, تەواوی بازرگانێتی کاغەزیان لە ژێر چنگی خۆیاندا گرتووە. کەچی هێشتا تێر خواردنیان نیە!

کاغەز لە بازاڕی بەغدا لە قامیشی میسری گرانترە, ئایا من ئیرەیی بەوان دەبەم؟! ئەوان دەبێ تەماعکاری خۆیان جڵەو بکەن ئەگەر نا سوێند بە گۆڕی بابم هارونیان وا لێ هان دەدەم بڕوبزگوڕ کۆبکەنەوە و بڕۆن لە خوراسان کاسبی بکەن.

فنحاس بە جێ و نا بەجێ, قسەی لە زارییەوە هەڵ دەڕشت بەلاّم چاوی لە ڕێی کاروان هەڵنەدەگرت. قزبلیش پاڵی بە ئەستوندەگی دەروازەکەوە دابوو چاوی لە دوور دوراییەکانی ڕێگاوە بڕی بوو.

- ها... بەندەی بێ عەیب خوایە. بەغدا گرانبەهاترین دیاری خواوەندە بۆ بەندە خاوەن باوەڕەکانی خۆی, بێ بەڵگە نییە ئەم شارەیان بە بەغداد ماناى ((دیاری خوا)) ناوناوە, خورمای شیرینی ئێرە لە کوێ دەستدەکەوێ؟ لە نێو بازاڕ, ئەویش هەر بە بەرەکەتی خواوەند - لە شیری باڵندەوە بیگرە تا گیانی بنیادەم چی هەیە وەدەستنەکەوێ؟

با بە نێو باڵی فەرەنجییە درێژەکەی میرزا قزبلەوە دەگەڕا. مەرەکەبی مسین کە بەبەر کەمەریەوە هەڵواسرابوو وەك شاقولّ جۆلانەی دەکرد و قەڵەمی پەڕ داری خۆی لە نێو دەفتەرە گەورە و بەرگ ڕەشەکەیەوە دانا بوو. میرزا دەیزانی کە ماوەیەکە پەیوەندی عەبدوڵلاّ بە کۆشکەوە پچڕاوە. کەم و زۆر هۆیەکەشی دەزانی: خورەمییان لە ڕێگا شاخاوییەکاندا تەتەرەکانی عەبدوڵلاّیان دەگرت و شرت و گومیان دەکردن...

هەر کات فنحاس بێدەنگ دەبوو, میرزا قزبل ناونیشانێکی کە قەرەنفل دابوویە, بە بیرەوەریدا تێدەپەڕی ((شێوەو قەلاّفەتی وەکو خۆمە, کەزیەکانی درێژ, چاوەکانی خورمایی, کە مرۆڤ ڕادەکێشن, گۆشەی چاوی ڕاستی خاڵێکی بچوکی هەیە. لەسەر دەستبەندەکەیمەشخەڵی ئاگر نەخشکراوە...))

دۆزینەوەی مرۆڤێك بەو ناونیشانەوە بۆ بنیادەمێکی کارکردەی وەکو ئەو هەروەکوئاو خواردنەوە وا بوو: ((با لە ڕێگاوە بێن, ئەم بووکە ئەگەر لە ناو دە هەزار ئەسیریش بێ دەیدۆزمەوە, گاڵتە نییە, قەرەفل چوار سەد دینار پارەی داوە, دەیەوێ بە هەر شێوازێك بێ ئەو بۆ بیلال ئاباد بگێڕمەوە...

بەلاّم بە ڕاست قەرەنفل بە چ ڕا دەزانێ کە ئەویش لە ناو ئەسیرەکان دایە؟... ئاه...! ئەقلّت بێ. قەرەنفل دلّبەری خەلیفەیە و خۆشی کچێکی ئاگر پەرستە بیخەیتە ناو دەریاوە نقووم نابێ و لە ناو ئاگری باوێی ناسووتێ. جەربەزەیە. گومانم نییە سات بە سات هەواڵی خوڕەمیانی پێ ڕادەگەیەنن... سەد دینار بۆ خۆم دەمێنێتەوە و فنحاس گران بە هاترین کە نیزە بە سێ سەد دینار دەفرۆشێ. (زۆرگران) بیفرۆشێ چوار سەد دینار, لەگەلّ قەرەنفلداڕێککەوتن,کارێکی زەحمەت نییە...))

دەنـــــگی لەرزانەوەی زەنگولّە, زنجیرەی بیرکردنەوەی قزبلی پچڕاند. یەکەم جار سەیری فنحاسی کرد و دوا جار سەیری ڕێگا.

فنحاس گوێکانیتیژ کردبوونو ملیشی بە ئاراستەی جادەدا درێژ کردبوو, چاوەکانی خەریك بوون لە کالانە دەردەپەڕین. پەڕەکانی لووتی ئاوەلاّ ببوون! لە جێگای خۆی ئارام و ئۆقرەی نەبوو. دەستەکانی پێکدا دەمالّی.

دواجار بە دەنگێکی خرۆشان پێکەوتوو کوتی:

– دەرکەوتن!

– چاوت ڕوون!



– دەفتەر و پەڕت ئامادە کە!

پاسەوانان لە شادی و جوولاّنەوەی مندالاّنەی فنحاسیان دەڕوانی:

– داماوە, چ بکا؟ هەژار و بێ دەرەتانە. هەر چۆنێك بێ چەند درهەمێکی وە دەستدەکەوێ!

– بە گیانی تۆ, زۆر ئاتاجە! گەنجی قاروونی هەیە. ئەگەر زێڕەکانی لە دیجلە بکەی, دیجلە بەری دەگیرێ. جلّەوی ((سوق ئەل عەبد)) لە دەستی وی دایە...

پاسەوانان قسەیان دەکرد, بەلاّم فنحاس لە ژێر دەست و پێی ئەواندا تێپەڕی و بەرەو جادە ڕۆیشت... دەڕۆیشت بۆ پێشوازی کردنی مالّی بارزگانی, ئەسیرانی خوڕەمی!

با, تینی زیاتری ستاند بوو. لە بەردەمی دەروازە تۆز و خۆلێکی ئەوتۆ بەرپا ببوو کە ئەسیرانی دارکاری کراو بە زەحمەت دەتوانرا بناسرێنەوە. ئاردالّ و جاسوسەکانی خەلیفە کەوتبوونە ناو ئەسیرەکانەوە. هەندێکیان لێ جیاکردنەوە و لەگەلّ خۆیاندا بردیانن. میرزا قزبلیش قەلّەمی پەڕدار بە دەستەوە و لە هەر کامیان شتێکی دەپرسی. ئەگەر لە وەلاّمی ئەسیری ماندوو دەست بەستراودا دەستی لە هیچ گیر نەدەبو. ناونیشانێکی کە لەسەر ئەو تابلۆیەی کە بە ملییەوە هەڵواسرابوو, لەناو دەفتەرە بەرگ چەرمینەکەیدا دەینووسی. جاسووسانی خەلیفە ئەو ئەسیرانەی کە جیایان دەکردنەوە, لــــە دەروازەوە ئاوایان دەکردنە ژورەوە و یەکسەر بۆ کۆشکی زێڕینیان دەبردن. دلّی میرزا بە خێرایی لێی دەدا: ((ناکا ئەویشیان بردبێ!)) نە تەنیا هەر قزبل بەلّکو فنحاسیش لە جاسووسان وەتەنگ هاتبوو: ((بێ ویژدانانە دەلّێی قەسابن! هەر ئەسیرێکی دلّیان بیگرێ, وەکو گورگ قەپی پێدا دەکەن. ئاخر نالێن فنحاسی داماو لەسەر ئەوانە چەند دیناری داوە!))

میرزا قزبل لە ترسی جاسوسان دەست و پێی خۆی ون کردبوو, ئەو, وەکو کەسێك کە دزییەکی کردبێ, ئارام و ئۆقرەی نەبوو: ((ئەی شەروینی گەورە فریامکەوەو چاوی جاسووسان لە بەرامبەر ئەودا کوێرکە! ئەگەر کار گوزارانی خەلیفە پەی بە مەرامی من ببەن, لەسەر پردی ((رەئس ئەل جسر)) بە گەروو هەلّمدەواسن.

لە بەردەمی دەروازەدا هیچ کەس ئارامی نەما بوو. ژمارە یەك لە ئەسیران لە دەروازەوە چوونە ناو شارەوە. دەنگیزنجیران بەغدای حەپەساو کرد بوو. پردەکانی دیجلە لە ژێر باری قورسی ئەسیراندا, هانکە هانکی بوو. ژنانی پڕ لە باق و بریقی یەهودی و مەسیحی و ژنانی

چارشێو بەسەر و پڕاوپڕ غرووری گەورە پیاوانی دار ئەل خەلافە بە چاوانی حیرس و باشقاڵیانەی خۆیانەوە بۆ تەماشاکردنی ئەسیران و هەڵبژاردنی خزمەتکار هاتبوونە دەرەوە.

– خودایە! چ بنیادەمێکی بە تەحەمولن.

– وایە, جوڵەیان لێ نایەتە دەرەوە, دەڵێی لە بەرد دروستکراون!

– ئاخر کافرن! کافر هەر دەبێ وابێ. ئەمانە حورمەتی مردووەکانیشیان ناگرن, دەیانبەنە گۆڕخانە و لە بەردەم گیانلەبەرانی سەحرادا دایان دەنێن!

فنحاس و میرزا قزبل لە پێش دەروازە ڕاوەستابوون.

ژمارەی ئەسیران لە سنوور و ڕادەی هەژمار بەدەر بوون.

ڕوخساری هەڵ ئاوساوی فنحاس بەرز بۆوە و خوێنی خۆی دەخواردەوە. دەستەکانی بە هەوادا ڕادەوەشاند دەتکوت هەڕەشەی لە کەسێك دەکرد:

من تەحەمولی ئەوە ناکەم! هەر کەسێك کەمتەر خەم بووبێ ڕایدەکێشمە دیوان! ئەمە بێ ویژدانییە! ئەم پاسەوانانەش هەمویان ئاژاوەیان بەرپا کردووە!

میرزا بە ئارامییەوە پرسی:

– چیبووە ئەرباب؟ دیسانەوە کێ بەردی هەڵداوەتە حەوشی ماڵتانەوە؟

– هەهاها!... لە یەهودیانەوە بیگرە تا مەسیحیان و موسڵمان. سەیری ئەو کاروانە بکە کە ماڵی تالانی هێناوە و بزانە چ خەبەرە؟

قزبل بەرەو ئەو لایە کە فنحاس ئاماژەی بۆ دەکرد, ملی درێژ کرد و ئینجا سەری ڕاوەشاند و کوتی:

– وای! بە ڕاستی ئەم پاسەوانانە بێ ویژدانن! دەڵێی نازانن کە فنحاس لە بەرامبەر ئەو ئەسیرانە چەند کیسە درهەم و دیناری داوە!

– ڕاستیان کوتووە کە سوار ئاگای لە پیادە نییە و تێریش لە برسی!

فنحاس ئاهێکی هەڵکێشا و, درێژەی پێدا:

– ئەگەر من کەمتەرخەم نەدۆزمەوە و بە سزای نەگەیەنم پیاونیم, ئەمە چ جۆرە ڕەفتارێکینامرۆڤانەیە ئەمانە دەیکەن؟!

بە ملی وشترێکی نێری ڕەشەوە لە جیاتی زەنگوڵە, لاشەی منداڵێك هەڵواسرابوو! و پاسەوانان هەوساری وشترەکەیان بە دەستبەندی ژنێکی قژ زەردەوە بەستبوو پێکانی لاشەکە بە قژی شێواو و پەشۆکاوی ژنەکە دەکەوت. ژنەکە لە بەرامبەر ئەم ڕەفتارەدا خۆراگر بوو. دڵی



شەقار شەقار ببوو بەڵام لە روخساریدانیشانەیەکی تێشکان نەبوو. بڕۆکانی تێکنەنابوو سەری بەرز ڕاگرتبوو بێ ئەوەی سەیری کەسێك بکا, غەمگین و پڕ لە شانازی هەنگاوی هەڵدەگرت.

لە ئاینی خوڕەمیدا پاڕانەوە و لالانەوە لە بەرامبەر دوژمن گوناهە.

میرزا چاوەکانی پاککردەوە و لە ژنە قژ زەردەکەی - کە لەسەر تا پێیەوە شانازی هەڵدەڕژا - بە دیقەتەوە هەڵڕوانی: ((دەبێ خۆی بێ, بەڵام ئەو نەدەبوایە منداڵی هەبێ... ئێستا بن و میخی هەموو شتێك دەردێنم!))

هەوای ساردی سپێدە هەر چەندە ڕەنگی سووری لە ڕوخساری ژنەدا فڕاند بوو, بەڵام ئاگری دەروونی هێشتا بڵێسەی دەدا.

فنحاس پاسەوانانی دابووە بەر لێشاوی جنێودانەوە:

– ئەمە ڕیسواییە. بۆ نازانن کە نابێ ئازار بەم ئەسیرانە بگەیەنن؟ مەگەر نازانن ئازاردانی ئەمانە گوناهە؟ من ئەم ئەسیرە لەڕ ولاتانە بە چ کەسێك و بە چ نرخێك بفرۆشم؟!

قزبل کاتێك فنحاسی بینی سەر گەرمی هەرا و کێشەیە, بڕیاریدا خۆی لە ژنە قژ زەردەکە نزیکبکاتەوە. یەکێك لەو میرزا لاوانەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی, بانگکردو کوتی:

– قەڵەم و کاغەز ئامادە بکە و هەر لێرەبە تا من دەگەڕێمەوە. بەرەو ژنە قژ زەردەکە ڕۆیشت و لێی نزیککەوتەوە:

– ناوت چییە خوشکم؟

– برومەند.

– ئەم منداڵە, هی خۆتە؟

– ئەگەر هی خۆشم نەبێ, منداڵی خوڕەمییەکە.

میرزا خۆشحاڵ بوو. چاوە بە قوڵدا چووەکانی بریسکەیەکیاندا ((برومەند! برومەند!)) میرزا بە دیقەتەوە قەڵافەتی ژنەی بە بەرچاوی خۆیدا هێنا: ((خۆیەتیهەڵەم نەکردووە, هەر ئاوایە کە قەرەنفڵ کوتبووی. هەر لە شێوەی خۆیەتی)) ئەگەر تۆز و خۆڵی ڕێگا لەسەر ڕوخساری نەنیشتبا, نیوەی سێوێك بوو و نیوەکەی دیکەشی قەرەنفڵ خۆی بوو.

میرزا بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە گومانێك نوسینی سەر تابلۆی ملی ئەسیرەکەی خوێندەوە: ((برومەند لە گوندی بیلال ئاباد.))

دەیویست شتێك بە برومەند بڵێ کە یەکێك لە جاسووسانی خەلیفە بە هەڵەداوان بە تەنیشتیدا تێپەڕی.

میرزا لە ڕووی قایمەکارییەوە نیگایەکی ڕق ئامێزی لە برومەند بڕی, و هاواری کرد:

- بێ دینی کافر!

برومەند واقی وڕ مابوو. ئەم هەڵسوکەوتە پاش ئەو ڕەفتـارە نەرم و میهرەبانە, نائاسایی خۆی دەنواند, بەلاّم جگە لە دان بە خۆداگرتن چارەیەك نەبو؟ ((لەکوێی بابەك؟!)) خۆ لەناوبردن کارێکی دژوار نییە, بەلاّم مانەوە بە زیندوویی پێویست بوو... با, چارشێوی سوری برومەندی لە ملییەوە ئالاّند بوو. کەزییە پەرێشانەکانی بەسەر ڕوخساریدا پەرت و بلاّو ببوون. میرزا بە قەڵەمەکەی سوچی بڕۆی خۆی خوراند و سەیرێکی روخساری برومەندی کرد کە لە ڕق ئەستوریدا لەرزی تێدا بوو: ((لە گۆشەی چاوی ڕاستی خاڵێکی بچووك هەیە. ئەمەشیان هەر ڕاستە. لەسەر دەستبەندەکەشی نیشانەیەکی مەشخەڵ هەیە. هەروەکو قەرەنفڵ کوتبووی وابوو. قوزەڵقورت بە چاوی فنحاس! ئەگەر ئەو برومەند ببینێ بەو ئاسانییە لە دەستی نادا. جوانە بەلاّم ڕەنج دیت و سەختبار, تاڵەمووی سپیش لە نێو کەزییەکانیدا کەمنین, تۆزی غەمباری جوانییەکەی داپۆشیوە...

ئەگەر بە باشی بەسەر ئەو ڕابگەن, تۆزی غەمباری لە ڕوخساریدا نامێنێ و سەرنج ڕاکێشییەکەی ئاشکرا دەبێ. جوانیان کوتوە کە: ((نیعمەت و خۆشی بەسەرو سیماو چاوانەوە دیارە)) فنحاس بە دوای جواناندا دەگەڕێ تا گرانتر بیانفرۆشێ. بەلاّم من نەمردووم. بە هەر نرخێك کە بووە برومەندی لە ژێر چنگ دێنمە دەرێ. پیرەژنی یەهودیم بە تەواوی نەرم کردووە. پارەی کەنیزە و بەخشیشی خۆشیم داوەتێ. چەند ڕۆژە لە ناو بازاڕی کۆیلە فرۆشاندا کێشکی گرتووە. تەواوی نیشانەکانیم موو بە موو داوەتێ. پیرەژن دەستی شەیتانیش لە تەختە دەبەستێ. ئەو دەتوانێ لە ناو هەزاران کەسدا ئەو نیشانانە ببێنێ و برومەند بناسێتەوە.))

قزبل بانگی پاسەوانێکی کرد و کوتی:

- بۆچی ئەو منداڵەتان بە ملی وشترەوە هەڵواسیوە؟ نرخی یەك کیسە درهەم بوو.

پاسەوان شانەکانی بەرز کردەوە. میرزا کوتی:

- هەوسار لە دەستی ئەم ژنە بکەنەوە! خوا هەڵناگرێ.

پاسەوان هەوساری دەستی برومەندی کردەوە.

ئەگەر قزبل سەرکەوتوو بوایە ڕاسپاردەی قەرەنفڵ ئەنجام بدا, جگە لە بەخشیش, بەخشیشی تر چاوەڕێ بوو.



قەرەنفڵ تەنانەت بەڵێنی ئەوەی دابوو کە هەموو خەرجی ڕێگاو گەڕاندنەوەی ئەو و برومەند بۆ نیشتیمانی بدا.

هەر جاسووسەکە دوورکەوتەوە میرزا زات و ئازایەتی هاتەوەبەر کوتی:

- خوشکم! ئەگەر غەڵەتم نەکردبێ, تۆم لە جێگایەك دیوە. قەلاّفەتی تۆ لەبەر چاوم ئاشنایە.

برومەند شانەکانی بەرزکردەوە, لێوەکانی بە یەکدا کۆکردنەوە:

- لەوانەیە! بەلاّم من هیچ نازانم. میرزا جارێکی دیکەش قەڵەمی بە برۆ ماش و برنجییەکەیدا کێشا.

- ئەها... هاتەوە بیرم... ئەم ڕووداوە زۆر لە مێژە ڕوویداوە, خوشکم! زۆر لە مێژە شەوێك کە لە بیلال ئاباد بووم - لە ماڵی خۆمان - لە بازاڕی گردمان دەگەڕامەوە., بۆ ڕۆن فرۆشتن چوو بووم. ئەو زەمانە بوو کە شبلی بازرگان منی بە مێردی خوالێخۆشبووت - عەبدوڵلاّ - ئاشنا کرد. تۆشم هەر ئەو کاتە دیوە. دەمی عەسر بوو, تۆ گۆزە ئاوت بە شانەوە بوو لە کانی دەگەڕاییەوە... ئاه... ئەی سەر زەوینی خۆشەویستم! پاشان بۆ بازرگانی هاتمە بەغدا. لەم شارە کاول بووە لوتم بووبە تووشی کچە عارەبێکی ئاژاوەچییەوە بوو. ئێستا چەند پەشیمانم! بیردەکەمەوە کە دەبێ ڕۆژێك بۆ نیشتمانم بگەڕێمەوە. تۆش خەفەت مەخۆ. هەموو شتێك ڕووبەڕێیە... ئەگەر بتوانم سەلمانیش رزگار دەکەم. بە گیان و بە دڵ ئامادەم یارمەتی هەر کەسێك بدەم کە بۆ یاریدەدانی جاویدان ڕابووە. لە کۆشکی زێڕین زانیارییان دەسکەوتووە کە سەلمان هەموو ئەسپەکانی خۆی لە ژێر ئیختیاری جاویداندا داناوە. حەیف ئەمجارەیان خوڕەمییەکان تیکشکان. گرنگ نییە. زۆری نەماوە, زۆرێکی وای نامێنێ...

برومەند ماتی بردبووەیەوە. نەیدەزانی پیاوەکە لە ناخی دڵەوە ئەم قسانە دەکا یان دەیەوێ قسەی لێدەربێنێ.

برومەند بۆ ئەوەی کە دڵنیا ببێ, کوتی:

- کێ تۆی ناردووە بە دوای مندا بگەڕێی؟

- قەرەنفڵ, خوشکەزاکەت, دڵبەری خەلیفە هارون! ئەو لە بارەی بابەکیشەوە هەواڵی هەیە. بۆ ئەوەی تۆ ئازاد بکا یەك خورجین پارەی خەرجکردوە؟

برومەند پەنجەی خستە ژێر ددانییەوە. چاوەکانی فرمێسکیان لێ ڕژا. خاڵی گۆشەی چاوی لە ئەشکدا نقوم بوو. دەیویست شتێك لە پیرەمێرد بپرسێ. بەلاّم فنحاس بەهەناسە بڕکێوە

خەریك بوو دەهات. بە ئاماژەیەك (حاڵی کردبێ دەنگ بەو بە ئاماژەیەکی تر خۆی لە نێو ئەسیراندا ون بکا).

فنحاس وەکو کەسێکی مار پێوەی دابێ. هەروا نەفرین و نەفرەتی دەکرد, بەلاّم بە کێ؟ دیار نەبوو!

– ئەو بێ ویژدانە حەرامزادەیە لە کوێیە؟ خوا دەزانێ لەم مامەڵەیەدا چەند زەرەر دەکەم. مەگەر پێغەمبەری ئێوە نەی فەرمووە: (دۆستی غولامی خۆتان بن و غولامی دۆستی خۆتان بن).

پاسەوانان ئەسیرەکانیان ئەوەندە ئەشکەنجە دابوو کە بە زۆری بریندار و خوێناوی بوون و توانای بەڕێگادا ڕۆیشتنیان نەبوو. فنحاس پێویستی بە کویلەی ساغ و بە کەیف و بێ کەم و کوڕی هەبوو تاکو بتوانێ بە نرخێکی باش بیانفرۆشێ. هەروەها بە دوا جوانانی ناسك و زیرەك و بەژن و بالاّ جوانەوە بوو. ئەو, ئاوا کچانی پەروەردە دەکرد, دەیدانە دەست مامۆستایان تا فێری زانست و جوانی و ئارایش و گورانی بێژی بن و پاشان وەك میوەیەکی پێگەیشتوو بە کڕیارانی خاوەن زەوق و پارەداری بفرۆشن. بە هەر حاڵ لە نێو ئەو ئەسیرانەشدا کچان و ژنانی بەم تایبەتمەندییەوە کەم نەبوون. بەلاّم فنحاس وای پێشاندەدا کە لە نێو ئەواندا شتێکی کە بەکەڵك بێ بوونی نییە.

قزبل و میرزاکانی دیکەش بە تەواوی ماندوو بوو بوون. ئەسیران کۆتاییان نەدەهات. میرزاکان لە بەیانییەوە.... لە بەیانیەوە یەکدانگ قەڵەمیان لێدا بوو. ماندوویی قزبل بەهۆی دوو مەسەلەوە شیانی بەرگەگرتن بوو: یەکێکیان ئەوەبوو کە برومەندی دۆزیبۆوە, دوەمیان ئەوەبوو کە سەلمانی بینی بوو. ئایا دەیتوانی سەلمانیش ڕزگار بکا؟

ئەسیران لە دەروازە تێپەڕین, و چوونە ناو شاری عیشـــقەوە, شاری شەڕاب, شاری ڕق و شاری ئەسیریی خۆیان, بەغدا, هەرگیز بە یەکجار ئەو هەموو ئەسیرەی بە خۆیەوە نەدی بوو. هەموو دەرگاو دەروازەکان کرابوونەوە. بە هەزاران چاو سەیری ئەسیرانی دەکرد. هەندێك جنێویان دەدا و هەندێکی دیکە دڵیان بە حاڵیان دەسووتا. دوو خانمی ئەندام جوان لەژێر پەچەوە، بەچاوی کڕیار، بەلاّم نەفرەت بارانە لەژنانی ئەسیریان دەڕوانی بەهێواشی بەیەکەوە قسەیان دەکرد:

– دەبینی هەرچی کە شەرم و ئابڕو بێ نایانگرێ، سەر و سینەیان ئاوەلاّیە, نەچارشێوێك نەڕووبەندێك!



– چار شێو و ڕووبەندیان بۆ چییە؟ بۆ ئابڕوویان هەیە تا ڕووبەندیان هەبێ؟

– وەڵڵا ئەگەر سەد ساڵ بێ خزمەت کار بمێنمەوە ڕێگا بەوانە نادەم پێ بخەنە ناودەرگای ماڵەکەمەوە, بەو چاوە بێ شەرمانەیانەوە بە یەك نیگا پیاو شەیدا دەکەن!

– هیچ کارێك لە مانەوە بە دوور نییە. دەڵێن شەڕابیش دەخۆنەوە! ئەگەر خزمەتکارت دەوێ, کچێکی هیندی بکڕە, هیندییەکان هەم گوێ ڕایەڵن. هەم کارکردە و بە تەحەمول.

– وەك کوتت وایە, کەنیزانی هیندی تاکیان نییە, بەلاّم بە داخەوە خزمەتکارەکەی من کە کەنیزەیەکی هندی بوو, لەگەڵ بازرگانێك ڕێکەوت و ڕۆیشت.

– تۆ دەڵێی فنحاس بۆ هەر یەکێك لەم کەنیزانە چەند داوا دەکا؟

– زۆر داوا بکا, بیست سی دینار.

– جا کەوابێ دەلاّڵەکانی یەهودی (قەزوانیان بە گوێزی خەڵکییە) ئەوانە گیانی خۆشیان دەدەن بە کۆیلەی هەرزان، ئەو ڕۆژانە بەپێی فەرمانی خەلیفە هارون، ئەسیرانیان لە بەغدا دەگێڕا. جارچییانی سوارە, لە گەڕەکەکانی ((شەمامیە)), ((موخەرەم)), ((ڕەسافە)) جارِیان دەکێشا و گەرووی خۆیان دەتەقاند:

– خەڵکینە! گوێتان لێبێ و ئاگادار بن کە عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك, سەرداری ئازای خەلیـــفە, دە هەزار ئەسیری لە ئازەربایجانەوە بۆ بەغدا ناردووە. فنحـــاس بازرگانی ناسراوی کۆیلە, هەفتەی ئایندە, ئەسیران لە ((سوق ئەل عەبد)) دەخاتە مەیدانی فرۆشتنەوە.

نزیك بوونەوە لە پردی ((ڕەئس ئەل جسر)) لە تواناد ا نەبوو. خوێڕیان و بەرەڵاّیان.... لەوێ خڕببوونەوە. هەراو ژاوەیەك بوو باس ناکرێ. (جارچییان) جارِیاندەدا:

– ئەی بەندەکانی خوا بزانن کە هەر کەسێك سەری خۆی لە ((بەیعەتی)) ئەمیرول موئمنین وەرگێڕێ, ئاخیر و ئاقیبەتی لەوانە باشتر نابێ!

ئەسیران دەست بەستراو, غەمگین و دڵشکاو, بەسەر پردی ((ڕەئس ئەل جسر)) دا تێپەڕین. ئەو شێرەژنەی کە بابەکیشی لێ بووبوو لە ڕیزی ئەسیراندا بوو!

## (١٥)

# بازاڕی کۆیلە فرۆشان

*ئەوەی سەروەری*
*خۆیەتی، لەئیرەیی*
*بردن بەتاج بەسەرانی*
*دنیا، بێ منەتە*

بەو شێوەیەی کە فنحاس سەری هەمیانەکەی ئاوەڵا کردبۆوە و بێ پەروا خەرجی و بەخشیشی دەدا، ئەگەر کەسێك لەمەرامی حسابەکانی ئەو ئاگادار نەبووایە وابیری دەکردەوە کە ئەو حاتەمەی سەردەم —بەخۆرایی- بە ڕژد و خەسیسی ناوبانگی دەرکردووە؟! بەڕاستیش جێگەی سەرسوڕمان بوو کە بازرگانێکی چرووك و ڕژدی وەکو ئەو — کە ڕازی نەدەبوو مشك لەماڵەکەیدا ناشتا بکا- ئەوەندە دەست و دڵ کراوە بێ. ئەو فەرمانی دابوو لەخۆراك و خزمەتی گەرماو، دریغی نەکەن! فنحاس ئەم کالا بەشەرییانەی سەرەتا بەهاوکاری حەکیم باشییەکان تاوتوێ کردبوو. ئەسیرانی نەخۆش و لاواز و لەکار کەوتووی بەنرخێکی هەرزان لەکۆلانەکانی بەغدا بە بازرگانانی یەهودی و مەسیحی فرۆشت و سەری خۆی سووککرد. پاشان فەرمانیدا ئەسیرانی بریندار و لاو و کارکردە تیمار بکەن. لەولاشەوە ژنانی ئارایشگەر دەستیان بەئارایش کردنی کچان و ژنانی لاوکرد. هەرچی بێ فنحاس کۆیلە فرۆش بوو و بیستبووشی هەرکاتێك جامبازان کەدەیانەوێ ماڵاتی خۆیان بفرۆشن، سەرەتا بڕێکی زۆر خوێ دەرخواردی ماڵاتەکەیان دەدەن و پاشان دەیان بەن بۆ لەوەڕ. ماڵات ئەوەندە ئاو و ئالیك دەخۆن کە سکیان با دەکا.



سەرەتای بەیانی بوو کە سێ ژەنیاری کوێر لەدەروازەی ((سوق ئەل عەبد)) عوودیان لێدەدا. هەر ژەنیارێك، لەبەردەمی خۆی، لەسەر زەوی ڕایەخێکی ڕاخستبوو. تامەزرۆیانی بینینی کەنیزانی جوانی ئازەربایجانی و ئەوانەش کە بەمەرامی کڕینی ئەوان هاتبوون، بەو مەبەستەی کە ڕۆژێکی خۆش و سوودبەخش لەپێشیاندا هەبێ، دەستیان بە هەمیانەکانیاندا دەکرد و چەند درەمێکیان فڕێدەدایە سەر ڕایەخی ژەنیارەکان. لێرە دیمەنی حەسارێك بەخشتی سوور لەبەرچاو قیت دەبۆوە کە ئەگەر نیگای مرۆڤ بۆ ناوەوە بچوبایە، بازارێکی سەر داپۆشراو، بەژووری بەرز، چاوی هەر بینەرێکی بەپارێزیشی دەخستە وەسوەسە، کە دەبێ ئەو کەسە بچێت، مەگەر دەکرێ نەچێ؟! ریزێك خورما بەو جوانییە تایبەتی و جوولانە نەرم و جوانەیەوە، بەخێرهاتنی میوانەکانی دەکرد. ئەستێرێك لەمەڕمەڕی سوور، بە ئاوپڕژێنی لەرزانەیەوە، ماندوویی لە لەشی ماندووانی لەئارەق شەلاڵدا دەردەکرد. جیهانێکی بێگانە لەناو بازاڕدا بوو، هەر بێگانەیەکی بۆ خۆی کێشدەکرد. لێرە لەچاوبازانی بەغدا، لەکڕیارانی ئازادی، لەدەلاڵ و فرۆشیارانی شەرەفی ئینسانی پێشوازی دەکرا. پاشان بێ جێ نەبوو کە ئەم تەلاری نان خواردنە، ئەم کاروانسەرایە و تەنانەت ئەم نوێژگەیە! ئارایشگەران، سەڕافانی پارە، سندوق دارەکانی فنحاس، هەرکامیان جێگایەکی تایبەتییان هەبوو. هەڵبەتە چوونە ژوورەوەی بازاڕێکی ئاوا —کە کالای وی ئابڕو وئازادی بوو- بۆ هەر کەسێك والا نەبوو. بەلام کڕیارانی ئەسڵیی ئەوێ بازرگانانی ڕۆژهەلاتی و فەرەنگی بوون کە بە هەمیانی پڕ لەزێڕ دەهاتن و بە کەشتی گەلی پڕ لە غولامان و کەنیزانەوە دەگەڕانەوە.

هێشتا دەرگاکانی بازاڕیان نەکردبۆوە، سێ بازرگان، ڕاوەستابوون و بەیەکەوە قسەیان دەکرد. سەربارى ئەوەی کە هەرکامیان جل و بەرگی تایبەتی و ئاینی تایبەتی هەبوو، هەرسێکیان بەعەرەبی قسەیان دەکرد. با، یاری بەرپیشی خەنەیی و تەنکی بازرگانی یەهودی دەکرد. کاتێك ئەو قسەیدەکرد، سەر و ملی وادەجوولاندەوە کەجاری وابوو خەریك بوو عەمامەکەی کە دەتکوت گۆزەیەکی سەر بەرەو ژووریان بەسەرەوە کردووە- بێنێتە خوارێ:

- بەخوا دەبێ لووتی ئەم فنحاسە لە زەوی بدرێ. ئەم نرخانە لەتوانای تەحەمولکردندا نین، ئەگەر بەم نرخانە بکڕین، ئەی بەچەند بفرۆشین تا شتێك بۆ خۆمان بمێنێتەوە؟!

بازرگانی یۆنانی کە لەسەر کراسە درێژەکەیەوە هێلەگێکی تۆخی پۆشیبوو. تورە دەهاتە بەرچاو. ئەوەندە بەبەرزی قسەی دەکرد کە دەکرا لەو سەری بازاڕ قسەکانی ببیسترێن:

- دەبێ سەری لەلەشی جیا بکرێتەوە. مەگەر ((نۆبەرەی هێناوە))! هەر نرخێك کە خۆی حەزی لێ بێ داوای بکا!

بازرگانی یەهودی کوتی:

- کەمێك بەسپایی قسە بکە زەلام! خۆ ئێرە بیابان نییە! بۆ هاوار دەکەی؟ ئەگەر فنحاس گوێی لێبێ نایەڵێ بێیتە بازاڕ!

- خۆت ئەوە هیچ بە جەهەندەم، ئێمەش نان بڕاو دەکەی!

با، بەنێو شەڕواڵی بازرگانی تورکدا دەسووڕایەوە. ئەو، زیاتر لەوەی کە لەبازرگان، لەدێوەکانی داستانە رۆژهەڵاتییەکان دەچوو. جارجار دەستی بە سمێڵە درێژو پڕەکەیدا دەهێناو. دواجار دەستێکی بەعەمامەکەی داهێناو کوتی:

- ئێوە خەڵکێکی چەند سادەن؟! بەخۆڕایی خۆتان ماندوو دەکەن. من یەقینم ئەگەر فنحاس بەقاچێکەوە هەڵواسن دیسانەوە لەنرخی کۆیلەکان نایەتە خوارەوە. ئەگەر کۆیلەی هەرزانتان دەوێ. بەڕێ کەون بڕۆینە میسر!

یەهودی کوتی:

- تۆش ئارامت نییە! چوزانی، لەوانەشە سەودا و مامەڵەمان لەگەڵ فنحاس سەر بگرێ. دەبێ وەزعەکە لەنزیکەوە ببینین. ئەگەر لەگەڵ فنحاس ڕێك نەکەوتین دەتوانین لەبارەی میسر بڕیار بدەین...

فنحاس بەساردییەوە پێشوازی لەبازرگانان کرد. بازرگانییەهودی، پێش ئەوانی تر سەری دانەواند و بەزمانێکی لوسەوە کوتی:

- خوا بازاڕتدا، فنحاس!

- بەخێر بێن.

- هەر یەکەی هەزار کۆیلەی خوڕەمیمان دەوێ. کەشتییەکانمان لەدیجلە لەنگەریان گرتوە و ئامادەن. دەیانبەین بۆ فەرەنگستان، ئامادەی لەگەڵمان ڕێکبکەوی؟!

- بۆ نا! بەلاّم کۆیلەی لە دووسەدو پەنجا درهەم کەمترم نییە.

- ئێمە کڕیاری هەمیشەیین، دەبێ لەگەڵمان ڕێکبکەوی!

- دەزانی پێشینان کوتویانە: ((حساب حسابە و کاکە برایە))و حافز کوتەنی: ((برایەتی ئەم دەوروزەمانە هەروەك شۆربای بازاڕ دەچێ)) بۆنەکەی لەدوورەوە ناودەمی بنیادەم ئاو دەداتەوە، بەلاّم تامەکەی پەنا بەخوا!



بە قسە توێکل دارەکانی فنحاس بازرگانان تێکڕابوون. بەلاّم یەهودی لەڕوودا نەماو دەستیکرد بەزمان لووسی. بەلاّم فنحاسیش لەوانە نەبوو ئاهی گەرمی کەسانی دیکە کار لە دڵی ساردی بکا. ئەو ئاگاداری بازاڕی گەرمی رۆژهەلات و فەڕەنگ بوو. بۆیە جارێکی دیکەش نرخەکانی پێکوتن و تەئکیدی کرد کە ((نرخەکان هەر ئەوەیە کە پێم کوتن))

سەڕەرای ئەوەش کە فنحاس حساب لەدەستی خۆی دابوو، ئەگەر بەپێ دەگەڕایەوە دواوە، بەدەست دەهاتە پێشەوە. دەیزانی ئەگەر سێ کڕیار کە هەر کامیان هەزار کۆیلە بکرێ، لەخۆی بتۆرێنێ، کارێکە لەژێری بازرگانی بەدەرە. هەر بۆیە بەتیلە چاوێکەوە لەڕووی لوتف نواندنەوە کوتی:

- ئەگەر کۆیلەکان ببینن دەزانن درێژدادڕی هەڵناگری. گومانم نییە کە هەر کامیان لەفەرەنگستان بەچاوی بەستراوەوە بەپێنج سەد دەکڕن! کۆیلەی خوڕەمی لە کۆیلەی ئەرمەنی و زەنگی بالاّترە. پیاوەکانیان لە پاڵەوان بەهێزتر، وژنەکانیشیان لە فریشتە جوانترن.

بازرگانییەهودی لە حالێکدا کەیاری بەگوریسەکەی دەوری کەمەری — کە سەرێکی وەکو مار تا ئەژنۆی هاتبوو —دەکرد

کوتی:

- بازاڕ گەرمی مەکە ، هەچی بێ خۆشمان ، ئەهلی کارین! شەو نەبینە ، دەزانین کە چ دەکڕین ، هەڵبەتە کۆیلەی خوڕەمی جێگای خۆی هەیە. ئێمەش باشیان دەناسین. وەك کوتت جوانن هەر وەکو دەڵێی بەهێز بەهێزیشن. وەك گوێزی سەختیش ددانی پیاو دەشکێنن! نرخێکمان پێ بڵێ نەشیش بسووتێ و نە کەباب.

فنحاس دەستێکی بەریشی داهێناو کوتی:

- تەماشاکەن من لەو باوەڕە دام کە ڕەواندنەوەی کڕیار کە کڕیاری هەمیشەیش بێ — لەرێ و ڕەسمی بازرگانی بەدوورە بەکورتی لێی دەبڕمەوە تا بواری درێژە پێدانی نەمێنێ:

بۆ ئێوە بە دووسەت حسابیان دەکەم. سوێند دەخۆم کە زۆر هەرزانم بۆ حسێب کردوون. ژنەکانیش کەهەر هەموویان ساغ و سەرحاڵن ، سێ سەد دینار. بەلاّم کەنیزەکان ، کە نەلەجوانی و نە لە ساغی یاندا سێ و دووی تێدانییە ، یەك قسە سەد و پەنجا حسێب دەکەم. ئەگەر پێتان خۆش بوو ناوی خوای لێبێنن و ئەگەر نا، هەر دوو لا بەخێر و سلامەت! بازرگانەکان مات و گێرخواردوو سەیری یەکیان دەکرد، هیچیان نەکوت. دیار بوو دوو دڵ بوون فنحاس کە —گورگی ڕاودیتە بوو- ، هاتە قسە و کوتی:

– بەڕێزان! بمبوورن! کڕیارێکی زۆر چاوەڕێن بیری خۆتان بکەنەوە ، ئەگەر زانیتان باشەو بۆتان دەستەدا بچنە لای میرزا قزبل.

ئەوانی بەو حاڵەوە بەجێی هێشتن و بەخێرایی دوور کەوتەوە. بازرگانان بەنیگای تامەزرۆیانەوە بە دوایدا چوون. بازرگانی تورك برۆکانی لێککێشانەوە. دەستێکی بۆ چەناگەی برد و کوتی:

– ڕەحمەت لە بابتان! بینیتان. ئێوە هێشتا فنحاستان نەناسیوە. ئەو دەستی ئەشعەبی تەماعکاری لە پشتەوە بەستووە، ئاگاتان لێبوو چ کەللە شەکرێکی فڕێدا. کوڕە ئەوە بازرگانێکە بەچلەی زستانێ بەفری دەفرۆشێ

بازرگانییەهودی قسەکانی بازرگانی تورکی تەئکید کرد:

– من باش دەیناسم. ئەو نامەردە بەدوا کەرێکی تۆپیودا دەگەرێ ناڵەکەی لێ بکاتەوە. ئێمە بە خۆڕایی چاومان لە ئینساف و پیاوەتی وییە. کێ هەیە دوو سەد درەم بە کۆیلەیەك بدا؟ پێیوایە پارە، تۆڵەگەی بەهارییە. خۆ ئێمە ئەقڵی خۆمان لەدەستنەداوە.

بازرگانی یۆنانی دیسانەوە بەو دەنگە گڕو ناحەزەیەوە هاتەوە ناو گفتوگۆ:- – ئەم خەسیسەی بەغداد هەرچی دەوڵەمەندتر دەبێ بەرچاو تەنگ ترو هەمیانی پارەکەی گەورەتر دەبێ، ئەگەر ئەو هەموو سامانە بۆ قاروون مایەوە، ئەوا بۆ فنحاسیش ماوەتەوە. ڕاستیان کوتوە سامانی پیاوی ڕژد کاتێك لەژێر خاك دێتە دەرەوە کە خۆی بچێتە ژێر گلەوە!))

بازرگان خۆشی لە زۆر بلێی نایە. ئەوان کاتێك بینیان ، هیچیان لە گلەیی و بەدگۆیی وەدەس ناکەوێ، بەرەو بازاڕ کەوتنە ڕێ. بازرگانییەهودی کوتی:

– خوا کەریمە!.. با بزانین چۆن دەبێ...

پاش نوێژی نیوەڕۆ. بەردەمی بازاڕ هەرا و هۆریا و قیامەت هەستابوو نابینایانی عوودژەن لە ترسی ئەوەی لەژێر پێی حەشیمەتدا پان نەبنەوە ، ڕایەخیان لێ کۆکردبۆوە و ڕۆیشتبوون.

پێنج زەلامی زەنگی نێزە بەدەست لەبەر دەرگای بازاڕ ڕاوەستابوون. ئەوان بێ مۆڵەتی فنحاس نەڕێگای کەسیان دەدا بۆ ژوورەوە و نەدەیانهێشت کەس بێتە دەرەوە...

لایەکی ئەوێ حەشیمەتی خەڵك بوو لایەکیشی ئەسپ و ئێستر و ولاخ.جاڕ چییەکی بەخۆوە لەکاتی نەڕاندندا، دەتکوت فوو بە کەڕەنادا دەکا، لەبەر دەرگای چوونە ژوورەوەی بازاڕدا خەریك بوو قوڕگی خۆی دەدڕاند:



– ئەها خەڵکینە! بەفەرمانی فنحاس ، نرخی بازاڕ بەم شێوەیە ڕادەگەیەنین: نرخی شۆخان و پەرییانی خوڕەمی سێسەد دینار، کە نیزانی چاو سەوز و وەفاداری یۆنانی دووسەد و چل دینار. کچانی ناسك و جوانی تورك دووسەد و سی دینار. کچانی نەشمیل و گوێ ڕایەڵی هیندی دووسەد و بیست دینارە.

ئاپۆڕای کڕیاران پاسەوانانی وەتەنگ هێنابوو.

زەنگییەکان بەچاوانی زەق و ددانی سپی و دەرەوشاوەیانەوە، بەتوڕەییەوە لەکڕیارەکانیان دەخوڕی:

– ئەها! چوار پێ! بۆ کوێ؟

– کەمێك بڕۆنە دواوە، ئەگەرنا خۆتان و ئەم نێزانە دەزانن.

– مەگەر گوێتان لێنییە؟ ئەوە چتانە؟

کەنیزەکان جل و بەرگی ڕەنگاوڕەنگیان لەبەردابوو لەدەوروبەری ئەستێرکی مەڕمەڕین ناز فرۆشییان دەکرد و جاروبار بۆ ڕاکێشانی کڕیار لەگەڵ یەکتریدا گاڵتە و گەپیان دەکرد و گوڵیان بەرەو یەکتر دەهاویشت و ناز و لەنجە بازییان دەکرد. کچانی خوڕەمییان وا ڕازاندبوونەوە کەدەتکوت بۆ جەژنی ((سەدە)) دەچن.

کێ بواری هەبوو و بپەرژێتە سەر ئەوەی لەپشت ئەو پەردە ڕەنگاوڕەنگ و ڕوخسارە تیف تیفە دراوە پەی بەروحی پەرێشانی ئەم کچانی بەرواڵەت شاد و ناز و لەنجەگەر، ببا؟ ئارایشگەرانی دەس ڕەنگینی فنحاس، بە کەل و پەل و کەرەسەی ئارایش ئەوانیان بە حەوت قەڵەم ڕەنگ کردبوو. چێشت لێنەرانی فنحاسیش لەم ماوەیەدا بەباشی بەسەر ئەو ئەسیرانەوە ڕاگەیشتبوون. هەرکامیان لەویتر جوانتر دەهاتە بەرچاو. جیاکردنەوەی ژنان لەکچانی نۆبەرە کارێکی دژوار بوو.

میرزا قزبل وەخرۆشان هاتبوو. لەتەنیشت خەزنەدارەوە ڕاوەستابوو. خەتی بەسەر ناوی کۆیلە فرۆشراوەکاندا دەکێشا. تائێرە ناوی برومەند نەهاتبوو. قزبل لەدواکەوتنی پیرەژنی یەهودی دەماری هەستابوو، دەترسا تا پیرەژن دەگات کەسێك بێت و برومەند ببات...

بازرگانییەهودی لەنزیك قزبلەوە خەریکی هەڵسەنگاندنی کچێکی خوڕەمی بوو. ناودەمی کچەکەی بۆندەکرد. سەیری ددانەکانی دەکرد. دەیهێنایە قسەکردن تا گوێی لەئاهەنگی دەنگی بێت و بەرێگایدا دەبرد تا تەرزی بەرێگادا رۆیشتنی تەماشا بکا.

کڕیارانی فەرەنگی زۆر کەیف ساز و وردەکار بوون. ئەوان لەهەڵبژاردنی کۆیلەدا چاوپۆشییان لەهەر عەیبێك نەدەکرد.

ئێستا پیرەژنی یەهودی لەپەنا حەوزی مەڕمەڕین برومەندی دۆزیبۆوە، دەبوایە نێچیرەکەی بەجۆرێك لەداو بخا کە کەس هەستپێنەکا.

پیرەژن لەحاڵێکدا کەهەمیانی زێڕی لەناو دەستیدا بەزرنگە هێنابوو، لەفنحاس نزیك کەوتەوە. فنحاس لەگەڵ قزبلدا سەرقاڵی گفتوگۆ بوو و وادەهاتە بەرچاو لەگەرم و گوڕی بازاڕ ڕازییە. قزبل بەبینینی پیرەژن هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشاو خۆی ساز و ڕێك خستەوە. پیرەژنی قەڵەو و خرپن، نێچیری خۆی نیشانکردبوو، لەفنحاس نزیککەوتەوە. بە پارێزەوە سەری دانەواند و بەحاڵەتێکی نەك زۆر سەوداسەر، پرسی:

- بازرگانی پایەبەرز، بەو کەنیزەیەی لەپەنا ئەستێرکەکەوە ڕاوەستاوە چەندت بدەمێ؟

فنحاس گەڕایەوە و چاوێکی بەژنە سەروقژ زەردەکەدا گێڕا ((ئەمە فریشتەیە!)) جارێکی تر بە سەر تا پێی برومەندیدا هەڵڕوانی، ((زەوقی عفریتەی هەیە!))

- ئەم داری سەرووی خوڕەمییە خواردنی تۆ نییە! ئەگەر نرخەکەیت پێ بڵێم، هەر خۆشت ناخورێنی!

برومەند بەبێ گەوهەر و خشڵیش جوان و نیگاکێش بوو. ڕەنگە لەناو ئەسیرانی خوڕەمیدا ژنێك بەشۆخی و بەرچاوی ئەو دەس نەکەوتبا. بەڵام ڕوخساری یەکجار پەشۆکاو خۆی دەنواند. ڕەنگی ژاکاوی و غەمباری، تەنانەت لەژێر ئەو ڕەنگ و کریمەدا کە ئارایشگەر بەلێهاتوویی لەڕوخساریدا کردبووی، ئاشکرا دیار بوو چاوەکان، زمان حاڵی تورەیی لەڕام نەهاتووی برومەند بوو. ئەگەر دەیتوانی ئەو تاقانەی بەسەر سەری فنحاسدا وێران دەکرد. ئەگەر دەیتوانی ئاگری لەکۆشکی زێڕین بەردەدا. باش دەیزانی کە ئەم هەمو سووکایەتییە بەشەرەفی مرۆڤ کە تا ئاستی ئاژەڵ ئەوی هێنابووە خوارێ —لەوێوە هەڵدەستێ. بەڵام کە ئەوەی نەدەتوانی، لانیکەم دەیتوانی کە هاواری ڕق و کینەی خۆی بەسەر ئەم هەمیانەیەی نەفرین و ڕەزالەتدا برێژێ. شێرەژنی غەزەب گرتوو بەرەو ڕووی فنحاس هەڵمەتی برد و قوڕگی ئارەقاوی وی گرت:

- سیسارکی پیس، دەتخنکێنم!

فنحاسیان لەژێر چنچڕوکی برومەند ڕزگار کرد، بەڵام ئەو هەر دەینەڕاند.

- دەت تۆپێنم، ناپیاوی هیچ و پوچ! بزانە کە هەموو ماڵ و سامانی خوڕەمییان باری کەڵەشێرێك نییە، بەڵام ناموسیان بەهەموو کاروانەکانی دار ئەل خەلافە بار ناکرێ! ئێمە



خوومان بەوەوە نەگرتووە لەبەردەم دوژمندا سەر نەوی بکەین. یەقین بزانن کە ئەم زۆرداریەتان بەبێ سزا تێناپەڕێ. دوور نییە بابەك تاجی سەری خەلیفە بکاتە هێلانەی قەلەڕەش...

چاوەکانی فنحاس لەکالانە هاتبوونە دەر. هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد لەچەقی بازاڕ و لەبەر چاوی دۆست و دوژمن ئاوا سووکایەتی پێبکەن، ((دێڵە سەگ، کردمییە پوڵی قەڵب! ئەگەر ئەو ڕیسواییە بەر گوێی ((جاحیز)) بگاتەوە، ئەم حاڵەم بەشیعر دەهۆنێتەوە و تەپڵی ئەم ڕیسواییەی من لە هەر کووچە و گەڕەکێك لێدەدرێ.)) فنحاس بە زیرەکی خۆی، جوولانەوە و هەڕەشەی برومەندی بەگاڵتە و گەپ پیشاندا، زەردەخەنەیەکی ساختەی هێنایە سەر ڕوخساری و ڕووی کردە میرزا قزبل و کوتی:

- سەد جارم پێکوتن شەڕاب مەدەنە ئەم کچانە، ئەمانە کە مەستدەبن، کەس لەبەر پێی خۆیان نابینن و نازانن کەدەبێ لەکوێ گاڵتە و جەفەنگ بکەن. ئەوەی تەنیشت ئەستێرەکەکە سەیرکە چ بەردە و بگرەیەکی ناوەتەوە؟!

میرزا وشك ببوو. هیچی وای نەمابوو لەپێستی خۆی بێتە دەرێ. سەرباری ئەوەش توانی بەسەر خۆیدا زاڵببێ.

پیرە ژنییەهودی دەتکوت تازە لەنێوکوورەی گەرماو هێناویانەتە دەرێ چاوەکانی لە ڕەشەوە دەچوون، ((ئەگەر هەستیپێبکەن لەدارم دەدەن. چتۆ شێرە ژنێکە، بەخۆنازینی پڵنگی هەیە!))

بەڵام خۆ فنحاسیش مامەڵەچی بوو. جگە لەقازانج بیری لەهیچی دی نەدەکردەوە و لەم ڕێیەدا ملی دەدایە هەر جۆرە شەرمەزاریەك ((گوێچکەم لەو جۆرە هات و هاوارانە پڕ بووە)) و ڕووی کردە پیرەژنییەهودی و کوتی:

- ئەگەر کڕیاری ئەوی، یەك قسە!

فنحاس دەستی پیرەژنی کە هێشتا لە ترسان نەهاتبووە وەسەر خۆی، بەنیشانەی پێکهاتنی مامەڵەکە گوشی و کوتی:

- ها، چۆنە؟ فرۆشتم! چوارسەد دینار! پیرەژن کە ڕاڕایی و دڕدۆنگی لەچاوەکانی فنحاسدا خوێندبۆوە، بۆ ئەوەی دەرفەتی پەشیمان بوونەوەی نەداتێ یەکسەر کوتی:

- کڕیم

کوتەی ((کڕیم)) وەکو داخ بەنێوچاوانی فنحاسەوە، نووسا.((بەخۆرایی پەلەم کرد خۆزگە بمکوتایە پێنج سەد!)) چاوەکانی فنحاس لەپەشیمانیدا لێکببوونەوە.

بەڵام بازاڕی کۆیلە فرۆشی داب و ڕەسمی تایبەتی خۆی هەبوو. لەبەرامبەر ((فرۆشتم))ی خاوەن کالآ، وکوتەی ((کڕیم))ی کڕیاردا، مامەڵە تەواو دە بوو، پاش ئەمە هیچ بیانوویەك نەی دەتوانی مامەڵەکە هەڵبوەشێنێتەوە.

فنحاس توڕەیی خۆی بەسەر سەری قزبلدا ڕژاند:

- باشە ئەو چاوە کوێرایی داهاتوانەت لە کوێ بوون! مەگەر نەتکوت کەنیزەیەك بە چوارسەد دینار بفرۆشرێ لەنێو ئەوانەدا، نیمانە؟!

قزبل شانە لاوازەکانی بەرزکردەوە،لێوەکانی بەیەکدا هێناو دەست بە سنگەوە کوتی:

- بەقوربانت بم، مەگەر بۆ خۆت لە دەروازەی خوراسان نەبووی؟ بەچاوی خۆت دیتت چ بەلآیەکیان بەسەر ئەسیرەکاندا هێنابوو. کێ دەیزانی لەناو ئەو سەر و بیچمە پەشێو و ژاکاوانەدا، گوڵ ئەندامێکی ئاوا لەناویاندا دێتە دەرێ.

فنحاس دووبارە سەرزەنشتی خۆی کرد:

- بۆچی لەم ماوەیەدا چاوانی کوێر بووم ئەوی نەدی بو؟ بۆ دیقەتم لێ نەگرتبوو؟

پیرەژنییەهودی پارەکانی ژمارد، دایە دەستی خەزنەدار و دەستی برومەندی گرت و بازاڕی بەجێ هێشت

پیرەژن،لەدەرەوەی بازاڕ برومەندی سواری ئەسپ کرد، ئاردالێکی بالآبەرز بەڕاکردن هات، پرسی:

- ئەم کەنیزەیە کێ کڕیویەتی؟

پیرەژن وەلآمی دایەوە:

- من!

- مۆڵەتی نییە سواری ئەسپ بێ.

- قاچەکانی ماندوون، توانای ڕۆیشتنی نییە.

ئاردالّ لاسای پیرەژنی کردەوە:

- قاچەکانی ماندوون... قاچەکانی ماندوون... لەو حاڵەدا سواری وڵاخی بکە، پیرەژنی فلّتە فلّت کەر مەگەر نازانی کە بەفەرمانی خەلیفە تەنیا ژنانی گەورە پیاوان لە بەغداد بۆیان هەیە سواری ئەسپ بن؟ گوێیەکانتان بکەنەوە و وەبیستن! ژنانی یەهود و مەسیحی و میللەتانی دیکە تەنیا مافی ئەوەیان هەیە سواری وڵاخ بن! پیاوەکانیشتان مافی ئەوەیان نییە



کەمەربەند لە کەمەریان ببەستن. تەنیا دەتوانن پەتێك بەکەمەریانەوە ببەستن. ئەو گوێ کەڕانەت جارێکی دیکە بکەوە و ببیستە! فەرمانی خەلیفە ئاوایە!

پیرەژن کە لەوە دەترسا سەرە ڕیشاڵی مەسەلەکە وەدەربکەوێ، دەستی بە هەمیانەکەیدا کرد، سکەیەکی دەرهێناو لەحاڵێکدا کە زەردە خەنەیەکی مانادار بەسەر لێوانەوە بوو، لەناو دەستی ئاردالّ هاویشت. ئاردالّ بەخۆی کوت، (ئێستا ئیشەکە تەواوە!))

پیرەژن بەسەر ئەو خواجەیەی کە هەوساری ئەسپەکەی گرتبوو، قیژاند:

- یالّلا! کوللەی مردارەوە بوو! لەسەر چی ڕاوەستاوی؟ جڵەوی ئەسپەکە ڕاکێشە بابڕۆین...

چەند ژنێکی نەجیبزادە کە بەسەر زینی ئاڵ و والآی ئەسپانی یاڵ و کلك خەنەییەوە سوار ببوون، لە لێواری چار شێوە ڕەشەکانیانەوە سەیرێکی پیرەژنیان کرد بە ئاوازێکی نەفرەتبارانەوە کوتیان:

- وڵاخ بۆ ئێوە زۆرە، ئێوە دەبێ سواری بەراز بن! پیسینە!

نزیکی ڕۆژ ئاوا، لە ((سوق ئەل عەبد)) جگە لەسێ گسك لێدەر تاکە بەشەرێکی تێدا نەمابوو. چرا فانووسی هەڵواسراو کە بە ئەستوندەگی دوولای شەقامەکانی بازاڕەوە بوون، لەو کەش و هەوا خامۆشەدا پرتە پرتیان بوو. سێ ژنی ڕەش پێست بە پرتە و بۆڵەوە بازاڕیان گسك دەدا جار جار مووروویەك کە لەژێر ڕووناکی کزی فانۆسدا بریسکەیدەدا، دەدۆزییەوە وەك منداڵان دەیانکوت:

- چەند جوانە!

- ئەوە بۆ کچەکەم دەبەمەوە بەملیەوە بکا.

- تۆ دەڵێی ئەمە هی چ بەد بەختێکە؟!

مووروەکان بۆنی گولآویان لێدەهات. ژنەکان هاتبوونە کەیف و شادییەوە. با، سەرپۆشە سوورەکانی چەند کەنیزەیەکی فڕاندبوو، وە بردبوونیە سەر دار خورماکان و چەند غەمبار دەهاتنە بەر چاو! ئاو پرژێنەکان غەمگینانە ئاویان دەپرژاند. کێ دەیزانی ئەم هەموو پیاو و ژن و کچانە ئێستا لەکوێن؟ ئایا دەکرا دووبارە یەکتر ببیننەوە؟ لەوانەیە باڵندەکانی کە بۆ بەسەر بردنی شەو پەنایان بۆ لقی درەختەکان هێنابوو، لەخۆیان دەپرسی: ئەم کیژۆڵە سیما جوانانەی خورەمی چییان لێهات؟ بازرگانان ئەوانەیان بۆچ سەر زەوینێك برد. ئایا داد و هاواری ئەوانە بە ئاواییەکانیان دەگاتەوە؟

لەلای دیجلەوە دەنگی ئاوازی بەکۆمەڵی کچان دەهاتە بەرگوێ. کەشتییەکان کە شانازییە شکاوەکان و خەمیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد، ئارام و سەنگین بەرەو ((رەئس ئەل جسر)) دەکشان. کچان، کەوێنەی مانگ ئاسایان لەنێو ئاوی لەرزان و بێ ئارامدا وەدەرکەوتبوو، دەڕوانی ((ئەی مانگ! لەبارەی چارەنووسی خەمبارمانەوە قسە بکە! پەیامی ڕۆژگاری تاریکی ئێمە بەئازیزانمان —لەوبەری دەشت و چیاکانمانەوە- بگەیەنە...))

با، لە هەر چوار لای چارۆگەکانەوە کەوتبوو. ڕەشەکان بەتەنیا نافەکپۆشێکی دەوری کەمەریانەوە، لەپەنای سەوڵەکانەوە، پاڵکەوتبوون، ڕێگایەکی درێژیان لەپێش بوو. دەبوایە خۆیان ئامادە بکەن.

تەم و مژێکی تەنك ((کۆشکی زێڕین))ی لەنێو خۆیدا گرتبوو. دیجلە لەژێر رووناکی زیوینی مانگ شەپۆلی دەدا. لێرەو لەوێ چەند لاشەیەك بەسەر دارەکانی سێدارەوە ڕادەژان. کچەکان دەیانزانی کە نابێ خۆیان بەلەدەست چوو بزانن، نابێ دوایین تروسکەی هیوا لەناو ئاگردانی دڵیاندا خامۆشبکەن. ڕابردووی شانازی ئامێزیان ئومێد و ژیانی بەوان دەبەخشی. نابێ ڕابردوو و شانازییەکان و ئازادی لەیاد ببرێنەوە. هەموو ئەمانە دەبێ جاڕ بدرێن، دەبێ بخوێندرێنەوە، بەدەشتەکاندا بخوێنرێنەوە، بەچیاکاندا، بەڕووبارەکاندا دەبێ بخوێندرێنەوە و کچان دەیانخوێندەوە:

زین کە ئەسپی خۆش ڕەو
بەڕێ کە تەتەری یەکەسوار
تا ڕێگای بەغدا بگرێتە بەر
بەهەر چوار لای شاردا جاڕ دە، جاڕی بەرز
ئەها! بێنن! بێنن سەد و یەك کەسی شێری وشتر خۆر.
کەمن هێناومە یەك تاڵە مووی شەروینی گەورە یان لە بەجاویدانی دادپەروەر.
لەرۆژی - جومعە- بخوێنێ، بەهاوار بخوێنێ
سەد و یەك کەسی گەورە بهێنن، سەد و یەك کەسی ڕەند
تا من ناویان بێنم —سەر بەرزانە- باوکانم جەوانشێر و شەهرەك.

پیاوانی ئازادی لەدەست داو و بەکۆیلە کێش کراوی خورەمی لەکەشتییەکی دیکە، بۆ کچانی هاوخوێنی خۆیان، دەستاندەوە:

لە پەشمی وشترانی پیر و گەڕ، بەرگ پۆشیان هەیە



بەشیری وشتر برسێتییان دادەمرکێنەوە
لەکام شەرەفم بدوێم؟
لەڕۆژانی سەر پشتی ئەسپی نێریانم
لەشەوانی بەرامبەر ئاگری پاکم
لە باو و باپیران کە پشتاو پشت
سەروەرییان تۆمار کردووە
بەجیهانی شەهرەم بە شەرەف!

ئاردالان لەوبەر لێوارەوە، ئەسپەکانی خۆیان چوارناڵی تاو دەدا و قامچییەکانیان بەهەوادا هەڵدەسوڕاند و بەسەر بازرگانان و هەڵسوڕێنەرانی کەشتییەکاندا هاواریان دەکرد:

- ئەها بۆگەن بووینە! دەنگی ئەوانە ببڕن!

بازرگانان بە ئەنقەست گوێی خۆیان لێ کەڕ کردبوو و کۆیلەکانیان بەحاڵی خۆیانەوە ڕەها کردبوو، با ئەوان هەر بنەڕێنن، با ئەمانە بخوێنن.

......

کەهێناومە یەك تاڵەمووی شەروین

...

***

لە باو و باپیرانم کە پشتاو پشتیان
سەروەرییان تۆمار کردووە

...کاتێك کەشتییەکان لەژێر ((رەئس ئەل جسر))ەوە تێپەڕین، ڕق بۆ نەفرەت گۆڕاو پاشان ڕەنگی خامۆشی بەخۆوە گرت:

لەوبەری پردەکە، لەکۆشکی زێڕین، دوو دڵۆپ فرمێسك، وەك دانە مرواری بەسەر گۆنای سووردا خلیسکا. قەرەنفلێ لە پەنجەرەوە گوێی لە شەپۆلی دەنگەکان هەڵخستبوو...

شەپۆلی دەنگەکان نیشتبۆوە. ((ماڵئاوا ئەی ئازادی نێو بەرگی کۆیلایەتی!))

## (١٦)

# ئارایش خانه

*سۆزه ڕەسەن و ئینسانییەکان*
*وەك شادی، غەم، سەرحاڵی و پەشۆکاوی*
*بده بەمن تا لەوانەوە جیهانێکی پڕاوپڕ لە*
*پاکی و ئەخلاق بۆ ئێوە دروستبکەم*
*(ماری گوین)*

عەبدوڵلا سەرکردەی هارون، لە لێکدانەکانیدا لەگەڵ خوڕەمیان زیانێکی زۆری پێ کەوتبوو. کەس لەژمارەی واقیعی برینداران و کوژراوان ئاگادار نەبوو. لەو دێهات و هۆبانەی کە مەیدانی پێکدادانەکان بوون، لە کوژراوانی هەردوو لا گۆڕستان دروستببوون. خەلیفە لەم مەسەلانە ئاگادار بوو. بەڵام کوژراوان — چ لە دوژمن و چ لە لەشکری خۆیی- لای ئەو بایەخێکی نەبوو. ئەو، هەر جار بۆ عەبدوڵلای دەنووسی: ((قشونی قەڵەمڕەوی خەلافەت بێ بڕانەوەیە، هەرچی داوا دەکەی دەیخەمە ژێر دەستتەوە مادام خوڕەمیان ئەژنۆیان دانەداوە، نابێ بگەڕێیەوە بۆ بەغدا)). هارون پاش مردنی خەیزەران —وێرای ئەوەش کە متمانەی بە جەعفەریش نەدەکرد- تا ڕادەیەك بۆ خۆی کارەکانی بەبێ ڕاوێژ جێ بەجێ دەکرد.

بەڵام لەو کاتەدا لەکۆشکی زێڕین قەیرانێکی تازە سەری هەڵدا: لەنێو ماقووڵان و گەورە پیاوان، کەمتر کەسێك هەبوو داژداری لە ئەمینی خۆشگوزەران و هەوەس پەرست و زبێدەی شوفار و پیلانگێڕ بکا. هەمووان داژدارییان لە مەراجل خانی ئێرانی و کوڕە ژیرەکەی ئەو، مەئمون دەکرد. لە هەل و مەرجێکی ئاوا هەستیاردا، خەلیفە ناچار بوو ڕەوتی خۆی بگۆڕێ.



ئەو، لەو بەتەنیایی مانەوەی خۆی توشی وەحشەت هاتبوو. بۆ ئەوەی کە هەم ماقووڵانی ناڕازی دەربار بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و هەم خۆشی بە فەرمانڕەوایەکی قایمەکار بناسێنێ، بەڵێنیدا داوەتێکی شکۆمەند سازبکاو لەوێدا سەد کۆیلە و کەنیزە ئازاد بکا، ((با هەمووان بەچاوی خۆیان ببینن کە هارون هێمای هەقیقەت پەروەری و بلاوکردنەوەی دادپەروەری یە و لەنێوان ئەشرافەکان و کۆیلەکاندا جیاوازییەك دانانێ..))

غولامەکانی نێو دەربار بە بیستنی ئەم قسانە چەپ و ڕاستی خۆیان نەدەناسی ئەوانەی مەرامی ئەسڵیی هارونیان لەم میوانداریيە درك کردبوو، ژمارەیان کەم بوو.

هەڵبەت کێشمە کێشمی خەلیفە و جەعفەری وەزیری گەورە —کە بەتێپەڕینی ڕۆژگار تاوی زیاتری ستاندبوو- پیاو ماقووڵان و دەرباریيەکانی بۆ دوو دەستە دابەشدەکرد. ئێرانییەکان لە هەرجێیەك بان، بەناونیشانی ((سوورەکان))ەوە دەکەوتنە بەر پەلامار و ڕاوەدوونانەوە. بەرزبوونەوەی ئاستی کێشمە کێشمەکانی دەربار بەدڵی زبێدە خاتون بوو. ئەو، دەیویست کە هارون، جەعفەر نە تەنیا هەر وەکو بنیادەمێکی بێ نرخ و بێ بایەخ، بەڵکو بەناونیشانی خاینێك کە هەستاوە بەدوژمنایەتی کردنی خەلافەت و داکۆکی کردن لەخوڕەمییان، تاوانبار بکا! ئاگری ئیرەیی لەنێو دەروونی زبێدە خاتونەوە وەها بڵێسەی دەدا کە دەتکوت دەیەوێ مەراجل لەبن پەلاماری خۆیدا لوول بداو بیکاتە خۆڵەمێش، ئەگەر دەیتوانی...

ئەشرافانی دەربار وایان خەیاڵدەکرد کە خەلیفە ئەم میوانداریيە شکۆدارە نە لەبەر خاتری مەراجل، و نەبۆ ئازادکردنی کۆیلەکان، بەڵکو بەشانازی دڵبەرەکەی خۆی قەرەنفل، بەرپا دەکا. خەلیفە کوتبووی کە ((ئەم جەژنە دەبێ بە ئاوایەك بەڕێوە بچێ کە شکۆمەندیی جەژنی (ساتۆرن)ی ڕۆم لەبیرەوەریاندا بسڕێتەوە.)) ماوەیەکی لەمێژ بوو لەهەموو جێیەك لەبارەی کارسازییەکانی ئەم جەژنەوە قسە دەکرا. بەغدا چاوەڕێی چراخانێکی گەورە بوو. جۆش و خرۆشی نەتەنیا ((قوبەت ئەل خەزرا))، کۆشکی زێڕین، کۆشکی خولد و ڕەسافە، بەڵکو هاوینە هەوارە تایبەتییەکانی دەوروبەری بەغداشی گرتبووە.

لەنێو هەناوی ئەم هەموو تەخشان و پەخشانەدا خاڵێك خۆی حەشار دابوو: هارون دەیویست دلاوایی و بەخشندەیی خۆی لەبەر چاوی هەمووواندا ڕابنێ و بەو هۆیەوە لەناوبانگ و نفوزی جەعفەر کەمبکاتەوە. ناوبانگ و خۆشەویستی جەعفەر، خەلیفەی زویر دەکرد، تووڕەیی و نەفرەتی ئەوی هەڵدەستاند.

ژیان بەئومێد بەستراوەتەوە. هەموو ڕەنجکێشانێکی تاقەت پروکێن، بەحەسرەتی ئومێدەوە دەتوانرێ تەحەمول بکرێ، و ماوەیەکی زۆر بوو کۆیلەکان نە تەنیا ڕۆژ، بەڵکو سات ژمێریان دەکرد. ئێستا ڕۆژی ((مەوعود)) بوو. لەخزمەتکاران هیچ کەسێك ئارام و ئۆقرەی نەبوو. ژەنیاران و ئارایشگەران و سەما کەران کە حیرس و نازی خەلیفە ئەوانی بۆ ناو کۆشك ڕاکێشابوو، تاف و هەڕەتی لاوییان لەناو وەرزی خامۆشی کۆشکی زێریندا هەڵوەری بوو، دەستیان بەرەو ئاسمان بەرزکردبۆوە تا بەزەییەك بخاتە ناو دڵی هارونەوە و فەرمانی ئازادییان دەربکا.

((روحییە)) سەردەستەی ئارایشگەرانی دەربار کەهەمیشە خۆی بەزیندانی کراوی ناو ئەو دۆزەخە وەسوەسە ئامێزە هەستپێدەکرد، وای بیر دەکردەوە لەو میوانداریییەدا کە بەشانازی قەرەنفڵەوە بەرپا بوە، هارون ناوی ئەویش لەڕیزی بەختەوەراندا لەبەرچاو دەگرێ.

روحییە لەسەرەتای بەیانییەوە لەئارایش گای حەرەمخانەدا سەرگەرمی کاری خۆی بو. هەموو جێگایەك ڕازاوە و هەموو کەسێکی ئارایش دابو، تەنانەت پەردە ئاوریشمییەکانی ژوورەکەش بۆنی گوڵاوی لێدەهات. گەوهەرەکان ئاگری ئێرەییان بەردەدایە گیانی ئاوێنەوە. ئەوەندە زێڕ و گەوهەر هەبوو، دەتکوت قفڵی خەزێنەی خەلیفەیان هەڵگرتووە. لەبەرامبەر ئاوێنەدا جگە لەنیو تاجێکی زومڕەد نیشان، کەل و پەلی جۆر بەجۆریش پەرت و بڵاو بوون.

روحییە جارێك لە لەعلی بەدخشان و جارێك لەسێوی زێڕینی خوراسانی دەڕوانی و تاوێك لە مرواریییەکانی هیندستان. ئەم هەموو زێڕ و گەوهەرە دەیتوانی تەنانەت ناشیرین ترین ژنیش جوان بکا. ((خۆزگە ئەمانە هی من بان! ئەوکاتە دەیان دی جوانترین ژنی دەربار کێیە؟ روحییە جارێك مرواری بە گەردنیەوە هەڵدەواسی و جارێك لەجانتای زیویندا دەنکە زێڕی دەردەهێناو بەسەر کەزییە چڕەکانیدا پەخشیدەکردن، و سەرەنجام بەنا بەدڵی لەڕەفتاری مندالانەی خۆی، کەل و پەلەکانی خۆ ڕازاندنەوەی لەجێگای خۆی دادەنا: ((ئەوانە خۆ هی من نین، پیرۆزی خاوەنیان بن، هەمووی ماڵی قەرەنفڵە، خۆشی بەحاڵی! سەیرکە زێڕنگەرانی تەورێز چ گەوهەر و خشڵی گران بەهایان بۆ دروستکردووە! بازیبەندی ئەڵماسی، دەسبەند، بەرسینە، کلاوزەڕ، خڕخاڵ، ئەنگوستیلە و گوارە...))

روحییە سەیرێکی ئەو کتێبانەی کەناو تاقەکەدا سەفتەکرابوون کرد و یەکێکی هەڵگرت: داستانی لەیل و مەجنون.پەڕەکانی هەڵدانەوە، بەدوای چ دا دەگەڕا؟! یەکێکی دیکەی هەڵگرت: چیرۆکی بەسینە و جەمیل. لەویش هیچی وەگیر نەکەوت. ئەوی دیکەیان: قەیس و



لەیلا. پەڕەکانی کردنەوە. لەژێر لێوانەوە چەند سرتە سرتێکی کرد. دوایی سەری کردە سەر خوێندنەوەی کلیلە و دیمنە. بەڵام کاتێك دەسخەتی هارونی لەپشت بەرگی کتێبەکەدی، کتێبەکەی بە نەفرەتەوە بەسەر مافوورەکەدا بڵاوکردەوە، ((خەلیفە هەموو ئەم کتێبانەی بە دڵبەری خۆی قەرەنفڵ بەخشیوە. ڕۆژگارێك منیش جێگای سەرنجی ئەو بووم. ئاخ! دنیا... دنیا... خۆزگە دایکم منی بەکوڕی ببوایە، بەختی کچ وەکو باران وایە، لەوانەیە با بەرەو بیابانێکی بێ ئاو و سەوزایی بیباو بەسەر چقڵ و زیدا بیبارێنێ و لەوانەشە بەسەر باخ و گوڵزاردا. ئەمڕۆ بەخت یاری قەرەنفڵە. بەیانیش کەس نازانێ؟!

یادی بەخێر ڕۆژانێك هارون گیانی خۆی لەپێناومدا دادەنا، بەڵام ئەستێرەی بەخت لەچەند سپێدەیەك بەولاوە نەدرەوشایەوە. خەسڵەتی دەربار ئاوایە.))

تیشکی هەتاوی بەرە بەیان لە پەردە ئاوریشمیە ڕەنگ زەردەکانەوە تێپەڕی و ژوورەوەی نوورباران کردبوو، بەڵام ڕەنگی پەشۆکاویی لەڕوخساری غەم داگرتووی روحییە نەدەڕەواندەوە. روحییە لەگژ بیرانەوە چووبوو. ئەو جاری وابوو پاودەری سووراوی لەگەڵ سپیاودا و جارێك پیرۆزەیی لەگەڵ سووری تاریکدا تێکەڵدەکرد و ڕەنگی نوێی دروستدەکرد، بەڵام بەزوویی لەڕەنگی نوێ ماندوو دەبوو و دوور فڕێیدەدا.

روحییە تەکانێکی بە برۆکەوانییەکانیدا، لێوە سوورەکانی خونچە ئاسا دەرهێناو لەبەرامبەر ئاوێنەدا ڕاوەستاو بەچاوی لەخۆڕازی بوونەوە لەتەماشاکردنی خۆیدا نقووم بوو: قەڵافەتێکی بەرز و جوان و بەژنێکی کە کەمێك قەڵەو خۆی دەنواند، ((چ شتێکی من لەو کەمترە؟)) لەناکاو تێك ڕابوو: چرچی دەوری چاوەکانی! ((خوانەکا خەریکە پیر دەبم؟!)) هێزێکی وەبەر دڵی خۆی نا، ((هێمان لەتافی لاوی دام. لەترۆپکی تەڕو پاراوی و سەرحاڵی و لاوی. دەرودیوار دەبێ هەمووی چاوبێ تا ئەم جوانییە ستایش بکا. بەدبەختی ئەوەیە کە هارون بەسێ ژن و سەد و پەنجا کەنیزەوە ناتوانێ شتێك لەجوانی تێبگا. هەر جوانێك، وەکو گوڵێك، یەك دوو بەیانی بەدەستەوە دەگرێ ئەگەر تاقەتی چوو، بۆنی دەکاو بەرەلای دەکا- نا، بەرەلای ناکا، پێ شێلی دەکاو لەودیو دیوارەکانی ئەم کۆشکەوە، بەرەلای دەکا. ئەم چەند بەیانییە نۆرەی قەرەنفڵە. بەڵام بەزوویی ئەویشی لەبەرچاو دەکەوێ. ئەویش لەژووری خەوتنگای هارون وەکو گوڵێك دەژاکێ.)) روحییە ئەگەرچی غەمبار بوو، بەڵام هەوڵیدەدا بەسەر خۆیدا زاڵببێ. بە پەنجە ناسکەکانی چەند جارێك دەوری چاوەکانی شێلا. بەهێمنی لەسەرەوە بۆ خوارەوە، بەنەرمی لەخوارەوە بۆ سەرەوە، کەمێك زەردە چەوەی هیندی لێدا

ئێستا سپی بوو بوو، سپی و ساف وەك هێلکەی پاککراو جوان بوو، جوانتر بوو، ((تا قەرەنفڵ بێدار نەبۆتەوە با خۆم برازێنمەوە)) کراسی ئاوریشمی سوور کە لەئاوریشمی تەورێز دورابوو، لەبەرکرد، دەتکوت کەمێکی دیکە دەیبەنە ناو کەژاوەی خۆیەوە، ((ڕەنگی سوور چەند جوان لەمن دێ!))

کەوتە یادی ئەو ڕۆژانەی کە ئەستێرەی بەختی دەدرەوشایەوە. تازە فنحاس ئەوی بۆ کۆشکی زێڕین هێنا بوو و هەموو چاوەکان بەدوایەوە بوون. ئەبو نەواس ئەوی بە جنان — دڵبەرەکەی خۆی- چواندبوو:

ئەی مامزی چاوڕەش، خۆزگە بمتوانیبایە
ڕاوت بکەم
حەیف تیرەکانم لەبەردیان داو
ناکام مامەوە
سەودا سەری عیشقی تۆ بووم
حەیف لەگەڵمدا بێ بەزەیی و بەرەڵات کردم!

((ئاخ چەند زوو ئەو ڕۆژانە تێپەڕین کە ئەبو نەواس، خەلیفەی بە عەنتەر و منی بە عەبلەی - دڵبەری ئەو- چواندبوو. ئەو ڕۆژانە هەروەکو خەوێك، خەوی بەرە بەیانێکی بەهاری تێپەڕین! قەرەنفڵ هەرچی هەیەتی، لەسۆنگایی ئیسحاق موسڵییەوەیە. ئیسحاق بوو ئەوی فێری گۆرانی بێژی کرد...))

خۆر، شاپەڕە زێڕینەکانی خۆی بەسەر وێرانەکانی مەداینda بڵاو دەکردەوە. با، یاری بە بەلەمە چارۆگەدارەکانی ناو دیجلە دەکرد. باڵندەکان لەبن سێبەرەکانی باخی کۆشکدا ئاوازیان دەخوێند. قەرەنفڵ هێشتا لەناو باخ بوو. روحییە لە پەنجەرە نزیك بۆوە و پەردەکەی لادا. قەرەنفڵ لەخەوی بەیانیدا مەست بوو، مەست لەنێو گوڵاندا، بەسەر جۆلانەیەکەوە کە بەپەشمی هەریر دەوریان گرتبوو، دانیشتبوو. کتێبێکی بەدەستەوە بوو. لاژانەوەی نەرم و یەك ئاهەنگی قەرەنفڵ بەسەر جۆلانەوە، حاڵەتێکی وەکو لەخەودا فڕینی هەبوو، خومار بەخش و سەرمەست هێنەر! لەم کەش و هەوایەدا و لەساتە وەختی ئاوادا هەموو شتێك جوان بوو: درەختەکان و گوڵەکان، یاری باڵندەکان و فڕینی پەپوولەکان هەرکامیان جوان بوون و پێکەوە جوان تر بوون. قەرەنفڵ لە سەیرکردنی ئەم جوانییەدا تواوبۆوە.

روحییە لەپەنجەرەوە سەری بردە دەرێ و بانگی قەرەنفڵی کرد:



- ئەها! کچی بەختەوەر، پشوودان بەس نییە؟ دەڵێی ناتەوێ لەمیوانداری بەشداری بکەی! ناتەوێ ئارایشت بۆ بکەم!

قەرەنفڵ لەحاڵێکدا کە مژۆڵە درێژ و باریکەکانی لێکدەدا، سەیری پەنجەرەکەی کرد، روحییە دەستێکی لێ ڕاوەشاند. زەردەخەنەیەك لەبەرامبەر ئیرەیی ئارایشگەری کۆشکی زێڕین لەسەر ڕوخساری قەرەنفڵ دیاریدا.

روحییە بانگی کردە ژوورەوە:

- چاوەڕێتم، زووتر وەرە!

قەرەنفڵ بەبێ تاقەتییەوە لەجۆلانە هاتە خوارەوە و لەحاڵێکدا کە سەری بۆ خوارەوە خوار کردبۆوە. بەهەنگاوی کورت هاتە ناو ئارایشگاوە.

- ئەوە لە کوێی؟...

روحییە دەستەکانی لێککردنەوە و قەرەنفڵی لەباوەش گرت و جل و بەرگە ئاوریشمیە گەوهەر نیشانەکانی کە لەبەر دەمی ئاوێنەدا دانابوون، پیشاندا.

- ئەم هەموو جل و گەوهەر و خشڵ و زیوەرە هی باڵندەی خۆش ئاوازی کۆشکی زێڕینە. مەلی بەختەوەری بەدەوری سەرتەوە دەفڕێ.

ڕوخسار و جووڵانەوەی قەرەنفڵ، شادییەکی کە هاو ئاهەنگی ئەم هەموو خۆشبەختییە بێ، تێدا نەدەبینرا.

ئەو بێباك لەم هەموو ڕواڵەتە بێ ناوەڕۆکانەی- بێ ناوەڕۆك لەشادی و بەختەوەوەری — دەڕوانی. تەنانەت جاری وابوو نەفرەتیش لەنیگایدا دەخوێندرایەوە. کەمەربەندی زومڕەد نیشانی دەوری کەمەری، وەکو مارێك وابوو کە بیەوێ پێیەوە بدا. بازنەکانی دەستی چ جیاوازییەکیان لەگەڵ کەلەپچەی ئاسندا هەبوو کە لەدەستی کچانی خوڕەمی بەسترابوون؟ بۆ باڵندەیەکی ئاسمانی بەر بەرەڵا، کە گوڵ و لق و چیمەن و فڕینیان لێ ستاندبێ، ئایا قەپەزی زێڕین، مایەی خۆشحاڵییە؟! قەرەنفڵ ئەگەر دەیتوانی، ئەم هەموو دڵ خۆشکەرانەی لەپەنچەرەوە فڕێ دەدایە دەرەوە. وەڵامی روحییەی دایەوە:

- ڕاستیت دەوێ، سەلیقەی جەژن و میوانداریم نییە. ئەم هەموو زێڕ و گەوهەرە کە هارونی هەوەس بازو زەوق پەرست بەمنی بەخشیوە، دەتوانێ بەرامبەر بەهای پاکی و شەرەفی من بێ؟ ئەو ئێستا لەگەڵ چەند سەد کچێکی تردا هەمان مامەڵەی نا دادپەروەرانەی کردووە؟ دوێنێ لەگەڵ خۆت ئەمڕۆ لەگەڵ من، سبەینێش خوا دەزانێ لەگەڵ چ کچێکی دیکەدا!

دڵم لەهەناسەی بۆگەنیوی ئەو شەیتانە پیرە تێك هەڵدێ. دوو ساڵ وەك بەرخێکی دابەستە بۆ ئەمڕۆ و ئەمشەو قەڵەوم دەکا!

روحییە بەشێواوییەوە دەستی قەرەنفلی گرت،پاڕایەوە:

- ئازیزی دڵم! دەڵێی ئەقڵی خۆت لەدەس داوە؟! ئەم هەموو ماندووبوونەی من بەفیڕۆ مەدە! لەناو ئەستێرکی شیری وشتردا خەواندمی، لەحەوزی زێڕدا لەشتم بەئاوی باران و گولاوی گوڵی سوور شۆردەوە. لەناو باخدا خەواندمی تا شۆخ و شەنگ ببی. خەریکە ئینکە بەری دەکەی؟ لەجەژندا دەبێ شادی و سەر حاڵ بی. دەبێ ئاواز بخوێنی. ئەگەر خەلیفە هەست بکا کە خۆشیت لەونایە، حسابت تەواوە. لەوانەیە بەرامبەر منیش بەدگومانی پەیدا بکا. یاری بەچارەنوسی من مەکە. من ئومێدەوارم کە رۆژێك ئازادم بکا؟ لەوانەیە هەر ئەمڕۆش.

- ئەگەر وا بیردەکەیەوە کە جەژنی ئەمڕۆ بۆمن شادی هێنە، ئەوا بەهەڵە چووی. کاتێك ئەندامێك لە لەش توشی دەردەداری دەبێ، ئەندامانی دیکە چ حاڵێکیان هەیە؟! دوێنێ شەو تاوێك چاوم نەچۆتە خەو، دێوە زمەیعەبدوڵلاێ موبارەکم بینی کە پوورم- برومەند- ی بەدیل گرتووە چونکە هارون پێی زانیوە کە بابەك کوڕی برومەندە، فەرمانی دەدا جەللاد زەرووی ((بەین ئەل نەهرێن)) بخاتە نێو سەریەوە. جەللاد کەزیە درێژەکانی پوورمی بڕیبوو و هەڵیدابووە سەر زەوی و زەرووی ((بەین ئەل نەهرین)) ی خستبووە سەریەوە. تاوێك پاشتر سەلمانم بینی کە بەفەرمانی هارون میلیان بە چاوانیدا هێنابوو. چ خەوێکی ترسناك بوو! ئەبوو عومرانی چاو دەپەڕیو سەری بڕاوی بابەکی بەچناری پیر باباوە هەڵواسیبوو... خوا ئاخیر و ئاقیبەتی بەخێر بگێڕێ!

روحییە قەرەنفلی ئارام کردەوە.

- خێر دەبێ ئازیزی دڵم! خێرە ئینشائەڵلاێ خێرە، خەونی ژن بەپێچەوانەوە لێکدەدەنەوە.

قەرەنفلێ کەمێك ئارام بۆوە. بەڵام هێشتا پەرێشان بوو. روحییە شانەی زێڕینی هەڵگرت و کەزیە زێڕینە گولاوینییەکانی ئەوی شانەکرد. خەرمانی کەزیەکانی شەپۆلی دڵگیری هەبووو، چاوە ئەفسوناوییەکانی لەسەر چاوەکانی کوێستان زوڵاڵ تر بوو. ناکرێ بڵێی ڕەش، ناکرێ بڵێی سەوز، ناکرێ بڵێی چ ڕەنگێك، ڕەنگێك بەڕەنگی خەو.

خەلیفە هێشتا دەستی لەم خونچە جوانە نەدابوو بەخوێنی دڵ دەیلاواندەوە و بۆنی دەکرد.

روحییە نەیدەتوانی نیگای خۆی لە ئاوێنەی چاوەکانی قەرەنفلێ هەڵبگرێ. لەهەر چینێکی زولفیدا، و لەهەر وردە ئەندامێکی بەدەنیدا، هێمایەك لەجوانیدا شارابۆوە.



بەسەر نێوچاوانی جوانیەوە خاڵێکی ڕەش جێگای گرتبوو. دوو گۆشەی لێوەکانی جلوەگای زەردەخەنەی ئەفسوناوی بوو. تەنانەت پەریشانییەکەی جوانی ئەوی زیاتر دەکرد. سروشت هیچی بۆ ئەو، بەزۆر نەزانی بوو. لێوە یاقوتەکانی پێویستی بەهیچ ڕەنگ و ئارایش کردنێك نەبوو. سینەی گولاوینی بەرجەستەی، کەمەری باریك و ئەندامی ناسکی ئەوی وەك فریشتە دەنواند. پەنجەکانی هەر کامیان وەك لاسکە قامیش وابوو پەڕە ناسکەکانی لووتی لەرزینەوەیەکی سووکیان هەبوو. لەرزینەوەیەك لە پەشۆکاوی.

روحییە پاش ئەوەی لەکارەکەی بۆوە، دەستەکانی خۆی بەدەوری کەمەری قەرەنفلێ وەرێناو سەری خستە سەر سینەی بتی ڕازێنراوەی هارون سرتە سرتی دەستپێکرد:

لەکەوانی ئەبرۆکانم وریابە
لەچاوانی ڕەش و تیژی مژۆڵەکانم
گەر دەتەوێ بەشێت بانگت نەکەن
خۆت لەکەمەندی کەزیەکانم بپارێزە.

بەسەر سینەی قەرەنفلدا، دەتکوت سوارانی عەبدوڵلاێ ئەسپ تاو دەدەن. ئەو کچە بۆچی ئەوەندە بێ ئارام بوو؟ روحییە ویستی دڵخۆشی بداتەوە، کەچی گڕکانی گیانی خۆی تەقییەوە و فرمێسکی گەرم لەهەردوو چاویەوە سەربەرەوخواربوونەوە. ئێستا قەرەنفلێ ئەوی ئارام دەکردەوە:

- لەسەر خۆبە خوشکم! بەسەرخۆتدا زاڵبە، مەگری!

روحییە لەنێو قوڵپەقوڵپی گریاندا وەڵامی دایەوە:

- چۆن ئارام بم؟ لەناو ئەو قەپەزە وێرانەدا کێ بە چارەنووسی خۆی دەزانێ؟ کێ لەڕق و کینەی بێ هۆی هارون لە فیتنە بازی و شۆفارییەکانی زبێدە خاتون، لەئامان دایە؟

بیستوومە هارون لەبارەی جەعفەریشەوە بەدگومانی پەیداکردووە و بەدوای بیانگەیەکدا دەگەرێ تا بەدەستی مەسروری جەللادی بسپێرێ. لەوانەشە هەر ئەمڕۆ بەهانەیەك بەدەس بێنێ.

- ئەوە دەڵێی چی خوشکم؟

قەرەنفلێ بە حەپەساوییەوە چاوی لەچاوە پڕ لەفرمێسکەکانی ئارایشگەر بڕی. ئەوە زمانی وی نەبوو چاوەکانی بوون کە دەیان پرسی:

- چ دەنگوباست لایە؟ بۆچی ئێستا دەیلێی؟

دەبوایە هەچی زووتر وەزیر لەواقیعی ئیشەکە ئاگادار بکا. وەزیر دەبێ کار ڕاستایی خۆی وەربگرێ، پاسەوانی کۆشك بەکەسانی خۆی بسپێرێ...

روحییە دەبوایە ئەم ڕاسپاردەیە هەرچی زووترە بە جەعفەری وەزیر بگەیەنێ. ئەو کوتی:

- تۆ ناڕەحەت مەبە. لەکاتی میواندارییدا کە خەلیفە سەری گەرم بو. هەواڵەکە بە وەزیر ڕادەگەیەنم

ئایا جەعفەر دەیتوانی لەنێو ئەم داوی سەربە فەتارەت چوونە گیانی خۆی بەساخی دەربکا؟ هارون هەزار و یەك کەڵەکی لەبن سەردا بوو.

دروست لەهەمانکاتدا بوو کە سەرو کەللەی خواجەی کۆشکی گەورە لەبەر دەرگای ژورەکە دەرکەوت. روحییە تێك ڕابوو، ((ناکا قسەکانی ئێمەی گوێ لێ بوبێ؟ ئەی خوای گەورە.))

خواجەی کۆشك هیچی گوێ لێنەبووبوو. دەکرا ئەمە لە جووڵانەوەکانیدا هەستیپێبکرێ. دەست لەسەر سنگ کوتی:

- خانمانی شۆخ! میوانان هاتوون، هەموویان چاویان لەڕێیە!

قەرەنفل هیچی نەکوت. روحییەش هەروا. دڵە کوتەیان ئارام ببوو.

خواجە بێ ئەوەی دەست لەسەر سنگ لاببات، پاشە و پاش گەڕایەوە. هەر هێندە دەنگی پێی دوورکەوتەوە روحییە پەنجەی شایەتمانی خستە سەر لێوی، برۆ ناسکەکانی ڕاتەکاند:

- وس! لێرە دەرو دیوار گوێیان هەیە.

قەرەنفل بە پاڕانەوەوە کوتی:

- ڕاسپاردەکەم فەرامۆش نەکەی؟ ئاگاداری خۆت بە.



## (١٧)

## لەژێر درەختی زێڕیندا

*لەتاقی ئاسمان نووسراوە:*
*دنیا بۆ ئەو کەسەی یاری جوانە*
*بەهەشتە.*

میوانان، ئەشرافان و گەورە پیاوانی ((دار ئەل خەلافە)) وێڕای خانمانی خۆیان و چەندێك لە غولامان و کە نیزەکانیان لەپشتیانەوە، هەموان حەوت قەڵەم خۆیان ڕازاندبۆوە و چاویان بەڕێگاوە بوو. جل و بەرگی ڕەنگاو ڕەنگ کە ژنان لەبەریان کردبوو، کۆشکی بە شێوەی دەشت و کێوی بەهاران دەرهێنابوو. پەردەکان دەتکوت نیگارخانەی چینە و بەسەر داوێن و ناوەڕاستی هەر کامیانەوە لەسەرەوە بۆ خوارەوە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە شیعری عاشقانە و بەیتی پەند ئامێز نووسراون.

پەنجەرە گەورەکانی تەلار بەسەر باخی کۆشکدا دەکرانەوە. تەلار هەر وەکو کاکە شان دەچوو. پڕلە ئەستێرە، ئەستێرە باران. مۆم لەناو مۆم دانەکاندا زیاتر جوانیان بلاوەکردەوە تا ڕووناکی. مافووری ڕەنگاو ڕەنگ کە جێ جێ لەنێو تەلاردا ڕاخرابوون، چاوی بنیادەمی دەلاواندەوە.

بەڵام هەموو چاوەکان ڕووەو درەختی زێڕینی تەلار گیرسابوونەوە. درەختێکی سەیرو یەکپارچە لەژێر مەشخەڵی لەرزانەی مۆمەکان لە لقەکانی درەختەکەوە دەکەوتە خوارێ، دەتکوت درەختەکە بلێسە دەگرێ، بلێسەی ئاگری زێڕ، غولامان پەنجەیان لەنێو دەمیاندا مابوون:

- چاو سەرسام دەکا!
- چەند لقی هەیە؟
- یازدە یان دوازدە؟
- دوازدە.

زێڕنگەران و ئاڵتوون چیانی تەورێز بە ڕاسپاردەی هارون دوازدە لقیان لەسەر درەختەکە دانابوو، ئەمە وەك نیشانەی دوازدە ویلایەتی گەورەی قەڵەمڕەوی خەلافەت و هەرکامیان بەگەوهەری تایبەتی، وەك نیشانەی هەمان ویلایەت، لقی زومڕەد نیشانەی تایبەتی ئازەربایەنجان بوو کە بەپێی سەلیقەی زبێدە خاتون ئارایش کرابوو! و بەسەر لقەکانەوە باڵندەگەلێك — ئەویش هەر لە زێڕ- لە حاڵێکدا کە باڵیان کردۆتەوە و ئاواز دەخوێنن، دانراون.

دوو کەنیزەك لە پەنا ئاگردانێك کە پڕ مەشخەڵ و ئاگر بوو عوود و سەندەڵیان دەسووتاند و پێکەوە قسەیان دەکرد:

- لەژیانمدا بۆنی ئاوا دڵپە سندم نەکردووە
- دەڵێی بۆن و بەرامی هەموو گوڵزارەکان بەیەکەوە تێکەڵبوون!
- خواوەند تەمەنی خدری زیندە بەخەلیفەی چاکە کاری ئێمە ببەخشێت. لەبەر خاتری ئازادی ئێمە چ میوانداریيەکی شکۆمەندی بەرپاکردووە!

خوشکێ! تۆ زۆر سادە و خۆش باوەڕی! خەلیفە ئەم میوانداریيەی لەبەر خاتری دڵبەرە جوانەکەی خۆی- قەرەنفل- بەرپاکردووە.

- سەیرکە کۆشکی زێڕین بەڕاستی دەور و دیواری لەزێڕە، ئەوکاتە زبێدە خاتون وای بڵاو کردبۆوە کە بۆ تەواو کردنی سەرچاوەی ئاوی مەکە پولێکی لەخەزێنەدا نەماوە.
- هەموو ئەم کەڵەك سازییە بۆ بەدناوکردنی جەعفەر و کەم کردنەوەی نفوزی ئەوە. دەڵێن وەزیر لە بارەی ئاستی ئەو خەراجەی کە لە خەڵکی ئازەربایەنجانی وەردەگرن ناڕەزایی نواندووە.
- لەسەر خۆ قسە بکە خوشکێ!

ئەمە دەنگی کەنیزەیەکی خوڕەمی بوو کەبە ئاماژەی چاو و برۆ هۆشیاری دایە ئەوان و دووبارە زۆر بەئەسپایی کوتی:

- مەیمون بۆ ئەوەی یەك دانە هەرمێی دەستبکەوێ هەزار تەقڵە لێدەدا یەقین بزانن کە ئەم کارانە، هەموو بۆ بەفەتارەت دانی جەعفەری بەرمەکییە.



پەشۆکاوی بەسەر ڕوخسار و دڵی کەنیزەکانەوە بڵاو ببۆوە.

- ئێستا تێگەیشتم کە بۆچی ئێرانییەکان لەم میوانداریيەدا دیارنین. خەلیفە مەبەستی ئەوەیە((سوورەکان)) لەناوبەرێ.....

میوانەکان بەدەوری درەختی زێڕیندا ئەڵقەیان بەستبوو. هەمووان لەبارەی وییەوە قسەیان دەکرد. درەختی زێرین نەتەنیا میوانانی ناوخۆ، بەڵکو بالۆێزانی بێزانت و هیند و چین و فەرەنسیش واقیان وڕمابوو:

((سەرباری ئەم هەموو زێر و سامانە ئەگەر ساڵێك خەراجەکەی دوابکەوێ، چاوەکانی لە کالانە دەردەچن.))

یەکێکی دیکە کوتی:

- سەرەنجام و ئاکامی هەموو ئەو کۆشکانەی کە ڕەنگ و بریسکەیان لە خوێنی ئینسانەکانە، وێران بوونە پاشایانی ساسانی، ڕۆژگارێك لە مەداین کۆشك گەلی شکۆدارتریان لە کۆشکی زێرین هەبوو. ئێستا کوندەبەبوو لەسەر وێرانەکانی ئەوێ دەخوێنن. ئەو دێوانەی کە دنیایان بنیات ناوە، دەتوانن وێرانیشی بکەن.

نەرمە بایەك لەپەنجەرە کراوەکانەوە بەرەو ژوورەوە خشی، مەشخەڵی مۆمەکانی لەراندەوە و کزی کرد و بۆنی گوڵاوی گوڵ و گیاکانی کە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنا بەبۆنی عوود و سەندەڵ تێکەڵی دەکرد و سەرمەستی بەمیوانەکان دەبەخشی.

لەو دەمەدا کچە ستران بێژێك بەئاوازێکی شادی خۆی پەردەی گوێی میوانەکانی لاواندەوە. دڵخۆشی بکەن، سەرخۆشی باڵندەی دڵ لەبەزمێکی ئاوا دەیەوێ قەفەز بشکێنێ، لەشەقەی باڵ بدات

بەرەو دەشتەکان، بەرەو بێ سنوور!...

کەس لەئامادەبوان تا ئێستا قەرەنفلی نەدی بوو بەلاّم هەمووان تاریف و ستایشی ئەویان بیستبوو. هارون بەدرێژایی ئەم ماوەیە دڵبەرە جوانەکەی تەنانەت لەچاوی مانگیش شاردبۆوە, ئێستا هەمووان لەبارەی ئەو قسەیان دەکرد. بەلاّم ئەم دواکەوتنە بۆ؟

- باشە بۆچی دڵبەرەکەی خەلیفە نایەت؟
- حەتمییەکە روحییەی ئارایشگەر لەڕازاندنەوەی تەواو نەبووە.
- دەڵێن ئاژاوەگێڕێکی خوڕەمییە، دەنگێکی ئەفسوناوی هەیە.

- ئەگەر ئاوا نەبوایە ، خەلیفە لەبەر خاتری ئەو میوانداریيەکی ئاوا شکۆمەندی پێکنەدەهێنا. هەموو کەنیزەکان چاویان بەدەرگای تەلارەوە مۆلەق ببوو.

میوانان نەیاندەتوانی حەسرەت و تامەزرۆیی خۆیان بشارنەوە. هەندێك لە غولامان ئەوەندە بەگەشبینییەوە ستایشی خەلیفەیان دەکرد وەك بڵێی هارون گیانلەبەرێکی قوڕ نییە، بەڵکو فریشتەیەکی ئاسمانە و ئازادیان دەکا، هەر ئەمڕۆ یان ئەمشەو! هەندێکیان بەخەیاڵ لەگەڵ یاری خۆی و لە هەواری خۆیان دیدەنی دەکەن...!

- یەقین کە پێشهاتێکی گرنگ ڕوویداوە ئەگەر نا خەلیفە خاوەنی ئارام گرتن و دان بە خۆداگرتنی ئاوا نییە. ئەو تەنانەت شاعیرانی کەمتەرخەم کە لەگەیشتن بۆ کۆڕی دانیشتن وەدوا دەکەوتن، بەسزا دەگەیاند. نەهاتنی هارون بۆ کۆڕی میوانداری ، کەم کەمە مایەی شڵەژانی ئامادەبووان، بەتایبەتی غولامان و کەنیزان بوو.

..لەناکاو ئاوازی میوزیك کەوتە بەر گوێ.

دەرگاکانی تەلار کرانەوە:

- ئەمیرول موئمنین تەشریف دەهێنێ؟

میوانان وەجۆش و خرۆش هاتن. هەموو چاوەکان ڕوەو دەرگا چەسپ بوون. خەلیفە بە غروورەوە هەنگاوی لە نێو تەلار دەنا. سام و شکۆی هارون هەموانی لەجێگای خۆیان مێخ کوت کردبوو.. تەختی خەلیفە کە بە قوماشێکی مەخمەلینی سوور ڕازابۆوە، لەپێشەوەی تەلار چاوەڕێی خەلیفەی دەکرد....

ئاماژەکانی چاو و ئەبرۆکان هاتنە گۆ:

- کوا وەزیری گەورە؟!

- ناکا وەزیریان گرتبێ.

- بۆ شتی لەم بابەتە شیانی هەیە؟ هەموو پاسەوانانی دەربار ژێر فەرمانی جەعفەرن.

- گومانی تێدا نییە ڕووداوێك ڕوویداوە، قەرەنفڵیش نەهاتووە، ئومێدی ئازادی ، دەبێ لەگەڵ خۆمان ببەینە ناو گۆڕەوە!

خەلیفە لەهەموان شکۆدار تر دەهاتە بەر چاو. عەبایەکی ڕەشی بەسەر شانی دادابوو وگۆچانێکی زێڕینی بەدەستەوە بوو. شریتێکی ڕەشیش بەچوار دەوری عەمامەکەیەوە بوو. مرواری گەورە لەنێوان سەروکلاوێکی ڕازاوە بەلەعل و بە ئەڵماس لەپەنای درەختی زێڕینەوەبوون. خەلیفە نیگایەکی بەرزە فڕانەی بەناو میوانەکاندا گێڕاو دەستی بە



ڕیشەسوورەکەی داهێنا. ماقووڵان و گەورەپیاوان، کەنیزان و ستران بێژان و لیبۆکان هەموان دەست بەسەر سنگ ڕاوەستابوون خەلیفە دەتکوت لەنێو کۆڕدا بەدوای شتێکی ون بوودا دەگەڕاو لەوەی کەنەیدۆزییەوە، نیگەران بوو. ڕەنگی ڕەش داگەڕاوی سەر زامی سەرەوەی برۆکەی، نیشانەی ڕقی پەنگ خواردووی ئەو بوو. ئایا خەلیفە بەهۆی وەزیری گەورەوە تووڕە بوو. هەر بەو پێودانگەش ئایا ترسی ئەوە نەبوو کە تۆوی ئاواتی غولامان و کە نیزان و خواجەکان چەکەرە نەکا؟ ئەو جێگا شادییەی چەند ساتێك پێش، ئێستا پڕ پڕ لە دڕدۆنگی ببوو.

کەس زاتی قسە کردنی نەبوو. خەلیفە هەر بەنەریتی خۆی بەسەر قاچی چەپیدا پاڵی دابۆوە و تەزبیحەکەی لەنێو دەستیدا هەڵدەسووڕاند سیحر بازەکانی هیندی و ئێرانی بەسەر پەنجەی پێیەکانیانەوە بەرزدەبوونەوە، دەیانویست سەرنجی بۆلای هونەرنواندنی خۆیانڕابکێشن. بەڵام بیر و خەیاڵی خەلیفە لەڕق و نیگەرانیدا نقووم بوو. سەماکەرانی عەرەب وەك فرفرۆکە دەسووڕانەوە. یاریزانانی یۆنانی هونەرنماییان دەنواند و ئاگریان لەنێو زاری خۆیانەوە فرێدەدایە دەرەوە. خەلیفە ئەوەندە ناشاد و بێ ئارام بوو دەتکوت هەر لەو ساتە وەختەدا فەرمانی بەقولەڕەشانی فیلەتەن، کەدەست بە شمشێری ڕووتەوە لەپشت سەرییەوە ڕیزیان بەستبوو، داوە تا یەکێك لە ئامادەبووان ئەنجن ئەنجن بکەن! کەس توانای تەماشاکردنی ئەو قولە ڕەشە ترسناکانەی نەبوو. ئاسوودە ترین گیانلەبەری تەلار پشیلە ڕەشی خەلیفە بوو، کەبێ خەبەر لەهەر شتێك لە تەواوی ئەو شتانەی کەبە ناو مێشکی ئامادەبوواندا دەگوزەرا، لەتەنیشت خەلیفە ئەژنۆی دادا بوو و چاوە سەوز و گەورەکانی خۆی بێ ئامانج دەگێڕان. بەڵام ئەویش دەتکوت سارد و سڕی کە بەسەر کۆڕەکەدا فەرمان ڕەوابوو، هەستپێدەکرد. درەختی زێڕین کەبەر لەهاتنی خەلیفە، هەموانی ئەفسونێکیشی خۆی کردبوون، ئێستا فەرامۆش کرابوو. هەموان هەراسان و چاویان لە گرێی ئەبرۆکانی خەلیفە گیر کردبوو. خۆزگە موعجیزەیەك ڕووی دەداو ئەم گرێیە دەکرایەوە!

خەلیفە لە دواکەوتنی قەرەنفڵ نیگەران بوو، ((من بەناهەق قسەکانی زبێدە خاتونم پشت گوێ خست. هەق وابوو زۆر لەوەو پێش ئەو وەزیرە ئەمەگ نەناسە فڕێ دەمە زیندانەوە. ئەگەر دەستی ئەو لەوکارەدا نەبێ، قەرەنفڵ تا ئەو ڕادەیە زات ناکا کە لەهاتن بۆ کۆڕ ئەوەندە خۆی دوابخا.))

گۆرانی بێژان نەیاندەزانی میوزیك لێبدەن و گۆرانی بڵێن یان خامۆش بمێننەوە. بێدەنگییەکی سەنگین و پڕ لە شلەژاوی بەسەر کۆڕدا فەرمانڕەوا بوو. جێگەی حەپەسان بوو کە تەنانەت باڵندەکانی سەر لقەکانیش نەیاندەخوێند.

کارەساتێك دەیویست ڕووبدا ؟! لەناکاو بێدەنگی تێکشکا. تەلار لەرزەیەکی تێکەوت. پەردەی سووری ئاوریشمین لادرا. قەرەنفڵ وەك تاوسێکی نازەنین لە دەروازەی تەلارەوە بەدەرکەوت.

شەپۆڵێك لەشادی و سەرسوڕمان بەسەر ڕوخسارەکاندا پەخشبوون.

- ئەهاها! هیچی لەفریشتە کەمترنییە....

ئاگری ئامادەبوونی قەرەنفڵ شادی و پێکەنینی مەیوی غولامان و کەنیزانی تواندەوە.

- ئەهاها! ئەمە ئاگرە نەك ئادەمیزاد!

هەرکەس لەجێی خۆی دانیشت. قەرەنفڵ لەتەنیشت خەلیفەوە دانیشتبوو. عوود سەری لەناو باوەشی قەرەنفڵ دانا بوو پێنج ئەنگوستی وەکو پێنج لاسکە قامیشی سپی ژێیەکانی دەهێنایە ئاواز و لەراندنەوە. هەر پەنجەلێدانێکی بەسەر ژێیەکاندا لەرزەیەکی دەخستە نێو دڵانەوە.

ئیدی نیگاکان لەسەر عەبای ڕەش و دەرەختی زێرین و پەردەی زێڕدۆز گوازرابوونەوە و لەسەر زوڵفی ڕەش و سینەی وەك بەفر سپی قەرەنفڵ لەنگەریان گرتبوو. گەرچی هەموو ژنێك بەسروشتی خۆی ئیرەیی بە ژنی لەخۆی جوانتر دەبا بەڵام جوانی قەرەنفڵ لەسنووری ئیرەیی تێپەڕاندبوو. ئەو هەر کەسێکی ڕوو بەلەخۆبووران لەبەرامبەر خۆیداو ستایش لە جوانییەکەی وادار دەکرد. روحییە لەنێو جوانی قەرەنفڵدا تواوبۆوە. ((سەیرکە چۆنم ڕازاندۆتەوە!))

لەوانەشە زیاتر لەچاوەکانی قەرەنفڵ، پەنجەکانی بوون کە بینەریان ئەفسوون کێش دەکرد.

روحییە تاوێك بەچاوانی تکا و پاڕانەوە و سەرزەنشت کارانە، دەیویست نیگای خەلیفە بۆ لای خۆی بهێنێ. بەڵام کوا خەلیفە کەچاو لە قەرەنفڵ هەڵبگرێ و بپەرژێتە سەر یەکێکی دیکە؟! ئەو لەخەیاڵی خۆیدا ئەم مراوییە ناسکەی لەناو ئەستێرکی زێڕینی پڕ لە گوڵاوی شیراز داویشت، و ماچی لەلێوەکانی دەگرت.

خەلیفە خۆی و توڕەیی خۆی و جەعفەریشی لەیاد چووبوو. دەستماڵی ڕەش ((ڕوخسەت))ی بەرزکردەوە، بەسەرسەری خۆیدا ڕایوەشاند. ئەمە ئاماژەیەك بوو تا قەرەنفڵ دەست بەگۆرانی کوتن بکا.



نەوای عوود، شەپۆڵ شەپۆڵ بەهەوای تەلاردا پەخش دەبوو. میوانان، گەورە پیاوان، کەنیزان، و غولامان نەدەرفەتی ئەوەیان هەبوو چاویان دابخەن کە لەجوانی بێ بەش بن و نەتوانای گوێ گرتنیان هەبوو کە گۆرانییان گوێ لێ نەبێ.

قەرەنفڵ شەپۆڵی غەم ئاهەنگی خۆی لەگەڵ دەنگی عوود بەیەکەوە تێکەڵ کردبوو:

ئاگرێك وا لەناو دڵم دایە
ئاگر لە گیانان بەردەدەم،
بەهەموو ئاگری ناو گیانم
داخی دەردت دەکرم...

...روحییە پێش هاتن، قەرەنفڵی ڕاسپاردبوو کە تا دەتوانێ دەرد و غەمەکانی بەلاوە بنێ، چونکە ئەگەر خەلیفە هەستپێبکا، بۆ هەردووکیان گران تەواو دەبێ، هەر چەندە دەنگی قەرەنفڵ غەم ئاهەنگ بوو. بەڵام وەك پەردەی ئاوریشم، شەپۆڵی دەداو بەسەر کۆڕدا دەنیشت.

خزمەتکاران مۆمە نیوە سوتاوەکانیان گۆڕی و تەلار هەرچی زۆر تر لەنووردا دەدرەوشایەوە. ئاوازی ئەفسون ئامێزی قەرەنفڵ، خەلیفەی هەوەسبازی بردبووە نێو دنیاکانی خەیاڵەوە. ئەو هەروەکو کورەکەی و جێ نشینی —ئەمین- وا خۆی دۆڕاندبوو کە چەپ و ڕاستی خۆی نەدەناسی.

خەرمانی کەزیەکانی قەرەنفڵ کە تا سەر پوزەکانی دەهات، ئەستێرە باران بوو. روحییە ئەوەندە شارەزایانە دەنکە زێڕی بەسەردا پەخش کردبوو کە شەپۆلی قژی لە هەر لایەکەوە وەك چل چرا دەسووتا.

قەرەنفڵ سەراپای ئاواز و شیعر بوو. نیگای ستایش ئامێزی خەلیفە و چاوانی حەپەساویی لێرژاوی ئامادەبووان، ئەوی بەخرۆش و ئاهەنگ هێنا بوو. قەرەنفڵ ئاوازی دیکەی لە پەردەیەکی مۆسیقایی دیکەدا دەستپێکرد:

رۆژان دڵم لەغەم
- غەمی تەنیایی-
و چاوەکانم
فرمێسك دەبارێنن
شەو،
غەم لەدڵ..،

فرمێسك لەچاو هەڵدەقوڵێ
دڵبەری خۆشەویستم بەرێگاوە هات
لێوەکانی بەپێکەنین،
و چاوەکانی، پڕ لەشەپۆڵی تاسە.

زوبێدە ئەگەر دەیبینی هارون بە چ شێوەیەك بەسەر ئەفسوونی ئەم کەنیزە خوڕەمییە کەوتووە، هۆش لە کەللەیدا نەدەما.

هارون لەگەڵ خۆیدا بیری دەکردەوە ((چ دیارییەك بە قەرەنفلێ ببەخشم)). هیچ شتێکی لە کەمەربەندی بەئەڵماس ڕیزکراو گرانتر و بەرچاوتری نەهاتە بەرچاو کە شایانی ئەم بلبلە فریوئەنگێزەبێ. کەمەربەندی لەکەمەری خۆی کردەوە و لەحاڵێکدا کە تەسلیم بوونی ڕەهای خۆی دەنواند، سەری لەبەردەم کچەکەدا چەماندەوە:

- یەك نیگای فریشتەی جوانی کۆشکی زێڕین، بەنرخی جیهانێکە، ئەم دیاریەمان لێ قبووڵبکە.

کچی هۆشیاری خوڕەمی دەیزانی چۆن لەبەرامبەر ئەم دڵ لەدەس دانەی خەلیفە خۆخوازە ڕەفتار بکا، بەهەردوو دەستی کەمەربەندی وەرگرت و بەحورمەتەوە ماچی کردو بەرەو نێوچاوانی بەرزکردەوە و کوتی:

- یەك زەردەخنەی ڕەزامەندی سەرداری دادپەروەرمان نرخی دوو جیهانە، خۆشی لەبەختەوەری کەنیزەیەك کە ئاوا جێگای بایەخ بێ.

ئاگری ئیرەیی، خەریك بوو پەیکەری روحییەی دەبرژاند بەخۆی کوت:

- ئەم پیاوە تا چ ڕادەیەك زەبوون بووە! سەیرکە چۆن جڵەوی خۆی لەدەستداوە، چۆن پەروانە ئاسا بەدەوری قەرەنفڵدا دەسووڕێتەوە؟!

لەو کاتەدا خەلیفە سوپاسی چاوەکانی خۆی دەکرد کە ئەم هەموو تام و چێژەی پێ دەبەخشێ. پاشان بێ ئەوەی چاوی لەسەریەك دابنێ، پرسی:

- ئایا پەری جوانم ئامادەیە وەڵامی پرسیارێکم بداتەوە؟

قەرەنفلێ عوودی لەسەر سنگی هێنایە خوارەوە و سەری دانەواند:

- ئەوپەڕی شەرەفە، ئەی ئەمیرول موئمنین!

خەلیفە لەکەمال و ئەدەبی قەرەنفڵدا توایەوە، پرسی:



- پەری جوانی من! بڵێ بزانم، چ دەستێکە کە هەورەکانی ئاسمان ئاوا بەڕەنگی جوان دەنوێنێ؟

- ئەمە دەستی خۆرە، قیبلەی عالەم!

- سیفەتی خۆر چییە، دڵبەرەکەم؟

- ڕووناکی پەخشدەکا، گەرمی دەبەخشێ، ژیان دەخولقێنێ...

- ئێمە چۆن دەبینی؟

- هەر ئاوا کەخۆر دەبینم. ئەمیرول موئمنین خۆری سەر زەوییە.

هارون کە لەمەرامی خۆی نزیك ببۆوە درێژەی پێدا:

- پەری ڕووخۆش، ئایا دەکرێ پێ لەسەر خۆر دابنرێ؟ و سزای ئەو کەسەی کە گوناهێکی ئاوا بکا، چییە؟

قەرەنفڵ ژیرانە تێگەیشت کەئاگری بوغز و کینەخواردنەوەی هارون هاتۆتە جۆش و مەرام لەو پرسیارە چییە؟ چونکە ئەویش ڕوداوی سێوەکەی بیستبوو. ئاو لەناو زاریدا وشك بوو، دەتکوت بەچاوی بەستراوەوە هەڵیانداوەتەوە ناو ئاگر. بەم پرسیارە ئازار بەخشە دەبوایە چ وەڵامێك بداتەوە؟...

هارون لەحاڵێکدا کە یاری بەتەزبێحەکەی دەکرد، بەئاوازێکی گاڵتە ئامێزەوە کوتی:

- ئایا پرسیارەکەمان بۆ پەری جوان، ڕوون نییە؟

- ڕوونە.

- کەوابێ وەڵامەکەی؟

قەرەنفڵ خۆی واپیشاندا کە گوایە بۆ وەڵامێکی حساب بۆکراو، پێویستی بەبیرکردنەوە هەیە، و خۆی بەرێکخستنەوەی عوودەکەیەوە خەریککرد.

- وەڵامی ئەم پرسیارە دژوارە؟

- ...

لەناو دڵی قەرەنفڵدا تۆفانێك بەرپا ببوو. ئەو بەدوا وەڵامێکدا دەگەڕا کە درزێك نەخاتە ناو هەڵوێستی جەعفەرەوە.

خەلیفە چاوەکانی خۆی لەسەر ڕوخساری داگیرساوی قەرەنفڵ بڕی بوو. قولە ڕەشەکان شمشێر بەدەست ڕیزیان بەستبوو، بەدوا مەرێکی قوربانییەوە چاویان دەگێڕا.

لەو کاتەدا خواجەی کۆشك، لەحاڵێکدا کە پەیمانەیەکی بەتاڵی بەدەستەوە بوو و هاتە ناو کۆشکەوە و بەنێو میواناندا ڕێگای خۆی کردەوە و خۆی گەیاندە خەلیفە و لەپشتەوەڕا سەری تەعزیمی دانەواند، کوتی:

– ئەمیرول موئمنین لەبەندە ببوورن کە لەم وەختەدا شەرەف مەندبووم. بانووی گەورە لەگەڵ زبێدە خاتون لەگەڵ سەد کەنیزە لەبەرامبەر دەروازەی کۆشك ڕاوەستاون، بەڵام پاسەوانانی وەزیری گەورە بێ مۆڵەتی ئێوە بەربەستی هاتنە ژورەوەی ئەوان بۆ نێو کۆڕ دەکەن. شاژن بەتوندی تورە بووە و ئەم پەیمانەیەی بۆ ئێوە ناردووە.

– هارون دەستی بۆ قەبزەی شمشێرەکەی برد و لەجێی خۆی هەستایە سەرپێ، ((بەهەق ڕاستیان کوتووە: گوێ لەقسەی ژنان بگرن بەڵام بەقسەیان مەکەن.))

پەیمانەکەی کە زبێدە ناردبووی. یەکەمین دیاری هارون بۆ ئەو بوو. زبێدە بەناردنی ئەو پەیمانەیە ویستبووی خەلیفەی هەوەس پەرست سەرکۆنە بکاو ئەو شیعرانەی کەبەدەوری پەیمانەکەوە هەڵکەندرابوو، بەیادی هارونی بێنێتەوە:

ئەی خوای جوانی، ئیرەیی جوانان!
ئەی بەختی پاشایان!
ئەی ئەوەی کەجوان پەرستان لەبەردەمتدا
سوژدە دەبەن!
پێ لەسەر سینەم دابنێ، ئەو پێ پیرۆزانەت
ئیلهام بەخشە نیگات و لێوەکانت کامەرانی
کامەرانییەك لەهەبوونی تۆ باڵاتر نییە
بۆ هەتاهەتایە تۆم خۆش دەوێ، ئیرەیی جوانان

تورەییەکی تێکەڵ بەسووکایەتی کردن یان سەرکۆنەکردن چنگی لەگیانی خەلیفە گیرکردبوو. تاجەکەی لەنێوان دوو دەستی گرتبوو، بیری کردەوە: ((پەنا بەخواوەند! ئەمە چییە زبێدە کردوویەتی؟ بۆچی خۆی گرفتارێکی وەزعێکی ئاوا گاڵتەجاڕی کردووە؟! لە ئیرەییدا خۆی دەکوژێ! بۆچی خۆی ئاوا بچووك دەکاتەوە، بۆچی نازانێ کەهاتنی ئەو بۆ ناو کۆڕی میواندارییەك کە بۆ خاتری قەرەنفلێ بەرپا کراوە، بەرژەوەند نییە؟!



دەتکوت بروسکە لەکۆڕەکەی داوە. کەس لێوی لێك نەدەکردەوە، ((دیسانەوە چ بووە؟! بۆچی خەلیفە یەك تەکان ئاوا پەشۆکا، ئەم پەیمانەیە چی لێ نووسراوە، چ ڕازێکی تێدا حەشار دراوە؟!))

تۆفانێکی غەمناك لەناو گیانی خەلیفەدا هەڵیکردبوو. لەهەمان کاتدا دەنگی چەکە چەکی شمشێرو قەڵغان لەبەر دەرگای کۆشك دەکەوتە بەرگوێ. کۆڕەکە تێك ڕابووبوون.

هارون ((سبحان الله)ی دەکوت، بەسەرسوڕمانەوە بەسەر پاسەوانە تایبەتییەکانیدا نەڕاند:

– گەوجینە! بۆچی ڕاوەستاون، چاوەڕێی چی دەکەن؟! قولەڕەشانی شمشێر بەدەست لەحاڵێکدا کەبەرەو دەروازە غاریاندەدا، یەك دوو نەفەریان بەزەوی دادا، لەکۆشکدا هەنگامەیەك بەرپا بوو، هەر باسی ناکرێ. زۆرێك لەمۆمەکان کوژابوونەوە. لەم شێواوییەدا. نەفەرێك قاپێکی بلوورینی هەڵگرت، بەدرەختی زێڕینی دادا. درەخت لەرزی و دانە مرواریەکان لەلقەکانەوە ڕژانە خوارێ. هارون قەبزەی شمشێرەکەی قایم تر گوشی: ((هەموو ئەم مەسەلانە لەژێر سەری ئەم شەیتانە سوورەدایە. پاسەوانانی ژێر فەرمانی جەعفەر، لەوەختێکی ناوەختدا پەلپیان بەزبێدە خاتون گرتبوو، ئەم ئاژاوەیەیان نایەوە. کارێکی چاکم کرد بێ ئەوەی جەعفەر پێ بزانێ، دەستەی پاسەوانانی تایبەت بەخۆمم پێکهێنا. ئێستا باشە بە جل و بەرگی ئاساییەوە لەناو کۆشك دا کێشك دەگرن. ئەگەر جەعفەر کەڵەکبازە، من بۆ خۆم لەناو فێڵ و کەڵەکبازیدا گەورە بووم. فەرمانما کەشمشێری مەسرور بەو ملە درێژەی ئاشنا ببێ، تێدەگا کامان دووربین ترین)).

دەنگی چەکەچەکی شمشێر و قەلغان لەبەرامبەر دەروازەی کۆشکدا توندتر دەبوو. ناڵەی بریندارێکیان دەگەیشتە ئاسمان. دەنگی فەرمان دەرانەی زبێدە خاتون دەکەوتە بەرگوێ...

روحییە لەژێر درەختی زێڕین خۆی بەقەرەنفلەوە گوشیبوو. ئەو بەئەسپایی دەیکوت:

– ئەی خوای گەورە فریامان بکەوە!.. جەعفەر خۆی دەیزانی چ تەگبیرێکیان بۆ لەکار ناوە، قەرەنفل، منیش هەوڵمدەدا کە هەواڵەکە بەشێوەیەك بەگوێیدا بدەم...

## (١٨)

## فیچقەی خوێن بەسەر کۆلکەوە

*لەجێگایەك کەپیاوانی*
*ئاقلمەندی لێ نەبێ*
*کەسانی بێ ئەقڵ*
*تەراتێن دەکەن.*

خۆر گەیشتبووە ناوەڕاستی ئاسمان کەبانگی نوێژ لەمزگەوتی کازمیە هەستاو بەدوای ئەویشدا لێدانی دەهۆڵەکان لەنێو کۆشکی زێڕیندا دەنگی دایەوە و شەیپورەکان دەنگیان دایەوە. هەموان، تەنانەت خواجەکانی کۆشك دەستیان لەکار کێشایەوە.

مەسروری جەللاد لەجێی خۆی هەستا، بەژنی ڕاستکردەوە. هەناسەیەکی قوولی هەڵکێشاو ئارەق لەنێو چاوانیەوە دەڕژا ((خودایە ئەم کارانە لەدەفتەری کارنامەی مندا مەنووسە و لە کەمتەرخەمییەکانم ببوورە. خۆت دەزانی کەمن فەرمانبەرم و فەرمانبەر مەجبوورە... لەسەر فەرمانی خەلیفە لە بەیانییەوە تائێستا لەملی نەوەد و نۆ کافرم داوە و هێمان سەدو پەنجا نەفەری دیکە ماون کە دەبێ لەملیان بدەم. ئیدی بازوەکانم لەکار وەستاون. هێشتا دەبێ کرم بخەمە سەر تەپڵەسەری پازدە گوناهبارەوە. خوا ئەو کەسە عەفو نەکا کە ئەم سزادانە نەفرەت هێنەی داهێناوە.

لەڕۆژی پێشترەوە یەکێك لەحوکمدراوان —بەدەستی بەستراوەوە- لەسەر سەربڕین خانە کەناڵە و زاری دەکرد، کرمیان خستبووە سەریەوە. مەسرور گەڕایەوە و تەماشایەکی کردو بەخۆی کوت: ((چەند گیان سەختە!))

لەسەر کۆلکەی سەربڕین حەوت خوڕەمی دیکە ناڵە و هاوارێکی جەرگبڕیان دەکرد. سەعاتێك پێشتر جەللاد باشی کرمی خستبووە سەریانەوە و پەڕۆی بەڕوویانەوە بەستبۆوە. مەسرور برۆکانی تێك نابوون، دووبارە لەدڵی خۆیدا کوتی، ((خودایە تۆ خۆت شایەتی کە من لەو کارەدا هیچ



قسورێکم نییە. من فەرمانبەری ئەمیرول موئمنینم... خودایە لەسەر ئەو کارە لێپێچانەوەم لەگەڵ نەکەی و گیرۆدەی ئاگری دۆزەخم نەکەی. خودایە لەگوناهەکانم ببوورە)) و پاشان چەمایەوە، ڕیشی درێژی پیرەمێردێکی گرت، کوتی: ((ها! دەڵێی کرمەکان قانە قدیلکەت دەدەن! چاوت بکەوە بزانم، حاڵت چۆنە؟ مەسرور لەم ڕەفتارەی خۆی بەرامبەر پیرەمێرد هەستی بەپەشیمانی کرد و بەخۆی کوت، ((لەبەر خەلیفە دەپاڕێمەوە تا بەهەر نرخێك بووە خەلیفە من لەو کارە لاببات. بەهەقیقەت منیش جەللادم و کارم لەمل دانە.))

جگە لەقسە پەشیمان ئامێزەکانی مەسرور، لەواقیعدا سزادان بەکرم، کارێکی یەکجار نەفرەت هەستێن بوو. سەرەتا دەبوو سەری گوناهبارکراو لەبن ڕا بتاشن و پاشان دەست و پێی بەزنجیر ببەستنەوە، ئینجا لەسەر کۆلکە پاڵی بخەن و ئەوکاتە وەکو مارگرەکان بکەونە سەر یاری کردن بەکرمەکان. دەبوایە کرمەکان بەوریاییەوە یەکە یەکە لەناو قوتوودا دەربهێنن و بیخەنە سەر سەری لەبن ڕا تاشراوی تاوانبار. هەڵبەت ئەم کارە یەکجار دژوار و نەفرەت هەستێن بوو. سەرەتا زەرووەکان لەسەر سەرە تاشراوەکە ڕانەدەوەستان دەبوایە بەپەڕۆ بیانبەستن. پاش کەمێك کە زەروو بۆنی مێشکی هەڵدەمژی، ئیدی کار تەواو بوو. کەللەسەری کابرای کون دەکرد و دەچووە ناو مێشکییەوە... بەڵام لە مل دان ئەم هەموو ئامادەکارییە دزێوەی نەدەویست، لەیەك چاولێکناندا شمشێر، سەری لەلەشی جیادەکردەوە.

لەم ساتەوەختەدا کارخانەی جەللاد نەفرەت هێن و دڕندە گەرا بوو. لەشە بێ سەرەکان، چاوانی ئەبڵەق ماو، ددانی بەیەکدا گرتوو. مێش و مەگەزی ڕەش و سەوزو بۆنی بۆگەنیوی لاشەکان... هەر چەندە ئەمانە بۆ کابرایەکی جەللاد شتگەلی ئاساین.

مەسرور شمشێری دیمەشقی بەخوێن سووربووی وەك شتێکی ئاسایی لەسەر کۆلکەکە کە خوێن بەسەریدا فیچقەی کردبوو، داناو بێ باکانە نیگایەکی بەنێو کەوڵخانەی ئینسانەکاندا گێڕا. کەللە سەرەکان لەسەر زەوی لێرە و لەوێ بڵاوبووبوون، ((خودایە لەسەر ئەم کارەم ئەشکەنجەم مەدە. هەرچەندە ئەم خوڕەمییانە هیچیان دەرهەقی من خراپەیەکیان نەکردووە، بەڵام من ناچارم و ژێر فەرمانی خەلیفەم، لەهەقیقەتدا من لەئەسیرێکی دەست و پێ بەستراو بەولاوە شتێکی دیکە نیم. کێ پێشبینی ئەوەی دەکرد ڕۆژێك من لەزێدی خۆم دەس بەسەر بکرێم و بمهێنن لێرە لە ((سوق ئەل عەبد)) بەفنحاسی مەلعونم بفرۆشن و ڕۆژێك لەنێو قەسابخانەی بەشەریدا خۆم ببینمەوە. من لە کۆیلە بەولاوە شتێکی دیکەنیم، دەزانم ئەگەر فەرمان جێ بەجێ نەکەم و نەکوژم ئەوا خۆم دەکوژن.))

مەسرور بە پەلە جلی سووری جەلادی لەبەر خۆی دانا. جلێکی تری لەبەر کردو چووە دەرەوە و پاش تاوێك گەڕایەوە. ئەو حاڵەتی دڵ بە بەزەیی، و ئەو ڕوخساری پەشیمانبارییە لێبووردن خوازی یەی بەتەواوی گۆڕابوو. پەڕۆی سووری لەو کەللە گەورە تراشراوەی بەست و جلی سووری لەبەر کرد و شمشێری تیژ کردەوە. ئێستا ئەو سەروبەر بەتەواوی لەدڕندەیەکی خوێن خۆر دەچوو. قۆڵەکانی بۆ سەرەوە بەرز کردەوە و ساز و ئامادە لەتەنیشت کۆلکەی خوێناوییەوە ڕاوەستا. بازوەکانی ئەستور بوون و ماسوولکەکانی ڕوخساری بەشێوەیەکی ناقۆلا دەلەرزین... تاوانبارێکی دیکەیان دەهێنا.

پیاوێکی بالابەرز و دەست لەپشتەوەڕا بەستراو جگە لەشەڕواڵێك زیاتر جلێکی تری لەبەردا نەبوو، بەیاریدەی دوو نەفەر بەرەو ژوورەوە ڕێنوێنی کرا.

مووە ڕاست بۆوەکانی سەر سنگی پانی پیاوەکە ئەگەر سپی نەبوونایە. قەلافەتی ئەستوورو ماسوولکەی ئەو، وەك لاو خۆی دەنواند. بەلام پیاوەکە لەناوەڕاستی تەمەنیدا بوو، لەدەوروبەری پەنجا، یەك دوو ساڵێك کەم یان زیاد بەلام بەهێز و پتەو.

پیاوەکە چاوەکانیشی بەسترابوونەوە، پێیەکی لە کەللەسەرێکی کە لەسەر گۆڕایی ژوورەکە کەوتبوو، هەڵنکوت و پێیەکەی تری لە شلەیەکی لیج و نیوە گەرم، خوێن بوو. گومان نەبوو ئەگەر چاوەکانی کرابانەوە دڵی تێك هەڵدەهات.

دوو باڵباز ئەویان تا ناوەڕاستی ژوورەکە کە سەر بڕین خانەیەکی پان بوو و کۆلکەش لەناوەڕاستی ئەوێ بوو:

- سەلمان بن میکە خەڵکی بیلال ئاباد. زیندانی، لەپشتیوانانی جاویدانی کافر، حوکم دراو بەمەرگ.

سێ پەنجە بەنەرمی کەوتنە سەر شانی حوکمدراو:

- ئەژنۆ دادە!
- ئەژنۆ دادانیان فێر نەکردووم!
- تامردن دوو هەنگاو زیاترت نەماوە.
- زەبوونانن کە لەمەرگ دەترسن، ئەو ڕۆژەی کەخاکی نیشتمانم لەژێر پێی بێگاناندا کوترا، زیللەتم لەپێش چاوی خۆمدا دی. هەمان ئەو ساتەی کە بۆ داتەکاندنی تۆزی زیللەت، بۆ خەبات ڕاپەڕیم، خۆم بەئازاد و سەربەست دیتەوە.

مەسرور لەبەرامبەر کێوی عەزەمەتی پیاوەکەدا، خۆی وەکو چلە پوشێك دیت، و لەگەڵ خۆیدا بیری کردەوە، ((نابێ لەوە زیاتر بواری وەدەرکەوتنی عەزەمەتی ئەو پیاوە بدرێ))

خوێنی توڕەیی هاتە ڕوخسارییەوە، بەرق و کینەوە نەڕاندی:



- نێو چاوانت بەسەر کۆلکەوە دادە؟
- جگە لەخاکی نیشتمان نێو چاوانم بەهیچی ترەوە نەناوە.
- پیاوەکە ئەژنۆی دانەدا، سەری دانەنەواند تێك نەشکا، ملی بەسەر کۆلکەوە نەنا.

ئەگەر مەسرور تەنیا بوایە، لەبەرامبەر ئەم پیاوە دەست و چاو بەستراوەدا دەکەوتە سەر زەوی و پێکانی ماچدەکرد، دەپاڕایەوە تا سووکایەتی روحی خۆی لەنێو ئۆقیانووسی بەرزەفڕی ئەودا بشواتەوە و بەسەر خۆیدا بدا، بەلام دوو پیاو کە ئەم گرکانی عەزەمەتەیان هێنابووە بەردەمی ئەو هێمان لەوێ ڕاوەستابوون. بۆیە نەیدەتوانی لەبەر چاوی کەسانی دیکە خۆی ڕووت بکاتەوە. دەبوایە کەسایەتییەکی درۆزن بکاتە سەرپۆش بۆ هیچ و پووچی و بێ نرخییەکانی خۆی. خوێن لەچاوەکانییەوە زا. ئەو شمشێرەکەی هەڵسوڕاند و بەسەر سەری ئەسیرەکەیدا هێنایە خوارێ.

بەژنی دارژاوی پیاوەکە دوولاهاتەوە و وەك چنارێکی ئەستووری گەورە ڕاقەنا. خوێنی سووری شەرەف لە شاچەڵەمەی پیاوی خوڕەمییەوە فیچقەی کرد.

سەری سەلمانی کوڕی میکەی بیلال ئابادی لەتەنیشت لاشەکەیەوە کەوتبوو.

دوو پیاوەکە دەلەرزین. حاڵیان بەشێوەیەك بوو دەتکوت ڕیخۆڵەکانیان خەریکە لەنێو زاریانەوە دێتە دەرێ. لەسەربڕین خانە وەدەرکەوتن.

مەسرور بەغەزەبەوە لە کەللە سەرەکەی دەڕوانی، ((ئەگەر سەری جاویدان- سەرکردەی کافران- یشم لەسەر ئەم کۆلکەیە دانابا، ئاسوودە دەبووم. ڕەنگ بوو لەو دەمەدا خەلیفە لەڕووی میهرەبانییەوە بێتو ئازادم بکا:

((مەسرور لەتۆ ڕازیم، برۆ، کەس و کارت چاویان لەڕێتە!" ئایا بەڕاست ئەو ڕۆژە دێت؟!))

دەنگی زنجیر ڕایەڵی بیرکردنەوەی مەسروری لێك هەڵبڕی. پێیکانی لەیەك کردەوە لەسەر سەر بڕین گای داناو گوێی هەڵخست: ((دیسان چ کافرێك دەهێنن؟!))

هەشت ئاردالێ نێزە بەدەست، وەزیری گەورە، جەعفەری کوڕی یەحیای بەرمەکییان بەرەو کوشتارگا دەهێنا. یەکێك لە ئاردالان بەگاڵتەوە کوتی:

- ئەوە بۆ جەللاد باشی بۆ پێشوازی میوانی گەورە، وەزیری گەورە ڕاناکا؟!

مەسرور چەند هەنگاوێکی بەرەو ئەوان ناو بەئاوازێکی گاڵتەجارییەوە کوتی:

- هە ە! جەعفەری بەرمەکی، وەزیری گەورە، بەخێرهاتی بە هەق کە پاسەوانانی خۆت لەپیاوانی بەهێز هەڵبژاردبوو. ئەو ڕۆژە سێ سەد کەسم لەوانە مل پەڕاندن، هیچ کامیان نەدەستێکی کردەوە و نەقاچێکی جوولاند. تۆ خۆت چۆنی؟!

ئاردالآن ویستیان سەری جەعفەر بخەنە سەر کۆلکە. ئەو بەهاوارێکی وەها نەڕاندی کە دەتکوت ئێستاش وەزیری گەورەی کۆشکی زێڕینە:

– دەستتان لابەن! بڕۆنە ئەولاوە!

ئاردالآەکان چوونە ئەولا. مەسرور ڕاچەنی. چەندین نیگای لەسەر جەعفەرەوە بۆ سەر ئاردالآن و لەوانیشەوە بۆ سەر جەعفەر هێنا و برد.

یەکێك لە ئاردالآن بێدەنگییەکەی شکاند:

– چەند تاوێك درەنگ یان زوو نرخی نییە، با ئەم شەیتانە سوورە دۆستان و هەوادارانی ببینێ و بیان ناسێتەوە، با تەماشایەکی کوژراوەکان بکا!

جەعفەر بێ ئەوەی خۆی تێکبدا، ئارام ڕاوەستابوو سەیری لاشەکانی دەکرد، هیچی نەدەکوت، بەلآم لەنیگاییدا یەك دنیا سووکایەتی و جنێو پەنگی خواردبۆوە. بەسەر کەللە سەرەکانەوە، مێش و مەگەز و کرم دەخولانەوە... ئاخرییەکەی جەللاد باشی دەسرۆکی سووری لەسەر کۆلکە هەلگرت، زەردەخەنەیەکی شەیتانانەی بۆ کرد و لە جەعفەر نزیککەوتەوە:

– ئەو ملە درێژەت خوار بکەوە! دەمێکە بەحەسرەتی ڕۆژێکی ئاواوە بووم!

ویستی بەدەسرۆك چاوەکانی وەزیر ببەستێتەوە!

– بڕۆ ئەو لاوە!

هەردوو دەستی کە لەناو کەلەپچەدا ببوونە یەك، بەسەر سنگی مەسروردا کوتاو بەدڵنیاییەوە هەڕەشەی کرد:

– گەوجە! تۆ سزای ئەو جەسارەتەت دەبینی! فەرمان دەدەم میل بەچاوەکانتدا بێنن. فەرماندەدەم وەکو گا بە بەرداشەوە بتبەستنەوە. ((ئامان نامە))ی تا ئاخیری عومرم بەمۆری ئەمیرول موئمنین هەیە. من ببە حزووری خەلیفە!

مەسرور بەحالێکەوە کە ڕەنگی لەبەردا نەمابوو، کوتی:

– ئەستەغفیروڵڵا!

جەللاد باشی و ئاردالآن کەوتنە بیرکردنەوە و بەنیگای پرسێنانەوە لەیەکتریان دەڕوانی:

– مانای وایە دەکرێ غەلەتێك ڕوویدابێ؟

– دوور نییە...

مەسرور شمشێرەکەی خستە لاوە:

– ئەگەر وابێ دەبێ وەزیری گەورە ببەنە خزمەت ئەمیرول موئمنین!



...هارون شمشێر بەلاقەدەوە، بەمەزنفرۆشییەوە لەسەر تەختی زێڕین دانیشتبوو، توڕەو برۆکانی وێکهاتبوونەوە. پیاوانی ((زێڕ)) و ((زیو)) لە چەپ و ڕاستی خەلیفە دەست لەسەر سنگ ڕاوەستابوون. پیاوێك نامەی عەبدوڵلای سەرداری دەخوێندەوە. عەبدوڵلا بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونەکانی خوڕەمییان داوای کۆمەگی زیاتری لە بەغداد کردبوو.

لەڕاوێژکاران کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد خەلیفە لە کوشت و کوشتار بگێڕێتەوە. هەمووان زمان لوسییان دەکرد. لەبارەی سوپای جەهانگیر و لەشکریانی شێرشکێنەوە قسەیان دەکرد.

یەکێك دەیکوت:

– بۆ کوژاندنەوەی ئاگری ڕاپەڕین بەرژەوەندی لەوەدایە هێزی کۆمەگ بۆ عەبدوڵلا ڕەوانە بکرێ.

ئەوی دیکە دەیکوت:

– مادام جاویدانی کوڕی شەهرەك نەکوژراوە، دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی خوڕەمییان لەتوانادا نییە.

یەکێکی تر کوتی:

– بەم لاوە تازەیە دەڵێن چی؟! ناوی بابەك کوڕی عەبدوڵلای ڕۆن فرۆشە. دەڵێن پارچە ئاگرێکە. نێو چاوانی ئەبو عومرانی بریندار کردووە.

هەواڵی برینداربوونی ئەبوعومران کە ئەم هەموو ئومێدەی پێ بەسترابوو- هارونی بەسەختی توڕە کردبوو.

لەو تەلارەدا کە هارون لێی دانیشتبوو، شێرێکی ترسناك و پڕ لەسام خزمەت دەکرا. شێری پەروەردەکراو جێگایەکی تایبەت بەخۆی هەبوو. خەلیفە بەتوندی نەڕاندی:

– دەبێ ئەو تولە خوڕەمییە بخەمە بەردەمی ئەم شێرە!

شێر زنجیری زێڕینی ڕاوەشاند و نەڕاندی.

لەو دەمەدا سەرۆکی ئاردالآن بە پەشۆکاوییەوە هاتە ژوورەوە و دەستی لەسەر سنگی داناو چەمایەوە:

– هیوادارم قیبلەی عالەم لێم ببوورێ. بۆ دڵنیابوون لەشتێك کە باش حالی نەبووین، شەرەفمەند بووم. وەزیری گەورە عەرزتان دەکا کە ئەمیرول موئمنین ئەمان نامەی بەخەتی خۆی بەوی داوە...

هارون کە لەمەسەلەکە ئاگادار بوو، لەجێگای خۆی دەرپەڕی:

- ئێستا ئەو سەگە خائینە لەکوێیە؟ من چاوەڕێی سەری بڕاوی ئەو ئاگر پەرستە ناپاکە دەکەم و ئێوەش وەك مەڕێکی قوربانی پیشانیدەدەن! ئەو بێ ناموسە بێنن بۆ لام!

سەرۆك ئاردالّ تەعزیمی کرد، چووە دەرێ و ساتێك دواتر جەعفەریان بەدەست بەستراوی هێنا. هەر ئەوەندە هارون چاوی بە جەعفەر کەوت، بەتووڕەییەوە هاواری کرد:

- ئەی شەیتانی سوور! من وام خەیالّ دەکرد کە هەر ئێستا ((مۆر)) تۆی لە ((تونی بابا))ش تێپەڕاندووە و بۆ ((بەهەشتی)) بردووی، لەوێ لەگەلّ موپەدانـدا سەرگەرمی نۆشینی ((هومی پیرۆز))ی!!

ئەشرافان و گەورە پیاوان لەژێر ماتی و ترسدا وشك بووبوون! هارون سەری ڕاست ڕاگرتبوو. دەست لەسەر قەبزەی شمشێر، لەبەرامبەر جەعفەر پیاسەی دەکرد. جەعفەریش مەغرورانە ڕاوەستابوو. بەژنی ڕێك و ڕاستی جەعفەر وەکو نێزەیەك بەناو چاوی خەلیفەدا کەخوی پێوە گرتبوو هەمیشە و هەموو کەس لەبەردەمی ئەودا دەست بەسنگ و لەحالّی تەعزیم و کڕنۆش ڕابوەستن، ڕۆدەچوو. جەعفەر بە ئاوازێکی بێ لالآنەوە و بێ پاڕانەوە کوتی:

- من لە سەرتاسەری ژیانی خۆمدا، لە میهرەبانی و خۆشەویستی و دلآوایی ئەمیرول موئمنین، زیاتر لەتووڕەییان خۆم دەپاراست. لەبیرتانە لەناو باغی کۆشك، کاتێك کە پێم لەسەر شانی ئێوە داناو سێوەکەم لێکردەوە، چ بەلّێنێکت بەمن دا؟! ئەو نامە ((مۆرکراوە)) ئێستاکە لەگیرفانی من دایە، لەناو پێلآوەکانم دامناوە دەتوانی فەرمان بکەی تاکو سەرۆك ئاردالّ بیهێنێ.

هاورن هاواری کرد:

- ڕێوی فێلّباز! لەبیرت بێ، ئەو کەسەی کە ئامان نامەیەکی ئاوای داوەتە تۆ، دەسەلآتی ئەوەشی هەیە قەلّەمێکی ڕاست و چەوتی بەسەردا بهێنێ. تۆ دەتەوێ گیانی چەپەلّت بەیەك پارچە کاغەز لەچنگی من دەرباز بکەی؟! لەبیرتە هەمان ڕۆژ بەمنت کوت ((خەلیفە خۆری سەر زەوییەو هەر کەسێك لەسەر ڕووی خۆرەوە بکەوێتە سەر زەوی هیچ کەسێك ناتوانێ ڕزگاری بکا!))

جەعفەر دیسانەوە خۆی لە پەل و پۆ نەخست و هەروا بەخوێن ساردییەوە درێژەی بەقسەکانی دا:

- من دەزانم کە چاوەڕێ کردنی ژیریی لەسەرێکی ڕقداگرتوو بێ ئەقلّییە. حەکیمان دەلّێن: ((تووڕەیی شێتایەتییەکی کاتییە. شووشە تاقیکردنەوە لەسەر بەردی ڕەق کارێکی خۆڕاییە)).

هارون زەردەخەنەیەکی تالّی کرد و نووکی شمشێرەکەی بەڕیشی جەعفەر داهێنا:



- ئێستا تۆ لەعارەبێکی وشتر مردوو خراپتر گیرت خواردوە و من پێویستیم بە بیرو بەرژەوەند ڕوانینی خاینێکی وەك تۆ نییە. بەوەفاترین خێرخوازی من هەمان ئەم شمشێرە دیمەشقییەیە! تێدەگەی دەلّێم چی؟!

نیگاکانی جەعفەر و هارون تێکئالآن. ئەمیان پڕاو پڕ لە تۆلّە. ئەویان پڕاوپڕ لە نەفرەت.

جەعفەر سەری ڕاوەشاند و کوتی:

- بەخشندەیتان لە دیدارتان بەزیاد بێ! ئێوە سوورن لەسەر ئەوە کەمن بکوژن. بەلآم یەقینت بێ ڕوح و باوەڕی من ناکوژرێ و گومانت نەبێ کە سزای ئەم هەموو کوشتارە وەردەگرییەوە. لەبیرت نەچێ کە ئازەربایجان سەری بەرزکردۆتەوە گوێ بگرە! ئایا دەنگی چەکە چەکی شمشێری مێرخاسانی ئازەری نابیستی؟! ئایا هەست بە لەرزینی کۆشکی زێڕین ناکەی؟! دەبینم سەری خوێناوی ئەمین بەدیاری بۆ زبێدە دەنێرن!

هارون هەرگیز خۆی ئاوا سووك و ڕیسوا نەدی بوو لەناکاو هاتەوە سەر خۆی و نەڕاندی:

- بێدەنگ بە کافر!

شێر دوا بەدوای خەلیفە نەڕاندی.

جەعفەر بێ ئەوەی هەست بە گۆڕانێك لەڕەفتاریدا بکرێ بەئاوازێکی درکە ئامێزەوە خوێندییەوە:

دان پێدانانی پاشان
هەرگیز قبوولّناکەن
هەرچی دەتەوێ ئەوەبە
لەتۆ خۆش نابن

خەلیفە ئاماژەیەکی دا تا پیاو ماقوولآن و ئەشرافان خەلیفە و جەعفەر بەتەنیا جێ بێلّن. ئامادەبووان، تەلاریان بەجێ هێشت. پاسەوانانی تایبەتی و ئاردالآن لەدەرەوەی دەرگا گوێ بە فەرمان ڕاوەستان.

خەلیفە و جەعفەر مانەوە. خەلیفە لە بیرانەوە چوو بوو تێکەلّەیەك لە تووڕەیی و سووکایەتی لەسەرو ڕیشیەوە دەڕژا. جەعفەر غرووری خۆی پاراستبوو، بەلآم دەست شۆردن لەگیان و بەناهەق ملدانە ژێر شمشێری جەللاد ئاسان نییە. هەستیکرد کە دلّی خەلیفە نەرمبووە، بەئاوازێکی گونجاو و کەمێك پاڕانەوە کوتی:

- ئەی خەلیفەی گەورە! من لە مەرگ ناترسم هەموو بوونەوەرێکی زیندوو ڕۆژێك دنیای فانی بەجێ دەهێلّێ. لە مردن ڕاکردن دەرەتانی بۆ نییە. بەلآم لەم ساتە دژوارەدا من وا هەستدەکەم

هۆكاری ئەسڵیی توڕەیی ئەمیرول موئمنین لەمن، بەهۆی مەسەلەی عەباسەوەیە. بەتۆیان كوتووە كە من لەگەڵ عەباسەدا هاوسەریم بەستووە، خەبەریان پێداوی كە من لە عەباسە دوو كوڕم هەیە... هەمووو ئەمانە ڕاستن، بەڵام بەڕاستی هاوسەرێتی من لەگەڵ عەباسە خوشكی ئەمیرول موئمنین بەپێی ئاینی ئیسلام و شەرعی پێغەمبەر نەبوو؟ لەبەر خاتری ئەوەی كە من شەرعیەتدانی خەلافەت بۆ ئێوە و بەهێز كردنی پێگەكانی حكومەتی ئێوە كردوومە، ئەگەر ئیرادەی ئێوە لەسەر ئەوە بڕاوەتەوە كە من بكوژن، كارێكتان بەژن و دوو منداڵەكەمدا نەبێ...

خەلیفە نەڕاندی:

– ئەی خاینی شیر چەپەڵ، تۆ شەرەفی بنەماڵەی منت لەكەدار كرد. من بەمەرجێك عەباسەم لەتۆ مارە كردبوو كە تۆ لەگەڵیدا هاوسەرێتی نەگری. ئەم هەمووو خیانەتە لەولا، تەواوی كێشمە كێشمەكانی دەرباری من بە هاندانی تۆ و لەژێر سێبەری تۆدا بووە... بەڵام لەبابەت عەباسە و منداڵەكانت خەیاڵت ئاسوودەبێ. فەرمانی ئەو خوشكە بەدكردارەم و دوو منداڵەكەتم دەركردووە. پەیامم بۆ مەكە ناردوە عەباسە لەناو هەمان سندوقی جلەكانی تۆ بنێن و هەر بەو سندووقەوە بینێژن. با لەنێوان جلەكانی تۆو لەناو باوەشی تۆدا ئەو بێ شەرمە بمرێ. فەرمانیشم داوە ئەو دوو حەرامزادەیەش سەر ببڕن و سەرەكانیان بنێرن بۆ ئێرە...

جەعفەر سەری لە گێژەوە چوو. كۆشك بە دەوری سەریدا سووڕا، تاوێك چاوەكانی داخستن ((ئەگەر خەلیفە ڕاست بكا ئیدی ژیان چ مانایەكی بۆ من هەیە؟!)) هەمووو نەفرەت و كینەی خۆی لەیەك قسەدا بەسەر سەری هاروندا هەڵڕشت:

– بێ شەرەفی ناپیاو!

خۆزگە خەلیفە دەمرد. لەتوڕەییدا شێت بوو نەڕاندی:

– وەرن! ئەم خائینە ببەن. بیبەنە بەردەمی مەسرور، فەرمان هەر ئاوایە!

ئاردالاّن جەعفەریان برد. خەلیفە لەدواوەڕا سەیری دەكرد. ئاخۆ قەدی چەماوەتەوە یان نا؟ بەژنی جەعفەر ڕاست و هەنگاوەكانی دامەزراو.

مەسرور شمشێر بەدەست، بەدەوری كۆلكەدا پیاسەی دەكرد،((خودایە، ئەگەر غەلەتێك ڕووی دابێ،جەعفەر چم لێدەكا؟! نا ئەوە دەرەتانی نییە و ئەگەر نا فەرمانی كوشتنی عەباسەو دوو منداڵ چ مانایەكی هەیە؟

لەو دەمەدا سەرۆك ئاردالّ بە جنێودان و سووكایەتی كردنەوە، جەعفەری بەچاوی بەستراوەوە لە ژووری سەر بڕین خانەو لە پەنا كۆلكە بەرەلا كرد.



خوێن بەری چاوانی مەسروری گرتبوو. بۆ ئەوەی زیاتر ئازاری جەعفەر بدا. بەچاوانی لە كالانە دەرپەڕیوەوە كوتی:

– گەوجە دەستی ئێمەت گرتبوو؟ ئامان نامەكەت چی لێهات؟ حەتمەن لەسەر گۆزەت داناوە تا ئاوەكەی بنۆشی! ناتەوێ هیچ بڵێی؟.

كاتێك جەللاد بەرقەوە ملە درێژەكەی جەعفەری بۆ سەر كۆلكە ڕاكێشا، گرێی ئەو دەسرۆكەی بە چاوانیەوە بەستبوو، كرایەوە. ناڵەی جەرگ بری جەعفەر لەنێو كوشتارگادا دەنگیدایەوە. سەری خوێناوی عەباسە لەپەنا كولكە كەوتبوو. كەزییە ڕەشەكانی بەسەر كۆلكەدا پەرت و بلاّو بووبوون و لەپەنا دیواریش سەری دوو كوڕە نازدارەكەی خۆی دی. سەری حەسەن و حوسێنی لەخوێندا شەلاّل!

جەعفەر دانیشتە سەر ئەژنۆ، دانیشت، دانیشت، شكایەوە!

– هەیهات!... من بەختەوەریم لەناو كۆشكاندا نەدی!

ئاردالاّن بەیاریدەی سەرۆك جەللاد جەعفەریان بەسەر پێیانەوە ڕاستكردەوە و چاوەكانی ئەویان بە دەسرۆكی سوور بەستەوە و ملیان بەسەر كۆلكەدا چەماندەوە:

مەسرور شمشێری بەرزكردەوە دڕندانە نەڕاندی:

– ئاخرین قسەی خۆت بڵێ!

– كەی لە خوێن تێر دەخۆی؟

– خوێنی خوڕەمیان دەبێ بڕژێ، هەرچەندە تۆ خوڕەمی نی!

– ئەمڕۆ چەند خوڕەمیت كوشتووە؟

– حەفتاو حەوت!

– ئێستا دەبێتە حەفتاو هەشت!

دەمی مەسرور لە حەپەساویدا بەش مابۆوە: تۆش هەوبووی؟

– ئەگەر هەویش نەبوو بم، ئێستا هەوم! بەڵام چاوەڕێ بە كەوەك سەگ دەتكوژن.

سەر سوڕمانی جەلاد تێكەڵ بە ڕق و غەزەب بوو. شمشێر بەرزبۆوە و بەرقەوە هاتە خوارێ.

دەنگێكی نەفرەت هەستێن بە هەوادا خولی خوارد...

## (١٩)

## مردن لەباوەشی دڵبەردا

بەمردنی غەمناکی جەعفەری کوڕی یەحیای بەرمەکی، نائارامی و بێ سەرو بەری پایەکانی خەلافەتی وێك هێنابوونەوە. لەهەل و مەرجێکی ئاوا قەیراناویدا، بەڕێوەبردنی قەڵەمڕەوێکی ئاوا بەر فراوان کارێکی ئاسان نەبوو. بارودۆخی گرژ و ئاڵۆزی ویلایەتەکانی باکور زیاتر تێك شڵەژابوو.

ڕووبارەکانی((کر))،((ئاراس)) و.... کەفیان دەکرد و خوڕەیان دەهات و دانیشتوانی لێوارەکانی ئەوێ بەجۆش و خرۆش هاتبوون. جاویدان، خوڕەمیانی لەدەوروپشتی خۆی کۆکردبۆوە و ئەوان لەهەر جێ بۆیان هەڵبکەوتایە، ڕێگایان بە عەبدوڵڵای سەرداری خەلیفە دەگرت. چەتەکانی ئەبو عومرانیش لە ترسی گیانی خۆیان وەك ئاژەڵی هارو شێت بوو، دەگەیشتنە هەر جێیەك خوێنیان دەڕشت و ئاگریان تێ بەر دەدا. گوندەکانی دەوروبەری بز، زۆرترین ئامانجی تۆڵەستێنانەی ئەم دڕندانە بوون. ئێستا لە ڕووبەڕووبوونەوەکاندا، حسابی مان و نەمان کەوتبووە نێوانەوە، یان دەبوایە بکوژن یا بکوژرێن! لە پێکدادانی قەڵغان و شمشێر، لە هاشەی تیران حیلەی ئەسپان و نەعرەتەی سواران باڵندەکانیش ئارام و ئۆقرەیان نەمابوو. هارون وردە وردە نفوزی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی قەڵەمڕەوی خۆیدا لەدەستدەدا. لە مزگەوتەکانی وڵاتانی عەرەبیدا، زیاتر لەهارون، وتار بەناوی ئەمین دەخوێندرایەوە و لە خوراسان نەناوی هارون لە ئارادابوو نە ئەمین. وتار بە ناوی مەئمون، کوڕی مەراجل خاتونی ئێرانییەوە دەخوێندرایەوە پاشاگەردانی و بێ ئارامی بەغداد، مامەڵەچیانی یەهودی و مەسیحی و تورکی نیگەران کردبوو. کەم کەمە ئەم سامان پەرستە ئاسایش خوازانە، بەرژەوەندی خۆیان لە بەجێ هێشتنی بەغدادا دەبینی. تەنانەت فنحاسیش کەوتە سەر بیری هەڵاتن لەبەغداو ((سوق ئەل عەبد)) لەسەر لێواری داخستن بوو.



ململانێیەکی درێژ لە نێوان کاربەدەستانی نهێنی خەلیفە و پاسەوانانی وەفاداری جەعفەر درێژەی هەبوو. ئارام کردنەوەی ئەو شیعانەی کە لەگەڕەکی کوخدا دەژیان کارێکی دژوار دەهاتە بەر چاو. هەندێك لە ماقووڵان و گەورەپیاوان کە رووخانی عەباسیان بەنێزیك دەدی. بەگیان و دڵ هاوکاری کاربەدەستانی هارونیان دەکرد. فارسەکانی نیشتەجێی بەغدا- پاش چارەنووسی شوومی جەعفەری کوڕی یەحیا و بنەماڵەی بەرمەکی و تووڕەکردنی پشتیوانەکانی ئەوان، تاکە ساتێك چەکیان لەخۆیان دوور نەدەخستەوە. ناکۆکییەکان ئەوەندە تین و تاویان ستاندبوو کە ترسی دابەشبوون و نابووت بوونی ئیمپراتۆری عەباسی لێنیشتبوو. ئەمەویانی سەرکوت کراویش جارێکی دیکە سەریان بەرزکردبۆوە.... ئیدی شمشێری مەسرور چ کارە نەبوو. زۆرێك لە شاعیران و دانایانیش، بۆ ئەوەی لەو کێشمە کێشمانە تەریك بمێننەوە، نەخۆشیان کردبووە بیانوو، خانەنشین ببوون. هەر چەشنە تەگبیرکارییەك بۆ چاکسازی هەل و مەرجەکە بێ کاریگەر خۆی دەنواند. ئەو ئێرانییانەی لەناو دەزگادا دەستێك و نفوزێکیان هەبوو.، پەرەیان بەم پاشا گەردانییە دەدا. کۆتەڵی بەناوبانگی سوار، نێزەی خۆی بەرەو کۆشکی زێرین ڕاگرتبوو. ئەمەش بەو مانایە بوو کە کەمین گای دوژمنانی خەلیفە ئەو جێگایەیە. زۆران کەس دەیان کوت کەسێك بەزەیی بەخوشك و دوو منداڵەکەی نەیەتەوە، چاوەڕێی چی لێ دەکرێ؟ هەقیقەتیش هەر ئاوابوو. هارون بە واقیع هار بووبوو. بەزەیی نەبەدوژمن دەهاتەوە نە بەدۆست. نزیکترین کەسانی هارون ئەوانیش خۆیان لە غەزەبی هارون لە ئاماندا نەدەدی: ((مەگەر نیرۆن ئیمپراتۆری ڕۆم شمشێری لەڕووی دایکی خۆی هەڵنەکێشا ؟!)) زبێدە خاتونیش هەرکات ئیرادەی لەسەر بووایە دەیتوانی فیتنەیەك بەر پا بکاو ئەو خۆشکەری ئاگر غەزەبی فیتنە و ئەو گڕکانە مەرگ هێنەبوو. بەیەك قسە کۆشکی زێڕین- ئەو چیمەن زاری زولالی خۆشەویستی و ئاسایش ئێستا بۆ زەلکاوێکی بۆگەن بوو گۆرابوو.

نەهەر تەنیا باری روحی خەلیفە قەیراناوی بوو، بەڵکو بەدەنیشی نەخۆش و دەردەداربوو. جوبرائیلی حەکیم چوونە ژوورەوەی بۆ شەوگەی خەلیفە تەنانەت لەکەسە نزیکەکانیشی قەدەغە کردبوو.

زبێدە دەیزانی کە جوبرائیل ئەگەر لەترسی گیانی خۆشی بووە لە بارەی چارەسەرکردنی هارون هەرچی لەدەستی بێ درێغی ناکا، بەڵام وێرای ئەوەش بەپارێزەوە ئەوی لەژێر چاودێریدا دانابوو. ئەو دەرمانانەی کە دەدرانە خەلیفە سەرەتا بە پزیشکانی نەناسیاری پیشاندەدا.

خواردەمەنییەکانیشی لەژێر چاودێریدا دانابوو. سەرۆك چێشت لێنەران دەبوایە ئەو خواردنەی کە بۆ خەلیفە ئامادەکراوە خۆی لەپێشدا بیخواردبایە.

لەناو کۆشکدا هیچ کەسێك هەستی بەئاسایش نەدەکرد. هەر کەسە بۆ ساتەوەختی تەنگانە برێك ژەهری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو, پاش ئەو میوانداریییە ناتەواوە، زۆرێك لەبەندەکان ئومێدی ئازاد بوونی خۆیان لەدەست دابوو. ئایا خەلیفە ئەگەر لەو نەخۆشییە ڕزگاری ببوایە- هەروەك دەنگۆ بلاۆبوو هەزار بەندەی ئازاد دەکرد؟

ئەستێرە ناسانیش لە ((بەیت ئەل حیکمە)) ئارام و قەراریان نەبوو. ئەوان بەپێداگریی گەورە بانووی کۆشك، سەری کتێبیان دەکردەوە، ڕملیان فڕێ دەداو ((نامەی پاشایان)) یان دەخوێندەوە.

ئەستێرە ناسان بە ڕاستگۆیانە دوعایان دەکرد و لەترسی گیانیان چاویان لە ئەستێرانەوەبڕی بوو، بەلاّم هەر جار نائومێدتر دەبوون، هەواڵ و سۆراخێك لە ئەستێرەی بەختەوەری دیار نەبوو! ئەی ئەستێرەی بەختی هارون لەکوێ بوو؟ کەچی ئەستێرەی مەریخ دیاربوو، مەریخ بەڕەنگی سوور، مەریخ کە سیمای مەرگ و خوێن ڕێژی بوو، ئەستێرە ناسانی دەتاساندو جوبرائیل لە ئەستێرەناسان هەراسان تر دەبوو. خەلیفە پێش ئەوەی حالّی ئاوا ترسناك ببێ، فەرمانی دابوو کە ئەگەر پزیشك نەیتوانی چارەسەرم بکا، هەر کە دواین هەناسەم هاتە دەر، زنجیری لەمل بکەن و دەسبەجێ بینێرنە خزمەت مەسرور!

جوبرائیل تەواو گیری خواردبوو، پێشینەی دۆستایەتی ئەو لەگەڵ جەعفەر ببووە مایەی بەدگومانی و ئەوی گیرۆدەی دژوارییەکی ترسناك کردبوو.

هەناسە هەڵکێشان لە ژوری خەوتنگەی خەلیفە بە هۆی بۆنی دەرمانی جۆربەجۆرەوە دژوار بوو. بەلاّم ئەم هەموو دەرمانە، دادێکی نەداو حالّی نەخۆش ڕۆژ بەرۆژ خراپتر دەبوو. لەم دواییانەدا زمانیش لەگۆ کەوت و کەوتە حالّەتی لەسەر خۆ نەمان و لەهۆش خۆ چوونەوە.

سەرۆك پزیشك ئەوەندەی چاو بە کتێبی پزیشکیدا گێڕابوو کە هیچی نەما بوو کوێرایی دابێ. کاتێك سوودی بێزانتی دەخوێندەوە و ساتێك ڤیداکانی هیند و سەعاتێکی تر نامەی پاشایان. بەلاّم لە هیچ کامیان سوودێکی وەگیرنەدەکەوت نە دەرمانی تاڵ و سازگار ، و نەئەستێرە نۆرینەکان و ڕمل لێدانەکانی گەردون ناسان و ئەستێرە ناسان بەهانای ئەو هاتن. جوبرائیل جاروبار لەگەڵ خویدا بیری دەکردەوە: ((چۆنە بەنهێنی جنۆکە گرانی ئاگر پەرستان بێنمە سەر جێگای نەخۆش، ڕەنگە روحی پیس ئازاری بدەن. لەوانەشە روحی عەباسە بێ کە



ئەو هەمووە ئەو ناڕەحەت دەکا. لەوانەیە ئەوانە بتوانن بەدەفی زەنگوڵەداری خۆیان روحەکان دەربکەن و نەخۆشەکە چاك بێتەوە. ((بەلاّم ئەم خەیاڵە کارێکی کردەنی نەبوو. مەگەر قازی ئەبو یوسف، ڕێگەی دەدا جادووگەرانی مەجووس بێنە ناو((دار ئەل خەلافە))وە؟! ئەگەر ئەو ئەم کارەی بکردایە وە کەسێك بەمەسەلەکەی زانیبایە، حەکیم لەبەردەستی دینداران ڕزگاری نەدەبوو.

جوبرائیل هەموو ئانێك ملی خۆی لەبن شمشێری مەسروردا هەستپێدەکرد. ترس و پەشۆکاوی رۆژگار ئەویان ڕەش و ڕوخساری چرچ و لۆچ بوو. بەزەحمەت ئەو دەیتوانی بەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ. ژیانی وی لەگرەوی ژیانی خەلیفەدا کەوتبوو، بەلاّم ئەم هەموو داو دەرمانە کاریان نەدەکرد. لەیەك رێ زیاتر نەمابۆوە. ((خەلیفە بەشێوازی فیساگۆرس چارەسەر دەکەم. باقازیانی بەغدا تەپڵی ڕیسوایی من بکەن بەگۆرانی. ئەگەر وێردەکان و نامەی پاشایان کارێکی لەدەس هاتبا ئەستێرەناسانی ئێرانی، دەوڵەتی ساسانیان لە پەلاماردانەکانی عەرەبەکان رزگار دەکرد. سبەینێ خۆر دەچتە ناو کەلووی بەرخەوە. لەو رۆژەدا سروشتی مردوو گیانی وەبەردادێ. قەرەنفلّ دەتوانێ بەدەنگی گیان بەخشی خۆی، بەجوانی بێ هاوتای خۆی و بەئاوازی ئەفسوونکێشی خۆی، موجیزە دروستبکا. تەنیا ئەوە کە دەتوانێ زمانی خەلیفە بکاتەوە و چاوەکانی بێدار بکاتەوە. ژیانی من و خەلیفە بەدەستی ئەوە!))

پاش نوێژی نیوەرۆ، حەکیم لەبیرانەوە چووبوو دانیشتبووکە قەرەنفلّ بەسەردا هاتە ژوورەوە. پیرەمێرد ئەوەندە خۆی لەنێو داوو دەرماندا وەردا بوو کە هەموو بەدەنی بۆنی دەرمانی لێدەهات. ئێستا قەرەنفلّ تەڕو پاراوی گولاّنی هەبوو و بۆنی نێرگزی تازەپشکوتووی دەدا، قەرەنفل پەی بەشێواوی حەکیم بردبوو...

جوبرائیل برۆماش و برنجییەکانی جولاّند، کوتی:

- ها، کچم! دنیا پڕە لە هۆکاری شیفابەخش تەنیا ئەوەندە پێویستە کە بزانی چۆن و لەکوێ کەڵکیان لێوەردەگیرێ. دەرمان لەناو دەستی پزیشکدا ژیانە و لەناو دەستی نەزانیشدا مەرگە. هەر دەردە دەرمانێکی هەیە. ئەم قسەیە هی من نییە قسەی ((سوشروتا))ی حەکیمی هیندە.

ئێرانیانیش باوەڕیان وایە کە ئەهریمەن نۆهەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆ نەخۆشی بۆ مرۆڤ هێناوەتە ئارا و ئاهورامەزداش هەزار گیای شیفا بەخشی خولّقاندووە. کچەکەم زەمانێك دێ کەمرۆڤ دەرمانی هەموو نەخۆشییەکان دەدۆزێتەوە بەلاّم حەکیمان کوتوویانە کە یەکێك

لەدەرمانە بایەخدارەکان ئاوازی خۆش و ڕوخساری جوانە. ئێستا هەموو ئومێدی من بەتۆ بەستراوە.

قەرەنفلٚ دەیزانی ئەگەر پێشنیاری حەکیم ڕەت بکاتەوە سەری پیرەمێرد کە دۆستی جەعفەری بەرمەکی بوو. لە لەشی جیا دەکەنەوە. بەلەخۆ بوردنەوە کوتی:

- باوکە تۆ لوقمانی ئەم رۆژگارەی ئێمەی، تۆ حەکیمی گەورەی، من لەپزیشکی هیچ نازانم، بەلاٚم باوەڕم بەموجیزەی موزیکی هەیە. فیساگۆرس حەکیمی گەورەی یۆنان. حەوت دەزگای موزیکی لەڕووی حەوت کەلوەکەی ئاسمانەوە بنیات ناوە و شرۆڤە و شیکردنەوەی تێرو تەسەلی لەسەر نوسیوە. ژمارەیەکیش لەدانایان لەو باوەڕەدان کە سەرچاوەی دەنگە موزیکییەکان، ڕووداوەکانی سروشتن. ئەگەر چوار ڕەگەزەکە- ئاو و خاك و با و ئاگر- نەبوونایە، دەنگێکیش بوونی نەدەبوو...

- کچم! ڕاستیت دەوێ من لەم بابەتانە هێندە سەر دەرناکەم. تۆ بە ئاوایەك قسە دەکەی وەك بلٚێی من ئیسحاق موسلاٚوی بم. تۆ لە مەکتەبی خەلیفە، موزیك فێر بووی. ئەوەندە کە بانگهێشت و تکای منت قبوولٚکردووە، مەمنوونم. تکات لێدەکەم دەرفەت لەکیس خۆمان نەدەین.

قەرەنفلٚ قیسارەکەی هەلٚگرت و پەنجە سپییەکانی بەسەر تەلەکاندا خزاندن.

- بەکام ئاواز دەستپێدەکەی؟

قەرەنفلٚ میلەکەی بە تەلەکەدا هێنا:

- وابیر دەکەمەوە ((ڕاست(*))) گونجاو بێ...

بۆن و بەرامی خۆشی کەزیە بلاٚوەکانی قەرەنفلٚ لەگەلٚ شەپۆلی قیسارەدا تێکەلٚ بوو. ژوورەکە بۆ بەهەشت و بەهاران وەرسوڕا.

چاوەکانی حەکیم بریسکەیان دا. ئەو سەرمەستی نەوای قیسارە و سەر ئەفسوونی جوولاٚنەوەکانی قەرەنفلٚ ببوو. پێلٚوەکانی وەك دوو مراوی ناو ئەستێرکێکی ڕوون بەسەما هاتبوون، ((ئەم کچە موجیزە دەخولٚقێنێ!))

چەند خولەك یان چەند سەعات تێپەڕی بوو؟ یان زەمان ڕاوەستابوو؟

قەرەنفلٚ ئاهەنگەکەی گۆڕی:

---

* ڕاست.



- ئێستا ((رهاوی(*))) لێدەدەم..

جوولاٚنەوەی دیکە، نەوایەکی دیکە، تێکەلاٚوێکی دیکە بوو، شیفا بەخش تر لەوەی یەکەم، ((ئەهاهـ دەبێ ئەو پەنجانە لەزێڕ بگیرێن، دەبێ ماچ باران بکرێن.))

- ئەم ئاهەنگە مردوو زیندوو دەکاتەوە. لێدە هەم ژیان دەداتەوە بە هارون و هەم بەمنیش.

دەمێك بوو لەکۆشکی زێڕین ئیدی ئەو جەژنە پڕ لە شان و شکۆیانە باسێکیان نەبوو. میوانداری لەژێر درەختی زێڕین دواین ڕوداوێکی ڕەنگاوڕەنگ بوو کە لەنێو بیرەوەریاندا مابوو. ((ئەبو یوسف فەقیهـ)) دوای نەخۆش کەوتنی خەلیفە، شەیپوور لێدان و تەپلٚ کوتانی لەناو دەرباردا بەشێوەیەکی کاتی قەدەغە کردبوو. گەورە پیاوان نوێژی خۆیان لەناو مزگەوتی کازمیەدا دەکرد. لەو ژورەی کە رۆژگارێك نە ئەوەندەش دوور گولاٚوی گولاٚنی شیراز شەپۆلی تێدا دەدایەوە. ئێستا بۆنی ناخۆشی گیراوەو دەرمانی لێهەلٚدەستا. پەیکەری بێ جوولٚەی خەلیفە لەو ژوورە کەوتبوو. مووە ماش و برنجییەکانی بە تەئسیری تاو ئارەق، وەکو چقلٚ ڕەق ببوون. ڕەنگی ڕوخساری وا زەرد ببوو دەتکوت بەئاوی زەردە چەوە شۆراوە. هەوای ژوورەکە ئەوەندە گەرم و دەمی کێشا بوو وەك بلٚێی پەنجەرەکان کەڕوو بە سەحرای عەرەبستان بوون بای وڕە و هەوای گەرمی ئەوێ ژوورەکەی سوور کردۆتەوە ئەگەر جاروبار ڕیشی سووری خەلیفە بە وڕێنە نەجوولاٚبایەوە، نەدەکرا بەزیندوو دابنرێ.

لەو کاتەدا قەرەنفلٚ تێبینی تەنیایی خۆی و نەمانی حەکیمی کرد. ویستی بڕواتە دەرەوە، بینی دەرگا داخراوە. ئەگەر حەکیم ئەوی بە تەنیا بەجێ هێشتبوو، لەو ڕووەوە بوو کە شێوەی ئەو چارەسەرکردنە ئاوا بوو. پاشان گەڕایەوە بۆ جێی خۆی. جامێك کە بەدەوران دەوریدا نووسرابوو. لەپێش خۆی داناو بەسنگی خۆیەوە ناو دەستی بەژەنیاری کرد.

...بۆ ساتێك لە نەخۆشی ڕوانی. لێوەکانی هارون ئارام دەجوولاٚن وڕێنەی دەکرد. ((جەعفەر وەزیری گەورە بێنن بۆ لام!... عەباسە خوشکی بێچارەم بۆ بانگ بکەن!...))

قەرەنفلٚ ئاهێکی هەلٚکێشا و بە غەمگینانەوە دیسانەوە قیسارەی بە سنگییەوە نا.

خەلیفە پێلٚووەکانی نیوە کردنەوە. هەرچی دەنگدانەوەی میوزیك بەهەوادا زیاتر بلاٚودەبۆوە، خەلیفە زیاتر ئارام دەبو. کچەکە موزیکی دەژەنی و گۆرانی دەکوت و نەخۆش گیانی تازەی وەبەردا دەهات. لەگەرووی قەرەنفلەوە نەوایەکی نەرم وەکو هەور، وەکو ئاو،وەکو ئاوریشم هەلٚدەقولٚی. وێڕای ئەوەش تۆوی کینە لەدلٚیدا چەکەرەی دەکرد و لەڕوخساری ڕەنگ

---

(*) رهاوی: جۆرێکن لە ئاواز و میوزیکی ئێرانی.

هەڵگەڕاوی خەلیفەی بە غەزەب و نەفرەتەوە دەڕوانی، ((پیرە کەمتیار! شایانی ئەوەی وەکو سەگ مردار ببییەوە! لەم کۆشکەدا ناموسی جوانترین کچانت زەوت کرد. هەی دزی شەڕەف! تیری ئاهی ئەوانەیە کە بەڕوحتەوە گیرساوەتەوە، شایانی لەوەش زیاتری!))

قەرەنفڵ ساتێك وەسوەسەی کرد بە ژەهرێکی کوشندە کە هەیبوو- جەللادی جەللادان- کەئێستا میوزیك گیانی تازەی لەبەدەنیدا پڤ دابوو ڕەوانەی دنیای ئەولا بکا، بەڵام ئەو کارەی نەکرد. ئەو بەخۆی کوت، ((پێش ئەوەی بە ئامانج بگەم دەبێ کەڵك لەو لاشە بۆگەنیوە وەربگیرێ. ئەگەر خەلیفە چاك نەبێتەوە جوبرائیل دەکوژن. دەبێ ئەو رزگار بکرێ.))

قەرەنفڵ پێی هارونی لەسەر کەللە شێرێك کە لەسەر مافورێکی چنراوی شیروان نەخش کرابوو، هەڵگرت و بردیە لاوە: ((لەدەمی گیانەلاویشدا پاژنە خوێناوییەکانی لەسەر ڕووی نیشتمانی من لانابا، نیشتمانی من، هاونیشتمانانی من دەبێ ئازاد بن. بەئازادی بژین. نیشتمانی من کۆیلایەتی قبووڵنەکردوە و قبووڵیشی ناکا! ئازاد بمێنییەوە ئەی نیشتمانی خۆشەویستی من کە تائەمرۆ ملت نەداوەتە بەر تیری ئەسارەتی ئەم خوێن خۆرانەوە.))

قەرەنفڵ پشتییەکی مەخمەڵینی سووری ڕاکێشایە ژێر ئانیشکی خۆی. هالاوی تای نەخۆشەکەی لەسەر ڕوخساری خۆیدا هەستپێکرد، ((ئەمە وەك تەنوور دەسووتێ!)) ئینجا سەری پەنجە ناسك و لەخەنە گیراوەکانی بەگۆنای هاروندا هێناو بەئەسپایی کوتی:

- ئەی فەرمانڕەوای گەورە! من هاتوومەتە سەردانتان.

لێوە وشکەکانی خەلیفە جووڵان. پەڕەکانی لووتی تەکانێکیاندا. دەیویست شتێك بڵێ. بەڵام توانای قسەکردنی نەبوو. هەناسەی گولاوینی دڵبەرەکەی خۆی هەستپێ کردبوو و گیانی هاتبووە خرۆش.

دەنگی سیحر ئامێزی قەرەنفڵ لەگوێی نەخۆش دا دەنگی دەدایەوەوو روحی پەشۆکاوی سات بەسات گیانی تێزایەوە. لەبەر رووناکی ڕەنگ هەڵبزرکاوی مۆم، جاوربار لەرزینێك بەڕووخساری نەخۆشدا دەهات. قەرەنفڵ لە پەنجەرەوە، چاوی لەئاسمانی بەغداد بڕی بوو، زەمزەمەی دەکرد:

ئەی ستەم گەر، زیاتر ئازارم مەدە، دەردم تازە مەکەوە
لەغەمی نیشتووی سەر چاوەکانم مەپرسە!
ئەوەندە پڕاوپڕم لەعیشق، لەدەربەدەری بڕستم لێ بڕاوە
کە خۆم بەخۆم بێگانەم.



لەتۆفانی توڕەیی باکم نییە، بەڵام
بێگومان کە نابووت دەبم
ئەگەر لەچاوانی کانە ئاگرم ساتێك جیا ببمەوە
لەهیچ شتێك باکم نییە لە دنیادا
ساتەوەختی حەسرەتاوین کەمن دەترسێنن.

لەناو خەوتنگەی پڕاوپڕ لە بیرەوەرییەکانی هارون، دەتکوت بەهار بە سەد زار پێکەنی بوو. ئەستێرەکانی کە لەپەنجەرەوە بەپانایی ئاسمان دەکەوتنە بەرچاو، دەتکوت گوڵانی تازە پشکووتوون کە دەستەکانی قەرەنفڵ چاندبوونی. هەندێك لەئەستێرەکان لەناو جەرگەی ئاسماندا بلێسەیان دەدا و دەسوتان. قەرەنفڵ بیریکردەوە ((یەکێك چاوی بەبوون هەڵدەهێنێ و یەکێکی دیکە چاوی ژیان لێکدەنێ.)) ئەستێرەی بەختی خەلیفە هێشتا نەکوژابۆوە. ئەو کە ساتەوەختێکی پێشتر بێ جووڵانەوە کەوتبوو، ئێستا بە ئارامی هەناسەی دەدا. قەرەنفڵ هەروا دەیخوێند. هەروا بەردەوام موجیزەی دێنایە بوون. ئاواز، نەوای شەپۆلی دەریا بوو. هەڵڕژتنی تاڤگە بوو. زەمزەمەی جۆگا بوو. ژیان بوو. فیساگورس هەقی بوو. نەوای موزیك، جوانی و خوێندنی دڵ هەژێن، ژیان بە نەخۆش دەبەخشێ. هەروەکو ئەوەی کە پاش رۆژگارێکی درێژ بەسەر زەوینێکی لێو تینووی قەڵشقەڵشدا، باران بێتە خوارێ.

ئێستا چلەمین سپێدە بوو. سی و نۆ رۆژی تەواو قەرەنفڵ بەسەر جێگای خەلیفەوە میوزیکی ژەنی بوو و ئاوازی خوێندبوو. ئێستا چلەمین رۆژ بوو. رۆژی موجیزە بوو. بەرەبەیانی رۆژی چلەم هارون توانی بەسەر پاڵپشتێکی مەخمەڵینی سوورەوە پاڵ بداتەوە و لەگەڵ دڵبەری مەسیحا نەفسی خۆی ڕوو بەڕوو بوەستێ. مۆمەکان لەنێو مۆمدانەکاندا بلێسەیان دەداو ژووری ڕازاوە لەڕووناکی مۆمەکاندا حاڵەتی رۆژی رووناکی بەخۆوە گرتبوو. کە ڕەنگی ئەوین و گولاوی ئارەزووی لە دەرو دیواریەوە دەرژاند. خەلیفە چاوی لەلێوە خونچەییەکانی قەرەنفڵ نەدەتروکاند. جوانی قەرەنفڵ ئەقڵی لەسەری خەلیفە ستاندبوو... قیسارە بەسەر سنگییەوە بوو و تاڤگەی زێڕینی کەزییەکانی ماچیان لە شانە ڕووتەکانی دەکرد. بەنیگای خەلیفە جێ ماچەکانی مەرمەڕینی شانەکانی لە پەنجە باریکەکانی قەرەنفڵ موجیزە سازتر بوو و تاڵی کەزیەکانیشی لەتاڵی ژێیەکانی شیفا بەخشتر. ئەو لەکانیاوی زولاڵی چاوەکانی قەرەنفڵ نەخشی ئەو ساتانەی دەدی کە تەواوی لەشی ئەم پەرییە ئەندام سپییەی بەباوەشییەوە دەگوشی... ((یادی ئەو ساتە تەڕو پاراوانە بەخێربێ!)) قەرەنفڵ هەروا دەیخوێند و خەلیفە بیری

دەکردەوە: ((بەڕاستی ئەمە کە ئاواز دەخوێنێ فریشتەیە، پەری ئاسمانە، ئەفسانەیە، خەونە، خەیاڵە...))

هارون لەگولاوی لەش، ناسکی دەروون، دەنگدانەوەی ئاواز، لەرینەوەی پەنجەکان، هێزی وەردەگرت، لاوی بەبەردا دەهات، گیانی تێدا دەزا... بێ ئەقڵییە تەمەنی کەسان بەساڵانی ژیانی ئەوان بژمێردرێ. هەر کەسە ئەو تەمەنەیە کە خۆی چۆن هەستیپێ دەکا. هارون خۆی بە لاو دادەنا، بە بەهێز دەبینی، لەبوونیدا ئارەزوویەکی لەجڵەوکردن نەهاتوو دەخرۆشا، لەچاوەکانیدا خۆزگە دەڕژا... قەرەنفڵ قیسارەی لەباوەشی هێنایە خوارێ، مۆمەکانی کوژاندەوە و خۆی خستە ژێر ئارەزووی هارونەوە...

هارون لەبەرامبەر قەرەنفڵ جڵەوی ئارەزووی لەدەست دابوو و هاتبووە ئەژنۆ، ((بەم فریشتە ئەفسوون سازە چی بدەمێ، چ دیارییەك بخەمە ژێر پێیەوە کە لەئاستی ویدا بێ؟))

ئەنگوستیلەی خەلافەتی لە پەنجەی هێنایە دەرێ بەرەو قەرەنفڵ ڕایگرت:

- موجیزە خولقێنی جوان! لەم ساتەدا شتێکی بە نرخ تر لەم ئەنگوستیلەیە —کە یادگاری مەهدی باوکمە- نابینم کە بیخەمە ژێر پێتەوە.

قەرەنفڵ کەزییە زێڕینەکانی خۆی بەسەر سینەی سپی خۆیدا دادا و بەدەنگێکی دڵ هەژێن و عیشوەبارێن کوتی:

- ئەی ئەمیرول موئمنین! ئێستا مەلی بەختەوەری کە لەبنەماڵەی خەلافەت تەرە ببوو دووبارە گەڕایەوە و بەدەوری سەرماندا کەوتۆتە فڕین، چ دیارییەك لەوە بەنرخترە؟! ئەوەی کە حاتەم لەهەموو ژیانیدا نەی بەخشیوە، سەروەری من لەیەك ساتدا دەیبەخشێ! ئەنگوستیلەی خەلافەت شایانی پەنجەی خەلیفەیە. یادگاری باوك بۆ کوڕ هەقەمستە. هیچ دیارییەك لە تەندروستی ئەمیرول موئمنین بەنرختر نییە.

- فریشتەی من! تۆ ژیانی منت ڕزگار کرد. من تەندروستی خۆم بە قەرزاری پەنجە سیحر خولقێنەکان و گەرووی ئەفسوون سازو چاوانی ژیانبەخشی تۆ دەزانم. هەرچی دەتەوێ لێم بخوازە!

- ئەگەر ئیرادەی ئەمیرول موئمنین لەسەر ئەوەیە کە لەم کاتەدا من بەدیارییەك و بەخشیشێك سەرفرازبکا، داواکارییەکی بچووکم هەیە...

- هەرچی خۆشەویستم بیخوازێ!

- ئەمیرول موئمنین باش دەزانێ کە هەموو کەس دایکی خۆی خۆشدەوێ.



- ئەمە بەڵگەی پێ ناوێ خۆشەویستەکەم!

- هەر مرۆڤێك دوو دایکی هەیە. دایکێك کە منداڵ لەنێو منداڵدانی خۆیدا پەروەردە دەکاو لەمەمکەکانی خۆی شیری دەداتێ، و دایکێکیش کە تاکۆتایی ژیان لەسینەی پڕ بەرەکەتی خۆی هێز و خۆراك دەبەخشێ و هەرکاتیش کە مرد ئەو لەنێو دڵی خۆیدا هەڵدەگرێ. ئەم دایکە نیشتمان و زێدگایە و لەوی تریان کەمتر خۆشەویست نییە. ئێستا نیشتمانی من، لەژێر پێی ئەسپانی خەلیفەدا دەلەرزێ. دەشتە بەرینەکانی نیشتمانی من لەخوێندا نقوومبووە. داواکاریم ئەوەیە کە فەرمان بدەی کە عەبدوڵلا —سەرداری ئەمیرول موئمنین- هیچی تر لەنیشتمانی من خوێن نەڕێژێ، بەس تالان و بڕۆ بکا... ئەنگوستیلەی خەلافەت لە پەنجەکانی چارەنووسسازی ئەمیرول موئمنین جوانە!

خەلیفە لە هەل و مەرجێکی دژوارەوە کەوتبوو، دەیتوانی چ بکا. دەیتوانی چ بڵێ؟

- فریشتەی جوانم، هیوادارم کە بەسەرخۆتدا زاڵبی و ئەم قسانە واز لێبهێنی. حەیفە ئەم لێوە ژیانبەخشانە جگە لەنەوای ئەفسوون خولقێن و شیعری عاشقانە، شتێکی دیکە بخوێنێ. دڵم دەخوازێ تۆ لەبارەی ئەوینەوە قسە بکەی دنیای عیشق و باوەشی گەرمی تۆ بۆ من وەکو خەونێکە کە ئارەزوو دەکەم وەك دوو مامز لەباوەشی یەکتردا خەوی هەتا هەتایمان لێ بکەوێ و لە گۆڕێکدا بەیەکەوە بخەوین و ڕۆژی زیندوو بوونەوە چاومان بەدیداری یەکتر بکەوێتەوە.

- ئەی ئەمیرول موئمنین! بەخت وەك تەختی تاوڵە وایە بە یەکێك دووشەش و بەوی دیکە یەك دەدات، لەوانەیە منیش لە بەردەمی تۆدا...

خەلیفە قسەکەی قەرەنفڵی بڕی:

- بۆ دەکرێ پێش ئەوە بزانرێ؟

قەرەنفڵ ویستی دووبارە بگەڕێتەوە سەر قسەکەی:

- نیشتمانی من...

هارون دەستی بە خەرمانی کەزییەکانیدا هێنا

- دەبێ کەڵك لە دەرفەت وەربگیرێ، ئێستا کاتی بە کامی دڵ گەیشتنە...

چەند ساتێك بە سەنگینی و بێدەنگی تێپەڕبوون. سەرەنجام قەرەنفڵ هەستاو لە سوراحییەوە مەی کردە پیاڵەوە. خەلیفە دەیویست خەمەکان و نیگەرانییەکانی خۆی لەژێر مەیدا بەبا بکا. هەر چەندە قەرەنفڵ بۆی تێدەکرد، سەری پێوە دەنا تا لەجێگەدا کەوت.

قەرەنفڵ ژێیەکانی قیسارەی هێنابوونە قسە و لە خەوتوویی خەلیفە نەوایەکی غەمگینانەی هەڵڕژاند:

ئێستا دواین دیدارە
ئەمەیە ساتی جودایی!
ئەی ئازیزی گیان پەروەر
ماڵ ئاوا، خودا حافیز!
لە دڵ و دیدەوە
ڕق و کینە باری
دواین گۆرانیم
ئاوازی ماڵئاواییە!

خەلیفە لە خەوێکی ئارامەوە ڕۆچوو بوو. بەڵام لە خەویشدا لەگەڵ قەرەنفڵ قسەی خۆشەویستی دەکوتن ((ئەمشەویش ئەستێرەی چاوەکانت ڕووناك کەرەوەی جێگاکەم دەبێ..))



## (٢٠)

# لانکی بێ منداڵ، دێی خامۆش

*سەرکەوتن هەمیشە*
*بە باوەڕ بەخۆبوونەوە بەندە.*
*فویرباخ*

شەوێکی ساردی زستان بوو، کلۆ بەفر ڕووناکی زیوینی مانگی پەخش دەکردەوە. چیاکان و دۆڵەکان سەرتاپا بە بەفر داپۆشرابوون.

ناوەڕاستی ڕێگا هەر وەك ئاشی ئاو لێ بڕاو دەچوو، چۆڵ و بێدەنگ و هەست. کەس لە سەرەوەی قوللەکانی دیدەوانی کێشکی نەدەکێشا. با، ویزەی دەهات و بەفرەکانی لەسەر زەوییەوە بەهەوادا دەبردو بڵاوی دەکردنەوە. سەرما بێدادی دەکرد و بێباك ترین کەس لەتەتەرانی خەلیفەش لە شەوێکی ئاوادا زاتی سەفەر کردنی نەبوو. هەموو ئەو ڕێگایانەی بەرەو بز دەچوون، گیرابوون. ئەم هەل و مەرجە بەدڵی ڕێگران و قاچاغچییان بوو کە وەك گورگی برسی لە گەروەکاندا لە هاتن و چووندا بوون. ناوی ئەم ڕێگرانە موچڕکی بە لەشی کاروان چیان و تەتەراندا دەهێنا.

بەڵام ئەو سوارانەی کە لەدۆڵ هەنارەوە بەرەو بیلال ئاباد ئەسپیان لێ دەخوڕی. ترسیان نە لەسەرما هەبوو نە لەڕێگر. ئەوانە شارەزای ئەو ڕێگاو ملانە بوون و بە ئاوایەکیش سەرو ڕووی خۆیان داپۆشی بوو کە ناسینەوەیان تەنانەت بۆ کەس و کاریشیان دژوار بوو. بەسەر پەستەکە درێژو کلاوەلبادیەکانیانەوە بەفری پێوە هەڵواسرابوو. سوارێك کە لەپێش ئەوانی دیکە ئەسپی لێدەخوڕی، هەڵۆیەك بەسەر شانییەوە بوو. شمشێری بەر کەمەری بەر ئاوزەنگی قاراقاشقا دەکەوت و دەنگی لێوە دەهات. چاوانی وەك شابەڕووی ئەو، لەتینی سەرمادا فرمێسکیان تێزا بوو. ئەو پێش خۆی بە وردی و هۆشیارییەوە دەڕوانی. بەسەر پێڵوەکانییەوە دانە بەفر بەستبووی.

لورەیەك لەملەكانەوە دەهاتە بەر گوێ، دیار نەبوو كە لەگورگانی برسییەوە دێیان لە باو زریانەوە... بابەك ساتێك چییە چاوی لەڕێگای پڕ لە بەفرەكە نەدەتروكاند.

– ئەها، بازدە، بكوتە، شابازی من، ئاسكی من!

كاتێك تالآن چییان بیلال ئابادیان دەماشتەوە، بابەك لەگوندەكەیان نەبوو. ئەو بۆ یاریدەی دەستەیەك لەخوڕەمییان كە لەداوێنی بز لەگەڵ بێگانان‌دا دەجەنگان، چوو بوو. كاتێك هەواڵی زانی كە دایكی بە ئەسیر گیراوە و بردوویانە بۆ بەغداد، دنیا لەبەرچاوی تاریك و شلوێ ببوو. یەك هەفتەی تەواو لە چیاكان ئەسپی تاوداو لە ملەكاندا كەمینی نایەوە! بەڵام تووشی دەستەی ئەسیران نەهات. ئەگەر كاروانی ئەسیرانی دەدی وەك هەڵۆ هەڵێدەكوتایە سەر قەڵەڕەشەكان و سەربازانی خەلیفەی بەدەمی شمشێردا دەهێنا. دەیویست تا بەغداد بڕوا، بەڵام پیران بەرژەوەندیان تێدا نەدی و دڵنەوایییان كرد.

– ئەی لاو یەزدانی پاك بۆ خۆی چارەنووسسازە یەقینت بێ برومەند دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمان. لە بەغداد ناتوانی هیچ كارێك بەریە پێشەوە و دواجار بە خۆرایی خۆت بە كوشت دەدەی. باشترین ڕێگای تۆڵە ئەستاندن، پەیوەست بوونە بە جەنگاوەرانی جاویدانەوە....

ئێستا لە شەوێكی ئاوا سارد و تۆفانیدا. بابەك بۆ ئەنجامدانی ئەركێك لەتەورێزەوە بەڕێ كەوتبوو. میرزا قزبل پاش هەلآتنی لە بەغدا، لەتەورێز لەماڵی ((محەممەد كوڕی رواد ئەزدی)) یەكێك لەناودارانی ناوچەكە دەیگوزەراند. شبلی بازرگانیش لەتەورێز سەرقاڵی كڕین و فرۆشتن بوو. بەڵام ئێستا دەبوایە بەپەلە خۆی بگەیاندبایە بز. جاویدان پێویستی بە ئامادەبوونی ئەو بوو. شبل دەبوایە كەرەسە و ئەسپایی جەنگی بە خوڕەمیان بگەیەنێ و دەبوایە لەمبارەیەوە لەگەڵ جاویدان گفتوگۆ بكا.... بابە كیش هەروا پێی سپێردرا بوو كە میرزا قزبل و شبل بە سەلامەتی تا پەنا چناری پیربابا بهێنێ. قەرار بوو لەوێ سەربازانی دیكە بێنە پێشوازی ئەوان و ئەگەر لەسەر ڕێگا ڕووبەڕووی چەتەكانی ئەبو عومران بوو جێگای ئەوان و ئاراستەی جوولانیان بە جاویدان ڕابگەیەنن و لە حاڵی پێویستیشدا لەگەڵیاندا بجەنگێ. هەر چەندە ڕاسپێرییەكی ئاوا ترسناك لەگەڵ تەمەن و تاقی كردنەوەی بابەكدا نەدەگونجا بەڵام لەگەڵ گەڕناسی ویدا دەهاتەوە.

بابەك تەكانێكی بەجڵەوەكەی دا، قاراقاشقای بۆ پێشەوە لێخوڕی و ئەسپ چوار ناڵی بۆ پێشەوە ڕۆیشت. بابەك ئەو ڕێگایەی وەك ناو لەپی دەستی خۆی شارەزا بوو ترسی ون كردنی ڕێگای نەبوو. كاتێك بە نێو دۆڵەكەدا سەرەوخوار بۆوە، قاراقاشقا فنەفنی كرد. بابەك خۆی ساز



و ئامادەكرد. خەیاڵ لەوێدا پچڕا. نەڕەیەك لەگوێیدا دەنگی دایەوە، ((كوڕە شێتەی عەبدوڵڵا لەجێگای خۆت نەجوڵێی! ئیدی ناتوانی لەچنگم دەرباز ببی!...))

بەڕاست چ دەنگێگ بوو، لەكوێ بوو، ئەبو عومران لەكوێ بوو؟ بەشمشێری خۆم پارچە پارچە ببم ئەگەر تۆڵەی باوكی خۆم ، تۆڵەی نیشتمانی خۆم نەستێنم! لەكوێیی هەی نامەردی ترسنۆك؟! لەهەر كوێ هەی وەرە دەرێ و پیاوەتی خۆت بنوێنە! قاراقاشقا دووبارە فنەفنی كردەوە. بابەك لە دنیای خەیاڵ وەدەركەوت، تەماشای پشتی خۆی كرد و هاوڕێیەكانی وە پەلە خست:

– ئەها! خێراتر لێبخوڕن بۆ بیلال ئاباد هیچی نەماوە. ئەگەر بەفر بباری، لەوانەیە لەناو دۆڵەكە گیر بخۆین!

سوارەكان ئاوزنگیان لە ئەسپەكانی خۆیانەوە ژەنی و بۆ پێشەوە لینگیان دان.

– ئهێ! دەمیر! بەقوربانی ئەو ماسوولكە پۆڵاێنەت بم، بڕۆ!

– بزانم كێ زووتر دەگاتە سەركانی؟

معاویە بەشەیتانییەوەكوتی:

– خۆم! یەكەم كەس خۆم دەگەم!

بەسەر ڕێگای بەفر گرتوودا، نابێ ئەسپان زۆر تەنگە تاو بكرێن. لەلای چیای هەشتاد سەرو بزەوە بابەكی سڕو تەزیو دەهات. بابەك ترسی ئەوەی هەبوو تووشی زریان بێن. لە لووتی ئەسپەكانەوە هەڵمێكی گەرم دەهاتە دەر. چاوانی هوشیار و نیگەرانی بابەك بەردەوام ڕێگای بەفرگرتوی دەپشكنی. دەتكوت بەدوا تاجی هاروندا دەگەڕێ تا بیكاتە هێلانەی قەلەڕەشان!

– معاویە، دوژمن دەتوانێ غافلگیرمان بكا، ئاگاداری پشتەوە بە، چەتە وەك گورگی دڕندە بەزستانێ هار دەبێ، من ئاگام لەپێشەوەیە.

معاویە بەسەر زینەوە ئاوڕی دایەوە، تەماشای پشتەوەی كرد. ڕەنگی زیوینی مانگەشە و كەبەسەر بەفرەكەدا پەخش دەبوو، ڕێگاكانی وەك ڕۆژ ڕووناك كردبۆوە. معاویە كۆكەیەكی كرد،دەستی بە هەوادا ڕاوەشاند و كوتی:

– مەگەر ئەبو عومران زاتی ئەوە دەكا بەسەرمایەكی ئاوا لە جێگاكەی بێتەدەر.

ڕێگای بەفرگرتوو بڕانەوەی بۆ نەبوو...

دەمەدەمی سپێدە بوو لە ناكاو هەوا تاریك ولێل بوو، بۆران و زریانێكی توند هەلیكرد. بابەك جاروبار لەئەسپەكەی دەهاتە خوار و لەو شوێن پێیانەی دەڕوانی كە لەسەر بەفرەكە بەجێ مابوون، ((من تەواو تێدا ماوم. ئەم زریانە دوابڕاوە ئامان نادا مرۆڤ چاوی خۆی بكاتەوە! بەفر

بەسەر شوێن پێیەکاندا دەکا، مانای لەوانەیە ئەم شوێن پێیانە هی پیاوەکانی چاودەرپەڕیو بێ؟!))

بابەك بێ ئەوەی قسە لەگەڵ یەکێکدا بکا ، کوتی:

- بەدڵی من وایە کە ئەگەر لەگەڵ چەتاندا ڕووبەڕوو ببین خەڵاتە!

معاویە شانەکانی بەرزکردنەوە:

- بەڵام برا ئەوانە لەشوێن پێی وشتر دەچن تاهی ئەسپ. ڕەنگە پێش ئێمە کاروان لێرەوە تێپەری بێ!

بابەك بەئاوازێکی سەرکۆنەکردنەوە کوتی:

- ئەقڵت لەدەست داوە! پاش کوشتنی جەعفەری بەرمەکی کام کاروانی عەرەب هاتۆتە بز تا ئەمەیان دووەم بێ؟ گومانم نییە ئەمانە شوێن پێی ئەسپە.

بابەك وەك ڕاوچیان و شوێن هەڵگران قسەی دەکرد و سوارەکانیش گوێیان بۆ قسەکانی شلکرد بوو. معاویە لەترسی سەرکۆنە کردن، تەسلیمی بیروڕای بابەك بوو:

- لەوانەشە قسەی تۆ ڕاست بێ!

شبل ڕوو بە معاویە کوتی:

- بابەك غەڵەت ناکا. من لە شوێن هەڵگری ئەو گومانم نییە.

قزبل کە تائەو کاتە بێ دەنگ بوو، بەئەسپایی بەشبلی کوت:

- بابەك لاوێکی بێ هاوتایە! بروەمەند لە بەغدا و لەرێگاش کە دەمهێنایەوە زۆری تاریفی مێرخاسی و هۆشیاری بابەك دەکرد، هەر ئاوایە کە خۆشم وێنام بۆ بردبوو.

شبل یەخەی کراسە بەبەفر بەستووەکەی بردە سەرەوە، بە سەرتاپێی بابەکیدا هەڵڕوانی و کوتی:

- میرزا! ئەگەر ماین کۆمەڵێك نەخشەم بۆ بابەك کێشاوە، ئەگەر بروەمەند ڕازی بێ وشترەوانی وشترەکانم بە بابەك دەسپێرم. بە عەبدوڵڵای باوکی دەچێ. مێرخاسە و هۆشیار. کاتێك چەتەکانی سەحرا دەیان بیست جەربەزە لەگەڵ کاروان دایە. جەسارەتیان نەدەکرد لە کاروان نزیك ببنەوە دەربەند بۆ خۆی چیرۆکێکە.... ئەگەر ئەو خودا لێخۆشبووە نەدەبوو، خەزەرەکان کایان لەکەوڵمان کردبوو... خۆزگە دەماو کوڕەکەی خۆی دەدی.

قزبل لە دەمێکدا کە دەستەکانی خۆی بەهەناسەی گەرم دەکردەوە کوتی:



- ڕازیکردنی بروەمەند لەسەر من.... بەڵام چ زریانێکە! میرزا قزبل چەند ساڵێك خووی بە هەوای گەرمی بەغداوە گرتبوو، ئێستا لەو سەرماو بۆرانەدا کەمی مابوو خوێنی دەمارەکانی ڕابوەستێ.

سەرما ئەسپەکانیشی، وەك سوارەکان، هەروەکو شووشە لێکردبوو، لەیاڵ و کلکی ئەسپەکانەوە دانەهێشووی ئەسپەکانەوە دانەهێشتووی سەهۆڵ هەڵواسرابوون. بۆ بیلال ئاباد مەودایەکی دوورنەبوو. بەفر لەژێر پێی ئەسپاندا سیرە سیرِی دەهات. جاروبار سواران قامچیەکانیان بە هەوادا هاشەی دەهات.

- بجوڵێ حەیوان، ئەوەندە ڕەتەڵەك دەبەی؟!

- یاڵڵا بجووڵێ، چەند لە قاراقاشقا دوور کەوتوویەوە؟ ئەسپەکان کە بەلێدانی قامچی تەکانێکیان دەخوارد، گورج تەکانیان دەدا و لە حاڵێکدا کە جڵەویان دەجوەوە بەرەو پێش دەڕۆیشتن.

شوێن پێیکان، چەند جار بابەکیان وای لێکرد لەسەر ئەسپ بێتە خوارێ. بەفری تازە باریوی بەدەست لادەداو بەدیقەتەوە لە شوێن پێکانی دەڕوانی. جێگای بەستوو ڕەق بووی نالی ئەسپی ناسی. شوێن پێ قووڵ بوو. دیار بوو کە باری ئەسپ قورس بووە. بابەك سەرێکی ڕاوەشاند و کوتی:

- هەی ڕیوی پیر! کوتم ناتوانی فێڵم لێ بکەی، باش دەتناسم!

ئیتر جێی گومان نەبوو. شوێن پێکان هی ئەسپ بوو ئاراستەی ڕێ کردنیش بەرەو بیلال ئاباد!

سواران بەهەر حاڵێك بوو لە دۆڵ هەنار تێپەرین. خۆیان گەیاندە سەرکانی. کانی وەك هەمیشە دەکوڵاو ئاوی بۆ نێو بلوسکی بە بەفر داپۆشراودا هەڵدەڕژاند.

بەفر هەروا دەباری، بەڵام دەرەتان هەبوو چوار دەور ببینرێ و بناسرێتەوە. بەیان ئەنکوتبوو.

بابەك بەحەسرەتەوە نیگای بەرەو زێدگای خامۆشی خۆی خستەڕێ. قاراقاشقا، بێ ئارامی پێشاندەدا فنە فنی دەکرد بەسمەکانی خۆی پێ کوڵەی بە بەفرەکان دەکرد. دەیویست دەمی بەرێتە ناو بلوسکەکە و ئاو بخواتەوە بابەك جڵەوی ڕاکێشا:

- هێی! ئەوەندە ئارەقت کردۆتەوە، نابێ ئاو بخۆیەوە، کەمێك ئارامت بێ.

بابەك ماوەیەکی لەمێژ بوو بە تاسەی دیدەنی بیلال ئابادەوە بوو. بەڵام هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو کە زێدگای خۆی ئاوا فەلاکەتبار و غەمبار ببینێ،((کوا ئاگر و دووکەڵی دێ، خەڵکی ئێرە کوان؟))...

لەرق و غەمدا گەرووی گیرا بوو. لەوانەبوو ئەگەر بەتەنیا بوایە بشگریایە. لەسەر ئەم کانییە چ بیرەوەرییەکی هەبوو! هەر ئاوا کەلەکانی دەڕوانی، بیرەوەری تاڵ و شیرین و دێرین لە مێشکیدا چەخماخەیاندا زەمزەمەی ئەم کانییە لەبەهاردا لە ئاوازی باڵندان دڵ هەژێن تر بوو. کوڕانی تازە لاوی دێ بەنەوای ئەوێ دڵیان بەکچانی گۆزەبەشان دەدا. کچان لەنێو ئاوی زوڵاڵی ئەوێدا لە خۆیان دەڕوانی، کەزیەکانی خۆیان بەسەر شاندا بەردەدایەوە و ئەویندارییان دەکرد. بابەك لەدایکی گوێ لێببوو کە یەکەمین دیداری وی لەگەڵ باوکی لەسەر لێوی هەمان ئەو کانییە بووە. ئەم دوانەش هاونەوا لەگەڵ زەمزەمەی کانی، ئاوازی خۆشەویستییان بە گوێی یەکتردا خوێندبوو. بە بیگەردی کانی و بەپاکی ئەو ئاوەی کە لەوێوە هەڵدەقوڵا، ئەوینیان لەنێو دڵی یەکتردا پەروەردە کردبوو و ئێستا بەرهەمی ئەو عیشقە پیرۆزە، خودی بابەك بوو.

بێدەنگی غەمبارانەی کانی کەسەری بابەکی سەنگین تر دەکرد. ئەو ڕوو بە قزبل کوتی:

– ئێرە گوندی ئێمەیە. مانای هی ئێمە بوو، ئێستا نا. نا ئەمە لەگوندی ئێمە ناچێ. گوندی ئێمە سەوز بوو، سەر سەوز بوو. پڕئاواز بوو. گوندی ئێمە ئاوا نەبوو. هەموو جێیەك خامۆش بو. هەمووان خامۆش بوون. خۆر لەئاسۆگە غەمی گرتبوو. تیشکی لاوازی هێندەی ڕەنگ و گەرمایی نەبوو کە بتوانێ گەرما بەگوندی بەفرگرتوو و سەهۆلبەندان ببەخشێ- بابەك هەناسەی دەمی بە دەستەکانی خۆیدا فوودا:

– هیچ شتێك بە گەرمایی لەشی مرۆڤ و هەناسەی مرۆڤ نابێ. هەناسەی مرۆڤ نیشانەی ژیانە. گەرمی ژیان لەوێ ڕایە. هەناسەی مرۆڤ لەخۆر گەرم ترە...

بابەك جارێکی تر نیگای غەمباری خۆی بەسەر ماڵە لەخەمدا نقوومەکانی گوندا گێرا. بەسەر کاروانسەرای وێرانە

و ماڵی ((میوانسەرا)) کە ڕۆژگارێك پەناگای ڕێبواران بوو، قەلەڕەش سوڕیان دەخوراد. هەڵۆی سەرشانی بابەك هەر لەگەڵ بینینی قەلەڕەشەکان چنچوڕکی لەشانی بابەك گیر کرد تاکو لەشەقەی باڵ بدا. بابەك بەربەستی لێکرد و لەهەمان کاتدا لە ڕووی ڕق و نەفرەتەوە لەژێر لێوانەوە: ((ئەم باڵندە شوومانە لە کوێ ڕا پەیدابوون؟ هەرگا ئەم باڵندە باڵ شکاوانە دەبینم دڵم خەبەر لە ڕووداوێکی خراپ دەدا. ئاخر ئەمانە کاولگەیان دەوێ تا قارەقاری وشك و ڕەقی خۆیان لە کەش و هەوای سارد و خامۆشدا دەست پێبکەن.)) دڵی دەیویست هەموو ئەم قەلەڕەشانە بتارێن! ((ئێمە هێشتا نەمردووین کە ئەوانە شیوەن و قوڕ پێوانێکی ئاوایان بەرێ خستووە! ئێمە دەجەنگین، شەو و ڕۆژ دەجەنگین شەو و ڕۆژ شمشێر دەوەشێنین تا دوژمن لە خاکمان، لە ماڵ و



زێدی خۆمان دەردەکەین. تا وانەکەین خەو لە ئێمە حەرامە ساڵەها، هەزاران ساڵە دەخەوین. ئێستا کاتی بێدارییە. کاتی خوێن ستاندنە.

بابەك دووبارە بەدیقەتەوە لەشوێن پێکانی دەور و پشتی کانی ڕوانی:((ئەم شوێن پێیانە بۆ کام لا ڕۆیشتووە؟ هەندێك لە شوێن پێکان بەرەو بیلال ئابادو هەندێکی تریان بەرەو بز دەڕۆیشتن. شوێن پێش هەبوون بەرەو دۆڵ هەنار گەڕابوونەوە.

بابەك لەگژ بیرانەوە چوو، پاش ئەو هەموو ئەسپ تاودانە ، دوژمن پێمان پێ دەکەنێ ئەگەر لەنێو ئەم شوێن پێیانە سەر لێشێواو بمێنینەوە!

هاوەڵان زۆر بە توندی دەلەرزین. ئایا دەبوو ماوەیەکی زۆر لێرە چاوەرێ بن؟

بابەك لە حاڵێکدا لە بیرانەوە چوو بوو کوتی:

– دەبێ کاو جۆ بدەینە ئەسپەکان، هەم ماندوون و هەم برسی. بەدرێژایی شەو ڕێگایان کوتاوە تا چناری پیر بابا هێمان یەك قۆناغ ڕێمان لە پێشەوە ئەگەر بەبەرژەوەندتان دی لەناو ماڵی((میوانسەرا)) کەمێك پشوو دەدەین و پاشان درێژە بەرێی خۆمان دەدەین..

شبل لەگەڵ پێشنیاری بابەك دا بوو:

– سەرما تەواو بێ حاڵی کردووین کوڕم! ئەسپەکانیش ماندوون، دەبێ پشوو بدەین.

میرزا قزبلیش دەستی پێکدادەهێنان بەدوای قسەکەی شبلدا کوتی:

– هەم سەرمامانە و هەم زۆر ماندووین. ئەگەر پشوو نەدەین ناتوانین بکەوینە ڕێ.

بابەك پاش کەمێك ڕاوەستانی کورت بەرەو لای معاویە گەڕایەوە:

– معاویە تۆ دەبێ لەسەر ئەم کانییە ئێشك بگری، ئێمە دەچینە ماڵی ((میوانسەرا)). هەر کە چەتەکانت دی دەسبەجێ خەبەرمان بدەیە.

معاویە لەو متمانەیە کە بەویان کردبوو، خۆشحاڵ دەهاتە بەر چاو. بۆیە بەئاوازێکی شەیتانانەوە کوتی:

– ژێر فەرمانم، سەردار! خەیاڵتان ئاسوودەبێ.

سواران سەری ئەسپەکانیان بەرەو ماڵی ((میوانسەرا)) وەرگێڕا.

بەفر هەموو چاڵەکانی پڕ کردبۆوە. زریان سەرشێتانە بەناو لقە ڕووتاوەکاندا ویزەویزی دەهات. لەسەر ئەو ڕێگایە کە بەناو دێدا دەچوو چەند ((داری قەنارە)) دەکەوتنە بەرچاو. بەسەر ئەو دارانەوە لاشەی ڕەق هەڵاتوو بەستوو دەلاژانەوە. گوندی بیلال ئاباد، لە ((ڕەئس ئەل جسر)) و حەوشی فەلاکەت دێتەی دەروازەی سەوزی بەغداش ماتەم بارتر دەهاتە بەر چاو. دەتکوت

بریسکەی شمشێری مەسرور هەموو جێگایەکی تۆقاندوە و خوێنی ڕشتووە. بەدیتنی لاشە ڕەق هەلاتووەکان، دڵی بابەك بۆ تۆڵە سەندنەوە لێیدەدا. بێ ئیرادە دەستی قەبزەی شمشێرەکەی ڕاگوشی ((ئاوا! ئەی نەفرەتبارانی بەدبەخت! سەرەنجام دەبینین کە دایکی کام لە ئێمە بۆ تازیەکەی دادەنیشێ! سوێند بە شیری دایکم کە تا زیندوو بم شمشێر بەکالاندا ناکەم. مادام تۆڵەم لەئێوەی نامەرد نەکردۆتەوە ئارام گرتنم نابێ. کوان ئەو چەتانەی گوندی منیان ئاوا ماتەم بار و تازیەبار کردووە؟ کوان ڕەوە ولاخی سەلمانی خوالێخۆشبوو؟ موپەدی موپەدان کوا کە لەکاتی بەستنی کەمەربەند لە پشتمان، شادی و خۆشەویستی لەچاوەکانیدا شەپۆلیان دەدا؟ ئەی یەزدانی پاك! چۆن ئەم هەموو نائینسانییە قبووڵدەفەرمووی؟ بەفریامان کەوە تەحەمولی ئەم هەموو بەلایانە دژوارە، دژوارە!...))

بابەك دەیزانی کە هەموو ئەم کارەساتانە بەدەستی ئەبوعومران- قاتلی باوکی — ڕوویداوە.

بابەك باوەڕی وابوو کە ئەگەر ئەبوعومران نەبووایە، پێی سەرداری خەلیفەبەم گوندانە نەدەگەیشت. پەلاماری ئەم دواییەی ئەبوعومران ئەوەندە سەخت و غافڵ گیرانە بوو کە خەڵك ماوەی ئەوەیان نەبووە کوژراوەکانیشیان بۆ گۆرخانەی خامۆشی ببەن. هەر کەسێك کە دەیتوانی شمشێر بەدەستەوە بگرێ و سواری ئەسپ ببێ، شەڕی کردبوو بەلاّم لەبەرامبەر سوپایەکی ئاوا زەبەلاحدا دەتوانرا چ بکرێ بەو پێیە ژمارەیەکی کەم کە توانیبویان ڕابکەن، ئەوانی تر یا کوژرابوون یا ئەسیرکرابوون. پیرەمێردان و پیرەژنان پەنایان بۆ ئەشکەوتەکانی بزو قەرەداغ بردبوو. برومەندیش لەگەڵ هەلاتووەکاندا توانیبووی بچێتە چیاکان. برومەند پاش ڕزگاربوونی لەگەڵ قزبل و کاروانی شبلدا بۆ زێدگای خۆی گەڕابۆوە و لە بیلال ئاباد ماوەیەك لەگەڵ کوڕە بچووکەکەی ، عەبدوڵلاّ، بەیەکەوە ژیابوون و پاش هێرش و تالاّن و کوشتاری دوایی ئەبو عومران و موبارەك، توانیبووی بۆ چیاکان ڕابکا و ئێستا لەیەکێك لە ئەشکەوتەکانی قەرەداغ ژیانێکی سەختی دەگوزەراند و چاوەڕێ بوو بابەك سەرێکیان لێبدا. دڵی بابەکیش بۆ دایکی بەسەختی تەنگ ببوو، بەلاّم دەرفەتێکی بۆ چوونە لای دایکی لە پێش خۆی نەدەدی.

یەخەبەستووەکانی سواران وەکو چەرم ڕەق بووبوون. هەمووان بەتوندی هەستیان بەسەرما دەکرد. بەلاّم کەسیان لێوی نەدەکردەوە. سەردانی ماڵەوە لەبیری بابەك چوە دەرێ. هەڵۆی سەرشانی قیڕەیەکی کێشا. ئایا هەڵۆش هەمان هەستی هەبوو؟!

بابەك لەگوندی خۆیان ڕێگای ون کردبوو نەیدەزانی بەرەو کام لا ئەسپ تاو بدا. با، ویزەی دەهات و جاروبار هێشوە چلوورەی کە بەلقەدرختەکانەوە هەڵواسرابوون، دەشکاندو بەسەر سەری



سواراندا دەڕژانە خوارێ. زریان لقەکانی دارتوویەکی زەلامی شکاندبوو ڕێگاکەی گرتبوو. بابەك هەیوانی ماڵی خۆیانی ناسیەوە. ئەم دارتووە شکاوەش تووەکەی ماڵی خۆیان بوو!

- ئەوەش ماڵی ئێمە، ئێستا ئێوە چۆن و بۆ کوێی ماڵەکەمان بانگ هێشت بکەم. بە چ دەردێکیان بردووە! نەفرەتتان لێ بێت!

بوغز گەرووی گرتبوو. جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشاو خۆی چەماندەوە و بەژێر لقێکی شکاوەدا بەزۆر چووە ناو حەوشەکەیانەوە((چ دەبینم خودایە؟ ئەم وێرانەیە ماڵی ئێمەیە؟!))

ماڵەکە بەیەکدا درابوو. شاخەکانی بزنە کێوی بەسەر سەرەوەی دەرگای ماڵ هەروا لە جێی خۆی بوو. لەناو حەوشەکە دەوەنی زۆر ڕوا بوون. بابەك وەك بەردێك لە جێی خۆی وشك بووبوو. شبلیش بەئەسپەکەیەوە هاتە ناو حەوشەوە و دەستی لەسەر شانی بابەك دانا:

- کوڕم! حەسرەت خواردن چی لەدەست نایە، ئەو دەستانەی کە وێران کاری دەنێنەوە دەبێ لە مەچەکەوە ببڕدرێنەوە. دەبێ ئاو لەڕیشەی زوڵم ببردرێ. دەبێ هیمەت بکەین تا ماڵی زۆردار بەسەر سەری خۆیدا وێران بکەین دەبێ تێبکۆشین تا کۆشکی زێڕین ئاوا وێران بکەین. خۆشەویستی بۆ زۆرلێکراوان و ڕق هەڵگرتن لە زۆردار دەبێ لە نێو دڵی منداڵانی ئەم واروزێدەدا پەروەردە بکرێ. ئەگەر ئێمە توانیمان، یەقین بە کە کوڕانی ئێمە ، نەوەکانی ئێمە، لەسەر زەوینی خۆماندا سەرفراز و ئاسوودە دەژین

- چییان بەسەر ئەم ماڵە هێناوە؟ ئێرە گۆڕستانی هەزار و یەك بیرەوەری خۆش و ناخۆشی من بوو...

بابەك ڕێگای دڵ گوشراوی و گریانی بڕی:((گریان کردەوەی پیاوان نییە))

- جێگای مانەوە نییە! با بڕۆین!

ئانێك کە قزبل و شبل سەری ئەسپەکانیان بەرەو ((میوانسەرا)) وەرسوڕاند، لورەیەکی ترسناك لە گۆشەیەکی حەوشەکە هات، مووی لەشی هەمووان ڕاست بۆوە. ئەسپەکان ڕەوینەوەو سمیان لەزەوی کوتا. میرزاقزبل بەزەحمەت خۆی بەسەر زینی ئەسپەکەیەوە ڕاگرت. ئەسپی شبلیش کەمی مابوو کە فڕێی بداتە خوارەوە. بابەك بە دامەزراوی لەسەر پشتی قاراقاشقا دانیشتبوو. ئەو بەگورجی تیرێکی لە کەمان هاویشت و بەرەو شوێنی لورەکە نیشانی گرت، لەپشت دیوارە ڕوخاوەکەوە گورگێك دەرپەڕییە دەرێ. ددانەکانی چیڕکردبوونەوە و بەرەو بابەك شالاّوی هێنا. تیری بابەك لەچاوتروکانێکدا لە گەرووی گورگەکە چەقی.

خوێنی گەرم، بەفری سافی بەڕەنگی سوور تێکەڵکرد ، بەڵام گورگی برسی و بریندار بەیەك تیر تەسلیم نەبوو. ئەو بەمرەمر بە چنگوڕوکە تیژەکانی بەفری هەڵدەکۆڵی و بەسەرو رووی بابەکی دا دادەدا. قاراقاشقا بەفنەفن بەسەر پاشوەکانیەوە خرۆشاو بەرزبۆوە و گورگ کە دەیویست بەرەو زینەکە بجوولێ، لە ژێر سمەکانی خۆیدا گرت و بەزەوی دادا. گورگ لە دواین هەناسەدا، هەموو توانای خۆی کۆکردەوە، پەنجە خوێناییەکانی بەپێی بابەکەوە هەڵواسی و ویستی بابەك لەسەر کوڵی زینەکە بێنێتە خوارێ. بابەك لەو دەمەدا بەچالاکی شمشێری هەڵکێشا، بەقورگی گورگەکەیدا بردە خوارێ. گورگ بەسەر بەفردا گرمۆڵە بوو. ڕەنگ لەروخساری شبلدا نەمابوو و زمانی میرزا قزبلیش گیرابوو...

بابەك لە ئەسپەکەی دابەزی و شمشێری خوێناوی بە بەفرەکە پاك کردەوە. ڕەفتاری ئەوەندە ئاسایی بوو وەك بڵێی هیچ شتێك ڕووی نەداوە.

جارێکی دیکەش نیگایەکی غەمبارانەی لەوێرانە ماڵی خۆیان ڕوانی. نە پێکەنینی شادی دایکی، نەلای لایەی گەرمی، نەگریانی عەبدوڵلا- برا بچووکەکەی! هیچ کەس و هیچ شتێك نەبوو. لەناکاو وەکو بریسکەیەك بەسەر سەریدا هاتبێتە خوارێ. لانکە دارینەکەی برا بچوکەکەی خۆی لە پشت دیوارە ڕوخاوەکە دی. لەناو لانکەکە چەند پارچە ئێسقان دەبینران،((ئەی پەروەردگاری گەورە!)) لانکی براکەی بۆتە هێلانەی درندان و دایکیشی لەگەڵ عەبدوڵلا لە ئەشکەوتێکدا خۆیان پەنا دابوو. ئەمە چ ڕۆژگارێکە؟ ماڵیان وێران، ڕۆژیان تاریك، ئەوانە ئاوایان ویستووە، ئەوانە ئاوایانکردووە!

با، ویزەی دەهات و بەفری بەسەر کەلاکی بێ گیانی گورگەکەدا دەدا.

بابەك لەحاڵێکدا کە بەغەمناکییەوە تەماشای لانکی بەتاڵی براکەی دەکرد، مشتێك بەفری لەزەوی هەڵگرت و خریکردەوە و بەسەرو چاوی دایساوی خۆیدا هێناو دواین نیگای لەدەور و پشتی ماڵەکەیان ڕوانی، ئاوزەنگی لە ئەسپەکەی دا:

- بابرۆین!

قەلەڕەشکە بەسەر سەری سوارانەوە کە بەرەو ((میوانسەرا)) دەیان ئاژوت، وشك ورەق قارەقاریان دەکرد. بابەك هیچی دیکە تەحەمولی نەکرد و هەڵۆی دەنگدا:

- بیانگرە ئەم جل ڕەشانە!

هەڵۆ زەنگوڵەکەی هێنایە زرنگانەوە، پەڕەکانی گیف کردنەوە و لەشەقەی باڵی دا!



## (٢١)

## ڕووبەڕوو لەگەڵ مردن

*مەعدەنی*
*گەورەیی و جوامێریی*
*لەدەمی تەنگانەدا*
*بەدەر دەکەوێ*
*((پەندێکی کۆن))*

دەورو پشتی ((میوانسەرا)) بەبەفرێکی ئەستوور داپۆشرابوو. هێلانەکانی پەرەسێلکەکان لەپەنا ئەستوندەکانەوە دەبینران. ئەم هێلانە قوڕ و بەتالانە بەهەر حاڵ یادگاری پەرەسێلکانی شاد و بەهاری جوان بوو. کێ چ دەزانێ لەوانەشە ئەم باڵندە سرکانە، ئیتر پەیامی بەهار بۆ ئەم سەرزەوینە نەهێنن. ئایا هەر بەڕاستی لێرە دووبارە درەختەکان گوڵ دەردەکەن. لەم وێرانەیەی بیلال ئاباد پەڕەسێلکەکان ئاواز بۆ کێ دەخوێنن؟ چۆلەکەکانی کە ساتێك بەسەر چلێکەوە ئوقرەیان نەدەگرت سیمایەکیان دیار نەبوو، لەبەر سەرما هەلاتبوون یان لەبرسان؟

چرا قوتیلە بە گەرد و دووکەڵەوە بەبن میچدا هەڵواسرابوون. زەوی ژوورەکە خراپ و نالەبار بوو بوو.

بۆنی شێداری و کۆنە، دڵی بنیادەمی تێك هەڵدەشێلا. گۆزەیەکی بەتاڵ کە نەخشی سەرە ئەسپ و بزنە کێوی لەسەر هەڵ کەندرابوو، لەقوژبنێکدا کەوتبوو. ئەم قاپە گڵێنانە کێ لەپەنا ئاگردان دایانبوون؟ خاوەنی وی ئێستا لەکوێیە؟

((میوانسەرا)) ئەوەندە ساردبوو وادەهاتە بەرچاو جگە لە خۆرەتاوی تەموز شتێکی دیکە ناتوانێ گەرمی بکاتەوە. بابەك لەهێنانی میوان بۆ جێیەکی ئاوا بێ سەروبەر پەشیمان بوو. ئەو هەر وەك مرۆڤێکی گوناهبار نەیدەزانی بە چ شێوەیەك داوای لێبوردن لە شبل و قزبل بکا: ((ئەو بێچارانە لێرە چۆن خۆیان گەرم بکەنەوە؟ بەڵام جگە لێرە بۆ جێیەکی تر هەبوو کە بیانبەم؟ دەبێ هەندێك چیلکە و داری وشك پەیدا بکەم، لەئاگردانەکەدا ئاگر بکەمەوە...))

بابەك سەیری ئاگردانەکەی کرد. لەناو ئەوێدا چەند پارچە داری نیوە سوتاو دەهاتنە بەرچاو. کەللەسەری کێوییەکی شاخداریان لەسەر دارەکان دانابوو. لەوانەیە چەتەکانی ئەبو عومران شەوێکیان لێرە ڕۆژ کردبێتەوە.

خشت بەخشتی ئێرە لەنیگای بابەکدا ئاشناو خۆشەویست بوو. ئەو جارێك غاری دەدایە حەوشە و سەرێکی لە ئەسپەکان دەدا و جارێك لە گۆشە و پەنای ژورەکە دار و چیلکەی کۆدەکردەوە. سەرما تا سەرناخی ئێسقانیان ڕۆچووبوو.

میرزا قزبل بە دژوارییەوە دەیتوانی قسە بکا

شبلی بازرگان توانای داتەکاندنی بەفری سەر سمێڵە ئەستوورەکانیشی نەبوو.

- تف لەو سەرما نەفرەتی یە! من ئەوا چەندین ساڵە زستان و هاوین لەو ڕێ و بانانەدا لەهات و چۆ دام، بەڵام هەرگیز گرفتاری سەرمای ئاوا نەبووم.

بابەك دارو چیلکەی زۆری لەدەوری ئاگردان کۆکردبۆوە. سەرەتا دارە تەڕەکانی جیاکردەوە و ئینجا دارە وشکەکانی لەناو ئاگردانەکەدا کەڵەکە کرد. دەویست پاش ئەوەی کە ئاگرەکە دایسا، دارە تەڕەکانیش لەپەنای ئاگرەکە دابنێ. دووکەڵێکی چڕ بەدەوری ئاگردانەکەدا کۆ ببۆوە.بەجووڵانی شەپۆلی گەرما، لەناو ژوورەکەدا، جاڵجاڵۆکەیەکی کە لەهاوینەوە لە قوژبنێکدا بەجێ مابوو، هاتبووە جووڵان و پاشماوەی مێشەکانی هێنایە جووڵانەوە. دارەکان فیشکە فیشکیان دەهات و دەسووتان. جارو بار مەشخەڵێکی سەوز و زەرد وەکو زمانەگا لە ناو دووکەڵەکەدا درێژ دەبۆوە و بەردەکانی لێواری ئاگردانەکەی دەلێستەوە.

- ئۆخەی وا خەریکە هێواش هێواش لەشم گەرم دەبێتەوە! هاوین نیعمەتە!

میرزا قزبل کە لەسەختی سەرما گیانی هاتبووە سەر لێوی، لە پێش ئاگرەکە ڕاوەستابوو دەیویست مەشخەڵەکان قووت بدا. گەرما خەریك بوو، بەفرە بەستووەکانی لەسەر ڕووی قزبل و شبل دەکردە ئاو. لەتۆڵەی ئەم هەموو پەشۆکاوییە ئێستا دەکرا درێژدا دری بکەن و قسە بکەن.



شبل لە کاتێکدا کە سمێڵە درێژە نەرم بۆوەکانی لوول دەدا کوتی:

- سروشت زۆر کاری سەیر و نامۆی هەیە، میرزا، ئەگەر بیەوێ مرۆڤ والێ دەکا وەك گورگ لوورەی بێ و دەتوانێ وای لێبکا وەکو مار بەسەر زەویدا بخشێت. سەرما پرزە و برستی لێبڕی بووین.

میرزا قزبل تەقەتەقی لە پەنجە باریکەکانی هێنا کوتی:

- من ئیدی تاقەتی قسەکردنم نەماوە.

- بژی بابەك کە بەهانامانەوە هات.

تەماشای کرد بابەك لەپەنای ئاگرەکە نییە. کوتی:

- باشە ئەم کوڕە بۆ کوێ چوو، بۆ نایەت خۆی گەرم بکاتەوە؟

چاوەکانی هەڵۆ لە پەنای ئاوردانەکە دەدرەوشایەوە، بەڵام بابەك خۆی بۆ کوێ چوو بوو؟ قزبل سەیرێکی هەڵۆی کردو برۆکانی لێك کێشانەوە، کوتی:

- ئەم لاوە وەك جیوە، ساتێك لە جێیەك ئۆقرەی نییە. حەتمییە کە چووە سەرێك لە ئەسپەکان بدا و کاو جۆیان بداتێ، پارچە ئاگرێکە بۆ خۆی...

چاوەکانی شبل پێکەنین:

- بروەمەند دەیکوت جاویدان دەیەوێ بابەك بباتە بز لەوانەیە بۆ هەمیشە لەوێ بمێنێتەوە.

ئاگردان بلێسەی ستاند بوو و تەشقی سەرمای ژوورەکەی دەشکاند. جاروبار لەناو ئاوردانەکەوە پریشکێك بە ڕیشی میرزا قزبل و شبل دەکەوت. گەرمای خۆشی ئاوردانەکە کەیفی ئەوانی کردبۆوە. بابەکیش وەك ئاگر بلێسە لەجم و جۆڵ دابوو. جارێك لە دەرەوە داری دەهێنا و تاوێك بەسەر خزمەتکردنی ئەسپەکان ڕادەگەیشت، لەگەڵ ئەواندا قسەیدەکرد:

- هێ! جۆیەکەتان چۆنە؟ بۆ خۆم لە بێژەنگم داوە بەلێنتان دەدەمێ یەك دانە وردە بەدریشی تێدا نەبێ.

بابەك سەرەتا هەوساری ئەسپەکانی دەرهێنا، تەنگەی زینەکانی شل کردنەوە، ئەسپەکان لاوێنرابوونەوە کلکی گرێ دراویان تا ناوەڕاستی قاچیان دەهات، خرتە خرت بە نازەوە کاو جۆیان دەخوارد.

بۆ ئەسپ برسێتی لەسەرما خراپترە. قاراقاشقا تێر خواردنی نەبوو. بابەك بەدرێژایی شەو ئەوی لینگ دابوو لەپای خستبوو.

- قار...؟ قار...قار! قغ قغ قغ، قەلەڕەشانی داماو لەدەوروبەری ئەسپەکان قارەقاریان دەکرد. دەتکوت هەموو قەلەڕەشەکانی هۆبەکانی هەرێمی میمەد، لەوێ کۆببوونەوە. ئەو دەنکە جۆیانە لە لێوی خورجینی ئەسپەکانەوە دەرژانە خوارێ بۆ قەلەڕەشەکان دەسکەوت بوو. لەژێر پێی ئەسپەکاندا دەنکە دۆزییان دەکردو چاویان لەبن کلکی ئەسپەکانەوە دەبڕی.

- کش! هەی باڵ شکاوینە خۆ نایەڵن ئەسپەکان بەسانایی جۆیەکەیان بخۆن.

بابەك لە حاڵێکدا دەستی لاواندنەوەی بەسەرو چاوی قاراقاشقادا دەهێنا، لەژێر لێوانەوە ورتە ورتی دەکرد((لەجیاتی ئەوەی قەلەڕەش بی و سێ سەد ساڵ بژی، باشترە هەڵۆ بی و سێ ساڵ بژی... شەرەف و ئازادی گەورەترین بەختەوەرییە... دەهێنێ بەنرخی بوون و ژیانی خۆت بەدەستیان بهێنی...)))

ئێستا ئیتر هەوا گەرم و خۆش ببوو. مەشخەڵی نارنجی بلێسەیان دەستاند و رووناکی و گەرمییان دەدا. شبل کە لەسەر کۆلکەیەك جێی خۆی خۆشکردبوو، سەلکە بزووتەکانی دەکێشایەوە و هەمدیس لەبارەی بابەکەوە قسەی دەکرد.

- ئەگەر ئەو ئاوردانەی هەڵنەدەکرد، حسابمان تەواو بوو!

میرزا قزبل دەستێکی بەریشیدا هێنا، کوتی:

- باڵندە لەهێلانەی خۆی بەبرسی نامێنێتەوە ئێرە نیشتمانی ئەوە.

بابەك هێشتا لە حەوشە بوو. کەمەربەندی چەرمینی بەستبوو. ساز و ئامادەی جەنگ بوو. دەتکوت لەهەمان ساتدا ئامادەی مەیدان بوو، بەخۆی کوت: ((نابێ لێرە زۆر گیر ببین)) پاش ئەوەی بەئەسپەکان ڕاگەیشت هاتە ژورەوە لەحاڵێکدا کە لەکەناری ئاورداندا دەستەکانی پێکدا دەهێنا، پرسی:

- چۆنن دەڵێی کەمێك گەرمتان بۆوە.

شبل و قزبل هەردووکیان سوپاسیان کرد. بابەك کوتی:

- گوێتان لێیە قەلەڕەشەکان چ هەنگامەیەکیان بەرێ خستووە ئەگەر مۆڵەتمان بدەن لەگەڵ معاویە سەرێك لەکاروانسەرا بدەین. پێشبینی ئەوە دەکەم ئەبوعومران لەوێ بێ. دەبێ لەبارەی شوێن و وەزعی چەتەکان هەواڵ بەجاویدان بدەین.

میرزا قزبل کوتی:

- ئێستا دامان نا کەلەوێ بوون، ئەوکات چ دەبێ؟



- میرزا هەموو بوونەوەرێك رۆژێك هاتۆتە دنیا، رۆژێکیش دێ دنیا بەجێ دەهێڵێ... ناکا لەمردن بترسێی؟

قزبل بێ دەنگ بوو و شبل کوتی:

- نەخێر! بۆچی لەمردن بترسین، بەڵام هەر چەندێك خۆپارێزی بکەی باشترە. دوژمن فێڵبازە نەوا لەداوت بخەن. ئێمە لێرە چاوەڕێ دەبین. زوو بگەڕێوە و درەنگمان لێ دانایە.

خۆر لەپشتی هەورانەوە لەمانگ کەم ڕەنگ تر دەبینرا. هێشتا نەگەیشتبووە ناوەڕاستی ئاسمان. بەفربارین لێی کردبۆوە. بەڵام بایەکی توند کە لەلای ئاراسەوە هەڵی دەکرد بەفری بەهەوادا دەبرد. بابەك چووە سەر کانی، ئاماژەی بۆ معاویە کرد: ((بەدوامدا وەرە!))

سەرما شەقازلەی لەڕومەتی برایان دەدا. بەڵام ئەوان بێ باکانە بەرەو کاروانسەرا لێیان دەخوڕی. لەناکاو معاویە جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشا.

- بابەك! شوێن پێ دەبینی؟

- دەبینم! ئاگادار بە، بەدوا مندا وەرە!

- چەند باش دەبوو ئەم زریانە نەفرەتییە ساتێك ئارام ببوایە!

برایان بەتەنیشت ماڵی خۆیاندا تێدەپەڕین. دەمیر گوێکانی قیت کردنەوە، بەدەم فن کردنەوە سمی لەزەوی یەوە کوتا: ((حەتمییە شتێك ڕووی داوە! لەوانەیە چەتەکانیش لەماڵی ئێمە بن)) معاویە تیرێکی لەتیردانی دەرکێشا لە چلەی کەوانی هاویشت و بەپارێزەوە چاوێکی بەحەوشەدا گێڕاو ئاوزەنگی لە ئەسپەکەیدا. دەمیر دووبارە فنی کرد و گەڕایەوە دواوە. لەو دەمەدا معاویە چاوی بەشتێك لەناوەڕاستی حەوشەدا کەوت: ((ئەمە چییە؟)) با، بەفری لەسەر کەلاکی گورگەکە لادابوو معاویە بێ ئاگایانە بانگیکرد:

- برا! ئارام بگرە. لێرە کەلاکی گورگێك کەوتووە! تازە کوشتوویانە!

زەردەخەنەیەك لەڕوخساری بابەك گەڕا:

- ئەگەر وریا نەبام ئێستا من لەجیاتی ئەو لەناو بەفر و خوێندا خەڵتان بوو بووم. خوێڕییە لەناو لانکی عەبدوڵلا جێی خۆی خۆشکردبوو. خەوم لێ پەشۆکاند. بابڕۆین!

هەرچی زووتر لەکاروانسەرا نزیك تر دەبوونەوە شوێن پێی ئەسپان زیاتر دەبوو. بابەك چاوی لەشوێن پێکان هەڵنەدەگرت. بەڵام بێدەنگی و غەمباری ماڵەکەیان و ئەو حاڵەتەی لانکی براکەی ئەوی غەمبار و پەشۆکاو کردبوو. بیرەوەری تاڵ و شیرین، لەبەر چاوی زیندووبوونەوە. بۆ ساتێك هەستیکرد دڵی بۆ دایکی و عەبدوڵلای برای بەتوندی تەنگ بووە. گومانی نەبوو

کەدایکیشی چاوی لەرێی ئەوە. حیلەی قاراقاشقا ڕشتەی خەیاڵەکانی بابەکی لێك دابڕی. بەزوویی گەڕایەوە.

- معاویە! کوا؟ واخەریکە دەگەینە کاروانسەرا

معاویە جڵەوی دەمیری ڕاکێشا.

لەبەردەمی کاروانسەرا، شوێن پێکان تێکەڵ و پێکەڵ ببوون. بابەك بەدیتنی ئەم هەموو شوێن پێیە وەخرۆشان هاتبوو. بێ ئیرادە دەستی خزیە سەر قەبزەی شمشێرەکەی

- دەڵێی گەلەگورگ لێرەن!

بابەك بەئاماژەی چاو و برۆ معاویەی حاڵیکرد کە ئامادەی ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ پێشهاتەکان بێ.

معاویەش دەستی لەسەر قەبزەی شمشێرەکەی دانا، کوتی:

- من وا بیر ناکەمەوە کە خودی چاو دەرپەڕیو شەوی لێرە بەسەر بردبێ، ئەو لەگەڵ خەلیفە هەستان و دانیشتنی کردووە. بەناز پەروەردەیە. لەوانەیە لەناو ئاورگەبێ.

بابەك بەهێمنییەوە لەئەسپ هاتە خوارێ و ئەژنۆی دادا. بەدیقەتەوە شوێن پێ کانی پشکنی:

- ئەوەی بەدوایدا دەگەڕاین ئاخیرەکەی دیمانەوە. ئەسپەکانی چەتەکان لێرەن... دەبینی؟

معاویە جڵەوی ئەسپەکەی بەگورجی وەرگێڕاو کوتی:

- باشترە بەسواری بڕۆین و خەبەر بدەین. ئێمە دوو کەسین و کارێکمان لەدەست نایە.

بابەك بەنابەدڵێیەوە لەپێشنیارەکەی معاویە، تەماشایەکی کرد و بەئاوازێکی سەرکۆنانەوە کوتی:

- تۆ ترسەنۆك نەبووی، دەتەوێ ڕابکەین؟ دەبێ بزانین ئەمانە کێن، لەوانەیە هەندێ ڕێبواربن لەبەر سەرما پەنایان بۆ ئێرە هێنابێ. تۆ لەبەردەمی کاروانسەرا ئاگات لە ئەسپەکان بێ تا من دەڕۆم و بنج و بناوانی مەسەلەکە دەردێنم.

معاویە لەڕووی ناچارییەوە شانەکانی بەرزکردەوە:

- هەر جۆر کەتۆ ئارەزوو دەکەی. بەلاّم لەبیرت نەچێ کە خۆپارێزی عەیبی تێدا بەدی ناکرێ. هەر جۆرێك هەڵبێین دیسانەوە چەتەکان دەتوانن بەدوامان بکەون و دەسگیرمان بکەن.

بابەك جڵەوی قاراقاشقای دایە دەست معاویە:

- بگرە!



معاویە بەدڵسۆزییەوە کوتی:

- باشە با پێکەوە بچینە ناو کاروانسەرا. چەتەکان زۆر نامەردن. بابەك هیچی نەکوت. شمشێری هەڵکێشاو بەپارێزەوە گوێی بەدەروازەی کاروانسەراوە نووساند. دەنگی فنەفن و لوشمە لوشمی ئەسپان دەهاتە بەرگوێ. بابەك هەناسەی لەسینگدا ڕاگرتبوو، دەرگای پاڵدا. قولابی دەرگا سیرەی هات. دەرگایان لەژوورەوە داخستبوو: ((دەبێ خەبەری ورد بۆ جاویدان بەرم... ئێستا دەبێ بزانم لە چ ڕێگایەکەوە دەتوانم بچمە ژوورەوە!)) بابەك شمشێر بەدەست، بێ خشپە و هەستی پێ بەدەوری کاروانسەرادا سوورا. هەرچەندە کە بەپارێزەوە هەنگاوی هەڵدەگرت، بەلاّم دیسان بەفر لەژێر پێیدا سیرەی دەهات. چوونە ناو کاروانسەرا تەنیا لەرێی کولاّنەی سەربانەوە دەرەتانی هەبوو. لەکولاّنەوە هەڵمێکی گەرم دەهاتە دەرێ.

بابەك گەڕایەوە، لەسەر زەوی دانیشت و ئەسپەکەی بەرەو بن دیوار هێناو لەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە خۆی هەڵ دایە سەربانی کاروانسەرا. معاویە جڵەوی ئەسپەکەی گرتبوو چاوەڕێ بوو. دەنگی تەپەی دڵی خۆی گوێ لێبوو: ((ناکا سەردەستەی چەتان لەوێ بێ. نەدەبووایە بێڵم بابەك بەتەنێ بڕوا...))

با، گۆشەی داوێنی پەستەکەکەی ڕادەوەشاند. قاژووەکان دیسانەوە قیڕە قیڕیان دەکرد ((ئەگەرئەم جاسووسانە خەفەخنکێن نەکرێن، وەزعەکان خراپ دەبن...)) بابەك خۆی ڕاست کردەوە، کەوانی ڕاکێشا... نیشانی تیری بەرەو قاژووەکان گرتبوو... معاویە کلاّولبادەکەی دەرهێنا،بە هەوادا ڕای دەوەشاند: ((ئەها! ئەوە چ دەکەی؟ تیرەکانت بەفیڕۆ مەدە. پێویستمان دەبن!)) بەلاّم تازە درەنگ بوو بابەك تیری هاویشتبوو. قاژوویەك سەرەنگرێ بوو و لەپەنای ئەسپ کەوتە سەر زەوی. ئەسپەکان تەکانێکیاندا. معاویە گورج و چاپووکانە، جڵەوی هەردوو ئەسپەکەی ڕاکێشا:

- بێدەنگ!

- بێدەنگ!

بابەك ئێستا لەتەنیشت کولاّنەی سەربانەکە ڕاوەستابوو. سەرباری ساردی هەواش لەشی داخ داخ بوو. دەتکوت ئاگر داگیرسێن هەموو ئاگرەکانی ئاورگەی لەناو سنگی ویدا خڕکردۆتەوە. بابەك دەیویست هەموو ئەوانەی لەناو کاروانسەرادان، بەدەمی شمشێردا بهێنێ. ئەم قسانە لەناو گوێیدا دەزرنگانەوە: ((کوڕم! مێرخاسێك کە شمشێرەکەی لەکالاندا ژەنگی هێنابێ، لەمردوویەك زیاتر نییە، شمشێری خوڕەمی دەبێ هەمیشە هەڵکێشراوبێ!))

...بابەك بەئەسپایی سەری لەکۆڵانەی پشتی سەربانەوە بردە ژووریٚ. هەموو شتێك لەبەر چاوی دیار بوو: ((سەیرە! لەژوورەوە، چەند ئەسپی لێن؟ هەموشیان پۆشتە و چەکدار. وادیاربوو کە چەتەکان لەسەر ڕێگایانەوە لێرە لایاندابوو!... مەیتەر دیارە خەونی حەوت پاشا دەبینیٚ! کەوایە باشتر!...))

دروست لەژێر کولاٌنەدا، ئەسپێکی قەلاٌفەت جوان، بەزینێکی زیوینەوە ڕاوەستابوو، پێستە پڵنگێك بەسەر زینەکەدا دادرابوو. بابەك کەوتەوە یادی ئەو نێریانە سپییە کەڕامی کردبوو، ئەسپ بە ئیشتیایەکەوە سەرگەرمی کاوجۆ خواردن بوو، تا هاتەوە سەرخۆی، بابەك لەو بەرزییەوە نیشتبووە سەر پشتی و بەدەست پێداهێنانی بەیالٌی ئەسپدا ئەوی ڕام و ئەفسوون کێش کردبوو. بابەك لەڕووی ڕەنگ و شێوە و تەمەنی ئەسپەوە، ئەوی باش دەناسی. کاتێك دلٌنیابوو ئەسپ بەدخولٌقی ناکا، لەسەر زینەکەوە چەمایەوە و تیردان و شمشێرێك کە لەتەنیشتییەوە بەمێخی ئەستوندەگێکەوە هەلٌواسرابوو، لێکردەوە، ئەوانی بە ئەسپایی لێکردەوە و لەکولاٌنەکەوە هەلٌیدایە سەر بانەکە. دەنگی خرپە خرپی هەناسە لەکاروانسەرادا دەنگی دابۆوە. بابەك گوێی هەلٌخست و تەماشای کرد. پیرەمێردێکی خەپەتۆلٌە لەگۆشەیەکدا پەستەکەکەی لەخۆیەوە پێچابوو، لەسەر کا نوستبوو. نووکی سمێلٌە پڕەکانی وەکو گسك وابوون: ((جێگای ترس نییە، ئەم دێوی حەوت سەرەم چەککرد. نازانم خودی چاو دەرپەڕیو بۆ کویٚ چووە؟ ئەو نابیٚ لێرە بیٚ. ئەو ڕانەهاتووە لەناو کاروانسەراو لەپەنا ئەسپ بخەویٚ.))

مەیتەری بەساڵدا چوو قرخەقرخێکی وەڕیٚ خستبوو کە جاروبار بۆ خۆشی لەدەنگی قرخەقرخی خۆی تەکانی دەخوارد. وادەهاتە بەرچاو دەتکوت کەسێك دەستی لەبینە قاقای ناوە، خەریکە دەی خنکێنیٚ. ئەسپەکان جاروبار دەترسان، گوێیان قوت دەکردەوە و بەفنەفن سەریان لەناو خورجێنی کا دێنایە دەریٚ. مەیتەری پیر خەونی هەراسانی دەدی و لە خەودا قسەی دەکرد و هاواری دەکرد و سەگەکانی بەرەو گورگەکان هاندەدا: ((مەهێلٌە! فریام کەون!)).

دوودلٌی بابەك ڕەوییەوە: ((نا. خەوی لێکەوتووە))سەرەتا بابەك ویستی لەناکاو هەلٌمەت ببا، خۆی فڕێداتە سەر مەیتەر و بە کۆلٌەگەکەوە بیبەستێتەوە و هەموو ئەسپەکان لەتەوێلٌە بێنێتە دەریٚ و بەرەو بز بیان با. پاشان ڕای گۆڕا: ((بردنی ئەم هەموو ئەسپە بەرۆژێکی ئاوا بەفر و بۆران کارێکی ئاسان نییە.)) ئەو بیرێکی دیکەی کردەوە: ((جلٌەو و تەنگەی هەموو ئەسپەکانی بەشمشێر بڕی. بەلاٌم بەشێوەیەك کە بەتەواوی نەپسیٚ... و ئینجا هەر لەو ڕێیەوە



کە پێیدا هاتبووە خواریٚ، لە تەویلە هاتە دەریٚ. تا گەیشتە سەر پشتی سەربانەکە، گوێی لەدەنگی معاویە بوو:

- زووبە برا، چەتەکان خەریکن لە ئاورگەوە بەرەو ئێرە بێن. دەلٌێی ئێمەیان دیوە، بجوولٌیٚ!

بابەك کوتی:

- بابێن دەجەنگین تا دەرکەویٚ کیٚ پیاوە و کیٚ ناپیاوە؟

معاویە چەپ و ڕاستی خۆی ون کرد:

- ئەمە چ قسەیەکە دەیکەی؟ وانەزانی من خەریکە دەترسم... بەلاٌم ئێمە ڕاسپێرییەکمان بەئەستۆوەیە و دەبیٚ میرزا قزبل و شبل بگەیەنینە چناری پیر بابا. مەسەلەی چەك لە ئارادایە. جاویدان پێویستی بە چەکەکە دەبیٚ شبل بۆی ببات. بیر بکەوە بزانە کامیان پێویستترە. دەستەویەخەبوون لەگەلٌ سەگ و گورگ، یان گەیاندنی ئەم هاوەلاٌنە؟ تازە لەبەرامبەر ئەم هەموو چەتەیە من و تۆ کارێکمان لەدەست نایە. ئەگەر ئێمە بکوژرێین ئەگەری زۆری هەیە شبل و قزبلیش ببیننەوە و بیانکوژن. لەو حالٌەتەدا هەموو ڕیسەکان دەبنەوە خوری...

هەردوکیان سوار بوون. پیاوانی ئەبو عومران بەناو بەفردا ڕێگەیەکیان بۆ خۆیان کردەوە. بەدژواری بەرەو پێشەوە دەهاتن. کاری پیادەکان دژوارتر بوو. بابەك و معاویە ئەسپەکانیان لنگ دان و لە پشتی تەویلەوە پێچیان کردەوە، لەسەرەو لێژێکدا سەر بەرەو خوار بوونەوە.

چەتەکان کە دوو سواری نەناسیاویان دیبوو، بەنەعرەتە کێشان خۆیان گەیاندە کاروان سەرا، مەیتەری پیر لە سۆنگەی ئەو هەلٌلاٌ و هەنگامەیە لەخەو ڕاپەڕی و دەستی بۆ چەکەکەی برد، بەلاٌم شوێنێك لە چەکەکەی ئەو دیار نەبوو.

ئەبو عومران فەرمانی بە چەتەکان دا سواربن و ئەم دوو لاوە بە زیندوویی دەسگیر بکەن.

- ئەم کافرانە نابیٚ لە بیلال ئاباد دەرچن، بجوولێن چەتەکان ئەسپەکانیان ڕاکێشایە حەوشە، خۆیان هەلٌدایە سەر زین، بەلاٌم چەند هەنگاوێك نەرۆیشتبوون کە پالٌووە چەرمینەکان پسان و یەکە یەکە لەسەر ئەسپەکانیانەوە دەکەوتنە ناو بەفر و سەهۆلٌەوە. سەر و دەستی چەند کەسیان شکابوو. ئەبو عومرانیش کە پەستەکێکی لە کەولٌی پلٌنگ لەبەردا بوو لەناو بەفر دەست و پێی دەکوتا. پێش ئەوەی چەتەکان بێنەوە سەر خۆیان، بابەك و معاویە لە پشتی تەویلٌەوە وەدەرکەوتن.

- ئەها! بیگرن!

بابەك هاواری کرد:

- هەر کەسێك دەیەوێ بەدەستی بابەك کوڕی عەبدوڵڵا بکوژرێ با بێتە پێشەوە.
- بیگرن ئەو حەرامزادەیە، بابەکە خۆیەتی، نەهێڵن دەربازببێ.

تیر وەهەوا کەوتن و دەنگی چەکە چەکی شمشێران و قەڵغانان تێکەڵ بەیەك بوون. چەتەکان بەتەواوی خۆیان لەدەست دابوو. زەوینی پڕلە بەفر و سەهۆڵبەندان جووڵانەوەی چەتەکانی دژوارکردبوو. هەرچی هەوڵیاندەدا بەهۆی قورسی پەستەکانیانەوە، نەیاندەتوانی ڕاست ببنەوە، سەرەنگرێ دەبوون و دەکەوتنە خوارێ. ترس و ڕق و دەستەو وستانی ڕیگەی پێ نەدەدان بەسەر خۆیاندا زاڵبن. چەند نەفەرێك بوونە ئامانجی تیری کوشندەی بابەك و معاویە و تا ئەوانی دی بەسەر پشتی ئەسپانی ڕووتەوە کەوتنە خۆ، جووتە برا لەچاو ون بووبوون...

لەبەردەمی کاروانسەرا حەوت ئەسپی بێ سوار دەیان حیلاند، ئەبو عومران لە حاڵێکدا کە بارانی جنێوی بەسەر ئەسپەکەی خۆیدا دەباراند، وێڕای چەند کەس لە هاوەڵانی کەوتنە دوای بابەك... بەڵام درەنگ بووبوو...

کاتێك بابەك و معاویە گەیشتنە، میرزا قزبل و شبل هەردووکیان سواری ئەسپ بوون و بەدڵەڕاوکێوە چاوەڕوانی هاتنی ئەوان بوون.



## (٢٢)

## دوو برای دوژمن بەیەکتر

*بۆ ئەوەی لانەی شێر*
*داگیر بکرێ، دەبێ*
*شێر بکوژرێ.*

پاش ئەوەی ئاواز و نەوای قەرەنفل ژیانێکی تازەی بە هارون بەخشی. هارون دوو بەرامبەری جاران ئەوی خۆش دەویست. ئەو تەنانەت ئەگەر نیوەی قەڵەمڕەوی خەلافەتیشی بە دڵبەرە خۆشەویستەکەی بەخشیبا، هەستی بە پەشیمانی نەدەکرد. بەڵام داخوازی ئەوی لەبارەی ئازەربایجان تا ئاخرین ڕۆژانی ژیانی خستە پاش گوێ. تەنانەت لەسەرە مەرگیشدا وەسیەتی بۆ کوڕەکانی کرد: ((دواین قسەم بۆ ئێوە ئەوەیە، بەئیرادەی خوا دەست بخەنە ناودەستی یەکتر، تەنانەت ساواکانی خوڕەمیش بە زیندوویی نەهێڵن. کارێك بکەن ناوی خوڕەمی لە لاپەڕەی مێژوودا بسڕێتەوە)).

پاش ئەوەی هارونیان بەخاك سپارد. دەتکوت هەورە بروسکە لە کۆشکی زێڕینی داوە. هەل و مەرج بەجۆرێك ئالۆز بوو کە ناردنی هێزی بەهانا چوون بۆ ئازەربایجان کەوتە ناو بۆتەی فەرامۆشییەوە. هێشتا سێ ڕۆژ لە مەرگی خەلیفەی خۆپەرست تێنەپەڕی بوو کە کوڕەکانی بۆ بەدەستهێنانی میراتی باوکیان بەربوونە گیانییەکتر. بەپێی وەسیەتی هارون ویلایەتی خوراسان پشکی مەئمون بوو. ئازەربایجان وەك مارەیی تایبەتی زبێدە خاتون لەدەست ئەودا دەمایەوە. ویلایەتەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئەمین بو کە ئەو خەلافەتیشی پێ سپێردرا بوو. شمشێری هارون و سەرزەوینەکانی دەوروپشتی بەغدا بۆ موعتەسم کە دایکی تورك بوو دانرابوو. شمشێری دیمەشقی هارون لە بیروڕای موعتەسەمی جەنگاوەردا، لەتاج وتەختی هارون بەنرخ تر بوو. هێشتا چلەی

هارون نەهاتبوو کە کێشمەکانی دەربار تین و تاوێکی وای ئەستاند بوو کە بنەماڵەی عەباسی ڕووبەڕووی مەترسی نابووتی بۆوە. زبێدە خاتون لەبەڕێوەبردنی قەڵەمڕەوی بەرفراوانی خەلافەت دژواری گەلێکی تاقەت بڕی تەحەمول کرد و سەرەنجام ئەمینی کوڕی لە جێگای هارون دانا. بەو پێیە جڵەوی کاروبارە سەرەکییەکان کەوتە ناو دەستی زبێدەوە. ئەمین بەڕادەیەك سەرگەرمی خۆشگوزەرانی و سەرمەستی بوو کە نەدەپەرژایە سەر دۆست و نە بەدوژمن ڕادەگەیشت. شەو و ڕۆژی لەگەڵ ئەبو نەواس لەزۆنگەکانی بابل بە ڕاوی شێرەوە ڕادەبوارد یاخودلەناو بەلەکەمەکەی خۆی لە دیجلەدا بە شادی ڕایدەبوارد. ئەو زیاتر لە ڕاوێژکارانی سیاسی و کارگێڕی، سەری دابوو. بەلای ئاوازخوێنان و سەماکارانەوە. زۆر لە ڕۆژانی لە هاوینەهەواری ئەنبار دەکردە شەو و زۆر شەوانیشی بە گۆرانی دەکردە ڕۆژ. تەنانەت جاری وا هەبوو کە خزمەتکارانی زبێدە خاتون، سۆراخی ئەویان لەدێری ((روباهان)) وەردەگرت، ئەمین بێ منەت و سەربەست کەیفخانە و مەیخانەکان و ژوانگەکانی لەمیوانداریەتی شکۆداری کۆشکی زێڕین و ڕووناکی درەختی زێڕین خۆشتر لێدەهات. بەیەك قسە ئەو زیاتر پیاوێکی خۆش ڕابوێری ئاوارە بوو تا ئەمیرول موئمنین و خەلیفەی موسڵمانان.

وەستایانی سووری و تەورێزی بە فەرمانی ئەمین موجیزەیان خوڵقاندبوو. ئەوان حەوت کەیف خانەی گەرۆکیان، حەوت بەلەمی ڕابواردنیان بۆ خەلیفە دروستکردبوو، و ڕازاندبوویانەوە تا بەسەر شەپۆلی نەرم و شەوانەی دیجلە، خۆی لەدەردە سەرییەکانی قەڵەمڕەوی بەربڵاوی خەلافەت دوور بخاتەوەو شەو بەبێداری بمێنێتەوە. شەنگەبی لق ورد و دارخورمای بەرز، دیجلەیان لەچاوی شەوگەڕیدانی بیانی دەشاردەوە. هەرکام لەو حەوت کەیفخانەیە لەشێوەی ئاژەڵێك دروستکرابوو لیبۆکان، سواری کەشی ((ماروش)) دەبوون. ئەوانە خەلیفەیان لەپێکەنیندا لەهۆش خۆی دەبرد. پیاوانی ((زێڕ)) و ((زیو)) لەکەشتی ((ئەسپ وش)) سواردەبوون. سەماکاران و ئاوازخوێنان لەو کەشتییەدابوون. کەشتییەکانی دیکە بەشێوەی زەڕافەو فیل و شێر و وشترو سەگ بوون و بەهەمان ناو ناودەبران و تایبەت بە بەندەکان و خواجەکان و چێشت لێنەران بوون. کەشتی ((ئەسپ وش)) کە لەکەشتییەکانی دیکە زیاتر جێگەی بایەخی ئەمین بوو، بەمافوری ڕەنگاو ڕەنگی ئێران و شێروان ڕازێنرابوونەوە. هەموو گۆشەو کەناری کەشتییەکانیش بەگوڵانی ڕەنگاوڕەنگ جوان کرابوون. خۆر کە ئاوا دەبوو لەنێو کەشتییەکاندا، مۆم هەڵدەکران ئێرە لەژێر درەختی زێڕین بە سەیر و سەفا تر بوو. ئەستێرەکانی ئاسمان —ئەم گەوهەرە جریوێنەرانە- بەسەر ئاوێنەی شەپۆڵی ئاوەکاندا تیشکیان



دەدایەوە. کەشتی یەکان لە شەپۆلی مۆسیقا ژاوەیان دەهات. بە پانایی دیجلەدا شەپۆلیان دەدایەوە و بەرەو ((رەئس ئەل جسر) دەخشین.

سەماکەرانی بەژن باریك و ئەندام ناسك لەحاڵێکدا کە خڕخاڵەکانیان دەزرنگاندەوە. بەناز و لەنجەوە، وەك پەروانە بەدەوری خەلیفەدا خولیاندەدا. هەموویان لەهەوڵی ڕاوکردنی دڵی ئەم خەلیفە جوان و باڵابەرزەدا بوون. دڵبەرەکەی خەلیفە لە قەرەنفڵ ئاوازی خۆشترو جوڵانەوەکانی شیرینتر بوو. کچانی ئاواز خوێن ئێرەییان بەجوانی جوانان دەبرد. کاتێك ئەم پەرییە چواردە ساڵە جل سەوزە بۆ سەما هەڵدەستاو بەژنی خۆی دێناو دەبرد، ئەمینی هەوەس پەرست لەهۆش خۆی دەچوو. کەئاوازی تێ هەڵدەبرد، ئاگری لەگیانی وی بەردەدا

وەك مانگ ڕووناك، ناسك وەك بارانم
سروشتم دوو لایەنەیە
نیوێکم لەمەیە و نیوەم لەوەیە
ڕێی هەوەسبازی بە بێگانە نادەم
سەروەرم ئەمینە، ئەمین، ئەی یاران!

گۆرانییە دڵ بزوێن و هەوەس هەژێنەکانی دڵبەری شۆخ، ئەقڵ و هۆشی لەسەری ئەمین فڕاند بوو.

لەکاتی ئاواز خوێندندا، بەسەر ڕوخساری مانگەشەو ئاسا و لێوە پشکوتووەکانی کچەدا زەردەخەنەیەکی پڕ مانا، نەخش دەبوو، زەردەخەنەیەك کە چاوە خومارەکانی ئەمینی دەلاواندەوە. خەلیفە لەهەناسەی گوڵاوین و دەنگی ئەفسونکێشی دڵبەرەکەی بێ هۆش دەبوو، ((ئەم پەری بەهەشتە بە چ بەختێکەوە لەدایك بووە؟! خواوەندی جوانی هەرچی جوانی و هەوەس بزوێنی کە هەیبووە بەم پارچە ئاگرەی بەخشیوە! چ دیارییەکی پێشکەش بکەم کە لەمەقامی جوانی ئەودا بێ؟))

خەلیفە کە جڵەوی ئەقڵی خۆی لەدەسدەدا، وەزیر سەری بەبنا گوێیەوە دەنا، بەتکاوە دەیکوت:

- ئەوە ڕاست نییە کە ئەمیرول موئمنین لەبەرامبەر دڵبەرەکەیدا ئەوەندە بێ تەحەمول بێ.

بەڵام خەلیفە گوێڕایەڵی ئەو جۆرە دەرسانە نەبوو. ئەو قسانە لەساتە وەختی خۆ لەدەستدانی خەلیفەدا نەیدەتوانی بە قازانج و چاکەی وەزیریش تەواو ببێ. لەم وەختانەدا وەزیر جگە لە قەلاقوپ کردن ڕێگا چارەیەکی دیکەی نەبوو. شەوێك ئەمین لەکاتی گەشت و گەڕانی شەوانەدا، لەحاڵەتی سەرمەستیدا وەزیری خۆی بانگ کرد و ئەوی گیرۆدەی وەزعێکی دژوار کرد:

- وەزیر، خەزێنە چەندی تێدایە؟

- پێویستێیەکە بۆچییە ئەی ئەمیرول موئمنین؟

- دەمەوێ ناوی حاتەم بەسەر زاروزمانانەوە نەمێنێ دەمەوێ بەخشندەیی بەناوی منەوە تەواو ببێ.

- قیبلەی عالەم ئەو قسەیەی هارون ڕەشید —خواوەند ڕەوانی شاد بکا- لەگوێی خۆتان بگرن کە: ((ناوبانگ بەدەست چرووکی بەدەست نایە. خەلیفە دەبێ خاوەن بەخشندەیی و دلاوایی بێ)) ئێوەش هەروەکو باوکتان جێگەتان بەهەشت بێ دەستی حاتەمتان لەپشتەوە بەستووە. خەزێنە چل و نۆ ملیۆن دنیاری تێدایە.

- دەمەوێ هەر ئێستا خەزێنەدار ئامادەبێ، فەرمانی بدەیە سێسەد هەزار دنیار بە دلبەری جوانی من ببەخشێ.

وەزیر سەری تەعزیمی دانەواند:

- ژێر فەرمانتانم ئەی ئەمیرول موئمنین.

ئەمین چاوەکانی خومار کردن:

- بیست هەزار دنیار بۆ ئەبو نەواس، دە هەزار دنیار بۆ سەردەستەی سەماکاران، پێنج هەزار بۆ خەتیبی گەورە.

- فەرمانتان جێبەجێیە سەروەرم!

- کاتێك پەری بەهەشت- تێگەیشت خەلیفە لەحالێ سەر مەستی دایە بە لەنجەو لارەوە بەرەو ڕووی چو و ژێیەکانی عوودەکەی لەراندەوە و دەنگی خۆی لەگەڵدا هاودەنگ کرد:

- وەك کۆتری سینە سپی

چاو وەك نێرگز، نیگای پڕ لەئاورینگ

فەرمانی بەسەر گیانمدا ڕەوا بوو

هەر وەکو جلوە بفرۆشێ

ئەمە مامزی سەر زەوییە یا مانگی ئاسمان؟!

خەلیفە لەنەوای عود سەرمەست و ئەفسوونکێشی دلفڕێنی کچە جۆرێك جلەوی هۆشی خۆی لەدەستدابوو کە دەیویست هەر لەوێ لەباوەشی خۆیدا بگرێ...



لەیەکێك لەو شەوانە، بەر لەوەی بەیان گزنگ بدا، کەشتی ئەمین بە فەرمانی ئەو لەنزیك کلێسای ((خواهران)) لەنگەری گرت. ئەمین نەیدەتوانی بێ ئەوەی سەرێك لەکلێسا بدا، لەوێوە تێپەڕێ، ئەو دەیویست بیرەوەری ڕۆژانی خۆشی کەلەوێدا بەسەری بردبوو، زیندوو بکاتەوە:

یادەوەری ئەو ڕۆژانە، یادەوەری... لاوێتی، ئازادی! چەند ئازاد بووم، چەند دەست بەتاڵ بووم. ئەمرۆ بۆ هەر کوێ هەنگاو دەنێم ئاردالاَن بەدوامەوەن. چ ڕۆژانێکی زۆر، بەهاوڕێیەتی ئەبوونەواس دەهاتمە ئێرە. جاری وا هەبوو سێ شەو و سێ و ڕۆژ بێ خەبەر لەدنیا، بێ خەبەر لەخۆم، ئەلێرە بەسەر دەبرد. هەرکە دەمانویست بێینەوە سەرخۆمان، ئەبوونەواس دەستی لێکدەدا: ((پێکەکانتان پڕ کەن، ترسی هۆشیاری دەڕەوێتەوە!)) ئاخ! چ شادییەك بوو، چ بێ خەبەرییەك!))

هەر وەکو هەموو شتێك سەرەتایەکی هەیە، کۆتایشی هەیە، سروشتی ژیان ئاوایە.

ڕۆژگاری ئەمینی خەلیفە لەساڵی ١٩٣ تا ١٩٨ پڕاوپڕ لەخۆشی و ڕابواردن بوو. سەراسەر بەخۆشی و ڕابواردن بەسەر دیجلە و لە کەشتیتایبەت، لە ڕابواردنگەدا تێپەڕین... و سەرەنجام خالی کۆتایی!

لەو سالاَنەدا، هەروەکو کە ئەمین لە ئوردوو و سوپا بێ خەبەر بوو، سوپاش لەخەلیفەو لەپانایی خەلافەت بێخەبەر مابوو. ئەوان بەدەسکەوتی جەنگ و ماڵی تالاَن، لەدەور و پشتی بەغدا کۆشکی ڕازاوەیان بۆ خۆیان دروستدەکرد. خەلیفە نە متمانەی پێیان هەبوو. نە کاریشی بەکاریانەوە بوو. پشت ئەستووری ئەو بە جەنگاوەرانی دەوارنشینی سەحرا بوو کە لەسوریا کۆببوونەوە.

دەربارەی ئەمین نوکتە و توانج کەوتبوونە سەر زار و زمانان. زۆربەی ئەم نوکتە و توانجانە ((جاحیز)) دروستیدەکرد:

((ئەمین و ئەبو نەواس لە کلێسای ((خواهران)) ئەوەندەیان شەڕاب خواردۆتەوە کە دەکرا بەو شەڕابە هەموو باخەکانی دەوروپشتی بەغدا ئاو بدرێ. ((خەلیفە لەناو قەڵەمڕەوی خەلافەت، تەنیا کەیف خانەکان پێ دەزانی، ویلایەتەکان حەواڵە بەخوا!))

لەو لاشەوە مەئمون لە خوراسان، شەوانیش ئاسایشی نەبوو. ئەو خەریکی ئامادەکاری بۆ جەنگ بوو. کار لەوەدا نەمابوو کە مەئمون ژێر فەرمانی لە ئەمین بکا. ئێستا ئەو پشتی لەوە کردبوو باج بۆ بەغدا بنێرێ و ناوی ئەمین لەکاتی خوێندنەوەی وتاردا سڕابۆوە. وتار خوێنان لە خوراسان وتاریان بەناوی مەئمونەوە دەخوێندەوە. جەنگاوەرانی ئێرانی لە نوێوە ، لەژێر بەیداخی سەوزدا کۆبوونەوە و لە پەی ئەوەدا بوون کە شکۆداری و مەزنایەتی دێرینی شاهەنشایانی ساسانی نوێبکەنەوە. ئەوان خۆیان بۆ نەبەرد ساز دەداو دەمیان لە مەزنایەتی دێرینە وەردەدا.

ئەمین وردە وردە تەحەمولی جم و جۆڵەکانی مەئمونی لەدەستدەدا و ئەوی بە ئاژاوە چی و یاخی ناودەبرد. کاتی ئەوە بوو کە بەفەرمانی ئەو لەوتار خوێندنەوەدا مەئمون تاوانبار بکەن کە وەسیەتی باوکی لەژێر پێ ناوەو سەرپێچی لەژێر فەرمانی بۆ بەغدا دەکا. نەفرەتی خواوەند لە کورێکی ئاوا نارەسەن! نەفرینی خواوەند لەبرای ئاوا ناپەسەند!

فەرمانڕەوایەتی دوو لایەنە لەخەلافەتدا دەستیپێکردبوو.

زبێدە خاتون زمانی سەرکۆنە کردنی لە ئەمین کردبۆوە و ئەم هەموو بێ تەگبیری و بێ باکییەی لە خەلیفەی لاو قبووڵنەدەکرد. بێ سەر و بەری بەسەر دەرباردا فەرمانڕەوا بوو. ئەشرافانی ((دار ئەل خەلافە)) و پیاو ماقولاڵن و گەورە پیاوانی دەربار ئەمینیان بەرەو جەنگ جۆشدەدا. سامانی لەبڕان نەهاتووی ویلایەتەکانی فارس نشین لە چنگی ئەوان دەرچوو بوو. زبێدە دەربارەی کوڕانی ئەبو موسلیم هێشتا کینەی دەخواردەوە. مەئمون نفوزێکی بێ بڕانەوەی لە نێو ئێرانییەکاندا بەدەس هێنا بوو. ئەو لە شاری مرو خۆی بۆ بەر بەرپەرچدانەوەی هێرشی ئەمین ئامادە دەکرد.

ئەمین لە دڵەوە حەزی دەکرد، خەلافەت بۆ دایکی یان بە مەئمونی برای بسپێرێ. بەڵام تاجی حکوومەت و تەختی فەرمانڕەوایی ئەوەندە وەسوەسە هاروژێنن کەفەرمان ڕەوایان ئەگەر بیان توانیبایە لە کاتی مردندا مۆری فەرمانڕەواییان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد. مێژوو زۆر فەرمانڕەوای دیون کە لەدەمی نەخۆشی و گیانە لاوٚدا چنگیان لەتاج و تەختی خۆیان گیر کردووە!

سەرەنجام ئەمین بەهاندانی دایکی —جگە لە سوریا، لە ویلایەتەکانی دەورو پشتیشی- کەوتە سازدانی سوپا.

بەڵام دانیشتوانی ویلایەتەکانی دەوروپشتی کەتازە دەستیان لەژیانی ((ماڵ بەکۆ لێوە)) کێشابۆوە ژیانی ئارامییان دەستپێکردبوو لە جەنگ بێزار بوون. سەربازان کە بێ پسانەوە جەنگابوون و تازە بەتازە یەخەیان لەدەست شۆڕشگێڕانی خوڕەمی هاتبووە دەرەوە، ئیدی ئارەزوویەکان بە کوشتن و بەکوشت چوون نەبوو. لە هەقیقەتدا ئەمین بۆ خۆشی حەزی لەجەنگ نەبوو، بەڵام دەسەڵاتخوازان و خۆپەرستان لەپەی ئەوەدا بوون، کە لەرێگای جەنگەوە سامان کۆبکەنەوە و سەروەری بۆ خۆیان بچنەوە. جگە لە ماقووڵان و گەورە پیاوانی جەنگ خواز، زبێدە خاتون دەیویست شمشێر هەڵبگرێ و فەرمانداندەیی لە شکر بۆ خۆی بە ئەستۆی خۆیەوە بگرێ. زبێدە دەیویست مەئمون لە جێگای خۆی دابمرکێنێ و بۆ خۆشی پاش ئەوە بەدوا خوڕەمیان لەئازەربایجان بکەوێ و باجی کەڵەکە بووی چەندین ساڵەی ئەو سەرزەوینە بەیەك جێ وەربگرێ تا بەڵکو کاری



سەرچاوەی ئاوی مەکە کۆتایی پێبهێنێ. بەڵام هەیهو! بەدی هاتنی. ئەم ئارەزوو خەیاڵە چەند دوور بوو.

سەرەنجام سوپای ئەمین دەستی بەهێرش کرد. پەیکانی خۆشبەز بەپەلە لە نێوان شەڕگەو ((دار ئەل خەلافە)) لەهاتن و چووندا بوون.

دواجار لە شکری جووتە برا لەدەوروبەری ری پێکیان دادا. سوپای ئەمین لە ژێر بەیداخی ڕەشدا دەجنگان و سەربازانی مەئمون لەژێر ئالاَی سەوزدا کۆببوونەوە. تاهیر کوڕی حوسێن کە لەسەردارانی ناوداری ئیرانی بوو، فەرمانداندەیی سوپای مەئمونی بەئەستۆوە بوو. ساسانیانی سامان لەدەست چوو و لەبەها کەوتوو کە بە ((دێهاتییان)) ناو دەبران، پشتیوانییان لە تاهیر دەکرد. زۆرێك لەوان، خۆشباوەڕانە ئومێدەوار بوون کە ئەگەر مەئمون سەربکەوێ، ئیعتوباری لە دەست چووی ئەوان جارێکی دیکە بەوان دەدرێتەوە، مەئمونیش بەڵێن و مزگێنی بەوان دەدا. ئێرانییەکانیش کەلەلایەن عەرەبەکانەوە سوکایەتیان پێ دەکراو لەژێر گرانی باری باجدا گیانیان گەیشتبووە سەر لێویان، بۆ دەربازبوونی خۆیان، چاویان لەسەرکەوتنی مەئمونەوە. بڕی بوو. بازرگانانییەهودیش یارمەتییان دەگەیاندە مەئمون. ئەوان ئومێدیان بەوە بوو کە ئەگەر مەئمون بێتە سەرکار، بازرگانانی عەرەب و هیند و تورك و بێزانتی لەویلاتەکانی ئێرانی دەربکا. پاوانکردنی بازرگانی ئەم سامانە بەوان بسپێرێ. بەو پێیهەر دەستەیە مرخێك و چاوە چاوی شتێکیان لەجەنگ بوو. بەڵام جەنگ بۆ جەماوەری خەڵك جگە لە فرمێسك و رۆژڕەشی دیارییەکی دیکەی پێ نەبوو.

گێژەڵوکەیەك کە ئەمین گیرۆدەی هاتبوو، بێ دەرباز بوون دەهاتە بەر چاو. خوڕەمیان لە پردی ((خودا فرین)) ڕێگای بازرگانانی خەلیفە کە لەدەربەندەوە بەرەو بەغدا دەچوو، گرتبوو دەستیان بەسەر ماڵی بازرگانی ئەواندا گرتبوو. بەهۆی بەتاڵ بوونی خەزێنەوە، خەرجییەکانی سوپا دابین نەدەبوو، خێزانی سوپاییەکان ژیانیان بەناڕەحەتی بەسەر دەبرد. لەهەل و مەرجێکی ئاوادا ئومێدێکی کەمتر بە سەرکەوتنی ئەمین هەبوو و. ئەو پاش ماوەیەکی کەم بەهێزێکی تازەوە هەمدیس هێرشی دەستپێکرد، بەڵام تەواوی هەوڵەکانی بێ ئاکام مانەوە. هێزەکانی تاهیر دەستیان بەدژە هێرش کرد و سوپای ئەمینیان تێکشکاند و تا دەوروبەری بەغدا پێشڕەوییان کرد. بەغداد تووشی وەحشەت هاتبوو، ئەمین لەڕووی ناچاری جەنگاوەرانی سووری کە هیوایەکی زۆری بەوان بەستبوو وەك یەدەگ دایبابوون، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێرانییان ڕەوانەکرد. بەڵام ئێرانییەکان کە سەر مەستی سەرکەوتن بوون. شمشێری تیژی خۆیان بەسورییەکان نیشاندا و ئەوانیشیان تارومارکرد. خەلیفە پاشەکشێی بۆ بەغدا کردبوو.

## (٢٣)

# خرۆشان لەبەغداد

بابەك لەهەمان رۆژی بەفرانباردا کەمیرزا قزبل و شبلی بۆ چناری پیرەبابا دەبرد، ڕیگەی بەرەو قەرەداغ بۆ دیدەنی دایکی داقەلاشت و میوانەکانیشی هەر بۆ پەناگەکەی دایکی برد. لەوێ شبل بەپێداگرییەوە داوای لەبرومەند کرد کە بابەك بەو بسپێرێ تا بیکاتە وشترەوانی خۆی. برومەند لەگەڵ ئەوەدا کە حەزی دەکرد بابەك لەلای جاویدان بێ، نەیتوانی پشتی قسەکەی شبل لەزەوی بدا، چونکە برومەند ئازادی خۆی، بەقەرزاری شبل دەزانی. ئەو لەبیری بوو کەوشتروانانی شبل بەچ دژوارییەك ، ئەویان لەبەغداوە گەیاندبۆوە بیلال ئاباد، ئەم چاکەیە لە بیرنەدەکرا

...بابەك بووە وشتروانی شبل. ئەو لەم کارە زۆریش ناڕەزامەند نەبوو. بەکاروانی وشترانەوە هەموو ئاران ، شێروان و ئێرانی کوتایەوە، سەفەری بۆ تەورێز، نەخچەوان، گەنجەو دەربەند کرد. لەسەفەری دەربەند، شبل داستانی گیرخواردنی خۆیانی بەدەستی خەزەران و مێرخاسی عەبدوڵلاّ بەدوورودرێژی بۆ بابەك گێڕایەوە... بابەك لەو سەفەرانەدا، هەموو رێگاکان، گوزەرەکان پردەکان، کاروانسەراکان، میوانسەراکان وەك لەپی دەستی خۆی شارەزابوو. کتێبەکانی ((مەسالك)) ی خوێندەوە و خوێندنەوەکانی خۆی لەگەڵ ڕوانینەکانی خۆیدا تێکەڵ کرد. سەفەری دوورودرێژ و هاودەمی لەگەڵ خەڵکانی جۆربەجۆر و سەختییەکان ئەمانە هەمووی بابەکیان قاڵتر و بە ئەزموونتر کرد. سەختییەکان بەدەنی ئەویان مشتوماڵ تر و ڕووداوەکانیش چاویان دەکردەوە. ئەو دەیبینی کە چۆن کاربەدەستانی خەلیفە بۆ زێدەتر وەرگرتنی باجی زۆرتر، خوێنی خەڵکیان دەکردە کاسەوە و جۆرەها ئەشکەنجەی ناڕەوایان بەرامبەریان بەڕەوا دەزانی. ئەو دەیبینی کە جوتیاران و باخەوانان بەجۆرێك دەکەونە ژێر



گوشارەوە کە زۆر جار وارێك دەکەوێ هەموو بەروبوومەکان و میوەکانی خۆیان تام نەدەکردولەژێر چنگی خەلیفەدا دایان دەنا. مندالاّنی ڕووت و برسی دەبینی لە بەیانییەوە تا شێوان زەنگوڵە بەدەست، باڵندەی ناپەسەندیان ڕاودەنا تا لەبەفیڕۆچوونی بەروبوومەکانیان رێگریی بکەن... لەوەرزی کۆکردنەوەی باجەکاندا هات و هاوار و شیوەنی دایکان دەگەیشتە ئاسمان. ئەمینی خەلیفە فەرمانی بەکاربەدەستانی خۆی دابوو تا ئەو کەسانەی کە ناتوانن باج بدەن، بەفنحاس بفرۆشن... خەڵك دەیانکوت: باوك دەبێ کوڕی ئاوای هەبێ. بەلاّم هەموان دەیانزانی کە بۆ رزگار بوون لەستەمی نامەردانی ئاوا دەبوایە دەزگای خەلافەت لەڕیشەوە هەڵکەنن.

ماوەیەك بوو شبل ڕێگای بە بەغدا نەکەوتبوو. بازرگانانییەهودی پەیامێکیان بۆ شبل ناردبوو کە نەوتی باکۆ لە بازاڕی بەغدا لەمافووری شیروان و قامیشی میسر گرانترە. لەو ڕوەوە شبل بەبابەکی کوت:

- کوڕم بیستوومە ڕێگاکان ئەمین و ئامانن، چۆنە سەفەرێك بۆ بەغدا بکەین؟ لەوێ زۆر جێگای دیدەنی هەن. دەتوانی ((سوق ئەل عەبد)) لەنزیکەوە ببینی. لەوانەیە کچە پوورەکەشت قەرەنفلَ لەوێ ببینی. ئەوێ پڕە لە کەیف خانە، نازانم ناوی ئەوێت بەرگوێ کەوتووە یان نا؟ هەر وشتروانێك ڕێی بکەوێتە بەغداد، دووبارە لە هەوڵی ئەوە دایە تا دووبارە سەرێکی دیکە لەوێ بدا... بابەك ماوەیەکی زۆر لەوەپێش دەیویست بەغداد ببینێ...

بەلاّم کاتێك کە بابەك گەیشتە بەغداد بارودۆخ بەحالێکی ئاسایی نەبوو. لەو دەمەدا سوپای تاهیر دەروازەی ئاسنینی بەغدای شکاند بوو، چووبووە ناو شاری بەغداوە. جەنگاوەرانی ئێرانی سوور پۆش و پاڵەوانی ئێرانی بەهەموو جێگایەکدا بلاّوببوونەوە.

شبل مەترسی ئەوەی هەبوو کە کاروان و ماڵی بازرگانی بکەوێتە بەردەستی سوپای مەئمون و ئێرانییانەوە. چەند ساڵ پێش رێگران دەستێکیان بە کاروانی ئەودا هێنابوو و زیانێکی بەرچاویان بەکاروانەکەی گەیاندبوو. ئەگەر یەکجاری تر ڕوداوی ئاوا بێتە پێش، شبل دەکەوتە سەر ساجی عەلی. ئەو بەئاوایەکی کە نیگەرانی تێدابوو، کوتی:

- بابەك قەزات لەگیانم کەوێ، کاروانم بەتۆ سپاردووە! هەر جۆرێك کە بەچاکی دەزانی وابکە و کاروان لەم بەلاّو نەهامەتییە دەربازکە!

بابەك نەیدەزانی چ بکا. ئەو بەهەر دەردەسەرییەك بوو کاروانی گەیاندە دەروازەی خوراسان. هەل و مەرج بەتەواوی شپرزە و شێواو بوو. بابەك لێرە کەسی نەدەناسی تا

بەیارمەتی وی خۆی و کاروانیش رزگار بکا. حەوت جەنگاوەری ئێرانی لەبەردەم دەروازەدا کێشکیان دەکێشاو ڕێگایان بەکەس نەدەدا نزیك بێتەوە.

خۆر خەریك بوو لەپشت سەربانەکانەوە باڵی بەسەر ماڵان و شەقامەکاندا دەکێشا. بابەك لەگەڵ چوار وشتروانی لاو، لەژێر دار خورمایەکدا لەنزیکی دەروازە ڕاوەستا بوو. ئەوان لەنێو خۆیاندا گفتوگۆیان بوو کە وێڕای ئەو هەموو پیاوە چەکدارە. چۆن کاروان لەشار بەرنە دەرەوە. وشترانی ماندووکە نیشانی ((شبل)) بەسەر ڕانیانەوە بوو. لەژێر باری قورسدا دەنووزانەوە. قاراقاشقا سمی لەزەوی دەکوتا. ئەگەر جڵەوی بەهەوساری وشترێکی ڕەشی نێرەوە کە زەنگوڵەیەکی گەورەی بەملەوە بوو، نەبەسترابایەوە، لەو هەوا قورسەدا سەری بەبیابانەوە دەنا. کە لەشێری سپی کاروان لەسەر پشتی وشترێکی ڕەش هەڵ نیشتبوو و باڵەکانی لێك کردبوونەوە وشترەکان کلکیان ڕادەوەشاند و لە لێوەکانیانەوە کەفی سپی دەڕژا.

بابەکیش هەروەکو ئێرانییەکان جلی سووری لەبەردابوو شمشێر بەکەمەرو تیروکەوان بەشانەوە بوو. وشتروانانی دیکەش هەر چەکدار بوون. هەموو بیر و خەیاڵی ئەوان ئەوەبوو کە وشترەکان لەم گرفتارییە رزگار بکەن.

نائارامی لەبەغدا بەربلاوی زیاتری بەخۆوە دەگرت. کەشتییەکانی سەیرانی ئەمینیان بەسەر ئاوی دیجلەوە ئاگردابوو. بلێسەی ئاگر دەچووە ئاسمان. چەند بینای بەرزی شاریش ئاگری گرتبوو. منارەکانی مزگەوتەکان لەنێو دووکەڵدا نقووم بووبوون. جەنگاوەرانی ئێرانی، سەربازەکانی ئەمین ئەوانەی ئامادە نەبوون، خۆیان تەسلیم بکەن، بەدەستی بەستراوەوە بەرەو ئوردوگاکانی لەشکر دەبرد. بەبینینی ئەم دیمەنانە، خەمێکی تێکەڵ بەشادی بابەکی داگرتبوو. ئەو لەپەرێشانی بنەماڵەیەکی کە ئەبو عومران بە پشتیوانی ئەوان باوکی کوشتبوو دایکیشی بەدیل گرتبوو، خۆشحاڵ بوو. بەڵام نەیدەتوانی بەبینینی مرۆڤگەلێك کەبێگوناه دەکوژران، غەمبار نەبێ.

بابەك لەژێرەوە سەیری ئەو پاسەوانانەی دەکرد کەئێشکیان دەکێشا، ئەو دەیویست بێ دواکەوتن شمشێر هەڵکێشێ و هێرش بەرێتە سەریان و بەزۆری شمشێر دەروازە بکاتەوە، بەڵام شبل ئەم کارەی بە بەرژەوەندی نەدەزانی. دەوروبەر پڕ لە جەنگاوەرانی داگیرکەر بوو. جاڕچییان بە سواری ئەسپانی سپی کلك قیت بەکولانەکاندا جاریان دەدا:

- ئەی خەڵکی شار! گوێتان لێبێ و ئاگەداربن بەفەرمانی مەئمون خەلیفەی ئاین پەروەر و خوا پەرست کوڕی هارون ڕەشید- ڕەحمەتی خوای لێبێ — ئاسایشی بەغدا دابین کراوە.



مەئمون، ناوبانگی بەغدا و ئیسلام دووبارە لەم سەرەوە بۆ ئەو سەری گێتی فراوان دەکا. هەرکەسێك دەربارەی مەئمون — بەندەی پاکپەروەری خواوەند — پروپاگەندەیەکی ناڕەوا بلاوبکاتەوە، خوێنی خۆی بەئەستۆی خۆیەتی. بەفەرمانی مەئمون لێرە بەدواوە بنەماڵە ڕەسەنەکانی ئێرانی و عەرەبی دۆست و برای یەکترین. لە نێوان شیعە و سوننەدا جیاوازییەك نییە. هەموو موسوڵمانان دەبێ ((بەیعەت)) بدەنە مەئمونی خەلیفە. وتار خوێنان لەسەریانە وتار بەناوی مەئمونەوە بخوێننەوە...

جگە لەجەنگاوەرانی عەرەب و ئێرانی ، کەس لە شەقامەکانی بەغدا نەدەبینرا. هەموو لەپشت دەرگا داخراوەکانی ماڵەکانیان خۆیان شاردبۆوە.

ئاردالانی سوورپۆشی مەئمون کە خوێن لە شمشێرەکانیانەوە دەتکا، بەدگومانیان لەهەر کەسێك بکردبایە کە جوولابایەوە، دەسبەجێ دەیانکوشت. تەنانەت راهیبان جەسارەتی ئەوەیان نەکرد لەکلێساکان بێنە دەرێ. تەنیا لە بلندگۆکانی مزگەوتەکان دەنگی بانگدان و ((تەکبیر)) کردن دەهاتە بەر گوێ.

دەروێشێکی کوێر و درێژ کە قژی سەر و مووی ڕیشی پەرێشان و تێکچرژاو بوو، بەگۆچان کوتان لە دەروازەی خوراسان، بەدەنگێکی غەماوییەوە شیوەنی دەخوێند:

ئەی پەیك ئەرێ بەڕاست ئەمین لەناو چووە؟
پەیامی تۆ سەهوونییە؟ هەڵەیەك ڕوینەداوە؟
سام و شکۆمەندی و ناوبانگی بەغدا
بەنووکی شمشێری وییەوە هەڵواسرا بوو!
ئێستا بەڕاستی —شمشێری شەرەفیان شکاندووە؟

بابەك بەهێمنی چووە پێشەوە و سلاوی کرد:

دەروێش وەلامی سلاوی دایەوە، کۆکەیەکی بۆ کرد و گەرووی خۆی سافکرد و کوتی:

کێیە کە لەرێگای خوادا چاکەیەك بکاو درهەمێك بەمنی دەروێش ببەخشێت.

بابەك درهەمێکی لە کەشکۆڵی دەروێش هاویشت و بە ئارامی دەستی لەسەر شانی پیرەمێرد دانا:

- دەروێش کۆتایی کاری ئەمین چۆن دەبینی؟

سێبەری خەمێك لەسەر ڕوخساری هەتاو بردووی دەروێش نیشت و لەژێر لێوانەوە کوتی:

پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێ فەرموویەتی کە تەماعی زۆر مایەی لەناوچوونە. ئەی لاو! من تۆ ناناسم بەڵام لە دەنگت ڕا ئاکار بەرزی و ئازادی دەخوێنمەوە من وەك باڵندەیەکی بێ هێلانەم. بەڵام تەماعم لە سامان و قەڵەمڕەوی خەلیفەدا نییە. بەو هەموو سامان و پانتاییەوە دوو برا نەیانتوانی لە ئاشتی و ڕێکەوتندا بژین. ئەم ئاکامە خراپە کە لە خۆپەرستی و پایەپەرستی ئەم دوو برایەوە یەخەگیری موسوڵمانان بووە، بۆ ئەوانی پاش ئەوان دێن ئاوێنەی پەند دەبێ. ئەستێرەناسان پێشبینی ئەوەیان کردووە کە لەجیاتی ئاو، خوێن دەڕوا....

بابەك کوتی:

- ڕاستە دەروێش. خوێن بەسەر زەویدا دەڕوا!

خەیاڵ بابەکی بۆ جیهانە نەناسراوەکانی برد:

- کتێبی ژیان دێرگەلێکی نهێنی ئامێزە...

لەودەمەدا یەکێك لە پاسەوانان بە توندوتیژییەوە بانگی بابەکی کرد:

- هۆی بێگانە! نەدەبوایە کاروان لێرە ڕابگری! ئێستا سەربازان بۆ ئێرە دێن! لێرە دوور کەونەوە!

بابەك بەڕقەوە لە پاسەوانەکەی ڕوانی.

دەروێشی کوێر تفێکی لە زەوییەکە کوتا و لەژێر لێوانەوە پرتەو بۆڵەی کرد: ((لاحول ولاقوە الا بالله العلی العظیم)) و لە حاڵێکدا کە گۆچانەکەی لەزەوییەوە دەکوتا لەدەروازەکە دوور کەوتەوە.

لەو کاتە حەوت سواری سوورپۆش لەدەروازەکە نزیك کەوتنەوە. پەشۆکاوی و پەلەی جم و جۆڵی سواران خەبەری لە ڕوداوێکی گەورە دەدا. لەتەعزیم و هەڵسوکەوتی سەربازا نیشەوە هەست دەکرا سوارانی سوورپۆش کەسانی گرنگن. پاسەوانان جڵەوی ئەسپەکانیان گرت. توورەگەیەکی ڕەنگ خۆڵەمێشی شریت پێچ بەسەر زینی ڕازێنراوەی فەرماندەی سوارانەوە دەبینرا. لە توورگەکەوە پەلە خوێن هاتبووە دەرەوە! لە نێوان ئەوان و پاسەواناندا قسەو باسێك گۆڕدرانەوە. پاسەوانان بەزوویی تەعزیمیان کرد، دەروازەیان کردەوە. سوارەکان لەچاو تروکانێکدا لە دەروازە ئاوابوون و دار ئەل خەلافەیان بەجێ هێشت. لەو ساتەدا ڕەنگە کەس لە دانیشتوانی بەغدا نەیدەزانی کە سەری لەلەش جیاکراوەی ئەمین لە توورەگەیەکدا بەدیاری بۆ مەئمونی برای دەچوو.



شبل دەستی بە نێوچەوانییەوە کردبووە سێبەر ئەو سوارەی کە توورەگە خوێناوییەکەی بە پاشەوەی زینی ئەسپەکەیەوە کردبوو، بەدیقەتەوە سەیر کرد:

- خۆیەتی. تاهیر سەردار ئێرانییە! من جارەهای جار ئەوم لەخوراسان دیوە سەرداری مەئمونە.

پاسەوانانی دەروازە پاش کردنەوەی دەروازە بەڕووی سواراندا، سەریان بەگوێی یەکترەوە نابوو!

لە ئاکامی ئەو هەنگامەیە و خاڵی سەرکەوتن دەدوان.

بابەك بەگەڕناسی خۆی تێگەیشت کە بارودۆخ نائاساییە و بەرژەوەند لەوەدایە هەرچی زووتر ئەم شارە بەر بەڵاکەوتووە بەجێ بێڵن. لەیەك کاتدا هێزێکی لە جڵەو کردن نەهاتووی لە خۆیدا هەستپێکرد و لەناکاو شمشێری هەڵکێشاو هێرشی بردە سەر پاسەوانەکان. تا پاسەوانان هاتنە سەر ئەوەی دەستبکەنەوە. بابەك شمشێری سێ کەسیانی لە زەوی دابوو. وشتروانەکانی دیکەش بۆ یاریدەی بابەك ڕایان کرد شبلیش دەستی بۆ شمشێر بردبوو. بابەك ماوەی نەدان و بێ ڕاوەستان دەستی پاسەوانە بریندارەکانی بەست... ئێستا دەروازە ئاوەڵابوو. بابەك خۆی هەڵدایە سەر قاراقاشقا و کەوتە پێش کاروان:

- یاڵڵا زووبن. هەرچی زووە دەبێ لەم شاری فیتنە و بەڵایە دوور بکەوینەوە.

... ڕێگای کاروان وەك هێڵێکی تەماوی، لەبەرچاوی کاروانیان دیار بوو. دەرۆیشت و هەر دەرۆیشت تا لە دوور دوورانەوە ون دەبوو! لە کوخەکان و کەپرەکانی باخەخورماکانەوە، دووکەڵ بەرزدەبۆوە.

دێهاتییەکان وەك مێش و مەگەز بەدەشتە گەرم سوتێنەرەکاندا پەرت و بڵاو ببوون، سەرقاڵی کارکردن بوون.

ئێستا کاروان مەودایەکی زۆر لەبەغدا دوورکەوتبۆوە. خۆر بەتەواوی بەرزببۆوە و وەك تەنووری کڵپە سەندوو هاڵاوی لێ دەردەهات. جوتیارانی کە دەسرۆکی سپییان بەسەریانەوە بەستبوو، لەژێر خۆرەتاوێکی سوتێنەردا زەوییان دەکێڵاو هەر کە ماندوو دەبوون خۆیان دەکوتایە ژێر سێبەری دار خورماکان یان داری ((عەمبە))کان. گەرما وەك ساجێکی مس لە ئاسمانەوە دەهاتە خوارێ و بەتین تر دەبوو. گامێش لەنێو زەلکاوی بۆگەن بوودا کلکیان ڕادەوەشاند. مێگەلە مەڕی خوری تێك چرژاو، لەدەورویشتی چاڵاوەکاندا، سەریان بەژێر سگی یەکتردا دەبرد. کاروان ئاراستەی بەرە و باکوور بوو. بۆ هەر لایەکت دەڕوانی گرەی گەرما و

شەپۆلی سەراب بوو. کاتێك بەئاقاری ئاواییەکانی کە فەلاکەت و بەدبەختی لە دەرو دیواریانەوە دەڕژا، تێدەپەڕین غەمێکی نادیارو گران گیان و دڵی بابەکی دەگوشی:((جەنگ. کوشتار.. بۆ دەبێ مرۆڤەکان تەمەنی خۆیان لەرۆژ ڕەشیدا بەسەر بەرن؟ ئایا ئەمە ژیانە؟ دەتکوت دەوار نشینانی گرانەتاگرتوو لە گۆڕ هاتونەتە دەرێ....))

پاش ئەوەی کاروان دوو قۆناغ لە بەغداد دوورکەوتەوە ، نیگەرانی وشتروانان تا ڕادەیەك ڕەویبۆوە. شبل دەتکوت لەنوێوە هاتۆتەوە سەر دنیا! ((سوپاس بۆ یەزدانی پاك کە رزگارمان بوو...)) بابەکیش تا رادەیەك هەستی بە ئارامی دەکرد. دەتکوت هەموو ئەو ڕوداو و مەینەتیانەی لەخەودا دیوە. لەو کاتەدا تووشیان بە تووشی سوارانی ((سەهل کوڕی سەنبات)) خاوەنی قەلاّی ((شکی)) هات. سەهل لەسەر بانگ هێشتی بەغداد بەرەو بەغداد پەلەی بوو. دیدەنی سەهل لەو جێیەبووە مایەی خۆشحاڵی شبل و بابەك.

سەهل دەیکوت:

- هیچ غەمتان نەبێ. رێگاو بانەکان ئەمین و ئامانن. تاکاروانسەرا مەودایەکی زۆرتان نییە.

بابەك، ئەم پیاوە ئەندام ورد و سمێڵ پڕ و ریشتۆپەڵ و چاوشین و برۆپێکەوە نووساوە کە خاچێکی بە ملەوە هەڵواسرابوو، باش دەناسی. جاری یەکەم ئەوی لە ((شکی)) دی بوو. چەك و چۆڵەی لە شبل دەکڕی و لەسەر نرخەکان چەنەی لێدەدا و دەیکوت: ((من لە ڕەچەڵەکی گەوران و پاشایانم. ئەگەر نرخی ئەم چەکانە هەرزان حساب بکەی ، زەرەر ناکەی. دوژمنی ئێمە هەر یەکێکە.))

بابەك ڕوو بەسەهل کوتی:

- برا تۆ خەریکە بۆ کوێ دەچی؟ وەزعی بەغدا بە جۆرێك تێك شلەژاوە، سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە تاهیر سەرداری ئێرانی، سەری ئەمینی بڕ یوە و بەرەو مرو بەڕێگاوەیە. بازاڕەکان هەموو داخراون. دەیانکوت فنحاس هەلاّتووە. ئەگەر پیاوانی مەئمون پێ بزانن کە ئەمین تۆی بۆ بەغدا بانگ کردووە، کارت تەواوە.

پیاوەکانی سەهل جڵەوی ئەسپەکانیان وەرگێڕاو لەگەڵ کاروان کەوتن. وشتروانان دەیدەنییەکانی خۆیان لەبەغدا بۆ سەهل و یارانی باسکرد.

ئێستا ئیدی قسە و باس تەواو بووبوو. هەر کەس لەخۆی و خەیاڵەکانی خۆیدا ڕۆچوو بوو. بابەك لەسەرلا بەسەر قاراقاشقا وەدانیشبوو. لەدەشتە چۆڵەکانی دەڕوانی و لەگەڵ خۆی سرتە



سرتی بوو.سرتە سرت، بەرز بوو، بەرزتربوو دەنگێکی گەرم و غەمبار پەردەی گوێی کاروانیان و وشترانی ماندووی ئاو دایە:

شارەکەم! ئەی ئەسیری دوژمن. سەر زەوینی خۆشەویستم!
ئەگەر دوژمن پێت خۆش نەبا
دایکەکانت خەندە بەسەر لێوانیانەوە لە پشت دار دادەنیشتن و وەرتەی سووریان دەنەخشاند
کچانت لەکانی ((سروشك)) ئاوی ساردیان دەهێنا،
کوڕەکانت کاوڕیان دەبردە سەحرا.
شارەکەم! ئەی ئەسیری دوژمن سەرزەوینی خۆشەویستم!
ئەگەر سمی ئەسپانی دوژمن سینەیان نەڕووشاندبای
پیاوانت لە جێگای سووپەر تەوریان دروستدەکرد،
بەسەر دەرگاوە لەجیاتی شمشێر بێڵیان دەکوتا
هۆ ئەی چناری سەر بەرزی پیر بابا!
کانیاوی سازگارت دیاری وشتروانانی ماندووبێ
وشتروانان بەوشترانی لاو وخورجینی پڕ لەنیعمەت و بەرەکەت
ئەی دوندی سەرفرازی هەشتادسەر!
سینەی سەر سەوزت هەمیشە هەواری ئاسکان،
قەدپاڵەکانت پڕئاوازی شمشاڵی شوانان بێ
بەلاّم، شارەکەم ئەی ئەسیری دوژمن
ئەی زێدگای پاك، ئەی خۆشەویست!
سوێند بەپاکی و ساخی بەرەبەیانانت
بەئارامی چێشتەنگاوانت،
وئاگری پیرۆزی دەمی شەوانەت
شمشێر بەدەستەوە دەگرم
دڵ لەنێو مشتی خۆمدا دەگوشم
ئەی زێدگای پاك!
تا ئەو دەمەی زەردە لەسەر لێوی دایکم نەپشکووتووە
تا ئەو دەمەی گوانی مەڕەکانت پڕلەشیر نەبووە.

تا ئەو دەمەی ئاگر پەرستانت ئەسپۆنیان
لەئاگردان نەهاویشتووە
دڵیان لەگەڵ سەمای مەشخەڵەکان هاونەوا نەبووە
شمشێر بەدەستمەوە دەگرم و
دڵم لە ناو دەستمدا دەگوشم
شمشێر! ئەی هێمای مێران، دەستم بگرە!
دڵ! ئەی سەرچاوەی زولاڵی عیشق، خۆشەویستی
بڕێژە
سینە! ئەی گڕکانی ڕق، توڕەیی ببارێنە!
ئەسپ! ئەی ڕەسەنزادەی خۆش ڕەو
دڵت لەلای من بێ! ..........

دەنگی خەمناکی بابەك لە ئاسۆی بەر ئاوەلاّو دەشتانی پان و بەرین، شبل و سەهلی بەتوندی هێنابووە لەرزە.

ئەوانیش غەمەکان و شادییەکان، ئومێد و نائومێدییەکانی خۆیان بەسرتە دەکوتەوە. دەنگی زەنگوڵەی وشتران وێرای دەنگەکان تێکەڵ بەیەك دەبوونەوە...

شەو و ڕۆژێك بوو کاروان ڕێگەی دەکوتا، وشترەکان ئەگەر چی ماندوو بوون. بەلاّم بارخستن لەو دەوروبەرانە لەمەترسی بەدەر نەبوو. دەبوایە تا دەتوانن زۆرتر لەبەغداد دوور بکەونەوە.

بای سەرروو هەوایەکی ساردی بەڕووی کاروانیاندا بلاّودەکردەوە.

بابەك لە پێش کاروانەوە دەڕۆیشت، ئەو هەر جار لەئاسمانی ئەستێرەبارانی سەرووی خۆیەوە دەڕوانی لەژێر لێوانەوە بەتکاوە دەیکوت:((کاکێشان، ئەی ڕێبەری من! ئەم ڕێیە سپییە ڕووناکە باشترین ڕێبەری ڕێبوارانی شەوە...))

... ئیدی لەڕەشایی شەو کەم دەبۆوە، لەگەڵ هەر بانگێکی کە لە کەڵەشێرانی کاروان هەڵدەستا، مشتێك لە ئەستێرانی کاکێشان ون دەبوون.

بەیان ڕەشایی دەڕەواندەوە. بەئەنکوتنی بەیان، جێگایەك بۆ باڵ دادانی شەو نەما.

خۆر لەکەل وەسرکەوت: بەیانی باش بابەك!



## (٢٤)

## دڵاوایی مەئمون

*دڵۆپێك مەرەکەبی فەرمانڕەوا*
*کاری یەك سوپا دەکا.*

پاش بینینی سەری ئەمین، تاڕادەیەك کلۆکۆی دڵی مەئمون دامرکایەوە. ئەو بەئارەزووی خۆی گەیشتبوو. لەدڵی خۆیدا بیری دەکردەوە کە دەتوانێ چ دیارییەکی شایستە بۆ تاهیر کە سەری ئەمینی برای بەدیاری بۆ هێنابوو، دابنێ: ((شاری مرو؟ نا ئەوە ناچیز بوو، دڵی تاهیر چەند بەوە دەرەنجا. واباشترە کە ئەو بکەمە فەرمانڕەوای یەکێك لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاّت. تاهیر لەهەڕەتی لاوییە، سەردارێکی کارکردەیە. ئەو لەهەمموو کەس باشتر دەتوانێ لەگەڵ دێ نشینانی ئێرانی ڕێکبکەوێ.))

تاهیر لەکاتی داگیرکردنی کۆشکی زێڕین، بە فەرمانی مەئمون دەستی دابووە کۆمەڵە کردەوەیەکی هیچ و پووچانە)) یەکێك لەوانە هەموو دارایی ئەمینی دەست بەسەر داگرتبوو و ڕەوانەی خوراسانی کردبوو. زبێدە خاتونیش لەو کردەوە هیچ و پووچانە بەساخی دەرنەچووبوو. بەفەرمانی تاهیر نە تەنیا داراییەکانی ئەو، سەرسەختترین دوژمنی ئێرانییەکان، تەنانەت جل و بەرگی ڕەسمی بە خشڵ و گەوهەرە ڕازاوەکانییشەوە کە بایی هەزاران هەزار دینار بوو ڕەوانەی خەزێنەی مەئمون کردبوو لە خوراسان. تاهیر تەزبێحی خەیزەران خان، کە دەیانکوت نرخی دە هەزار بەندەی هەبوو، بۆ خەلیفەی تازە ناردبوو. زبێدە وەختێك کە بیستی مارەییەکەشی — ئازەربایجان- لەدەست چووە، لەهۆش خۆی چوو و لەجێگادا نەخۆش کەوت. ئەگەر جوبرائیل

نەبوایە، ئەویش وەك زۆرانی دیکە ماڵئاوایی لێکردبوو. ئەبوو نەواس، هاوپیاڵەی ئەمین، ئەو میحنەتانەی پێهەڵنەگیرا، دڵی لەلێدان ڕاوەستا.

ئەمەوییان ئەم پێشهاتانەیان بە تۆڵەستاندنەوەی دەستی قەدەر دانا، نەیانتوانی شادی خۆیان بشارنەوە. زۆر لەگەورە پیاوانی عەرەب کە لە پیلانگێڕی دژی ئێرانییاندا دەستیان هەبوو و بەژەهرخواردن خۆیان لەناو برد. ئیمتیاز و موڵك و ماڵی دەست بەسەرداگیراوی جەعفەری گەورە وەزیر، بۆ بنەماڵەی بەرمەکی گەڕێنرایەوە. بەڵام هیچ تروسکاییەکی ئومێد لەبارەی چارەنووسی قەرەنفڵ و روحییە نەدەدرەوشایەوە و حەسرەتی دیدەنی زێدگا بەردەوام بەسەر دڵیانەوە نیشتبوو.

ڕەفتاری توند و تیژی مەئمون، ناڕەزاییەکی بەربڵاوی لەناو بەغدا و سیوادی بەغدادا پێکهێنابوو. هەموو دەوارنشینان لە مەئمون ناڕازی بوون. ڕەفتاری ناڕێکی جەنگاوەرانی لاو و ئاردالانی توندوتیژی مەئمون، خەڵکی ئاسایش خوازی بەغدایان بەتوندی توڕە کردبوو. لەنێوان خەسڵەت و خووی بەڕواڵەت نەرم و ئەم ڕەفتارە توند و تیژانەدا جیاوازی زۆر هەبوو. مەئمون هەر چەند بەڕواڵەت ئارام دەهاتە بەرچاو، بەڵام دەتکوت لەناو سینەدا دڵێکی بەردینی تێدایە، نێو چاوانی پان، چەناگەخڕ، ڕیشێکی ڕەش و پڕ، لەگەڵ ڕەفتاری ئەدەب نمایانە و بەتایبەتی شێوەی جل و بەرگ پۆشینی، لەنیگای یەکەم، ئەوی زیاتر بە ئەهلی زانست و ئایین پیشاندەدا تا فەرمانڕەوا. بەویقارەوە قسەی دەکرد و بەزەردەخەنەوە نیشانەکانی فێڵبازییەکانی لەڕوخساری خۆیدا دەشاردەوە. تەنانەت مەراجل خاتونی دایکیشی سەرەو دەرەی لەناخی کوڕەکەی دەرنەدەکرد پەیکەری پتەو و قەڵافەتی بەرزی لەناو عەبایەکی ڕەنگ خۆڵەمێشیدا، بەرچاو و شکۆدار دەینواند. تاجی بەگەوهەر چنراوی لەسەر نەدەنا. بەڵکو وەك ئەشرافانی ئێرانی، کڵاوێکی قوچی لەسەر دەنا. ئەم کڵاوە ناوبانگی واڕۆیشتبوو کە خەڵك لەسەر قسەی ((جاحیز)) دەیانکوت: ((ئێمە چاوەڕێبوین کە خەلیفە گوشاری باج و داهاتمان لەسەر کەم بکاتەوە کەچی بەقەد بەرزی کڵاوەکەی بەرزی کردەوە!))

مەئمون نەهاتبووە بەغدا. وای بە پەسندزانی جارێ لەخوراسان دابنیشێ و لە دەرەوەڕا فەرماندەیی دەستپێشکەرییەکانی خۆی لەدژی داژدارانی ئەمین بکا. خەلیفە پشتی لەبەیداخی ڕەش کردبوو. ئەو دەستی دابووە ئاڵای سەوز و دەربارەی قورئان قسەی جەسارەت ئامێزی بەسەر زماندا دەهات. ئەو ڕەفتارەی ئەو مایەی توڕەکردنی ئاینپەروەران بوو. وتارخوێنان لەبەغدا، لەجیاتی وتارخوێندنەوە بەناوی مەئمون. بارانی لەعنەت و نەفرینییان بەسەر



دادەباراند: ((ئەم شەیتانە سوورە شیری زەردەشتیی خواردووە شایستەی خەلافەتی موسڵمانان نییە! خەلیفە دەبێ خاوەن ڕەسەنایەتی عەرەب و ئیمان دار و تەقوا کاربێ...)) روحانییەکانی بەغدا بە ئاشکرا کەوتبوونە تێکۆشان. ئەوان دەیانکوت هەر کەسێك لەسەر وەسیەتی باوکی خۆی نەڕوا، ئەمەك نەناس و لەباوکی بەرییە. مەئمون بە ناڕەوایی خەلافەت هەڵدەسوڕێنێ تەختی خەلافەتی بەزۆری شمشێر بەدەسهێناوە. خەلیفەی موسڵمانان ((ئیبراهیمی کوڕی مەهدییە کە بەیداخی ڕەش و هێمای بنەماڵەی ئالی عەباس بەحورمەتەوە دەپارێزێ...

مەئمون بە خۆتێوەردانی روحانیان لەکاروباری دەوڵەت نالیك بوو و دەیکوت روحانییەکان دەبێ سەرقاڵی کاری خۆیان بن. ((موعتەزیلە)) و زەندیقان خراپ دەستیان ئاوەڵا ببوو. ئەوان بە پشت ئەستووری خەلیفە چەند و چوونی زۆریان دێنایە ئارا... مەئمون دەیزانی کە ((ئسوڵی گەرایان)) مل بۆ تازە گەرییەك کە ڕەنگی هەڵگەڕانەوەی پێوە بوو، نادەن. ئایین پەروەرانی بەغدا بەهاودەستی لەگەڵ ئەشرافانی سیواد، ئیبراهیم- مامی مەئمون- یان بەخەلیفەی خۆیان هەڵبژارد. یەکپارچەیی خەلافەت بەجارێك لێك بڵاو بووبوو. فەرمانڕەوایی دوولایەنە دووبارە لە قەڵەمڕەوی خەلافەتدا دەستیپێکردبوو. بەڵام مەئمون ڕایگەیاند کە ئیبراهیم خەلیفەی ((دارینە))یەو پەیامیشی بۆ مامی نارد کە لە بەڕەکەی خۆی زیاتر پێ درێژ نەکا.

ئەم پەیامە وەحشەتی خستە ناو ئەرکانی گیانی خەلیفەی ((دارینە))و کەوتە سەرباری ئەوەی تا کار یەکلایی نەبۆتەوە، چەپ و ڕاستی خۆی ون نەکا. ئەو، وای بە بەرژەوەند زانی وەك بووکە دارینەیەك لەسەر تەخت دابنیشێ و هەوڵبدا بەگوێرەی توانای خۆی لەگەڵ برازاکەیدا توشی شەڕەقۆچ نەبێ...

میسریانی ناڕازی لە خەلافەت، بەکەڵك وەرگرتن لە کێشمە کێشمەکانی خەلافەت، ڕاپەری بوون. والی ئەندەلوسیش لافی سەربەخۆیی لێدەدا. لەسەر لێواری سنوورەکانی بێزانتیش هەواڵ و دەنگو باسی نیگەران کەر دەگەیشتن. ئیمپراتوری نوێ ی بێزانتیش لەناردنی باج بۆ خەلیفە سەری وەرگێڕا بوو. خەزەرانی کڵاولوسیش کەلەزەمانی هاروندا بەجۆش هاتبوون. چاوی تەماعیان لەدەربەند بڕیبوو. داد و بێدادی خەڵك بەدەست قورسی باجەکانەوە دەگەیشتە ئاسمان. ئاگری ڕق و توڕەیی لەهەموو ویلایەتەکانی خەلافەتدا لەدژی مەئمون بلێسەی دەدا. نائارامی لەهەموو جێیەکدا وەك ڕۆژی ڕووناك دیار بوو. نەخۆشی کۆلێرا لەبەغداو سوریا دروێنەی خەڵکی دەکرد و برسێتی لەخورەسان و ڕی، داد و بێدادی دەکرد. خوڕەمیان لە دێهاتەکانی دەوروبەری بز دووبارە سەریان بەرزکدربۆوە. ئەوان بەڕەسمی نەخوراسانیان دەناسی و

نەبەغدا. جاویدانی شەهرەك جارێكی تر بۆ ڕاپەڕین خۆی ئامادە دەكرد. جگەری ئاگرگرتووی ئەو هێمان هەر دەسووتا. دەیكوت: ((تا تۆڵەی ئەو خوڕەمیانە نەكەمەوە كە لەبەغدا كۆیلە فرۆش كراون، ئارام ناگرم!)) ئەبو عومران لەترسی جاویدان هەڵاتبوو و لەچیاكان خۆی شاردبۆوە. هەندێك لە ئەشرافانی فارسیش لەبارەی خەلیفەوە نارەزایەتیان دەردەبڕی.... مەئمون بڕیاری دابوو كە دان بەخۆ داگرتوو و بەتوانابێ ، وبێ ڕاوەستان و گیرخواردن كاروبارەكان ڕێك و پێك بكا.

ئەو، پایە بەرزوگەورەكانی بە ئەشرەفانی ئێرانی سپاردبوو. تاهیر دۆستی نزیكی خۆی. ئێستا فەرمانڕەوایخوراسان بوو. حەسەن كوڕی سەهل- خەزووری داهاتووشی بەفەرمانڕەوای سیواد هەڵبژاردبوو. ڕۆژ بەرۆژ شكۆمەندی بەغدا كەم دەبۆوە و خوراسان ڕەونەق و ناوەند گریی پەیدادەكرد. گەورەپیاوانی بەغدا هەستیاندەكرد كە بوونەتە مایەی سووكایەتیكردن. ئەوان دەیانویست وەك سەردەمی هارون ڕەشید، بەغدا پایتەختی وڵاتی ئیسلامی بێ.

ئەشرافانی لەنفوزكەوتووی عەرەب، كە هەر ڕۆژ لە كۆشكی زێڕین دەبوونە مایەی سووكایەتی پێكردنی ئێرانییەكان. لەكاری خۆیان سەریان سوڕمابوو. بۆ ڕێگایەكی دەربازبوون دەگەڕان. زبێدە خاتون كە ڕۆژگارێك سەراسەری خەلافەتی بەنووكی پەنجەكانی هەڵدەسوڕاند و ڕێكدەخست، و ملی كەسایەتییەكی وەك جەعفەری گەورە وەزیری ناردبووە سەر كۆلكەی جەللاد، ماوەیەك بوو چاقچووری سووری لەبەرخۆی دانابوو وسەرتاپا جلی ماتەمینی پۆشیبوو. پاش بەخاك سپاردنی لاشەی بێ سەری ئەمینی كوڕی، هێشتا نەهاتبووەوە سەرخۆی. ئەو كە ساڵەها شاژنی خۆشەویست و گەورەخانمی دەرباری هارون بوو، ئەو كە بەهۆی ڕاكێشانی ئاو بۆ مەكە لەنێو دین داران و روحانیان پیگەو بەهایەكی پێكەوەنابوو، ئێستا هەموو نفوزی خۆی لەدەست دابوو. تەنانەت لەتەوریز — كە ساڵە های ساڵ هاوینانی لەوێ بەسەر دەبرد ئیدی ئەوێ ماڵی ئەو نەمابو، وەك كۆترێكی گیرخواردوو لە نێو قەفەزدا، شەو و ڕۆژ خۆی دەخواردەوە. ڕوخساری درەوشاوەی شێواو و تاڵە مووی سپی لەنێو كەزییەكانیدا پەیدا بوون. چرچ و لۆچی بەچەند جێ، روخساری شەقاركردبوو. دەوروبەری چاوەكانی كە ڕۆژگارێك ئاگریان لەگیانی هارون بەردەدا، ئێستا دەتكوت سوژناژەن كراون. لێوەكانی هەمیشە بەخەندەی، ئێستا لەڕقدا وێك هاتبوونەوە، و دەلەرزین.

زبێدە دوای ماوەیەك بیركردنەوە سەرەنجام نامەیەكی بۆ خەلیفە نووسی:



((ئەی جەنگاوەری زەمان، ئەی خاوەندی شمشێر و قەڵەم! ناوت پڕ لە ناوبانگ، و شكۆمەندیتان لەپەڵە بەدوور! ئیدی ڕابردووەكان تێپەڕبوون. شێر دەبوایە یەك بێچووی هەبێ... لەو حاڵەدا ئەو مەینەتییەمان بەسەر نەدەهات ئێوەی كوڕی هارون دادپەروەرترین و بەخشەندەترین فەرمان ڕەوایانی مەملەكەتی ڕۆژهەلاتن ، باوكی خوالێخۆشبووتان دەیكوت: خەلیفەیەك كە خاوەنی دلاوایی و بەخشندەیی نەبێ پایە بەرز نابێ. باوكتان حاتەمی سەردەم بوو. ئێرانیان جوانیان كوتووە:((هەرچی بیكەی بۆ خۆتی دەكەی))بۆن خۆشترین گوڵەكان دیسانەوە بێ دڕك نین... سوپاس بۆ نیعمەتێك كە خوا بە ئێوەی بەخشیوە و چەرمە سەرییەكانی ڕابردوو لە بیربەرنەوە لەنێوان من و مەراجل خانمی دایكتان هەرگیز ڕەنجان و دڵ یەشان ڕوووینەداوە. بزانە و ئاگادار بە كەئێستاكە وەزعی من لەوەزعی كەنیزانی بە زێر كڕدراو خراپترە. جارەهای جار بەدڵمدا هاتووە كۆشكی باوكتان بەجێ بێڵم و پەنا بۆ ((كلێسای روباهان)) ببەم. بەڵام ئایا ئەوە لەشانی ئێوە دەوەشێتەوە؟! هەر چونێك بێ من زڕ دایكی ئێوەم. داواكاری من ئەوەیە كە فەرمان بدەی جل و بەرگە ڕەسمییەكانم كە تاهیر دەستی بەسەردا گرتوون بۆ بگێڕنەوە و ئازەربایجانیش كە مارەیی منە، بدرێتەوە بە خۆم. نۆ بەتاكە دووبارە بۆم هاتۆتەوە. بەغدا وەك كوورەی ئاسنگەران دەسووتێ. جوبرائیلی پزیشك دەڵێ ئەگەر نەچمە تەورێز حاڵم ترسناك تر دەبێ... ناوتان بەرزبێ و شكۆمەندیتان بەردەوام بێ و وەئەلسەلام)).

كۆشكی مەئمون لە خوراسان لەنوور و ئاوازدا نقووم بوو. كە نیزەكان و خواجەكان و بەندەكان، بەسەرپێی خۆیانەوە، خۆیان ڕانەدەگرت. دەیانكوت مەئمون بە بۆنەی زەماوەندی خۆی هەزار كۆیلە ئازاد دەكا! لەناو كۆشك هەمووان بەسەری سەهل كوڕی حەسەن سوێندیان دەخوارد. گەورە پیاوانی ئێرانی ئامادەبوون ئەو، بەسەر ڕووی تەختەوە بخەنە سەر شانی خۆیان و بیگێڕن. كار گەیشتبووە ڕادەیەك كە تاهیریش بەو هەموو دەستەلاتەوە كلكە سوتێی بۆ حەسەن دەكرد. مەئمون لەگەڵ ((پوران))ی كچی حەسەن زەماوەندی كرد.

نامەی زبێدە خاتونیان لەدەمێكی ئاوا خۆشیدا دروست لەرۆژی مارەكردندا، دایە دەستی مەئمون. ئەو پاش خوێندنەوەی نامەكە، وەزیری خۆی بانگكرد، راوێژی لەگەڵدا كرد و پاشان نامەیەكی بۆ زڕ دایكی خۆی نارد:

((فەرمانڕەوایی بۆ خوای گەورەیە!

لەحەوتەمین خەلیفەی عەباسی مەئمونەوە بۆ زبێدە خاتون!

شاژنی گەورە بابزانێ کە هەرکەسێك لەسەرتاسەری قەڵەمڕەوی خەلافەتدا پەیڕەوی لە حەزرەتی عەلی ((ڕ.خ)) نەکا، دوژمنی منە! هەرکەسێك لەکاتی ناوهێنانی حەزرەتی عەلی((ڕەخ)) ڕەسمی حورمەت بەجێ نەهێنێ، تەنانەت ئەگەر گەورە خانمی دەزگای خەلافەتیش بێ. نەفرەتی لێدەکەم!

بەلاّم لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژی زەماوەندی منە، حەز دەکەم لەبەرامبەر هەر

کەسێك کە چاوەڕێی چاکە خوازی دەکا، چاکە بکەم چونکە خواوەند بەخشندەکارانی خۆشدەوێ. بۆیە مژدە بەخاتونی گەورە دەدەم کە داواکاریەکانت جێ بەجێ دەبێ وە ئەلسەلام.))

... پۆستەبەری چاپووکی مەئمون، سواری ئەسپی کلك بڕاوی خۆی بوو و لە خوراسانەوە بەرەو بەغدا ئەسپی تاودا.

پۆستە بەر بەپەلە بوو تا مژدانەیەکی گەورە لەشاژنی گەورە وەربگرێ.



## (٢٥)

## بارانی مرواری لەئاهەنگی زەماوەندا

*هیچ نیعمەتێك لە ئازادی*
*بەنرخ تر نییە ئینسانە*
*شەرەفمەندەکان ئازادی بۆ*
*هەموو کەس دەخوازن و کەسانی*
*سووك و پەستیش تەنیا بۆ خۆیان.*

خەڵك دەیانکوت کەس تا ئێستا زەماوەندی ئاوای نەدیوە. جەژن چل ڕۆژی ڕەبەق درێژەی هەبوو. مەئمون لە بەخشندەییدا هەموو سنوورێکی شکاند دیاری ئەوتۆی بەمیوانان بەخشی کە چاوەڕوانی لێنەدەکرا. ویلایەتێك بەیەکێ، شارێك بەویتر، گۆرانی بێژێك بۆ ئەم، ئارایشگەرێك بۆ ئەو...

ئاخرین شەوی زەماوەند بوو. چەندین ئارایشگەر، ((پوران)) کە بەخۆری ڕەش ناسرابوو، تیف تیفە دەکرد. مەراجل خاتون، دایکی مەئمونیش لەوێ ئامادە بوو. تەلار، لەبەر زۆر و زەوەندی گەوهەر، وەك بلێی داگیرسابوو و بۆنی گولاّو بنیادەمی بێ هۆش دەکرد. مەشخەڵی لەرزانەی مۆمەکان ، بووکی لەخەرمانەیەکی تابان و ڕەنگدا ئالاّند بوو. ئارایشگەری وەك قەرەنفلێ، ئارایشگەری وەك روحییە کە لەبەغداوە بۆ خوراسان بانگ کرابوون، ڕەنگ و خرۆشانێکی تایبەتیان بە بووك و ئاهەنگی زەماوەند بەخشی بوو. جوانی پوراندا لەو جل و بەرگ و ئارایشە دا، لە ئاستێکدا بوو کە پەسن نەدەکرا! دەتکوت ئەم گەوهەرانە دەست نەخشی روحییە نین، بەدەستی سروشت چنراون.

لەژووری ئارایش خانە هەراو هەنگامە بەرپا بووبوو. قەڕەنفڵ کە پاش سالآنێکی درێژ لەقەفەزی کۆشکی زێڕین رزگار ببوو، ئێستا وەك هۆزارانی ئازادئاوازی شادی هەڵدەدا:

ئەم دوو چاوە پڕ لە بڵێسەی یار
لەرزی خستە نێو گیانەوە
دڵ- ئەم ژوورە ساردەی بیرەوەرییەکان-
گەرمی و شەوق و مەشخەڵی لێ هەستاوە.
رووناکی لەخەمی هێلانەی سینەم
هەڵگیرساندووە

شەو تێدەپەڕی. مۆمەکان فرمێسکی شادییان دەڕشت. بەربووکێکی قەڵەو ڕوخساری وەك گوڵی سووری سپێدەی بەهاران، قاقای لێدەدا و بەهاوڕێیەتی چەند کەنیزەیەك، بەدەوری سەری پوراندا هەڵدەسووڕا. کۆشك لەشادی و پێکەنیندا نقووم بوو. مەراجل کە لەشادیدا، چەپ و ڕاستی خۆی نەدەناسی مشتی خۆی لە گەوهەرو دینار پڕ دەکردو بەسەر سەرو گوێلاکی میوانانی هەڵدەدا... بارانی مرواری هەمووانی سەرسام کردبوو. میوانان لە پەلەی کۆکردنەوەی دەنکە مرواری درەوشاوە و سکەی پارە پێکیاندا دەدا.
ئەو شەوە، خوراسان- سەر زەوینی خۆر- بەجۆرێك لە رووناکی و ئاگردا نقووم بوو کە جێگەی خۆی بوو ئەبو موسلیم بۆ سەیرانی ئەم دیمەنە سەری لە نێو گۆڕەکەیەوە بێنێتە دەرێ. لەسەر بەرزایی چیاکان ئاگر بازییان دەکرد. لە بڵندایییەکانی شارەکان پۆلە کۆتر کە بەپێکانیانەوە لۆکەی رۆناوییان پێوە بەسترابوو و ئاگریان تێبەردرابوون هەڵدەفرین. کۆترەکان هەرچەند باڵیان لێکدەدا ئاگرەکان زیاتر بڵێسەیان دەدا. ئەستێرەکان هێمان بە تەواوی ملیان بۆ تەماشای ئاهەنگی خەڵکی سەرزەوی، درێژ نەکردبوو، بەڵام ئاسمان مەیدانی ئاگرگا بوو.
شەوی ئاوا بۆ مەراجل یەکێك لە شەوانی بەختەوەری بوو. ئەو، وەك تاوسێك، بەنازوفەخرەوە پێی لەنێو حەوشی ڕازاوەی کە ژاوەدا دانا. مۆم بە بەرزیبالآی زاوا وەك رۆژ، حەوشەی ڕووناك کردبۆوە. لەحەوشێ چاوی بەقەرەنفڵ و روحییە کەوت بەشادی و خرۆشانەوە، هەردووکیانی بانگکرد و باوەشی پێداکردن و نێو چاوانی هەردووکیانی ماچکرد و ئەوکاتە پارچەیەك نامەی ڕازاوەی بەهەرکامیان بەخشی. ئەم کاغەزانە بەختی زێڕین، قەواڵەی ئازادی روحییە و قەرەنفڵ بوو.



بەو پێیە مۆڵەت بەوان دەدرا کە بۆ زێدگای خۆیان بگەڕێنەوە، یاخود ئەگەر بیانەوێ هەروا لەدەربار بمێننەوە.
شادی ڕوحییە و قەرەنفڵ باسنەدەکرا ئەوەی دەیان دی خەون بوو یان هەقیقەت؟! لە خۆشیاندا نەیاندەتوانی فرمێسکی تاسەیان بشارنەوە چ نیعمەتێکە ئازادی! ئەم نیعمەتە چ نرخێکی هەبوو! قەرەنفڵ قیسارەکەی تایم دایەوە و وەك بولبولێکی ئازاد لەناو گوڵزاردا بخوێنێ، شادترین گۆرانی خۆی دەچری:

ئەی جوانی من! خۆزگە دەمتوانی
باری ئەو وشترە، زێرم لەبەرپێت هەڵدەڕشت.
نازەنینی من! بۆ من ئەستەم بوو
قەپەزی زێرین
هەناسە سەنگین
دەستم ماچ باران کردی
تۆ قەپەزت کردەوە- فەرمانی فڕینت
لەدەستم نا.
ئازیزەکەم! من ئێستا دوور لەتۆ لەرێگادام
بەیادی تۆ، دەگریم، هەمیشە! بەعیشقی تۆ
دەتوێمەوە، هەمیشە!

## (٢٦)

# میوانی ئاگر

*ئەو کەسەی کە دە توانێ*

*بێ هەست کردن بەترس*

*سەیری ئاینده بکا، بێباك ترین*

*مرۆڤە.*

جاویدان لە زمانی شبل و سەلمانەوە، دەربارەی قارەمانێتییەکانی بابەك شتگەلی زۆری بیستبوو. خۆشی چەند ساڵ پێش لە ڕووداوی ژێر داری چناری پیر بابا، هونەر نواندنی بابەکی دی بوو... جاویدان هەر لەو زەمانەوە لەو بیرەدا بوو کە بابەك دەتوانێ بۆ ئەو سەردارێکی لێهاتو بێ. یەك جاریش پیاوەکانی خۆی ناردبووە بیلال ئاباد تا ڕەزامەندی برومەند لەبارەی چوونی بابەك بۆ بز وەربگرن. بۆ برومەند شانازییەکی گەورە بوو کە بابەك لەجیاتی وشتروانی، ببێتە سەرداری قەڵای بز. لەو حاڵەدا دەشیتوانی تۆڵەی خۆشی لە ئەبوعومران وەربگرێ. بەو پێیە ئەو بەڵێنی دابوو کە پاش هاتنەوەی بۆ بیلال ئاباد، بینێرێتە لای جاویدان: ((دەمەوێ بۆ هەمیشە بابەك لای جاویدان لە بز بمێنێتەوە، عەبدوڵڵاش لەگەڵ خۆی بەرێ.))

ماوەیەکی زۆر بوو بەسەر ئەو پەیام و بەڵێن و بڕیارە تێدەپەڕی. لەشەوێکی ساردی زستانی ، ئەسپی جاویدان لەبەردەم دەرگای ماڵی برومەند حیلاندی.

برومەند غاری دایە حەوشە و میوانی گەورەی بۆ ژووری ماڵێ بانگهێشت کرد.

جاویدان لەزنجان دەگەڕایەوە. ئەو، پەزی بۆ زنجان بردبوو. ئەو، ڕێگەی گەڕانەوەی خۆی بەتایبەت بۆ بیلال ئاباد دیاری کردبوو. پیاوانی جاویدان چوو بوونە — میوانسەرا و خۆشی بۆ دیدەنی برومەند هاتبوو. ئەمە جاری یەکەم نەبوو پێی دەنایە ناو ئەو ماڵەوە. شەوانی زۆر لەگەڵ عەبدوڵڵا، دۆستی گیانی بەگیانی خۆی، لەژێر درەختی توو پێکەوە دانیشتبوون و تا



بەرەبەیان قوم قوم بادەیان خواردبۆوە و قسەیان کردبوو. شاخی نێرییەکەش بەسەر تاقی دەرگاوە ئەویش هەر یادگاری جاویدان بوو.

برومەند نەیتوانی شادی خۆی بشارێتەوە، جاویدان شادییەکی گەورەی بەوی بەخشی بوو:

- عەبدوڵڵا، کوڕم! تەماشاکە کێ هاتۆتەماڵمان! مامە جاویدان! هەستە بە ئەسپی میوانمان ڕابگە..

ماڵ یەکجار ساردبوو. دایك و کوڕ لەسووتاندنی داردا وردەکارییان دەکرد و برومەند لە حاڵێکدا کە داری لە ئاگردان داویشت ئاوا بیری دەکردەوە:((دەر و دیواری ئەم ماڵە چ ڕۆژانێکی زۆر شایەتی ئامادەبوونی جاویدان بوون. ئەو ساتانە لەبەر خاتری عەبدوڵڵا بوو، کێ دەزانێ پاش ئەویش لەبەر خاتری کوڕەکەم، بابەك بێ.))

عەبدوڵڵا جێگای ئەسپی میوانی چاك کرد و برومەندیش ئاگردانی هەڵکرد. ناو ماڵ گەرم داهات و دووکەڵ لەکوڵانەی سەربانەوە گەیشتە ئاسمان. جاویدان و برومەند و عەبدوڵڵا لەسەر بەڕەیەك، لەپەنا ئاگردان دانیشتن. برومەند سفرەیەکی بچووکی لەبەدەم میوان ڕاخست عەبدوڵڵا چاوی لەجاویدان وەرنەدەگێڕا. تا وەبیری دەهات ناوی جاویدان و بزی پێکەوە بەستبوو. ئێستا ئەو لە بەرامبەر جاویدان لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو. ئێستا لە داوێنی چیایەك لەویقار دانیشتبوو لە داوێنی بز دانیشتبوو.

کڵۆ بەفرەکانی سەر ڕیشی جاویدان دەتوانەوە و گەرما، بەنێو پیاوەکە دا دەچوو.

جاویدان بەبرۆی ماش و برنجی و لووتێکی چەماوە وچاوانی بریسکە داریەوە، عەبدوڵڵای جەزب کردبوو. میوان جاروبار دەستە گەورەکانی لەبەر ئاگر گەرم دەکردنەوە و جارێك لەگۆزە، شەڕابی موغانی لە جامی گڵینە دەکرد، قوم قوم دەینۆشی. عەبدوڵڵا ئێستا چاوی لە شمشێری جاویدان چەقی بوو. بەسەر کڵاو خودەی جاویدانەوە ، مارێکی سامناك دەمی کردبۆوە. هەموو قارەمانانی نێو چیرۆکەکانی کە لە دایکییەوە بیستبوونی، بەیەکدا تێکەڵدەبوون و لە بوونی جاویداندا شێوەیان دەگرت. ئەم هەموو قارەمانە ئێستا ببوونە یەك کەس و لەبەردەمی عەبدوڵڵادا دانیشتبوو.

میوان و خانە خوێکانی ، هەموو خامۆش و بێ دەنگ بوون. ویقاری جاویدان، لەنێو موژەی برومەندا، قەڵافەتی ئەستووری مێردەکەی زیندوو دەکردەوە،((حەیف بۆ عەبدوڵڵا، کێوێك بوو، کێوێکی بێ هاوتا بوو.))

لەهەر گۆشەیەکی ئەم ماڵە ئامادەیی عەبدوڵلاٚ هاواری دەکرد. خەمی عاتیفییانەی جاویدان لەگەڵ بیری فەلسەفی ئەودا تێکەڵ دەبوو ((ئایا ڕەوایە ژنی پیاوێك کە هەموو تەمەنی کوێرەوەری چێشتووە و شەرەفی خۆی وەك سەدەفێك لە ئاوریشم، ڕەنجی خۆی پاك و بێ پەڵە ڕاگرتووە پاش مەرگی ئاوا بێ؟ ئایا ڕەوایە دەستانێك کە تەمەنێکی بە خاکە ناس و گاسن بلۆقی کردووە، لەبەر ئەوەی ئێستا لەکار کەوتوون، منداڵەکانی بێ ڕۆزی بمێننەوە ئایا تەحەمول دەکرێ هەر ئەو دەمەی کە زریانی سەختیەکان چرای ژیانی پیاوەکەیان کوژاندەوە، ماڵەکەی تاریك و خێزانەکەی بێ چرا بمێننەوە؟ ئەم کۆتەڵی شەرەف و کۆشش، چی نەکرد؟! ئێستا ئەم ژنە، ئەم خانمە یەك تەنە، لەبەر ڕەشەبای بێ ئامانی ژیان، بەو دوو دەستە ناسکانەی چ درك و هەژگەلێکی کۆنەکردەوە تا ئەم سێ بێچوەی لە لافاو و تۆفان ڕزگارکرد. ئاخیر و ئاقیبەتیش ئەوەتانێ، ئاورگەیەکی بێ ئاگر، ماڵێکی سارد ئەمبارێکی بێ ئارد و ئازوخە، میلی ترازووی گەردوون بۆ پێکدانادا. ئایا ژیانی ئەبونەواس وەك ژیانی عەبدوڵلاٚ بووە؟ شەو تا بەیانی بادە نۆشی، بەیانی تا شەو کاسەلێسی و زمان لوسی ئایا خشت بەخشتی تەلاری ژیانی فنحاس شایانی کولینگ و ئاگر تێبەردان نییە؟ ئەو کە بوونی لەنەبوونی ئینسانەکانەوە وەرگرتوە، ئەو کە شەرەف وئازادی ئینسانەکان، وەك مەنجەڵ و سێ پایە دەکرێ و دەفرۆشێ. ئەو کە ئابرووی بنیادەم بۆ خاتری توورەگەی پارەکەی لەکەدار دەکا، ئەو کە تازە وەك بەدەنی بێ بەرهەمی چووە ژێر خاکەوە، کوڕەکانی لەسەر میراتی مۆڵ و بەهەوەنتە پەیدابووی دەست دەخەنە یەخەی یەکتر و هەرکامیان فنحاسێکی دیکە دەردەچێ؟!

بەرد بەبەردی بناغەی ژیانی ئەو چ کەسانێك بەرزی دەکەنەوە؟ ئایا زەحمەت کێشەکان نین؟

خشت بەخشتی دیوارەکانی ئەو چ کەسانێك بەرزی دەکەنەوە ئایا مرۆڤە ڕەنجبەرەکان نین؟

ئەستوندەگ و کۆڵەگەکانی ئەوان بەسەر شانی چ کەسێکەوە هەڵدەگیرێن؟ ئایا بەسەر شانی بێ هێزی منداڵانەوە نین؟ بەلاٚم ئەو دەمەی ماڵ تەواو دەبێ و ئامادەی دانیشتن دەبێ ئاگردان لەزستان گەرم دەبێ ، لەهاویندا سەقفی سێبەر پەیدا دەکا، فنحاسەکان دێن و لەنێو خەڵکیدا دادەنیشن، ئەگەر لانیکەم دەستە قەڵشیوەکانی ئەم مرۆڤانەیان ماچ بکردبایە ، یا بەزەردەخەنەیەك سوپاسی ئەوانیان بکردایە تەحەمول دەکرا. ئەوان زەحمەت دەکێشن، بریندار دەبن، برینیان دەکولێتەوە، بۆ دەبێ هەمیشە ئەوان فەرمانڕەوایی بکەن، فەرمان دەربکەن، ڕاببوێرن, ئەمانە کە هیچیان بەبێ ڕەنج فەراهەم نابن و ئەوانە خۆیان، پیاوی ڕەنج کێشان نین،کەوابوو دەبێ هەمیشە، ئاپۆرایەك لەخەڵك ڕەنج بکێشن تا ئەوان ڕابوێرن... بەلاٚم چۆنە کە



ئەم ئاپۆرای ئینسانانە بۆ ئاوا ستەمێك پشت دەچەمێننەوە وملیان بۆ زنجیر درێژ دەکەن؟... ئەی داد لە نەزانی، هاوار لەدەست بێ ئاگایی! ڕەنج خۆران ئەفسوون دەخولقێنن و هەزار یەك مۆر هەڵداوێن: خواوەند ئاوای ویستووە! پەروەردگار ئاوای دروستکردووە من سەروەربم و تۆش ڕەنجبەر، ئەمە قەدەرو چارەنووسمانە!

ئەی پەروەردگاری پاك! ئەی خالیقی دادپەروەر! حاشا کە تۆ ئاوات ویستبێ، حاشا کە ئاوات دروستکردبێ، حاشا کە ئەوە ئیرادەی تۆ بێ...

بەلاٚم تا ئەو رۆژەی کە نەزانی ئاوا بەرچاوی ئاپۆڕای خەڵکی گرتبێ و پەردەی بەسەر ڕووی نا ئینسانییەکانی ڕەنج خۆراندا دادابێ، هەر ئاوا دەبێ، و هەر ئاوا دەڕواتە پێش. کەوابو دەبێ ئەو پەردەیە دابگیرێ. تا ئەو پەردەیە لەسەر ڕیاکارییەکانی ئەوان لابچێ و چاوەکان بەباشی واقیعەکان ببینن...))

کەسەرێکی قووڵ دڵی جاویدانی داگرتبوو لەسەری دەڕژا و نائاگا لەسەر زمانی هەڵڕژا:

- مەزدەك ئامۆژگاری گەورەمان، خەڵکانی لەکینە خواردنەوە و خوێنڕێژی و کوشتار هۆشیار دەکردەوە و ئەم خەسڵەتانەی بە بەربەستی ڕێگای ڕزگاری ئینسانەکان دەزانی. ئەو تەنانەت خواردنی گۆشتی ئاژەلاٚنیشی بەحەرام دادەنا. مەزدەك باوەڕی وابو کە پەروەردگار هەموو پێداویستییەکانی گوزەران و ژیانی لەسەر ڕووی زەوی بۆ هەمووان فەراهەم کردووە و هەمووانیش دەبێ لەهەموو ئەم نیعمەتانە بەشێوەیەکی یەکسان کەڵك وەربگرن.

ئەو هەمیشە دەیکوت: لە سەرەتادا دنیا خانەی یەکسانییەکان بو. نایەکسانیەکان سەردەمانێك سەریان هەڵ دا کە هەرکەس دەیویست حەزو خواستەکانی خۆی لەکەسانیترەوە وەربگرێ. مەزدەك مەرجی دووبارە گەڕانەوەی یەکسانی بۆ نێو ئینسانەکان لەستاندنەوەی دەسەلاٚت لە دەسەلاٚت داران و بەخشینی بە دەست کورتان دەبینی. بە چ ڕێ و شوێنێك دەتوانرێ دەسەلاٚت لە دەسەلاٚتداران وەربگیرێتەوە و ئەو کەسە کێیە کە دەسەلاٚت لە دەسەلاٚتداران وەردەگرێتەوەو دەیدا بەدەست کورتان؟ ئایا جگە لەدەست کورتان کێ؟ ئایا بۆ نەهێشتنی نابەرامبەری و زەبر و زۆرداری، جگە لە پەنابردن بۆ زەبر و زۆر چارەیەکی تر هەیە؟ مافی بابەك و عەبدوڵلاٚ، کێ؟! نالەبارییەکانی کە هەن بەچی دەتوانرێ ڕاست بکرێنەوە؟ جگە لەشمشێر؟! دوژمن هێز و زۆری هەیە بۆ ئەوەی نەکەوینە ژێر دەست و پێیانەوە دەبێ بەهێز ببین، دەبێ چەکدار بین، کوشتن ئەگەرچی کارێکی نائینسانانەیە، بەلاٚم بۆ ڕزگاری ئینسان جگە لەکوشتن چارەیەکی دیکە نییە. بۆ کۆتایی هێنان بەکوشتار، جگە لەکوشتن و کوژران چارەیەکی

تر نییه. بۆ ئەوەی ڕۆژێك هەموو چەکەکان بشکێنین، ئەمڕۆ دەبێ هەمووان چەك هەڵبگرین. شمشێر بەدەستانەوە بگرین، دەبێ شمشێری دوو دەم... تا ڕووناکی بخولقێنێ.))

عەبدوڵڵا هەروا لەسەر ئەژنۆ بەرامبەر جاویدان دانیشتبوو و هەر چە ندە پەی بەقووڵایی قسەکانی ئەو نەدەبرد، بەڵام وێنایەکی ناڕوون لەوەی لەدەمی جاویدان دەردەچوو، لەروحیدا نەخشی دەبەست: ((ئەو ڕەنجبەرە شەریفە چ ڕەنجێکی نەکێشا، چ کۆششێکی نەکرد...؟ ئایا خشت بەخشتی تەلاری ژیانی فنحاس مستەهەقی کولنگ و ئاگر نییە..؟)) دوو دڵۆپ فرمێسکی گەشی دی کە لەلێواری چاوی جاویدان ڕژان و بەدرزی گۆنای هاتنە خوار و بەنێو ڕیشە چڕو پڕەکەیدا چوونە خوارەوە، ((ئەم نەبەردە، ئەم قارەمانە بۆچی دەگری؟))

دەنگی برومەند، سەرداری گەورە و عەبدوڵڵای بچووکی لەدنیای خۆیاندا هێنایە دەرێ:

- شیو ئامادەیە سەردار! ڕووی هەژاری و نەداری ڕەشبێ کە ناتوانم بەشێوەیەکی شایستە خزمەتی سەرداری گەورە بکەم... سفرەیەکی هەژارانەی لەپێش میوانی گەورە داخست...

جاویدان دەستیاوی دەستی بێوەژنی هاوەڵە دڵسۆزەکەی بەو پەڕی ئیشتیاوە خوارد و پاش شیوخواردن هاتەوە سەر مەبەستەکەی:

- خوشکم برومەند! ماوەیەکی زۆر لەمێژە چاوم لەدوا بابەکە. ئەو قارەمانێکی بێ هاوتایە، چەندین جار پیاوانی منی لەمردن ڕزگار کردووە. ئەگەر ڕێگا بدەی ئەو دەبەمە لای خۆم.

- مۆڵەتی ئێمە هەموومان بەدەستی سەرداری گەورەیە، چ شانازییەك لەوە بالاتر هەیە، تەمەنێکە تۆوی تۆڵەستاندنی عەبدوڵڵا لەنێو دڵ و گیانی مندا ڕیشەی دەرکردووە. جگە لەبابەك کێ شایانی ئەوەیە ئەو تۆوە بکا بەگوڵ. سەری ئەبو عومران بخاتە ژێر پێی سەردار و چاوانی دەرپەڕیو و نامەحرەمی بۆ هەتا هەتایە لەم خاکە پاکە، دوور بخاتەوە؟

- ئەو ڕۆژە دوور نییە، برومەند!

برومەند بۆ ئەوەی لەو حاڵەتی ڕق و هەڵچوونە بێتە دەرێ بە ئەنقەست قسەکەی گۆڕی:

- حاڵی ((کلدانیە))ی کچی سەردارمان چۆنە؟

بیستومە دڵی شێر و چاوانی وەك ئاسکی هەیە؟

- بەخت یاوەری بێ. جوانی کارێکی خوا بەخشە. بەڵام کام کچی خوڕەمی هەیە کە دەستی هاودەمی شمشێر نەبێ؟ تۆ خۆت ڕۆژگارێك لە ئازایەتیدا ناوداری ویلایەتی ئێمە بووی.

لە شەرم و بەخۆنازیندا خوێن لەڕوخساری برومەنددا گەڕاو ئاهێکی هەڵکێشا:



- لەباوکی وەك ئێوە، هەر کچی وەك کلدانیە دەبێ.

- ئیتر من پیر بووم. بز باوەشی خۆی بەرەو ڕووی فەرماندەی لاو و ئازا کردۆتەوە. ئومێدەوارم هەروەکوکە تۆ کوتت بەزویی سەری ناپاکی ئەبو عومران لە ژێر پێت دا بگەوزێ. بەڵام مادام عەباسیان لەسەر تەختی خەلافەت دانیشتوون و ئاوا ستەم کارانە فەرمانڕەوایی دەکەن، نابێ شمشێری ئێمە لە کالاندا بێ.... بەڕاست تۆش ئەگەر دەتەوێ دەتوانی لەگەڵ عەبدوڵڵا بێیە بز و لەوێ بژی. لەڕاستیدا من بە ((محەمەد بن بەعیس)) پاسەوانی بز متمانەیەکی زۆرم پێ نییە....

خوێنی گەرمی ئومێد لەدڵی برومەند دا بەنێو روخساریدا گەراو ئارەزوگەلی شیرین لەنێو دەروونیدا سەری هەڵدا، ((کێ دەڵێ، لەوانەشە بەختی بابەك بدرەوشێتەوە و کلدانیە بەنسیبی ئەو بێ... دەڵێن لە ئەقڵ و کەماڵدا لە تیر هاوێژی و سواریدا تاکی نییە. کچێکی ئاوا هاوشانی بابەکە. گومانم نییە ئەگەر بابەك ببینێ، ئیدی ناگەڕێتەوە بیلال ئاباد!....))

برومەند بە ئاوازێکی خرۆشانەوە کوتی

- سەرداری گەورە! تا ئێستا دوو جار بابەکم لەخەودا دیوە کە بەسەر قاراقاشقاوە بووە و کۆمەڵێك سوار لەپشتییەوە دەرۆیشتن.

- ئومێدەوارم خەونەکەتان لێکدانەوەی باشی هەبێ.

- بەڵام بابەك وەك باوکی پڵنگی بێ قەرارە بەستنەوەی ئەو لەنێو یاڵ و پێچی چیاکاندا کارێکی ئاسان نییە.

- ئێستا دەتوانین ئەم پڵنگە لە کوێ بدۆزینەوە؟

- تەورێز، لای وەستایەکی ناسراو بەناوی محەمەد کاردەکا.

زەردەخەنەیەك لە ڕوخساری جاویداندا گەڕا ((یەقینم ئەو پیاوە محەمەدی کوڕی ئەزدی تەورێزییە.))

- خوشکە! ئەو پیاوە ئەگەر هەوبێ کە من دەیناسم پیاوێکی گەورەیە. لەتەورێز کەم کەس هەیە ئەو نەناسێ کارگەیەکی چەکسازی گەورەی هەیە. من ئەم ڕۆژانە سەفەر بۆ تەورێز دەکەم. هەم بۆ ئەوەی بڕێك چەك بکڕم و هەم بۆ ئەوەی بابەك ببینم.

- پەیامم بۆ بابەك ناردووە. ئەگەر ئێوەش دیتان پێی بلێن کە هەوڵبدا جەژنی سەدە بێتە سەردانمان تا هەموو پێکەوە بین... بەڕاست ئەم خەلیفەیە چ جۆرە بنیادەمێکە؟ دەڵێن کاری

بەسەر کاری خەڵکەوە نییە و دوژمنایەتی خوڕەمیان ناکا، ئەگەر وابێ، ئارامییەك بەدەست دێنین. کوشت و کوشتار بڕێتەوە.

- خوشکی من! سەگی زەرد برای چەقەڵە. مەئمون بەهەنگوین خەڵك دەخنکێنێ بنیادەمێك لە پێناوی تەخت و تاج سەری براکەی لەلەشی جیابکاتەوە، نابێ چاوەڕوانی شەرەف و ئینسانذۆستی لێبکرێ. ئەو رێویەکی فێڵبازە. لەلایەکەوە ئەمینی کوشتووە لەلایەکی ترەوە حورمەتی دایکەکەی ڕادەگرێ. دواجار، دووبارە ئازەربایجانی بەزبێدە سپاردۆتەوە. بیستوومە لە جەژنی زەماوەندا، قەڵای بزی بە براکەی تاهیر بەخشیوە.

- بلێم چی سەرداری گەورە، هەر کەسە و شتێك دەڵێ، هەندێك دەڵێن ئەو دۆستی خوڕەمیانە، چەندێکی تر دەڵێن، ئەو ئەهلی زانست و زانایانە و حورمەتی نوسەران دەگرێ.

- ئەم قسانە هەمویان ورێنەن. من کوتم لە رێوی فێڵبازترە. هەموو ئەو قسانە بۆ ئەوەیە پایەکانی تەختی خۆی مەحکەم بکا. ئێستا کاری بە کاری ئێمەدا نییە، چونکە گرفتاریی گەورەتری هەیە. هێشتا لە بەغدا خەلافەتی ئەو بەڕەسمی ناناسن. لەمزگەوتەکاندا نەفرەتی لێدەکەن. برسێتی لەلایەکەوە و کولێرا لەلایەکی دیکەوە، خەڵك وەك گەڵاڕێزانی پایز هەڵدەوەرێن، گرانی ئامانی لە خەڵك بڕیوە و لە زنجان مەرێك بەیەك بەندە دەگۆڕنەوە.

- وا دەردەکەوێ کە مەئمون بنیادەمێکی پێ و قەدەم شوومە خوا غەزەبی لێگرتووە. باش بوو بابەك وازی لە وشتروانی هێنا. بیستوومە ماوەیەکە کەوا یەکێك لە کاروانەکانی شبل لەبەغدا گیری خواردوە و لەترسی کولێرا ناهێڵن بچێتە دەرێ. نازانم ئاخیر و ئاقیبەتی کار چی بەسەر دێ؟...

- خوشکم! بەو جۆرە تۆ مۆڵەتم دەدەی من بچمە تەوریز لەوێوە بابەك بەرمە بز؟... یەقینم پاش توانەوەی بەفر، ئەبو عومران لە ئەشکەوت دێتەدەرێ و دووبارە دێتە ئێرەو دەردەسەری زۆر دروستدەکاتەوە. مەئمونیش پاش ئەوەی جێگای پێی خۆی قایمکرد. ناهێڵێ ئێمە بە ئاسوودەیی دابنیشین. ئیدی شمشێری من کول و باسکەکانم هیلاك بوون. شمشێری هەڵکێشراو و پیاوی وەك بابەك بەکارن.

برومەند لەشانازیدا نقوم بووبوو. پاش ئەوەی داری لە ئاگردان هاویشت- لە رووناکی ئاگرەکەدا چاوی لە چاوی ڕەشی جاویدان بڕی کوتی:

- سەرداری گەورە! خەونی من دێتە دی.... بابەك ئەهلی کار و شینایی نییە. پیاوی ئەسپ و شمشێرە ئەو بە تۆ و تۆش بە ئاهورامەزدای گەورە دەسپێرم. جاویدان لەهەمان شەوی



بەفر و سەرمادا، ماڵی برومەندی بەجێ هێشت و چووە ئاورگە. لەوێ لەگەڵ موپەد لەپەنا ئاورگە دانیشت و لەبارەی هەموو شتێك و هەموو جێگایەکەوە قسەیان کرد.. دووبارە قسە لە فێڵبازییەکانی مەئمون و نامەردییەکانی ئەبو عومران و چەتەکانییەوە کرا. جاویدان باسی کرد کە پێویستی بە هاوکاری دارایی ئاورگە هەیە و بۆ کرینی چەك پێویستی بە پارە هەیە.

((لای ڕۆژهەڵات بەرەو زیوی دادەگەڕا)) کە جاویدان سوار بوو بەهاوڕێیەتی پیاوەکانی بەرەو بز، کەوتە ڕێ. ئەسپەکان بەدژوارییە وە دەچوونە پێش. سەرا سەری ڕێگا بە بەفر داپۆشرابوو. هەرچی زۆرتر لەدەشتی سوور نزیك دەبوونەوە، بارستایی بەفر ئەستوورتر دەبوو. پیاوانی چیایی لەگەڵ زستانی سەخت و بەفری ئەستووری سەر زەوینی خۆیان ڕاهاتبوون. بێ ئەوەی گرنگی بەئەستووری بەفرەکە بدەن ئەسپانیان لنگدەدا و بەرەو مەنزڵگای خۆیان دەچوونە پێش.

جاویدان لەئەندێشە و بیر و خەیاڵاتی خۆیدا نقووم ببوو کە لەناکاو خۆی لەپەنا چناری پیر بابادا دی. سیمای بابەك هاتەوە پێش چاوی. قارەمان بەچاوانی خورماییەوە، قەلافەتی وەك داری سەروو، شمشێری هەڵکێشراو. بابەك لێهاتووترین سەرداری بز! دەبێ هەرچی زووتر ئەو بۆ بز بهێنێ.

## (٢٧)

# دیدار لە تەورێز

فەرمانی خەلیفەی نوێ بۆ ئەبو عومران بەم شێوەیە بوو:((قەلاْی بز دەبێ لەژێر دەستی ئێمە و لەژێر فەرمانی ئێمەدا بێ)). بەلاْم جاویدانیش لەو جۆرە داربییانە نەبوو بەو جۆرە بایانە بلەرزێ. گیانی خۆی دەدا بەلاْم زێدگای خۆی بەدوژمن نەدەدا. قەلاْی بز دەبێ هی خوڕەمیان بێ. ئەو لەگەڵ ئەوەشدا لەتەورێز کاروباری پێویستی هەبوو، لەبز نەدەهاتە دەرەوە

هەل و مەرجی خەلافەت جۆرێك شلْەژابوو کە کەس نەیدەزانی سبەی چ ڕو دەدا. مەئمونی خەلیفە سیاسەتی خۆی لە ڕیشەوە گۆڕی بوو. ئەو لەبەرامبەر بچووکترین سنوور بەزێنیدا ، فەرمانی کوشتنی دەردەکردو لەئەنجام دانی هیچ جۆرە ناماقوڵییەك باکی نەبوو. بۆ ڕەزامەندی ئەشرافان و گەورەکانی بەغدا، پشتی، لە ئێرانییان کردبوو، و خەزوورەکەشی حەسەنی کوڕی سەهل بەتۆمەتی شێت بوون، خانەنشین کردبوو. دەربارەی تاهیر کە، ئەم هەموو خزمەتەی پێ کردبوو، ڕووی خۆشی پیشاننەدەدا و خەریکی ئەوەبوو کە لەسەر کار لای ببا. وێرا بەوەش ئەشرافان و ڕوحانییەکانی بەغدا بەردەوام لە ناڕێکی لەگەڵ خەلیفەدا زیاتر پێیان درێژ دەکرد و هاودەستی دەسەلاْتدارانی سیواد لە بەرامبەر خەلیفەدا ڕیزبەندییان دەبەست:((جارەهای جار کوتوومانە و دیسانەوە دەیلێینەوە کەسێك کە شیری زەردەشتی خواردبێ، هاوشانی تەخت و خەلافەت نییە!))

داژدارانی خەلیفە لەبەغدا کەمینەبوون.

جاویدان لەبارەی کێشمە کێشمەکانی ناوخەلافەت و خوراسان ئاگادرای هەبوو. خەلیفە گیرۆدەی گرفتگەلی جۆربەجۆر بوو بوو چاوەڕوانی ئەوە نەدەکرا ئەبو عومران بتوانێ دەست پێشکەرییەکی جیدی بکا.



جاویدان لە یەکێك لە مانگەکانی پایز خۆی گەیاندە تەورێز. دەرفەتێکی زۆری بۆ مانەوە نەبوو. لەگەڵ محەمەد کوڕی ڕواد ئەزدی گفتوگۆی کرد و گەیشتنە ئەنجام کە ئەو چەکانەی کڕدراون بەکاروانی وشترانی شبل، کە قەرار وابوو لەبەغدادەوە بگاتە تەورێز، دەسبەجێ ڕەوانەی بزبکرێن. پاش ئەم گفتو گۆیە جاویدان بە محەمەدی کوت:

- بیستوومە بابەك کوڕی عەبدوڵلاْ ڕون فرۆش لە کارگەی تۆ کاردەکا، چۆن لاوێکە؟

محەمەد کە لەمەرامی سەرداری خوڕەمیان بێ خەبەر بوو، وەلاْمی دایەوە:

- سەرداری گەورە! ئەم لاوە ئەوەندە لەگەڕناسیدا پڕ و لەهێزی بازوو بەرخوردارە کە لەماوەیەکی کەمدا ناوبانگی بەهەموو تەورێزدا بلاْوبۆتەوە. کەم کەس هەیە نەیناسێ. شبل بەدوا ئەودا هاتبوو تا ئەو لەگەڵ کاروانەکەی ببا. بەلاْم بابەك قبووڵینەکرد. گوایا دایکی ڕازی نەبووە کوڕەکەی وشتروانی بکا. وەزعی خەلافەت ئەوەندە تێکچرژاوە کە هەنگاو هەلێنان بەرەو ڕێگای سەفەر، بەهەقیقەت وەك یاری تاوڵەکردن لەگەڵ ئیزرائیل وایە.

ئێستا بابەك بۆ خۆی سەنعەتکارێکی شایانی لێ دەرچووە و ڕۆژانە بەهاوکاری براکەی، بەلای کەمەوە پەنجا قەبزە شمشێر دروستدەکا و داهاتێکی باشی هەیە. چاوی پاك و دەست و زمانی ڕاستە. بازرگانان بۆ ئەو شمشێرانەی لەژێر چەکوچی ئەودا دەردەچێ پێشەو بڕییانە شمشێر وەها تیژ دەکا تاڵە موو دوولەت بکا!

هەرچەندێك محەمەد لەبارەی سەنعەتکاری لاو و لێهاتوویی و پیاوەتی وییەوە قسەی دەکرد، چاوە گەورەکانی جاویدان زیاتر دەدرەوشانەوە.

- دەمەوێ بابەك ببمە بز، بیروڕای تۆ چییە محەمەد؟ هەڵبەتە لەمبارەیەوە لەگەڵ دایکیشی قسەم کردووە و ڕەزامەندی ئەویشم وەرگرتووە، بەلاْم ڕەزامەندی تۆش پێویستە.

محەمەد مینگە مینگێکی لێوە هات، ((ئەم پیاوە دەڵی چی؟)) ویستی شتێك بڵێ، بەلاْم بێدەنگ بوو، لەوەی ئەم هەمووە دەربارەی بابەك قسەی کردبوو، هەستی بە پەشیمانی کرد، ((دیسانەوە ئەم زمانە کاری لێ تێك داینەوە!))

.. لە کارگە، بەو دیوار و بن میچە دووکەڵ لێنیشتوو بەتەونی جاڵجاڵۆکە داپۆشراوە، کوین و چەکوچ لێدان لەسەر دەزگا گوێی بنیادەمی ئازار دەدا. دەنگ بەدوای دەنگ. ئاسن لەسەر ئاسن. چەکوچی گران و سووك بە ریتمێکی دڵ هەژێن، بازوانی دەمار دەرپەریو، بەرزو نزم بەهەوادا ، پفەپفی دەماندن و زرێ سازان ، بۆنی دووکەڵ و هەڵم ، بۆ کڕوزی چەرم و ژەنگی ئاسن لەو خەڵوزانەوە کە لە زاری کوورەی ئاسنگەری سوور دەبوونەوە، هەوایەکی

ژاراوی دەهاتە دەرێ. هەموو جێ یەك ئاسن بوو. ئاسنی ورد بوو. وردە ئاسنی بەنێو یەکدا چو ڕەنگی خۆی لەدەس دەدا، و هەڵ دەگەڕایەوە. و شێوەیەکی دیکەی وەرگرت. شێوەی قەڵغان و شمشێری وەردەگرت. سێ یەکانی جاویدان کە بەهەوای پاك و سووکی نێو شاخەکانەوە ڕاهاتبوون گیرا. دەستی بەکۆکە کرد. هەناسەی سوار بوو بەڵام چاوە تیژەکانی هەروا بەنێو وەستاکاندا بەدوای بابەکدا دەگەڕا:

((من ئەوم تەنیا یەك جار، ئەویش کاتێك کە تازە لاوێك زیاتر نەبوو، لەپەنا چناری پیر بابادا دیوە، ئێستا حەتمەن قەلافەتی کردووە و بۆ خۆی خورتێك دەرچووە.))

هەندێك لەوەستاکان کڵاو خودەی نووك تیژ و هەندێکیان قەڵغانی دروستدەکرد. هەندێکیانیش شمشێریان تیژ دەکرد.

زرێ سازان گاڵتە و گەپیان لەگەڵ یەکدا دەکرد:

- هۆی پینەچی! زرێ ئاوا دروستناکرێ!
- هەقی تۆیە حەزرەتی داود! دەبێ بمبووری!
- بۆ تورە دەبی؟ زرێ دەبێ وەها سفت دروستبکرێ کەنێزە نەتوانێ بیبڕێ.
- حەزرەتی داود! باشترە چاوت لەسەر کارەکەی خۆت بێ.

جاویدان ئەمە جاری یەکەمی بوو کە کارگەی چەکسازی دەدی. لێرە تەشتی گەورەی زارئاوەلاَیان لەپەنایەك ریزکردبوو. دوو لاوی ڕیشدار بەقوڵی هەڵکراو، بازوانی بەهێز، بەداردەستی ئەستوور و درێژ تەشتەکانیان، ((لەنێو ئەو تەشتانەدا چ دەکەن)) ئەوانە جارێك لەناو تەشتە پڕ لە ئاوەکاندا زیخیان دەڕشت، یەکێکی تر زرێ تازە ساز کراوەکانی دەخستە ناو تەشتەکانەوە...

- ئەمانە ئامادەن.

دوو لاوەکە دەسبەجێ دەمەوانەی تەشتەکانیان بەست، و لەسەر زەوی کارگە لەسەر تەنیشت دایان نان بەپێ لەوسەری کارگە تا ئەو سەری کارگە خلۆریان دەکردنەوە. پاشان یەکێکی دیکە ، سەری تەشتەکانی دەکردەوە. زرێکانی بەچنگاڵێکی ئاسن یەکە بەیەکە دێنایە دەرێ، بەدیقەتەوە تێیانی دەڕوانی:

- بەگیانی شەروین ئەسکەندەری مەکدۆنیش زرێ ی ئاوای نەدیوە

یەکێکی تر کوتی:

- گرەو دەکەم لەناو لەشکری جاویدانی شەهرەکیش زرێی ئاوای تێدا نییە.



جاویدان بەوردییەوە لەو لاوەی ڕوانی کە ئەو قسەیەی کردبوو و لەدڵی خۆیدا کوتی:

((خاوەنی ئەو چاوە خورماییە جگە لە بابەك کەسی دیکە نییە. دەنگێکی پڕ لە لەرینەوەی هەیە و ڕەنگی پێستی لە چیاییەکان دەچێ.))

بابەك زرێ جەلایەکراوەکانی لەنێو تەشتەکاندا هێنایە دەرێ. یەك بەیەك تێی دەڕوانین و هەرکامیان کە بەدڵی نەبوایە، لەنێو تەشتەکەی داویشت: ((بادیسانەوە مشت و ماڵ ببێ، هێشتا ژەنگی هەیە.))

بابەك پاش تەواوکردنی ئەو کارە، چووە پشتی دەزگا. کوڕێك کەسەروڕیشی دووکەڵی لێنیشتبوو،کوورەی پف دەدا. پاش ئەوەی کە پارچە پۆلاَ لەناو کوورەدا سوور بۆوە و نەرم بوو، بابەك بەماشە هەڵی گرت و لەسەر دەزگای داناو بەجاویدان، کە هێشتا لە نزیکی دەزگاوە بوو کوت:

- باوکە کەمێك لەو لاترەوە ڕاوەستە، پڕیشکەکانی بەر سەروڕووتان نەکەوێ.

جاویدان دوو هەنگاو چووە پاشەوە.

بابەك بەهێزێکی بێ هاوتاوە چەکوچی دەبردە سەر سەری و لە ئاسنی سووری دەداو شێوەی بە ئاسن دەدا. ئەو ، ئەوەندە سەر گەرمی کارکردن بوو کە جاویدان، لە پەنای ئەویشەوە ڕاوەستا بوو وبەلاپرسەنییەوە لەوی دەڕوانی، نەدەبینی. تیغی شمشێرەکانی کە لەژێر چەکوچەکەی ئەودا دەهاتنە دەرەوە، یەکە یەکە دەیخستە ناو تەشتێکی پڕ لە ئاوەوە. پارچە ئاسنێکی لەسەر ئەژنۆی خوار کردەوە و هاویشتییە ناو کوورەکەوە:

- معاویە! ئەوەشم دەوێ، کەس هەڵینەگرێ.
- ئاگام لێ یە...

وئینجا پرسی:

- بابەك! ئایا بیستووتە کاروانێك لەتەوریزەوە بەرەو ویلایەت دەچێ؟
- بیستوومە.
- ناتەوێ شتێك بۆ دایە ڕەوان بکەین؟

جاویدان بە بیستنی ناوی ((بابەك)) ئیدی لەوزەی دانەما. دڵی بە پەلە پەل کەوت و لە حاڵێکدا کە باوەشی کردبۆوە، بەرەو ڕووی لاوێکی بالاَ بەرزی چوار شانە پێش کەوت.

- کوڕم بابەك! سلاَوت لێبێ

بابەك بۆ ساتێك لەو پیاوەی ڕوانی کە نیگایەکی هەڵۆئاسای هـەبوو و لـەپڕ چەکوچـەکەی لەسەر دەزگا داناو بە سەرسوڕمان و شادییەوە هاواری کرد:

- سلاو لەسەرداری گەورە! تۆ لەکوێ و ئێرە لەکوێ؟

چەند شکۆدارە میوانداری پیـاوانی گـەورە، دیـداری گـەورە پیـاوان! هـەمووان دەسـتیان لەکارکێشایەوە، سەیریان دەکرد...

بابەك کەوڵە مەڕەکەی داناو لەسەر کۆلکەیەکی دانا:

- فەرموو دانیشن.

معاویەش لە نیگاو شکۆمەندی سەرداری گەورەی بز نقووم بووبوو.

جاویدان کوتی:

- چووبوومە دیدەنی دایکت، پەیامێکی بۆ تۆ و بۆ معاویە ناردووە ئەگەر حـەز بکـەی و سەعاتێك دەست لەکار هەڵبگری، دەتوانین بەیەکەوە قسە بکەین.

- لەژێر فەرمان دام... تەوریزت خۆش لێهات؟

- هەڵبەتە! لەگەڵ تەوریز نائاشنانیم. کارێکی باشـت کـردووە هـاتووی لێـرە سـەنعەتێك فێرببی. کار گەوهەرە و شەرەفی مرۆڤە. سەنعەت و هونـەر سـیمای پیاوانـە. هەڵبەتـە هـەر سەنعەتە نرخی خـۆی هەیـە. بـەڵام شمشێرسازی سـەنعەتێکی قارەمانانەیـە... ((عیـسمەت کوردی)) دۆستی من قسەیەکی پڕ مانای هەیە. ئەو دەڵێ: ((خوڕەمی بەشمشێرەوە دێنـە سـەر رووی دنیا)) ئەم قسەیە بەتەواوی ڕاستە. ئەم شمشێرانەیە کە ناموسی ئێمە، نیشتمانی ئێمە، دار و نەداری ئێمە دەپارێزن. ئێمە ئیدی ناهێڵین داگیرکەرانی بێگانە دایکان و خوشکانی ئێمـە بەدیل بگرن. و لەبازاڕەکانی بەغدا بەکۆیلە بیانفرۆشن.

بەڵام شمشێر بەتەنیا بەس نییە؟.. شمشێر دەبێ بەدەستی شمشێروەشێنەوە بـێ. بـێ بـازووی پۆلایین تیژترین شمشێریش کارێك ناکا. ئێستا ئێمە هەم شمێرمان هەیەو هـەم شمـشێر وەشـێن. هەم چەکمان هەیە و هەم بـازوانی پـۆلایین. بـەڵام بـازووی پـۆلایینیش فەرمانـدەی هۆشـیاری پێویستە.

بابەك بێ ئەوەی ئاگاداری مەرامی ئەسڵیی جاویدان بێ، چـاوی لـەدەمی ئـەو و دڵـی بـە قسەکانی ئەودابوو.

جاویدان درێژەی پێدا:



- کوتم بۆ دیداری برومەند چووبووم. مۆڵەتم لەدایکت وەرگرتووە تۆ بۆ بز ببەم. ئـۆردووی من پێویستی بە فەرماندەی لاو و هۆشیار هەیە.

بابەك ساتێك خۆی لەنێوان خەون و بێداریـدا دی. چـی گـوێ لێ دەبـێ؟ لـەکێ وە گـوێی لێدەبێ؟

جاویدان ئەوی بۆ بز دەبرد. جاویدان ئەو دەکا بە فەرماندەی ئۆردووی خۆی؟!

بە چ قسەیەك دەیتوانی تاسەی خۆی ڕابگەیەنێ؟

- مایەی شەرەفە سەرداری گەورە!

- مەمنوونم- ناتەوێ بڕۆین؟

- باشترە کە وەستا محەمەد لە ڕۆیشتنم ئاگادار بکەم.

- ئاگادارە.

دەنگی چەکوچ و دەزگا لە کارگەی وەستا محەمەد گوێی کەڕ دەکرد...

بەڵام سەری کوورەیەك و دەزگایەك بەتاڵبوو. دوو چەکوچ لەسەر زەوی بوون. بابـەك بـەرەو بز کەوتبووە ڕێ.

شێر بۆ بێشە بانگ کرا بوو!

## (٢٨)

# تــۆڵـــه

*ئەو کەسەی کە بۆ نیشتمانی خۆی و*
*ئینسانەکان، یادگارێکی بە نرخ*
*بەجێ دەهێڵێ، نامرێ، ئەو*
*بە نەمری دەمێنێتەوە.*

ماوەیەکی زۆر بوو لە دەوروپشتی بز، لەنوێوە شەڕی سەخت درێژەی هەبوو. جاویدانی پوورشەهرەك لە ئاخرین شەڕدا بە برینێکی قووڵ بریندار ببو. شمشێرەکەی دوولەت ببوو. کڵاو خوودەکەی لەچەند جێوە شکابوو و قەڵغانەکەشی خوار بوو بوو. زریێ پۆڵاینەکەی لەچەند جێوە درزی تێکەوتبوو. سەردار لەناو جێگای مەرگدا کەوتبوو: ((بابەك لەکوێیە؟ بۆچی ئەبوعومرانی چەپەڵ بەدەستی بەستراوەوە ناهێنێتە پێش دەمم؟ ئەی پەروەردگاری گەورە! نەوەکا بمرم و دوژمنم زیندوو بمێنێ. ئەی یەزدانی دادپەروەر دوژمنم پێ شاد مەکە، تەنیا یەك ڕۆژ پێش دوژمنم ژیانم پێ ببەخشە...))

ئومێدی زۆر لەوە نەدەکرا جاویدان گیانی سەلامەت لەو حاڵەتەدا بەرێتە دەرێ. بەڵام خوڕەمیان بیری مردنی جاویدانیان لەبەردەم مێشکی خۆیاندا ئاوەڵا نەدەکرد. ئەوان دەیانکوت: ((جاویدان مردنی بۆ نییە))

لەهەموو جێگایەك باس باسی شەڕی پردی بەردین بوو... دەیانکوت لەپردی بەردین لەنێوان چەتەکانی ئەبوعومران و جەنگاوەرەکانی جاویدان نەبەردێکی خوێناوی ڕووی داوە و دواجار دوو سەردار شمشێر بەدەست، ئەسپیان بەرەو سەر پردی بەردین تاوداوە لەوێ ئامباز و ملانەی یەکتر بوون و هەردووکیان برینی کاریگەرییان لەیەکتر داوە. لەسەر پردی بەردینەوە



کەوتونەتە ناو ڕوباری قەرەسو. دەیانکوت لەوێ بابەك ئازایەتییەکی بێ هاوتای لەشەڕدا پیشان دابوو. ئەگەر بابەك نەبوایە. سەربازانی مەئمون کە بەهانای ئەبو عومرانەوە هاتبوون، جاویدانیان بە برینداری دەگرت و باڵ بەستراو دەیان بردە بەردەمی خەلیفە. دەیانکوت جەنگ هێشتا لە دەوربەری چناری پیربابادا درێژەی هەیە.

...دەمانی شەو حاڵی جاویدان خراپ تر بوو، تەنیا موپەدی گەورە و پزیشك لەژوور سەری بوون. ئیتر نە هەتوان و گیراوەی گیایی کاری مابوو و نەدەرمانەکانی کە لە دیلم و تەورێزەوە هێنابوویان. دوعاکانی موپەدیش دەردی جەنگاوەری بزیان ئارام نەدەکردەوە. خوێن ئەوەندە لە لەشی جاویدان ڕۆیشتبوو کە ئیدی نووزەیەك گیانی تێدا نەمابوو. بازوانی ئەستووری کە لەشمشێر وەشاندن ماندوو نەدەبوون، ئێستا لە جلەوی جاویداندا نەمابوون. نەخۆش هاتەران پاتەرانی دەکوت و ناوی بابەك لەسەر زمانی نەدەکەوت: ((بەك نەهات؟ پەیك بەدوایدا بنێرن. ئاخ! ئاهورامەزدای گەورە! مۆڵەتم بدە! یەك ڕۆژ پاش دوژمنم ژیانم پێ ببەخشە. دەنگی ناڵی ئەسپ دێ! حیلەی ئەسپ دەبیستم. دەنگی قاراقاشقایە! بە کلدانیە بڵێن بابەك بێنێ بۆ لام.))

موپەدی گەورە کە سەرتاپا سپی پۆش بوو ڕیشی سپی و درێژی تا سەر سنگی دەهات، شولکە هەنارێکی کەبەدەستییەوە بوو، بەسەر سەری جاویدانەوە ڕایدەوەشاند و لەژێر لێوانەوە وێردی دەخوێند. بەڵام نە لەشەروینی پێغەمبەرەوە هانا دەهات و نە لەئاهورامەزدای گەورەوە.

جاویدان لەبەر ڕووناکی کزو ڕەنگ پەڕیوی مۆمەکاندا زیاتر لە گیانلەبەرێکی ئەفسانەیی دەچوو تا مرۆڤێکی زیندوو. سەری بەسترابوو تەنیا چاوەکانی دیار بوون.

دەنگی تەپەی ناڵی ئەسپێك بەسەر گۆڕایی بەرد ڕێژی حەوشەکە، بە حیلەیەکی کپ خواردووەوە، موپەدی هێنایەوە سەرخۆی. بە دڕدۆنگییەوە چاوی لە بن میچ و گوێکانی بۆ دەرێ هەڵخست. ئەسپێکی دیکە هات و ڕاوەستا. جاویدان بە زەحمەتەوە سەری لەسەر سەرینەکەی هەڵگرت و لەدەرگای ڕووانی دەرگا کرایەوە، و قارەمانێك لەناو زریێ پۆشدا وەدەرکەوت. جاویدان بەدەنگێکی لەرزۆکەوە کوتی:

- بابەك! کوڕم تۆی؟

جاویدان خرۆشابوو. بابەك لێی نزیك کەوتەوە. دەستی خستە ناو دەستییەوە. موپەد مۆمەکەی نزیك تر کردەوە، ((قەلافەتی ئاشنایە... هەر ئەوە کە کەمەربەندم لەپشت بەست بابەکە کوڕی عەبدوڵلا چ پاڵەوانێکی لێ دەرچوە، لەچاوی بەد بەدوور!))

زرێ و شمشێر و کلاوخودەی بابەك خوێناوی بوون. دەتکوت ئەم موپەدە بەساڵدا چووەی هەرگیز نەدی بوو. هەموو نیگاو هەستی لەسەر جاویدان بوو. جاویدان ویستی سەری بەرزبکاتەوە و شتێك لەبابەك بپرسێ. بابەك لەتەنیشت سەردار هاتە سەر ئەژنۆ. کلاوخودەکەی لەسەری داگرت و کوتی:

– نیگەران مەبە سەرداری گەورە! دوژمن بۆ بن پێی خودانی قەلای بز هاتووە. پیرۆزت بێ سەرداری خوڕەمیان!! پزیشك و موپەد بەسەر سوڕمانەوە ئاوڕیان دایەوە، مانای کەسێکی لەگەڵ دایە؟!))

جاویدان بە زەحمەتەوە هەناسەیەکی هەلکێشا، چاوی لەڕوخساری بابەك بڕی:

– چ دەبیستم کوڕم؟

بابەك هاواری لێ هەستا: ((وەرە ژووری!))

جەنگاوەرێك لەنێو دەرگا وەدیارکەوت. سەرێکی لە لەش جیاکراوەی لەناو دەستی دابوو. دوو چاوی ناپاك کە بست بەبست لە هەورازی چیاکان، سەرەو نشێوی دۆڵەکان ڕاوی مرۆڤی بێ گوناهی کردبوو، بێ حاڵ و جووڵان دەیڕوانی. بابەك کوتی:

– ئەمە چاو دەرپەڕیوە، ئەمە سەری ئەبوعومرانە!

جاویدان ویستی لەناو جێگەدا هەستێ، بەلام موپەد پێشی پێگرت. ئەو بەدوعا خوێندنەوە شولکە هەنارێکی پێ بو بەردەوام بەسەر سەری جاویدان دا ڕایدەوەشاند. جاویدان دووبارە ویستی هەڵبستێ، بابەك ئاماژەیەکی بۆ موپەد کرد کەوازی لێبێنێ. دەتکوت سەرکردەی خوڕەمیان هێز و توانای خۆی هاتۆتەوە بەر، ئانیشکەکانی لەبن خۆی ڕاست چەقاندو لەجێ ی خۆی ڕاست بۆوە و چاوەکانی بەتەواوی ئاوەلا کردنەوە و وەك شێر نەڕاندی:

– ت.. ۆ.. لە!

بابەك سەری ئەبو عومرانی گرت و بەجاویدانی نیشاندا:

– سەرداری گەورە! ئەم درزانەی سەری دوژمن شوێنەواری شمشێری تۆیە. پاش ئەم هەموو برینە. هێشتا گیان سەختی نیشاندەدا. سەربازانی مەئمون ئەویان بەنیوە گیان لەڕووباری قەرەسودا بردبوو. خۆیان شەڕیان دەکردو پزیشکان لەچادرێکی نێو چیاکاندا سەرقاڵی چارەسەرکردنی بوون. دەستەیەك لەجەنگاوەرانی هەڵبژاردە لەدەورو پشتی چادر کێشکیان دەگرت. بەهەرحاڵێك بوو گەمارۆمان شکاند، تۆڵەی سەرداری گەورە و باوکم ستاندەووە و بەدەستی خۆم سەری دوژمنی ناپاکم لە لەشی جیا دەکردەوە.



جاویدان نیگایەکی پڕ لەقینی لە سەری درز درز تێبوو بڕی و دەنگی بە پچڕ پچڕ لەگەرووی هاتە دەر:

– ئێستا دەتوانم بە ئارخەیانی بمرم. بەلام پێش ئەوە دەمەوێ دوایین قسەم بەسەرداری گەورەی بز، بابەك و خوڕەمیان بڵێم. بۆ مەرگی من مەگرین. خەفەت نەخۆن. خەفەت خواردن بۆ مەرگ نەهاتووە. خەفەت بۆ ژیانێکی بێ بەرهەمە، مردن ئاخ و حەیفی پێ ناوێ.

دەرد لەمردندا نییە. دەرد لەژیانی زەلیلی دایە ئێمە هەرگیز گیانی خۆمان بە زەلیلی نەسپاردووە. بە پەستی نەژیاوین. وەختێك دوژمن ئیرەیی بە ژیانی شاد و سادەی ئێمە برد و چاوی لەشەڕەفی ئێمە بڕی، هەرچەندە بە ژمارە کەم بووین، بەهێز کەم، بەباوەڕێکی پایەدارەوە، ڕاپەڕین. قوربانیمان دا بەلام ئەژنۆمان دانەدا. بەدیل گرتیانین. بە کۆیلەیان فرۆشتین. بەلام نە کۆیلەکانمان و نەدیلەکانی ئێمە، هەرگیز هیچ کامیان شەڕەفی نیشتمان و ژیانی سەربەرزانەیان لەیاد دەرنەچووە. ئێمە شەڕمان نەدەویست، بەلام ئەو ڕۆژەی کە دیتمان دوژمن هەر سورە و بێباکە. گاسنەکانمان لە کوورەی ئاسنگەری هاویشت و کورەمان پفدا، سورمان کردەوە، ڕاستمانکردەوە، تیژمان کرد، شمشێرمان دروستکرد. ئێمە شەڕ خواز نەبووین. لەژیانی سەربەخۆی خۆماندا، لەشار و لادێی خۆماندا پێکەوە کشتوکاڵمان دەکرد، گۆرانیمان دەکوت، تۆومان دەکرد خەرمانمان هەڵدەگرت، بەشادمانییەوە پێکەوە دادەنیشتین و پێکەوە دەمانخوارد. خەمەکانمان خەمی هەمووان بوو. شادییەکانمان هەمووان تێیدا بەشدار بوون. خەمەکانمان لە نێو خۆماندا بەش دەکرد تا باری سووك تر ببێ. شادییەکانمان دابەش دەکرد تا هەمووان چێژی لێ وەربگرین. دوژمن چاوی تەماعی لە نیشتمانی ئێمە ، لە شەڕەفی ئێمە بڕی. ئێمەش لەسەرمان بوو چاوەکانی دوژمن لەکاسەی سەریەوە بێنینە دەرێ. توانیمان یان نا؟ دەتوانین یان نا؟ ئەمە شتێکی بچووکە، ئەمە بایەخێکی نییە، گرنگ مل نەدانە بۆ پەستی، سەر شۆڕ نەکردنە لەبەردەمی دوژمن، تەسلیم نەبوونە بە دوژمن

چەکەکانتان کە پاسەوانی شادی و ئازادییە بەنرخی ڕابگرن و حورمەتی بزانن. بزانن کە چاوی باوکتان لە بازووانی ئێوەیە. مەڵێن جاویدان مردووە. عەبدوللا مردووە، ئێمە نەمردووین، روحی من لەناو لەشی بابەك و لەروحی ویدا ئاوێتە دەبێ..

دەنگی جاویدان دایەکزبوون، هەناسەکانی کەوتنە پچڕ پچڕ بوون..

بابەکی بانگ کردە تەنیشت خۆی، بابەك هاتە پێشەوە و لەسەر ئەژنۆ دانیشت.

جاویدان کوتی:

- سەرداری خوڕەمیان! نایە پێشتر!

بابەك زیاتر هاتە پێشەوە. جاویدان ماچێکی لەناوچاوانی کرد. لەو ئانەدا کلدانیە کە ئەم ماوەیە لەسەر سەری باوکی ڕاوەستابوو، بانگکرد:

- کچم، شێرە کچم ، ئاسکی جوانم، تۆش وەرە پێشەوە.

کلدانیە هاتە پێشەوە و لەو دیو جێگەی باوکییەوە لەسەر ئەژنۆ دانیشت.

جاویدان دەستی کچەکەی گرت و هاویشتییە ناو دەستی بابەکەوە.

- ئێوە بەیەکتر دەسپێرم. بەیەکەوە بن و بۆ یەکتر بژین...

دوو دەستی گەرم و لاو وپڕلەخوێن یەکترییان گوشی و دەستێکی سارد و زەردیش بەسەر ئەوانەوە لە جووڵە وەستا...

... بابەك سەری دانواند و هەستایە سەر پێ.

- سوێند دەخۆم کە ژنم، دایکم، نیشتمانم، هاونیشتمانانم تا دواین هەناسە لەدەستی دوژمن بپارێزم.

پەنجەکانی موپەد کە شولکە هەناری ڕادەگوشی، شل بووبوو.

بابەك دەنگی بەرزکردەوە:

- روحی ئەو شادبکە، ئەی یەزدانی پاك! ئەو ناوبانگ و بەهای ئێمە بوو...

ڕۆژی دواتر، خوڕەمیان بەپێی ڕەسم و ئایینی خۆیان، ماڵ ئاواییان لەسەرداری گەورەی خۆیان کرد. هیچ کەسێك نەگریاو فرمێسکی نەڕشت. بە ئایینی خۆیان هومی پیرۆزیان نۆشی و تەنبووریان لێدا: ((ئاوا باشترە! نەوا دوژمن بەگریانی ئێمە پێبکەنێ، بۆ فرمێسکەکانمان شادی بگێڕێ...)) و پەیکەری بێگیانی سەرداری گەورەی خۆیان لە گۆڕخانەی خامۆش کە بەسەر بەرزاییەکانی بز دروستکرا بوو، لەسەر تاتە بەردێك دانا. لەسەر ئاسمانی بز، هەڵۆکان چیاکان، شیوەکان، ڕووبارەکان و بێشەکان تێکشکابوون. جاویدان باری لە دنیا تێکنابوو بەڵام درێژەی ژیان و ئامانجی ئەو لە لێڕوانین و بازووانی بابەك دا خۆی دەدیتەوە.



## (٢٩)

## باڵوێزان

*ئەوە خۆرە کە گەرمی و*
*ڕووناکی دەبەخشێ.*

ئەمانی جاویدان دەردێکی گران بوو. بەڵام خۆری بز بەبوونی بابەك دەدرەوشایەوە. بابەك لەئارادابوو، بز پایەداربوو. سێبەری حورمەتی جاویدانیش لەهەر جێیەك دەبینرا. لەهەر جێیەك ناوی جاویدان بهاتبایە، بابەك بۆ حورمەت دانان بۆ ئەو هەڵدەستایە سەر پێ. نفوزو پێگەی ئەو بەخێرایی بەنێو خوڕەمیاندا پەرەی ستاند. ئەوەی کە گرنگییەکی پتری هەبوو، ئەوە بوو کە خودانی تازەی بز لاو بوو، وریاو بەتەگبیر بوو. قسەکانییەك لاکەرەوە بوون؟ بەلێکدانەوەوە هەڵسوکەوتی دەکردو مەنتقییانە بیریدەکردەوە. ئێستا ناوی بابەك لەسەرتاسەری قەڵەمڕەوی خەلافەتدا کەوتبووە سەر زارو زمانان. ئیدی بابەك ببووە ترسناك ترین دوژمنی مەئمون. خەلیفە لەم لاوە بێباکە زیاتر تۆقیبوو وەك لە ئەشرافانی دەربار. خەلیفە ئیدی نە لە بێزانتەکان بەڵکو لە خوڕەمیان ترسی لێنیشتبوو. دوژمنان، بابەکی خوڕەمییان بە ((کافر)) ناودەبرد. بەڵام ئەو تۆمەتە نەیدەتوانی بەربەستێك لەرێگای پەرەگرتنی ناوبانگی بابەکدا پێکبهێنێ.

بابەك لە شارەکانی خوراسان و عیراقدا هەم ناحەزانی هەبوو وهەم دۆستان و هەوادار. وتار خوێنان نەفرەتیان لێدەکرد بەڵام ((ئەل کەندی)) فەیلەسووف جاروبار بەنهێنی و درکە ئامێز، جاریش هەبوو بە ئاشکرایی و ڕاشکاوانە، داژداری لە بابەك دەکرد. ئەو کە لای مەئمون پێگەی خۆی هەبوو، بەگوێی مەئمونیدا هەڵدەدا کە بەرژەوەند وایە ئەمیرول موئمنین ئەوەندە

له هەولّی ئازاردانی خورەمیاندا نەبیّ، ئەگەر ئەوان بەحاڵی خۆیانەوە، ڕەها بکا، ئەوان لەویلایەتەکانی خۆیان، سەریان بەژیانی خۆیانەوە گەرم دەبیّ. ئەم هەموو خوێن ڕێژییە، جگە له بەتاڵ بوونی خەزێنە، سوودێکی دیکەی نییە. بەهۆی پشتیوانییەکی ئاوا بە توێکل، ژمارەیەك لەدەربارییەکان هەوڵیاندەدا بەدگومانی مەئمون لەبەرامبەر.(ئەل کەندی) بورووژێنن.

وێرا بەمانەش، ئێستا له زێدی ئاگرەکان ، ئەوەی کە جێبەجێ دەبو فەرمانەکانی بابەك بوو نەك پەیکەکانی مەئمون، و دەست و پێوەندەکانی زبێدە خاتون. کاربەدەستانی خەلیفە لەترسان گیانیان لەبەردا نەبوو. زۆرێك له هەلاّتووەکان دەچوونە ((مرو)) و لەویّ لەهەولّی پێکەوەنانی هێزدابوون تا پەلاماری ئازەربایجان بدەن. ئەوان دەیانکوت کە ((بابەك کافرە و مەئمون هەقی ئەم کافرە بەزوویی دەنێتە نێو دەستییەوە. ڕاوەستە با دەستی بەتاڵ ببێت.. جاویدانیش رۆژگارێگ بوو وەکو بابەك زۆر ناماقووڵی دەکرد، بە ئاخیرەکەی دیتمان کە چی ڕوویدا! ئەگەر برینی شمشێری خەلیفەی پیّ نەگەیشتبایە بەو زووانە نەدەبووە سووتەمەنی ئاگری جەهەنەم. با خەلیفە بێتەوە سەرحاڵ، ئەو دەمە ئاکامی بز و بابەکیش دەبینین.))

ئازەربایجان کە ساڵەها بوو لەژێر پێی دوژمناندا بوو،هێشتا هەر گوڵی دەدا. دێهات نشینانی هەژار ببوونە خاوەن زەوی و خواردنی دەست ڕەنجی خۆیان. شارەکان رۆژ بەرۆژ ئاوەدان تر دەبوونەوە. مەشخەلاّن و ئاورگەکان لەهەموو جێگایەك داگیرسابوون. خەڵکی کە سەربەخۆیی و ئازادی خۆیان بەدەس هێنابوو تەنانەت شەوانیش نەدەنوستن، کاربکە دروستبکە، دابهێنە!

سوپای بابەکیش خەو و خۆراکی نەبوو. لەشکریان شەو و رۆژ مەشق و ڕاهێنانیان دەدی و قەلاّی بەرگری و سەنگەریان دروستدەکردن... ئاورگەکان، ڕەونەقیان پەیداکردبوو و هاوکاری ماڵی شایانیان بە بابەك دەکردو ئەم هاوکارییانە لە کڕینی کەرەسەو کەل و پەلی جەنگدا خەرج دەکرا. بەیداخی سووری بابەك لەبەرزاییەکانی قەلاّکاندا دەشەکایەوە.

بابەك شەو و رۆژ سەر قاڵی سازدانی هێزی جەنگاوەری بو و خۆی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خەلیفەدا ئامادە دەکرد.

له لایەکەوە مەئمون هێزێکی گەورەی لەهەشتاد سەر کۆدەکردەوە. و لەلایەکی ترەوە لافاوی ئارەزوومەندانەی پیادە بەردەوام لەتەورێز و نەخچەوان و گەنجە و بەردەعە و دەربەندەوە بەرەو بز دەهاتن: ((ئێمە لەگەڵ تۆین بابەك!)). ئەو لەتەواوی نەخشەکان لە کاتی خۆیدا



ئاگادار دەبوو. ئەوەبوو کە تەواوی پاسەوانانی قەلاّکان و کێشك گرانی شارەکان بۆ بز بانگ کرابوون. ئەو پێویستییەکی گەورەی بە هاوکاری هەبوو. ماوەیەك بوو نوێنەرانی زۆر لەویلایەتەکان و هەرێمی جیاجیاوە بۆ بز دەهاتن خەڵکانی هاتوو لەتەبەرستان، دیلم، شیروان، ئاران و ئەلبانیا بەڵێنیان دابوو سوارانی زۆر بۆ بابەك ڕەوان بکەن. ئیمپراتۆری بێزانتیش لاگریی له بابەك دەکرد. بەلاّم بێزانت دوور بوو. ئەرمەنییانیش چەندین جار نوێنەریان ناردبوە لای بابەك و پشتیوانی خۆیان بۆ وی ڕاگەیاندبوو.

بابەك لەهەموو ئەمانە زیاتر بەگوندنشینان و دێهاتییەکانی نێو خۆی پشت گەرم بوو. کاروانی وشترانی شبل بەتەواوی لەخزمەتی بابەکدا بوون و بەزۆری چەك و باریان لەبەردەعە و تەورێزەوە بۆ بز دەگوازتەوە محەمەد کوڕی ڕەواد ئەزدی تەورێزی هاوەڵی دڵسۆزی بابەك بوو. زۆربەی فیودالەکانیش کە مەئمونی خەلیفە دارونەداری، ماشتبوونەوە، لەگەڵ مەئمون ناکۆك بوون.

پیاوانی بابەك بەزۆری لە کاروانسەرایەکی بچووك کە لەداوێنی قەلاّو لەپەنا بەردانەوە دروستکرابوو، باڵوێزان و میوانانی کە دەهاتنە بز، پێشوازیدەکرد. لە کاروانسەراوە تا بارەگای بابەك دەبوایە بەپیّ بڕۆنە سەرەوە.

لوتکەکانی بز لە ناوەڕاستەکانی هاوینەوە، هەورێکیان بەخۆیانەوە نەدەدی. تەمیش بەرەو خوار داوێنی دادابوو ئاسمان وەك ئاوێنەیەکی نیللی روناك بوو. دانیشتوانی قەدپاڵەکانی چیا دەیانکوت رۆژانی ئاوا خۆرەتاو لەبز ڕووداوێکی نایاب و دەگمەنە.

بابەك، کاری هێنانی بالوێزانی بە محەمەدی کوڕی بەعیس سپاردبوو. ئەو ئەگەر چی پیاوێکی خۆخواز و توند بوو، بەلاّم بەهۆی ئازایەتیەکەیەوە، جێگای بایەخی بابەك بوو. جاویدان زەمانێك دەیویست محەمەد لەویّ دوور بخاتەوە و قەلاّوانی بز بە بابەك بسپێریّ. بەلاّم پاشان لەو بڕیارەی خۆی گەڕایەوە.

ئەو بالوێزانەی کە بۆ بز بانگ هێشت کرابوون خۆیان سەرکردەی قەلاّیان بوون. محەمەد بەیانی زوو چەکی لەخۆی بەست و ڕووپۆشی کردە سەرخۆی و بەرەو کاروانسەرا هاتە خواریّ و لەویّ خۆی بە باڵوێزانی هەڵۆ بەسەرشان ناساند و کوتی:

- من بەرکارم ئێوە بۆ نێو قەلاّ ڕینوێنی بکەم ئەسپەکانتان لێرە بەجیّ دەمێنن. مەیتەرەکانی ئێمە چاودێری تەواویان دەکەن و لەکاتی خۆیدا کاو ئاویان دەدەنیّ. خۆشتان لەناو بارەگای بابەك پێشوازیتان لێدەکریّ وەزیفەی من ئەوەیە ئێوە بەساغی بگەیەنمە قەلاّی بابەك.

ناچارم پێتان بلێم کە کەمێك پێش ئەوەی بگەینە بەردەمی دەروازەی ئاسنین. دەبێ چاوی میوانەکان ببەستین. لەمبارەیەوە دەبێ لە ئێمە ببورن. ئێوە خۆتان خودانی قەڵاّن و دەزانن کە هەر قەڵاّیە یاسای تایبەتی خۆی هەیە. لێرە ئەم یاسایانە خودی بابەك داینــاون. سەرەڕای قایمەکاری بۆ ئاسایش، چاوی میوانەکان لەم ڕووەوە دەبەستین کە نەوەکو لەکاتی سەیرکردنی خوارەوە چاویان لەڕەشەوە بچن و بکەونە خوارێ، تەنیا باریکە ڕێیەکی پێچاوپێچ بەرەو بز دەچێ. خەڵکی ئەم هەرێمە ئەم باریکە ڕێیە بە ((بزنە ڕێ)) ناودەبەن. ئەم ((بزنە ڕێیە)) ئەوەندە باریکە کە یەك کەس بەئاستەم دەتوانێ لێیەوە سەربکەوێ. لەکاتی وەسەرکەوتن دەست لەداوێنییەکتر بەرنەدەن. ئەمڕۆ بەخت یاوەری ئێوەیە دنیا تەماوی نییە.

هەر چەندێك محەمەد قسەیدەکرد تارمایی خەیاڵ بەسەر گیانی باڵوێزاندا قورس تر دەبوو. ئەوان چاویان لەو باریکە ڕێیە پڕ پێچاو پێچە هەڵنەدەگرت.

پاش ئەم ڕاسپاردانە محەمەد وەك نێرییە کێوییەك پێشیان کەوت و کوتی:

- بەدوای مندا وەرن!

باڵوێزان کەوتنە ڕێ. ئەم قەڵاّوانە ڕووپۆش بەسەرە ئەوانی بەرەو کوێ دەبرد. محەمەد کوڕی بەعیس بەهۆی ڕەفتاری سارد و مامەڵەی وشکییەوە، متمانەی میوانەکانی بۆ خۆی ڕانەکێشابوو.

هەمووان چاویان بەدەور و بەردا دەگێرا. بز ئەفسوونێکێش و سەرنجڕاکێش بوو. سێ هەڵۆی ڕاهێنراوی زەنگوڵەدار، کۆترێکی نامەبەریان گەمارۆ دابوو. هەڵۆکان خەریکی ئەوەبوون کۆترەکە بەرەو ناوبز بهێننەژوورێ قەڵاّوان پەشۆکاو دەهاتە بەرچاو، وەك بڵێی نیگەرانی کۆتر بوو و نەیدەتوانی پەشۆکاویی خۆی بشارێتەوە، ((خۆزگە دەمتوانی بەتیر حساب بۆ ئەو هەڵۆیانە بکەم. بەڵاّم لەو حاڵەدا بەدگومانی بابەك پتر پەرەی دەستاند، واباشترە دەست و پێ نەجوڵێنم.))

هەڵۆکانی باڵوێزان کە زنجیری زێڕیان لە پێدا بوو تەوقی زێڕینیان بەملەوە بوو، بەسەر شانی خاوەنەکانیانەوە هەڵنیشتبوون، بەدیتنی هەڵۆکانی بز، دەیانویست باڵیان لێك بکەنەوە و بچنە ئاسمان. میوانەکان چاویان لە ئاسمان بڕیبوو. هەڵۆکانی بابەك کە کۆترەکەیان تەنگەتاو کردبوو، تەماشا دەکرد.

بەحاڵێکی ئاواوە هەرگیز کۆترانی نامەبەری خەلیفە ناتوانن بەسەر بەرزاییەکانی بزدا بفڕن. لە بز باڵی باڵداران هەڵدەوەرێ و سمی ئێستران دەشکێ!



- بەڕاست دەبێ ئەم نامەیە لەلایەن کێوە بێ؟

- شێوازێکی مشورخۆرانەیە بۆ لەداوخستنی کۆترەکانی جاسووسەکان!

یەکێکی دیکە لە هەڵۆکان، دواجار ، کۆتری نامەبەری ڕاوکرد. هەڵۆکانی دیکە بە قیڕە کێشانەوە خۆیان بۆ بەرزایی بەرزکردەوە. باڵندەکانی دیکە کە لە هەڵۆکان ڕەوی بوونەوە، خۆیان بە دەوەنەکان و بەردەکاندا دەدا.

ئێستا گەیشتبوونە بارەگا. محەمەد بە ئاوازێکی توندەوە کوتی:

- لێرە بەدواوە دەبێ بەچاوی بەستراوەوە بڕۆین

لەو کاتەدا دەسرۆکی سپییان دایە دەست باڵوێزان تا چاویان ببەستنەوە. یەکێك لە باڵوێزان کە خاچێکی بە ملییەوە هەڵواسرابوو، لەم هەڵسوکەوتە دڵ ڕەنجاو بوو، ((ئەمە چ جۆرە نەریتێکی میوانداریییە؟!))

... هەوراز هەناسەی لە باڵوێزانی ناوچە پێ دەشتەکان بڕی بوو، بەڵاّم میوانانی کە لە تەبەرستان و دیلم و قەرەداغ هاتبوون بەئاسانی بەباریکە ڕێیەکەدا سەردەکەوتن.

محەمەد کوڕی ڕەواد ئەزەدی ئەویش لەناو میوانەکاندا بوو، بەڵاّم خۆی وانیشاندەدا کە بابەك ناناسێ.

ئارەق لەهەر حەوت ئەندامی باڵوێزانی چاوبەستراو دەهاتە دەر. بەڵاّم دیسان شوکرانەی دەویست کە هەوای بز فێنك بوو...

باڵوێزان تووشی هەناسە بڕکێ ببوون. بە ئاوازێکی نیوە جیدی و نیوە گاڵتەوە کوتیان: ((قەڵاّی بابەك لەیەزدان نزیکترە، بەخۆرایی نییە کە یەزدان قسەکانی ئەو دەبیستێ!))

ئەژنۆی باڵوێزی ئەرمەنی بە بەردێك کەوت و کوتی:

- سوێند بەدینم زۆری نەمابوو هەڵدێرێم.

خوێنی گەرم کە لەئەژنۆی سەهل دەهاتە دەر لەپی دەستی تەڕ کرد:

- سەیرکە، دەڵێی ئەژنۆم بریندار بووە، چاوم بەستراوە هیچ نابینم!

محەمەد بەهانایەوە چوو.

- خەڵکینە! ئەرمەنی خوێنی دیوە!.. و لەقاقای پێکەنینیدا.

- تەواوە، تۆش هەلی پێکەنینت دەستکەوت؟!؟

محەمەد پەڕۆیەکی سوتاند و لەسەر برینی سەهلی دانا خوێن ڕاوەستا. ئەرمەنی کوتی:

- سوێند بەدینم ئەم کابرایە لوقمانە!

جەنگاوەرانی زریّ پۆش کە لەپشت کولانەکانی بزەوە ئێشێکیان دەگرت، بەدیتنی باڵوێزان، بەیداخی سووریان ڕاوەشاند و سلاّویان لەوان کرد. چاوانی باڵوێزان هەروا بەسترابوون.

محەمەد هەر لە خەیاڵی کۆترەکەدا بوو کە گێرۆدەی هەڵۆکان بوو هەروا پەشۆکاو دەهاتە بەرچاو، ((لەوانەیە کۆتری خودی خەلیفە بووبێ و پەیامێکی گرنگی...))

ئەو لە پەنا بەردێکی گەورە ڕاوەستا.

- گەیشتینە تونێڵ.

لەزەمانی جاویدان، قارەمانانی خورەمی، ماوەیەکی زۆر ڕەنجیان دابوو بەردیان تاشی بوو لەژێر چیاوە تونێڵێکیان بۆ ئەو دیو لێدابوو. لەپەنا زارکی تونێڵەکەوە کەتەماشات دەکرد، دەوروپشتت بەڕوونی دەدی. قاسپەی کەوان لەبن تەڕاشان و بەردانەوە هەڵدەستا. هەڵۆکان بەبیستنی ئاوازی کەوەکان وەخرۆشان هاتبوون و بێ ئارامیان پیشاندەدا، بەڵام زنجیرەکانیان بەربەستی فڕینی ئەوان بوون.

میوانەکان چوونە ناو تونێڵەوە. هەناسەیان گیرا: ((خەریکە دەخنکێین!))

قەڵاوان ئاگەداری پێدان:

- ئاگاداربن سەروپێتان بەبەرد نەکەوێ.

هەوای تونیڵ شێداربوو. لەبەردەکانەوە ئاو بەسەر سەرو ڕووی میوانەکاندا دڵۆپەی دەکرد. ((دەبێ جەنگاوەرانی جاویدان چەند ساڵ لەم تونیڵەدا کوڵنگیان لێدابێ؟!))

دواجار لە تونیڵ هاتنە دەرێ. بایەکی فێنك سەرو ڕوخساری ئارەق لێنیشتووی ئەوانی فێنك کردەوە. شتێکی وای بۆ بز نەمابوو.

میوانان کەمێك ماندوێتیان حەساندەوە، پشوویان هاتەوە بەر و لەدەروازەیەکی ئاسنین تێپەڕین. چوونە ناو تونێڵێکی دیکەوە. ئەوتونیڵە لەوەی دیکە یان تەسك تر بوو. لەوێ را باریکە ڕێیەکی نهێنی دەچووە ناو بارەگای بابەك. زۆر لە کاربەدەستان لەو ڕێیە بێ خەبەر بوون. جاسوسانی خەلیفە بۆ دۆزینەوەی ئەم ڕێگایە لە هیچ کاروکۆششێك درێغییان نەدەکرد. لەم دواییانەدا چەندکۆترێکی نامەبەری خەلیفە کەوتبوونە بەردەستی بابەك. گومان نەبوو کە مەئمون، لەناو بزدا کارگوزاری نهێنی هەیە. بەڵام هێشتا ئەو خاینە نەناسرابوو.

ئێستا ڕەنجی ڕێگا کۆتایی هاتبوو. قەڵاوان مژدەی دا:

- قەڵای بز، بەخێر هاتنی میوانەکان دەکا. و ئاماژەشی بۆ یەکێك لە پاسەوانەکانی کرد تا چاوی باڵوێزان بکاتەوە. بەڕێوەبەری قەڵا ناوی باڵوێزانی لە دەفتەری خۆیدا تۆمارکرد.



- دەتوانن بچنە ژوورەوە.

بەرچاوی باڵوێزان دیمەنێکی ئەفسووناوی بەربلاّو بوو. بەسەر بەردەلاّنی تیژ و ناهەموارەوە، هەڵۆکان بەردەوام لەفڕیندا بوون. توێژاڵە بەفر لەناو کەلێن و بن تیشە بەردەکاندا هێشتا بەرچاو دەکەوت.

جێگایەکی سەیربوو. لەلایەکەوە بەگوڵ و سەوزی داپۆشرابوو لەلایەکی ترەوە سینەی بەرزی بەفرگرتوی چیا، ڕووبەڕووی یەکتر بوون. ئاوازی مێش هەنگان کە بەهەوای گولاّنی کێوی کوێستانەوە دەفڕین، گوێی بنیادەمیان دەلاواندەوە. لەهەر لایەکەوە جۆگایەکی باریکی ئاو وەك تاڤگەیەکی ورد، هەڵدەڕژا و کەفی دەکرد. خانووی دوو نهۆمی بەڵاّم زۆریش گەورە نا، پاڵیان پێکەوە دابوو. کچان و نۆبووکان، هاتبوونە بەر هەیوانەکان و میوانانی هەڵۆ بەسەر شانیان تەماشادەکرد، ((ئەمڕۆ بابەك چ میوانی زۆری هەن؟! هەموو ئەمانە دۆستانی بابەکن و پشتیوانی لێدەکەن!))

بارەگای دوو نهۆمی بابەکیش باڵوێزانی سەر سام کردبوو. بارەگا لەناوەڕاستی گوڵزارێکدا بنیاتنرا بوو. تەلارسازانی خوڕەمی ئەم تەلارەیان وەك ئاورگەی پیرۆز، مەحکەم و جوان بنیاتنابوو. وا دەهاتە بەر چاو کە هیچ مەنجەنیقێك نەتوانێ ئەوێ وێران بکا.

سەهل کوڕی سەنبات لە گۆڕاییە بچووکەکەی قەڵا ڕاوەستابوو سەیری دەوروبەری دەکرد:

- ئەسپ ناتوانێ تا ئێرە سەر بکەوێتە سەرێ؟

قەڵاوان بەگاڵتەوە وەڵاّمی دایەوە:

- لەوانەیە ئەسپێك بتوانێ بێتە سەرەوە بەڵاّم یەقین ئەسپی تۆ ناتوانێ!

محەمەد بەلاوێکی سیما جوان و بەدەن پتەو کە لەپێش دەمی بارەگا لەچاوەڕوانیدا ڕاوەستابوو، کوت:

- بەسەردار بڵێ بەپێی فەرمانی ئێوە کاروبار ئەنجامدراوە. میوانان ساخ و تەندروستن.

زەردە خەنەی ڕەزامەندی لەسەر ڕوخساری معاویە کە بۆ پێشوازی باڵوێزان هاتبوو، وەدیاری دا.

## (٣٠)

# پێشوازی کردن لە قەڵای بز

*یەک ڕۆژ ژیانی ئازادی*
*بەچل ساڵ کۆیلەیی هەیە.*
*بابەک*

بابەك نەریتی وابوو ئەوباڵوێزانەی بۆ بز دەهاتن، بۆ خۆی پێشوازییان بکاو بەشانازی ئەوانەوە میوانداریی ڕێکبخا. بەڵام ئەو میوانداریيانە لەگەڵ میوانداریيەکانی کۆشکی زێڕین جیاوازییان هەبوو. ئەو میوانداریيانەی وی بێ ڕازاندنەوە بوون و پێشوازییەکانیش سادە. لەنێو تەلاردا نەداری سەندەڵ دەسووتاو نەعوود سۆراخێکی هەبوو. بەسەر دیوارەکانی تەلار مافووری گچکە هەڵواسرابوون و لە گۆڕایی تەلارو ژوورەکانیش، فەرش ڕاخرابوون. بەسەر دیوارە بەردینەکانیشەوە نێزە و خەنجەر و شمشێر هەڵواسرابوون. لەگۆشە و کەناری سەرفەرشەکان کەوڵی پڵنگ و شێر و بەور دانرا بوون. سەر زەوی تەلاری پێشوازی بەلبادی سوور داپۆشرابوو. لەبن دیوارەکانەوە دۆشەکەڵەیان دانا بوون و لە سەر هەر دۆشەکەڵەیەکیش بالیفیان دانابوون. لەوێ مۆمدانی زێڕین خەبەرێکی نەبوو. دانیشتوانی بز، ئەوانیش لەڕووی ڕەفتار و خولقەوە لەکۆشك نشینان نەدەچوون. ئەوان وەك پۆڵا داڕێژراو وبەوێقاربوون. ڕوخساریان دەتکوت لە گوڵی لالەوە ڕەنگی وەرگرتووە. پاش خواردنی هوم ڕوخسارەکان داگیرساوتر دەبوون. چ پێویستییەکیان بە درەختی زێڕین هەبوو؟!

لەسەرەتای میوانداریيەکە، لە دالانێکی کە لە دەروازەی تەلار هەڵکەوتبوو، لەسەر پێستە گایەك شەربەیەکی گەورەیان دادەنا. موپەدی گەورە دار گۆچانێك بەدەستەوە و دوعای بۆ میوانەکان دەکرد و فەرمووی خواردنەوەی هومی لێدەکردن و بۆ دانیشتن ڕێگەی پیشاندەدان.



ئەو ڕۆژەش موپەدی گەورە لەسەرپێستی گا بەدەم ڕاوێچکە کردنەوە، چاوی بەرێی میوانەکانەوە بوو. برومەند و کلدانیەش لەسەرتاپێ یان سوور پۆش بوون. سەرقاڵی ڕێکخستنی خواردەمەنی و میوە و پیاڵە و سوراحییەکانی سەر سفرە بوون. خزمەتکارانیش پەنامیان بەدەمی خۆیانەوە بەستوە و لەکارکردن یارمەتی ئەوانیان دەدا.

برومەند بەسەر پێی خۆیەوە ڕانەدەوەستا دەیویست هەرچی شکۆدارتر پێشوازی لە میوانەکانی کوڕەکەی بکا، خۆزگە عەبدوڵلا و جاویدان زیندوو بان و دەیاندی ئەستێرەی بەختی بابەك چۆن لەدرەوشانەوە دایە!...))

بابەك لە میوانەکانی زووتر هاتبووە تەلاری پێشوازی. ئەو جلی جەنگاوەری لەبەردابوو. تەنانەت کاتی نوستنیش دەستی لەسەر قەبزەی شمشێرەکەی لانەدەبرد. بابەك لە پێشەوەی کوڕەکە دانیشبوو فەرماندەکانی سوپاش لەچەپ و ڕاستی ئەو بوون. نەخشەیەکی گەورە لە بەرامبەر بابەك لێك کرابۆوە. ئەم نەخشەیە ئەلکەندی فەیلەسووف کێشابووی و بەدیاری دابوویە بابەك. بابەك لە بیرکردنەوە ڕاچو بوو چاوی لەسەر نەخشەکە هەڵ نەدەگرت. بەدەوری چیای هەشتاد سەردا بازنەیەك کێشرابوو... لەرینەوەی دەنگی بابەك بێدەنگییەکەی شکاند:

- ئێمە دەبێ بەلای کەمەوە دەهەزار شەڕوان لەبناری ئەو چیایە دابمەزرێنین. بیست هەزار کەسیشمان یەدەگ هەبێ. هەر بۆ هەمان مەبەست ئەمڕۆ هەموو قەڵاوانان بۆ ئێرە بانگهێشت کراون.

هەمووان خامۆش بوون.

لەو دەمەدا یەکێك لە پاسەوانان هاتە ژوورێ. کۆترێکی بریندار لەنێو دەستیدا بوو و نامەیەکیش بەقاچی کۆترەکەوە بوو. پاسەوان کۆترەکەی بەرەو بابەك ڕاداشت:

- سەرداری گەورە، سەعاتێك پێش ئێستا هەڵۆکانمان ئەم کۆترەیان گرتووە.

کۆتری بریندار لەنێو دەستی بابەکدا باڵە فرکێی دەکرد. بابەك نامەکەی لەنێو ئەڵقەیەکی زێڕ کە بەقاچی کۆترەکەوە بوو، دەرهێناو کۆترەکەشی دایەوە دەستی پاسەوانەکە:

- کۆترێکی چالاکە، نەیکوژن، بەرەڵای کەن!

پاسەوان کۆترەکەی وەرگرت ،سەری دانەواند و ڕۆیشتە دەرێ.

بابەك نامەکەی خوێندەوە... نیگای بەنێو دێرەکانی نامەکەدا دەرۆیشت...

فەرماندەکان لەخۆیان دەپرسی ، ((نامە لە کێ وەیە؟ چی تێدا نووسراوە؟))

بابەك پاش خوێندنەوەی نامەكە مات و خامۆش مابوو. نەیدەزانی ئەوەی لەنامەكەدا نوسراوە باوەڕ بكا یان نا؟! ڕوداوی سەرنجڕاكێش لە خوراسان و بەغداد ڕوویاندابوو((علی كوڕی موسای ئەل ڕەزا ((س)) مێوژی خواردوەو مردوە.)) بابەك بەخۆی كوت: ((ناشێ باوەڕ بەوە بكرێ ئەو خاوەنی ڕێزێكی قوڵبوو. دوور نییە كە مەئمون لە نفوز و ڕێزی علی كوڕی موسا لەنێو شیعەكاندا ترسا بێ و ژەهر خواردووی كردبێ.)) هەروەها لەنامەكەدا نوسرابوو: ((سەرەك مەیتەری دەربار ، فەزڵی كوڕی سەهل —وەزیری گەورەی مەئمون —ی بەشمێر كوشتووە.)) بابەك بیری كردەوە. ئەمەشیان گومان هەڵژێنە. واپێ دەچێ دەستی مەئمونی فێڵباز لەو كارەشدا بوبێ. بۆ دەبێ سەرەك مەیتەر شمشێر بەڕووی وەزیری گەورە هەڵبكێشێ؟ ئاخر ئەم وەزیرە برای حەسەنی كوڕی سەهل- خەزووری مەئمون—٥ ....)) هەروەها نوسرابوو: ((حەسەنی كوڕی سەهل، توشی شێتی بووە وبە فەرمانی مەئمون زنجیریان لەمل و قاچی بەستووە...)) بابەك لێوەكانی بەیەكدا گوشی و سەرێكی ڕاوەشاند، ((بازاڕی كەڵەك و فیتنە گێری سەیر گەرم بووە)) ئەو كاتێك ئەو هەواڵانەی لەنێو مۆژەی خۆیدا شیكردەوە، گەیشتە ئەو دەرەنجامەی كە مەئمونی خەلیفە لەترسی عەرەبان سیاسەتی خۆی لەپڕیشەوە گۆڕیوە. هەروەها لەنامەكەدا ئەم هەواڵەش هاتبوو كە مەئمون بەیداخی سەوزی فڕێداوە. ئێستا بە بەیداخی ڕەشەوە بەرەو بەغداد ڕۆیشتوە و گەورە پیاوانی بەغداد گوڵیان بۆ سەر پێی فڕێداوە و بەگەرمی پێشوازیان كردوە. مەئمون هەر بەگەیشتنی بۆ بەغداد، خەلیفەی ((دارینە)) ی لەسەر تەخت هێناوەتە خوارێ و ئێستا خەلافەت تەنیا یەك خەلیفەی قانونی هەیەو ئەو كەسەش جگە لە مەئمون كەسێكی دیكە نییە.

ئەم نامەیە دەبوایە بگەیشتبایە دەستی جاسوسێك لەبز. بابەك ناوەڕۆكی نامەكەی بۆسەردارانی باس كرد و دیسانەوە لەگۆ بیرانەوە چوو((دەبێ ئەو جاسووسە كێ بێ؟!))

هاتنی میوانەكانی شتێكی وای نەمابوو. بابەك قوولبونەوەی لەبارەی هەواڵەكانی نێو نامەكە هەڵگرت بۆ پاشتر. نەدەبوایە بە شڵەژاوی و بیر قاڵییەوە پێشوازی لەمیوانان بكا. بابەك لەژێر چاوانییەوە سەیرێكی هاوسەرە جوانەكەی كرد. لەڕووی خۆشحاڵییەوە زەردەخەنەیەكی بۆ كرد و لەدڵدا كوتی ((من چەند بەختەوەرم!)) زۆرێك لەكچانی بز ئێرەییان بە كلدانیە دەبرد. بابەك هیچ وەختێك و لەژێر باری هیچ هەل و مەرجێكدا كلدانیەی فەرامۆش نەدەكرد. ڕوخسارێكی جوان و ڕووی شاد ، چاوانی ڕەنگ خورمایی و بادامی و لێوانی یاقووتی ئەو دەچوونە خەوی بابەكیشەوە. دوژمنایەتی محەمەد كوڕی بەعیسیش بۆ بابەك



بەپلەی یەكەم بەهۆی كلدانیەوە بوو. ئەویش لە دڵی خۆی دا دڵی بە ئەوینی كلدانیەوە بوو. سەرنجڕاكێشی كلدانیە زیاتر لەجوانییەكەی، لە سادەیی وبیەوە بوو. بەپێچەوانەی ژنانی ئەشرافان و دەرباری ، ئارەزوویەكی بۆ ئارایش و ئاڵ و والای خۆ ڕازاندنەوە نەبوو. لەهەموو كەلو پەلێكی خۆڕازاندنەوە كەهەیبوو. تەنیا یەك ئەنگوستیلە بوو بەس... لەواقیعدا جوانی ئەو بەڕادەیەك بوو كە پێویستی بە ڕازاندنەوە و خشڵ و گەوهەر نەبوو. ئەمە هەموو خەڵكانی دەوروپشت وایان دەكوت.

لەو كاتەدا معاویە هاتە ژوورێ و هەواڵی گەیشتنی باڵوێزانی ڕاگەیاند. بابەك هەستایە سەرپێ. بەرە و لای دەرگای تەلار ڕۆیشتن. بابەك لەگەڵ یەك بەیەكی باڵوێزان و میوانانیدا تۆقەی كرد و لە هەواڵی پرسین. میوانان كە هەركامیان لە لایەكەوە هاتبوون. دیارییەكەی خۆیان پێشكەشكرد. ئێستا نوێنەرانی قەڵاكانی ((سەنەم))، ((روبین قەلا))، ((ئەلە موت))، ((نەجەق))، ((یەزیدی كورد))، ((قەلای جیق))، ((گوڵی سادە)) ،((ئاگوین))، ((شاهی))، ((ئەسكەندەر)). لای بابەك ئامادەبوون. سەهل كوڕی سەنبات، چەند ساتێك دەستی بابەكی لەنێو دەستی خۆیدا گرت:

- بەبینیی دووبارەی ئێوە زۆر خۆشحاڵم!

بابەك برۆكانی تێكنان. لەسە رتاپێوە بە ویدا هەڵڕوانی ، ((دەڵێی ئەم پیاوەم لە جێیەك دیوە))

سەهل، سەرێكی ڕاوەشاند، چاوەكانی لێككردنەوە و كوتی:

- ئەرێ، بابەك سوێند بەدینم تۆ پیربووی من ناناسی؟ من سەهلم ئیدی؟ لە بیرت نایە كە لەگەڵ شبلی بازرگان بۆ ((شكی))هاتبووی... ئەی- ،ساڵێك كە مەئمون سەری ئەمینی بڕی بوو، لەبیرت چووە؟ مەگەر لەنزیكیبەغداد یەكترمان نەدی؟...

بابەك سەهلی وەبیرهاتەوە:

- چۆنی هاوڕێ؟ كوڕە! تۆ لەجیاتی پیرببی، لاو بوویەوە!

بابەك بەگەرمی هەواڵ پرسی لە محەمەدی ڕەواد ئەزدی كرد. محەمەد بە چاوگوایە بابەكی حاڵی كردووە كە ((سەهل پیاوێكی جێیباوەڕ نییە.))

باڵوێزان بەتكای بابەك چوونە تەلار و میوانداریيان دەستپێكرد.

موپەدی پیر بەدەم ڕاوێچکە کردن، لەسەر پێستی گا، دەستی کرد بەستایشی ئاهورامەزدا، شەروین، جەوانشیر و جاویدان و ، نەفرەت و نەفرینی لە ئەهریمەن و ئەبوو عومران و خەلیفەکانی عەباسی کە بکوژی ئەبو موسلیم و جەعفەری بەرمەکی بوون، کرد.

پێ بەپێی خواردن و خواردنەوە، گفتوگۆکانیش درێژەیان هەبوو... هەموو خاوەن قەلاّیان بەلێنی هەر جۆرە یارمەتییەکیان بەبابەك داو کوتیان کە تەنیا داخوازی ئەوان لە بابەك ئەوەیە کە دەستی کاربەدەستانی مەئمونی خەلیفە و زبێدە خاتون لە ئازەربایجان کورت بکات.

کەمێك پاشتر هەموو بالۆێزان و میوانان هەستانە سەرپێ. موپەدی گەورە هاتبووە ژووری تەلار.. موپەد دوعای بۆ هەمووان کرد. ئینجا لەتەنانێکی هەڵگرت. لەناو شەربەدا تەڕی کرد و لەناو دەمی هاویشت. پاشان سێ جار پێی بەسەر پێستی گا کە لەسەر زەوی ڕاخرابوو، کوتاو کوتی:

– ئەی پەروەردگاری گەورە! هەر بەو ئاوایە کە باوەڕمان بە جاویدان هەبوو، ئاواش باوەڕمان بە بابەك دەبێ..

پاش دوعای موپەدی گەورە ، کۆڕی بەزم و ئاهەنگ ڕازەوەتر بوو بە نەوای مۆسیقاو گۆرانی و هەڵپەڕکێ، پێشوازی میوانەکان کرا. جۆش و خرۆشی کۆڕەکە بابەکیشی هێنایە سەر حاڵ و هەستی شەیدایی و خۆشی لە دڵی ئەویشدا دەمەیدا. بەئاماژەیەك تەنبووریان بۆ هێنا. بابەك تەنبووری هەڵگرت و ئەم نەوا غەمگین و دڵگیرەی بەهەوای تەلاردا بلاّوکردەوە:

چەند جوانە گەلاّکانی مێو
خاکی ژێرەوەی ، پڕ بەرەکەت بێ!
گوێ لە شیعری من بگرن!
قسەکانم بەکار بێنن!
ئەو دەمەی غەمگینانە دەمبەنە گۆڕخانە
پەلە مەکەن، یەك تۆزێك پێ ڕابگرن
تاوێك تابووتەکەم لەپەنای دارمێودا دانەوێنن
بهێڵن دەست لە گەلاّی وی بدەم
بهێڵن دەستم بە خاکیدا هەڵسوم.

دەنگی بابەك بەنێو هەوای تەلاردا غەمگینی بلاّوکردەوە. بەلاّم ئاوازی تەنبوورەکەی تۆزی بێتاقەتی ڕەواندەوە.



سەردار هونەری تەنبوور ژەنینی لەرۆژگاریڕەوەوانی لەڕەوەوانانی سەلمان فێر بوو بوو.

کلدانیەش دەنگێکی خۆشی هەبوو. کچان و تازەبووکان ویستیان ئەویش گۆرانی بڵێ. کلدانیە تەنبووری لەبابەك وەرگرت:

دڵم بەدڵئارامێکی زۆر دێرینەوە بەندە
ئەوینی ئەگەر گیان دەپشکوێنێ توڕەیشی وەك شەکرە
بانگی کەڵە شێرانی بز هەواڵی گزنگی بەیانیاندا.

حەیفە لەشەوی ئاوادا، چاولێك نان، حەیفە تارەکانی ژیان بەونەوایانە نەلەرێنەوە. لەیاد ناچێتەوە شەوی ئاواڵە لای سەرداری گەورەی خوڕەمیان. یەك شەو کەمە ، یەك شەو ماوەی کورتە. شەو لە ئاستانەی بەرەبەیانێکی بێ دەنگ و تاریکیدا خۆی بەدەستی سپێدەوە دەدا. لە شەوێکی ئاوادا ئەگەر میوانان لەشادیدا چاویان نەچووبووە خەو، محەمەدی کوڕی بەعیس لەڕق و دڵ ڕەشیدا نەیتوانی بوو بخەوێ. ((خۆزگە دەمزانی چ لە تەلاردا دەگوزەرێ!)). هەر جار کە دەنگی شادی و خۆشی و قاقا هەڵدەستا، محەمەد تاقەت و توانای لەدەست دەدا: ((گۆرانی بڵێن، شادی! دەبێ کەی دەست بکەنە گریان! ئاواز بچڕە بابەك! ئاواز بچڕە کلدانیە!))

هێشتا ئاوازی زولالی کلدانیە لەپەنجەرەوە دەهات: ئاوازی ئەوین، ئاوازی شەیدایی، ئاوازی ژیان...

## (۳۱)

## پۆلا لەنێو کوورەدا مشت و ماڵ دەبێ

*ئەوانەی لەڕووی مەزنییەوە*
*پێیان بەسەر زەویدا*
*نەدەنا، سەرەنجام*
*بوونەوە خاك و خەڵك*
*پێی بەسەریان دانا .*
***سەعدی***

ڕۆژانی شادی و پڕ لە ئاوازی خوڕەمیـان زۆری درێـژە نەکێـشا. ئـەوان، جـاری وابـوو بـۆ بەرپاکردنی تەنانەت پیرۆزترین جەژن دەرفەتیان وەگیر نەدەکەوت. کارسازی بـۆ بـەرگری کـردن ئارامی لەبەر خەڵك هەڵگرتبوو. مەئمون پاش ئەوەی کە بەتـەواوی چـنگی لەتـەخت و تـاجی عەباسی گیرکرد، بەدرێژایی ئەو ساڵانە هێزی بۆ سۆراخی بابەك بەڕێدەکرد. زۆر لە دێهاتـەکان دووبارە ببوونەوەبەئەنوای کوندە پەپویان و قەلەڕەشان. هەر ڕۆژەی سەرێکی لەلـەش جیـاکراوە بەسەر دەرگای ماڵێکەوە هەڵدەواسرا. زۆر لەو باریکـە ڕێ یانەیکەبـەرەو هۆبـەکان دەچـوون، بەگیا و گۆڵ داپۆشرابوون. بەلاّم خوڕەمیان لە شەڕگەکاندا دا خۆیان چەقاند بوو. گەرچی لەهەر لایەکەوە جۆگەلەی خوێن دەڕۆیشت، بەلاّم خەیاڵی خۆبەدەستەوە دان لەسـەری کەسـدا نـەبوو. سوپای خەڵك وەکو قەلاّ لە پشت سەری بابەکەوە ڕاوەسـتابوون. دێهاتییـەکان ڕۆژانـە بـەکاری کشتوکاڵ و مەزرا خەریك دەبوون و شەوان وێڕای خێزانەکانیان بـۆ یاریـدەی جـەنگاوەرانی کـە سەرگەرمی پێکهێنانی سەنگەر بەندی و قایمەکاری سەربازی بوون، بەهەڵەداوان دەڕۆیشتن.



سوپای خەلیفە لە پێشڕەوی خۆیدا بەدوو جۆر دیوار ڕووبـەڕوو دەبـوو: دیوارێـك لەبـەردوو دیوارێك لە گۆشت و ئێسقان. هەرچەندە خەڵك بەباوەڕەوە دەجەنگان، بەلاّم لەجەنگ و کوشتار وەتەنگ هاتبوون. ئەوان نەزر و پێداویستی یـان بـە ئاورگـەکان دەداو بەسـەر دەسـت و پێـی موپەداندا دەکەوتن و دەپاڕانەوە و داوایان دەکرد دوعا بکەن تا جەنگ کۆتایی بێ. بەلاّم پایـە پەرستی خەلیفە، تەماعکاری زبێـدە و قـازانج پەرسـتی مـاقوولاّن و گـەورە پیـاوانی دەربـار بلێسەی ئاگری جەنگیان بـەتینتر دەکـرد. فرمێـسکی دایکـان کـە بـۆ مـەرگی مێردەکـان و کوڕەکانیان دەیانڕشت دەیتوانی جۆگایەك پێکبهێنی.

ڕۆژگاری بابەکی خوڕەمی، لەنێو جەنگێکی ئاوا ماڵ وێرانکەردا تێدەپەڕی. ئـەو دەرفـەتی سەر خوراندنی نەبوو. لەژن و دایکی دوور کەوتبۆوە. جگە لەوە کـە بـەرێگای پـەیك و پـەیام ناردن ، ئەگەر نا نەیدەتوانی ئاگای لەخێزانەکەی بـێ. تەنانـەت ئـەو ڕۆژەی کـە کوڕەکـەی — ئازەر — هاتـە دنیـاوە. نـەیتوانی بـوو لەپـەنای کلدانیـەوە بـێ بابـەك، ئـەو ڕۆژانـە لەگـەڵ فیودالەکانی گورجی لەشەڕدا بوو. فیودالآنی سـەرکێش بـۆ ئـەوەی هـەروا سـەرداری و ڕەنـج چـنینەوە بکـەن و خـاوەنی زەوی و دەسـترەنجی دێهاتییـەکان بـن، لـەهیچ جـۆرە زۆرداری و ستەمکردنێك سڵ کردنەوەیان نەبوو. بابەك بۆ دامرکاندنەوەی فیتنەی ئەوان چوو بوو.

هەفتەکان بە مانگان و مانگەکان سەریان بەسالآنەوە دەناو ڕۆژگار بەسەختی و بێبەشـی دا تێدەپەڕی. ژیانی بابەك بەجۆرێك لە جەنگ دا پوختـە ببوبـوو کـە لـەرێ و ڕەسمـی وەفـاداری ئازەری کوڕیشیدا نەیتوانی بەشداری بکا. ئەمە بۆ ئەویش و بۆ خێزانەکەشی حەسرەتبار بـوو. ڕۆژێك کە ئازەر سەرتا پێی سپی پۆشی بوو و بۆ بەستنی کەمەربەنـد بـەرەو ئاورگـە دەچـوو، ئارەزووگەلێکی پڕ لە حەسرەت لەنێو دڵی برومەندا کەڵەکە ببوون. برومەند چەند حەزی دەکرد کە بابەك بۆ خۆی ئازەر بباتە ئاورگە و لەکاتی بەسـتنی کوسـتیدا بریـسکەی شـادی باوکانـە لەچاوانی ویدا ببینێ. بەلاّم جگە لەحەیف و مخابن، دەیتوانی چ بکا؟ چی لەدەست وی دەهات؟ جەنگ قانونی خۆی هەبوو. جەنگ ئامانی نەبوو.

بابەك خەو لەچاوی نەدەکەوت. لەبارەی ڕێکخستنی سوپاوە یەکجار سەختگیریی دەنوانـد. ئەو دەیکوت سەرباز ئەگەر چەوری لەسەر کەڵەکەی پەیدا بوو، بەکەڵکی شەڕکردن نایە.

دوژمنان ، بابەکیان بە ((کافری زرێ پۆلاّ)) و ((هەوری ڕەش)) نـاودەبرد و لەبەرامبـەردا، خوڕەمیان، سەرداری خۆیان بە ((دوژمنی هەژدیها)) و ((شمشێری هەڵکێشراو))... ناو دەبـرد. شمشێری هیچ دوژمنێك لەبەرامبەر شـمشێری بابەکـدا توانـای خـۆگرتنی نـەبوو. شـمشێرەکانی

دیمەشقی کە لە پۆلاێ خالیس دروستدەکران و ناوبەنگیان دنیای داگرتبوو. بەیەك زەربەی بابەك دوولەت دەبوو. دەیانکوت بابەك زرێ ی خۆی کەتیرو نێزە، کاری لێنەدەکرد، بۆ خۆی لەتەورێز دروستی کردووە. بابەك بەجۆرێك کەوانی ڕادەکێشا کە نزیك بوو دوو گوێ کەوانەکە بگەنەوە یەك. دەیانکوت هیزی ئارشی تیرهاوێژ لە بازوانی بابەکدا کۆبۆتەوە.

مەئمونیش لەبارو حاڵێکی نارێك دا گیرۆدە ببوو نە ڕێگای پێشەوەی هەبوو نە بەرو دواوە هەلی هەبوو. مارەیی زبێدە خاتونیش لەدەست دەرچوو بوو. تێکشکانە یەك بەدوای یەکەکانی هێزەکانی کە خەلیفە بۆ ئازەربایىنجانی دەنارد، لە پێگەو نفوزی بەغدادیان کەم دەکردەوە. مەئمون بەدوا کەسێکی لێهاتوودا دەگەڕا تا حکوومەتی ئازەربایجانی پێ بسپێرێ. بەلاّم کەسێك کە شایەنی ئەو ئەرکە بێت، وەدەست نەدەکەوت. هەر کە پێی دەکەوتە ناو ئازەربایجانەوە، گیرۆدەی خوڕەمیان دەبوو. ئێستا ئەو کەسەی فەرمانڕەوایی بەسەر ولاّتی ئاگرەکاندا دەکرد بابەك بوو.

لەهەمان حاڵدا هێزەکانی خەلیفەش بێ کۆتایی بوون. هەرچی بابەك لەبارەی پاراستنی گیانی تاکەکانی خۆیەوە گرنگی لەبەر چاو دەگرت، مەئمون لەبەرامبەر کوژرانی سەربازەکانی بێباك بوو. لە نیگای ئەودا مرۆڤ لەگەڵ دەوەنە چقلێك جیاوازی نەبوو. بابەك پێش هەر هێرشێك لەگەڵ فەرماندەکانی خۆیدا هەموو نەخشەکانی هەڵدەسەنگاند و تاوتووی دەکرد. ئارەزووەکانی بابەك مەزن بوو. ئەو لەیەکەمین نەبەردیدا دەستی بەسەر ((جەبەل)) داگرتبوو. ئەم سەرکەوتنەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە زۆربەی دانیشتوانی جەبەل، کوردانی جوامێر و جەنگاوەر بوون. زۆربەی ئەم خەڵکە پشتاو پشتیان لەم چیا لەگرتن نەهاتوانە، ئاژەڵ دارییان دەکرد. ژیانیان سەخت و گوزەرانیان لەدەستکورتیدا بەسەردەچوو. گرانی و برسێتی، هەندێك جار کولێرا، خەڵکی وەك گەلاێ پایز هەڵدەوەراندە سەر زەوی. توانای دانی باجیان نەبوو. بابەك لە بارەی ڕاستگویی و جەنگاوەری ئەوان ئاگاداریی هەبوو.((عیسمەت کوردی)) حاکمی مرەند و دۆستی نزیکی جاویدان لەرێگای بابەك، لەبەخت کردنی گیانی خۆشیدا درێغی نەدەکرد.کوردانی عیسمەت لەگرتنی جەبەلدا بەئاشکرایی هاوکاری بابەکیان کرد و دەستەی سوارانی ئەوان لەشەڕدا قارەمانێتیان لە خۆیان پیشاندا.

جگە لەمانەش، بابەك، لەخوڕاسانیش داژداری زۆری هەبوون. فیودالەکانی ئەوێ لە خەلیفە ناڕازی بوون و لەگەڵ تاهیریش دا پەیوەندییان نەبوو. لە لێروانینی خاوەن زەوی یەکان و



جوتیارانی زەحمەتکێشدا قامچی عەرەب و قامچی ئێرانی جیاوازیان نەبوو. ئەوان دەیانویست داژداری لە کەسێك بکەن کە داکۆکی لەمافەکانیان بکا.

پاشئەوەی مەئمون بە سیاسەت و فرت و فێڵ چەند کەسێکی لە نزیکانی خۆی کوشت ، خەڵکی خوراسان ڕووی خۆیان لێوەرگێڕا و چاوەڕێ بوون هەر کە بابەك لەشکری خۆی ڕاکێشێتە خوراسان، پشتیوانی لێبکەن. بابەك بۆ خۆشی ئومێدێکی زۆری بە دەستبەسەرداگرتنی خوراسان هەبوو. بابەك لێکی دابۆوە ئەگەر خوراسان بکەوێتە بەر دەست، پەیوەندی بەغداد لەگەڵ تەبەرستان وسیستان و ئەفغانستان و ئەودیو ڕووبار دەپچڕێ وبەو پێیە دەیتوانی قوڕگی خەلافەت ڕابگوشێ. و نەتەنیا هەر داهاتی سەرەکی خەزێنە، بەڵکو بەشێکی گەورە لە سوپای خەلافەت لەویلایەتە ڕۆژهەلاّتییەکانەوە دابین دەبوو.

لە میسریش دووبارە شۆڕش سەری هەڵدابۆوە خەلیفە خۆی لە تەنگانەدا دیبۆوە. نەی دەزانی چ کەسێك بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەرینی میسر ڕابسپێرێ.

سەرەنجام ئەفشین — حەیدەر کوڕی کاوس- ی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی میسر دیاریکرد. خەلیفە ئومێدەوار بوو ئەفشین بە سوپایەکی گەورە کە لەژێر فەرماندەیی خۆیدایە، لە عۆدەی ئەم کارە بێت.

حەکەمی یەکەم — والی ئەندەلوس — ئەویش بەغدادی بەڕەسمی نەدەناسی. لەویلایەتی خۆیدا تەپڵی سەربەخۆیی لێدەدا. قورتوبە پایتەختی ئەندەلوس لە سۆنگایی دابڕانی لە بەغداد، ڕێگای درەوشانەوە وگەشانەوەی خۆی دەپێوا. بازرگانانی عەرەب و جاسوسان کە لە ئەندەلوسەوە دەهاتن. ئەمەیان بەخەلیفە ڕادەگەیاند. ئەوان ئیدی لەئەندەلوس تەگبیری خەلیفەیان نەدەخوێندەوە. بەلاّم مەئمون تەگبیری سیاسەتی لەگەڵ فرت و فێڵ یەك بوو. ئەو ئاستی باجەکانی((سیواد)) ی کەم کردەوە تا بتوانێ ڕێگای ئاشتی لەگەڵ دەوارنشینان هەموار بکا. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو لەگەڵ هەندێك لە حکوومەتەکانی دراوسێدا پەیمانی ئاشتی بەستبوو. بێزانتیشی جارێ بەشێوەیەکی کاتی بەحاڵی خۆیەوە بەجێ هێشت لەگەڵ هیند پەیوەندی بازرگانی و دۆستانەی هەبوو و هیندییەکان فیلی خۆڵەمێشیان بەدیاری بۆ خەلیفە ناردبوو. چینییەکانیش بە بەرقەرار بوونی پەیوەندی دۆستانەیانەوە لەگەڵ عەرەبان خۆشحاڵ بوون. بەو پێیە هەندێك لە دوژمنان بە دۆست و هەندێکی تریان بێ مەترسی مانەوە. بۆ ئەوەیئەو زیانانەی کە لە جەنگەوە سەر هەڵدەدەن، قەرەبوو بکرێنەوە، مەئمون بایەخی بە بازرگانی دەدا. هەڵبەتە پەرەستاندنی بازرگانی بەدڵی دوو چین بوو: بازرگانانی گەورە کە

قازانجێکی بەلێشاویان دەبرد و دەلاڵەکان و بێکارەکانیش کە بەبێ ڕەنج گەنجیان وەگیر دەکەوت. دەنگی زەنگوڵەی وشترانی بازرگانانی عەرەب جارێك لە چین و هیند و جارێك لەبێزانتەوە دەکەوتە بەر گوێ. قەڵەمڕەوی بازرگانی تا روس و فەرەنگستانیش بەرفراوان بووبوو. کاروانەکانی مەئمون کە لەبەردەعە،دەربەند، نەخچەوان، گەنجە، بادکوبەو تەورێز هاموشۆیان بوو، بابەك هەرگیز کاری بەکاریانەوە نەبوو. بازرگانی بەقازانج و بەرژەوندی قەڵەمڕەوی بابەك بوو.

... پاش ئەوەی ئەفشین شۆڕشی میسری سەرکوتکرد، تەنیا یەك دوژمنی ترسناك لەبەرامبەر خەلیفە سەری بەرزکردبۆوە. ئەم دوژمنە ترسناك و جیدییە ئازەربایجان و بابەك بوو.

تەفروتوونا بوونی سوپای خەلافەت بەفەرماندەیی ((یەحیا بن مەعاز)) کە لە ئازا ناودارەکانی عەرەب بوو، بیری خەلیفەیان بە توندی شێواندبوو. تەنیا چەند دەستەیەك لەسوارانی یەحیا توانیبویان لەشەڕی بابەکدا گیانیان بەساغی دەرباز بکەن. پاش یەحیا، ((عیسا کوڕی محەمد خالید)) یش لەبەرامبەر بابەکدا شکستی هێناو گیانی زۆرانی لە ڕێگای ناوبانگی خۆیدا دانا. عیسا لە نزیك بەردەعە تێکشکانێکی وای بە دەستی بابەك خوارد کە توانی تەنیا خۆی لەبە هیلاك چوون دەرباز بکا. دەیانکوت ڕوباری ((کر)) پڕاوپڕ لە لاشەی تێکشکاوان بوو و ئەو لاشانەی خرابوونە ناو ڕوبارەوە لەخەزەر چەندین رۆژ بوو بەسەر ئاوی خەزەرەوە مەلەیان دەکرد.

مەئمون لەبیری ئەوەدا بوو کە ((چ کەسێك بنێرێتە ڕووبەڕووی بابەك؟))

ئەمجارەیان تیروپشکی بەخت بۆ عەلی کوڕی سەدەقە)) دەرچوو. سەدەقە کە بە زەریق ناسرابوو یەکێك لەناودارترین سەردارانی عەرەب بوو. خەلیفە بەر لەوەی قشون وەڕێ بکەوێ بەسەدەقەی کوت: ((دەبێ قشونی بابەك ڕیشەکێش و تەفرو تونا بکەی و خۆشی بەباڵ بەستراوی بێنیتە بەغداد! ئەگەر لە عۆدەی ئەم کارە هاتی ، ئازەربایجانت پێدەبەخشم)) خۆ خوازی سەدەقەش ئاکامێکی خۆشی بۆ وی پێ نەبوو. سەدەقەش گرفتاری هەمان ئاکامی یەحیاو خالید بوو. بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی لەسەر داناو بەخەروارێك تێکشکان و ڕیسواییەوە گەڕایەوە.

بەلاّم هێزی بابەك هەندێك جار تووشی پارچە پارچەیی دەبوو. فیودالانی ناوخۆ هەرگا، با، بە قازانجی خەلیفە هەڵیکردبایە، ڕووی خۆیان لە بابەك وەردەگێڕا. لەواقیعدا ئەوان فەرمانڕەوایی دوولایەنەیان پێ پەسەندبوو. دەیانویست جەنگ لە نێوان بابەك و خەلیفەدا



بەردەوام بێ تا بتوانن بە کامی دڵ فەرمانڕەوایی بکەن و بەهرەکێشانەوە، بکەن. بابەك زەوییەکانی فیوداڵەکانی لەنێوان دێهاتییەکاندا دابەشکردبوو و کۆتایی بەسەرەڕۆیی ئەوان لە ئازەربایجان هێنابوو: ((هەرگیز خوا ئاوای نەویستووە چەندانێك سەروەربن و ئەوانی دیکەش بەندە و غولامی ئەوان بن))

گرفتی مەئمون بەردەوام ئازەربایجان و بابەك بوو. ئەو پاش بەستنی پەیمانی ئاشتەوایی لەگەڵ ((میخائیلی دووەم)) تا ڕادەیەك لە تخووبەکانی رۆژئاوا سنوورەکانی بێزانتی کێشابۆوە. ئینجا قشونێکی تازەی لەبەغداد، خوراسان و ویلایەتەکانی عەرەبی کۆکردەوە و فەرماندەیی ئەوانی بە ((محەمەد کوڕی حەمید)) سپارد و بۆ ڕووبەڕو بوونەوەی بابەك ڕەوانی کرد. دیسانەوە ئاگر لەبنارەکانی چیاکانی ئازەربایجان بلێسەی دایەوە. بابەکیش ناچار هێزی تازەی پێکەوەنا. ئەو لەو کاتەدا پەنجا هەزار جەنگاوەری لە ژێر فەرماندا بوو کە سی هەزاریان سوارە بوون.

بلێسەی ئاگر بەرزببۆوە و دووکەڵەکەی بەچاوی هەردوولادا دەچوو پریشکەکەی بە داوێنی هەمو لایەك دەپرژا. کەس نەی دەتوانی پێشبینی بکا ئەم ئاگرە چ کاتێك دادەمرکێتەوە. مەئمون هیوایەکی زۆری بەجەنگی ((هەشتاد سەر)) بەستبۆوە. بابەك لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بەشەڕی نوختەیی و بچوك وەخت بباتە سەرو جەنگی کۆتایی وەپاش بخا. ئەو دەیزانی کە قشونی ڕاهاتووی خەلیفە بەناوچە گەرمە سێرەکانەوە بەرگەی سەرمای سەختی ئازەربایجان ناگرێ. سروشتی زبر و توند و تیژی زێدگا، پشتیوانی بابەك بوو...

## (٣٢)

# پڵـنـگـــی بـــز

*پێش ئەوەی تۆفان هەڵبستێ*
*دەریا دەخرۆشێ.*

هێشتا ناوەڕاستی پایز بوو کە قەڵای هەشتاد سەر کڵاوی سپی خۆی لەسەر نا. بارینی بەفر هەواڵی زستانی سەخت و دورخایەنی دەدا. خەڵکی، هـاتنی زسـتانێکی ئـاوا سـەر لـەزوویان وەبیرنەبوو. بابەك وەك پڵنگی ڕاهاتوو بەسروشتێکی ئاوا، لەبەردێکەوە بۆ سەر بەردێکی دیکە بازی دەدا و شوێنەکانی خۆی و سوپای دوژمنی هەڵدەسەنگاند. بەفر و سەرما پرزەی لـەگیانی دوژمن بڕیبوو. ڕێگاکان بەفر گرتبوونی و هات و چۆ دژواربـوو. چـەندین هەفتـە تێدەپـەڕین و کاروانـان هـەروا لـەکاروان سـەرایان دا مزڵیـان خـستبوو. دوعاکـانی لەشـکریانی خەلیفـە قبوولنەدەبوون و ئاسمان هەروا سەر گەرمی کاری خۆی بوو و هەر ڕۆژ ئەستووری پۆشاکی زەوی زیاتر دەبوو. جگە لە ئارام گرتن و دان بەخۆداگرتن ڕێگاچارەیەکی دیکە نەبوو.

بابەك لـەبارەگای خـۆی لەئەشـکەوتێك کـە لای ڕۆژهـەڵاتی هەشتادسـەر، نزیـك بەقـەڵا هەڵکـەوتبوو، لەگـەڵ فەرمانـدەکانی خـۆی، لـەبارەی نەخـشەکانی جـەنگ ڕاوێـژ و بـیروڕای دەگۆڕییەوە. لەهەمان ئەو جێگایەوە بوو کە فەرمانەکان بۆ خەڵك دەردەچوون. هەموو لایەن و ئاکامەکانی ئەو فەرمانانە پێشتر لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنیان لەسەر دەکرا. بچووکترین هەڵـە بۆی هەبوو زیانێکی لەقەرەبووکردن نەهاتوو بەدوو خۆیدا بهێنێ.

بەدەس پێکردنی زریان و بەفر، بارەگای بابەك ببـووە هێلانـەی لـەگرتن نـەهاتووی هـەڵۆ. باریکە ڕێیەك کە بۆ ئەوێ دەهات لە((بزنە ڕێ)) یەك تەنگتر بوو کە بۆ بز دەهات. لە ڕۆژانـی بەفر و بـۆران و تـەماوی ، جـاری وا هـەبوو پەیکـەکانی بابـەك ڕێگایـان ون دەکـرد و ناچـار دەگەڕانەوە بۆ بارەگا. پاشتر چارەیەکیان دۆزییەوە. بەو پێیە گوریسێکیان لە هەندێك جێگـادا بەدرێژایی نیو قۆناغ لە ئوردوگاوە بۆ بارەگا ڕاکێشا. لەهەندێك جێگا گوریسیان بە بەردانـەوە گرێدابوو. هەرکەسێك لەهەوای تۆفدا کـە دەیویـست بـچێتە بارەگـا، دەسـتی بەگوریـسەکەوە دەگرت و خۆی لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەبرد.

هەندێك شـەوان زارکـی ئـەو ئەشـکەوتەی کـە بارەگـای بابـەك بـوو، چـلوورە بەتـەواوی قەپاتیدەکرد و دەمی بەیانی چەند پاسەوانێك بەزەحمەت شەختەکانیان فڕێدەدا. کەمێك خوارتر لەدەروازەی بارەگا لەپەنای تاتە بەردەکانەوە — لەتەختانییەکی بەگەورەیی جـێ خـەرمانێك — دەستەی پاسەوانانی تایبەتی بابەك ئیشێکیان دەکێشا.

میخائیلی دوەم بە نهێنی نامـەی لەگـەڵ بابەکـدا ئـاڵو گـۆڕ دەکـرد... پەیکـەکانی ئـەو بەرێنوێنی و هاوکاری جەنگاوەرانی خوڕەمی هات و چۆیان بۆ هێلانـەی هـەڵۆ دەکـرد. بـەڵام بابەك دەیزانی چاو تێبڕین لە یارمەتی بێزانتیش کـارێکی بێهودەیـە. چـونکە گرفتارییـەکانی ئیمپراتۆر دەرەتـانێکی ئـاوای پـێ نـەدەدا. کۆیلـەکانی قەڵـەمڕەوی ئیمپراتـۆریی بەرێبـەری ((فوما)) دژی خاوەن کۆیلەکانی بێزانتی ڕاپەری بوون. ڕاهیبەکانیش بە کۆیلەکانەوە پەیوەست ببوون. وێرای هەبوونی پیوەندی و نامە نووسین ، بەکردەوە کۆمەکێك لـە لایـەن ئیمپراتـۆرەوە بەبابەك نەدەکرا. بابەك پێش هەر کەس و هەر جێگایەك بەسوپای خۆی پـشت ئەسـتوور بـوو، بەو پێیە ئەهمیەتێکی تایبەتی بۆ ڕەچاوکردنی دیسپلین لەنێوان جەنگاوەراندا دادەنا.

پاسەوانان بێ مۆڵەتی بابەك ڕێگایان بەکەس نەدەدا بچێتە بارەگـا. ئـەم نەریتـە تەنانـەت دەرهەقی سەربازانی پایەبەرزیش دەکرا تەنانەت بروەمەنـد، کلدانیـە ، یـان ئـازەر ، کوڕەکـەی بابەك خۆشی ئەگەر بۆ هەشتاد سەر هاتبان، بێ مۆڵەتی بابەك ڕێگایان بۆ بارەگا پێ نەدەدان. هەرکەس دیسپلینی سوپای خەڵکی تێك بدابایە، دووچاری سەختترین سزا دەبوو.

عەبدوڵڵا برای بابەك گەورە ببوو لەنێو سوپادا خزمەتی دەکرد. ئەو جارێـك جاسووسـێکی دەسگیرکرد، ویستبووی بیباتە بارەگا. کاتێـك پاسـەوان، پـێش بـە عەبـدوڵڵا کـە بـە بـادەی سەرکەوتنێکی ئاوا سەر مەست ببوو، دەگرێ، عەبدوڵڵا دەست بـۆ شـمشێرەکەی دەبـاو بەسـەر پاسەوانەکەیدا نەڕاندبوو:

- کەس مافی ئەوەی نییە ڕێگەی چوونە لای برای خۆم لێ بگرێ!

پاسەوانانیش لەبەرامبەر عەبدوڵڵا شمشێریان هەڵکێشابوو لەم پێك هەڵپڕژانەدا عەبـدوڵڵا و یەکێك

له پاسەوانان بریندار ببوون..

بابەك هەر كە لەو ڕووداوە ئاگادار ببوو فەرمانی دابوو:

– برسی و تینوو لە نێو ئەشكەوتدا بەندی بكەن! با تێبگا سزای كەسێك سەرپێچی بكاو شمشێر بە ڕووی پاسەواناندا هەڵبكێشێ، چییە!

هەواڵی كاری ناشایستەی عەبدوڵڵا، بەگوێی برومەندیش گەیشتبۆوە. ئەو دەیزانی كە بابەك بەسەختی عەبدوڵڵا سزا دەدا. لەبەر ئەوە پەیامێكی بە پەیكێكدا لە بزەوە بۆ هەشتاد سەر نارد: ((بابەك! وای دابنێ كە دایكت، چارشێوەكەی خۆی لە نێوان تۆ و براكەتدا داناوە. گوناهی عەبدوڵڵا بەدایكت ببەخشە...))

بابەك لەبەرخاتری دایكی ، عەبدوڵڵای بەخشی و ئەوی ئازاد كرد.

عەبدوڵڵا لەسەر سەختی بابەك ئاگادار بوو، بەڵام باوەڕی نەدەكرد بەرامبەر بەخۆی ئاوا دڵڕەقی لێبووەشێتەوە. پاش ئەو ڕووداوە عەبدوڵڵای لاو و لەخۆبایی، سنووری خۆی زانی.

بابەك دەیكوت تێكشكانی مسۆگەر چاوەڕێی ئوردوویەكە كە بێ سەرو بەری ڕێی خۆی تێدا بكاتەوە.

ئوردوی بابەك خۆی بۆ جەنگ ئامادە دەكرد... جەنگێكی چارەنووس ساز لەپێش ئەواندا بوو. مەئمونی خەلیفەش قەرار و ئارامی نەبوو. ئەو بۆ خۆی دوراودور ئۆردوی لەژێر فەرمان دانابوو. مەئمون جاسووسگەلێكی زۆری ڕاسپاردبوو تا ئوردوی بابەك بخەنە ژێر چاودێری خۆیانەوە. جاسووسان بۆ بەدەسهێنانی هەواڵێك، خۆیان بەئاو و ئاگردا دەداو خوڕەمیان هەر ڕۆژێك كەسانێكی گومان لێكراویان لەسیما و جل و بەرگی جۆربەجۆردا دەسگیر دەكرد.

لەهەمان ئەو ڕۆژانەی كە باڵوێزان لەبز پێشوازی دەكران، كۆترێكی تر لە بزەوە هەڵفڕی بوو، و گرفتاری چنچڕووكی هەڵۆ ئێشك گرەكان هاتبوو. بە ملی كۆترەكەوە نامەیەك هەڵواسرابوو. لەنامەكەدا نووسراوبوو: ((چیتر بە كۆتراندا پەیام مەنێرن. هەڵۆكانی بابەك كۆترەكان دەگرن و نامەكان بەردەستی بابەك دەكەون. بۆ ناردنی پەیام، بیر لەچارەیەكی دیكە بكەنەوە.))

لەو ڕۆژانەی كە جاسووسانی خەلیفە یەك بەدوای یەكدا دەسگیر دەكران، بابەت گەلێكی زۆری پشت پەردە بۆ بابەك ئاشكرا دەبوون. محەمەدیش هەراسان و پەشۆكاو دەهاتە بەرچاو. دڕدۆنگی و بەدگومانی بابەكیان ئازار دەدا ((كرم ناو قەدی داری خۆی دەخوا. خاین لەنێو خۆماندایە. بەهەر جۆرێك بووە دەبێ بدۆزرێتەوە و بەسزای كردەوەكانی خۆی بگا.



لەو ڕۆژانەدا كەسانێك كە ڕواڵەتیان بەهیچ جۆرێك گومانێكی پێك نەدەهێنا، هاتبوونە نێو ئۆردوگای سوپای خوڕەمی یەوە. لەنێو ئەوانەدا دەروێشێكی كوێر هەبوو كە چەند ڕۆژێك پێشتر لە دەوروبەری ئۆردوگا لە بۆسە دابوو. بەردەوام مەئمونی بە نەفرەت و بە نەفرین دەكرد و پێداگری دەكرد كە بیبەنە لای بابەك و دوعای خێری بۆ بكا. دەروێشیان هێنایە لای بابەك. ((هەڵۆی بز)) هەركە چاوی پێكەوت، ئەوی ناسی. ئەو هەمان ئەو دەروێشە بوو كە لەكاتی بردنە دەرەوەی كاروانی شبل لە بەغداد لەپێش دەروازەی خوراسان دیتبووی. بەدگۆییە پەیتا پەیتاكانی دەروێش دەرهەقی مەئمون، بابەكی خستبووە دوو دڵییەوە، ((ئەم ماستە دەبێ موویەكی تێدا بێ، دەبێ تاقی بكەینەوە)) فەرمانی بە پاسەوانان دا:

– ئەم جاسووسە لادەن و بێ دواكەوتن لە ملی بدەن!

دەروێش كە خۆی بەلەناوچوو زانی، كەوتە سەر دەست و پێی بابەك، و پاڕانەوەو لالآنەوەی دەستپێكرد.

– سەرداری گەورە! لێم ببوورە، بە سەری پیری تەماع بەسەر ویژدانمدا زاڵبوو. من پێوە بووم خزمەتێك بە خەلیفە بكەم. هەڵەیەكی گەورەم كردووە. بە گەورەیی خۆت لە هەڵەكەم ببوورە. بم كە بەڵاگێڕی سوپاو ژن و كوڕەكەت!

هەمووان بە حەپەسانەوە لەخۆیان پرسی: ((بابەك بە چی ڕازانی ئەم ئیبلیسە پیرە جاسووسە؟! دەروێش هەروا زمانی دەگەڕا:

– سەرداری گەورە. چاكەی خۆت بەسەر منی پیری ئاوارە تازە بكەرەوە. نەفرەتی خوا لەنەفسی خۆخوازی من بدا. ئەو ڕۆژەی كە بەفەرمانی مەئمون سەری ئەمین- یان لە لەشی جیاكردەوە، تۆ بەوەی كە سكەیەكی پارەت لە كەشكۆڵی من هاویشت، بەختیارت كردم. گەرچی چاوم كەس نابینێ، بەڵام گوێكانم تیژ و هەستیارن. دەنگت لەگوێمدا دەزرنگێتەوە. جارێكی تریش لێم ببورە و گیانم ئازاد بكە!

بابەك برۆكانی لێك كێشانەوە و كوتی:

– بەجێهێنانی ئارەزووەكەت كارێكی ناكردە نییە بەڵام بە مەرجێك پێم بڵێ ی بۆ لای كێ هاتبووی و پەیامت بۆ كێ هێنابوو؟

دەروێش بەسەر ڕوخساری خۆیدا كێشا:

– سوێند بە حەقی هەرچی چاكی و پاكی هەیە لەم بارەیەوە هیچ نازانم، كاتێك كە منیان بۆ ئێرە نارد، ناوی ئەو جاسووسەی كە لێرەیە، بەمنیان نەكوت. قەرار بوو ئەو كە لەنێو

ئۆردوی ئێوە دایە خۆی بەمن بناسێنێ و پەیوەندیم پێوە بکاو پێم بڵێ کە ئەم ڕۆژانە چ ژمارەیەك لە سەربازان بۆ بەرەی شەڕ ڕەوانە دەکرێن.

بابەك پڕ لە سام و ئازا بوو. بەڵام جوامێران دڵی ساوایانیان هەیە. لەبێگەردی و لەرینەوەی نێو دەنگی دەروێشدا، زانی کە پیرە مێرد درۆ ناکا. بەزەیی سەردار هاتە جۆش:

- دەروێش مەکوژن! ئێستا کە قسەی ڕاستی کوتووە. کوشتنی ئەو لەجوامێری بەدەرە. تەماع خوازی ئەوی لەنێو داوی خۆفرۆشی خستووە. وازی لێبێنن با سەری خۆی هەڵبگرێ و لەو ڕێیەی کە لێیەوە هاتووە، بگەڕێتەوە...

شەوان ئوردوگا سەری بەسنگی هەشتاد سەرەوە نابوو و چاوی بە ئاسمانەوە لێك دەنا. جەنگاوەران ئاگریان هەڵدەکردو لە دەوربەری ئاگر مەشقیان دەکرد. بەرەبەیان دەنگی کەڵەشێران و سەگەکان تێکەڵ دەبوون. هەموو شەوێك دەستانێك بە گوریسێکەوە کە لەبەردەکانەوە بۆ ئۆردوو ڕاکێشرابوو، گرێیان دەخوارد دەهاتنە سەرەوە و بابەك لەهەموو شتێك ئاگادار دەبوو...

پاسەوانان هەر ڕەشاییەك کە دەجوولایەوە تێیانەوە دەخوڕی و هاواریان لێدەکرد:

- کێی؟
- ئاگر!
- پەنا ئاگر چی لێیە؟ چ دەنگێك دێ؟
- کەڵە شێرە دەخوێنێ.
- چی دیکە هەیە؟
- سەگەکان پاسەوانی دەکەن!

ئەم نیشانانە و نهێنی شەوانە، هەموو ڕۆژێك دەگۆڕان بۆ ئەوەی جگە لە خەڵکی خۆیی کەسی تر ڕێگای بارەگا نەدۆزێتەوە.

مەئمون ڕایگەیاندبوو کە حکوومەتی ئازەربایجان و باجی ساڵانە و مانگانەی بەو کەسە دەبەخشێ کە سەری بابەکی بۆ دەهێنێ. قوڵپەقوڵپی مەنجەڵی خۆپەرستی، تائێستا چەندین خۆ پەرستی گرفتاری شمشێری بابەك و خوڕەمیان کردبوو. بەڵام هێمان کەسانێکی زۆر هەبوون هەنگاویان بەرەو ئەو هەڵدێرە دەهاویشت.

دڵ نیگەرانی، ئارامی لەبەر بابەك بڕی بوو. ((ئەم خاینە کە لەنێو ئێمە دایە کێیە؟ ئایا بەڕاستی محەمەد بەو ڕێگایەدا دەڕوا؟ باشە ئەو لەچی کەمە؟ نا، ڕەنگە من بە هەڵەدا



چووبم... باشە دەبێ چ بکەین؟)) چاوانی بابەك لەڕق و نیگەرانی و بێ خەوی وەك دوو پیاڵەی خوێنینیان لێهاتبوو. خۆی و ئەسپەکەی پێویستیان بە حەسانەوە هەبوو. دەبوو قاراقاشقا لەنوێوە ناڵ بکرێتەوە و بخرێتەوە ژێر دابەستەوە. لە هەر پێك هەڵپژانێکدا چەندین ئەسپ دەکەوتنە سەر زەوی و چەند شمشێر و قەڵغانیش دەشکان. قاراقاشقاو شمشێری بابەك کە لەباوکییەوە بەیادگاری بەجێ مابوون سەلامەت بوون. بەڵام قاراقاشقا پێویستی بە پشوودان و دابەستن هەبوو. فەرماندەکان بەرژەوەندیان لەوەدا دیبوو کە چەند ڕۆژێك بابەك لە بارەگا نەیەتە دەرو بحەسێتەوە. سەرکەوتن لە نەبەردەکانی داهاتوو، لەسەر سەلامەتی و سەرحاڵی فەرماندە بەند بوو.

بابەك نەیدەتوانی ئارام بگرێ. شەوانە خەو لەچاوی دەڕەوییەوە. هەموو هەست و هۆشی لەسەر نەبەردەکانی داهاتوو بوو. شەوێك بێ ئەوەی بەرگی جەنگاوەری دابنێ، لەسەر لبادێکی ئەستوور و سوور لە پەنا ئاگردان لەسەر پشت پاڵ کەوتبوو. پاسەوان بەئەسپایی و بێ خشپە خشپ پێی نایە ژوورەوە. سەردار بەخەبەر بوو.

- سەرداری گەورە! براکانتان دەیانەوێ چاویان پێتان بکەوێ.
- ڕێگایان بدە! بابێن.

پاسەوان سەری دانەواند، چووە دەرەوە، بابەك لە جێگای خۆی ڕاست بۆوە و بزووتە ئاگرەکانی ژێروژوور کردن. ئاگردان بڵێسەی ستاند و دەوروبەری ڕوناك کردەوە.

بابەك دەستی بەسەر و ڕیشی خۆیدا هێناو بەخۆی کوت:((بەم کاتی شەوە خێر بێ! ئایا ڕوداوێك لە ئوردوگا هاتۆتە پێش؟ لەوانەشە عەبدوڵلاو معاویە جاسووسەکەیان دۆزیبێتەوە.)) بابەك ئەم کارەی بەوان سپاردبوو.

دووکەڵێکی کە لە ئاگردانەکەوە هەڵدەستا، چاوانی بابەکی دەچووزاندەوە. ئەو لەگژ بیرانەوە چووبوو:((ئەگەر لە دۆزینەوەی جاسووسەکەدا سەرکەوتوو بووبن پاداشتێکی بەنرخ دەدەم. دایکم لەبارەی عەبدوڵلاوە دڵیلە من ئێشاوە. ئەو درك بەوە نابا کە لە نێو ئوردوگادا جیاوازی نێوان براو کەسانی تر نییە...))

پەردەی لبادینی ئەشکەوت لادرا. عەبدوڵلا لەپشت ئەویشەوە معاویە پێیان نایە ژوورەروە. لەبەر دووکەڵی نێو بارەگا هەردووکیان کەوتنە کۆکە. سەرتاپێ یان بەتوێژاڵێك بەفر داشۆشرابوو و دەتکوت مرۆڤی بەفرینەن...

بابەك بێ ئەوەی قسەیەك بكا. لەدەوروبەری ئاگردان ڕاوێچكەی دەكرد. ئەو، جاروبار نیگایەكی دڵ ئێشانی بۆ ڕوخساری عەبدوڵلا كە تووڕەگەیەكی پەشمینی بە سنگییەوە بوو، وەردەگێرا، ((كارێكت كرد كە نەتەنیا من و خۆشت تووشی دەردەسەری كرد، دایەشت هەر ناڕەحەت كرد. دەبێ لەوە تێبگەی كە هەمووان دەبێ ملكەچی فەرمان و دیسپلین بن.))

براكان لەبەرامبەر بابەكدا زاتی ئەوەیان نەدەكرد بێنە پێشەوە خۆیان گەرم بكەنەوە. سەرەنجام بابەك كە چاوەكانی لەبەر چرە دووكەڵ دەبرژانەوە، وێكهێنانەوە و نیگایەكی پرسیار ئامێزانەی لە عەبدوڵلا و معاویە بڕی.

- ها، بەم درەنگی شەوە، لەنێو ئوردگادا هەواڵێك هەیە كە جەنگاوەرانی ڕاكێشاوەتە ئێرە؟

عەبدوڵلاو معاویە لێوەكانیان پێكدا گوشی و شانیان بەرزكردەوە و عەبدوڵلا هاتە قسەكردن:

- لەخۆمانەوە نەهاتووین، بەلام دڵنیابە سەرەنجام جاسووسەكە هەر دەگرین.

عەبدوڵلا كۆكەیەكی بۆ كرد و گەرووی بۆ سافكرد و درێژەی بە قسەكانی دا.

- دواجار ئەو دەسگیر دەكرێ... هەواڵمان لە كاروانێكەوە هێناوە كە لە بەغدادەوە بۆ دەربەند رۆیشتووە. بەهۆی گیرانی ڕێ و بانەكانەوە، چەند ڕۆژە لە كاروانسەرای بیلال ئاباد دا ماوەتەوە. پەیكی خۆمان لەكاتی هاتنی لەبز، لەسەر ڕێی خۆیەوە سەرێكی لەوێ داوە و كاروانەكەی دیوە. كە هەواڵی پەیكمان بیست، بۆ لێكۆڵینەوە چووینە ئەوێ، سەرەتا دەیانكوت باری كاروان ئازوخەیە و بۆ فرۆشتن دەیبەنە دەربەند. پاش لێكۆڵینەوە دەركەوت كاروان ماڵی ((بەیت ئەل حیكمە ی بەغدادە. هەمو كاروانییەكان زانایانن كە بەرەو چین دەڕۆن. دەڵێن بۆ خانەیەكی ئەستێرە ناسی كە بە فەرمانی مەئمون دروستدەكرێ، كەل و پەل و پێداویستی لەچینەوە دەهێنن. زانایان بەچەندین زمان قسەدەكەن . یەك دوانیشیان بەزمانیئێمە قسە دەكەن. لەناویاندا پیرەمێردێكی ڕوخسار ئاوڵەداری تێدایە بە حورمەتەوە ناویتۆ دەبا. پێداگری لەسەر چاوپێكەوتنی تۆ دەكا. لەگەڵ خۆمان هێناومانە چەكی پێ نییە. بەلام باری یەك وشتر كتێبی پێیە...

عەبدوڵلا تووڕەگە پەشمینییەكەی پیشاندا.

- چەند كتێبیشی لەگەڵ خۆی هێناوە كە پێشكەشی تۆی بكا. ویستمان لە پێشدا مۆڵەت لە خۆت وەربگرین.



بابەك حەزی نەكرد قسەی كەس ببڕێ، بۆیە كاتێك كە قسەكانی عەبدوڵلا تەواو بوون، كوتی:

- بەو ناونیشانانەی كە باستكردن، ئەو زانایە جگە لە ئەلكەندی فەیلەسووفی گەورە، كەسیتر نییە. مایەی شەرەفە بۆ ئوردوگای خوڕەمیان ئەگەر زانایەكی ئاوا میوانی بێ. پیاوێكە دەیان نامە و كتێبی لەسەر مەنتیق و میوزیك و حیكمەت نووسیوە. پێی لەسەر چاوانمان، كوا ئەو پیاوە؟

معاویە بە خۆشحاڵیەوە هەنگاوی بۆ پێشەوە نا:

- ئەولەوێ لای پاسەوانەكانە. بەزەحمەت توانیمان بیهێنینە سەرەوە.

- بهێنین، نەدەبوایە ئەو لەو سەرمایە لەدەرەوە ڕابگرن، بیهێنن و پاشان بەفەرماندەی ئوردوی بسپێرن تا جێگایەكی گەرم بۆ زانا دابنێ و لەهەموو ڕوویەكەوە پێداویستی حەسانەوەی بۆ ئامادە بكەن.

- فەرمانتان جێبەجێیە.

عەبدوڵلا و معاویە چوونە دەرەوە...

## (٣٣)

# فەیلەسووف و سەردار

*یەك ڕۆژ ژیانی پیاوی زانا*
*بەهای تەمەنێك ژیانی نەزانی هەیە.*

...لە دەروازەی ئەشکەوتدا، کەمی مابوو زریان فەیلەسووفی بە ساڵدا چوو هەڵبدێرێ. بەڵام ئەو بەزەحمەت توانی هاوسەنگی خۆی ڕابگرێ و هاتە ژوورەوە. کە چاوی بە دیوارەکانی ئەشکەوت کەوت، لە زاری دەرچوو:((ئێرە لانەی پڵێنگە!))

بابەك بە پێشوازییەوە هات:

- سلاو لە فەیلەسووفی گەورە.
- سلاو لە سەرداری گەورە.
- ئەگەر هەڵەم نەکردبێ ، ئێوە ئەل کەندی شەرەفی دەرباری خەلیفەن.
- سەرداری قارەمان هەڵەی نەکردووە.

... فەیلەسووف لەسەرمان گرمۆڵە ببو و چاوانی سەوزی دنیا دیتووی لە چاوانی بابەك بڕی بوو. بەسەر برژانگەکانییەوە دەنکە بەفر وەکو مووروی ڕیزکراو بەستبووی، چەناگەی ڕیش داری حەکیم دەلەرزی و ئەو چەند دانە ددانەی لە نێو دەمیدا مابوون پێکدەکەوتن. روخساری ئاوڵەداری دەلەرزی.

بابەك دەستی پیرەمێردی گرت و لەپەنا ئاگردانی داناو لەسەر کۆلکەیەکی کە کەوڵە مەڕێکی سپی لەسەر پانکرابۆوە، دانیشاند:



- دانیشن، ئێرە گەرمە. عەباکەشتان دانێن.

فەیلەسووف ویستی بەحاڵی دانیشتنەوە عەباکەی دابنێ، بەلاّم پەنجە تەزیوەکانی یاریدەی ئەویان نەدا. بابەك یارمەتیدا و عەباکەی لەسەر داگرت- . بۆنی پێستە و لباد بەناو لووتی پیرەمێرد دا گەڕا. تێگەیشت بابەك کۆشك زادە نییە، شێرێکە پەروەردەی چیاو دەشت. بارەگای بابەکی خوڕەمی بەتێڕوانینی وی پڕاوپڕ لەسەرسامی خۆی دەنواند. لەوێ دا سۆراخێك لەسەندەڵ و عوود نەبوو. ئەوەی لەوێ دەسوتا دەوەنە چقڵ و داری سووتان بوو.

بابەکیش لەسەر کولکەیەکی دیکە لەبەرامبەر فەیلەسووف دانیشت. هێشتا زمانی پیرەمێرد لەسەرمان گۆی نەدەکرد و هەڵنەدەسووڕا. پرسیار و حەپەسان لەچاوەکانیدا شەپۆلیان دەدا. ((بابەك پیاوێکی قارەمانە. جگە لەو کێیتر یارای ئەوەی هەیە سنگی لەبەرامبەر زریانی چیاکانی ئازەربایجاندا بکا بەسووپەر و لەگەڵ قشونی بێ هەژماری خەلیفەدا شمشێر لە شمشێر بدا!))

بابەکیش -ئاگادار بەنرخی زانست وزانا -بەخۆی دەکوت: ((خەلیفە، لەژێر ڕووناکی زیرەکی زانایاندا حکوومەتی خۆی بەڕێوە دەبا. شەش هەزار زانا ، هەمووشیان لە میللەتانی جۆراوجۆر لە ((بەیت ئەل حیکمە)) کۆبوونەتەوە. خەلیفە هەر تەنیا داگیرکەری خاکی میللەتان نییە، بەڵکو مێشکەکان و سامانە مەعنەوییەکانیشیان بەتالاّن دەبا. زانستی زانا کاری هەزار شمشێر و بازوو دەکا. ئەو فەرمانڕەوایەی کە پەسنی شمشێر بەسەر هۆش و تەگبیر بدات سەرەنجام لەوەزعێکی پێکەنیناویدا گیر دەخوا.))

گەرمای ئاگردان وردە وردە حاڵی فەیلەسووفی دێنایەوە سەرخۆ. جارێك دەستی پێکدا دەهێنا و جارێك دەستی بەڕیشی، کە ئێستا ئیدی لە وردە بەفر و شەختە داچۆڕا بوو — دادەهێنا... خزمەتگوزاران خواردنیان هێنا. لەنیگای پیرەمێرد دا، بابەك، لە ئەبو موسلیم و موقەنع و جاویدان، مەزن ترو بەویقار تر، دەهاتە بەچاو...

گەرما و خواردن بێدەنگی فەیلەسووفیان شکاند، ئەو بەزەردەخەنەوە سەری ئاخاوتنی کردەوە:

- ئەگەر ئەقڵ و بیرکردنەوە لە دنیادا فەرمانڕەوایی بکردبایە هەرگیز شمشێرەکان لەکالان نەدەهاتنە دەرەوە.

بابەك سەری سەلماندنی داگرت:

- بەداخەوە پایە پەرستی و سەرەرۆیی حکوومەت پەرستان بەسەر بیر و ژیرییدا زاڵدەبێ.

مادام ئەوان دەیانەوێ ژیان لە خەڵکێك کە دەیانەوێ لەسەر زەوینی خۆیان بە ئازادی بژین، وەك گوژالك تاڵبکەن، جگە لە شمشێر چارەیەکی دیکە نییە.

حەکیم ویستی ئاسۆی بیری سەرداری چیانشین تێبگات، پرسی:

((لەنێو سەردارانی مێژوودا، کامیانت بەلاوە خۆشەویست ترە؟))

– سپارتا کۆس — کە سەرداری چەوساوەکان بوو

– ئەسکەندەری مەکدۆنی چۆن دەبینی؟

– نەفرەت لەهەموو جیهان گرانی ستەمکار دەکەم.

دەنگی بابەك ئاوازێکی جیدی بەخۆوە گرت:

– کالیستن هاونشینی ئەسکەندەر، ئەوی بە پاسەوانی جیهان)) ناوبردوە، بەلاّم بەگومانی من ئەسکەندەر تامی لە وێران کردن زیاتر دەکرد وەك لە بنیات نان. ئەو، هەرگیز ناتوانرێ بۆ ولاّتانی رۆژهەلاّت بەنیعمەتێکی خوایی)) بژمێردرێ. ئەسکەندەر کتێبخانەکانی ئاگردەدا، کتێبی پیرۆزی زەردەشتی کردە خۆراکی ئاگر، ئایا دەکرێ مرۆڤ وێرانکەرێکی ئاوا ی خۆش بوێ؟ ئەسکەندەر جگە لە ئازارو ئەشکەنجەو پەشێوی و بێبەشی ، چ شتێکی دیکەی بۆ میللەتانی رۆژهەلاّت بە دیاری هێنا؟ کالیستن هەلّەی کردوە ئەو نەپاسەوانی جیهان بوە، نەدانا بوە نە پەیامبەریش بوە. ئەو داگیرکەرێك بوە زۆر خوێن خۆرتر لەمەنسوری خەلیفە.

ئەلکەندی خۆشی لە مرۆڤی هۆشیار و بە ئاگادەهات. بابەکیش هەر لەیەکەمین ساتەکانی دیدەنیدا ، شوێنەواری چاکی لەسەر وی دانابوو. ئەگەر بیتوانیبایە، وای بەپەسندتر دەزانی لە جیاتی دەزگای خەلافەت، لای بابەك بمێنێتەوە.

فەیلەسوف لە هێنانە ئارای ناوی ئەسکەندەر پەشیمان ببۆوە. بابەکیش هەستی بەمەکرد و پێکێکی تێکرد...

...ئەلکەندی پاش پشوویەك، دووبارە دەستی بەقسەکردن کردەوە:

– ئایا سەردار وابیر دەکاتەوە کە بتوانێ لەبەرامبەر ئیسلام و خەلیفەی موسولّماناندا راببووەستێ؟

– بابەك بەزەردە خەنەیەکی پرماناوە چاوەڕەنگ خورماییەکانی خۆی لە بەرامبەر روخساری فەیلەسوف وەرگێراو تا ئەو دەمە کە ئەوی لە چاوەڕوانی وەرگرتنی وەلاّمدا دی ، هاتەوە قسەکردن:

– زانای گەورە و میوانی بەرێز باش بزانێ کە من دژی ئیسلام و عەرەبان نەبووم و نیم. نازانم زانیاریتان هەیە یان نا کە لەنێو هاوەلاّنی مندا موسولّمانانی زۆر هەن کە رێ ورەسم و فەرزە ئاینیەکانی خۆیان ئازادانە بەجێ دەهێنن و تەنانەت زۆرێك لە خورەمیان لە دروستکردنی



مزگەوتەکانی ئەواندا یاریدەی ئەوان دەدەن. مەبەستم ئەوەیە راپەرینی ئێمە دژی ستەم کاران و تالاّن کارانە نەك خەلّکی دەسکورت. دژی مرۆڤ فرۆشانە کە دەیانەوێ بۆ ستەمکاری خۆیان وەك ئامرازێك کەلّك لە ئیسلام و قورئان وەربگرن. روون و رەوان پێت بلێم ، من لەدژی خەلیفەکانی عەباسی دەجەنگم نەك عەرەب و موسولّمانان و...

فەیلەسوف قسەی بابەکی بری:

– دەکرێ سەردار روونی بکاتەوە مەبەستی لە تالاّنکار و کاولکەرو مرۆڤ فرۆشان کێیە؟ لە نێوان قشونی خەلیفە و قشونی خورەمیاندا کە مرۆڤەکانیان لەنێو زەلکاوی فەلاکەتدا هاویشتوە چ جیاوازییەك هەیە؟ هەردوو قشون خوێن دەرێژن، هەردوو قشون شار و دێهات و هۆبەکان وێران دەکەن، هەر دوو قشون ئەشك و پەشێوی و مەینەتییان بۆ مرۆڤەکان بەدیاری هێناوە. مەئمونی خەلیفە دەیەوێ لەژێر پەردەی ئیسلامدا فەرمانڕەوایی خۆی مەحکەم بکا و ئێوەش لەژێر پەردەی ئاینی مەزدەکدا فەرمانڕەوایی خۆتان بەرپا بکەن.

کاتێك ئەلکەندی قسەکانی خۆی کۆتایی پێهێنا، بابەك بەحالێکی رەنجاوەوە هەستایە پێ:

– ئایا زانای گەورە لە نێوان جەنگێك کە بۆ پایە پەرستی و دامرکاندنەوەی ئاگری هەوەس و خۆ خوازییە و جەنگێك کە بۆ بەرگری لە ئابڕووی بەشەری و ژیان بە ئازادی لەسەر زەوینی دایك بێ، جیاوازییەك دانانێ؟...

دەشێ چ بکرێ کاتێك زانایەکی گەورەی وەك ئێوە ئێمە بەجەنگ فرۆش و داژداری کوشت و کوشتار دەزانێ؟ من دەتوانم پەی بەوە بەرم کە دوژمنانی ئێمە چەندیان هەولّداوە و چەندیان سەرمایە خەرجکردووە تا بیروڕاکان دژی ئێمە بهاروژێنن. ئەوان نامەردانە ، وایان بلاّوکردۆتەوە کە ئێمە خۆشی لە کوشتن دەکەین. بەلاّم بازاڕی درۆو فێلّبازی تاسەر نییە. بۆ هەتا هەتایە ناتوانرێ خەلّك فریو بدرێن. سەرکەوتنی کۆتایی بۆ ڕاستی و ڕووناکییە و ئەم سەرکەوتنەش بە دەستی مرۆڤەکانە. هەموو کەسێك ئەرکی سەرشانیەتی تا ساتی مردن لەگەلّ درۆدا ململانێ بکا. بە ڕەواندنەوەی درۆ لە جیهاندا، حکوومەتی ڕاستی لە جیهاندا دەستپێدەکا. لەهەمان رۆژ هەموو پیسییەکان، جەنگ و کوشتار و ستەم و ڕوتاندنەوە دەستی لێ هەلّدەگیرێ و ڕووناکی و ڕاستی سەرتاپا دادەگرێ و سەرفرازی و خۆشبەختی هەمووان دابین دەبێ.

– بەهیوای هاتنی ئەو رۆژە.

– بۆ هاتنی رۆژێکی ئاواو هاتنە دی ئامانجێکی ئاوا باش ، دەبێ لەگەلّ درۆ و پیسییەکاندا بجەنگین. چیرۆکێکی سەیرە، بۆ نابووت کردنی جەنگ دەبێ بجەنگین. لە حالێکدا کە نەفرەتت

لەڕەنگی خوێن دێتەوە و کوشتن بەخراپترین جۆری مامەڵەکردن دەزانی، دەبێ بکوژێت. کوشتن بەسەر تۆدا سەپێنراوە. ئەگەر تۆ نەکوژیت، ئەوا دەکوژرێی و شەرەف و ناموست پێشێل دەکرێ. دوژمن هێرشی هێناوە یان ئەوەتا دەبێ بجەنگی یا خود ئەوەتا مل بۆ تەسلیم بوون دانەوێنی و مل دانیش بۆ تەسلیم بوون، مانای قبوولکردنی نابووت بوونی خۆ، ئێمەش نامانەوێ نابووت ببین.

- ئەگەر هەڵە نەبم ئێوە جەنگ وەك پێویستی یەك دەژمێرن.
- بەڵێ پێویستییەك لەبەرتیشکی خوێناویترین تاقیکردنەوەدا دەرکمان پێکردوە و ئێستا ئێمە بەوە گەیشتووین کە دەسەڵاتداران بەهیچ ڕەنگێك نایانەوێ دەست هەڵبگرن. تا ئەو جێگایە کە دەستی دەستدرێژ یکارانەیان پێ ڕادەگا دەدزن و تا ئەو جێگایە کە پێی ستەمیان پێی دەگا، پتر پێ درێژ دەکەن. هەر نارەزایەتییەکی ئوسوڵی هەر لە گەرووی دا بەناوی یاخی بوون دەخنکێنن و هەر داواکارییەکی ویژدانانەش بە تۆمەتی ڕەت کردنەوە و بەدئاینی وکوفر، بە مەحکووم و ڕەتکراوە دەژمێرن و بەو پێودانە بوو کە داخوازییە ڕەواکانی مەزدەکی بێزار لە خوێن ڕێژی وەبن شەپۆلی خوێن کەوت. فەیلەسوف لەبەرامبەر مۆژەی شیکەرەوەی بابەکدا خۆی بە بچووك دەبینی، ((بەڕاست ئەم پیاوە چیاییە چ هەڵکەوتەیەکە؟!))
- مەزدەکییەکان کە بەمشتەکۆڵە و سینەی ئاوەڵاوە لەبەرامبەر هێزە جەنگ دیتووەکانی ساسانیاندا هاتبوونە مەیدان، بۆ چەندەمین جار ئەو هەقیقەتە لەنکوڵی کردن نەهاتووەیان سەلماندەوە کە ناتوانرێ بەپەند و ئامۆژگاری وا لەبەرژەوەند پەرستان بکرێ دەست لەڕوتاندنەوە هەڵبگرن یان خۆیان بەدەستەوە بدەن. ئێمە بەوە گەیشتووین کە وەڵامی شمشێر جگە لە شمشێربەهیچی دیکە نادرێتەوە و بۆپێچانەوەی دام و دەزگای زوڵم و زۆر ، جگە لەپەنا بردن بۆ زەبر و زۆر ، چارەیەکی دیکە بوونی نییە. ئێمە باوەڕمان بە پاکی و پاکیزەیی هەیە. ئێمە باوەڕمان بەڕاستی و چاکەکاری هەیە.. تەلاری فیکری ئێمە لەسەر خۆشەویستی دامەزراوە. بەڵام ئەو کاتەی کە دوژمنانی ئێمە لەیەك هێرشی دڕندانەداهەزاران کەس لەخەڵکی بێ دیفاعی ئێمە دەکوژن و دەیان هەزار کەس ڕاپێچدەکەن و بە کۆیلە دەیانفرۆشن ، ئێمە جگە لە شمشێر چی دیکەمان هەیە؟
- یەك شمشێر لەبەرامبەر هەزاران شمشێر دەتوانێ چ بکا؟
- یەك شمشێر نا، هەزاران شمشێر لەبەرامبەر هەزاران شمشێر... دەبێ خەڵك چەکدار بکرێن.
- هۆشیاریش چەکێکە. هۆشیاری لەڕاستی..
- بەڵێ دەبێ هۆشیار بکرێنەوە کە شمشێر بەهۆشیارییەوە بەدەستەوە بگرن. دوژمن باش بناسن. لەو حاڵەتەدا ، لەو شمشێرانەی کە تا ئێستا نیشانیان لە سنگی ئێمە گرتووە دەگۆڕێن..



ئەوە لەڕووی نا هۆشیارییە کە کۆیلەکان و بەندەکان بە فەرمانی مەئمون شمشێرەکانی خۆیان هەڵدەسوڕێنن...

- پێداویستی بە هۆشیارییەك هەیە.
- بەڵێ، هۆشیاریش پێویستی بە شمشێر هەیە...

هێشتا سوورهەڵگەڕان لە ڕوخساری بابەکدا کە دڵ لە ڕەنجانییەوە بوو، دەبینرا، فەیلەسوف کوتی:

- لێم ببورن سەرداری گەورە..

بابەك لەڕەفتاری حساب بۆنەکردووی خۆی، هەستی بە پەشیمانی کرد. قۆڵی فەیلەسووفی گرت، دووبارە ئەوی لەسەر کۆڵکە دانیشاند و خۆشی لەبەرامبەر ئەو دانیشتەوە. زەردەخەنەیەکی نەرم و نیان لە گۆشەی لێوەکانی وەدیارکەوت و بە ئاوازێکی ئاشتی ئامێزەوە کوتی:

ئەگەر (جاحیز) لێرە بوایە نوکتەیەکی لەبارەی ئێمەوە دەکوت. بەهەرحاڵ یادەوەری زویر بەشەڕابی موغان کەف و کوڵی لەسەردا دادەمرکێتەوە...

بابەك، دارە نیوە سوتاوەکانی کە دووکەڵیان دەکرد، ژێروژور کردوو ئاگردانی خۆش کرد. کۆڵکە دارێکی سوتاو شەقی برد و پریشکە ئاگری بە دەور و پشتدا بڵاوکردەوە. لەو کاتەدا فەیلەسووف لەجێ ی خۆی هەستا، توورەگەکەی کردەوە و چەند بەرگ کتێبی لێهێنانە دەرەوە و بەتاسەوە لەبەر دەستی بابەکی داناو کوتی:

- سەرداری گەورە، دیاری شوان یا پنگە یا هاڵەکۆك و ئاواتی گەورەی زانستخوازیش کتێبە. ئەم کتێبانەم بەناونیشانی یادگاری شەوێکی لەیاد نەچوو لێوەربگرە.

لەنێو کتێبەکاندا کتێبێکی بەرگ ڕەش ، نیگای بابەکی ڕاکێشا. کتێبەکەی هەڵگرت و پەڕەکانی هەڵدانەوە. فەیلەسووف کوتی:

- ئەمە گەنجینەی دانایی حەکیمەکانی هیندستانە کلیلە و دیمنە.
- ناوەکەی لە لام ئاشنایە.
- بەلێڕوانینی من لەشانامەکان بەنرخ ترە بەعەرەبیش وەرگێڕدراوە.
- بەلێڕوانینی من ئەم کتێبانە بەنرخ ترین گەنجینەن.

ئینجا کلیلە و دیمنەی هەڵگرت و پەڕەکانی لێککردنەوە:

- خۆزگە ئەم کتێبانە بەزمانی خەڵکی ئەم سەرزەوینە وەردەگێردران.

فەیلەسوف بە حەپەساوی پرسی:

- ئایا دەتوانی ئەمە بخوێنیتەوە؟
- من زمانی عەرەبی دەزانم. لەگەڵ زمانی ئەرمەنیشدا ئاشنایەتیم هەیە. بەداخەوە هێرشی خەلیفە بۆ سەرزەوینیئێمە نەهەر تەنیا مەزراکانی ئێمەی تێکدا ، بەڵکو دەیەوێ ئاداب و فەرهەنگ و زمانی ئێمەش نابووت بکا.

ئەلکەندی پرسی:

- کێ گوناهبارە؟ خۆتان یان عەرەب؟ بابەك بەئاخ هەڵکیشانەوە سەرێکی ڕاوەشاند:
- ماسیانی گەورە، ژیان بەماسیانی بچووك تاڵدەکەن. لەقەڵەمڕەوی خەلافەتدا، تەنانەت سەگەکانی شوانیش ناچارن بەئاهەنگی سەگەکانی دەرباری بەغدا پاسەوانی بکەن. بەلاّم بەلێڕوانینی من هەموو میللەتێك دەبێ مافی پارێزگاری لەزمان و ڕێ و ڕەسم و باوەڕەکانی خۆی هەبێت...

... کوت و بێژ لە بارەگا بەردەوام بوو. قسە قسەی دەهێنا و باش بەفری دەهێنا. هیچیان ئاگایان لەوەخت نەبوو. فەیلەسوف بەلێنی بەبابەك دا کەپاش گەڕانەوە لە چین کتێبی بۆ بنێرێ بە تایبەتیش کتێبەکانی خۆی.

ئیتر خەو بە سەرچاوەکانی فەیلەسوفدا زاڵببوو. پاسەوانان لە سوچێکی ئەشکەوت، جێگایەکیان بۆ فەیلەسوف چاککرد. بابەك کوتی:

- وا دێتە بەرچاو خەوتان دێ. جێگای نوستنتان ئامادەیە. لێرە جێگا خەوی گرانبەهایکۆشکی زێڕین دەستناکەوێ، لێمان دەبوورن کە فەروتان پێدا دەدەین.
- ئەمشەو ،خەوتن لە ترۆپکی چیای هەشتاد سەر فەرامۆش ناکەم.

فەیلەسوفی پیر لەناو نوێنەکەی پالکەوت و بە وەنەوزدانەوە کوتی:

- بەیانی زوو دەبێ وەڕێ بکەوم. ئایا دەکرێ نامەیەکمان بدەیەی تا لە تخوبی ئازەربایجان دەردە سەریمان بۆ دروستنەکەن؟
- چیاکان و دەشتەکانی ئازەربایجان بەر پێی کاروانی زانست ماچدەکەن. دڵنیابن.

دەنگی پرخەی فەیلەسوف بەنێو بارەگادا گەڕا. بابەك داری لە ئاگردان هاویشت. پشکۆ بەدەوروپشتدا بلاّببوونەوە. لەدەرێ ، با، ویزەی دەهات. بابەك بێ ئەوەی جلەکانی دابنێ لەسەر لباد پاڵ کەوت. حەسرەت چنگی لە گیانی گیر کردبوو: ((مخابن کە زریانی جەنگەکان، چرای شارستانێتی و زانست خامۆش دەکا!))



## (٣٤)

## (دوور خستنەوە) بۆ هەشتاد سەر

*هەر کەسێك خیانەت بکا*
*پشتی بۆ لێپرسینەوە*
*ئامادە بکا.*
*سەعدی*

سێبەری بەدگومانی بەسەرکۆشکی زێڕین دا قورس دەبوو. هەمووان لەیەکتری دەترسان و بەرامبەر یەکتری بەدگومان بوون. مەئمون گیری خوارد بوو و بێچارە مابوو، و لەنێو دەرباردا جگە لە مەراجل خاتونی دایکی ، متمانەی بەکەسی دیکە نەدەکرد. تەنانەت بەرامبەر بە ((پوران)) ی هاوسەریشی بەدگومان بوو، ((من کە باوکی ئەوم خانەنشین کردووە، ئێستا چۆن دەتوانم لە کینەی ئەو بیرم ئاسوودە بێ؟)) لەکاتی نان خواردن ، مەراجل بەپێی نەریتی دەرباری عەباسیان دەیویست یەکەم جار چێشت لێنەر و پوران خواردنەکە بخۆن، ((ئەگەر خیانەتیان کردبێ با لە پێش دا خۆیان ژەهر خواردوو بن.))

کێشمە کێشمەکانی کۆشکی زێڕین لەزەمانی هارون ترسناك تر ببوون لەو زەمانەدا نالێکی لە نێوان زبێدە خاتون و جەعفەری بەرمەکی، لەسەر جێنشینی ئەمین بوو، لە حالێکدا هۆکاری ئەسڵی نالێکیەکانی ئێستا شتێکی دیکە بوو: ئێستا ململانێ لەنێوان بیری ئاینی و سیاسی بوو و دیار نەبوو سەرکەوتوو کێیە و ژێر کەوتوو کێیە. زانایانی ((بەیت ئەل حیکمە)) هەرکامیان داژداری یەکێك لەهێزە ناکۆکەکان بوون و دووبارە ناکۆکی و کێشمە کێش درێژەی هەبووو. دیسانەوە وەك سەردەمی هارون زۆر لە گەورەکان هاراوەی ژەهریان لەگەڵ خۆیان

هەڵدەگرت.یەکێك لە گەورەکان لەناکاو بە مردنی ناسروشتی دەمرد. میکایل جندی شاپووری کە پاش مردنی جوبرائیل بەختیشوع بە پلەی سەرەك پزیشکان گەیشتبوو، لە بیری ئەوەدا بوو چۆن خۆی لەم کانگەی فیتنەیە دەرباز بکاو بەخشەکانی کۆشکنشینانی فیتنەساز بەخۆیان ببەخشێتەوە: ((پزیشك، دەبێ نەخۆش ، هەرچەندە دوژمنیش بێ چارە سەر بکا، ئێستا من ناچارم ببمە هاوبەشی جینایەتکاران...))

لە کۆشك، ئەم پروپاگەندەیە بەسەر زاروزمانانەوە بوو کە گوایە دەستەیەك بەتەمان خەلیفە ژەهر خواردوو بکەن. مەراجل خاتون لەمبارەیەوە لە دایکی مێردەکەشی هۆشیار ترو سەختگیرتر بوو. ئەو لەکاتی خۆیدا پیلانەکانی بەتاڵ دەکردنەوە. ئێرانییەکان دەیانویست نیەت پیسی لە گەردنی زبێدە خاتونەوە بئالێنن. بەڵام زبێدەش لەوانە نەبوو بەو ئاسانییەوە کلکی بەتەڵەوە ببێ. ئەو لەو دەمەدا دوور لە کۆشك و لە هاوینە هەواری ((ئەنبار)) ژیانی دەگوزەراند.

ژمارەی دوژمنانی خەلیفە ئەوەندە زۆر بوو کە ناسینی بەرێوەبەرانی ئەسڵیی پیلان لەتوانادا نەبوو. تەنیا پێشبینییەکی کە دەکرا ئەوەبوو کە سەرەداوی نهێنی لەبن دەستی خزمەتگوزارانی ئاینیدا بێت. لەداو خستنی ئەمانەش دیسانەوە کارێکی دژوار بوو. مەئمون ناچار بوو ئەو کەسانەی کە بەدگومانی لێدەکردن، بە بیانووی ئەوەی ((جیهادی پیرۆز پێویستیبەهاوکاری هەیە)) لەدەربار دووربخاتەوە. دەستەیەکی بۆ سەر سنووری بێزانت و دەستەیەکی دیکەی بۆ هەشتاد سەر دوور خستەوە.

مەئمون، میکائیل ومەسرور و شێخ ئیسماعیل قازی بە بیانووی جیهاد، بەڵام لەواقیعدا بە هۆکاری بەدگومانییەوە ڕەوانەی ئازەربایجان کرد. خزمەتگوزارانی کۆشکی زێرین نەیاندەتوانی گلەییان لەبەختی خۆیان نەبێت...

هەوەڵی بەهارێ بوو کە ئەوانە گەیشتنە هەشتاد سەر. زستان ، لەبەرامبەر خۆری بەهار هەمووی توانای خۆی لەدەستدابوو و شتێکی لەژێر ڕکێفدانەمابوو لە بەفرێك کە وەکو شەداو بەسەر نێو چاوانی ترۆپکی چیاوە مابۆوە. بناری هەشتاد سەر لەژێر هەشتا ڕەنگ گوڵ، لە جوانیدا نقووم بووبوو. ڕەنگ و جوانی و گوڵاو بەیەکەوە تێکەڵ بووبوون. لەژێر چاو و پێی میوانانی هێرشبەردا بڵاو ببوون. ئەمە بەهارێکی دیکە بوو، هەر بستێك لەبنارەکان بەرەنگێك خۆی دەنواند. هەندێك جێ زەوی بەربڵاو بە گوڵاڵە سوورەی کێوی یەکپارچە سوور داپۆشرابوو. سوور سوور هەروەکو بەیداخی بابەك. تەڕو پاراوییەکی ئاوا لەپاش زستانێکی ئاوا سەخت و بەفراویدا، لەموجیزە دەچوو. لەهەر کەلێنێکدا هاژەی هەڵڕژانی ئاو دەکەوتە بەرگوێ. ئاوەکان کە پێك دەگەیشتن، لێشاوێکیان پێکدەهێنا و هاژەیان دروستدەکرد.



لەئوردووی دوژمن- لە رۆژئاوای هەشتاد سەر خێوەتی سپی بەرینایییەکی یەکجار زۆری داپۆشی بوو. بەیداخ بەسەر بەرزایی خێوەتەکانەوە بەهەڵکردنی با دەجووڵانەوە. سەربازانی خەلیفە کە پاش شکانی تەشقی سەرما گیانێکی تازەیان وەبەردا هاتبوو، خۆیان بۆ جەنگ ئامادە دەکرد. ئەو سەربازانە کە زۆربەیان خەڵکی سەحراو گەرمە سێر بوون هەرگیز دوچاری زستانی ئاوا سەخت و بەردەلانی تیژ و ڕەق نەبوو بوون. لەترسی زستانێکی دیکە پێداگرییان دەکرد: ((ئێمە ڕەوانەی جەنگ بکەن تا سەری ئەو کافرانە بە بەرد لێ بکەینەوە!))

بەڵام هەل و مەرج لە قەلاً، قەیراناوی بوو ئەو میرانەی کە بەڵێنیان بەبابەك دابوو هێزی بۆ ڕەوانبکەن، بەرامبەر بەڵێنەکەی خۆیان وەفادار نەبوون ئەگەر نا بابەك لەهەمان ڕۆژانی سەختی زستاندا کاری یەکلایی کردبۆوە. ئێستا جەنگی چارەنووسساز بۆساڵێکی دیکە ، یان ساڵانی داهاتوو مابۆوە.

((محەمەد کوڕی حەمید)) — سەرداری خەلیفە بەسەر پێی خۆیەوە ڕانەدەوەستا. ئەو بەتایبەتی پاش دەسگیرکردنی سەدەقەی کوری عەلی، ئیدی بەندەی خوا نەبوو. سەدەقە لەسەردارانی مەئمون بوو کە ڕێگای یاخیبوونی گرتبوو لە ئەسفەهان دەستی دابووە سەرەڕۆیی ، و لەگەڵ بابەك پەیوەندی دامەزراندبوو. محەمەد بەفەرمانی مەئمون، لەشکری بردە سەر ئەسفەهان و سەرەنجام سەدەقەی دەسگیر کرد و بەباڵ بەستراوی ڕەوانەی لای مەئمونی کرد. مەئمون لەپاداشی ئەو خزمەتە باشەدا فەرمانڕەوایی مەراغە و قەزوینی بە محەمەد بەخشی بوو و قوچەکی کلاوەکەی گەیاند بووە ئاسمان. محەمەد کە سەرمەستی بادەی ئەو یەکەمین سەرکەوتنەی بوو، ئێستا دوژمنی سەرسەختی خۆی — زستان- ی تێپەڕاندبوو، دەیکوت: ((دەبێ مژدەی دیارییەکی گەورە بەخەلیفە بدەم! دەبێ سەری بابەك بەزوویی لە ژێر پێی خەلیفە دابێ.)) بانگەشەی محەمەد گەورە بوو. مەئمون بەڵێنی بەوی دابوو کە ئەگەر بز وێران بکاو بابەك بگرێ، سەراسەری ئازەربایجان موڵکی ئەو دەبێ. محەمەد هەر کە چاوی لێکدەنا حکومەتی ئازەربایجانی لەخەودا دەبینی. خەیاڵی سامان و دەسەڵات ئارام و ئۆقرەی لێ بریبوو. تۆپەڵی قژی پەرژوبڵاوی — هەروەکو قژی دەروێشان — لەژێر کلاو خوودەی پۆڵاینیدا هاتبووە دەرێ. لووتی خواروخێچی لە ڕوخساری گوشتن و ترسناکیدا، بەچاودا دەچەقی. سەری سمێڵە پڕو ئەستوورەکانی تا بنا گوێ دەهات. لەچاوە ڕەشەکانی ژێر برۆکانییەوە کە پێکەوە نوسابوون ئاگری تۆڵە ستاندنەوە هەڵدەستا.

نیشانەکانی ئەویان بەجۆرێك بە بابەك کوتبوو کە ئەگەر لەگەڵیدا ڕووبەڕوو ببوایە، دەسبەجێ دەیناسی.

پەرێشانی و نیگەرانی محەمەد ڕادە و سنووری نەبوو. ئەستێرە ناسان و گەردوون ناسان، مەریخیان بەڕەنگی خوێن دەدی. لە کتێبی ((شانامەکان)) یشدا شتێك کە مایەی ئومێدیئەو بێ ، دیار نەبوو. سەرباری ئەمانە، پایە پەرستی چاوی محەمەدی کوێر و گوێکانی کەڕ کردبوو.

مەئمونیش هیوایەکی زۆری بە جەنگی هەشتاد سەر هەبوو. محەمەد لەهاتنی شێخ ئیسماعیل زیاتر خۆشحاڵ بوو وەك لەهاتنی میکایل و مەسرور. ئەو پێویستی بە پشتیوانێکی دەست ڕۆیشتوو هەبووو کە لەنێو سەربازانی قشوندا ئیمان و ئومێد بجولێنێ. چەند ڕۆژ بوو کە محەمەد لەگەڵ شێخ ئیسماعیل لە ئوردوگاکاندا دەگەڕا و شێخ جەنگاوەرانی بۆ جەنگ هان دەدا. داگیرکاران لەسەرداری خەلیفە زیاتر متمانەیان بەو هەبووو.

چاوە ورد و درەوشاوەکانی پیرەمێرد وەك جیوە دەدرەوشانەوە. دەنکەکانی تەزبیحە گران بەهاکەی یەکە یەکە بەنێو قامکە ڕەق و دەمارە دەرپەیوەکانیدا، تێك دەپەڕاند...

شێخ ئەوەندەی وەعز دادابوو کە دەنگە گڕەکەی گیرابوو. جەنگاوەرانی محەمەد، لەهەر جێیەك ئەویان دەدی لەنێوان خۆیان دەگرت و ئەو بەهێمنی و ئارامییەوە دەیکوت:

- برایانی دینیم، شەیتانانی لەبابەتی ئەلکەندی کە دەستی لەگەڵ ((موعتەزیلە)) و زەندیقاندا تێکەڵاو کردووە، لەهەوڵی ئەوەدان تا نێوانی خەلیفە و زانایانی ئیسلام تێکبدەن. ئێوە دەزانن کە مەئمونی خەلیفە پێغەمبەری خوایە و بەندەی نزیکی دەرگای خوایە. ئێوە موسڵمانان دەبێ ملکەچی فەرمانەکانی ئەوبن. ملکەچ بوون بۆ خەلیفە ملکەچییە بۆ خواو پێغەمبەری خوا. ئەگەر کارامەیی خەلیفە نەبوایە، زەریقی دۆستی بابەك یەك کەسی لەلایەنگرانی بەغداد بەزیندوویی نەدەهێشت. ئەگەر مەئمون نەبوایە ئێستا بابەك چاوی لەخوراسان بڕی بوو...

شێخ ئیسماعیل لەلایەکەوە لەبارەی خەلیفەوە قسەی جوانی دەکرد تا بەگوێی خەلیفە بگاتەوە و لەلایەکی ترەوە ئەرکی خۆی لەبەرامبەر میوانداریی محەمەد کوڕی حەمید بەجێ دەهێنا.

- کوڕەکانم! لەکاروباردا پەلە مەکەن. پەلە کردن کاری شەیتانە و ئارام گرتنیش کلیلی ئاسودەیی و سەرکەوتنە... بەڵام ئەوەش بزانن کە بەدواخستنی کاری خێر گونجاو نییە. بەشداربوون لەو شەڕەدا عەینی بەختیارییە و کوژران لەو ڕێیەدا شەهادەتە... مەئمونی خەلیفە —سێبەری لوتفی خودایی بەسەر سەریەوە بەردەوام بێ- لەئازایەتی سەرداری خۆی، محەمەد کوڕی حەمید — خوا لەژێر باڵی خۆی بگرێ- سەری سوڕماوە- محەمەد سەردارێکە هۆشیارو بە تەگبیر! و لەژێر سێبەری فەرمانەکانی خوادا دەتوانێ قەڵای بز کە هێلانەی ئەو گورگە چیاییەیە، تێکبدا.



بۆ ئێوە شانازییەکی گەورەیە کە لەژێر فەرمانی سەردارێکی ئاوا قارەماندا شمشێر دەوەشێنن. لەو ڕێیەدا هەنگاوێك بۆ دواوە نەنێن کامەرانی دنیا و ئاخیرەتیش هەر بۆ ئێوەیە...

شێخ ئیسماعیل هەرچی زیاتر قسەی دەکرد، محەمەدی کوڕی حەمید خۆشحاڵ تر دەبوو. چونکە دەیزانی قسەکانی شێخ ئیسماعیل لە شمشێرەکەی ئەو کاراترە و هەر وشەیەکی وەك تیر لە ئامانجی خۆی دەدا.

شێخ قسەکانی درێژە پێدا:

- برایان! بابەك خوێنی حەڵاڵە و کوشتنی وی واجیبە. گومانم نییە کە بەلوتفی خواوەند ئێوە قەڵای بز دەگرن و خوڕەمی لەلاپەڕەی ڕۆژگار دەپێچنەوە لەو حاڵەدا ئەوەندە دەسکەوت و پێداویستی بەدەستدەهێنن کە لە زەبوونی و هەژاری و نەداری ڕزگارتان بێ. بەپێویستی دەزانم ئەوەشتان وەبیر بهێنمەوە کە دەسکەوتەکان بەپێی حوکمی شەرع بەجۆرێك دابەشبکەن کە نیفاق نەکەوێتە نێوانتانەوە و ڕەزامەندی خوا بەدەست بهێنن...

پاش شێخ ئیسماعیل، محەمەد دەهاتە پێشەوە:

- قارەمانانی من! خواوەند هەمیشە ئێمە سەردەخات. ئێوە دەبێ وەکو عەنتەر ناوبانگی شمشێری دیمەشقی و سەمسامە بەجیهاندا بڵاو بکەنەوە. چاپووکی ئەسپانی خۆش ڕەوی عەرەبی دەبێ چاوی دوژمنانی ئێمە کوێر بکا. هەر وشەیەك لە وەعزەکانی شێخی گەورە وەك گەوهەرێك بەگوێی خۆتاندا هەڵبواسن. بزانن کاری ئێمە جیهادە. ئێمە دەبێ قەڵای بز لەگەڵ خاکدا یەکسان بکەین.

ئینجا محەمەد شمشێرەکەی هەڵدەکێشێ و دەیباتە سەری سەری، شیعرێك کە لەسەر شمشێرەکەی هەڵکەندرابوو وەك سروودێك دەخوێندەوە:

کوای، لە کوێیە ئەی شمشێری دیمەشقی؟
چۆنە کە دوژمن پارچە پارچە ناکەی؟
جامی دڵم لە شەڕابی کینە لێوان لێوە
کینە دەرخە ئەی تیغی پۆلایین!
بێڵە با وەکو ئەستێرە بت درەوشێنمەوە
سبەی کە ڕۆژی سەرکەوتنە، ماچ بارانت دەکەن!

جەنگاوەران دەهاتنە جۆش و خرۆش و هەمووان یەك دەنگ سروودەکەیان دەکوتەوە. ئەوان ئێستا وایان دەبینی کە بەسەر دوژمندا سەرکەوتوون و هەموو جێیەك بەخوێنی دوژمن سوور بووە.

خۆری بەهاران لەکوێستانان لە هەموو جێگایەکی دیکە جوانترە. ئەوکاتەی لەپشتی هەورانەوە دێتە دەرێ و تاوێك پاشتر وەکو کچی شەرمن سەری بەنێو ڕەشماڵی هەوراندا دەکا، تابلۆیەکی بێ هاوتای جوانییە.

پەڵەی هەوران بەسەر سپیە زارەکانی بنارەکانەوە وەك - تەمێکی- خۆڵەمێشی دەجوولا. بایەك کە لەلای بزەوە هەڵی دەکرد، چیمەن و گیای دەلاواندەوە. نوێژی نیوەڕۆ تەواو بوو بوو. قشون ئامادەی هێرش بوو. فەرماندەکان گوێیان لەسەر زەنگی فەرمانی محەمەد کوڕی حەمید بوو. ئەسپەکان بێ ئارام بوون و سمیان لە زەوی دەکوتا... پیادەکان دەستیان لەسەر قەبزەی شمشێر بوو. دەستەی تیرهاوێژان بەڕیز بەپەنای یەکەوە وەستابوون. کیسەڵەکان ئامادەی هێرش بۆ سەر بز بوون.

چەند دەستەیەك ڕاسپێردرابوون کە لە دووڕییانەکاندا بزمارو بەردی تیژو بڕندە دابنێن. بۆسەگایان دادەناو خەندەقی قوڵیان لێدەداو لەپێش خەندەقەکانەوە تاتە بەردیان دادەناو سەنگەریان ڕاست دەکردنەوە لەو لاشەوە لەبێشەی سەوز، پیاوانی جاسوس کەمەند بەدەست، لەپشت درەختەکانەوە کەمینیان دانابوو.

سەربازانی خەلیفە، لەسەر و بەندی دەسپێکی جەنگدا وەخرۆشان هاتبوون و بەرەو ئەو هەڵۆیانەی کە لەئاسمانی ئوردوگا دەفڕین، تیریان دەهاویشت. هەڵۆکان بەقیڕقیڕ کێشانەوە بۆ پەرپەرۆچکەی ئاسمان بەرز دەبوونەوە و بەرەو لوتکەی هەشتادسەر دەفڕین.

کاری پاسەوانانی شێران، ئەوانەی سەرتا پێیان زرێ بوو، دژوار بوو. ئەوانە وەتەنگ هاتبوون. شێرانی برسی دەیانەنەڕاند و بەرەو سەگەکان هێرشیان دەبرد. شێروانانی بەهێز، پێیان بەزەویدا دەچەقاند، بەهەموو توانایانەوە، زنجیرەکانیان ڕادەکێشاو ڕامیان دەکردن: ((ئارام بگرن، زۆری نەماوە بەگۆشتی ئەو کافرانە سکتان هەڵبئاوسێ!))

قەتارەی کاروانانی چەك کە بەرەو ئوردوگای خەلیفە دەهات، پسانەوەی نەبوو. نەڕەی وشترانی کە لە بەغداد و موسڵ و دیمەشقەوە دەهات لە دەشتەکانی ئازەربایجان پونگاوی دەدایەوە...



## (٣٥)

# کوشتار

ئوردوگای خوڕەمیان لە ڕۆژهەڵاتی هەشتاد سەر بوو. بابەك لە ئوردوگا ئەنجومەنێکی جەنگی پێکهێنابوو.. فەرماندەکانی لەشەڕدا قاڵ بووبوون, ئاگادارییان لەسەر نەخشەکانی محەمەدی کوڕی حەمید هەبووو. قشونی سەد هەزار نەفەری و هەزار شێری پەروەردەکراوی مەئمون ئامادەی هێرش کردنە سەر خوڕەمیان بوون. بابەك لەگەڵ فەرماندەکانی خۆی لە خێوەتی فەرماندەیی دانیشتبوو. هەمووان ، چاویان لە نەخشەی جەنگی کە لەپێش خۆیان دانرابوو، بڕیبوو. هەر کەس هەر چی بەبیری هاتبا دەیکوت. مویەدی گەورەش شولکە هەنار بەدەستەوە لەوێ ئامادەبوو. ئەو داوێنی عەباسوورەکەی لە نێو کەمەر بەندی پەشمینی خۆی هاویشتبوو. لە حاڵێکدا کە شولکە هەناری بەسەر سەری فەرماندەکانەوە ڕادەوەشاند، لە ژێر لێوانەوە وێردی دەخوێندەوەو دوعای بۆ دەکردن. سەرنجی فەرماندەکان لەسەر نەخشەکە بوو. بابەك قۆڵەکانی بەرگری بەوان نیشاندەدا و فەرمانی پێویست دووبارە دەکرانەوە. ((معاویە)) ((عاسم)) ((تەرخان)) ((ئازین)) ((روستەم)) و عیسمەت کوردی وەك پڵینگ کە ئامادەی هەڵمەت بردن بۆ سەر نێچیر بن، بەسەر چیچکانەوە، چاویان لەنەخشەو ڕوونکردنەوەکانی بابەك بڕی بوو، ((ئێمە ڕێگا بەقشونی تالانکەری مەئمون بۆ بز نادەین! دەمرین بەلاّم یەك هەنگاو بۆ دواوە نانێیین!))

بەدرێژایی ڕاوێژ گۆڕینەوە ، بیروڕای جۆربەجۆر دەردەبڕدران. بابەك پێشنیارە دروستەکانی قبوولدەکرد، ئەو لە ئەنجومەنی جەنگ قسەی کەسی نەدەبڕی و داوای لەیەك بەیەکی فەرماندەکان دەکرد تا سەرنجی خۆیان بڵێن. هەمووان بەڕێکەوتن بەو نەخشەیە گەیشتن کە ئازین بەخۆی و سوارانییەوە لە بێشەکەی پشت گردی بەردینەوە کەمین لێبداو سوارانی عیسمەت ڕێگا لەو سوارانەی کە لە گردی بەردینەوە تێدەپەڕن، بگرن و لەکاتی شەڕدا جەنگاوەرانی عیسمەت بەئەنقەست پاشەکشێ بکەن و بەخێرایی بەرەو بز هەڵبێن. کاتێك سوارانی دوژمن دەکەونە دوای سوارانی عیسمەت، جەنگاوەرانی ئازین لە کەمینگای خۆیانەوە

بێنە دەرێ و لە پشتەوە هێرش بکەنە سەر دوژمن و گەمارۆیان بدەن. لەو دەمەشدا عیسمەت بگەڕێتەوە و دژە هێرش دەستپێبکا. تیر هاوێژانی محەمەد کوڕی بەعیس ئەوانیش پشتیوانی سوپابن و لەتەواوی ئەو قۆناغانەشدا هەمووان گوێ ڕایەڵی فەرمانی بابەك بن.

بابەك بەجەغدکردنەوە وەبیری هێنانەوە کە تا دەتوانن زیان کەمتر بدەن. ولە کۆتاییدا کوتی:

– چۆنایەتی مەئمون لەبیرمەکەن. ئەو دەتوانێ لەبەرەی شەڕدا یاری شەترەنج لەگەڵ ئێمەدا بکا. من بۆ خۆم هێندە ترسم لە محەمەدیکوڕی حەمید نییە. بەڵام مەئمون، ئەوی ، بە ، ڕێنوێنی خۆیەوە بۆ ئێرە ڕەوانە کردووە، لە فێلبازی و داوانەوەدا ئیبلیسێکە بۆ خۆی. لەم ڕووەوە هەروەکو مەیدانی شەترەنج، هیچ جۆرە جووڵانەوەیەك لەبەرچاو بەدوور مەگرن. دەرەتانی زۆری ئەوە هەیە کە دووبارە چاو خشاندنەوە بەنەخشەکانی خۆماندا بکەین...

ئەنجوومەنی جەنگ کۆتایی پێهات. موپەد، سوراحی لە سوچی خێوەتەکە هەڵگرت، لە جامێکی گەورەی گڵینەدا هومی تێکرد و یەکەم جار دایە دەستی بابەك و کوتی:

– نۆشی کە سەردار! ئاهورامەزدای گەورە بازووەکانت بەهێز بکا! روحی شەروین لە گەڵت بێ و ئاگادارت بێت!

فەرماندەکانیش کەیەك شەویان بۆ جەنگێکی خوێناوی مابوو، هومیان خواردەوە.

پێش دەستپێکردنی جەنگ ، مەراسیمێك لە ئوردوگای خوڕەمیان بەڕێوە چوو... موپەد، لەپێش دەمی بابەك ، ئەوتیرەی کە دەبوایە هەوەڵین جار بهاوێژرێ، بەئاوی پیرۆز شۆردییەوە و چەند دڵۆپێکی لەهەمان ئاوی پیرۆز بەسەر ئەو بەیداخە سوورە کە لەپێشی پێشەوەی لەشکر هەڵدەگیرا، پرژاند — ئەمە نەریتی خوڕەمیان بوو. ئەو ئاگردانە سەفەرییەش کە قەرار بوو لەگەڵ یەکەمین دەستەی هێرشبەراندا بێ موپەد بەدەستی خۆی دای گیرساند. بابەك هەموو فەرماندەکانی بۆ سەر ئاگردان بانگکرد. موپەد، دوعای بەسەردا خوێندن. هەمووان پێکەوەشمشێرەکانیان هەڵکێشا و سوپەرەکان تەق و و هوڕیان لێ هەستا:

– پەروەردگاری گەورە! شمشێرمان تیژ کە!

– شەروینی گەورە یاوەرمان بە.

– سەرداری گەورە، مۆڵەتی نەبەردمان بدە!



خرۆشان هەموو جێ یەکی لە رزاندەوە، شمشێرەکان و قەڵغانەکان و کڵاو خوودەکان بریسکەیان دەدایەوە. موپەد بەردەوام سەری بەسەر ئاورگەدا نەوی دەکرد و دوعای دەخوێند: (٠پەروەردگاری بێ هاوتا یاریدەمان بدە، ئازادمان بکە ، سەرفرازمان بکە!))

سوپای خوڕەمیان وەك شەپۆل دەهاتە بەرچاو. لەپێشی پێشەوەی هەمووان بەیداخی سوور دەشەکایەوە. قشونی بەیداخ ڕەشی دوژمنیش لەو خوارەوە وەك شارەمێروو دەجووڵایەوە. ئەوان بناری هەشتاد سەریان وەك جەنگەڵستانێکی دار ئەبەنۆس داپۆشی بوو. لەهەموو جێگایەك شمشێرانی دیمەشق و سەمسامەی بڕندە، بریسکەی دەدا. جەنگاوەرێکی دوژمن ، هەوساری نێرە وشترێکی ڕەشی ڕادەکێشا. سەر پشتی وشترەکە کە ژاوەیەکی بەسەرەوە بوو و لەنێو کەژاوەکەدا کچێکی جوان بەکراس و ڕووبەندێکی ئاوریشمی سپییەوە دانیشبوو... ئەمە نەریتێکی عارەبان بوو.

بابەك بازێکی داو بەسوکی خۆی هەڵدایە سەر پشتی قاراقاشقاو فەرمانیدا شەیپوورەکان لێدەن و بەیداخە سوورەکان بەرز بکەنەوە.

دەنگی شەیپورەکان، جەنگاوەرانی ڕێك و پێك خست. معاویە کە بۆ پلەی فەرماندەیی بەرز ببۆوە، ئاورگەی سەفەری هەڵگرت و لەپێشەوەی قشون کەوتە ڕێ. ئەو بێ دوو دڵی و پەشۆکان، بە لەخۆبایی بوونەوە بەرەو پێشەوە دەچوو. لەنێو دەستی سوارێك کە لەپشتی وییەوە دەڕۆیشت، بەیداخێکیسوور دەشەکایەوە. قەڵغان بەدەستان بۆ پێشەوە دەڕۆیشتن و تیرهاوێژانیش بەدوایانەوە بوون. قشون لە داوێنی گردی بەردین، تاوێك ڕاوەستا، بابەك جڵەوی قاراقاشقای ڕاکیشا و فەرمانی هێرشی ڕاگەیاند:

– هێرش!.. هێرش!... هێرش

– تەپڵەکان دەنگیان دایەوە. لەشکر کەوتە شەپۆلان و وەکو لافاو خرۆشا. پیاوانی عیسمەت کوردی کە سواری ئەسپانی سپی بوون، شمشێری ڕووت بەدەستەوە لە قۆڵی ڕاستەوە بەرەو پێشەوە تاویان دەدا. دووبارە نەعرەتەی بابەك لە گەرویەوە هەستا:

– جەنگاوەرانی سەهل کوڕی سەنبات لە قۆڵی چەپ بەرگرییکەن!

پیاوانی سوارە بەسەر ئەسپانی ڕەشەوە کەوتنە جووڵان.

فەرمانی سەردار دووبارە دەنگی دایەوە:

– محەمەد بەعیس لە ناوەڕاست بەرگری بکا! ئازین لەجێی خۆی پێدا بچەقێنێ!...

جەنگێکی خوێناوی هەڵایسابوو.

سوارانی عیسمەت کوردی لە گردی بەردینەوە سەر بەرەوژێر بوونەوە و هێرش دەستی پێکرد. کاتێك دوژمن زۆری هێنا. کوردان پێ بە پێی نەخشەی پێشوو، لەناکاو جڵەوی ئەسپەکانیان وەرگێڕاو بە ئاراستەی بز پێ یان پێدا تەقاند و هەڵاتن. سوارانی خەلیفە سەریان لەدوانان لەو دەمەدا پیاوانی ئازین لەکەمین هاتنە دەر و دوژمنیان لە گەمارۆ گرت و سوارانی عیسمەت دووبارە گەڕانەوە مەیدانی نەبەرد.

لە هەوەڵین ساتدا هەموو شتێك وەك كە پێش بینی كرابوو، دەچووە پێش. لەناكاو لەناو جەرگەی سوپادا بێتوانایی و شكان كەوتە بەرچاو. فەرماندەیی ناوجەرگەی سوپا بەعۆدەی محەمەد بەعیس بوو. ئەو لەو دواییانەدا توانی بووی بە خزمەتی باش و دەرخستنی‌خزمەتگوزاری، دڕدۆنگی بابەك بڕەوێنێتەوە و لەو ساتەدا بەفەرمان و ڕاسپاردە ناكۆك و نارێكەكانی خۆی، بەتەواوی سەری لە جەنگاوەرانی خۆی شێواند بوو...

ناوجەرگەی سوپا درزی تێكەوتبوو و لەشكریانی خەلیفە وەك لافاو لەوێوە دەرژانە ناویەوە سوارانی ئازین شوێنەكەی خۆیان گۆڕی و پێشی ئەوانیان گرت. عیسمەت كوردی ناچار بوو سوارانی خۆی بۆ هێڵی ناوەندی شەڕگە پاشەكشێ پێ بكا. جەنگی مەغلووبە هەڵایسابوو. دوژمن لەڕووی ژمارەوە یەكجار زۆر بوو.

بابەك بە سواری بەسەر پشتی قاراقاشقاوە لەسەر بەرزایی گردێكەوە تەماشای مەیدانی شەڕی كرد. سەربازانی دوژمن دەستیان بەتیر بارانی خوڕەمیان كرد. بەڵام خوڕەمیان پاشەكشەیان نەكرد و بەسەرسەختییەوە پێیان چەقاندبوو.

بابەك ئیدی توانای بیستنی جەنگاوەرانی برینداری نەما. ویستی خۆی بخاتە ناو دەریای لەشكرەوە، بەڵام موپەد بەربەستی لەو كارەی ئەو كرد. یاوەرانی بابەك شمشێر بەدەست ، ئەویان وەك ئەڵقەیەك لەنێو خۆیان گرتبوو.

بابەك جڵەوی ئەسپەكەی ڕاكێشا:

- باوكە! كاتی ڕاوەستان نییە. دەبێ بچمە مەیدان.

هێڵی ناوەڕاستی لەشكر شێوا بوو. بەیداخە ڕەشەكان بۆ پێشەوە دەهاتن.

بابەك دووبارە خرۆشا:

- نا، ناكرێ ڕابوەستین و تەماشای گیان لەدەست دانی یارانمان بكەین.

موپەد لە حاڵێكدا كە جڵەوی ئەسپی بابەكی گرتبوو، دەپاڕایەوە:

- توهەقی پەروەردگار! پەلەمەكە، هێشتا هێزی پاشەكەوتمان هەیە.



لەو دەمەدا عەبدوڵڵا بەتاو هاتە پێشەوە و لەبەرامبەر بابەك لەئەسپ دابەزی:

- سەرداری گەورە! بەردباران پرزەی لە لەشكری سەهل بڕیوە. سپی پۆشانی ئازین ئەوانیش لە جێیەكی خراپ دان. تیرهاوێژانی بەعیس لەخوێندا خەڵتانن! ئایا پاشەكشێ بكەین؟

بابەك بە توڕەیی نەڕاندی:

- لەپشت خۆتانەوە، ناموستان ، دایكتان، خوشكەكانتان و ژنەكانتانن! دەتەوێ پێ لەناموسی خۆمان بنێین؟! بەهیچ جۆرێك نابێ پاشەكشێ بكرێ. ئاخرین نەبەردی ئێمە ئەڵێرەیە. و بەدەستیشی مەیدانی بەونیشاندا:

- بۆ پێشەوە!

عەبدوڵڵا بێ دواكەوتن، خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەكەی و بە تاودان بەرەو مەیدان ڕۆیشت.

تاوێك پاش ڕۆیشتنی عەبدوڵڵا، معاویە هات. دەمیر ، حیلەیەكی كێشا و سمی لەزەوی كوتا. معاویە لەخوێن شەلاڵ ببوو. بەڵام هیچ بەسەرخۆی نەدەهێنا. معاویە سەرێكی خوێناوی كە لەنێو دەستی دابوو، فڕێی دایە بن پێی قاراقاشقاو بە خرۆشانەوە كوتی:

- سەرداری گەورە! سەری عەبدوڵڵا كوڕی موبارەك لەژێرپێتان بێ! هەرچی كە دەتەوێ لە ڕوداوی بەدیل گرتنی خوشكان و دایكانمان و فرۆشتنیان لە بازاڕی بەغدا، لێی بپرسە. بەڵام حەیف كە وەڵامێك نابیستی! ئەوەیە سزای كردارەكانی، بەنەنگی بێ! ڕووی ڕەش بێ! ئەمەیە ئەو شمشێرەی كە سەری ناموبارەكیم پێ لە لەشی جیاكردەوە!

بابەك بەنەفرەتەوە ددانەكانی لیك دەسو تەماشای سەری بڕاوی كە چاوەكانی بێ جووڵە مابوون، كرد و بەڕق و قینەوە كوتی:

- ئەم سەرە شایانی سەگانە!بازووەكانت خۆش بن معاویە! دوا مەكەوە بگەڕێوە سەر ڕاسپێرییەكەی خۆت.

معاویە بە گورجی بازیدایە سەر دەمیر و لەنێو جەرگەی لەشكردا جەنگێكی خوێناوی هەبووو. چەكە چەكی شمشێران و قەڵغانان دەگەیشتە ئاسمان. تیر لە ئاسمان پێك دەكەوتن.

لەو دەمەدا دەنگی محەمەد كوڕی حەمید دەنگی دایەوە:

- شێرەكان بەرەڵڵا كەن!

هەزار شێری برسی بەرەو خوڕەمیان هێرشیان هێنا. بەربەست کردنی جڵەوی ئەم دڕندە برسیانە کارێکی دژواربوو.

بابەك فەرمانیدا:

- مەشخەڵ دانەکان ئاگردەن و شێرەکان بەتیری بەزەیت چەورکراو تیرباران بکەن.

دوو هەزار مەشخەڵدار بەرەو شێرەکان کەوتنە جووڵان.

بۆنی نەوت و بۆگەنیی هەموو جێیەکی پڕکردبوو. شێرانی جەنگی ئاگریان گرتبوو یەکتریان هەڵدەدڕی.دەیان نەڕاند و بەدەوری خۆیاندا دەسووڕانەوە...

ناوجەرگەی سوپای بابەك تازە درزی تێکەوتبوو سوارانی دوژمن بە هەیاهوکێشان و هەڵهەلە لێدان ، پێشڕەویان دەکرد. محەمەد کوڕی حەمید لە پێش هەموانەوە ئەسپی تاو دەدا ئەو یەکڕاست بەرەو بابەك ئەسپی لینگدەدا...

سوپای خوڕەمی شیرازەی تێکچو بوو. بابەك فەرمانیدا شەیپوورەکان لێدەن و جەنگاوەرانی پەرتو بڵاو دووبارە لە ڕیزی پێشەوە کۆببنەوە. بەڵام شیرازەی لەشکر لێك ترازابوو و جەنگاوەرێکی زۆر لەخوێن کەوتبوون.

ئیدی بواری دواکەوتن نەمابو. بابەك چنگی لە یاڵی قاراقاشقا گیر کردبوو یەکڕاست بەرەو محەمەد لێی خوڕی... یاوەرانیشی بەدوو بابەکدا تاویاندا... پاسەوانانی خەلیفە ڕێگایان بە بابەك گرت. بابەك بەچەپ و ڕاستدا شمشێری دەوەشاند. زۆر لە جەنگاوەران لە ئەسپی ژیان کەوتنە خوارەوە...

سەرەنجام دەوری محەمەد چۆڵ بوو دوو سەردار ڕووبەرووی یەك بوون. دوو شمشێر لێکیان داو حیلەی ئەسپ بناری هەشتاد سەریان لەرزاندەوە. مووی لەشی هەموان ڕاست ببۆوە و بێ ئاگا هەموان چاویان لە نەبەردی چارەنووسسازی سەردارانی خۆیان بڕی. دوو سەردار شەڕیان دەکرد.

ئەسپەکان بەسەر پاشوانەوە بەرز دەبوونەوە و دوو شمشێر بەسەر یەکدا دەکەوتن. لەو گرت و بەردەدا، شێرێك خۆی بۆ قاراقاشقا هەڵدا... بابەك بەیەك زەربە سەری شێرەکەی لەلەشی جیاکردەوە. فیچقەی خوێن، زینی زیوینی سوورکرد. محەمەد هەلی وەگیر هێناو ویستی شمشێری‌دیمەشقی بەسەر سەری بابەکدا دابگرێتە خوارێ، بابەك بێ دواکەوتن قەڵغانی هێنایە پێش. قەڵغان لەناوەڕاستەوە دوو لەت بوو. محەمەد زەربەیەکی دیکەی داگرت. بابەك دەسبەجێ بە شمشێر پێشی پێگرت. لە دوو تیغی شمشێرەکەیانەوە ئاورینگ هەستا. ئەسپەکان



دووبارەهەستانەوە سەر پاشوان و حیلەیان کێشا. بابەك بەیەك تەکانی گورج پێی لەئاوزەنگی ئەسپەکەی هێنایە دەرو بەسەر زینەکەیەوە بەرزبۆوە وپڵینگ ئاسا خۆی هەڵدایە سەر دوژمن. دوو حەریف لەسەر پشتی ئەسپ ئامبازی یەك بوون... سەرداری خەلیفە کە چاوەڕوانی جووڵانەوەیەکی ئاوای لەبابەك نەبوو، تاویستی بێتەوە سەرخۆ، بەزەربەی قورسی مشتەکۆڵەی بابەك کەوتە سەر زەوی و تا ئەو ویستی سەری بسوڕێنێ بابەك شمشێر بەدەست لەسەر سنگی ئەژنۆی دادابوو. ڕەوا نەبوو دەرفەت بە دوژمن بدات، لەیەك چاوتروکاندندا سەری سەرداری عەرەب لە لەشی جیابۆوە.

- کلکت ڕاوەشێنە ئەی سەگی ناکەس! تا خەلیفە ئێسقانت بۆ فڕێبدا!

.. ئەگەر چی هێشتا چەکە چەکی شمشێران هێشتا بەرگوێ دەکەوت ، بەڵام نیشانەکانی تێکشکان لە شەڕگەی دوژمن ئاشکرا بوو. بارودۆخی شەڕ بەیەك جار گۆڕابوو. خوڕەمیان بە هەڵهەلە و هەیاهوو کێشانەوە دەستیان بەهێرش کرد. نەڕەی بابەك دەشت و دەری دەلەرزاندەوە.

- تیر هاوێژانی ڕۆستەم بۆ قۆڵی ڕاست!! سوپای معاویە پیشڕەوی دەستپێبکا!

ناوەڕاستی لەشکر بە عەبدوڵڵا بسپێرن! تیر هاوێژانی سالم لەیەدەگدا بمێننەوە. سوارانی ئازین و عیسمەت نەچنە ناو نەبەردەوە.

قشونی خەلیفە کە بێ سەردار مابوو، لەبەرامبەر خوڕەمیاندا توانای بەرهەڵستییان نەمابوو ناچار پاشەکشەیان کرد. جەنگاوەران لەژێر فەرماندەیی عەبدوڵڵا دا بەشێك لەوانیان لە گەمارۆدا بەگیر هێنابوو.

بابەك خۆی گەیاندە پەنا وشتری کەژاوە بەسەر. کچەکە لەناو کەژاوەدا، ڕووداوی تێکشکانی بەچاوی خۆی دیتبوو، ویستی لە کەژاوەکەوە خۆی فڕێ بداتە خوارێ و خۆی لەناوببا، بەڵام بابەك ئەوی گرت:

- ترست نەبێ! تۆ لە ئامان دای. ئێمە کارێکمان بەسەر ژنانەوە نییە. ئینجا کچەکەی بەیاوەرانی خۆی سپارد و کوتی:

- ئەم مامزە کێوییە ببەنە ژێر خیوەت!

یاوەرانی کچەیان بردە ژێر خیوەت. ئەوان جنێو و سووکایەتییان بۆ سەربازانی خەلیفە دەنارد:

- ناپیاوانە هەڵاتن و پەنایان بۆ ناو داوێنی ژنان بردووە. نەیانتوانی پاسەوانی لەتاکە کچێکیش بکەن!

قشونی خەلیفە ڕووبە بەزین بوو. شێرانی بریندار و ئاگر گرتووش لە حاڵێکدا کە زنجیرەکانی خۆیان بەزەویدا دەدا ، بەدوای خاوەنەکانیاندا هەڵدەهاتن. مەسروری جەلاد و میکایلی پزیشك ئەژنۆیان دەلەرزی. مەسرور دەیکوت: ((سەیری ئەم خەلیفە نەفرەتییە. خوا تاج و تەختی ژێرە و ژوورکات، ئێمەی بۆ کوێ ناردووە؟! دەترسم ببینە خۆراکی شێرانّ)) و میکایلیش دەیکوت: ((خۆزگە جارێکی دیکە بۆ بەغدا دەگەڕامەوە. نا کۆشکی زێڕین ئیتر جێگای من نییە. هەق وایە ببمە پزیشکی پاڵەوانێکی وەك بابەك. ئەگەر دەمتوانی لەم مەرگەساتە گیانم بەسەلامەتی دەرباز بکەم دەچومە لای ئەو. تا دەرفەتێك دێتە پێش...))

مەسرورو میکایل کاتێك هاتنەوە سەر خۆیان شێخ ئیسماعیل بورابوۆوە، ئەو لەگەڵ سەربازانی لەشیرازە دەرچوو ، هەڵاتبوو.

بەیداخە ڕەشەکان لەژێر پێیان کەوتبوون. هەڵێ هاتی سەربازانی هەڵاتووی خەلیفە لە هەشتاد سەر دەنگی دەدایەوە.

- واوەیلاها!
- ئاما ان!...

خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو. تاریکی وادەهات باڵی بەسەر هەموو جێیەکدا دەکێشا. هەورانی سپی لە داوێنی ئاسمان هەروەك مەیدانی جەنگ بەڕەنگی خوێن خۆی دەنواند.

بابەك هەروا دەینەڕاند و خوڕەمیانی بۆ درێژە پێدانی جەنگ هان دەدا:

- بواری هەڵاتن بە دوژمن مەدەن!

ژمارەی ئەسیران لەڕادە زۆر بوو.

... پەیك زاتی ئەوەی نەدەکرد نامەی پەڕسوور کە لە ئازەربایجانەوە بۆ بەغداد هاتبوو، بداتە دەستی مەئمون. کۆشکی زێڕین لەماتەم و شیوەندا نقووم بوو.

کۆتەڵی سوارە بەسەر گومبەزی کۆشکی زێڕینەوە، نێزەی خۆی بە ئاراستەی ئازەربایجان ڕاگرتبوو: کانگەی مەترسی ئازەربایجان بوو. مەترسی لە بابەکەوە بوو...



## (٣٦)

## جێژنی سەدە*

ئیدی کاربەدەستانی تاڵانکەری بەغداد نەیاندەتوانی لە وڵاتی ئاگر شمشێر بازی و سەرەڕۆیی بکەن. هەواڵی سەرکەوتنی ئوردووی بابەك لەسەراسەری قەڵەمڕەوی خەلافەتدا بڵاوببۆوە. لە زۆربەی ویلایەتەکاندا ناڕەزایەتی بەرامبەر بەمەئمون تاوی دەستاند. لەمیسر دووبارە شۆڕشێکی گەورە بەرپا ببوو. میسریان بەسەرکەوتنی بابەك وەخرۆشان هاتبوون و گورزی کاریگەریان لەسەربازانی مەئمون دەسرەواند. بابەك داخی لەوە دەخوارد کە بەهۆی دووری زۆر و مەدای زۆری زەوی و زاری خەلافەت، ناتوانێ لەگەڵ شۆڕشگێرانی میسر پەیوەندی دابمەزرێنێ.

لە سوریاش شۆڕشی پەرت و بڵاو سەریان هەڵدەدا. بڵێسەی شێواوی و ڕاپەرین لە شارەکانی هەمەدان، ئەسفەهان و ماسبەزانیش ناوناوە کڵپەی دەستاند. ناڕەزایانی بەغداد لە تەبەرستان ، ئاران و ئەستەر ئاباد کاربەدەستانی خەلیفەیان بە تیغی شمشێردا دەهێنا. هەل و مەرج لە ئێران ڕۆژ بەرۆژ قەیراناوی تر دەبوو تاهیری کوڕیحسێن —والی خوراسان- هەمان ئەو سەردارەی مەئمون کەسەری ئەمینی بڕی بوو، ئێستا وەك عەبدولرەحمانی دووەم —والی ئەندەلوس — ڕێگای سەرەڕۆیی گرتبووە بەر ئەو — هەروەك پاشایانی ساسانی- دەربارێکی بۆ خۆی ڕازاندبۆوە. لەتەبەرستان، خوراسان، سیستان و ئەفغانستان و وڵاتی ((ماوراء النهر)) کە سەریان لەژێرفەرمانی تاهیر بوو، کەس خەلیفەی بەڕەسمی نەدەناسی پێگەی تاهیر

* جێژنی سەدە: جێژنێکی کۆنی ئێرانیان بووە. ئەم جێژنە لە شەوی (١٠)ی یەکەمی مانگی بەهمەن (بەرامبەر ٣٠ی کانونی یەکەم) وێڕا بە هەڵکردنی ئاگر بە ڕێوە چووە.

لەویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی هەمان پێگەی جەعفەری بەرمەکی وەبیر دەهێنایەوە. مەئمون جگە لەوە کە لەگەڵ ئەودا بەنەرم و نیانی و ڕێز گرتنەوە ڕەفتار بکا، چارەیەکی دیکەی نەبوو. پاش تێکشکانی جەرگبڕی لەگەڵ بابەك ئایا مەئمون دەیتوانی لەگەڵ تاهیردا تێك بگیرێ؟

تاهیر دەیویست خەلیفە و لەشکرییەکانی سەر گەرمی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بابەك بن تا ئەو وڵاتی ئێران یەکسەر لە قەڵەمڕەوی خەلافەت جیابکاتەوە! بەڵام کاتێك کە سەرەڕۆیی تاهیر لە ڕادە تێپەڕی، جامی دان بەخۆداگرتنی مەئمون پڕبو و کەوتە سەر گوێ بادانی و وەلاوەنانی...

هەل و مەرجی بێسەر و بەری خەلافەت، بەدڵی ((تیوفیل)) ئیمپراتۆری بێزانت بوو. ئەو باڵوێزێکی بۆ بز ناردبوو. ئەو پێشنیاری کردبوو کە پەیمانییەکگرتن دژی مەئمون ببەستن. ساڵانێك بو ئەم گفتوگۆیانە بەردەوام بوون.

بابەك نفوزو ناوبانگێکی بەربڵاوی لە قەڵەمڕەوی خەلافەتدا وەدەستهێنابوو. فەرمانڕەوایانی کە خەلیفە بۆ ئازەربایجانی دەناردن، یان بەشمشێری خوڕەمیان دەکوژران، یان ژێر بەژێر کەین و بەینێکیان لەگەڵ بابەك دەبەست. ((عەلی کوڕی هشام))والی ئازەربایجان بە ئاشکرایی دۆستایەتی لەگەڵ بابەك پیشاندەدا. پاش ئەوەی پەیوەندییەکانی ئەو لەگەڵ بابەکدا ئاشکرابوون. مەئمون فەرمانیدا سەری لە لەشی جیابکەنەوە و مۆمیای بکەن و بە هەموو ویلایەتەکانیدا بگێڕن: ((ئەمەیە چارەنوسی هەرکەسێك کە ناپاکی لە خەلیفە بکاو دۆستایەتی لەگەڵ بابەکی خوڕەمیدا بکا!)).

جاسووسانی خەلیفە هێشتا هەر بەدوای میکایل پزیشکی ((دار ئەل خەلافە))دا دەگەڕان. بەڵام دۆزینەوەی وی کارێکی ئەستەم بوو. میکایل لەکاتی وەگیرهاتنوو هەڵاتنی لەشکرییانی خەلیفە، خۆی گەیاندبووە ئوردوگای بابەك و ئێستا پزیشك و یاوەری سەرداری خوڕەمیان بوو.

مەئمون هەر کاتێك ئەوی وەبیر خۆی دەهێنایەوە، دەیکوت، ((لەقەڵەمڕەوی مەدا پزیشك کەم نین. بەڵام ئەو خاچ پەرستە نهێنی گەلی زۆری لەبەردەست دا بوو.))

خەلیفە لە دەور و پشتی خۆشی دەترساو دەیکوت: ((هەزار دۆست کەمەو یەك دوژمن زۆرە)). ئەو نەیدەویست هیچی تر زەوینە بۆ ناڕەزایەتی پیاوانی ئاینی پێکبهێنێ وبە شێینەیی لە زەندیق و موعتەزیلە و سۆفیەت، دوور دەکەوتەوە. هەروەها بایەخێکی ئەوتۆی بە ئەلکەندی نەدەدا.



لەشکری بابەك پاش جەنگی هەشتاد سەر شاری هەمەدانیشی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. دەتکوت کەمەری خەلافەت شکابوو. بەغداد ، کەوتبووە ژێر هەڕەشەوە. گەورە پیاوانی شار ئارامیان لێبڕابوو ،((بابەکی خوڕەمی کافر شەوێك هێرش دەهێنێ و هەمووومان فڕێدەداتە ناو دیجلەوە! پێویستە خەلیفەی موسڵمانان، جارێ پێش بەجڵەوی ئەو بەڵایە بگرێ.))

میرانی ئێرانی هەمدیسانەوە درێژەیان بە یارییەکانی پێشووی خۆیان دەدا. ئەوان بابەکیان هاندەدا هێرش بکاتە سەر بەغداد و کاری خەلیفە یەکلا بکاتەوە. بەڵام بابەك لەمەرامی ئەوان بەئاگا بوو. جەعفەری بەرمەکیش لە زەمانی جاویدان هەمان سیاسەتی پەیڕەو دەکرد. ئەشرافانی ئێرانی حەزیان دەکرد بەزەبری شمشێری بابەك خەلافەتی عەباسی ژێرەو ژوور ببێ و ئەوانیش دووبارە پاشایەتی ساسانی بەرپا بکەنەوە. ئەوان نەیاندەتوانی شکۆمەندی و بەرزیی مەداین فەرامۆش بکەن و ئێستا ئەوان وێرانەکانی کۆشکی مەداینیان دەدی، حەزیان دەکرد بەغداش دووچاری هەمان ڕۆژگار ببێتەوە.

بابەك بۆ خۆی پەی بەوە بردبوو کە دێهاتیان و کەسانی بنەچە ئێرانی لە ساتەوەختە دژوارەکاندا هاودەستی لەگەڵ ئەودا ناکەن. هەرچەندە مازیار قارن چەند جار پەیامی ناردبوو و دۆستایەتی لەگەڵ بابەکدا ڕاگەیاند بوو کە ئامادەیە هێزێکی پشتەوانی لە ژێر دەستەڵاتی بابەکدا دابنێ. بەڵام بابەك نەیدەتوانی بە بەڵێنەکانی ئەو پشت گەرم بێ. بابەك باش دەیزانی دانووی ئەو لەگەڵ شازادەیەکدا کە لەخەیاڵی سەڵتەنەت دایە بەیەکەوە ناکوڵێ. بابەك دەیویست حکوومەتێکی خەڵکی دابمەرزێنێ، بەڵام قارن لەبیر نوێ کردنەوەی حکوومەتێکی شاهەنشاهیدا بوو، ((بەناچاری بوونی دوژمنی هاوبەش ، یەك دوو ڕۆژێك ئێمە لەیەك ڕیزو لەپاڵ یەکدا کۆدەکاتەوە، بەڵام ڕێگای ئێمە لەیەکتر جیاوازە و ئێمە ناچار دەبین لەڕووبەرووی یەکتر ڕابوەستین. ئەو چاوی لە کۆشکی پاشایەتییە، من چاوم لەدەستانی بلۆق کردو و نێوچاوانی لە ئارەقدا شەڵاڵ بووی خەڵکییە. ڕووگەی وی کۆشکانی ڕازاوەیە و قیبلەگای من کووخە تاریکەکانی زەحمەتکێشانە. با ئەو ڕێگای خۆی بگرێتە بەر و منیش ڕێگای خۆم.)) بەو پێودانگە بابەك زیاتر لەهەر جێیەك چاوی ئومێدی بەئازەربایجان بوو. لەو سەرزەوینەدا ، پیرولاو چەکیان هەڵگرتووە ولە پشت سەری بابەکەوە ڕاوەستاون. تیوفیل داوای لەبابەك دەکرد بەهەر نرخێك کە بووە، هەمەدان لەژێر دەستەڵاتی خۆیدا بهێڵێتەوە. هەروەها ئەو دەیکوت بەهەر ڕێ و شوێنێك کە دەرەتان هەبێ هاوکاری بە خوڕەمیان دەکا...

لەشکری بابەك لە هەمەدان شەو و ڕۆژ سەرگەرمی قایمەکاری سەربازی بوون. محەمەد کوڕی ڕەوادئەزدی جگە لە بابەك چەکی بۆ کەسی تر دروستنەدەکرد. کاروانی وشترانی شبل شەو و ڕۆژ کەل و پەل و پێداویستی جەنگی بۆسوپای بابەك باردەکرد.

بابەك ئەوەندە سەر گەرمی ڕێکخستن و ئامادە سازی سوپاکەی بوو کە جاری وابوو چەند مانگێك تێدەپەڕی روخساری خێزانەکەی خۆی نەدەدی.ئەو هەواڵی پێگەیشتبوو کە مەئمون لە بیری بەرێ خستنی لەشکرێکی زەبەلاحە بەرەو هەمەدان.

برومەند و کلدانیە و ئازەر ، دڵیان نیگەران بوو. بابەك وەڵامی ناردبوو کە هەوڵدەدا لەگەڵ عەبدوڵڵا و معاویە بێنە بیلال ئاباد تا جێژنی سەدە لەگەڵ خێزانەکەی بێت. بەڵام هەر ئەو ڕۆژانە دەنگ و باسی بابەك لە میرنشینی ((سیسکان)) وە دەهات. فیوداڵەکانی ((سیسکان)) دووبارە دژی ((واساك)) هەستا بوون. میر زەندەقی چووبوو بۆ پاشە کشێ پیکردنی سوپای خەلیفە داوای یارمەتی لە بابەك کردبوو...

برومەند لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ کلدانیە لەبزەوە هاتبووە بیلال ئاباد و بەو باوەڕە کە ((وەجاغی ژیانی کوڕ دەبێ هەمیشە گەرم و داگیرساو بێ)) خوشکەزاکەی خۆی قەرەنفلٚ, هەروەها روحییەشی بۆ گوندەکەی خۆیان هێنا بوو. ئەو دەیکوت بەڕەوای نازانم دووکەڵ لە ماڵی مێردەکەم بەرز نەبێتەوە.

برومەند لەشەوی جێژنی سەدەدا، ئاگرێکی گەورەی لە ئاگردانی ژێر دار تووەکەدا هەڵکردبوو. ئەو درەختە کە لقەکانی لەژێر بەفردا چەمابوونەوە، بیرەوەری زۆری وەبیر دەهێنایەوە. لەگەڵ ئەوەش دا کە بەفر هەموو جێیەکی داپۆشی بوو.، بەڵام کەسێك هەستی بەسەرما نەدەکرد.

مەشخەڵی ئاگر لە هەموو ماڵەکانەوە بلێسەی دەدا و هاواری شادی گوندەکەی پڕ کردبو. لە - میوانسەرا- و کاروانسەرا و دەشتی سوور و دۆڵ هەناریش، خەرمانەی ئاگر دەدرەوشایەوە. منداڵانی کەیفشاد و بێ خەیاڵ، لەسەر بانەکانیشەوە ئاگریان هەڵکردبوو. کوڕان و کچان، پلێتەی ئاگراوی یان بەپێی کۆترانەوە دەبەست و هەڵیان دەفڕاندن. سنگی ئاسمان وەك ئاورگەیەك پڕ لە ئاگرو ڕۆشنایی بوو. لاوەکان بە قۆچەگا زوڕنایان لێدەداو شادییان بەرپا دەکرد. دەنگی تەنبوور و قیسارە لەهەرجێیەکی گوندەکە بەرز دەبۆوە.

قەرەنفلٚ کەولێکی سووکی سپی لە خۆیەوە پێچابوو لەسەر کۆلکەی پان کە کەوڵە مەڕێکی ڕەشیان لەسەر دانابوو، دانیشتبوو. شادی لە چاوەکانیانەوە دەباری و لەگەڵ ئاوازی تەنبووردا،



لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەکوت. روحییەش لەسەر کۆلکەیەکی دیکە لە پەنای قەرەنفلەوە دانیشتبوو. ئەبرۆ وەسمەلێدراوەکانی تیف تیفە دەداو چاوی بەسفرەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ دەگێڕا. کاسەی مینایی پڕ لە بادام و بستە و گوێز و فستەق عەبید و کشمیش دانرابوون....

ئەم هەموو سافی و پاکییە، سادەیی و ئازادییە، بۆ ساتێك روحیە یان خستەوە یادی شکۆمەندی گەورەو دڵ گوشەری کۆشکی زێڕینەوە. ئەوێ هەموو جێیەکی کڕنوش بردن و بەدگومانی بوو، ئێرە هەمووی دڵسۆزی و یەکڕەنگییە. و هەموو دەم و چاوەکان پێ دەکەنن. روحییە بۆ ئەوەی گاڵتە و گەپێك ساز بکا، سەری کردە سەر کلدانیە:

- ئەها، بووکی جوانی بز، بابەك ئەوەندەی سیسکان خۆش لێهاتووە، نەکا لەوێ لەناکاو لەگەڵ کچی واساکدا دڵی بکرێتەوە و زەماوەندی لەگەڵدا بکا!

کلدانیە شێواوی و ڕارایی خۆی بەزەردەخەنەیەك داپۆشی و کوتی:

- ئەمە گداری و ئەویینداری ژن و مێردی خوڕەمی لە جیهاندا ناوبانگی هەیە. لەبیرتان نییە بابەك چ ڕەفتارێکی جوانی لەگەڵ ئەو کچە جوانە عەرەبە کرد کە لەجەنگی هەشتاد سەردا بەدیلگیرا؟ من لەلایەنی مێردەکەی خۆمەوە ئارخەیانم. ئەگەر هەزار کچی جوان بابەك لەنێو خۆیاندا بگرن ئەو هەر تەماشاشیان ناکا.

روحییە برۆکانی هەڵکێشانە سەرەوە بە پێکەنینی مانادارەوە کوتی:

- بووکی جوان! تۆ ئەو پیاوەت نەناسیوە. سەر دارێکی بەژن و باڵا جوانی وەك بابەك لەکوێ دەستدەکەوێ؟ بیستوومە سەرباری واساکی ئەرمەنی سزاری ڕۆمیش دەیەوێ کچەکەی بداتە بابەك.

کلدانیە دڵی ڕەنجاو بوو. بەڵام بەسەر خۆی نەدەهێنا. لە لایەکی ترەوە سەرنجی لە دایکی دەدا. کلدانیە لەوەی کە دایکی مێردەکەی، قەرەنفلٚ و روحییەی کە نەریت و هەوای کۆشکی زێڕین لە سەریاندا بوو، لە قەڵای بز دوورخستبۆوە، بەدڵ خۆشحاڵ بوو. ئەم هەرچەندە ئەم دوانەی خۆش دەویست، بەڵام دەیزانی قەڵای بز ژنانی چاو و گوێ کراوەی وەك ئەوان —کە خوویان بە بەرەڵایی کۆشکی زێڕینەوە گرتووە- نییە.

کلدانیە چاوی لە دەرگاوە بڕی بوو. چاوەڕێی بابەك بوو وای خەیاڵ دەکرد کە هەر ئیستاکێ لە دەرگاوە دێتە ژورێ:((چۆن دەمتوانی لەم جێژنە گەورەیەدا لای ئێوە نەبم!)) بەڵام بابەك سەرو سۆراخی نەبو ئەگەر بابەك لەدەوروبەری ماڵ پەیدا ببوایە، سەگەکان دەوەڕین...

بەفر دووبارە دەستی بەبارین کردبوو. رووناکی ئاگردان دەتکوت تۆزی زیوین بەسەر سەرو رووی برومەندا دەکا. قەرەنفڵ دەستی دەکردەوە و کڵو بەفر –وەکو پەپوولەی باڵ سپی– بەسەر دەستی دا دەکەوتن و بێ پسانەوە لە ئاکامی هالاۆی ئاگرەکە دەتوایەوەو ون دەبوو. ئەو لە کۆشکی زێڕین گەلێك جێژنی دیتبوون، بەلاّم هیچیان هێندەی جێژنی ماڵە پورەکەی بەسەفا نەبوون. لەواقیعدا کۆشکی پڕ لە پایە و گەورەی زێڕین لە قەپەزێك بەولاوە شتێکی تر نەبوو. ئەو، ئێستا ئازادبوو. ئایا بەڕاست چ شتێك لەو دنیایەدا لە ئازادی گرانبەهاترە؟! لەو دەمەدا ئەو بەرەو لای برومەند گەڕایەوەو پرسی:

– من ئەو جێژنانەی کە لەزێدگامدا باوە، لەبیرچۆتەوە، چ رۆژانێکی دیکە جێژن دەگێڕن؟

– ئەگەر خواوەندی گەورە بیەوێ و هێز و توانا بە بازووانی پیاوان بدا تا سەر زەوینی خۆمان لەژێر سمی ئەسپانی بێگانناندا ئازاد بکەین، فریشتەی ئازادی دووبارە دەگەڕێتەوە ناو ئێمە. لەو حاڵەتەدا رێ و ڕەسمە شادیبەخشەکانی خۆمان زیندوو دەکەینەوە. زستان جێژنی ((سەدە)) و ((بەهمەنجنە)). هاوین کاتی خەرمان کەدانەوێڵە مان کۆکردەوە ، لە جێژنی ((پیتە شهیم)) داهەڵپەڕکێ دەکەین، ئەو دەمەی کە مێگەلەکانیش بە گوانی پڕ لە شیرەوە لەدەشت و دەر دەگەڕێنەوە، جێژنی گەڕانەوەی مێگەلان دەگێڕین. جێژنی ((چلەی هاوین))، (٠چلەی بەهار)) ، ((نیوەی ساڵ)).. چوزانم، ((نەورۆزی گەورە)) دەستی بێگانە ئەم هەموو شادییەی لە ئێمە گرتووە. دەستی بەبڕین چێ. ئەگەر ژیان بەسەر خولگەی خۆیدا بسورێتەوە، دووبارە کار دەکەین، زەحمەت دەکێشین، ئاوەدان کردنەوە دەکەین، زەوی دادەچێنین و هەموان لە نیعمەت و بەرەکەتی پەروەردگار بەهرەمەند دەبین و لەو دەمەدا لەجێژنە دێرینەکانی خۆماندا دەست دەگرین و شایی دەکەین.

لەو دەمەدا حیلەی ئەسپێك بەرزبۆوە، سەگ کە لەپێش دەروازەی ماڵ دانیشتبوو، قەڵەمبازێکی داو لە حاڵێکدا کە کلکی ڕادەوەشاند لە دەروازە چووە دەرەوە.

حیلەی قاراقاشقا نوری شادی بەنێو ڕوخساری چاوەکاندا بلاّوکردەوە.



## (٣٧)

## فەرمانڕەوای بێ بەزەیی

***... کوان ئەوانەی دەیانکوت:***
***دنیا مانای من؟ ئەجەل ڕاپێچی***
***دان، زەوی قوتی دان! دنیا بۆ***
***کێ ماوە؟ دنیای پڕ لە هاتن و چوون...***
***دنیایەك کە سەرنجامەکەی مردنە.***
***کتێبی دەدە قورقود***

نیشتمان وەك دڵی دایك خۆشەویستە. هەموو کەسێك دەیەوێ لەو ئاگردانە پیرۆزە دا ئاگرێك هەڵکا. هەر جارێك کە بابەك دەهاتە بیلال ئاباد ئاگری شادی دادەگیرساند و بەگاڵتە و نوکتەگێڕانەوەکانی ، شادی دەخستە نێو دڵی دایکی و ژن و کەس و کاری, ئینجا دەڕۆیشت. پاش رۆیشتنی ماوەیەکی زۆر قسە دڵخۆش کەرەکانی بەسەر زار و زمانانەوە دەمانەوە. ئەمجارەشیان وەك هەمیشە پاش رۆیشتنی بابەك، دڵیان بەیادی وییەوە لێی دەدا.

قەرەنفڵ دەیکوت:

بابەك وەختێك بۆ جێژنی بەهمەنجەنە دێتەوە دوازدە ڕستە مرواریم بۆ دەهێنێ.

روحییە دەیکوت:

– بابەك بەگوێی دا چر پاندووم، جێژنی نەورۆز یەك جوت گوارەم بۆ دێنێ.

کلدانیە چاوێکی لێك ناو لە حاڵێکدا پێکەنینێکی ڕوون بەسەر چاو و لێویەوە دیار بوو، کوتی

– ئەوانە هیچ نین بابەك بەمنی کوتووە دڵی خۆیم بەدیاری بۆ دەهێنێ.

هەمووان پێکەنین.

... چەند مانگ بوو بابەك هەواڵی نەبوو. دیسانەوە چاو لە ڕێگاوبان و ڕوو بەدەرگا چاوەڕێ مابوون....

هەموو ئەندامانی خێزان چاویان چاوەڕێی بابەك بوو. دەیانتوانی چ بکەن؟ بابەك سەرگەرمی جەنگ بوو. جەنگ قانون گەلی وا بێ ئامانی هەیە کە فەرمانڕەوایانیش جگە لە پەیڕەوکردنیان چارەیەکی دیکەیان نییە.

بابەك بەڕێگەی پەیکەوە پەیامی بۆ بیلال ئاباد ناردبوو کە دایکم هەموو ئەندامانی خێزان هەڵبگرێ و بچێتە بز.

مەئمون سەرگەرمی کارکردن بۆ ئامادە سازی هێزێکی نوێ بوو تاکاری بابەك یەکلا بکاتەوە. هەموو بیر و خەیاڵی لەسەر ئەوەبوو چۆن لەشکری خوڕەمیان لەهەمەدان دەربکاتە دەرێ. پاش داگیرکردنی هەمەدان لەلایەن بابەکەوە، پەیوەندی بەغداد بەتەواوی لەگەڵ خوراسان پچڕابوو. زۆربەی ئەو کاروانانەی بۆ بەغداد ، لەهەمەدانەوە تێدەپەڕین. پاسەوانانی بابەکیش ڕێگای تێپەرینیان بەکاروانەکان نەدەدا. بەغداد لەو گوزەرگایەوە زیانگەلی قورسی پێ دەکەوت. تاهیر والی خوراسان کە لەبەرامبەر خەلیفەدا سەرکێشی دەکرد، لەو پێشهاتە یەکجار خۆشحاڵ بوو. باجەکانیش لەکاتی خۆیدا نەدەگەیشتنە بەغدا.

کاری بازرگانی وردە وردە بەرەو نەمان هەنگاوی دەنا. بازرگانانییەهودی کە لەئێران دەستیان ئاوەڵا بوو، ئێستا ئامادەبوون کە بڕە پارەی گەورە بۆ لە نێو بردنی بابەك خەرجبکەن. لە ((سوق ئەل عەبد)) ی وێران بوو فنحاس بەتوندی تووڕە بوو. بازرگانان لە ((سوق ئەل عەبد)) بەفاڵ و قومارکردن و چەنە بازی ڕۆژانی خۆیان دەکردە شەو و حەسرەتیان بۆ ڕابردوو دەخوارد... تیاترۆ خانەکانی شار رۆژ بەرۆژ چۆڵ و چۆڵتر دەبوون. ژمارەی بەلەمە گەشتیارییەکانی سەر ئاوی دیجلەش کەم ببوونەوە.

خەڵکی بەغداد لەدەست کورتی و گرانی وەتەنگ هاتبوون. زمانی سکاڵایان کرابۆوە. بازرگانان ، بەتایبەتی کۆیلە فرۆشان، مەئمونیان وەگیر هێنابوو تا هەر چی زووترە هەرای بابەك دامرکێنێتەوە. بەڵام بابەك لەهەمەدان دانیشتبوو وەك چقڵ لە چاوی خەلیفە چەقی بوو. مەئمون بۆ هەر کەسێك کە بەزیندوویی بابەك دەسگیر بکا یەك ملیون دینار و بۆ هەر کەسێکیش کە بەمردوویی تەسلیمی بکا پێنج سەد هەزار دیناری خەڵات ڕاگەیاند بوو. جارچییان و پەیك بەران و نامەبەرانی خەلیفە ئەمهەواڵەیان بەهەر چوار گۆشەی وڵاتانی



ئیسلامی دا بلاوەدەکردەوە. گومان لەوەدا نەبوو خاینانی بێ هەژمار لە قەڵەمڕەوی پان و بەرینی خەلافەت هەبووون. لەدەوروبەری کۆشکی ((باخی موعەزەم)) ی هەمەدان ، جاسووسان خۆیان لەبۆ سە دەنا. لە ئوردگای خوڕەمیاندا — لەتەنیشت — ماشان رود — یش دا کەسانی بێگانە و گومان لێکراو دەکەوتنە بەرچاو. بەڵام ئەمانە کارێکیان لەدەست نەدەهات. پاسەوانانی بابەك ئامادەبوون گیانی خۆیان لە پێناوی پاراستنی بابەك دا بەخت بکەن.

بابەك فەرمانیدابوو هەموو ئەوانەی کە دێنە ناو هەمەدانەوە ، بخرێنە ژێر پشکنینەوە و بەرپرسیاریی ئەم کارەشی بە عۆدەی قزبل سپاردبوو. میرزا قزبل مرۆڤێك بوو جیدی و لەکاردا قاڵ بۆوە. ئەو سێ ساڵ تەمەنی خۆی لەدەروازەیخوراسانی بەغداد بەسەر برد بوو. ئەو کەسانی گومان لێکراوی ڕادەگرت: ((یەکسەر بیبەنە زیندان. لەوێ هەموو شتێك ڕوون دەبێتەوە!))

میکایلی پزیشك بەردەوام لەگەڵ بابەك بوو دوور نەبوو لەدوورەوە بابەك بکەنە ئامانجی تیر هاوێژیی. بەڕەچاو کردنی ئەو ئەگەرە، حەکیمی گەورەی ئوردوگا بابەکی بەتەنیا بەجێ نەدەهێشت.

گەرچی هەمەدان لەژێر دەستی بابەکدا بوو، بەڵام فیودالانی ئێرانی دەستیان لە کاروباری ئەوێدا وەردەدا. ئەوان بەڕواڵەت لایەنگری بابەك بوون. بەڵام لەگەوهەردا بەدوا ئامانجی دیکەوە بوون. لەواقیعدا ئەوان لەگەڵ شوان دەگریان و لەگەڵ گورگیش گوشتیان دەخوارد لە لایەکەوە لەگەڵ تاهیر — والی خوراسان — کلکە لەقێیان بوو و لە لایەکی دیکەوە خۆیان بەخزمەت گوزاری بابەك پیشاندەدا و هەر کات ناوی خەلیفە دەهات، ئەوان جنێویان پێ دەدا. ئەوان مەئمونیان باش دەناسی: ((ئەو هەمان ئەو کەسەیە کە لەبەر خاتری تەخت و تاج سەری برای خۆی بڕیوە و بۆ خاتری ڕاکێشانی سەرنجی سونیەکان زنجیری لە ملی خەزوری خۆی حەسەنی سەهل — کرد و لەناوی برد. مرۆڤی ئاوا چۆن دەکرێ متمانەی پێبکرێ؟))

دیسانەوە خەلافەت ببووە قوربانی پشێوی. مەئمون سەری داوەکەی وون کردبو و لەدابەشکردنی هێزەکانی جەنگی نێوان ناوچە پشێوتێکەوتووەکاندا تێدا مابوو. هەرچەندە گەورەترین دوژمنی بەغداد بابەك بوو. بەڵام بێزانتیش نا ئارام بوو. میسر لەنوێوە ڕاپەڕی بوو. لە ناوچە جیاجیاکانی ئێرانیش دا چەندین ڕاپەرین سەریان هەڵدابوو. خوراسانیش خەریك بوو لەدەست دەردەچوو...

مەئمون بڕیاریدا سەرەتا بەسەر میسر ڕابگا. ئەو ((ئەفشین)) ی کردە سەر کاری دامرکاندنەوەی شۆڕشی میسر ((بڕۆ بۆ میسر و جێ پەنجەی خۆتی پێوەنێ!))

مەئمون کە بۆ جاری دوەم ئەفشینی بۆ میسر دەنارد، بەڵێنی پێ دابوو کە ئەگەر لەوێ بەسەر کەوتوویی بگەڕێتەوە ئەوا بۆ پلەی سوپا سالاری قشونی خەلافەت بەرزی دەکاتەوە.

مەئمونی خەلیفە ئیدی لە لایەن میسر نیگەرانی نەبوو. ئەفشین ئەرکی خۆی بەجێ هێنابوو و ((موعتەسەم)) یش برا جەنگاوەرەکەی مەئمون سەرگەرمی جەنگ لەگەڵ بێزانت بوو قەلاکانی ((بلیسیر)) ،((لولوا)) ، ((تارب)) و((تاییو)) ی وێران کردبوو. بەڵام تیوفل سەرەڕای ئەو تێکشکانانەی پشتی لەزەوی نەدابوو و سەر سەختانە درێژەی بە جەنگدەدا. خەلیفە ئەگەر چی سەرکەوتنی زۆری لەجەنگدا بەدەستهێنابوو. زیانێکی قورسیشی پێکەوتبوو. دەست و دڵی لەشکرییەکان ڕوو بەجەنگ نەبوو و هەمووان ئارەزوو ی کۆتایی هاتنی جەنگ و کوشتار بوون.

ڕۆژێك ئەم هەواڵە بەنێو ئوردوگادا بڵاوبۆوە: ((خەلیفە مەئمون بارگەی بۆ دوا هەوار تێك نا)) ئوردوگا پەرێشان بوو وتار خوێنان لەوەی کە دەبێ وتار بە ناوی کێوە بخوێننەوە، تێداماببوون. لەنێو سەربازاندا ژمارەی ئەوانەی کە نەفرەتیان بۆ خەلیفە دەنارد، لەوانە کەمتر نەبوون کە ڕەحمەتیان بۆ دەنارد.

لەبارەی مەرگی خەلیفەوە دەنگۆی جۆربەجۆر بەسەر زار و زمانانەوە دەگەڕا. هەر کەسە لەلای خۆیەوە شتێکی دەکوت. هۆکاری راستەقینە لای کەس ڕوون نەبوو. دەیانکوت گوایا مەئمون پێش نوێژی نیوەڕۆ لەنێو ئەستێرکی باخی کۆشکدا مەلەی کردووە پاشان ترێی خواردووە و پاش ئەوە گیانی بە پەروەردگار سپاردووە! بەڵایەك کە بەسەر خەلیفە هاتووە لەو ترێیە بووە... کەس نەیدەزانی ، کێ دەڵێ ئەم داستانەش هەر لەڕیشەوە هەڵبەستراو نییە.

موعتەزیلە و زەندیقان بەد گومانی یان لە وتار خوێنان هەبووو. مەراجل خاتون پورانی بووکەکەی خۆی تاوانبار دەکرد: ((تۆڵەی باوکی خۆی وەرگرتەوە...))

ئەگەر زبێدە خاتون زیندوو بوایە، ئەوا گەورە پیاوانی ئێرانی، بە پێداگرییەوە، خوێنی مەئمونیان وەك تۆڵەستاندنی خوێنی ئەمین، لەگەرووی وی دەئالاند. بەڵام ئێسقانەکانی زبێدەی شۆفارگێر کە خەلافەتی بەسەریپەنجەی پیلان و کەڵەکبازییەوە هەڵدەسوڕاند، لە مێژبو بەخاکدا چووبووە خوارێ.

دەنگی شیوەن و گریان لە کۆشکی زێرینەوە دەگەیشتە ئاسمان موعتەزیلە و زەندیقان هەمووان جل و بەرگی ماتەمینییان پۆشی بوو. ئەلکەندی فەیلەسووف نێو چاوانی تێکنابوو.



زانایانی ((بەیت ئەل حیکمە)) ش تازیەبار بوون. وتار خوێنانیش بەڕواڵەت غەمبارییان دەردەبڕی... ئەگەر چی فرمێسك لەچاوان دەبارینە خوارێ. بەڵام بیروئەندێشەکان سەر گەرمی پرسگەلی دیکە بوون. گەورە پیاوان، بەخەلافەتی موعتەسەم کە دایکی تورك بوو ، ناڕازی بوون. ئەوان دەیانزانی ئەگەر موعتەسەم بێتە سەر کار، تورکان لەنێو دەربار‌دا جێگای ئێرانییەکان دەگرنەوە.

لەدنیادا جێگایەك ، ساردترو خامۆش تر لە گۆڕ، بوونی نییە. مەئمونی خەلیفەش کە بارێك بوو بە سەرشانی خەلافەتەوە. لەگۆڕی خامۆشدا نێژرا و بەتەرزێك فەرامۆشکرا کە دەتکوت مەئمون هەرگیز نەبووە!

لەکۆشکی زێریندا نیگەرانی و دڕدۆنگی سێبەری بەسەر ڕوخسارو نیگاکانەوە کردبوو... جگە لە تورکان ، هیچ کەسێك لە دەرباریان لەناخی دڵەوە بە خەلافەتی موعتەسەم ڕازی نەبوو.

موعتەسم پاش بیستنی مەرگی براکەی ، بێ ڕاوەستان ئاگر بەستی ڕاگەیاند و بەپەلە باڵوێزێکی بۆ دەرباری ئیمپراتۆرتیوفیل ڕەوان کردو پەیمانی ئاشتی لەگەڵدا بەست. ئینجا لەشکرێکی شەکەت حاڵی لەسەر سنوور بەجێ هێشت و خۆی گەیاندە بەغداد و دەستی لە تەختی خەلافەت گیرکرد...

ئەو لە ڕۆژانی هەوەڵدا، لە کۆشکی زێرین نەك وەك خەلیفەیەك ، بەڵکو وەك سەردارێکی جەنگی ڕەفتاری دەکرد: بەزرێ و جلی جەنگییەوە لەسەر تەختی خەلافەت دادەنیشت. خوی شیری تا پیرییە لەبارەی ((موعتەسەم)) ەوە پڕوپاگەندەی ترسناك بڵاو دەبوونەوە. دەیانکوت تا ئێستا تەختی خەلافەت دلڕەقێکی ئاوای بەخۆیەوە نەدیووە. هەندێك دەیانکوت تەنانەت مەنسووریش کە تەخت و تاجی ئەمەویانی تێك و پێکدا لە دلڕەقیدا بە پێی ئەویش ناگاتەوە.

موعتەسم پیاوێك بوو بالابەرز و چوار شانە ، بەڕیشی زەرد و چاوانی شینەوە. دەنگی گڕو نیگای ترسناك بوو. دەیانکوت گەورەکانی دەربار ناتوانن خەلیفە ڕازیبکەن تەنانەت کاتی خەوتن زرێ لەخۆی بکاتەوە. لەکاتی تووڕەبووندا ڕوخساری هەروەك ڕەنگی مسی ژەنگاویلێدەهات. لووتی هەروەك لووتی باوکی دەچوو دەنووکی هەڵۆی دەهێنایەوە یاد. کەمەربەندێکی پانی لەنێوقەدی باریکی خۆی دەبەست. ئەو وەك براکەی خۆی نەدەچوو. ئەگەر مەئمون لەکاتی دانیشتندا سەروکلاوی گەوهەر نیشانی لەسەر دەکرد، موعتەسم کلاو خوودەی پۆلاینی کە کۆمەڵە نیشانێکی جەنگی لەسەر بوو، لەسەر دەکرد. مەئمون هەوڵی دەدا کە

وەکو کە سێکی ڕێك و پێك وزانست پەروەر و میهرەبان خۆی پیشانبدا. لە حالێکدا موعتەسم دەربەستی ئەو جۆرە تێبینیانە نەبوو. هەر کە سێك تەماشای ڕوخساری وی دەکرد. هەر لەنیگای هەوەڵەوە تێدەگەیشت کە پیاوێکی دڵڕەق و خوێن ڕێژە. لە سیاسەتیشدا دیسانەوە بەپێی مەئمون نەدەگەیشتەوە مەئمون فەرمانڕەوایەکبوو بەهەنگوین خەڵکی دەخنکاند، و ڕەوشی سیاسی وەکو شەترەنج زانێکی شارەزا، جارەهای جار هەڵدەسەنگاند و کێشانەی دەکرد، لە حالێکدا کە موعتەسەم نەریتی وابوو بێ دواکەوتن هێرش بەرێتە سەر نیشانەکەی. کۆشکی وی بیابان بوو و ئەستێرەکانیش مۆمی ئەو بوون. لەسەر پشتی ئەسپ و لەمەیدانەکانی نەبەردا پەروەردە ببوو لەکاتی خەوتنیشدا لە جیاتی لێفە، کەوڵی ئاژەڵانی بەخۆیدا دەدا. گەرچی ئەو خەلیفە زادە بوو، بەلاّم زۆر جاران وا ڕێك کەوتبوو وەك وشترێك چەندین سەعات بێ ئاو و خواردن غاری دابوو و نێوچاوانی خۆشی تێك نەنابوو. هارون ڕەشید لەمنداڵییەوە ئەوی بۆ ئوردوگا ناردبوو: ((ئێمە بۆ جەنگ لەگەڵ خوڕەمیاندا پێویستیمان بەکوڕانی جەنگاوەر هەیە.))

ئەو دەمانەی کە براکەی خۆی ئەمین، لەنێو بەلەمە گەشتیاریدا بەسەر ئاوی دیجلەوە سەیران و ڕابواردنی دەکرد، موعتەسەم لەسەر تخوبەکانی بێزانت لەگەڵ دوژمن دا دەستەویەخە دەبوو و زەمانێك کە مەئمون لە ئەلکەندی و زانایانی تری دەربار زانست فێر دەبوو، ئەو لە میسر شمشێری دەوەشاند. بە کورتی موعتەسەم، زیاتر لە ناز و ئاسایش، لەگەڵ سەختی و زەحمەتدا ڕاهاتبوو. بەلای ئەو چەکە چەکی شمشێران لەئاهەنگی گۆرانی بێژان، خۆش تر بوو و ڕەنگی خوێن، لەشەراب زیاتر، نەشئەی بەو دەبەخشی.

ئێستا موعتەسەم لەبیری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنان و لەپێش هەموانیشەوە لەبیری بابەکدا بوو، ((میل بەچاوەکانی ئەو کافرە خوڕەمی یەدا دەهێنم. سەری لە لەشی جیادەکەمەوە، لاشەکەی سەروبن بەدارەوە هەڵدەواسم. سەری مۆمیا دەکەم و فەرمان دەدەم بە سەراسەری قەڵەمڕەوی خەلافەتدا بیگێڕن. هەر کەسێك دوژمنایەتی خەلافەت بکا، ئەمە سزایەتی. کەللەی عەبدوڵلای برای زەرووی تێدەخەم. لاشەی بێ سەری لەسەر ((ڕەئس ئەل جسر))ەوە فڕێ دەدەمە خوارێ. با لاشەی ناپاکی ببێتە پەندی هەمووان.))

مەئمون پێش مردنی خۆی فەرمانی بە موعتەسەم دابوو کە پاش یەکلاکردنەوەی کاری بێزانت هەموو هێزەکانی خۆی بۆ سەرکوت کردنی خوڕەمیان ساز بکاو قەڵای بز لەگەڵ خاك دا یەکسان بکا.



ئێستا کە موعتەسەم لەسەر تەختی خەلافەت دانیشتبوو دەیویست ڕاسپاردەی براکەی بەجێ بێنێ. ئەو هەموو کاروباری وڵاتەکەی بە وەزیران و پیاوانی دەوڵەت سپارد. خۆی تەنیا کاروباری سەربازی گرتە ئەستۆ.

موعتەسەم ئەویش وەك مەئمون گرنگی بە موعتەزیلە و زەندیقان دەدا. بەلاّم وەکو ئەو هەستان و دانیشتنی لەگەڵیاندا نەبوو. ئەو سەرەڕای کار ئاسانی لەئەنجامدانی ئەرکە ئایینیەکاندا باوەڕی وابوو کە بەڕێوەبردنی کاروبار، بێ پابەندبوون بە ئایین، کارێکی دژوارە...

بەشی سەرەکی قشونی موعتەسەم لە بەغداد، بەسرە، کوفە و مەراغە بوو. خەلیفە فەرماندە سەربازییەکانی بۆ ئوردوگاکانی ئەم شارانە دەنارد و ئوردوگا کۆنەکانی پاکسازیی دەکرد. ئەو تەنانەت ئوردوگای خوراسان کە جێگای بایەخی مەئمون بوو، هەڵگرتبوو. جەنگاوەرانی ئەم ئوردوگایانە ورگیان شۆڕببۆوە. ئەوانە لەکاتی جەنگدا هەمیشە چاویان لەدەسکەوت و تالاّن بوو. موعتەسەم ئوردوگای میسری هەڵوەشاندەوە: ((بابچن کاری کشتوکاڵ بکەن. من پێویستیم بە جەنگاوەرانی تورك و زەنگی هەیە کە بتوانن لەگەڵ دڕندانی وەك بابەکدا دەستەو یەخە بن.))

سەردارانی لەکارزانی مەئمون ، سیاسەتی جەنگی موعتەسەمیان پەسند نەدەکرد، بەلاّم لەڕووی ناچارییەوە وایان پیشاندەدا کە پشتیوانی لە چاکسازییە سەربازییەکانی خەلیفە دەکەن.

بازرگانانی بەغداد لەسیاسەتی نوێی جەنگی ناڕازی بوون. فنحاس ئەگەرچی سامان و دەوڵەمەندی وی ڕادە و سنووری نەبوو، کەچی وەك سەگی برسی دەیویست شەوانە لەبن دیواری کۆشکی زێڕیندا بخەوێ. ئەو بیستبووی کە موعتەسەم دەیەوێ حەفتا هەزار بەندەی تورك بکڕێ و لەشکرێکی گەورە پێکەوە بنێ. فنحاس لەدڵی خۆیدا حسێبی دەکرد: ((بەو پێودانە بێ دەتوانم بیست هەزاری بەندەی تورك و زەنگی بە موعتەسەم بفرۆشم. ئەگەر لە بەرامبەر هەر غولامێك شەش سەد درەم وەربگرم، ئەوا لە قەڵەمڕەوی خەلافەتدا، کەسێك لەمن دەوڵەمەندتر بێ، وەدەستناکەوێ. کاتی ئەوە هاتووە دەروازەی ((سوق ئەل عەبد)) بکەمەوە.

لەتەواوی شارەکانی خەلافەتدا وەکو بەغداد، ئەسکەندەرییە، بەردەعە، دەربەند و... کڕین و فرۆشتنی کۆیلە ڕەونەقی پەیدا کردبوو.

سەرداران و فەرمانڕەوایانی سەربازیی موعتەسەم هەموو بەندەییەکیان پەسەند نەدەکرد. ئەوانە چاویان بەدوا لاوان و پیاوانی بەهێز و نیوەدڕندەدا دەگێڕا.

فنحاس دیسانەوە ماوەی سەرخوراندنی نەبوو هەندێك ڕۆژی وا هەبووو دوو سێ هەزار بەندەی بە سەردارانی موعتەسەم دەفرۆشت.

بازرگانانییەهودی، ئیرەییان بە حاڵی فنحاس دەبرد. هەروەها بازرگانانی هند، بێزانت و تورکیش چاویان بە دیتنی وی هەڵنەدەهات. فنحاس ئاوی لەدوکانی هەمووویانەوە وەرکردبوو.

موعتەسەم کاتی خۆی زیاتر لە نێو ئوردوگادا بەسەر دەبرد وەك لەنێو كۆشك. ئەو هەندێك جار خۆی چاودێری ئەو کۆیلانەی دەکرد کە کڕدرابوون و بۆ خۆی بەسەریاندا ڕادەگەیشت و دەیکوت: ((من پێویستیم بە تورکانی ساردو گەرم چێشتووی لمستانی ((ماوەرائول نەهر[1])) هەیە. لاوانێکم دەوێ لەحاڵی غارداندا بەبن سنگی ئەسپاندا ئاودیو بن و - دیسانەوە بێنەوە سەر زین دابنیشن- جەنگاوەرانێکم پێویستە کە لەبیابانە گەرم و هەڵپڕوکێنەکاندا بە حەفتە بەڕێگادا بڕۆن و لە بەرامبەر بای کوشندەدا سنگیان بکەنە قەڵغان و وەك درەختی سەر سەخت، لەنێو بەرداندا ڕەگ دابکوتن...))

موعتەسەم ئوردوگایەکی حەفتا هەزار کەسی لەکۆیلانی بەزێڕ کڕدراو پێکهێنا. زیاتر لەنیوەی ئەوانە سوارە بوون. هەموو خەزێنە لەخزمەتی سازدانی سوپادا دانرابوو سواران و پیادەکانی سوپای خەلیفە ئامادەی شەڕکردنیان لە هەر جۆرە هەل و مەرجێکی سروشتی — لە لمستانی هەڵپڕوکێنەوە تا دەگاتە چیاکانی بەبەفر داپۆشراو- دا، هەبووو. موعتەسەم لە دەورپشتی خوراسان ڕەوەیەکی تایبەتی لە ئەسپانی ڕەسەن ڕاگرتبوو. ئەسپی پاسەوانە تایبەتییەکانی خۆی لەو ڕەوانەی خۆی هەڵدەبژارد.

لەو ناوەدا ئەوەی کە لەبەهاو متمانەی موعتەسەمی کەم دەکردەوە و ئەوی دەخستە ژێر باری کینەی دانیشتوانی بەغداد، پاسەوانە تایبەتییەکانی خەلیفە بوو. ئەم پاسەوانانە کە لە تورکان پێکهاتبوون. جڵەوی بەڕەڵڵاییان لە بەغدا لەسنور تێپەڕاندبو. ڕۆژ نەبوو لەنێوان ئەوان و خەڵکدا بە کۆڵان و بازاڕاندا پێك هەڵپژان ڕوونەدا. سەربازانی تورك تەنانەت هەندێك جار حورمەتی مزگەوتەکانیشیان لەبەرچاو نەدەگرت. ئەوان بێباکانە کچان و ژنانیان بەزۆرداری سواری پشتی ئەسپەکانیان دەکردو لەگەڵ خۆیاندا دەبردن.جاریش هەبووو مەست و سەرخۆش دەچوونە ناو کلێساکانەوەو دەس درێژییان دەکردە سەر راهیبەکان. شار لەدەستی تورکان وەتەنگ هاتبوو. دانیشتوانی شار لەدەستی ئەم وەزعە لە تەحەمول کردن نەهاتووە، شکاتی

١ماوەرائول نەهر: ئەودیوی ڕوباری جەیحون.



خۆیان بردبووە لای ((ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم کوڕی موسعیب))ی حاکمی شار و شێخی گەورەی شار شێخ ئیسماعیل. ئیسحاق بەنەژاد ئێرانی بوو و هەر بەو هۆیەوە نەیدەویست کارێك بکا بەدگومانی خەلیفە بەرامبەر بەخۆی پێکبهێنێ و مەقامی خۆی لەدەستبدا. ئەو لەکاتی پێکهێنانی سوپادا، دیناری زۆری لەخەزێنەی ماڵی خۆیەوە بە موعتەسەم بەخشی بوو و ئێستا نەیدەویست لەسەر حسێبی چەند خەڵکێکی بێ ناو و نیشان، ئەم هەموو خزمەتگوزارییەی بەبای هەوادا بڕوا. لە بەغدا ئەو قسەیە کەوتبووە سەر زار و زمانان کە موعتەسەم، ئیسحاق بۆ لەڕیشە دەرهێنان و پاکسازی بابەك، ڕادەسپێرێ.

شێخ ئیسماعیلیش دوو دڵ مابوو، و ترسی لەوە هەبووو کە موعتەسەم ڕەوانەی ئازەربایجانی بکا. شێخ نارەزاییخەڵکی شاری بەغدای، بەتایبەتی ماقوولاْن و بازرگانانی گەیاندە موعتەسەم. خەلیفە ئاگای لەهەموو ئەو شتانە هەبووو. ئەو ماوەیەکی زۆر بوو خەریکی دۆزینەوەی جێگایەکی گونجاو بوو تا بارەگای خۆی بۆ ئەوێ بگوازێتەوە. ئەو بیستبووی کە هارونی باوکی دەیویست بارەگای خۆی بۆ جێگایەکی کە چوار قۆناغ لەبەغداوە دوور بێ بگوازێتەوە. موعتەسەم لەزەمەنێکی کورتدا کۆشکی ڕازاوە و قەڵاْو مزگەوتی شکۆمەندی لەو جێیە دروستکردن.

قوڕی ئەم شارە، بەفرمێسکی سەدەها هەزار کۆیلە گیرایەوە و بیناکانی بەسەر ڕووی لاشەی هەزاران کۆیلەوە بەرزبۆوە. سەرەنجام((سامەڕا)) پایتەختی نوێ لەبەرامبەر بەغدادا پشتی ڕاست کردەوە. لە سامەڕا کۆشکێك بۆ خەلیفە بنیاتنرا کە زۆر شکۆمەندتر و جوان بوو لە کۆشکی زێرین. کۆشك بەخوێنی هەزاران کۆیلە ڕەنگی گرتبوو، ڕەنگی سووری هەبووو، ڕەنگی خوێن.

## (٣٨)

# زیانێکی قورس

*ئەگەر بۆ ئاوابوونی خۆر*
*فرمێسك بڕێژی و گۆشەنشینی*
*بکەی، لەسەیر کردنی ئەستێرانی*
*درەوشاوەی ئاسمانی جوان*
*بێبەش دەبی.*
*(پەندێکی هیندی)*

هاوینی هەمەدان بەهەتاوی گەرم و هەڵپڕوکێنی بۆ سوپای کوێستانی بابەك ناسازگار بوو. جیك جیکەکان لە نێو کۆشکی باخی موعەزەمدا نەرم و غەمگین دەیانخوێند و دەتکوت شیوەن و زاری بۆ جەنگاوەرانێك دەگێڕن کە لەنێو ڕوباردا نقوم بوون. هالاوی خۆر لە لایەك و ئاگریك کە لەدەمی جەنگدا لە گیانی شار بەربوو، لەلایەکی ترەوە، سەرو ڕوخساری جەنگاوەرانی سوتاندبوو. هەمەدانی پڕ لە باخات و سەر سەوز، دووکەڵ و ئاگر دایگرتبوو. تۆز و خۆڵیش کە لە مەیدانی نەبەردەوە هەڵدەستا لەگەڵ دووکەڵی ئاگردا، تێکەڵ دەبوو.

جەنگێکی خوێناوی لەسەر زەوییە تەختاییەکانی دەوروبەری شاردا درێژەی هەبووو. سەرکەوتوو و ژێر کەوتوو چاویان لەئاسمان بڕی بوو: ((خوایە ئەم جەنگە کۆتایی نایە؟))

ئوردوگای ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم و لەشکری بابەکی خوڕەمی لەچەند ڕۆژ لەوەپێشەوە لێرە ڕوبەڕوو دەجەنگان. موعتەسەم لەشاری سامەڕاوە پەیتا پەیتا نەفەری لە کارزان و پشوو خواردووی لە تورکان و زەنگییان بۆ یاریدەی ئیسحاق بەڕێ دەکرد. دەنگی لێك دان و



پێکدادانی شمشێران و سووپەران و ناڵەی برینداران و حیلەی ئەسپان گوێی ئاسمانیان کەڕ دەکرد. لە مەنجەنیقانەوە بەشەستە بەرد دەباری و وێرانی دەنایەوە باخاتەکانی هەمەدان لە باڵندان چۆڵ بووبوون.

جەنگاوەرانی بێ هەژمار لە هەردولا خەڵتانی خوێن ببوون. بەڵام زیانی خوڕەمیان لەڕادە بەدەر بوو. هەر سینەیەك لە لەشکریانی بابەك ئامانجی دەیان تیری دوژمن بوو. خوێنی کوژراوان و برینداران تێکەڵ بەیەك ببوو و جۆگەلەی خوێن دەرژایە ناو ڕووباری ((ماشان رود)) ەوە. بۆنی بۆگەنیوی لاشان و برینی کێم لێهاتوو و دڵ و لووتی بنیادەمی دەسووتانەوە. هەمەدان تا ئێستا جەنگێکی ئاوا خوێناوی بەخۆوە نەدی بوو. لاشە بەسەر ئاوی ماشان ڕودەوە وەك ماسیانی بێ گیان ڕووی ئاویان داپۆشی بوو.

ئیسحاق خەونی سەرکەوتنی دەدی و لەکاری ئەوەدا بوو کە کاری بابەك یەکلایی بکاتەوە. ئەگەر سوارانی عیسمەت کوردی نەبوونایە، تیر هاوێژانی دوژمن دەستیان دەگەیشتە بارەگای فەرماندەیی بابەك. تورکانی ئەسپ سوار بەسەر ئەسپانی خۆش ڕەوی موعتەسەمەوە بەهەر لایەکدا تەراتێنیان دەکرد. سوپای بابەك خوویان بەشەڕی چیاوە گرتبوو. کەچی تورکەکان و عەرەبەکان بەشەڕ لەکەش و هەوای بەربەرەڵڵاو کراوەدا زیاتر ئاشنابوون.

شازادە پایە پەرستەکانی ئێرانی کە نیشانەکانی تێکشکانیان لەنێوچاوانی سوپای بابەکدا خوێندبۆوە، ئیدی ئارەزوویان بەلای جەنگدا نەدەشکایەوە: ((ئاقڵ ئەو کەسەیە ملی خۆی لەتیغ ناسوێ.))

بێ پارێزی وبەهیچ نەزانینی دوژمن لەلایەن بابەکەوە کە تا ئێستا شەش جاری دوژمن شکاندبوو، ئەمجارەیان کاری لەدەست خوڕەمیان هێنابووە دەرێ، و ئەوانی گرفتاری هەل و مەرجێك کردبوو سات لە دو سات دژوارتر دەبو.

ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم پەیامی بەدو پەیامدا دەنارد: ((زاڵ بوون و سەرکەوتن بۆ ئەمیرۆل موئمنینە، تورکان بە ئازایەتی و لەخۆبوردنێکی بێ وێنەوە دەجەنگن. ئەم فەتحەفەتحی ئێوەیە!...)) بەڵام زۆر لە کۆترانی نامەبەری ئیسحاق پێش ئەوەی بەرەو تاقی ئاسمان بەرزببنەوە و بەرەو مەنزڵ لەشەقەی باڵ بدەن، گیرۆدەی هەڵۆکانی بابەك دەبوون. تەنانەت زۆر لە پۆستەبەرانیش گیرۆدەی کەمەندی پیاوانی بابەك — کە لەسەرە ڕێیەکاندا بۆسەیان دانابوو — دەبوون.

جاری وابوو چەندین هەفتە تێدەپەڕی و هەواڵێك لە بەرەكانی شەڕەوە بە خەلیفە نەدەگەیشت. لەو جۆرە حاڵانەدا موعتەسەم لە نیگەرانی و تووڕەییدا بەدەوری خۆیدا خولی دەخوارد. سەرەنجام ڕێگا چارەیەك بۆ ئەم گرفتە پەیدابوو. ئیسحاق بە فەرمانی خەلیفە لەچەند خاڵێكدا لەنێوان هەمەدان و سامەڕا كە بۆ پۆستەبەر مەترسیدار بوو، چەند بنكەیەكی دامەزراند و سەری خۆی لە كەمەند بەدەستان وهەڵۆكانی بابەك ئاسوودە كرد، و ئەم پەیامەی بۆ سامەڕا ڕەوان كرد: ((سلاَو و مژدە لەقیبلەی عالەم بێ، هێرشی بابەكی خوڕەمی تێكشكا. هەواڵی ئەم سەركەوتنە دەبێ بەخەتێكی زێڕین لەنێو دەفتەری عەباسیاندا بنوسرێتەوە. قیبلەی عالەم، ئێستا ئازەربایجان لەنێو دەستی ئێمە دایە! زیاتر لەنیوەی سوپای دوژمن كوژراوە! ئەم سەركەوتنە بەرهەمی لێهاتوویی ئەمیرۆل موئمنینە!))... و سوپای بیست و پێنج هەزار نەفەری بابەكیان گەمارۆ داوە! ئەوان لەهەوڵی ئەوەدان لای تیوفل سزاری رۆم ببنە پەنابەر...))

لە كۆشكی موعتەسەمدا شادی پەرپا بوو. شاعیران بەشانازی ئیسحاق كوڕی ئیبراهیم بەستەیان دەهۆنییەوە

ناوبانگتان بەرزو بالاَ ، ڕێزتان زینەتی دونیایە
تەمەنتان بە شمشێر دەدرەوشێتەوە
ئەی ئالی موسعیب!
ناوتان بەسەر زاری نەجیب زادانەوە
بۆتە گۆرانی قارەمانی و ئازایەتی
ئەی ئالی موسعیب!
.........................

موعتەسەم بەم ناوەڕۆكەوە پەیامێكی بۆ ئیسحاق نارد:

((كاروانێك درهەم كەوتە ڕێ. مزو پاداشتی جەنگاوەران پێشەكی بدە تا بەدڵگەرمییەكی زۆرتر بجەنگن! دەستەكانی پاسەوانانی ئەو سەرەرێگایانەی بەرەو ڕۆم دەچن بەهێز بكە! كارێك بكە بابەك نەتوانێ لەگەڵ تیوفلدا پەیوەندی دابمەزرێنێ!))

.. بابەك لەكاتی جەنگدا بارەگای خۆی بۆ ناو خەستەخانەی گەڕۆك گواستبۆوە. لەوێ خیوەتی سپی بێ هەژمار هەڵدرابوون. دوژمن لەدەست نیشانكردنی خێوەتی بابەك بێ توانا بوو.



خەستەخانەی گەڕۆك پڕاوپڕ لە بۆنی خوێن و خوێناوی و ناڵە و زاری بوو. نەخۆشەكان بەئەسپ و ئێستر بۆ جێگای دیكەدەگوازرانەوە. لەنێو هەندێك لە خێوەتەكاندا كاری نەشتەرگەری ئەنجامدەدرا. نەشتەرگەران پێش دەست بەكاربوونیان ، بۆ ئارام كردنەوەو بێ هۆش كردنی نەخۆش ، بە بەرچاوی خۆیانەوە، خاش خاش و گیای بەنگیان دادەنێ و پاشان سێ سووچی تیرەكانیان لەلەشی بریندارەكان دەردەهێناو بۆ ڕێگرتن لە خوێن پژان، كەرەو ڕۆنی داخیان بەسەر برینەكانیاندا دەكرد و هەویریان لەسەر دادەناو دەیان پێچا...

میكایلی سەرۆك پزیشكان، شەوانیش خەونەدەچوە چاوی. بابەك لەگەڵ موپەد جاروبار سەردانی خێوەتی نەشتەرگەرانی دەكرد. باوكی روحانی دوعای بۆ نەخۆشەكان دەكردو ورەی دەدایە بەر بابەك:

- سەرداری گەورە! ئێوە نابێ بشلەژێن. هەموو جەنگاوەرانی ئێمە لەسنگەوە بریندار بوون. من یەك سەربازیشم نەدیوە لە پشتییەوە بریندار بوبێ. ورەی سەربازان شایانی ڕێز لێنانە. سەرەڕای ئەوەی كە ژمارەیان لەچاو ژمارەی دوژمنان كەمە، بەلاَم كەس لە مەیدانی جەنگ ڕاناكا.

بابەك بەهەنگاوی گورج و پەلەوە خۆی گەیاندە یاوەرەكەی ، جڵەوی قاراقاشقای بەتوندی لەدەستی ئەو ستاند و خۆی هەڵدایە سەر پشتی و وەك هەڵۆ بەرەو مەیدانی نەبەرد ئەسپی تاودا، بەلاَم دەستەیەك لە سوارانی كورد، ڕێگەی ڕۆیشتنیان لەبابەك گرت:

- سەرداری گەورە، لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی جەنگ ئێوە نابێ بچنە ناومەیدانی نەبەردەوە.

بابەك بە تووڕەییەوە جڵەوی ڕاكێشاو گەڕایەوە. ((نابێ سەرپێچی لە بڕیاری ئەنجومەنی جەنگ بكرێ.

بابەك لەنێو ئەنجوومەنی جەنگ كەمتەرخەمی هەموو زیانەكانی جەنگی بەڕاشكاوانە بەئەستۆی خۆیەوە گرت، ئەو ڕوونی كردەوە: ((نەدەبوایە بە زۆری ژمارەی هێز فریو بخوێن. لەسەر زەوینێكی تەختان و بێ پەنای لێواری شاردا ، هەڵە بوو چوینە ناو نەبەردەوە. خوڕەمیان خەڵكێكی چیاین و خوویان بە شەڕی سەر زەوینی بێ داڵدەوە نەگرتووە... نەدەبوایە ئەوەندە متمانە بە شازادەكانی ئێرانی بكەین. ئەوانە لەترسی سزادان، ناپیاوانە پشتیان لە ئێمە كردو لەبەرامبەر لێشاوی دوژمندا ئێمەیان بەتەنیا بەجێ هێشت. مازیار بەڵێنی یارمەتی

به ئێمه دا بەلاّم بەکردەوە خۆی دزییەوە. محەمەد کوڕی بەعیس خیانەتی کرد و چووە ناو دوژمنەوە...))

ئەگەر چی سوپاییانی خەلیفە زۆریان دەهێنا، بەلاّم خوڕەمیان هەنگاوی کشانەوەیان نەدەنا. دوژمن ئەمبارێکی لەکەرەسە و ئەسپابی جەنگ و زەخیرە و ئازوخەی خوڕەمیان بەردەست کردبوو. لەشکری بابەك چەند ڕۆژ بوو بەبرسێتی و تێنوێتی دەجەنگان... ڕۆژێك پاش نوێژی بەیانی، سوارانی بەیداخ ڕەش ، دەستیان بە هەڵمەتێکی بروسکە ئاساکرد. ئەوان پاشماوەی پاشەکەوتی چەك و خۆراکی سوپای بابەکیان ئاگر تێبەردا. ئەنجوومەنی جەنگ داوای لە بابەك کرد فەرمانی پاشەکشێ دەربکا. بابەك سەرەرای ئەوەی جەنگی دۆڕاندبوو، کەچی سەر سەختی پیشاندەدا:

– ئێمە ئەو شمشێرەی هەڵمان کێشاوە، نایخەینەوە ناو کالانەوە! تا دواین دڵۆپی خوێنمان هەر دەجەنگین!

سوارانی ئیسحاق ، بارەگای بابەکیان گەمارۆدابوو. بابەك دەیویست خۆی هەڵبداتە سەر پشتی قاراقاشقاو خۆی بەنێو دەریای لەشکردا بدات. بەلاّم یاوەرانی ڕێگای دەرفەتێکی ئاوایان پێنەدەدا. ئەنجوومەنی جەنگ یاوەرانی ڕاسپاردبوو هەمیشە بابەك لەنێو خۆیاندا بگرن. بەلاّم بابەك تەحەمولی نەدەکرد. دەتکوت بروسکە لە چاوەکانی هەڵدەستێ تا بکەوێتە وێزەی گیانی دوژمنی و تۆزیان بەبا بکا. بابەك لەو ساتەدا هەستی بە هێزێکی بێ پایان دەکرد لە بازووەکانی خۆیدا. وای دادەنا کە بەتەنیا دەتوانێ لە عۆدەی هەموو لەشکریانی موعتەسەم بێ. بابەك لەیەك ساتەوەختدا شمشێری بۆ سەر سەری بەرزکردەوە، نەعرەتەیەکی لێداو دووبارە سوپای بەیداخ سووری بۆ تێکۆشان بانگکرد:

– قارەمانان، کاتی غیرەت و شەڕەفە. تادواین دڵۆپی خوێنمان دەبێ بجەنگین! بەدوای مندا وەرن!

فوویان بە کەڕەنا داکرد، تەپڵەکانیان کوتان، بەیداخی سوور ڕاوەشێنران... سوارانی خوڕەمی شمشێری ڕووت بەدەستەوە و بەخرۆشانەوە هێرشیان بردە سەر دوژمن. بابەك ئابلووقەی تێکشاند و ژمارەیەکی زۆری لە سوارانی موعتەسەم بەرەو ناو ماشان ڕود ڕادا.

بابەك ئەڵقەی گەمارۆی تێکشکاند بەلاّم... چارەنووسی جەنگ هەر هەمان چارەنووس بوو کە هەبووو: تێکشکانی بەرەی خوڕەمیان.



## (٣٩)

## پاش کارەساتی هەمەدان

*ئەوەی بەرگری لە نیشتمان دەکا*
*توانایەکی بێ بڕانەوەی هەیە.*

لەسامەڕا پیاوانی ((زێڕ)) و ((زیو)) لەشادیدا نقووم ببوون. ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم قشونی خوڕەمیانی تێکشاند بوو. ئەم هەواڵە بەخێرایی لەسەراسەری قەڵەمڕەوی خەلافەت بلاّوببۆوە. دۆست و دوژمن زمانی ستایشیان بۆ موعتەسەم کردبۆوە. شاعیرانی جیرە خۆر، شیعری بەرز و بالاّیان دەهۆنیەوە.

موعتەسەم کە بەسەرکەوتنی هەمەدان سەرمەست بوو، لەسەر ڕێبازی باوکی دەستی کردبوو بە هەڵڕشتن و بەخشیش دابەشینەوە هارون دەیکوت: ((فەرمانڕەوا دەبێ دەست ئاوەلاّو بەخشندە بێ ئەگەر نا، لەناو خەڵکدا ناوبانگ و حورمەتێکی نابێ.)) موعتەسەم لەسەر وەسیەتی باوکی دەرگای خەزێنەکانی ئاوەلاّکردبۆوە. ئەو بەمشت درهەم و دیناری هەڵدەدایە ناو کۆشی ئەو شاعیر و گۆرانی بێژانەکە لە ستایشی ئەودا شیعریان دەخوێندەوە و سروودیان دەکوت)) نەرم و نیانی و میهرەبانی کردبووە سەرمەشقی خۆی و دەیکوت: ((من غولامی غولامانم حەزدەکەم غولامەکانیش بڕۆن ببنە خاوەن ماڵ و ژیانی خۆیان و بەئازادی بژین.)) خەلیفە چەند هەزار کۆیلەی ئازاد کرد.

خەلیفە پاش داگیر کردنی هەمەدان، عەزیمەتی خۆی لەسەر لەناوبردنی بابەك چڕکردبۆوە. بۆ ساتێکیش ناوی بابەك لەسەر زمانی دوور نەدەکەوتەوە. ئەو، شەو و ڕۆژ لەو خەیاڵەدابوو چۆن بەسەر خوڕەمیان زاڵببێت و بەتەواوی ئەوان لەبەین ببا. ورەی قشونی خەلیفە کە

جارەهای جار گورزی بابەکیان پێکەوتبوو و تێکشکانیان بەدەستی خواردبوو، ئێستا یەکجار باش بوو. ئەوان لەمەودای چەند پێیەك دوور ، خۆیان لە خاڵی سەرکەوتن دەبینی و داواکاری فەرمانی درێژە پێدانی هێرش بوون. بەڵام داواکارییەکانی ئەوان نەچووە نێو مەیدانی جێبەجێ کردنەوە. هەواڵی کۆتایی کە لە بێزانتەوە وەرگیرابوو. موعتەسەمی نیگەران کردبوو. ئەو، ئیسحاق، سەرداری خۆی ، بەپەلە لەهەمەدانەوە بانگ کردبۆوە: ((ڕێگای بێزانت بگرە بەر. تالێك ترازانێك نەهاتۆتە پێشەوە ، ئیشی تیوفیل ببینە!))

پاش روداوی هەمەدان، نیوەی جەنگاوەرانی بابەك کە گیانیان بەسەلامەتی دەربازکردبوو، بەرەو بێزانت، و نیوەی تریشیان بەرەو موغان چووبوون. بابەك - هەرچەند لە تورەییدا خۆی دەخواردەوە— بەڵام لەسەر زەوینی زێدگاو بناری چیا سەختەکاندا خۆی بە بەهێز و لەشکان نەهاتوو هەستپێدەکرد: ((بۆ نەبەردەکانی داهاتوو، دەبێ ئەلێرە هێز ساز بدەم. گەورە پیاوان و ئەشرافانی ئێرانیم تاقیکردەوە. ئەوان لە خەیاڵی زیندوو کردنەوەی پاشایەتی دان و هاوڕێیەتی ئەوان لەگەڵ مندا تەنیاو تەنیا بۆ ئەم مەرامەیە. ناکرێ ئومێدی زۆر بەگوندنشینانی وابەستە ببەسترێ.ئەوان لەو باوەڕەدانین جارێکی دیکە من بتوانم پشتم ڕاستبکەمەوە و ئیدی پەنجە لە پەنجەی قشونی سەرکەوتووی خەلیفە بدەم. بەڵام بەهەڵەدا چوون! بابەك سەر بۆ ئەو نەنگییە شۆر ناکا کە بێگانان بتوانن خەڵکی ئەم سەرزەوینە بە کۆیلە ڕاکێشن. یەك رۆژ ئازادی بەچڵ ساڵ ژیانی کۆیلەیی هەیە!))

کە سەری بیرەوەری تاڵی تێکشکان ، یەك سات بابەکی بەرنەدەدا. سوپاییانی بابەك لە نێوان درێژەدان بەخزمەت لە ئوردوگاو، گەڕانەوە بۆ ناو گوند و سەر ماڵ و ژیانی خۆیان دوو دڵ بوون. دوژمنان وایان پڕوپاگەندە بلاّوکردبۆوە کە بابەك خۆشی لەگەڵ جەنگاوەرانی بۆ بێزانت هەلاّتووە.

خەلیفە لە خەیاڵی پەلاماردانێکی چارەنووسسازدابوو. لەسامەڕا دەیانکوت خەلیفە بۆ یەکلاکردنەوەی کاری بابەك و رزگار بوون لە شەڕی خوڕەمیان بڕیاریداوە پاشماوەی ئیشەکەی ئیسحاق و فەرماندەیی سوپا بەهەموو دەسەلاّتێکەوە بە ئەفشین بسپێرێ. دەرباریان دەیانکوت مەئمون بە براکەی کوتبوو کە جگە لە ئەفشین کەسی دیکە ناتوانێ لە عۆدەی بابەك بێت.

((ئاسن دەبێ بە ئاسن بکوترێ)).

ئەگەری گەیشتنی ئەفشین بە پلەی سوپا سالاری مایەی ئالۆز بوونی عەبدوڵلاّی کوڕی تاهیر — والی خوراسان — بوو. دەیانکوت خەلیفە بەڵێنی بە ئەفشین داوە ئەگەر کاری بابەك



یەکلا بکاتەوە، ویلایەتی خوراسان بەو دەسپێرێ عەبدوڵلاّی کوڕی تاهیر لەپاداشی جیاکردنەوەی سەری ئەمین، بەفەرمانڕەوایی خوراسان گەیشتبوو، چاوی بەرایی نەدەدا لەبارەی خوراسانەوە بگرەو بەردەی لەمبابەتە بەڕێوە بچێ. بەڵام لەنێو دەرباری سەرەڕۆدا بە بەردەوامی مامەڵەی لەم بابەتە لە ئارادابوو، دوێنێ بەغدا بوو ئەمڕۆ سامەڕا و سبەی جێگایەکی دیکە. کێشمە کێشم و یەکێك بەقوربانی ئەوی دیکەکردن لەناخی ئەم جۆرە دامەزراوانەدا لەتروپکی دایە. لەنێو دەرباری موعتەسەم دا کێشمەکێشمێکی کە بەرپا ببوو، توندوتیژ تر بوو وەك لەوەی لەناو کۆشکی زێڕینی هاروندا بوو. ئێستا چەندین سەرە جەمسەری دەسەلاّت، لەدژی یەکتر فیتنەیان دەگێڕا. یەکگرتوویی لەنێوان گەورە پیاوانی ئێرانی کەلەنێو دەربار‌دا بوون، جێگای خۆی دابوو بە دووڕوویی و دوژمنایەتی. هەندێکیان داژدارییان لە ئەفشین و هەندێکی تر لە عەبدوڵلاّو دەستەیەکی تریان خوازیاری ئیسحاق بوون. سەرە جەمسەرەکانی دەسەلاّت هەر بەوانە کۆتایی نەدەهات. ((بەغای گەورە)) تورکەکانی لەدەوری خۆی کۆکردبۆوە، و هاتبووە ناو کۆڕی کێشمەکێشمەوە ئامانجی ئەو گەیشتن بە پلەی سوپاسالاری و کێ بەرکێ کردن لەگەڵ ئەفشین بوو. لەنێو دەرباردا کەس بەکەس نەبوو. کاتێك وەزعیەتێکی ئاوا بەسەر جێگایەکدا فەرمانڕەوا بێ، هەمووان لەیەکتری دەترسن. هەر کەس دەبێ بە چوارچاو ئاگاداربێ تا لەپشتەوەڕا خەنجەری لێنەدرێ. پاشانیش ئەوپەڕی لە جێی خۆیدا بوو کە دیسانەوە دەربارییان گەردی ئەڵماس و ژەهرییان پێبێ. بازاڕی پیلانگێڕی و قسەهێنان و بردن گەرم بوو.

کێشمەکێشمەکانی نێو دەربار بەدڵی موعتەسەم بوو، ((پێگەکانی تەختی فەرمانڕەوایی لە کەش و هەوای نیفاق ئامێزدا بەپایەداری دەمێنێتەوە!))

موعتەسەم لەلای بێزانتەوە نیگەران بوو. ئێستا کە کۆڵەمشتی خۆی لە بابەك دابوو-بەشێك لە سوپای خۆی لەئازەربایجانەوە بەنهێنی پاشەکشێ پێدەکرد و بەرەو سەر تخوبەکانی بێزانتی بەڕێدەکرد. بەڵام بەردەوام بیرۆکەی سەرکوتکردنی تەواوی خوڕەمیانی لەنێو کەللەی دا بو. لەسەر ئەو بنەمایە ئەبو سەعید محەمەدی ڕاسپارد تا بیناکان و قەلاّکان و قایمەکارییەکان و پردە وێران بووەکان دووبارە بنیات بنێتەوە بۆ ئەوەی دووبارە بگەڕێتەوە سەر سەری بابەك.

بەڵام ئەبو سەعید نەیتوانی لەعۆدەی بابەکی ڕق داگیرساو بێ و خوڕەمیان سێ جار لەسەر یەك قشونی ئەبو سەعیدیان تێکشکاند.

دووبارە ناو و دەنگی پڵنگی چیاکان بەسەراسەری قەڵەمڕەوی خەلافەتدا دەنگی دابۆوە. لەهەموو جێگایەك قسە لەسەر بابەك دەکرا. هەواداران دووبارە بۆ بابەك خرۆشابوون.

گوندنشینانی وابەستە دووبارە بۆ یارمەتیدانی بابەك وەپەلە کەوتن. تیوفیل ئەویش بەبیستنی هەواڵی سەرکەوتنی بابەك خۆشحاڵ بوو.

بابەك چەند باڵوێزی بۆ ((عاموریە)) پایتەختی بێزانتی ڕۆژهەڵات بەرێ کرد: ((خەلیفە هەرچی لەشکرو سەر لەشکری هەبووو بۆ جەنگی منی نارد. ئێستا کاری وی بەجێ یەك گەیشتووە کە ناچار بووە بەرگدرووی خۆی جەعفەری کوڕی دینارو چێشتلێنەرەکەی خۆی ((ئیتاخ))ی بۆ جەنگی من ناردووە. کاتی ئەوەیە کە تۆ بەرەو موعتەسەم بەڕاکردن هەڵمەت بەری. کەس لەبەر دەرگای ئەو نەماوە. ئەو ناتوانێ سوپای خۆی کە لەئازەربایجان گیری خواردووە بۆ سەر سنوورەکانی ڕۆم بەرێ بکا. منیش دووبارە بەرەو هەمەدان دەچم. ئێمە بەرێك کەوتن دەتوانین سامەڕا بگرین و تاج لەسەری موعتەسەم دابگرین.))

سەرەنجام لەنێوان بابەك و ئیمپراتۆردا ڕێك کەوتن گرێدرا. بابەك بۆ گەیشتن بەئامانجی پیرۆزی خۆی —بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان و خەڵکی خۆی لەدیلی و کۆیلەتی- شمشێری مەردایەتی تێکەڵ بە تەگبیر کردبوو. ئایا تاجی گوڵی خواوەندی سەرکەوتن بە نسیبی بێزانت دەبوو؟

تیوفیل لەقەڵەمڕەوی خۆی سەربازگیری گشتی ڕاگەیاند. ئەو بەسوپایەکی سەدو پەنجا هەزار نەفەری لەسنوور تێپەڕی و ڕووی کردە سوریا. هێزەکانی پاسەوانی سنووری خەلیفە، نەیانتوانی پێش بەم هێرشە بگرن و بێزانتییەکان بەسووتاندنی دێهات و شارەکان پێشڕەوییان بەرەو سنووری قەڵەمڕەوی خەلافەت درێژە پێدا. ئیمپراتۆر تیوفیل ئەسیرێکی زۆری گرت. ئەوانی بۆ پایتەختی خۆی بەرێکرد... بەڵام هێرشی ئیمپراتۆر ئەوەندەی درێژە نەکێشا. قشونێکی جەنگاوەر کە لەتورکان و ئارەزوومەندانی ژێر فەرمانی ئەفشین پێکهاتبوون، پاشەکشەی بەبێزانتی یەکان کرد. سەرەتا لەسەر زەوینەکانی خەلافەت و پاشان لەسەر زەوینەکانی ئیمپراتۆریدا کۆمەڵە جەنگێکی خوێناوی ڕوویاندا و بێزانتییەکان جەنگیان دۆڕاند. سەربازانی ئەفشین تەنانەت جارێکیان خودی تیوفیلیشیان گەمارۆدا، بەڵام دژە هێرشێك لەلایەن ئەو ئێرانیانەی- کەلەژێر فەرماندەیی ((تیوفوپ)) دا بوون- ئیمپراتۆریان لەدیلی و مەرگ ڕزگار کرد.

تیوفوپ یەکێك لەشازادەکانی ئێرانی بوو کە لەئێرانەوە هەڵاتبوو و بەنهێنی لەبێزانت دەژیا. هەموو ئێرانیانی ناڕازی لە عەباسیان لەدەوری ئەو کۆببوونەوە. تەنانەت هەڵاتووەکانی جەنگی هەمەدانیش کەوتبوونە ژێر فەرمانی ئەو. ئەو ڕاهێنانی تەواوی بەسوپاکەی ژێر



دەسەڵاتی خۆی کردبوو. ئەگەر تیوفوپ نەبوایە، ئەفشین پاش ئاگر تێبەردانی عاموریە، دەیتوانی تا قوستەنتینییە پێشڕەوی بکا.

سێبەری بابەك بەجۆرێك بەسەر قەڵەمڕەوی خەلافەتدا سێبەری دادا بوو کە دەیانکوت بابەك تیوفیلی ڕزگار کردووە.

بەڵام سەرباری هەوڵەکانی تیوفوپ و سەر لەشکرەکانی دیکە، ئەفشین بەسەر بێزانتی یەکاندا سەرکەوت و خوێنێکی زۆری لەسەر خاکی بێزانت ڕشت. نامەگەلی ڕەشی پڕ زێدەڕۆیی لەئەفشینەوە دەگەیشتە موعتەسەم. موعتەسەم لەوەی کە جەنگی بێزانت درێژەی نەکێشا خۆشحاڵ بوو. ئێستا ئەو دەیتوانی هەموو هێزەکانی خۆی بۆ سۆراخی بابەك ڕەوانە بکا.

بەڵام ئەو کارە هێندەش بەپێی ئارەزووەکانی موعتەسەم نەچووە سەر. دوژمنایەتی لەنێوان ئەشرافانی ئێرانیدا. درێژەی بەجەنگی بابەك کێشا. ئەفشین کەئێستا بەناونیشانی سوپاسالار بۆ ئازەربایجان بەرێ کرابوو، بۆ خەلیفەی نوسی: ((گرتنی بابەك و دەست بەسەرداگرتنی قەڵای بز بەو ئاسانییە نایەتە دی!))

ئەفشین چ مەرامێکی هەبووو؟ دەیویست بەپێو دانێکی پێوانەکراو و کێشانەکراو بجوڵێتەوە؟ دەیویست بایەخی کارەکە لای موعتەسەم دەربخا؟ یان وەکو دەنگۆ بوو دەیویست لەئازەربایجان لەگەڵ بابەك و لە تەبەرستان لەگەڵ مازیاردا سات و سەودا بکاو ئینجا یەکسەرە حسابی خۆی لەگەڵ موعتەسەمدا یەکلا بکاتەوە؟!

...لەنێو دڵی بەفرو سەهۆڵ بەنداندا ئاوی گەرم قوڵپ دەدا! دەکرێ ئەو سەر زەوینە موڵکی من بێ؟! بەخۆڕایی نەبوو زبێدەخاتون گیانی خۆی لەپێناوی ئازەربایجاندا دادەنا. موعتەسەم دەیەوێ من بەویلایەتی ئەلجەبەل فریوبدا! ئەو چی بەدانیشتوانی خۆی داوە و چی دەداتە من! بابەك هەقیەتی ئاوا سەر سەختانە بەرگری لەو گەوهەرە دەکا...

بیست ساڵ بوو بابەك و هاوەڵانی لە پەناچیا بەئاسماندا چووەکاندا، سەر بەرزانە جەنگی بوون و چۆکیان بەچەندین فەرماندە دادابوو. ئێستا ئەفشین پتر لە ساڵێك بوو کە بەسەد هەزار سوپاییەوە، شەو و ڕۆژ خەونی بە سەرکەوتنەوە دەبینی. ئەگەر محەمەد کوڕی بەعیس پاسەوانی پێشوی قەڵای بز ڕێگای خیانەتی نەگرتبایە پێش و نەدەچووە ناو سوپای خەلیفەوە، پێی ئەفشین تەنانەت بەلێوارەکانی قەرەسو و چناری پیر باباش نەدەگەیشت.

ئەفشین سەر لەشکرێك بوو بە تەگبیر و فێڵاوی. هەموو لایەن و ئاراستەکانی هەر پەلامارێکی لەپێشەوە هەڵدەسەنگاند و پاشان محەمەدی دەخستە پێشەوە و لەپشتی ئەو ئینجا

سوپای خۆی بەڕێ دەخست. **محەمەد** هەموو گوزەرگاکان و پردەکان و هەوراز و نشێوەکانی دەناسی و لەحاڵی کەوتنە ناو تەنگانە و هەلاکەتەوە، دەیزانی لە چ ڕێگایەکەوە سوپا ڕزگار دەکا. ئایا **محەمەد** دەتوانێ تۆڵەی عیشقی کلدانیە لە بابەك وەربگرێ. خەیاڵی **محەمەدی** کینەخۆر و پایەپەرست ئەوەبوو کە هەم تۆڵە بستێنێ و هەم پارە و دەسەڵاتی دەستبکەوێ. ئەو قشونی ئەفشینی بەڕێگاوبان و لاڕێی وادا بۆ چیاکان دەبرد کە تەنانەت زۆر لەکەسانی بابەکیش پێیان نەدەزانی.

... سەرەڕای هەموو ئەمانە، هێمان ئەفشین بەئارەزووی خۆی نەگەیشتبوو. هێشتا مەترسی زۆر لەسەر ڕێگابوون. هەموو کۆششەکانی وی لەسەر ئەو ڕێگایانە چڕ دەبوونەوە کە بەرەو بز کۆتاییان دەهات. ئەو، نەخشەی دەکێشا، هەموو نەخشەکانی بۆ خەلیفە دەناردو داوای سەرنج و ڕەزامەندی ئەوی دەکرد. سەربازەکانیشی بێکار نەبوون. شەو و ڕۆژ خەندەقیان هەڵدەکەند و سەنگەریان لێدەدا و حەساریان بەرز دەکردەوە. لەنێوان پردی بەردین و بیلال ئاباد زنجیرەیەك خەندەقیان هەڵکەندبوو.



## (٤٠)

## دیداری ئەفشین و بابەك

*بەوە بڵێین کە سەرگەرمی*
*کاری خۆیەتی، با*
*زیاتر ئاگای لەدوژمن بێ.*
***ئەبو شکور ئیلجی***

شەڕەکانی ساڵی ٢٢٢ موعتەسەمیان هیچ خۆشحاڵ نەدەکرد. کاری بابەك سەر لەنوێ بەرەو بەرزی هەڵکشابوو. خوڕەمیان لەچیاکان و ملەکاندا، لە گەرووەکان و گوزەرگاکانی دەور و پشتی بز کەمینیان دەنایەوە و دەستیان بە پەلاماری غافڵ گیرانە کردبوو. خەلیفە بەڕادەیەك لەکەوڵی خۆی هاتبووە دەرێ کەدەیویست بۆ خۆی بچێتە ئازەربایجان و فەرماندەیی قشون بەئەستۆی خۆیەوە بگرێ، ((دەبێ بیر لە تەگبیرێکی دیکە بۆ ئەو کافرە بکرێتەوە!))

دەرباریان، پێشگیرییان لەچوونی موعتەسەم بۆ بەرەکانی شەڕ دەکرد. خەلیفە فەرمانی بە ئەفشین دابوو کە سوارانی بنەجێ بووی تورك لە ئەردەبیلەوە بەرەو بەرەی شەڕ بەڕێ بکا.

بەهاری سەر لەزووی ئەو ساڵە بەکامی دڵی ئەفشین بوو. هێشتا چەند ڕۆژی لەزستان مابوو کەتەشقی سەرما شکاو هەوا بەرەو گەرمی دەیکێشا. هێزەکانی ژێر فەرمانی ئەفشین بەگەیشتنی سەربازانی تورك لە ئەردەبیلەوە، ورەیەکی تازەیان وەبەردا هاتبوو. لەلێواری پردی بەردینی قەرەسو لە مەودایەکی نە ئەوەندەش دوور لەبز، خێوەتیان هەڵدابوون.

جاری وابوو باران دەباری و جاریش وابوو با، هەورەکانی لەپێش خۆر وەلاوە دەنا. بەفری سەر دوندی چیا سەر بەتەم و مژەکان، هێدی هێدی دەتوایەوە. بەفراوەکان بەداوێنی چیاکان و

سەر بەردەکانەوە سەر بەرەو خوار دەبوونەوە و تێکەڵاو بەیەکتر دەبوون و لێشاو هەڵدەستاو دەڕژایە ناو ڕۆگەی ڕووباری قەرەسو. لەپێچی هەر دۆڵێکدا جۆرە گوڵاوێك بۆنی هەڵدەستاو بناری هەر چیایەك بەڕەنگێك خۆی دەنواند، یەکپارچە گوڵ و گوڵاو و جوانی بوون. ئەو عەرەبانە کە بای سوتێنەری لمستانی خۆیان لەشیانی تاوەسووت کردبوو، ئەو تورکانەی کە لەژێر ئازاری لمی بیابانەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا، گیانیان هاتبووە سەر لێویان و ڕەش پێستانی ئەفریقایی، لە سەیرانی سروشتی ئەفسوناوی ئەو سەرزەوینەدا نقووم بووبوون. ئەفشین بەخۆی دەکوت: ((من سەرزەوینگەلێکی زۆرم دیوە بەڵام هەرگیز هیچ جێگایەکم وەکو ئێرە جوان نەدیوە، خەڵکی ئەم زێدە لەپیری بەدوورن.

ئەفشین هەر ساتێك چاوی بەڕێگای هێرشی بابەکەوە بوو. بەڵام بابەك لە قەڵای بز سوپای خۆی ڕابەری دەکرد. ئەو لەپەی ئەوەدا نەبوو هێرش بکا. نەخشەی ئەو. وەتەنگ هێنانی دوژمن بوو. لەسەر ئەو بنەمایە لەشەوانی تاریك و تەماویدا، دەستەگەلی دەناردن تا لەغەفڵەتی شەودا لە دوژمن بدەن.

زیانی سوپای خەلیفە زۆر بوو و پێشڕەوی کردنیشی کەم. ئەفشین لەدڵەوە لەبابەك دەترساو لەخوای دەویست ڕوداوێك بێتە پێشەوە و پرسی هێرشکردن بۆ سەر قەڵا وەپاش بکەوێ.

بابەك پاش کارەساتی هەمەدان توڕەبوو و هەوڵی دەدا هەر جوولانەوەیەك بەوردی هەڵبسەنگێنێ ئەو باوەڕی وابوو کە ئەم جارە ڕێگای هەر چەشنە هەڵەیەك هەر چەندە بچووکیش بێ — ببەستێ. پاش هەر سەرکەوتنێك دەنگی نای و قیسارەو ((کەمانچە)) لەقەڵادا دەکەوتە بەر گوێ.

چیای حەستەم و بێ بوار و سەر بەئاسماندا چوو ترسی دەخستە نێو دڵی ئەفشینەوە. ئەفشین دەرکی بەوە کردبوو کە بابەك نە —عەبدوس- ڕابەری شۆڕشگێڕانی میسر- ەو نە سزار و نە تیوفۆبە کە لەبێزانت لاف و گەزافی لێدەدا.

موعتەسەم ئارام و ئۆقرەی لەبەر هەڵگیرابوو. هەرجارێك نامەی پەڕسوور لەئەفشینەوە دەهات و هەواڵێکی ناسازی بەرگوێ دەکەوت، تەندروستی خۆی لەدەست دەداو لەجێدا دەکەوت. لەو حاڵانەدا کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد کە لە خەلیفە نزیك ببێتەوە.

سەرەنجام ئەفشین بەو ئاکامە گەیشت کە بۆ دەستگیرکردنی بابەك جگە لە داونانەوە هیچ ڕێگایەکی دیکەی نییە. ئێستا ئەو ئەنجامگیرییەی کردبوو کە بەسەد هەزار لەشکرەوە کارێك ناچێتە پێشەوە. دەبێ درهەم و دینار لەکار بێنێ و جاسوسانی زۆر بخاتە کارەوە. لەهەمان



حاڵدا لە هەنگاونان بۆ هەر فریوو و تەفرەدانێك ڕووی وەرنەدەگێڕا. ئەو، پڕو پاگەندەی بڵاو کردبۆوە کە کاروانێك ئازوخە و خواردنی جەنگی، و کاروانێکی زۆری درهەم و دینار لەهەمەدانەوە ڕەوانەی بیلال ئاباد کراوە.

جاسووسان ئەم هەواڵەیان بە بابەك دابوو ئەفشین وای بیردەکردەوە کە بابەك بۆ دەستگیرکردنی بارەکانی ئەم کاروانە لەبز دێتە خوارێ و ئەمەش دەرفەتێك دەبێ بۆ دەسگیرکردنی خۆی. بەو پێیە بەڕێنوێنی محەمەدی کوڕی بەعیس لەدەشتی سوور کەمینیان لێدابوو تا ئیشی بابەك ببینن.

بەڵام بابەك هەموو هەواڵێکی قبوولنەدەکردو هەر دەنگوباسێکی لەهەموو لایەکەوە هەڵدەسەنگاند. بەزوویی تێگەیشت ئەو دوو کاروانەی کە لەهەمەدانەوە ڕەوانەی بیلال ئاباد کراون هەردووکیان ساختەن و سۆراخێك لە درهەم و دینار لەئارادا نییە.

کاتێك تیری ئەفشین لە ئامانجی خۆی سەری کرد، بەسەر سەری محەمەددا نەڕاندی: ((کوا بابەك؟ ئەی نەتکوت بابەك بەس گوێی لەزرینگە زرینگی سکە بێ لەقەڵا دێتە خوارێ؟...))

ئەفشین دەیزانی کەلەنێو بەردەڵان و چیاکاندا خەنیمی بابەك نییە. وای بەحاڵی ئەگەر تا زستان دادێ نەتوانێ کارێك بکا!

...زستان هات و بوخچەی پڕ لە بەفری خۆی بەسەر سەری چیاکاندا هەڵڕشت. ڕێگاکان بەستران و پەیوەندی هێزەکانی ئەفشین بەسامەڕا پچڕا. برسێتی لەنێو ئوردوگادا دادو بێدادی دەکردو سەرما، سەرو سەودایەکی ناسازی لەگەڵ میوانانی ناوەختدا هەبووو. لەو سەروبەندەدا بابەك چەندین خەروار خواردنی لەئەمباری خۆی بۆ لەشکریانی ئەفشین ناردو پەیامی دایە، ((ئێوە میوانی ئێمەن!)) ئایا ئەمە لەڕەوشتی پاکی چیایی و مەردایەتی بابەکەوە بوو یان وەکو ئەفشین گومانی دەکرد، بابەك ویستبوی بەو هۆیەوە ژمارەی سوپاییانی ئەفشین مەزندە بکا! بە هەرحاڵ برسێتی و سەرما بوو. سوپاییان ئەوەندە وەتەنگ هاتبوون کە بەئاشکرا بەدگۆییان بەرامبەر بەئەفشین دەکرد:

- بۆچی بۆ دەستپێکردنی شەڕ ئەم هەمووە ئەم دەست و ئەو دەستمان پێ دەکا؟ با ئێمە بۆ شەڕ بنێرێ یان کاری بابەك یەکلا دەکەینەوە یان خۆمان بەکوشت دەدەین!

دووبارە پروپاگەندەی سات و سەودا کردنی ئەفشین لەگەڵ بابەك کەوتبووەوە سەر زارو زمانان:

- ئەفشین خۆی بەبابەك فرۆشتوەو دەیەوێ قشونی خەلیفە بەرەو نابووت بوون ببا.
- ئەفشین موسڵمان نییە. خۆی بەموسڵمانی پیشاندەدا. دەڵێن یەك باری وشتر کتێبی پێیە و هەموشی کتێبی مەجوسی و مەزدەکییە! کتێبی مەزدەك و کلیلە و دیمنەیان لەنێو کتێبەکاندا دیوە.

ئەفشین لەتەواوی ئەم گفتوگۆیانەدا ئاگادار دەکرا. ڕۆژێك دەمی بەیانی فەرمانیدا زەنگی کۆبوونەوە لێبدەن و بەیداخ هەڵدەن. سوپا لەلێواری قەرەسو گردبۆوە. ڕووبار شەختەی بەستبوو. بەلاّم ئاهەنگێکی دڵپەسند لەژێر سەهۆڵەوە هەواڵی لە ژیان، لەڕەوتی ژیان دەدا.

ئەفشین ڕووی لە سەرلەشکران و جەنگاوەرانی کرد و کوتی:

- لەو باوەڕەدام نابێ بێ لێکدانەوە کارێك ئەنجامبدرێ، بێبیرکردنەوە سەرکردن بەلانەی شێردا و پەنجە ڕاکردن بە شارە زەردەواڵەدا، بەکارێکی دوور لەژیری دەزانم. بیستومە هەندێك کەس چاوەڕێ کردنی من بەکارێکی پەسند نازانن، هەر کەسێك بە پەلەیە، هەرکەسێك بۆ مەرگ پەلەیەتی، ئەوە ئەرز و ئەوە گەز، من نەهەر تەنیا بەربەستی ناکەم بەڵکو بۆ هەر کەسێك پێنج سەد درهەمیشی پاداش دەدەمێ. بۆ هەر کەسێکیش پیاوەتی و لەخۆبوردنێکی شایستە پیشانبدا، هەزار درهەمی بەخشیش دەدەمێ.

زۆر لەجەنگاوەرانی کرێگرتە شمشێری خۆیان هەڵکێشاو ئامادەیی خۆیان پیشاندا... تەپڵەکان لێدران و هێرش بۆ سەر بز دەستپێکرد! بەلاّم هێرش زۆری نەخایاند. خوڕەمیان لەکەمینگاکانی خۆیان دەرپەڕینە دەرێ و بە نەعرەتە کێشانەوە و هەڵۆئاسا دەهاتنە سەر سەریان و دەستی زۆر لەوانیان بۆ وەرگرتنی دینار و درهەم بڕی. ژمارەیەکی کەم لەوان توانیان لەگوزەرگاکان و گەرووە مەرگهێنەکاندا گیانیان بەساغی دەربکەن و تەنیا دەسکەوتێکی کەبەدەستیان هێنا، ئەسیرێك بوو کە لەگەڵ خۆیاندا هێنایانەوە بۆ ئوردوگا. محەمەد کوڕی بەعیس هەر لەیەکەم نیگادا ئەوی ناسییەوە:

- ئەمە ئازەر کوڕی بابەکە!

ئەفشین دووبارە قشونی لەیەك جێگادا کۆکردەوە و کوتی:

- خۆتان بەچاوی خۆتان دیتان کە جەنگ لەگەڵ بابەك کارێکی بچووك نییە! دیسانەوە ئەگەر کەسێك هەیە کە لاف و گەزاف لێدەدا، بابێتە پێشەوە! من دیسانەوە دەڵێم، دەبێ بەدوای دەرفەتێکدا بگەڕێین. هەر کەسێکیش کە دەیەوێ ئورد و بەجێ بێڵێ ڕێگا کراوەیە و جادەیەکی بەر ئاوەلاّیە لێرە پێویستیمان بەکەسانێك نییە کەخەریکی لاوازکردنی فەرماندەیین... ئەمیرول موئمنین پەیامی ناردووە کە سەد هەزار سوپایی دیکە بەڕێ دەکا...

ئەفشین بە ئەنقەست درێژەی بەجەنگ دەداو لەدان و سەندن لەگەڵ بابەکدا بە ڕێکەوتنێکی دڵخواز نەدەگەیشت. لەهەمان کاتدا بۆ ئەوەی بەدگومانی خەلیفە لەبەرامبەر ویدا ڕیشاڵی لێپەیدا نەبن، بۆ موعتەسەمی دەنووسی: ((نارەزایی ناو ئوردوو خەلیفە نیگەران نەکا. لەسەر قاڵکردنێکی



بچووك کە لەلایەن چەند بەدکارێکی هەلپەرستەوەیە، شتێکی دیکە نییە و ڕۆژان بە قازانجی ئێمە دەڕۆنە پێشەوە. ئەمیرول موئمنین بایەقینی هەبێ کە لەهەموو کەسێك زیاتر بەپەلەم کاری بابەك بەکۆتایی بێ و لەبەردەمی خەلیفەدا سەرفراز ببم. ماوەیەکە دانکە ڕۆدەکەم تا بتوانم بابەك بەرەو دەشتایی ڕاکێشم. ئەو پاش جەنگی هەمەدان لەڕووبەڕوو بوونەوە لەسەر زەوینی تەختایی خۆی دەبوێرێ. مژدە بە ئەمیرول موئمنین دەدەم کە ئازەری کوڕی بابەکمان بەدیل گرتووە...)) ئەفشین لەنامەکەی دا ، لەبارەی ئەوە کە بابەك پەیامی ناردبوو، ((ئەوەی بە دیلی بکەوێتە دەستی دوژمن ، کوڕی من نییە)) هیچی بۆ خەلیفە نەنوسی بوو.

موعتەسەم لەوەی کە لەبەرەی شەڕدا دەگوزەرا بەباشی ئاگادار بوو. تەنانەت جارێك هەواڵیان دابوویە کە ئەفشین جارێك لەگەڵ بابەکدا دیدەنی کردووەو دان و سەندنی کردووە، ((ئەو کەللەپووتە بەددینە ئارەزووی زیندوکردنەوەی پاشایەتی ساسانی لە مۆژەی خۆیدا دەگەشێنێتەوە. پاش بابەك نۆرەی ئەم ئاژاوەگێڕە تەبەرستانییەیە. سەرەنجام دەبێ حساب بۆ خودی ئەفشین بکەم. ئێستا دەبێ سەری مار بەدەستی دوژمن پان بکرێتەوە...))

سەرەنجام نامەی خەلیفە گەیشتە دەستی ئەفشین. نەخشەکانی ئەفشین بۆ هێرش پەسەندکرابوون و بەزاراوەیەکی دنە ئامێز ئاوا بۆی نوسرابوو: ((بەهەمان ئەو ئەندازەیەی کە خەندەق لێدراون بابەس بێ و جەنگ دەست پێ بکە. وا مەزانە من و سوپای من واز لە بابەك دەهێنین. تا بابەك بەروح زیندووە دەستی لێ هەڵمەگرە. جگە لەوە کارێکی دیکەت نییە. بەئیتاخدا دەخەروار دڕکی ئاسنم بۆ ناردی، لەشکر لەهەر جێ یەك ئودووی خست تیر هاوێژان لە پێشی لەشکر دابنێ و لەهەر جێیەك دامەزرای لە دەور و بەری خۆت دڕکی ئاسنین بڕێژە تا لە لێدانی غەفڵەتی شەو لە ئاماندابی.))

موعتەسەم لەنامەیەکی دیکەدا متمانەی تەواوی خۆی بەو پیشان دابوو: ((مادام بابەك زیندووە قشونی ژێر دەسەلاّتی تۆ بەهیچ شێوەیەك ناگێڕمەوە هەرچیش کە دەتەوێ لەژێر دەستتدا دایدەنێم. چەند کاری بابەك بەلامەوە مەترسیدارە ئەوەندەش ئەفشینی سوپاسالار لە لای من ئازیزە.))

((بایەخی ئەفشین ئەوەندە بەرزببۆوە کە جاری وا هەبووو فەرمانەکانی خەلیفەشی پشت گوێ دەخست. خەلیفە نوسی بووی کە هەوڵبدە سەهل کوڕی سەنبات، خودانی قەلاّی شکی بۆ لای خۆت ڕابکێشی تا دۆستە ئەرمەنییەکانی بابەك نەتوانن هاوکاری وی بکەن. بەلاّم ئەفشین بێ مۆلەتی خەلیفە لەشکر کێشی کردە سەر ئەرمەنستان و سەهلی خستە ژێر گوشاری هەڕەشەوە: ((لەگەڵ تیوفل سزاری ڕۆم پەیمانی دۆستایەتیت بەستووە ، ئێستا کە تیوفل دوژمنی ئەمیرۆل

موئمنینە، ئەم کارەی تۆ نیشانەی سەرە ڕۆییە ئومێدەوارم تا سەرت تێدا نەچووە ئەقڵت بێتەوە سەر خۆت!))

موعتەسەم کاتێك کە حکوومەتی.(جەبەل) ی بە ئەفشین سپارد، بەبێ گوێیی دادا کە ئەرمەنستانیش بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە تا دوای یەکلاکردنەوەی کاری بابەك ، ویلایەتگەلی دیکەش بخاتە ژێر فەرمانی وییەوە. ئەو مەشقی لەسەر فەرمانڕەوایی دەکرد، ((جارێ نەرێسراوە و بانەدراوە شەقەی دێ!)).

موعتەسەم نەیدەویست پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەرمەندا ئاڵۆز ببێ. ئەو بیری دەکردەوە کە ئازاردانی ئەرمەنەکان بیانوویەك دەداتە دەست سزار. لە هەمان کاتدا ئەو نیگەرانییەی لە بیری خۆیدا بەتەواوی وەلا نەنابوو کە لەوانەیە ئەفشین لەگەڵ بابەك پێکبێ و بەرێکەوتن بەرەو سامەڕا بێن، ((بنیادەمە شیری خاوی خواردووە، جێی متمانەی نییە!))

جەنگی خوێناوی و ماڵ کاولکەر درێژەی هەبووو. ئاورگای بیلال ئاباد لەگەڵ خاکدا یەکسان ببو. پەرستگای ئاناهیتا ئەویش شوێنەوارێکی لێ نەمابۆوە ئەفشین ئاداری بەسەر پاداری زێدگای بابەکەوە نەهێشتبوو. هەر کەس کە دەیتوانی چەك هەڵبگرێ دووبارە سەری بەچیاکانەوە نابوو. برومەند دوای گەڕانەوەی بابەك لەهەمەدان، هەموو ئەندامانی خێزانەکەی هەڵگرتبوو جێگای خۆیانی بەرەو بز گواستبۆوە.

جەنگ بەشێوەیەکی پەرت و بلاّو درێژەی هەبووو. جارێك خوڕەمیان سەردەکەوتن، جارێك سوپای خەلیفە. بەلاّم ئەو ڕۆژانە زیانێکی قورس بە سوپای ئەفشین کەوتبوو. لە سامەڕا ، بەغداد، خوراسان دەنگۆیان بلاّو کردبۆوە کە ئەفشین بەئەنقەست ملی سەربازانی خۆی بە تیغی بابەك دا دەهێنێ. ئەفشین و بابەك قەڵەمڕەوی خەلافەتیان بە نهێنی لە نێوان خۆیاندا دابەشکردووە. دەنگۆی دابەشکردنی خەلافەت ئەوەندەش بێ بناغە نەبوو. ئەفشین پێشنیاری دەکرد کە پاش ژێرەو ژورکردنی موعتەسەم و پێچانەوەی دەزگای خەلافەت ، پاشایەتی ساسانی دووبارە دابمەزرێنێتەوە و ویلایەتی ئازەربایجانیش دووبارە بە پێودانێکی پیشوو بێتە ناو قەڵەمڕەوی پاشایەتییەوە. بەلاّم بابەك داکۆکی لە سەربەخۆی ئازەربایجان دەکرد. ئەفشین بەهیچ شێوەیەك نەیدەتوانی چاو لە ئازەربایجان بپۆشێ.

ئەفشین سەرباری ئەوە دەترسا لە ئایندەدا بە خیانەت تۆمەتبار بکرێ، دەیویست جارێکی دیکە لەگەڵ خودی بابەکدا دیدەنی بکا. دەیویست بابەك بە قبوولکردنی پێشنیارەکانی خۆی رازی بکا.



نزیکی ڕۆژئاوا بوون بوو. ئەفشین لە ژێر چناری پیربابا چاوی بەرێی بابەکەوە بوو. هەوای دەشتی باران لێ باریو سییەکانی ئارام و دەلاواندەوە. پەلکە زێرینە لە بەرزایی چیادا بەسەد ڕەنگ خۆی دەنواند. لەلای ڕۆژئاوای ئاسمان گرمەی هەور دەکەوتە بەر گوێ. لافاو قوڕاوی و کەف بەسەر بەدەم هاشە هاشەوە بەرەو ئاراس لوولیان دەخوارد و تێکەلاّودەبوون.

.. ئەفشین لەپەنا چادری چناری گەورەدا بە پەرێشانییەوە ڕاوێچکەی دەکرد و چاوی لە دوراییە دووره دەستەکانەوە بڕیبوو، ((مانای دەکرێ کە نەیەت؟ هەر دێ. لەبەر خاتری کوڕەکەشی بێ هەردێ. پەیامم داوەتێ ئەگەر نەیەت ئازەر دەکوژم. کوڕەکەشیم ناچار کرد کە ئەمە لەنامەکەیدا بۆ باوکی بنوسێ...))

سێبەری چنار تاریك تر داهاتبوو سرووە بایەکی ئێوارە گەلاّکانی وەك باوەشێن دەلەراندەوە. دوایین تالّەکانی زەردی هەتاو کە لەئاسۆدا وەك ڕەنگی خوێن سوور هەڵگەڕابوون، بەنێوان لقەکانی دارەکەدا تێپەڕی کرد و بەناو ئاوی زولاّوی کانییەکە دەچوو خوارێ. لێوارەکانی کانی قەوزە گرتبووی. لەسەر قەوزەکە بۆقێکی گەورە بەدوو چاوی دەرپەڕیویەوە نیگایان لە خالێکی نەزانراو بڕی بوو. بۆقەکە ، ئەبوو عومرانی وەبیر ئەفشین هێنایەوە. ئەفشین بیستبووی کە ئەبو عومران لە فیلەتەنەکانی هارون بووە و سالاّنێك پێش بابەك سەری لەلەشی جیاکردۆتەوە، ((چ نارەسەنێکە ئەم بابەکە!)) پاش ئەویش چەندین سەرداری دیکەی خەلیفە لەبناری ئەو چیایانەدا گیانیان لەدەست دابوو. ناکا ئەویش بەدەستی بابەك بکوژرێ. نا، ئەو، قارەمانییەکی وێرا بەتەگبیر و فێڵبازی تێدایە، ((ئەوەی ئەم جارە سەری لەلەشی جیادەبێتەوە، بابەك دەبێ نەك من.)) بەلاّم وەگیر خستنی بابەك کارێکی ئاسان نییە!... ئەگەر لەسەر وادەی دیاریکراو نەیەی ، کوڕەکەت بەزیندوویی نابینییەوە!))

ئەفشین تالّەکانی سمێڵە تەنکەکەی دەجوی و قەبزەی شمشێرە بەگەوهەر نیشانە دیمەشقییەکەی کە موعتەسەم پێی بەخشیبوو، بەدەست ڕادەگوشی: ((هە... بانەیەت. من لەوانە نیم بێڵم لەقەڵەمڕەوی خەلافەتدا کەسێکی تر ببێتە هاوبەشی دەسەلاّت و ناوبانگم. چارەنووسی من لەگەڵ چارەنووسی بابەکدا لە دووتای تەرازوودا کەوتووە، یان دەبێ ئەو بمبێنێ یان من...))

ئەفشین بەردێکی گچکەی بەرەو لای بۆقەکە هاویشت. ئاوەکە شلّەقا. وێنەی ئەفشین لەنێو ئاوەکەدا لەرزی و شکا. ئەفشین دووبارە کەوتەوە ناو شەپۆلی خەیالّەکانی، ((بابەك وا خەیالّ دەکا کە من ئەبو عومران یا محەمەدی کوڕی حەمیدم. دەبێ پێی بسەلّمێنم من ژەهری هەلاهیلم!))ئاوی کانی دووبارە ساف بۆوە و ئەفشین لە وێنەی خۆی لە ناو ئاوی کانییەکەی ڕوانی. ئەو هیچ بڕێکی

جوانی تێدانەبوو. ڕوخساری دزێو ڕەشی هەتاو بردووی هەروەکو بنە کارگ دەچوو. ڕیشی بە جۆرێك بو کە هەر دەتکوت سەرتاش یەك چنگ مووی لە کلکی ئەسپ بڕیوە و بەچەناگە ئەستوورەکەیەوە نوساندووە. بەدەوری چاوەکانیدا ئەوەندە گۆشت شۆڕ ببۆوە کە پێڵوی چاوەکانی بەزەحمەت دەبینرا. سەری دەتکوت لە جیوە هەڵکێشراوە.

ئەفشین ئەگەر بە ڕوخساری خۆشی نا، بەڵام دەیتوانی بە بەدەنی بەهێز و قەڵافەتی بەرزییەوە شانازی بەخۆیەوە بکا، قەڵافەتی ئەو لەژێر زرێوە سامێکی هەبووو. ئەو زیاتر لە پەیکەرێکی لە بەرد داتاشراو دەچوو تا مرۆڤێکی زیندوو.

لەو کاتەدا دەنگی پێیەکی هاتە بەرگوێ. ئەفشین بەخێرایی گەڕایەوە. دەنگێك لە زرێی سنگییەوە هات. هەنگاوی گورج کردو بەرەو لای جادە چوو. ئەوی کە دەهات یەکێك لە یاوەرانی ئەفشین خۆی بوو.

– سەرداری گەورە! بابەك نامەکەی تۆ و ئامان نامەی ئەمیرول موئمنینی فڕێدا و کوتی: ((ئەم ئامان نامەیە بەکەڵکی ئەفشین دێ نەك من!))

ئەفشین لە تووڕەییدا بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە و ڕوخساری لە زرێیەوە:

– ئەوە لەسەر بابەك گران ڕادەوەستێ!

و بەرەو لەشکرگای خۆی گەڕایەوە و بێ دواکەوتن فەرمانیدا:

– ئاگاداری محەمەد کوڕی بەعیس بکەن بێتەلام کوڕەکەی بابەکیش بائامادەبێ.

ئەفشین لەنێو خیوەتی خۆیدا ڕاوێچکەی دەکرد و بیری دەکردەوە چۆن بابەك دەسگیر بکا جاری واش هەبووو دڵی بەحاڵی وی دەسووتا، ((داماوی نەزان! بۆچی دەتەوێ بەدەستی خۆت، خۆت بەکوشت بدەی؟ پشتت بەکێوە گەرمە؟ بە مشتێك خەڵکی ڕووت و بێ چەك یان بە کوردەکان؟! کوردانی هاوپەیمانت لەهەمەدان ژەهرێکی وایان نۆشیوە تا ماوەیەکی درێژ نەتوانن پشت ڕاستبکەنەوە! سەهلیش لە ترسی گیانی خۆی، زاتی ئەوە ناکا پێ بخاتە ئەم دیو ئاراسەوە! تۆ جگە لەخۆ بەدەستەوە دان چارەیەکی دیکەت نییە. خۆزگە ئەقڵت دەهاتەوە سەر خۆت. خۆزگە دەهاتییە ڕێگا. ئێمە دەمانتوانی پێکەوە ڕێکبکەوین. حەیف بۆ قارەمانێکی وەك تۆ! دایکان نموونەی وەك تۆیان کەمتر لێ دەبێ! حەیف!))



## (٤١)

## قارەمانێتی ئازەر

*لە هێلانەی هەڵۆیاندا*
*هەڵۆ چاو هەڵدەهێنن.*

ئەفشین ئۆردوی خۆی بۆ شاری ((بەرزەند)) لە لێواری ئاراس گواستبۆوە — سەر لەشکرەکان و سەرکردەکان سەربازانیان مەشق دەدا. بەشێك لە قشون هێشتا لە دەوروبەری قەڵای بز گیرۆدەی شەڕ بوو. ئەفشین لە بارەگای خۆی- لەپەنا چناری پیربابا- فەرمانی دەردەکرد. بە سەر سەری خیوەتەکەیەوە دوازدە بەیداخی ڕەش دەشەکانەوە دیوارێك لە شمشێر و گۆشت خیوەتی فەرماندەییان لەنێو خۆیان گرتبوو. بێ مۆڵەت ڕێگای چوونە نێو خیوەتیان بەهیچ کەسێك نەدەدا. ئەفشین هەروەکو پاشا ڕەفتاری دەکرد.

نێو خیوەت بەمافووری شێروان ڕازێنرابۆوە و تەختی زێڕین و گەوهەر بەندی فەرماندەیی بەسەر چەرمێکی سپییەوە دانرابوو...

ئەفشین لەسەر تەخت دانیشتبوو محەمەدی سەرەك جاسووس و ئازەریش لە لای ڕاوەستابوون. ئەفشین تووڕە بوو، و لە حاڵێکدا کە دەیویست نەرم و نیانی لەگەڵ ڕقدا تێکەڵاو بکا، ڕووی ئاخاوتنی کردە ئازەر:

– بابەك نەهاتە سەر وادە و بەڵێن. بایەخێکی بەنامەکەشت نەدا. وادەردەکەوێ. تۆ هیچ نزیکی و پایەیەکت لای باوکت نییە. گرنگ نییە، ئێستا خودی ئەویش دێنمە لای خۆم.

ئازەر بەژن و بالآیەکی بەرجەستەی هەبووو. بەلاوێتی باوکی خۆی دەچوو. تازە خەت و خالّی دابوو. چاوە گەورە و خورماییەکانی زولالّو ڕوون بوون. سەری بۆ خوارەوە داگرتبوو. شانەکان و سنگی وەك سنگی دەریا بەرز و نەوی دەبوون. بەلاّم لەو نائارامییە دەروونییە دەنگێك نەدەهاتە دەرێ. ئەو دەیویست لێوی قەپات بکاو هیچ نەڵێ. دەیزانی کە ئەفشین فڕوفیشالّ دەلّێ!

کلاّو خوودەی نووك تیژی یاوەر لە دەروازەی خێوەتدا وەدەرکەوت، ڕەنگی روخساری خەبەری ئەوەی دەدا کە هەوالێکی ناخۆشی پێیە. لەتەختی ئەفشین نزیك کەوتەوە شتێکی بەگوێیدا چرپاند. ڕوخساری کارگ ئاسای ئەفشین وێکهاتەوە، دەتکوت دوپشك پێوەی داوە. بێ ئیختیار چنگی لەنێو مووی زبری چەناگەی هاویشت و لە قوولآیی گەرویەوە هاواری کرد:

- بەزوویی پەیك بۆ بەرزەند بەڕێکە با ((بەغای گەورە)) بەیداخان هەلّبدا. تاسبەی دەبێ بز لەگەڵ خاکدا یەکسان بکرێ.

یاوەر دەست لەسەر سنگ پاشەو پاش لە خیوەت ڕۆیشتە دەرەوە. ئەفشین بە توڕەییەوە لەسەر تەخت هەستا. درێژی خێوەتەکەی چەند جار بەپێ کوتایەوە، دەستێکی لە پشتەوە و، دەستەکەی تری لەسەر قەبزەی شمشێر. هەنگاوی دەناو لەگەڵ خۆیدا قسەیدەکرد، ((شەیتانی بێ شەڕەف! بەزەیت بەخۆتدا نەهاتەوە، بەگران لەسەرت تەواو دەبێ!))

محەمەد گەرووی ساف کردو کوتی:

- ئارام بگرە سەرداری گەورە! دوژمن لەقەی لەبەختی خۆی داوە. لێ گەرێ بانەیەت. سبەینێ بۆ خۆم بە قۆڵ بەستراوی دەیهێنمە لاتان

ئازەر بە نیگایەکی ڕق ئامێز و سووکایەتی کردنەوە لە محەمەد ڕوانی، ((ئەی خاینی گەورە! قسەی لەخۆت گەوەتر دەکەی!))

ئەفشینیش لەو لاف لێدانەی محەمەد بەڕقدا چوو:

- خەلیفە بۆ بابەك هەزار هەزار درهەم ئەگەر مردووبێ و دوو هەزار هەزار درهەمیش ئەگەر زیندووبێ، خەلآتی داناوە. منیش سەد هەزار درهەم دەدەم. نازانم ئایا پیاوێك پەیدا دەبێ ئەو گەنجە گەورەیەی دەسگیر ببێ یان نا! بەلاّم یەقینم هەیە کە ئەو پیاوە تۆنی. تۆ جگە لە فیشالّ و لاف و گەزاف لێدان هیچی دیکەت پێ نییە! دوو سالّی ڕەبەقە تۆ قسەی هەوەنتە دەکەی. چیتر نامەوێ گوێم لە وڕێنە بێ.



ئەفشین نیگای خۆی بەرەو ئازەر وەرگێڕا، ئازەر سەری بۆ خوارەوە داگرتبوو. ئەفشین دەسکی شمشێرەکەی بە چەناگەیەوە نا:

- دەبینی باوکت نەهەر بەتۆ، تەنانەت بەزەیی بەخۆشیدا نایەتەوە. ئەگەر بهاتایە بۆ شوێنی وادە. دەمانتوانی بەیەکەوە ڕێك بکەوین. وێرای ئەوەش ، من و تۆ دەتوانین بەیەکەوە ڕێکبکەوین پەنجە ناسکەکانی تۆ دەتوانن ئەم گرێ کوێرەیە بکەنەوە. ئێمە دەتوانین جارێکی دیکەش بەختی خۆمان تاقیبکەینەوە. من دلّنیام تۆ لاوێکی ئاقلّی ئایا باشتر وانییە لەجیاتی ئەوەی خوێن لەکاسەی سەردا بخۆینەوە، شەڕابی سوور لە پیالّەدا بنۆشین؟ من و تۆ دەتوانین لەسەر سفرەی دۆستایەتی بەیەکەوە دابنیشن.

ئەفشین بانگی پاسەوانی کرد تا کەلەپچە لەدەستی ئازەر بکەنەوە.

ئەفشین لەهەولّی ئەوەدا بوو ئازەر بێنێتە سەر ڕێ:

- گومان ناکەم لە نامەکەتدا شتێکی زیادەت نووسی بێ کە بابەك لە هاتن هۆشیار بکەیەوە!

ئازەر تاوێك خامۆش مایەوە و ئینجا سەری بەرزکردەوە و بەڕقێکی پەنگ خواردوو وەلآمی دایەوە:

- سەرداری گەورە! من توانای تەحەمول کردنی سووکایەتیم نییە. خۆزگە بەزیندوویی نەدەکەوتمە دەست ئێوە.

ئەفشین نیگای حەپەساوی خۆی لەبن پێی ئازەرەوە تا دەگاتە سەری گێڕاو لەسەر چاویئازەر ڕاوەستا و پرسی:

- تێ ناگەم بۆ؟

- باوکم دەیکوت هەر کەسێك لەپێناوی ئازادیدا گیانی بەخت بکا ناوبانگی هەتا هەتایی بەدەستدەهێنێ ئەو هەمیشە ئەو قسەیە دووبارە دەکاتەوە کە یەك ڕۆژ ئازادی بەچل سالّ ژیانی کۆیلەیی هەیە.

سەری بۆ خوارێ داگرت. سنگی وەك موشەدەمەی ئاسنگەران بلّند و نەوی دەبوو. بەخۆی کوت: ((خۆزگە باوکم بزانێ کە ئازەر مل بۆ سووکی دیلێتی و سەر بۆ سات و سەودا نەوی ناکا)) لەو دەمەدا قسەیەکی کە بەردەوام لەباوکی گوێ لێ دەبوو، بەبیر خۆی هێنایەوە، ((ژیان بەنرخ ترین خولّقاوەکانەو ئەگەر قەرار وابێ ژیان بدۆرێنین واباشترە بەشتێکی بەنرخ تری

بدۆڕێنین. ((بەخۆی کوت، ((چ شتێك لە تۆڵە ستاندنەوە بەنرخ ترە! حەیفە کـوڕی بابـەك ملـی خۆی وەکو مەڕ بەچەقۆ بسپێرێ!...))

ئەفشین بەنێو خۆیدا چوو بوو بەڵام بێ ئارام دەهاتە بەرچاو. وەڵامی بابەکی لـەنێو مـۆژەی خۆیدا شیکردەوە: ((ئەو کوڕی من نییە، ئەگەر کوڕی من بوایە ، خۆی بەئەسیرکردن نـەدەدا)) و بێباکانەتر، لەمە پەیامێك بوو کە دەربارەی پـەیمان نامـەی خەلیفـە ناردبوویـەوە، ((ئامـان نامەی خەلیفە بەکاری تۆ دێ، نەك هی من!))

دەنگی محەمەد ڕایەڵی لە بیران ڕاچووی ئەفشینی بڕی:

- لەگەڵ ئەو نارەسەنە بەدکارانە، زمانی شیرین کارناکا دەبێ بەزمانی شمشێر!

قسەکانی کە لەزاری محەمەد کوڕی بەعیس دەردەپەڕین بەسەر روخساری ئـازەردا کـەوتن. ئازەر ددانی ڕق لێ خواردنەوەی لێ سوو پایەدار و سەنگینانە کوتی:

- نارەسەن کەسێکە کە شەرەفی خۆی بە درهەم و دینار دەفرۆشێ و خیانەت لە نیشتمانی خۆی دەکا!

ئەفشین ئەگەر چی خوێنی بێ گوناهانی زۆری خڵتانی خاك کردبوو. لەم لاوە بێباکە کە چاو بەرامبەر چاوی دوژمن ،ئـاوا جەسـوورانە قـسەی دەکـرد، خۆشـی لێهـات و بـە تەزوویـەکی حەسرەتبار لە ڕوخساریدا، لەدڵی خۆیدا کوتی، ((ئەم کوڕە دڵـی شـێری هەیـە، بـاوکی ئـاوا، کوڕی ئاوای لێ دەبێت!))

نێو دەروونی ئەفشین وەبن شپرزەیی و دڵە ڕاوکێ کەوتبوو. جارێك بابەکی ڕادەکێـشا و بـۆ سامەڕای دەبـرد و ژەهـری بەنـەیارانی دەنۆشـی و جارێـك ئـاگری لـە قـەڵای بـز بـەر دەدا و شمشێرەکەی بەچەپ و ڕاسـتدا دەیـدڕی و شـەقی دەکـرد و جارێـك ئـارام و سـەرفراز ڕەنگـی پاشایەتی بەسەر دا دەنیشت و وڵاتانی یەك بەدوای یەکدا لەپەیکەری خەلافەت جیادەکردەوە و بەقەڵەمڕەوی خۆیەوە دەلکاندن... بەڵام هەر جارێك بابەك بەژنی ڕاست دەکردەوە و ڕووبەڕو لـە بەرامبەری ڕادەوەستا و دنیای خەیاڵی ئەوی ژێرەوژوور و تێـك و پێـك دەدا... ئەگـەر بابـەك لەسەر ڕێگای ئەو لادەچوو! ئەگەر بابەك لەگەڵ ئەو دەهاتە ڕێ!.... لەگەڵ بابەك دەبێ چ بکـا ، لەگەڵ بابەك دەتوانێ چ بکا... کام چەکە کار لـەم گـورگی ڕاو دیتەیـە دەکـا؟ بـەکام چـەك دەتوانێ بابەك لەسەر ڕێگای خۆی وەلانێ؟ بەدوژمنایەتی یان بەدۆسـتایەتی؟ بـە زۆر یـان بـە فێڵ؟ چۆن...)) بێ ئیختیار گەڕایەوە و دەستی بۆ سوراحی برد و سێ پیاڵەی پڕکرد:

- لاو وەرە! وەرە سەر خوانی ئەقڵ ودۆستایەتی.



ئازەر نەجووڵا. محەمەد کوتی:

- دێتەوە سەر ئەقڵ و لەسەر سفرەی دۆستایەتیش دادەنیشێ.

ئازەر لەجێی خۆی نەجووڵا. ئەم دوانە دانیشتن و پێکیان هەڵدا. دووکەڵی شـەڕابی قوتربـل لەنێو کەللەی هەردوکیاندا گەڕا....

شەراب ئەفشینی لە کەوڵی خۆی هێنابووە دەرێ و لەدوورایییەکان، لە دنیای خۆشی خەیاڵ، بەزێدگای خۆی ((ئسروشنە)) دا دەیگێڕا. کۆمەڵ ڕیز بـە ریـز ڕاوەسـتابوون، ((ئـەم سـەرداره دەناسن؟)) خەیدەر کوڕی کاوس شازادەی((ئسروشنە)) یە کە بەناوی ئەفشین ناوبـانگی بـەدنیا ڕۆیشتووە. سوپا سالاری خەلیفەیە و خاوەنی ویلایـەتی جەبەلـە. ئەگـەر کـاری بابـەك یـەکلا بکاتەوە، ئازەربایجان و ئەرمەنستانیش دەبێتە هی ئەو...))

محەمەد کوڕی بەعیس بە تەئسیری نەشئەی شەڕاب،جڵەوی زمانی خۆی لەدەست دابوو، بێ لێکدانەوە، چەنەبازی دەکرد:

- سەرداری گەورە! ئایا لەوەی کە قانونی شەرعتان لە ژێر پێ ناوە و شەڕاب دەخۆنەوە لە بەدکاران ناترسن؟

- نەمکوت ئەقڵت لەدەست داوە، کام قـانون؟ قـانون بـۆ بنیـادەمی ئاسنـە. جەعفـەری بەرمەکی دەیکوت بۆ بنیادەمگەلی زێڕ و زیو قانونێك دانەنراوە ئەو قـسەیە بـەگوێی خۆتـەوە بگرە قانونەکان تەنیا بۆ بنیادەمی ئاسنە و تەواو... و پاش ماوەیەك بێدەنگی، بـەرەو ئـازەر، کە هەروا بێ جووڵە لەجێی خۆی ڕاوەستابوو، گەڕایەوە و بە ئاوازێکی کەوێرا بەسەرکۆنە کردن بوو کوتی:

- کوڕە لاو! باش گوێ بگرە... تۆ ئازاد دەکەم تا بچیتە لای باوکت و پێی بڵێی کە ئامان نامەی خەلیفە قبووڵبکاو دەست لەسەر کێشی هەڵبگرێ و ئەمەش بە قازانجی هەموومانە.

- سەرداری گەورە، دەزانم کە منت بە بارمتە گرتووە. بەڵام من ناتوانم بـچمە لای بـاوکم من ناتوانم سەیری چاوی باوکم بکەم...

محەمەد کوڕی بەعیس دووبارە دەستی کردەوە بەلاف و گەزاف لێدان:

- بابەك لەپشت خۆیەوە هەموو پردەکانی وێران کردوە و ئەو جگـە لـە مـردن ڕێگایـەکی دیکەی نەماوە بۆ خۆم سەری لە لەشی جیادەکەمەوە.

ئەفشین بەگاڵتە پێکردنەوە چاوە گۆشتنەکانی وێکهێنانەوە:

– ئەمە ڕەوشتی هەموو شێرە بەفرینەکانە کە کاتێك شەڕاب دەخۆنەوە. جڵەوی زمانی خۆیان لەدەستدەدەن. برا گەوجەکەی منیش ((فەزڵ)) وەك تۆ بەخۆ هەڵکێشانەکانی خۆی ماندووی دەکردم. پێنج هەزار نەفەرم خستە بن دەستی تا پیاوەتی خۆی بسەلمێنێ. بابەك لە چیای هەشتاد سەر ژەهراوێکی وای پێ نوشی کە هەناسەی سوار بووبوو. ((بوغای گەورە)) ش وەك تۆ لەغوربەت لاف و گەزافی لێدەدا. ئەویش بەبێ مۆڵەتی من هێرشی بردبووە سەر هەشتاد سەر و بەخەیاڵی خاوی خۆی ویستی بابەك بگرێ و لە خەلیفە نزیك بکەوێتەوە. بابەك لووتی ئەویشی وەها شکاند کە تا لە ژیاندا ماوە ئاوا بێباك ، پێ ناخاتەوە مەیدانی نەبەردەوە. ئێستا لە بەرزەند خەریکی کۆکردنەوەی قشونە پەرت و بڵاوەکەیەتی.

محەمەد دیسانەوە زمانی چزوو ئاسای خستەوەکار و چاوە داگیرساوەکانی لە ڕوخساری ئازەر بڕی:

– بەهەر حاڵ ، بەقەناعەتی من ئەوە خەڵاتە کە خوێنی ناپاکی بابەك بەدەستی من بناری هەشتاد سەر سوور دەکا!

ئازەر بە ئاوازێکی سووکایەتی پێکردنەوە کوتی:

– پیاوان کار دەکەن! و نامەردانیش هەڵەوەڕی دەکەن!

محەمەد لەجێ ی خۆی هەستاو دەستی بۆ قەبزەی شمشێرەکەی برد:

– حەرامزادەی ناکەس! نامەرد منم یا ئەو باوکە...

و بەلاژە لاژەوە بەرەو ئازەر هێرشی برد:

– بیگرە هەی تولەی کافر!

ئازەر پلنگ ئاسا ڕاپەڕی و لەیەك چاو لێکناندا مەچەکی محەمەدی لەهەوادا گرت و بای دا و دا، جاسوس دەست و قاچی ڕادەتەکاند و چنگی لە ڕوخساری ئازەر دەدا. ئازەر شمشێری بەرزکردەوە و دایگرتە خوارێ و تا ئەفشین لەجێی خۆی هەستا ، شان و دەستی محەمەدی شەق کرد. محەمەد هاواری لێ هەستاو بەدەوری خۆیدا سوڕا. خوێن لەسەر ئەرزی خیوەتەکە ڕۆیشت. ئەفشین بواری نەدا کە ئازەر سەری دوژمن لەلەشی جیا بکاتەوەو بێچوە شێر بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەفشین ڕاپەڕی، مەستی لەسەری ئەفشین پەڕی بوو نەڕاندی و شمشێرەکەی هەڵکێشا:

– چت کرد هەی حەرامزادە؟!

– هەقی خیانەتەکەیم لەدەستی نا!



محەمەد لەبەر ئازار و برین بە دەوری خۆیدا دەسوڕا. ئەفشین وەك شێری تووڕە خۆی هەڵدایە سەر ئازەر و شمشێری داهێنایە خوارێ. ئازەر شمشێرەکەی گرت:

– ڕاوەستە تا حسابی تۆش بکەم!

– خەیاڵ نەکەی منیش هەر محەمەدم! بگرە!

ئەفشین ئەفشین بوو. بازووەکانی لە مەیدانی نەبەردا دا، وەك پۆڵا مشت و ماڵ ببوون و ئازەریش لاو وبێ ئەزمون بوو. زەربەکانی ئەفشین ترسناك بوون. ئازەر تێگەیشت ناتوانێ لە عۆدەی ئەو بێت، بۆ ساتێك لەگەڵ خۆیدا بیری کردەوە، ((مەهێڵە دوژمن بە کوشتنی تۆ سەرفراز ببێ. دوژمن لە خۆت نائومێد بکە. لە جیاتی ئەوەی دوژمن سینەت شەق بکا، بۆ خۆت دڵی خۆت...))

دەستی ئازەر بەرز بۆوە و هاتە خوارێ و خوێنی گەرم و سوور لەژێر سنگی چەپییەوە فیچقەی هات. ئەژنۆکانی پلنگی کەم تەمەن لەرزین و بەژنی وەك داری شمشاد ڕاقەنا و دوو لاهاتەوە وکەوتە خوارەوە...

پاسەوانان کە بەنەعرەتەی ئەفشین و چەکەچەکی شمشێران هاتبوونە نێو خێوەتەکە ، ساتێك وشك بووبوون تاوێك تەماشای محەمەد یان، کە بەدەوری خۆیدا خولی دەخوارد، دەکرد و تاوێك نیگایان بەسەر ئازەردا کە هێشتا لەخوێنی خۆیدا دەتلایەوە، ڕەت دەبوو پاشان لەڕوخساری ڕەنگ پەڕیو و نیگای مات بووی سەردار کە توانای قسەکردنی نەبوو، تێك دەگیرا.

ئەفشین بێ ئیختیار، لەسەر سەری ئازەر ڕاوەستابوو. سینەی کوڕە لاو وەکو دەمەی ئاسنگەران دەهەندمی و هەر جار جوولانەوەی کەم دەبۆوە. پاسەوانان گوێیان لێبوو کە ئەفشین کوتی:

– حەیف بۆ گەنجینەی غیرەت. ئەگەر بمایە بابەکێکی تر بوو.

## (٤٢)

# کالانەکان بۆ نێو زاری ئاگر

بەردانی بەتیر ڕوشاو ، هەوالّی تین و تاوی شەڕیان لەبز ڕادەگەیاند. مەشخەلّی ئاگرو دووکەلّ شەو و ڕۆژ لەبز بەرزدەبۆوە. دەتکوت گرکانێکە و دەمی کردۆتەوە. بلێسەی ئاگر بەجۆرێك بوو کە هەورەکانیش ڕەنگیان سوور هەلّگەڕابوو. دەتکوت ئەفشین ئاگری لە ئاسمانی بزیش بەرداوە.

دوژمن هەموو ڕێگاکان و تولە ڕێگاکانی کە بەرەو بز دواییان پێدەهات ، گرتبوو. شریقەی مەنجەنیقان لەگەلّ دەنگی شەیپوران و لێدانی تەپلّەکاندا تێکەلاّو بووبوو. هاشەی تیران هەلّۆ پاسەوانەکانی ئاسمانی بزیان تەراندبوو.

کۆترانی هەلّگری نامەی پەڕ ڕەش- سەرو سۆراخیان نەبوو. ئەفشین پەیامەکانی خۆی لە ڕێگای پۆستە بەرانەوە بۆ سامەڕا دەنارد. پەیکانی تیژڕەو ماوەی ئازەربایجانیان تا سامەڕا لە چوار شەو و ڕۆژدا دەبڕی و زەردەخەنەیان دەخستە سەر لێوی موعتەسەم:

((ئەی ئەمیرول موئمنین! مژدەبێ کە بز وەکو ئەلّقەیەك لەنێو بازنەی گەمارۆدایە! بەلوتفیخواوەندی گەورە، بەزوویی بابەك بەدەست بەستراوی دێتە حزوورتان. ئەگەر نا سەری دەخەمە ژێر پێتانەوە! بز لەسەرلێواری دەست بەسەردا گرتنە و بەزوویی بەیداخی ڕەشی خەلیفە لەبەرزاییەکاندا دەشەکێتەوە. نصر من الله وفتح قريب)).

قەلاّی بز تا ئێستا نەبەردێکی ئاوا سامناکی بەخۆیەوە نەدی بوو. خوڕەمیان ئازایەتییەکی بێ وێنەیان نیشاندەدا. لەشەڕە دەستەو یەخەکاندا شمشێرەکان کول دەبوون و نێزەکان دەشکان.



ئیتر بابەك لە قوللەی قەلاّ دانەدەنیشت. ئەویش هەروەکو جەنگاوەرەکانی شمشێر بەدەست هێرشی دەبردە سەر پیاوانی دوژمن کە لەدەروازەی قەلاّوە دەهاتنە سەرێ:

- قارەمانانی من! دەست بوەشێنن! قەلاّ تەسلیم نابێ!...

گەیشتن بەبز لە ڕێگای بزنەڕێ یانەوە، لەتوانادا نەبوو. لاشەی کوژراوان و بریندارانی ئەم باریکەڕێ یەیان بەیەکجاری گرتبوو ڕێ یەکە بەسترابوو.بەلاّم شێرانی دڕندەی ئەفشین ڕێگای خۆیان دەکردەوە. ئەوان بازیان دەداو دەهاتنە پێشەوە. جەنگاوەرانی ئەفشینیش بەدوای شێرەکاندا وەکو مار دەخشین و بەرەو قەلاّ دەهاتن. جەنگاوەرانی خوڕەمی بەهەرچی لە توانایاندا بوو و بەوەی کە لە بەر دەستیان دابوو، شێران و مارەکانیان لە خاك و خۆلّدا دەگەوزاند.

بز هاتبووە لەرزە. نالّە و نەعرەتەکان گوێی ئاسمانیان کەڕ دەکرد. هەر کەس کە دەیتوانی چەك هەلّبگرێ، هاتبووە مەیدان. مندالاّن بەردیان بۆ قۆچەقانی هاوێژان دەهێنا. ژنان هەر وەکو پیاوان دەجەنگان. کلدانیە بە ئازایەتییەکی بێ وێنەوە حەماسەتی دەخولّقاند:

- دایکان! خوشکان! بەزەیتان بە دوژمندا نەیەتەوە.

ژنان لە کۆلاّنەکانی قەلاّوە بەردو تیریان بەسەر سەری دوژمندا دەباراند:

- بگرە قەلەڕەشی بێ کلك! تۆ ناتوانی بگەیە ناو هێلاّنەی هەلّۆ!

ئازایەتی کلدانیە هێز و وورەی بە ژنان و کچانبەخشی بوو.

ئەگەر لەم ساتەدا، بابەك برومەندی بدیبایە نەیدەناسیەوە. دایك هەر وەك شێرێکی ڕق داگرتوو دەینەڕاند و لەگەلّ دەستەیەك لە ژنان لە پەنای تەشتە گلّینەکانەوە کە پڕ لەنەوت و قەتران بوون دوور نەدەکەوتەوە. برومەند بەسەر سەری دوژمن کە دەیویست لە گوزەرگاوە تێپەڕ ببێ، قەترانی کولاّوی هەلّدەڕشت. ژنان مەشخەلّی ئاگریان بەسەر سەر و ڕووی دوژمندا هەلّدەڕشت و ئاگریان لە گیانیان بەردەدا. دوژمن وەکو شێت لە دلّەوە هاواری لێ هەلّدەستاو لە بزنە ڕێوە دەکەوتە خوارەوە. بۆنێکی دلّشێوێن هەوای پڕکردبوو. قەرەنفلّ و ڕوحییە لە حالێکدا کە سەر و ڕوویان خوێناوی بوو، یارمەتی میکایلیان دەدا و بەسەر برینداڕەکان ڕادەگەیشتن.

جەنگ سات بەدوای ساتدا تینی دەستاند. ئەفشین هەر سەعاتە دەستەی پشوو خواردووی بەرەو قەلاّ ڕەوان دەکرد. لێشاوی دوژمن بڕانەوەی بۆنەبوو. خوڕەمیان تیر هاوێژانی بەغای گەورەیان لە ژێر لێدانێکی گەورەدا ڕاگرتبوو. بەلاّم بەغای گەورە پێدا گری دەکردو خەیالّی

پاشەکشێی نەبوو. ئەو لە مەرامی ئەوەدا بوو کە تۆڵەی شکانی هەشتاد سەر لە بابەك بکاتەوە. موعتەسەم ئومێدێکی زۆری بەو بەستبوو. بەڵام هێشتا کارێکی ئەوتۆی لەدەستنەهاتبوو کە متمانەی خەلیفە بەدەستبهێنێ ، ئەو دەیویست ئەو سەرکەوتنە لەبز بەدەست بهێنێ.

ئەفشین بەهەر حاڵێك بوو، بەرد هاوێژەکانی لە سەرەوەی بەرزاییەکانی دەوروبەری بز دامەزراندبوو دوژمن تەنانەت قاپی پڕ لە نەوت و لاشەی بۆگەن بووی فڕێ دەدایە ناو قەڵاوە، ((با نەخۆشی لە نێو قەڵادا بڵاو ببێتەوە!)) هەوای بز زەمانێك کە لە گوڵاوی سەوز و ڕیحانە هەڵ ئاوسا بوو ، ئێستا بە بۆنێکی دڵشێوێنی بۆگەن ئالوودە ببوو.

هێمان قەڵا پایەدارو سەربەرز ڕاوەستابوو. بچووك و گەورە ، هەمووان لەپشت سەری بابەکەوەڕاوەستابوون. قەڵا یەکپارچە دەجەنگی. تەنانەت بریندارانیش بەسنگە خشێ خۆیان بەرەو زارکی کولانەکان بەکێش دەکرد.

لەهەر لایەکەوە تەرزەی مەرگ دەباری ، بەڵام کەس باکی لە مردن نەبوو. هەر کەسێك ئەوی دیکەی بۆ داکۆکی لە ئامانج و ئاو و خاك هان دەدا. بابەك هەر چەندی دەیکرد، نەیدەتوانی بریندارەکان بۆ جێگاکانی خۆیان بگەڕێنێتەوە:

- ئێوە نابێ بجەنگن! بگەڕێنەوە جێگای خۆتان بچن برینەکانتان بپێچن!

و بریندارەکان بەیەك دەنگ دەیانکوت:

- ئێمە هێشتا نەمردووین! تا دواین دڵۆپی خوێنمان هەر دەجەنگین!

نەعرەتەی بابەك خرۆشان و توانای بە خوڕەمیان دەبەخشی:

- قەڵا خۆیبەدەستەوە نادا!

قشونی خەلیفە لە وزەیدا نەما و سەرەنجام پاشە کشێی کرد. ئەفشین بەتوڕەییەوە دەینەڕاند:

- بەشێوەیەك بز لەگەڵ خاکدا یەکسان بکەن کە نیشانەیەك بۆ نەوەکانی داهاتوو نەمێنێتەوە

ئەفشین فەرمانیدا ژمارەی مەنجەنیقەکان و قەڵاکوتەکان زیاتر بکەن و بەو دەزگاو ئامێرانە دەکرا گابەردەکانیش تێك بشکێن. کاری وێرانکردنی بز دەستی پێکردبوو، وردە وردە لێدەدرا و دەکوترا...



لەساتێکدا کە تین و تاوی جەنگ کەم ببۆوە، بابەك داوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی جەنگی کرد. جێگای زۆر لەسەر لەشکران چۆڵ بوو! معاویە لەبەرگری کردن لەقەڵا قارەمانییەکی وای لەخۆی نیشان دابوو کە هەمووان سەریان تاسابوو و هەر ئاوا قارەمانانە لەبەین چوو. عەبدوڵڵا سەرگەرمی بەرگری بوو. بەشدارانی ئەنجومەن لەچەند کەسێك زیاتر نەبوون: موپەدی بەساڵداچوو، میرزا قزبل، میکایلی پزیشك، برومەند و کلدانیە. هەمووان دڵنەوایی بابەکیان دەدایەوە. مردنی قارەمانانەی ئازەر ببووە مایەی سەرفرازی دایك و دایە گەورەی. تۆڵە ستاندنی وی لەو خائینە خۆ فرۆشە، ئارامی بە دڵی بابەك دەدا و مەرگێك ئاوا حەماسەت خولقێن سەر بڵندیی بە باوك و دایك دەبەخشی. کلدانیە شایستەی بێچوە شێرێکی ئاوا بوو! خوێنی جاویدان لە دەمارەکانی ئەودا دەهات و دەچوو....

ئەنجومەنی جەنگی هێندەی درێژە کێشا.

لەوەی کە سەرەنگوم بوونی قەڵا نزیك و مسۆگەر بوو، هەمووان کۆك بوون لەسەری ، بەڵام هەندێکیان لایەنگری مانەوە و تێکۆشان تا دواین کەس و دواین دڵۆپی خوێن بوون و هەندێکی تر ڕایان بۆ بەجێ هێشتنی قەڵا دەدا:

- چیمەن زارانی مەرگی شکۆمەندانە لەبەردەمی هەموومانـدا وا لەبەرچاوانە. جابۆچی ڕووی خۆمانی لێ وەرگێڕین؟ بەجێ هێشتنی قەڵا هەڵاتنە و خوڕەمیان مل بۆ شوورەیی هەڵاتن نادەن.

دەستەی دووەم دەیانکوت:

- ئەگەر هەڵاتن لە مردن دەرەتانی بۆ نەبێ دەبێ پیاوانە بە پێشوازییەوە بچین. بە پێوە مردن نیشانەی جوانی پیاوانە. نابێ ئەژنۆ دابدەین بەڵام بەجێ هێشتنی قەڵا لەو حاڵەتەدا هەڵاتن نییە، بەشێکە لە تێکۆشان. دیوارەکانی قەڵا تا ئەم ساتەش پارێزەری ئامانجی گەورەی ئێمەبوون. ئێمە هەرگیز نامانەوێ ئامانجی خۆمان لە ژێر بەرد و خۆڵی ئەم دیوارانەدا بنێژین. ئامانجەکانمان بەهەر نرخێك کە بووە دەبێ ڕزگار بکەین. ئەم ئاگرە پیرۆزە ئاوردانێکی دیکەی دەوێ بز ئاوردانی ئێمە بوو. ئاوردان پیرۆزە بەڵام ئاگر لە ئاوردان پیرۆزترە. ئێستا کە ئاوردان لە ژێر باری وێران بوون دایە، دەبێ ئاگر ڕزگار بکرێ. ڕۆیشتن ئەگەر بۆ گەیشتن بە ژیانێکی سوکایەتی بێ، هەڵاتنە و شوورەییە. بەڵام ئەگەر ڕۆیشتن بۆ درێژە پێدانی تێکۆشان بێ و بە مەبەستی زیندوو هێشتنەوەی ئامانج بێ، ئەوا ناوی هەڵاتنی بۆ نییە، ئەوە گۆڕینی سەنگەرە. گۆڕینی سەنگەر لەخۆکوشتنی ناو سەنگەر باشترە. ئەگەر توانای ئەوەت هەیە سەنگەرەکەت

بگۆڕی، نابێ مل بۆ خۆکوشتنی ناو سەنگەر بدەی. خۆکوشتنی ئاوا وەکو هەلاٚتن وایە و گیان دەربازکردن و پاراستنی ئامانجیش گەوهەری تێکۆشانە. ئاگر دەبێ پڕ لە بلێسە بێ و دوژمن سووتێن بێ...

ئەنجومەن ڕای دوەمی پەسەندکرد.

بابەك بەتەمای ئەوەبوو لەگەڵ عەبدوڵلاٚی برای بڕواتە بێزانت و بەڕێك کەوتن لەگەڵ تیوفۆپ هەڵمەتێکی تر لە دژی خەلیفەی عەباسی ڕێکبخا. سەرەڕای سەختی ڕۆژگار، هێشتا ئارەزووگەلێکی گەورە لەنێو دڵی بابەکدا شەپۆلی دەدا و هێمان چرای ئارەزوو ڕووناکی بە گیانی ئەو دەدا.

ئەسپان و کەرەسەی جەنگی و خواردەمەنی خوڕەمیان لەنێو قەلاٚی بز بنی هاتبوو و نەخۆشی بلاٚو ببۆوە. داودەرمانێك بۆ چارەسەری نەخۆشان و برینداران بەردەست نەبوو.

بز لەسێ لاوە لەبن دەستی هێزەکانی ئەفشین بوو تەنیا لەیەك لاوە دەرەتانی هاتنە خوارەوە لە قەلاٚ هەبووو. ئەم ڕێیە تەلانێکی بەردین بوو دەست لێی گیرنەدەبوو. لەو بەرزییەوە کەبەرەو قوولاٚیی خەرەند دەتڕوانی چاوت لە ڕەشەوە دەچوو. گومان لەوەدا نەبوو کە ئەگەر ئازەر محەمەدی کوڕی بەعیسی ئاوا بریندار نەکردباو لە پەلو پۆی نەخستبایە، ئەفشین دەستی بەسەر ئەم ڕێ یەشدا دەگرت.

ئێستا جەنگاوەرێکی کەم لە قەلاٚمابوون. لە حالێکدا کە ئۆردویەکی بێ پایان لە پشت سەری ئەفشینەوە بوو.

ڕۆژێك دوای ئەوە کە شەو باڵی بەسەر چیاکاندا کێشاو ئوردوی ئەفشین نوێژی دواینی دادەبەست، بابەك جەنگاوەرانی خۆی کۆکردەوە ، و کوتی:

- ئەی قارەمانانی من! هیچ چارەیەك نییە جگە لەوەی بەهەر شێوەیەك کە بووە لەقەلاٚ بچینە خوارێ و تۆڵەی خۆمان لە ئەفشین بکەینەوە. نائومێد مەبن و ورەی خۆتان لەدەست مەدەن. خۆری ڕووناکی بەخش لەپشت تاریکییەوە سەر دەردەهێنێ.

خورەمیان گوریسی درێژ و ئەستوریان لێك گرێ داو سەرێکی گوریسەکەیان لەناو قەلاٚ لەبەرد و درەختانەوە بەست. شەو، وەختێك کە سەربازانی ماندووی ئەفشین لەنێو خێوەتاندا نوستبوون. جەنگاوەرانی خوڕەمی بەیاریدەی گوریسەکان لە قەلاٚوە بۆ خوارەوەی خەرەند هاتنە خوارەوە. شەیتانیش نەیدەتوانی ئەوەی بەخەیاڵ دابێ کە بابەك بتوانێ پاشماوەی هێزەکەی لەقەلاٚ بێنێتە خوارێ.



پاش ئەوەی هەموویان هاتنە خوارەوە ، بابەك ، چاوی بە قەلاٚی چۆڵدا گێڕا و کانییەکی قین و حەسرەت لە ناخی گیانیدا دەستی بە هەڵقوڵین کرد:

- ماڵئاوا ئەی ئارەزووگای ئازادان، ئەی بەرزە هێلانەی هەڵۆیانی سەر بڵند، ماڵئاوا! ماڵئاوا ئەی بز ئەی جێ ماچی یەکەمین تیرۆژەکانی سپێدەی بەیان، ئەی دڵی زیندووی خوڕەمیان، ئەی ڕووگەی ڕەنجبەران و یەکسانی پەروەران ، ماڵئاوا! ماڵئاوا ئەی سەرچاوەی ئەو ئاوانەی کە دەشتە تینوەکان پاراودەکا، ئەی واری هەورانی بارانی ، ئەی هەوارگەی هەورە تریشقان، ئەی بزی سەرفراز، ئەی بزی ئاسمانی ساو، ماڵئاوا! ماڵئاوا ئەی چاوی ئومێدی جاویدانی شەهرەك ، ئەی زێدگای ئازەر ، ئەی یادگاری ئێمە بۆ نەوەکانمان ئەی مەزن ترین تۆمار و گەواهیدەری گیانبازییەکان و تێکۆشانەکانمان...)) قوڵپە قوڵپی جۆشانی قین و حەسرەتی بابەك ئارام بوونەوەی بۆ نەبوو بواریش بەرتەنگ بوو. یاران بەبێ ئارامییەوە نیگەرانی بابەك بوون. بابەك بە نیگای خۆی قولانج بە قولانجی قەلاٚی ماچ کردو چاوەکانی وەرگێڕا چنگی لە گوریس گیرکرد و بەسەر سورەماییەکەدا بەرەو خوار خشی.

لەژێر پێکانی بابەکەوە داوێنی کۆسارێك بوو جوتیارانی خوڕەمی لێبوون.

لە شەوێکی مانگەشەودا، نیگای حەسرەتاوی بابەك هەروەکو سێبەری هەورێك بەسەر جوتیاراندا کشا. بابەك هاواری خۆی بەنێو گەرووی خۆیدا دایەوە و غەمگینانە پەیامی خۆیبەگوێی ئاوە زولاڵەکانی قەدپاڵەکانی کۆساردا خوێندەوە:

((ئەی جوتیارانی پەرت و بلاٚو. ئەی بێشکەی نیعمەت سلاٚو و ماڵئاوا!

ئەی ئاوە زولاڵە پڕ بەرەکەتەکان لەیەك بدەن ، هەڵبستن ، سەربەرەو خوار شۆرببنەوە. پەیام و ئامانجەکانی بابەکی خوڕەمی لەگەڵ خۆتاندا بەرن و وەك تۆوێك لەنێو مەزراکانی خوارەوە چنگ لەزەوی گیر بکەن. ئارام بگرن ساڵێك یا چەند ساڵێك، و لەبەهارێکی جوان دا، تۆوی ئاواتەکانی بابەکی خوڕەمی چەکەرە دەردەکاو لەژێر خاکەوە سەری دەردەهێنێ و بەرهەمی نیعمەتی ئازادی و یەکسانی دەدا. لەو ڕۆژەدا جوتیاران جێژن بەرپادەکەن. جێژنی بەیەکەوە چاندن ، پێکەوە دروێنە کردن، پێکەوە خواردن و دروستکردن و پێکەوە خواردن و بە شادی خواردن. شادی ئەوەی ئیتر بەرهەمی دەست ڕەنجی ئەوان چیتر بەدەستی ڕەنج نەکێشاوان، نافرێنرێ...))

روناکی لە هەناوی تاریکیدا لە دایك دەبێ. لە ئاسۆدا زەردی زیوین سەری دەردەهێناو بلاٚو دەبۆوە. بابەك جەنگاوەرانی خۆی کۆکردەوە و فەرمانیدا:

- دواین ئاگر لەژێر پێ بز دابگیرسێنن! کالانەکانی شمشێرەکانتان بخەنە ناو ئاگرەوە، چیتر شمشێرەکانی ئێمە پێویستیان بە کالان نییە ئیتر ئێمە شمشێرەکانی خۆمان لە کالان ناخەینەوە.

موپەدی بەساڵدا چوو شولکە هەناری پیرۆزی بەسەر ئاگرەکەدا، کە مەشخەڵی سوورو سەوزی کالانەکانی لێ هەڵدەستا، ڕادەوەشاند و لەژێر لێوییەوە وێردیدەخوێند

قەدپاڵەکان و لەوەڕگاکان کە بست بە بست بە نیگای بابەك و یارانی هاودەم بوون، ئێستا لە ژێر ماچی نیگای خوڕەمیاندا دەلەرانەوە. بەسەر بەرزایی بز هەڵۆکان باڵیان لێك بڵاوکردبوونەوە. تیرۆژەکانی دەمەو بەیانی خۆر تاڤگەکانی بەسەدان ڕەنگ ، بەهەزاران ڕەنگ ، بەسەدان هەزار ڕەنگ دەرهێنابوو. جۆگەی ئاوەکان کە لەناخی چیاکاندا هەڵدەقوڵان بەسەر بەردانی ڕەنگ خەنەییدا هەڵدەرژان و بەرد و داوێنەکانی بنارەکان خۆیان لێك دەکێشایەوەو بەهەزاران زمان زەمزەیان دەکرد. کەمێك خوارتر ، بەدرێژایی شیوی ئاراس کە لێوارەکانی بە قامیشەلان داپۆشرا بوون، دەتکوت لافاوێك زیوی تواوەیە دەڕوا. کەوی قاچ سوور و پەروباڵ خەنەیی، لەپەنا دەوەنەگوێنی و ئەسپۆنەکانەوە قاسپە قاسپیان بوو. مێش هەنگوینی چالاك و کارا لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ دەفڕین بەدەنگی دڵبزوێنی باڵەکانیان ، دۆڵەکەیان پڕ کردبوو. با، قامیشە سەر بەگوڵینگەکانی لێواری ئاراسی دەلەراندەوە. بابەك بیری کردەوە، ((هەموو وەرزێکی ئەم سەر زەوینە جوانە. هەڵدەگرێ‌مرۆڤ لە پێناوی هەر دڵۆپە ئاوێکیدا ، لە پێناوی یەك پەپوولەی پڕ لە نەخش و نیگاریدا، لە پێناوی یەك گەڵای زێریندا گیانی خۆی بەختبکا. ئێستا من چۆن دەتوانم دڵم لەم هەموو جوانییەی زێدگای خۆم هەڵبکەنم ڕوو لە وڵاتی غەریبایەتی بکەم؟

سروە بایەکی نەرم باڵی بەسەر چیادا دەکێشاو گیاکانی وەك یاقووتی زێڕین نەرم نەرم دەجووڵاند. هەوای بز دەروونی پڕلە نێلەی بابەکی دەلاواندەوە. بابەك دەیویست هەموو ئەم هەوا پاك و گوڵاوینە قووت بدا و هەموو ئەو شتانەی کەلەبەر چاوانی بوون لە باوەشی خۆی بگرێ و دەنگی لەگەڵ دەنگی پەپوولە پوشکە بەقونەکان ئاوێتە بکا.

لەناکاو تەپەی سم کوتانی ئەسپان بەسەر بەردانەوە، بابەکی لەدنیای حەسرەت و ئارەزووەکانی هێنایە دەرێ... کوردانی هەمەدان و جیبال بۆ یارمەتی بابەك بە خۆکەتبوون... ((ئیسحاق کوردی)) والی مەرەند پتر لەهەزار سواری بۆ یاریدەی بابەك بەرێ کردبوو

بابەك هێزێکی تازەی لە بازوانی خۆیدا هەست پێکرد. هاوەڵان لەسەخت ترین کاتدا بۆ یارمەتی کەوتبوونە خۆیان. بەڵام سەرو سۆراخێك لە سەهلی کوڕی سەنبات و مازیاری قارن،



نەبوو. بابەك بیری دەکردەوە، ((وا دیارە سەهلی کوڕی سەنبات لەترسی ئەفشین نەی وێراوە لە ئاراس بپەڕێتەوە.)) ئەو چەکانەی کە محەمەد کوری ڕەواد ئەزدی بەکاروانی شبل بۆ بابەکی ناردبوو ، کەوتبووە دەست هێزەکانیئەفشین. دەرەتانی درێژ کردنەوەی جەنگ لە ئارادا نەبوو. بابەك شمشێر بەدەست و لەبیران ڕاچوو لە دەوروبەری خەرمانەی ئاگردا ڕاوێچکەی دەکرد. شمشێر وەك بروسکە لەبەر رووناکی ئاگردا بریسکەی دەدایەوە. ئەو دەتکوت توانای ڕووناك کردنەوەی جیهانی هەیە. جەنگاوەران وێرد بەسەر لێوانەوە لەدەوروبەری ئاگر ڕاوەستابوون. میکایل و میرزا قزبل ئەوانیش لەبەر ئاگرەکە ڕاوەستابوون و بیریان لەدوارۆژی کار دەکردەوە.

ئەفشین دەمی نیوەڕۆیە بوو کە هەواڵی چۆڵ بوونی قەڵای وەرگرتبوو. پاش ئەوەی کە لە هەواڵ ئاگادار بوو لە تین و تاوی حەپەساندا لە جێگای خۆی وشك ببوو، ((قەڵا نشینان چۆن و لە کام ڕێیەوە قەڵایان بەجێ هێشتووە؟)) ئەو وای بیردەکردەوە کە خوڕەمیان بەکەڵك وەرگرتن لە تاریکایی شەو، مەودایەکی زۆر دوورکەوتوونەوە. غەمبار و تووڕە ، لەگژ بیرانەوە چوو بوو و هەوڵی ئەوەی دەدا ئەو ئاراستەیەی کە هەڵاتووان دەرەتانی هەبووو بیگرنە بەر لەنێو مۆژەی خۆیدا دیاری بکا.

سەربازانی خوڕەمی ژنان و پیرەکانیان سواری ئەسپان کرد و بۆ ئاواییەکانی دەورو پشتیان بەڕێ کردن و خۆشیان هێرشیان کردە سەر لەشکرگای دوژمن. دوژمن لەو هێرشە بروسکە ئاسایە غافڵ گیر ببوو. هاوار و ناڵەیان تێکەڵاو بەیەك ببوو:

- ئەل ئامان! ئەم شەیتانە لە کوێ ڕا پەیدا بوو؟!

- واوەیلا! ئەم بابەکە دەستمان لێ هەڵناگرێ دووبارە لە مەیدان خوێن هەڵدەستا و لە کوژراوان گرد دروستبووبوون و نەعرەتەی بابەك دەشت و دەری دەلەرزاندەوە:

- ڕاکەن ، هێرش بەرن، بواریان نەدەن!

وەك شێر دەینەڕاند و بەژنی بەسەر یاڵی قاراقاشقاوە چەمابۆوە. دوژمن کە دەست و پێی خۆی ونکردبوو، بەچەپ و ڕاستدا دەکەوتنە سەر زەوی. قشونی پەرت و بڵاو و بەزیوی ئەفشین لەو داوی مەرگە کە بۆیان هاتبووە پێشەوە، ڕێگای دەربازبوونیان نەبوو ئەگەر بەغای گەورە بەهانایانەوە نەهاتبا، تارومار دەبوون. ئەو کوردانەی کە بۆ یاریدەی بابەك هاتبوون، گیانبازانە شەڕیان دەکرد.

جەنگ تا دەمی ئێوارە درێژەی هەبووو، جەنگاوەرانی بابەك هەموو لەسەر زەوی کەوتبوون. لەمەیدانی نەبەرددا جگە لە بابەك و عەبدوڵڵا و چەند کەسێك، کەس نەمابوو. عەبدوڵڵا نیگەرانی بابەك بوو و لە حالێکدا کە شمشێری دەوەشاند بەپاڕانەوە پێی کوت:

– بابەك ، تۆ دەبێ بۆ ئایندەی نیشتمان و ڕاپەرین، زیندوو بمێنی، ئێمە دەبێ خۆمان بگەیەنینە سەر زەوینی رۆم...

دوو براو چەند کە سێکی تر، ئەسپەکانیان بەرەو ئاراستەی ئاراس تاودا، باش تۆزی لەدوا نەدەکردن.

سەرتا سەری ئازەربایجان ماتەمی لێ نیشتبوو. چاوانێك کەبەر بەردە ڕوشاوەکانی بز دەکەوتن فرمێسکی تێ دەزا. قەلا هێشتا هەر دەسووتاو دووکەڵی بەچاوی ئاسماندا دەچوو.

گەرد و خۆڵی جەنگ نیشتبۆوە. بز وێران ببوو چۆڵ بوو و بێدەنگییەکی دڵ گوشەر بەسەر چیاکانی دەوروپشت نیشتبوو... لە ساتە دیاریکراوەکانی رۆژدا دەنگی بانگ لە بز هەڵدەستا...

موعتەسەم بەملێکی قیتەوە لەسەر تەختی زێڕین دانیشتبوو. بە وەزیری خۆی کوت تا فەرمان بنوسێ، بنوسێ کە: ((من ئەل موعتەسەم بیلا خەلیفەی عەباسی، ئازەربایجان و ئەرمەنستان بەخەیدەر کوڕی کاوس ئەفشین سوپا سالاری گەورەی خۆم و تێك شکێنەری بابەکی کافر، دەسپێرم.))

جەنگاوەرانی برینداری ئەفشین سەریان لەدوو بابەك نابوو. حیلەی قاراقاشقا لە برگشادەوە دەهات بابەك لەگەڵ براکەی خۆی ، عەبدوڵڵا، بەدژوارییەوە لە ئاراس پەڕییبوونەوە. قارەمانانی کورد بۆ یاریدەی ئەو ڕاپەڕی بوون.



## (٤٣)

## سەرەنجامی پیاوی خاین

*چاکەکاری بۆ مەرامی تایبەتی*
*هەروەکو بەدکارییە، نەفرەت هێنە.*
*ل. تولستوی*

ئەفشین پاش داگیر کردنی قەلای بز، حاڵەتی شێری سەرمەستی هەبووو، بەلام لەو ڕووەوە کە بابەکی دەسگیرنەبوو بوو، خوێنی خۆی دەخواردەوە، ئەو لە خۆی دەپرسی ، ((ئەو کافرە بۆ کوێ هەلات؟ کێ ئەوی پەنا داوە؟ ناکا دووبارە خۆی بگەیێنێتە قەلایەکی دیکەو کۆمەڵێکی تر لە دەوروبەری خۆی کۆبکاتەوە و دیسانەوە، کارەکانی گەورە ببنەوە، بەو شێوەیە ماندوو بوونەکانم بە بادا دەچێ و لە نێوان من و ئارەزوەکانمدا دووبارە مەودایەك پەیدا دەبێتەوە دوورنییە دوژمنانیش پروپاگەندە بلاوبکەنەوە کە من خۆم بابەکم بەرێکردووە. نا، مادام بابەك دەسگیرنەبووە سەرکەوتن بەدەستنەهاتووە. وای ئەگەر ئەم پڵنگە بریندارە لە چنگم دەرباز ببێ...))

ئەفشین لەگەڵ سوارانی خۆی، دورگە و لێوارە بە قامیش داپۆشراوەکانی ئاراس ، ران ، دەوروبەری پردی خدا فرین، چیاکان و دۆڵەکانی نزیك بز و تەواوی مەزراکان و دێهاتەکانی پێشەوە و دۆڵەکانی ئەو دەوروپشتەی بەپێ کوتابۆوە. لە نێو باخەکان و مەزراکان و دێهاتەکانی دەوروبەردا جاسووسانی زۆر لە دێهاتیان بلاوببوونەوە. سەرباری هەموو ئەمانەش هەوڵدانەکان بۆ دۆزینەوەیبابەك و عەبدوڵڵا بێ ئاکام مابوونەوە. دوو برا دەتکوت بوونەتە ئاو و بەژێر زەوی دا چونەتە خوارەوە

ئەفشین، بۆ ئەوەی تەواوی ڕێگاکان بەڕووی بابەکدا ببەسترێن، بۆ هەموو فەرمانڕەوایان و بەتریقان و خاوەن قەلاّیانی ئازەربایجان و ئاران و ئەرمەنستان و بەلقان نامەی نووسی: ((بابەك و عەبدوڵلای برای لە بز هەلاّتوون، ڕێگای ئەوان بەلای ئێوەدایە. هەر کەسێك بۆم بگرێ یان سەریم بۆ بێنێ، سەد هەزار درهەمی دەدەمێ، جگە لەوەش کە ئەمیرول موئمنین دەیداتێ.)) هەواڵی هەلاّتنی بابەك لەبز، لەهەموو ویلایەتەکانی ئازەربایجان و زۆر قەڵەمڕەوی خەلافەتدا بلاّو ببۆوە.

هەڵپەرستان و دوژمنانی بابەك نەفرەتیان بۆ ئەو دەنارد و دۆستان و لایەنگرانیشی، ناخی دڵیان لە خەم و کینەدا قوڵپی دەدا. غەم بۆ کەوتنە خوارەوەی بەیداخێك کە شەکانەوەی ئومێدی ڕزگاری لە نێو دلاّندا بێدار دەکردەوە و کینەی ئەوانەی کە بەهەزاران فێڵ و تەڵەکەبازی سەرەنجام ئەم ئالاّ ئومێد بەخشەیان داگرتبووە خوارێ... بەلاّم بەیداخدار هێمان زیندوو بوو. دڵی ئەو هەڵگری بریسکەیەك بوو کە ڕۆژگارێك دووبارە دەیتوانی لە خەرمانی کینە بەرببێ و ئاگرێکی سووتێنەر لەخەرمانی ملهوراندا بەر بدات...

قەلاّی بز کەوتبووە بەر تالاّن. کاروانی وشترانی شبل ئیدی لە ژێر دەستی ئەودا نەمابوو. وشتروانان بەفەرمانی ئەفشین ، سامان و زەخیرەی ئازەربایجانیان بۆ سامەڕا دەگوازتەوە. کاروانگەلیکیش لە نێوان ئازەربایجان و ئەسروشنە، زێدگای ئەفشین، ڕێگای دەکوتایەوە. ئەفشین لە ماڵی تالاّنی ، زۆرترین پشکی دزی بوو. بەغای گەورە لەدابەشکردنی دەسکەوتەکان ناڕازی بوو. بەلاّم ئەفشین کە پاش میسر و بێزانت ، بەسەرکەوتنێکی ئاوا گەورە گەیشتبوو، پشتی بە پشتیوانی خەلیفەوە گەرم بوو. لە سامەڕا، دیاری گرانبەهایان بۆ ئەفشین ئامادە کردبوو، گەوهەر فرۆشان و زێرنگەران تاجی سوپا سالاری ، کە بە یاقوتگەلی سوورو زومڕەدینی سەوز ڕازێنرابۆوە، هەروەها کەمەربەند و بازیبەندی بە گەوهەر ڕازاوەیان، ئامادە دەکرد.

دەرباری خەلیفە لە شادی دا نقووم بوو. شاعیران بەفەرمانی خەلیفە بەستەگەلی حەماسەت خولقێنیان لەستایشی ئەفشیندا هۆنیبۆوە.

موعتەسەم لە هەمان حاڵ کە ستایشی لە شکۆداری و قارەمانی ئەفشین دەکرد، هێشتا لە لایەنی بابەکەوە دڵی ئارخەیان نەبوو بوو. دەترسا بابەك لەگەڵ تیوفیل ئیمپراتۆری بێزانت، دیدەنی پێکبهێنێ و سەر لە نوێ لە دژی خەلافەت ، ئەو ڕاپەڕینێ. ئەو لەپەیامەکانیدا بۆ ئەفشین، تەئکیدی دەکردەوە، ((هەرچی زووتر بابەك بگرە و لەگەڵ خۆتدا بیهێنە بۆ سامەڕا!))



ئەفشین شەو و ڕۆژ درێژەی بە پشکنین و گەڕان دەدا. باش دەیزانی کە داژدارانی بابەك زۆرن و دەستگیر کردنی ئەو کارێکی ئاسان نییە. دەستەیەك سوارەی تایبەتی خۆشی بەدوا بابەکدا ڕەوان کردبوو. ئەم سوارە زرێ پۆشانە لەسەر پشتی ئەسپ دەخەوتن و لەسەر زینی ئەسپەکانیان ماندوویی خۆیان دەحەساندەوە. ئەوان لەسەر هەموو ڕێگاکان و گوزەرگاکان و پردەکانیش کە بەرەو بێزانت دەچوون، بۆ سەیان دانابۆوە و بەوردی کاروانەکانیان دەپشکنی.

ئەفشین لە پەشۆکاوی و نیگەرانیدا خولی دەخوارد: ((ناکا لەبن گوێم لە جێگایەك خۆی گرتبێ... ناکا لە ناکاو خۆی هەڵبداتە سەر سەرم؟! دڵی شێر و هێزی فیلی هەیە... خۆزگە لەگەڵ مندا ڕێکدەکەوت! تەماعی زۆر کوێری کرد. دەیویست ئازەربایجان سەر بەخۆ هی ئەو بێ... کێ دەتوانێ بابەك پەنا بدا؟! کوردەکان سەر سەختن و دڵیان لەگەڵ من دا نییە. دەبێ کەڵك لە سەهلی سەنبات وەربگرم. ئەو پیاوێکە پایەپەرست و لە هەوڵی ئەوە دایە خۆی لە من نزیك بکاتەوە.))

ئەفشین پەیامی بۆ سەهل نارد کە ئەگەر لەگەڵ ئەودا یەك دڵ بێ و بابەك دەسگیر بکا، حکومەتی ئەرمەنستان بەتەواوی بەو دەسپێرێ.

سەهل ، ڕۆژگارێك بوو لەگەڵ بابەك پەیوەندی دۆستایەتی هەبووو. بابەك لە دەرپەڕاندنی داگیرکەرانی خەلیفە لە ئەرمەنستان یارمەتی ئەوی دابوو. ئەوان لەگەڵ ئیمپراتۆری بێزانتیشدا پێکەوە پەیمانی دۆستایەتی و هاوبەشیان بەستبوو. بەلاّم ئێستا ڕۆژگارێکی دیکە هاتبووە پێشەوە و ئەستێرەی بەختی ئەفشین لەهی بابەك بەرزتر خۆی دەنواند.

سەهلی کوڕی سەنبات بە پێشبینی گەلێکی پێویستەوە، گەڕایەوە قەلاّکەی خۆی. شازادەکانی ئەرمەن دەیانویست پەیوەندی باشیان لەگەڵ ئەفشیندا هەبێ. ئەوان کاری بابەکیان بە تەواو بوو دادەنا.

سەهل لەو خەیاڵە دابوو کە هەرچی زووتر بابەك بگرێ و بەئەفشینی بفرۆشێ. ئەو خەونی بە ناوبانگ و مەزنایەتییەوە دەدی. هەروەها لەو باوەڕەش دابوو: ((بابزانین با، بەرەو کام لا هەڵدەکا!)) ئەو بەخۆی دەکوت ((ئەگەر هیمەتێك نەکەم و خزمەتێك پیشان نەدەم ، ئەفشین یەکپارچە ئەرمەنستانیش داگیر دەکا. ئەگەر بابەك بدۆزرێتەوە... بەڕاست دەبێ ئەو لە کوێ بێ؟!))

سەرباری ئەوەی کە بەفر هەموو جێیەکی داپۆشیبوو، سەهل لە دۆڵی ماودان بۆ بابەك دەگەڕا. بە خۆی و پیاوەکانییەوە سەریان بە هەموو کون و کەلەبەرێکدا دەکرد. بەڵام بەدەستی بەتاڵدەگەڕانەوە.

لەیەکێك لەو ڕۆژانەدا، سەهل شوێن پێیەکی دۆزییەوە، بەدوای شوێن پێکاندا چوو تا گەیشتە زارکی گەرووی دۆڵی ماودان. لەو دەمەدا هەڵۆی سەهل لەسەر شانی هەڵفڕی. گەلە ئاسکێك ڕەوینەوە. نەعرەتەی سەهل لەنێو دۆڵەکەدا دەنگی دایەوە:

- نەهێڵن دەرباز بن. بەدوایان کەون!

بارانی تیران بەسەر سەری ئاسکەکاندا هاتنە خوارێ. پەڵەی خوێن بەفری سوور کرد. ئاسکەکانی کە بەساغی دەرباز بوون چوونە ناو ئەشکەوتێکەوە. هێشتا سوارانی سەهل لە ئەشکەوتەکە نزیك نەبووبوونەوە کە ئاسکەکان لە ئەشکەوتەکە دەرپەڕینە دەرێ و بەرەو لێژایی دۆڵەکە سەریان پێوەنا. سەهل لەسەرەتادا سەری سوڕما. پاشان تێبینی کرد کە لەوانەیە لەناو ئەشکەوتەکەدا کەسێکی تێدابێ. مانای تۆ بڵێی بابەك لەناو ئەشکەوتەکەدا بێ؟ شوانان ڕۆژی پێشوو چەند سوارێکی نەناسراویان لەو دەوروبەرە دیبوو. خۆزگە بابەك بێ!

سەهل دانەوییەوە و بەرەو ناو ئەشکەوتەکە چوو. ئەوی بەدوایدا دەگەڕا، لەوێ بوو. بابەکی دیتەوە. ئەو بابەکی لەباوەش گرت. دەست و ڕوخساری بابەکی ماچکرد. ئەوەندەی شادمانی پیشاندا کە وەك بڵێی برایەکی خۆی دیتبۆوە.

ناو ئەشکەوت جگە لە بابەك و عەبدوڵڵا حەوت پیاوی چەکداری تێدا بوون. ئەوان لەکوردانی جبال بوون کە بابەکیان بەرێدەکرد. سەهل بەمیهرەبانییەوە لەهەواڵی ئەوانیشی پرسی. پاشان خاچی کێشاو لەوەی کە بابەکی بەساغی دۆزیوەتەوە، دوعای کرد و ئینجا بەزمانێکی چەورو نەرمەوە پرسی:

- سەروەری من، سەرداری گەورە بەتەنیا بۆ کوێ دەچی؟

- دەچمە ڕۆم، ئەگەر بتوانم خۆم بگەیەنمە دەرباری سزار، یەقینم هەیە کە یاریدەم دەدا.

- لەو باوەڕەدای ئەگەر ئاوا دوور لەشکۆی فەرمانڕەوایی، تۆ ببینێ، دیسان ئامادەیە یاریدەت بدا؟

- جگە لەوە تەگبیرێکی دیکە نابینم.

- ئەگەر لە من قبووڵبکەی ، ئەو منەتەم بەسەردا بکەی وەرە بۆ قەڵای من، کەس گومان لە من ناکا تۆم پەنا دابێ. ئەم زستانە میوانی من بە سەر و ماڵم بە فیدای تۆ بێ!



بابەك لە حاڵێکدا بە نیگایەکی ناخ دیتەوە لە سەهلی دەڕوانی ، لەگەڵ خۆیدا بیری دەکردەوە، ((چ مەرامێکی هەیە؟))

سەهل دەستی بە زمان لووسی کرد:

- لێم ببوورە کە نەمتوانی بەیاریدەتەوە بێم، پیاوانی ئەفشین ڕێگایان لەمن و کەسانی من بەست و نەیانهێشت لە ئاراس بپەڕنەوە. سوێند بەدینم درۆ بەسەر زمانی من دا نایە... با بڕۆین... سوار بن!

ئەو، لە نیگا قووڵەکانی بابەك دەستە پاچەما، بەڵام هەر زوو شڵەژان و هەراسان بوونی خۆی داپۆشی، ((نابێ بێڵم ڕارایی لە نێو دڵی بابەکدا هێلانە بکا.))

سوێندی بەو خاچە کە بەملییەوە هەڵواسرابوو، خوارد و حەزرەتی عیسای مەسیحی کردە شایەت کە هەمیشە بەرامبەر بابەك وەفادار بووە.

بابەك لە نێوان دوو دڵی و متمانەدا سەر سام مابوو، ((بەچی ڕا دیارە لەگەڵ ئەفشیندا ڕێکنەکەوتووە. لە ئاخرین شەڕدا دیسانەوە بەڵێنی کۆمەگی دا و قشونی نەنارد... سەرەڕای ئەوەش ناتوانێ خیانەت لە من بکا. من جارەهای جار لەگەڵ ئەو لەسەر یەك خوان دانیشتوومونان و نمەکی یەکترمان کردووە...))

بابەك نیگای خۆی بەنێو چاوەکانی سەهلدا بردە خوارێ دەتکوت دەیویست ڕارایی خۆی بۆ ئەو دەربخا:

- لەنێو قەڵا چ کەسێکی لێیە؟

سەهل وەڵامی دایەوە:

- سەرداری گەورە، لە ناو قەڵا جگە لە کەسانی خۆم کەسی تری لێ نییە، ئینجا بۆ ئەوەی متمانەی بابەك بەتەواوی بەدەست بهێنێ، کوتی:

- ئێستا بەرژەوەند نییە بچینە ناو قەڵا. هەموو ڕێگاکان لەژێر چاودێری پیاوانی ئەفشین دایە. وا باشترە چەند ڕۆژێك لە قەڵایەکی لێواری ئاراس بمێنییەوە و پاش ئەوەی هەور و هەڵای نائارامی بەتەواوی ڕەوییەوە، دەچینە قەڵای شکی و لەوێوە بەرەو ڕۆم دەڕۆین... جا دەتوانین یارمەتی لە تیوفیل بخوازین. پاش ئەوەش ئەفشین نایەڵێ من ئاسوودە دابنیشم. یان دەبێ شوورەیی خۆ بەدەستەوە دان قبووڵبکەم، یان دەبێ پشتیوانێك پەیدابکەم و شەرەف مەندانە خەبات بکەم.

تارمایی ڕارایی لە نێو دڵی بابەك لاچوو و دڵی دابووە قسەکانی سەهل...

بابەك و عەبدوڵلا و یارانی سوار بوون.

دوو برا لە پەنای یەکەوە بەرێدا دەڕۆیشتن جیهانێك دڵ نیگەرانی و یەك دنیا قسەیان هەبووو، بەلاَم خامۆش بوون. لەو کاتەدا عەبدوڵلا بیری لە بابەك دەکردەوە بێ چەند و چۆن بابەکیش بیری لە عەبدوڵلا دەکردەوە بە یەقینیش یەکانگیری باوەڕو دڵ نیگەرانی هەردووکیان ئامانجەکان و بەیداخی خوڕەمیان بوو. بابەك بێدەنگی شکاند:

– عەبدوڵلا! نازانم بۆچی دڵم ئارام ناگرێ. ئەگەر کەڵەکێك لە ئارادا بێ، ئایا کارێکی ئاقلانەیە هەردووکمان پێکەوە بین و هەردووکمان گرفتار ببین؟

– ژیانی ئێمە بۆ کەسانی تر بووە ، ئومێدی ئێمە بەرزی ژیانی خەڵکی ئێمە بووە. منزڵی دوایی ژیانی هەر گیانلەبەرێك مردنە. ئەگەر داوێکیش لە کاردا بێ، لێگەرێ با بەیەکەوە پێوەبین و لەپەنا یەکتریدا بمرین.

– ئەوەی کوتت ڕاستە. بەلاَم بەچاوی بەستراوەوە چوونە کەوڵخانە لە ئەقڵ بەدەرە. ئەگەر یەکێکمان گیری خوارد، ئەوی تر دەتوانێ پاشماوەی کار بەدەستەوە بگرێ.

– ڕاستە بەلاَم...

– بەلاَم چی؟

– ناتوانم لە ساتی مەترسیدا تۆ بەجێ بێڵم.

– ئێمە نابێ خۆمان بکەینە قوربانی هەست و سۆزەکانمان، دەبێ واقیعەکان وەك خۆیان قبووڵبکەین و لە گەڵیاندا ڕووبەڕووبین.

– ئێستا چار چییە؟

– بەرژەوەند ئەوەیە تۆ لەگەڵ سێ کەس لە یاران خۆت بگەیەنییە قەلاَی ئێستپانوس. گومانم نییە کە ئەو بە باوەشێکی گەرمەوە پێشوازیت لێدەکا.

هەمموو ئەو ماوەیە، سەهل سەرنجی لەسەر گفتوگۆی بابەك و عەبدوڵلا و دوو دڵی ئەوان بوو، بەلاَم بۆ ئەوەی ڕاڕایی ئەوان پتر نەکا، بێ باکانە لە پێشی سواران بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت.

دوو برا بێ ئەوەی لە ئەسپ بێنە خوارێ بازووی یەکتریان گوشی.

ساتی وا هەن مرۆڤ یەك دنیا قسەی هەیە. لەو ساتەدا قسەکان لە نێو مرۆڤ دا لەسەریان دەڕژێ و بەیەك جار دێنە سەر زمان. زمان دەرەقەتی ئەو هەمموو کوتنە نایە. زمان ئیدی لە گۆ دەکەوێ. لەو کاتەدا نیگا بەهانای زمانەوە دێ. چاو کاری زمان وەئەستۆ دەگرێ. نیگا



دەست بە قسەکردن دەکا. نیگای دووبرا لەیەك ئاڵان. ساڵانی زوو و بیرەوەرییە دوورەکان زیندوو بووبوونەوە. هەردووکیان پێکەوە بەیەك نیگا لەیەکترییان ڕوانی. زمان چۆن دەیتوانی ئەم هەمموو بیرەوەرییانە- سەر تاپای بیرەوەرییەکان دووبارە بڵێتەوە...

بابەك لەچاوی براکەیدا، پتر لە ئومێد، حەسرەتی دەدی.

– پاڵەوان! جێگای حەسرەت نییە. مەگەر تۆ خۆت نەتکوت کۆتایی ژیانی بنیادەم مردنە؟! بەشەرەفەوە ژیاین، بەشەرەفەوە دەمرین، ئەگەر بەیداخ دار بکەوێتە سەر زەوی ، ئەوا بەیداخی ئامانجی ئێمە ناکەوێتە سەر زەوی. بە یەقین بزانە کە بازوانی ئەستوور ئالاَی ئازادی و بەخشندەیی ئێمە هەڵدەگرن و لە شارێك، لە گوندێك، لەقەلاَیەك، لەسەر بەرزایی چیایەك هەڵیدەدەن. ئالاَ بە سروەی بەیانیان و ئێواران دەشەکێتەوە. تا جیهان هەیە، خەباتیش هەر دەبێ، خەباتی ئەویندارانەی ئازادی و یەکسانی دژی نا ئینسانی و کۆیلەتی.

هەر لە هەمان ساتدا، دوو ئەسپی بابەك و عەبدوڵلا دوو ڕەسەنی خۆشڕەو دەمیروقاراقاشقا کەتەمەنێکیان پێکەوە لەچیایان و هەردان کوتابۆوە، بەیەکەوە غاریان دابوو، بەیەکەوە حیلاندبوویان، بەغەمگینییەوە سەریان بە پەنای یەکەوە نابوو. دەتکوت ئەوانیش ساتی جوداییان هەستپێکردبوو، ((ڕەفیق! خواحافیز!))

ئەو قەلاَیەی سەهل لە بارەیەوە قسەی کردبوو! لە جێگایەك بوو بە ناوی ((شاهـ شەرەفان)) لە نزیکی گوندی ((خەرامان)) هەڵکەوتبوو. لەوێ قەلاَو ڕێگای ژێر زەوی زۆر هەبووون. لەوێوە تابز سێ چوار فرسەخ ڕێگابوو.

سەهل هەوڵیدەدا بەقسەی نەرم ، دڵی بابەك ئاسوودە بکا، ((کێ دەتوانێ باوەڕبکا بابەك لێرە لەبن گوێی ئەفشینە؟ پیاوانی ئەفشین ئێستا لەسەر تخوبەکانی ڕۆم بەدوای بابەك دا دەگەڕێن و ئەویش وا لە لێواری ئاراس میوانی منە...))

سەهلی کوری سەنبات خوانێکی قورسی لە قەلاَ ڕازاندبۆوە. لەسەر خوانەکە هەر لە شیری باڵندەوە بیگرە تا روحی بنیادەمی تێدا دەس دەکەوت!! سەهل سەری بابەکی گەرم کردبوو. بەلاَم هەواڵی بۆ ئەفشین ناردبوو.

بابەك زۆر بە ئیشتیاوە دەیخوارد و دەیخواردەوە ((حەسرەت دەخوازم عەبدوڵلا تووشی هیچ نەبێ!))

لەو دەمەدا لە دەرەوە دەنگی پێی ئەسپ هاتە بەر گوێ. بابەك بە شلە ژاوییەوە ڕاستبۆوە، ((پیاوانی ئەفشین نەبن؟ ناکا سەهل بیەوێ ئێمە تەسلیمی دوژمن بکا؟! ئەو بەنان و نمەك و

خاچ و عیسا سوێندی خواردووە!)) بەگورجی لە جێگای خۆی هەستاو بەخێرایی خۆی گەیاندە حەوشە و خۆی هەڵدایە سەر پشتی قاراقاشقا سەهل خۆی بەحەپەساو پیشاندەدا گوایا لەو جوولانەوانە تێناگا. بەڕواڵەت جنێوی بە ئەفشین دەدا، ((ئەگەر ئەوەی دێ، ئەوبێ ، بابێ!))

دواجار سوارەکان پەیدابوون. بابەك لە دوورەوە جەنگاوەرانی ئەفشینی ناسی. نەعرەتەیەکی لێداو هەیهایەکی لەئەسپەکەی کرد. قاراقاشقا لە ناخەوە حیلەیەکی کێشاو پێش کەوت. بابەك دەسبەجێ حەوت کەسی لە سوارەکان بەزەوی دادا. چوار سواری کورد پشتی بابەکیان گرتبوو. سەهلیش شمشێری هەڵکێشابوو و بەڕواڵەت پشتیوانی لە بابەك دەکرد...

سوارانی ئاسن پۆشی ئەفشین بەواوەیلاکردن لەبەردەمی بابەك هەڵاتن ، چەند لاشەیەك لەسەر بەفر بەجێ مابوون. ئەسپانی بێ سوار دەیان حیلاند. سەهل بە قەڵافەتێکی لە بیران ڕاچوو لەبابەك نزیککەوتەوە و بە ئاوازێك کە نارەحەتی لێ دەڕژا، کوتی:

- سەرداری گەورە ژمارەی ئەم مەلعونانە زۆرە. ئەفشین لەشکرێکی ناردۆتە سەرمان. وەك بڵێی گەمارۆ دراوین. دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ناو قەڵا. لەوێ ڕێگایەکی ژێر زەوی هەیە کە تا ئەوبەری ڕوباری ئاران درێژ دەبێتەوە، لەو ڕێگایەوە دەتوانین خۆمان لە ئەڵقەی گەمارۆ ڕزگار بکەین

بابەك جگە لە قبووڵکردنی بیروڕای سەهل چارەیەکی دیکەی نەدی بەو پێیە گەڕانەوە بۆ ناو قەڵا.

سەهل مەشخەڵ بەدەست پێشکەوتبوو. بابەك و گیان فیدا کوردەکانی بەدوای ئەودا بە پەیژەیەکدا چوونە نێو چاڵێکەوە، گوایا ئەوێ ڕێگایەکی ژێر زەوینی بووە. سەهل مەشخەڵی بەرز ڕاگرتبوو و بەقەڵافەتی چەماوەوە لە پێشەوە دەڕۆیشت.لەچەند جێگا ڕێگاکە ڕێ ڕێ دەبوو وتونێڵ بەچەپ و ڕاستدا درێژەیان هەبووو لە ناکاو سەهل مەشخەڵی خستە خوارێ. تاریك داهات! تاریکییەکی خامۆش و ئەنگوستە چاو و نەفەس گیر! بابەك هاتەوە سەر خۆی، ((سەگی خاین، بۆ هەر جێیەك ڕابکەی لەچنگم دەرباز نابی!)) سەهلی ون کردبوو. دەنگی وەبەر دیوارەکان دەکەوت و بۆ خۆی دەگەڕایەوە. بابەك و گیان فیداکانی بەدوای سەهلدا دەگەڕان. بەڵام لەو تاریکییە دا چاو چاوی نەدەدی. سەهل غەیب بووبوو. بابەك گەڕایەوە...

لەناکاو دەنگی قاقایەکی گیان هەنگێو کەوتە بەر گوێ.

- ها...ها! بابەکی وشترەوان لە کوێی؟ وەرە نزیك تر!



بابەك بەرەو ئەو لایە کە دەنگەکەی لێهات، پێشکەوت. دەنگ لەسەرەوەی چاڵێك دەهات کە ئەوان لێوەی هاتبوونە خوارێ. ئەوسەرەوەیە رووناك بوو هەموو شتێك بەڕاشکاوی بەدیدەکرا. پەیژە لەجێی خۆی نەبوو. سەهل لەو سەرەوە لە پەنا ((ئەبو بوزبارە)) سەر لەشکری نێردراوی ئەفشین دەست بەکەمەر ڕاوەستابوو. هەردووکیان پێدەکەنین.

دەنگی تووڕەیی بابەك لە چاڵەکەدا دەنگی دایەوە:

- خاین منت هەرزان فرۆشت. ئەگەر ماڵ و زێڕت دەویست ، لەوەندە زیاترم دەدا کە ئەوانە داویانە.

سەهل بە دەنگێکی گاڵتە جارییەوە، وەڵامی دایەوە:

- بێ دەنگ بە هەی وشترەوانی بێ سەروپا! وشترەوانێك بەسەر سوپا ڕابگاو سیاسەتی مەملەکەت و حکومەت بەڕێوەببا، ئاخیر و ئاقیبەتی جگە لەمە شتێکی دیکەی لێ چاوەڕێ ناکرێ. ئەو هەموو چەنەبازی و شەرەف و مەرەف کۆتایی هات. ئەوانەی کە دەتکوت پاش تۆو براکەت بەیداخی ئازادی بەشانیان هەڵدەگرن ئەو ورێنە و قسە پڕوپوچانە کە دەتکرد تەواو بوو، دەبینی کە بەیداخ و مەیداخ سۆراخێکی نییە!

سەهل و ئەبو زبارە هەر تەنیا دەنگی بابەکیان دەبیست، بەڵام بابەك ئەم دوانەی دەبینی، ((لەو جێیەی کە دەرەتان هەیە ڕق بەسەر سەری دوژمندا بڕێژی، نابێ لە نێو دڵ دا کەڵەکەی بکەی)).

بابەك لەیەك ساتدا تیرێکی لە کەوانەکەی هاویشت و بەناو چاوی سەهلی دا بردە خوارێ. ناڵە و هاواری سەهل تێکەڵ بەیەك بوون.

- ئای سووتام! دایکە سووتام!

نەڕەی پڕ لەڕق و تووڕەیی بابەك، لەدەمی چاڵەکەوە هاتە دەرێ:

- ئەوە پاداشتی خیانەت بوو. بسوتێ. یەقین بزانە لەسەر ئەم نامەردییەت ئەرمەنی لێت خۆش نابن.

## (٤٤)

# یەك قۆناغ ڕێ تا سامەڕا

هەموو کاروبارەکان کە بۆ پێشبینیە ئیحتیات ئامێزەکان ڕەچاو کرابوون، ئەنجام درابوون. بەفەرمانی خەلیفە ڕێگاوبانەکان لەهەر لایەکەوە بۆ تێپەر بوونی سوپای ئەفشین و ئەو ئەسیرانەی کە ئارام و خەویان لەسامەڕا هەڵگرتبوو، چۆڵکرابوون. سوپا بەدواین مزڵگەی خۆی گەیشتبوو. یەك قۆناغ تا سامەڕا. ئەفشین و لەشکر لە کاروانسەرایەك خستبوویان. دەبوایە ماندوێتیان بحەسێننەوە.

قاچی بابەك و عەبدوڵلاّ بەیەك زنجیر بەسترابوونەوە و دەستیشیان بەزنجیرێکی دیکە.

ئەفشین لەنێو خەت و لۆچی ڕوخساری ئەسیرەکانی خۆیدا، سروودی شانازی خۆی دەخوێندەوە. بەلاّم ماتی و حەپەسانیش بەسەر گیانیدا زاڵببو، ((پیاوێکی سەیرە! ئەو هەموو ڕێ یەمان بڕیوە، ئەو هەموو منزڵگەیەمان بەجێ هێشت، ئەم پیاوە لێوی لە لێوی نەکردۆتەوە، نەك هەر لە گەڵ من ، لەگەڵ براکەشی. نە ئەو قسەیەکی کردووە، نە عەبدوڵلاّ!)) لەڕاستیدا هەم بابەك و هەم عەبدوڵلاّ وەك دوو کێوی سەهۆڵ لەپەنای یەکەوە ، پێکەوە بەستوو ڕاوەستابوون. لەو دیوی ئەم دوو کێوە سەهۆڵە چ تۆفانێك بەرپا بوو؟!

لەوانەیە هیچ سەردارێکی سەرکەوتوو ئیرەیی بەحاڵی ئەسیرەکەی خۆی نەبردبێ. بەلاّم ئەفشین لە ژێر ئەو هەموو شکۆ و ئارایشتەدا ، بە بازوانی نێو زنجیر، بە ملی ئەستوورو سنگی دەرپەڕیو، بەسەختگیری و بەرزەفڕی تێك نەشکاوی بابەك ئیرەیی دەبرد.((مێژوو چ دەنووسێ؟ سەرزەوێنێك کەوتە بەر پەلاماری دەست درێژییەوە. پیاوێك ڕاپەری و بیست و سێ ساڵ لە بەرامبەر بەهێزترین سوپادا ڕاوەستا پشت و پەنای خەڵکی خۆی — خەڵکی



سادەو زەحمەتکیشی خۆی بوو... بەلاّم کەمتەرخەمی خۆی بوو. من پێشنیارم بۆکرد. ئەو خۆی نەیویست دەستی یەکێتی بداتە دەستم. من لە دوو ڕێ زیاترم لە پێش نەبوو، یان پێکەوە هاودەستی ، یان سەرکوت کردن و دەسگیر کردنی. ئەو ڕێگای یەکەمی لەبەردەمی من بەست. ئەگەر لەگەڵ من ڕێك بکەوتایە، پێکەوە خاکی سامەڕامان لەتوورەگە دەکرد. نە شوێنەوارێکمان لە موعتەسەم دەهێشتەوە و نە لەدەزگای خەلافەت. کەمتەرخەمی خۆی بوو. ئەگەر لە جیاتی ئەوەی بە نیشانەی ڕەت کردنەوە سەری بەرزبکاتەوە، بەنیشانەی ڕازی بوون سەری دابگرتبایە، کار تەواو بوو... تازە ئیدی کار لەکار ترازا، تازە هیچ شتێك ناکرێ... باشە واقیعەن هیچ شتێك ناکرێ؟ لەوانەیە ئەگەر ئەو هەمووە لە سامەڕا نزیك نەبوباینەوە دەکرا بگەڕێینەوە. دەکرا سووکانی کەشتی وەرگێڕین. سەرباری ئەوەش بەچی ڕادیارە کە ئێستاکە فرمێسکی سوێری پەشیمانی چاوەکانی ناسوتێنی؟...)) لەبابەك و عەبدوڵلاّ نزیککەوتەوە:

- ئەگەر ڕاست بێ دڵ ئاوێنەی دڵ بێ، گومان دەکەم، ئێستا بیر لە بیست و سێ ساڵ ژیانی خۆت و ڕۆژێك دەکەیەوە کەدەتتوانی لەگەڵ مندا ڕێکبکەوی، پیاوانی گەورە هەڵەی گەورەیان لێ دەوەشێتەوە. ئایا لەو باوەڕەدای کە ئێستا هیچ ناکرێ؟ ئایا هیچ جووڵانەوەیەك ناتوانێ ئەو هەڵەگەورەیە قەرەبوو بکاتەوە؟

- هیچ هەڵەیەك لە ئارادا نەبووە، سەردار! وامەزانە هەنگاوێکم لە ڕووی خۆ خوازی و سەرە ڕۆییەوە هەڵگرتووە. هیچ جووڵانەوەیەکم لەڕووی پایەخوازییەوە نەکردووە. من نەم دەتوانی سەودا کاری لەسەر چارەنووسی ئازادی خەڵك بکەم. مێژوو ناوی زۆر لەپایەپەرستانی نوسیووە کە بەنرخی سەروەری ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك، نەفرەتی هەتاهەتاییان بۆ خۆیان کڕیووە. یەقین بزانە هەڵەیەك بوبێ لەلایەن تۆ بووە. لێرە کە ڕاوەستاوی ئاوڕێك لە پشت سەری خۆت بدەرەوە. من دەزانم کە تۆ لە ڕووی پایەپەرستییەوە کڕنۆشت بۆ موعتەسەم بردوە. بەلاّم کارێکی باش دەبوو ئەگەر چارەنووسی ئەو کەسانە کە خزمەتی ئەو خێزانەیان کردووە، لەبەرچاوی خۆت دابنایە.

چۆن بوو کە چارەنووسی ئەبو موسلیمت لەبەرچاو دانەنا. ئەو پیاوەی کە هەرچی لە توانای دابو بەکاری دەهێنا، کاتێك ڕێگای بۆ ((بەنی عەباس)) تەختکرد ، مەنسوور بەکەڵەکبازی هەرچی کە لەدەستی ئەودا بوو فڕاند. تەنانەت گیانی ئەویش. ئایا دەتوانی

ئاكامی جەعفەری بەرمەكی لەبیر خۆت بەرییەوە؟ كەشتی تێكشكاوی خەلافەتی لەناو جەرگەی زریانەكاندا گرتەوە و بەرە و لێواری دڵنیایی ڕایكێشاو پاشان هارون بە شمشێری جەللادی خۆی ،ڕێزی لێ نا!

ئەفشین هاتە ناو قسەكانی بابەكەوە:

- حەیف بۆ بەرمەكییەكان، بەتایبەتی جەعفەر كە مایەی ئومێدی هەموو ناڕازییانی دەزگای خەلافەت و خەڵكی پارس بوو. جەعفەر لێهاتوویی ئەوەی تێدابوو ڕۆژێك ژێر پێی عەباسیان بنكۆڵ بكاو تەنانەت دەزگای خەلافەتیش تێكەوەبپێچێ و بۆ خۆی دەست پێكەری سەرەتای دەورانێكی نوێ لە قەڵەمڕەوی خەلافەت بێ.

لەو دەمەدا وەك بڵێی بابەتێكی تازەی وەبیرهاتبێتەوە ڕووی خۆی بۆ لای بابەك وەرگێڕا:

- بەڕاست دەزانی كە جەعفەر هاو ڕێبازی ئێوە بوو؟

زەردەخەنەیەكی لەسەرخۆ لەسەر ڕوخساری بابەك نەخشی بەست. بەڵام هیچی بەسەر زماندا نەهات. ئەفشین درێژەی پێدا:

- بۆ خۆی لەسەرە مەرگ دا دانی پێدانابوو. كاتێك مەسرور خەریكی لەمل دانی بوو، بەڕاشكاوانە دەری بڕی بوو كە من یەك خوڕەمیم.

- بیستوومە كە جەعفەر لە بارەی خوڕەمیانەوە میهرەبانی و دۆستایەتی دەنواند. بەڵام زەحمەت بوو كە ئەو خوڕەمی بێ. بەتایبەتیش لەدەمی سەرەمەرگدا، لەوانەیە بۆ ئەوەی دڵی دوژمن داخ بكا، بانگەشەی خوڕەمی گەرێتی كردبێ. لەوانەشە لە ناخی دڵیشیەوە بووبێ كە خۆزگە ئەو خوڕەمی بوایە. دەزانی بۆ؟ چونكە خوڕەمیان لەو دوژمنانەن كە هەرگیز ئاشتی لەگەڵ خەلیفەكانی عەباسیدا ناكەن. بەڵام ئایا جەعفەر بەو پایەگاو ڕابردوویەوە كە هەیبوو دەیتوانی خوڕەمی بێ؟! ئەو كە بۆ بنیاتنانی كۆشكی خۆی بیست هەزار هەزار درهەم و بۆ كڕینی كەل و پەل و پێداویستی و كەنیزان و غولامان هەزار هەزار درهەمی خەرج كردبوو، دەیتوانی خوڕەمی بێ؟

- جەعفەر پیاوێك بوو بەخشندە و خاوەن خەڵك. ئەمە هەقیقەتێكە كە دۆست و دوژمن ئەوەیان قبوڵە. ئەو هەرساڵ هەزاران درهەمی بە شاعیران و زانایان دەبەخشی.



- بەڵێ ، بەڵام ئایا هیچ جاران لە خۆت پرسیوە كە ئەم هەموو زێڕ و زیوەرە بێ هەژمارەی لە كوێوە دەهێنا؟! ئایا لە دەست ڕەنجی زەحمەتكێشانی ئێرانی نەبوو!... ئەوەش بزانە كە سەرەنجامی پڕ لە عیبرەتی جەعفەر و بنەماڵەكەی لەبەر بیروباوەڕی جەعفەر نەبوو، بەڵكو بە غەدرو ئەمەگ نەناسی ڕەوشتی عەباسییانەوە پەیوەست بوو. ئاكامی فەزڵ و حەسەنی كوڕی سەهلت بەچاوی خۆت نەدی؟ تۆ وادەزانی كە لە ئەبو موسلیم و جەعفەر و فەزڵ و حەسەن و تاهیر زرنگ تری؟ بزانە ئەو هەڵدێرەی تۆ تێی كەوتووی نەزرنگی بەكەڵك دێ و نەهۆشیاری ، نەزۆری بازوو سوودێكی دەبێ و نەتیژی شمشێر. مەیمونێك دەست بەرداری دارستان و لقی درەختان ببێ و مل بۆ زنجیر بدات و بە ئارەزووی كەسانی تر تەقڵەبازی بكا، چارەنووسی مسۆگەری وی ڕیسوایی و شەرمەزارییە...

ئەفشین لەیەك ساتدا هاتەوە سەر خۆی و هەستیكرد كە وەك كوڕێكی گوناهبار لە بەردەمی باوكیدا ئەژنۆی دادابێ و بێ هیچ كاردانەوەیەك گوێی بە ئامۆژگاری و سەرزەنشتی وی دابێ، ((نابێ لەمە زیاتر مل بۆ سووكایەتی سەرزەنشت كردن شلبكا..))

دەنگێك لە گەروویدا پێچی خواردەوە:

- بابەك! ئاگات لە زمانی خۆت بێ. لە بیرت نەچێ كە تۆ ئەسیری منی!

- لەبیرم ناچێ بەڵام ملی من و تۆ بە یەك زنجیر بەستراوەتەوە

- من ئازادم، من سوپا سالارم ، سامەڕا بۆ چوونە ژوورەوەی من تاقی سەركەوتنی بەستووە...

- تاقی سەركەوتن، چاوی تۆی لە بینینیواقیعەكان كوێركردووە. ناونیشانی سوپا سالاری گوێی تۆی كەڕ كردووە. پایەپەرستی ملی پێ لە هەڵدێر ناوێ. ئەگەر چاوت هەبووایە سووكایەتی و شەرمەزاری ئەو خوارەت دەبینی. ئەگەر گوێت هەبووایە دەنگی ((نەفرەت لە خیانەت پیشەكانی مێژوو))ت دەبیست بەڵام تۆ زۆر لە پەردەكانی پشت خۆتت وێران كردووەو گومان ناكەم ڕێگای گەڕانەوەت هەبێ. ئەو ڕۆژەی كە پێت لە ئاوزەنگی پایەپەرستی قایمكرد هەر هەمان ڕۆژ پشتت لە نیشتمانت كرد. لەوێ دەتتوانی جڵەوی خۆت بكێشیتەوە و بۆ ئامانجی هاونیشتمانانت بگەڕێیتەوە. بەڵام نەگەڕایتەوە. سەیری پشت سەری خۆت كە ، لەهەر هەنگاوێكی تۆدا داخێكی خیانەت بەسەر نێو چاوانتەوە

نووساوەتۆ باوك و برات لەو ڕێگایە بەختكردووە. تۆ تەنانەت باوەڕ و ئاینی خۆشت فرۆشتوە و بە هەزارنیشت فرۆشتووە...

- من ئێستاش لەسەر ئاینی باو وباپیرانی خۆمم. دڵی من لەگەڵ عەباسی یاندا نییە. من لەوانە بێزارم. بەلاَم دەبێ لە كاركردندا سیاسەت بەكاربهێنم. بەدەرزی چاڵ هەڵ ناكەنرێ. من سەرباری بێزاریم لە عارەبان كاروبارێكی زۆر ، كە خۆم نەفرەتم لێیان دەبێتەوە، بە ناچاری ئەنجامم داون. وشترسواریم كردووە، چەكمەم لە پێم هەڵكێشاوە، بەلاَم من خەساو نیم. من باوەڕم وایە بە ماچكردنی دەستی دوژمن، دەم گلاَو نابێ. ئەمڕۆ ماچی دەكەی ، سبەی ئەگەر توانیت دەی بڕی. بەلاَم تۆ خۆت نەتویست ئازادببی، مانای ملت بۆ مەرجەكانی من نەدا

- ئێمە فێرنەكراوین مل بۆ هەموو مەرجێك بدەین. ئێمە هەر دەستێك بێ ماچی ناكەین. بەلاَم تۆ هەموو دەستێكی ناپاكت ماچكردووە. بۆ سەركەوتنە سەرەوە پێت لەسەر شان و ملی زۆران داناوە. لە پێناوی پایە پەرستی خۆتدا ڕاپەڕینی خەڵكی میسرت دامركاند. خوڕەمیانت لە خاك و خوێندا وەردا و ئێستاش بابەك وعەبدوڵلاَ بەرەو قەسابخانەی خەلیفە دەبەی. ئەگەر پێویستیش بێ هەزاران دۆستانیش بە قوربانی ئامانجی خۆت دەكەی ، فەرمانڕەوایی خوراسان...

ئەفشین لەژێر لێدانی بارانی تانە و سەرزەنشت كردندا ورد ببوو، سووك و ڕیسوا ببوو، هەپروون بەهەپروون ببوو، ((چ پیاوێكە ئەمە! زمانی لە شمشێرەكەی تیژترە! بەرزە فڕییەكانی لە چیاكانی ولاَتەكەی پایەدارترن! دەكرێ چی لەگەڵدا بكرێ؟ ئەم سەرە ڕۆیە چۆن دەكرێ ئارام بكرێتەوە؟))

- دەمی خۆت بگرە وشترەوانی هیچ و پوچ؟))

شمشێریشی هەڵكێشا.

بابەك لە جێی خۆی نەجوولا. عەبدوڵلاَ دەست و پێی لەنێو زنجیردا ڕاتەكاند. زنجیرەكان ڕاوەشان. ئەفشین لەگەڵ خۆڕاپسكاندنی عەبدوڵلاَ و خرۆشانی زنجیرەكان هەراسان بوو، كشایەوە دواوە، ((بەدەستی بەزنجیر بەستراویشەوە نابێ دڵت لێیان ئارخەیان بێ.))

شمشێری زمانی بابەك هێمان نەچووبووەوە ناو كالان.



- .. ئەوانەی بە پەیژەی خیانەتدا دەچنە سەرەوە تا لە ژێر پێی دەسەلاَت و ملكەچیدا ماچێكی خزمەتگوزارانە بكەن، لە دواین پلەدا بۆ نێو زبڵدانی بەد ناوی و ناو زڕاندن هەڵدەدێرێن. من بەیانی دەبینم كە خەلیفەی كەڵەكباز، سوپا سالاری هیچ و پووچی ولاَتی ئەسروشنە بەدەستی جەللادەكەی دەسپێرێ. من سبەی دەبینم. من ڕووپەڕە سپیەكانی مێژوو دەخوێنمەوە. من كۆمەڵە ناوێك لە مێژوودا دەخوێنمەوە لە لاپەڕەكانی مێژوودا هەر ناوێك حاڵەتێكی هەیە حاڵەتێك كە ئەو خاوەن ناوە پێشكەشی خەڵك و مێژووی كردووە. پێودانگی ناوی باش و ناوی خراپ خزمەت و خیانەتە. خزمەت كردن ڕووناكی بەخشەو خیانەتیش تاریكی هێنە. خزمەت پشكوتنە وخیانەتیش بۆگەن بوونە. من خەڵكانی ئایندە دەبینم كە لە بێز هاتنەوەیان لە خیانەت كاران، نێو چاوانی خۆیان تێكدەنێن..

- بەسە... بیبڕەوە سەرەڕۆ.. بەسە من هیچ و پووچ نیم... من سوپا سالارم.
- تۆ سوپا سالارێكی خۆ فرۆشتووی لەسەر سوپایەكی بە زێڕ كڕدراو!

## (٤٥)

# سێداره

*پیاو ئەو کەسەیە لە ڕووبەڕووبوونەوە*
*لەگەڵ مردندا، بێباك بێ.*

ڕۆژێك لەڕۆژانی نیوەی زستانی ساڵی ٢٢٣ بوو. ئەو ڕێگایانەی بەرەو سامەڕا دەچوون. به بەفر داپۆشرابوون زریان و بۆران بێدادیان دەکرد. سەرمایەکی پڕ لە وژە و زستانێکی بێ هاوتاو بێ وێنه. کاروانچییان لەبن ئەنواکانی سەر ڕێگادا منزڵیان لێ خستبوو. لەدەوری ئاگر کۆببوونەوە. تەنانەت ئەوانەی بۆ ڕاو وشکار چووبوونه لێوارەکانی دیجله، لەڕووی ناچارییەوە کەوان و تیرەکانی خۆیان فڕێدەدایە ناو ئاگر، ((ڕاو بەجەهەنەم، خۆ ناخی ئێسقانەکانیشمان بەستی. موعتەسەم دەیەوێ گۆشتی کەو و پۆڕ دەرخواردی ئەفشین بدا، ئێمە دەبێ لەسیرەی سەرما ڕەق بینەوە!))

کاروانسەراکان، لەمەودای لێك دوور هەڵکەوتبوون و بێ کەرەسەی پێویست مل لەڕێگانان کارێکی ترسناك بوو. سەرباری ئەوەش بۆ گەیاندنی بابەك بەسامەڕا هەمو جۆرە کار ڕاستاییەکی پێویست، لەبەرچاو گیرابوو. سوارە و پیادە بەیداخی ڕەش بەدەستەوە لەکۆشکەوە تا سەرە ڕێگای حەلوان لە هەردووبەری جادە ڕیزیان بەستبوو. هەموو خەڵکی شار چاویان بەڕێوەبوو تا پیاوێك کە بیست و سێ ساڵی تەواو قەرار و ئارامی لە خەلافەت تێکدابوو، ببینن. وتار خوێنان لەمزگەوتەکاندا وتاریان دەخوێندەوە و ناوی خەلیفە —ئەل موعتەسەم بیلا- ئەفشین سوپا سالاری خەلیفە و بابەکی مەلعونیان



پەیتا پەیتا بەسەر زماندا دەهات. تا ئێستا سامەڕا جەژن و هەنگامەی ئاوای بەخۆیەوە نەدی بوو. لە شەقام و گۆڕەپانەکاندا دەرزیت هەڵدابایە نەدەکەوتە سەر زەوی. ((واسق)) کوڕی موعتەسەم و ژمارەیەك لەبنەماڵەی خەلیفە بۆ سەر پردی ((حوزەیفە)) کە لەدەرەوەی شاربوو، چووبوون...

بابەك و عەبدوڵڵایان بە بەرامبەر ئەنجوومەنی باڵبازیدا تێپەڕاند و بردیاننە کۆشکی ئەفشین کە لەگەڕەکی مەتیرە- بوو. دانیشتوانی شار لەو شەقامانەی کە بەرەو کۆشك کۆتایی دەهات، ئاپۆڕایان بەستبوو. دەست ڕۆیشتوانی شار قوربانییان بەسەر هەژاراندا دابەشدەکرد. هەلپەرستانی جیرەخۆر بە دەنگ و هەرای ناقۆلاوە، شیعریان بۆ ستایشی خەلیفە دەخوێندەوە:

ئەی موعتەسەم ئەم فەتحە پرشنگدارەت
موبارەك بێ ئەی عیسمەتی دین! ئەل حەمدولیلا
ئەی موعتەسەم ئەم تاجی سەرکەوتنە لەسەری تۆ جوانە
ئەی عیسمەتی دین! ئەل حەمدولیلا.

شەو، بابەکیان لە کۆشکی ئەفشین هێشتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆژی دواتر بە تەشریفاتی تایبەتییەوە بیبەنە حزووری خەلیفە. موعتەسەم ئارامی لێ هەڵگیرابوو. تینی خرۆشانی بۆ دیداری بابەك، ئۆقرەی پێ نەهێشتبوو. ناچار ئەحمەد کوڕی ئەبی داود ((قازی ئەل قوزات)) ی بانگ کرد و ناردی تا بابەك ببینێ و وەسفی بابەك بۆ ئەو بگێڕێتەوە. ئەحمەد شەو چووە کۆشکی ئەفشین و چاوی بە بابەك ، کە زۆری لە بارەوە بیستبوو، کەوت، و چەند قسەیەکیشی لەگەڵدا کرد و ئینجا گەڕایەوە لای موعتەسەم تا وەسفی بابەکی بۆ بکا. قسەکانی ئەحمەد ئاگری خرۆشانی بۆ دیداری بابەك لە نێو دڵی خەلیفەدا خۆشتر کرد. نیوێکی شەو تێپەری بوو، خۆی گەیاندە کۆشکی ئەفشین و بێ ئەوەی کە خۆی بە بابەك بناسێنێ، ئەوی بە چاوی خۆی دی...

هێشتا خۆر سەرتاپای شەقامەکانی زێڕباران نەکردبوو. کە هەردوو بەری ڕێگای کوشکی ئەفشین شەپۆلی لە ئاپۆڕای خەڵکی دەدایەوە. دەروێشێکی کوێر و خەمبار ، گۆچان بەدەستەوە لە بەردەمی دارول خەلافە بەدەنگێکی گەرم و خەفەتبارەوە بەستەی دەکوت:

ئەی مەرگ خونچەی ئارەزووەکانت هەڵوەراند
دەرد و شیوەن زاریت کردە بەشی ئێمە
هەر بەرەبەیانێك باڵی ڕەشت بەسەرمانداکێشا
هەر ئێوارانێك شادیت لە دەستی ئێمە فڕاند.

ژنانی ڕەش پۆش کە مێردیان کوڕانی خۆیان لە جەنگ لەگەڵ خوڕەمیاندا لە دەستدابوو، سواڵکەری پیریان لە نێو خۆیاندا گرتبوو، بێ ئەوەی تێبینی قسەکانی ئەو بکەن، دەگریان و پانایی ڕومەتی خۆیان بە فرمێسکی چاوەکانیان دەشۆردەوە. سواڵکەر ماوەیەك ئارامی گرت و دواجار دەنگ لە گەروویدا هاتە دەر: ((حەیف بۆ ئەو پیاوە سەربەستە، حەیف بۆ شێری مل بە زنجیر!))

... هیچی بۆ نوێژی نیوەڕۆ نەمابوو. لەناکاو هەنگامە لەنێو خەڵك هەستاو هەیاهو بەرپابوو:

- بابەك دەهێنن!
- ئەوە تانێن!
- ئەوانە دوو کەسن. یەکێکیان سواری فیل و ئەوی تریان سواری وشتر. کامیان بابەکە؟
- ئەوەیان کە سواری ئەو فیلە ڕەش و سپییەبووە. ئەو فیلە پاشای هیند بە دیاری داویەتییە خەلیفە.

سەیرکە چۆن بە ئاوریشمی سەوز و سوور ڕازاندوویانەتەوە؟!

لێبۆکێك لە پێشەوەی کۆمەڵەکە دەهات و شیعری عەبدول مەلیك زیاتی بەو تەرزە دەخوێندەوە:

چ قەوماوە، چ پێشهاتێکی گەورە ڕوویداوە
کە فیلی ئەشهەبیان بەو چەشنە ڕازاندۆتەوە
ئەوە شەیتانی سبلانە کە بەسەرپشتییەوەیە
ئاوێنە بەنێو چاوان و زومڕەد بە گوێکانیەوە

هات و هاوار و پاڵە پەستۆی خەڵکی ڕووبە زیادی بوو:

- ئەهاها! حەڕام زادە چ هەیکەلێکی هەیە!



- دەڵێی دێوی حەوت سەرە! ئەوی تریش برایەتی!
- بیستبووم هەر بازوویەکی وەك قەدی درەختێکە. نەیانهێشت چاوم پێ بکەوێ!
- خەمی لێ مەخۆ ، بەسەر داری قەنارەوە چەندی حەزت لێ بوو دەتوانی بیبینی!

خەلیفە فەرمانی داوە لاشەکەی هەڵبواسن تا دەڕزێ!

ئێستا بابەکیان هێنابووە ناو حەوشی دارول خەلافەوە. ئاردالان ، ئەوانەی لە کۆشك نزیکدەکەوتنەوە بە قامچی دووریان دەخستنەوە:

- بڕۆنە ئەو لاوە!
- دوور بکەونەوە!

موعتەسەم بە لەخۆ بایبوونەوە لەسەر تەختی زێرینی خۆی دانیشتبوو. بە گوێرەی نەریتی خۆی قاچی خستبووە سەر قاچی و دەسرۆکی ڕەشی ((ئامان)) ی لەناو دەستی دا بوو. زەردە خەنەیەکی ئارام و پڕ لە بەخۆ نازینی چرچ و لۆچەکانی ڕوخساری پڕکردبوو. چاوەکانی لە ژێر برۆتەنکەکانیەوە، وەك جیوە دەدرەوشانەوە. جارێك دەستی بەرپیشە تەنکەکەی خۆیدا دەهێنا و جارێك چاوێکی بە پیاوانی زێر و زیو کە لەهەردوو دیوی تەخت بە پێوە ڕاوەستابوون. دەخشاند. ئەفشین ، چاوەکانی کە شادییەکی تێکەڵ بە پەشۆکاوی تێیدا شەپۆلیان دەدا ، لە خەلیفە بڕی بوو. روخساری تاریکی کارگ ئاسای، وشك و تاڵ و تێکگیراو بوو، بیر و خەیالاتی ڕەش ئازاری مۆژەیان دەدا، ((ئەگەر بابەك پەردە لە ڕووی ئەو قسانە هەڵبداتەوە کە لە نێوانماندا بووە، چ ڕوودەدا؟)) لەوەی کە ئەوی بە زیندوویی بۆ سامەڕا هێنابوو، پەشیمان بوو.

ئیسحاق میری بەغداد ، و عەبدوڵڵا فەرمانڕەوای خوراسان ئەوانیش دەروونیان شڵەژا بو. یاقوتی سوور و زومڕەدی سەوزی گرانبەها کە بەسەر نیوە تاجی زێرینی سوپا سالاری ئەفشینەوە دەدرەوشایەوە و گەردانەی گەوهەرنیشان و کەمەربەندی بە گەوهەر ڕازاوەی کەمەری، ئاگری ئیرەیی و کینەی لە دڵی ئەو دوانەدا بەردەدا، ((تەماشا موعتەسەم چ دیاریگەلێکی گرانبەهای داوەتە ئەفشین. وادیارە، بەدوور نابینرێ سەر زەوینەکانی ئێمەش بەو بسپێرێ. خۆزگە ئەو دەنگۆیانە ڕاست دەردەچوون و بابەك پەردەی لەسەر پیلان و خیانەتەکانی ئەفشین هەڵ دەدایەوە...))

شێخ ئیسماعیل و ئەلکەندی فەیلەسووفیش لە لای چەپی خەلیفەوە دانیشتبوون. فەیلەسووف ئەو شەوە سارد و زستانییەی هاتەوە بیر کە لە بەرزاییەکانی هەشتاد سەرلەگەڵ بابەکی گوزەراندبوو حەیفی بۆ ئەو هەموو ئاگایی و ئەو ئامانجە ئینسانیانەی بابەك خوارد. بەڵام شێخ ئیسماعیل نەفرەتی بۆ ئەو یاخییە بەد مەزەب و تاڵان کەرە نارد.

حەوت غولامی زەنگی دێو پەیکەری ئەڵقە لە گوێ، زنجیری شێریان بەدەستەوە بوو و لە پەنا تەختی خەلیفە ڕاوەستابوون.

شاعیرانێکی زۆر لە ستایشی خەلیفە و ئەفشیندا شیعریان دانابوو. هەر شاعیرێك قەسیدەی خۆی دەخوێندەوە، دیاری خۆی وەردەگرت و جێگای خۆی دەدا بە شاعیرێکی دیکە.

لەو دەمەدا دەرگای تەلار کرایەوە. سەرەتا حەوت ئاردالّ نێزە و قەڵغان بەدەستەوە هاتنە ژوورەوە پاشان چەند غولامی ئەڵقە بە گوێی فیلەتەن کە جلی شەڕیان لەبەردابوو، بابەك و عەبدوڵلایان کە زنجیری قورسیان لەدەست و پێیاندا بوو، هێنایە ناو تەلارەوە. شان و شکۆی ئەم پیاوە کەلەپچە و زنجیر لە ملانە سێبەری بەسەر کۆڕەکەدا دادا. ئامادەبوان هەموو خامۆش بوون. موعتەسەم بێ ئیختیار لە جێی خۆی هەستاو لەسەر تا پێیانەوە بەبابەکیدا هەڵڕوانی. بابەك هەر وەکو ئەوەی کەهیچ شتێك ڕووی نەداوە. ئارام و بەویقار ڕاوەستاو نیگای پڕ لەڕقی لەسەرەوەڕا بۆ خوارێ و لەخوارێوە تاسەرێ گێڕا، ((هەموو مرۆڤ کوژە نامەردەکان و خۆفرۆشەکان لێرە کۆبوونەتەوە.)) چاوەکانی پشکۆی لێ بەردەبوونەوەو دەتکوت دەیەوێ ئاگر لەکۆشکی خەلیفە بەربدا. ئەویان زیاتر هێنایە پێشەوە و لەبەرامبەر خەلیفەدا ڕایانگرت ڕوخساری موعتەسەم گرژ بوو، لەتین و تاوی شادی بوو یان شڵەژان؟ کەس نەی دەزانی. ئەگەر لەو کاتەدا خۆی لەنێو ئاوێنەدا بدیبایە زراوی لەخۆی دەچوو. نەی دەتوانی چاوەکانی لەسەر بابەك هەڵبگرێ. ئەفسونکێش بوو. هەموو نیگاکان لەسەر بابەك بوون. هەناسەکان لەنێو سینەدا بەند ببوون. تەنیا دەنگی زنجیری شێرەکان بوو کە بێدەنگییان دەشکاند.



سەرەنجام موعتەسەم تەکانێکی دایە خۆی. لەبابەك نزیك کەوتەوە و بە نیگایەکی کە تێکەڵەیەك لە ترس و تۆڵە ستاندن تێیدا شەپۆلی دەدا، لە بابەکی ڕوانی و بە ئاوازێکی هەروا پەشۆکاو و خرۆشانەوە پرسی:

- بابەك؟

بابەك خامۆش مایەوە. توڕەیی و بەخۆنازین لە چاوەکانییەوە دەپڕژا.

موعتەسەم ڕەق تر پرسیاری کرد:

- بابەك تۆی؟

بابەك دیسان خامۆش بوو

ئەفشین بەتەنگاوییەوە بەرەو پێشەوە ڕای کرد و بە کڕنۆشەوە چەمایەوە و بە ئاوازێکی سەرزەنشت کارانەوە کوتی:

- - وای لە تۆ! ئەمیرول موئمنین لەگەڵ تۆ قسە دەکاو تۆ بێدەنگی؟ وەڵام بدەوە، بڵێ ئەی ئەمیرول موئمنین، بەندەی تۆم و گوناهبارم و ئومێدەوارم ئەمیرول موئمنین لێم ببورێ و چاوپۆشی لە گوناهەکانم بکا!

دەنگی بابەك ئارام و سەنگین هاتەدەر:

- منم بابەك!

ئیدی هیچی نەکوت.

موعتەسەم دەسبەجێ کەوتە سوژدە و هەستایەوە و دەستی بە دوعاوە لێك کردەوە: ((سوپاس بۆ تۆ خوایە بۆ ئەو سەرکەوتنە کە پێت بەخشیم. ئەمڕۆ نیعمەتێکی گەورەت بەمن داوە و دەرگاکانی ڕەحمەتی خۆت بەڕووی مندا کردەوە.))

پاشان ڕووی لە بابەك کرد و ئەمجارەیان بە ئاوازێکی نەرم پرسی:

- بۆچی کاتێك کە هاتیتە ناو تەلارەوە سڵاوت نەکرد؟

بابەك بە بێباکییەوە وەڵامی دایەوە:

- نابێ چاوەڕێی سڵاو لە میوانی ناوەخت بکرێ!

- بیستومە کە تۆ حەرام کراوەکانی خواوەندت حەڵاڵ کردووە و بەتەمای ئەوە بووی سەرزەوینی خەلافەت داگیر بکەی؟!

- هەر کەسە دایکی لە کوێ هێنابیەتە دنیاوە ئەو جێیە ماڵی ئەوە ، سەر زەوینی ئەوە، نیشتمانی ئەوە. داگیر کەر کەسێکە کە چەندین قۆناغ ڕێ دەبڕێ و بەقشون و چەکەوە هێرش دەباتە سەر خەڵکی بێ دیفاع و دەست ڕەنجی خەڵکی زەحمەتکێش تاڵان دەکاو ژیانیان پێ تاڵان دەکا.

نیگایەکی بەنێو تەلاردا گێڕاو لەسەر ئەلکەندی فەیلەسووف نیگای ڕاوەستاو پاشان درێژەی بە قسەکانی دا:

- داگیر کەر کەسانێکن کە بیرمەندانی میللەتان دەفرێنن. داگیرکەر کەسانێکن کە ئەسپان بەنێو مەزاری خەڵکدا تاو دەدەن. خەڵك بە دیلی دەگرن. پیاوان هەروەکو ئاژەڵ دەدەنە بەر باری بێگاری. ژنانی خاوەن مێرد دەفرۆشن. ئابڕوی کچان دەتکێنن... لە نێو حەرەمسەرای خەلیفەدا حەرەمسەرای ئەو پیاوانە کە لێرەن، لە ژنان و کچانێك کە ڕۆژگارێك ژیانێکی ئازادی خۆیان هەبووە، ژاوەی دێ...

دەنگدانەوەی دەنگی بابەك تەلاری داگیرکردبوو. ماتی و سووکایەتی بەسەر سەرتاپای خەلیفە دا زاڵ بووبوو. بابەك لە قسەکانی ڕاوەستابوو خامۆشییەکی سەنگین سێبەری بەسەر تەلاردا گرتبوو...

خەلیفە هاتەوە سەر خۆی. ساتێك بێ توانا مابوو کە چی بکاو چی بڵێ. زاتی دایە بەر خۆی، بەسەر پێی خۆی سووڕایەوە بەرەو ڕووی ئەلکەندی و شێخ ئیسماعیل گەڕایەوە. لە حاڵەتی نیگای فەیلەسووفدا تێگەیشت کە ئەو نایەوێ بابەك بکوژرێ، ڕووی کردە ئەفشین:

- دەربارەی بابەك چۆن بیردەکەیەوە؟

ئایا بەرژەوەند لەوەدایە لە گوناهەکانی ببوورین؟... ئەوم بە پیاوێکی جەسوور و هۆشیار دیت. هەر لەو ڕۆژانە لەگەڵ تیوفل ڕووبەروو دەبینەوە. چۆنە ئامانی بدەینێ تا لەریزی سوپای ئێمەدا شمشێر بوەشێنێ؟ وا گومان دەکەم ئەلکەندیش هەر ئەو ڕایەی هەبێ!

ئەفشین تێگەیشت ئەو ماستە موویەکی تێدایە. ئاوی نێوزاری قووت دایەوە و کوتی:

- - چ کەسێك بەرژەوەندی خەلافەت لە ئەمیرول موئمنین باشتر دەزانێ؟ بەڵام شێخ ئیسماعیلیش لێرە ئامادەیە دەتوانین حوکمی شەرعی پیرۆز لە بارەی یاخییەکی هەڵگەڕاوە لەو بپرسین خەلیفە بۆ لای شێخ گەڕایەوە:



- دەڵێی چی؟

شێخ دەستی بەریشی خۆیدا هێناو وەڵامی دایەوە:

- هەڵبەت دەرگای ڕەحمەتەکانی پەروەردگار بەڕووی هەموو بەندانی گوناهکاردا کراوەیە، بەڵام بەشەرت و شروت. بابەك بەمەرجێك دەتوانرێ ببەخشرێ کە پاکانە لە بڕواو باوەڕەکانی خۆی بکاو تۆبە لە ڕابردووەکانی بکا.

زەردە خەنەیەکی کە نیشانەی ڕەزامەندی بوو بەڕوخساری موعتەسەمدا گەڕا. ئەو نەی دەویست هەروەکو باپیری خۆی ، جەعفەر، وەك خەلیفەیەکی‌دڵڕەق وبێ بەزەیی بناسرێ. لەم ڕووەوە فێڵبازانە دەسرۆکی ڕەشی ((ئامان)) کە لەنێو دەستیدا بوو لەسەر شانی بابەك دانا، و کوتی:

- لێت دەبوورم!

ئەم قسە فەرمان ئامێزییەی خەلیفە وەك زەنگێك لە نێو کۆشکدا دەنگی دایەوە.

- بەڵام بەمەرجێك کە تۆبە بکەی و بکەویتە ژێر شمشێری پیرۆزی ئێمەوە.

چاوە خورماییەکانی بابەك لێك کشانەوە دەنگێکی قیناوی لە گەرووییەوە دەرپەڕی:

- دەبێ گوناهکاران تۆبەبکەن. تۆبە لە گوناه بکەن.

بابەك بە جۆرێك خۆی ڕاتەکاند کە ئەڵقەکانی زنجیرەکەی خرۆشان. ئەگەر دەیتوانی بەددانەکانی گەرووی موعتەسەمی دەجوی و پارچە پارچەی دەکرد. دەسرۆك لەسەر شانی کەوتە خوارێ و بابەك بەپێ کەوتە سەرێ:

- من داوای لێبوردنم لەکەس نەکردووەو هەرگیزیش داوا ناکەم.

موعتەسەم ڕەنگ لە ڕوخساریدا نەمابوو. بەڵام بە لەسەر خۆبوونەوە کوتی:

- تۆ ئێستا لەبن چنگی ئێمە دای.

- ئا، بەڵام تەنیا بەدەنی من لەبن دەستی ئێوەدایە نەك روحم، قەڵای ئامانجی من ناگیرێ.

موعتەسەم دووبارە بە تانوتەوە کوتی:

- بەڵام کاتێك سەرت لەلەشت جیابۆوە، ئیدی هەموو شتێك کۆتایی دێ.

- هەموو شتێك کاتێك کۆتایی دێ، کە ئەو خەڵکەی بابەك یەکێك بوو لەوان، نابووت بن. لە حاڵێکدا کە دنیا دەگۆڕێ. کۆشکان هەرەس دەهێنن. پاشایان و خەلیفەکان

و هەموو ستایش گۆیانیان نابووت دەبن. بەلاّم خەلّك دەمێنن و ناو و یادگاری خزمەتگوزاران و گیانبازانی خۆی لە ناو دلّیدا بەزیندوویی دەهێلّێتەوە...

کوڕ مات بوونێکی مەزنی بەخۆوە گرتبوو. کەس توانای جوولاّنی نەبوو. وشەکانی لەسەر لێوی بابەك دەردەچوون وەکو کوتەك بەسەر سەری ئامادەبواندا دەکەوتنە خوارەوە.

موعتەسەم ڕەنگی لەبەردا نەمابوو. دلّی نێو دلّی خۆی دەخواردەوە بەلاّم توانای جوولاّنی نەبوو. وای هەستدەکرد کە بلێسەکانی کە لەنێو دەروونی ئەم پیاوە بە سندم و زنجیر بەستراوە ، هەلّدەستیّ، دەتوانیّ ئاگر لە کۆشکەکەی بەربدا. چۆن دەیتوانی ئەم ئاگرە خامۆش بکاتەوە؟ مەگەر دەست و پیّ و زمانی توانای جولاّنیان هەبووو؟ چاوەکانی لە ڕەشەوە دەچوون و سەری لە گێژەوە دەچوو. قسەکانی بابەك هەروا لە گوێدا دەنگیان دەدایەوە ، دەنگدانەوەی مەرگ:

- ....وامەزانە میلی ترازووی ژیان هەمیشە هەر بە قازانجی ئێوە دەبیّ. وا گومان مەبە کە ژیان هەمیشە بە ئارەزووی ئێوە دەبیّ. درز کەوتۆتە ناو دیواری کۆشکتانەوە. ژێر پێتان بنکۆلّ دەبیّ زەوی لە ژێر پێتاندا دەلەرزی. ئایا نابینی ، ئایا نابیستن؟ وای لە چاوو گویّ ئێوە!

گڕکان هەرچی مەعدەنی داخ و تواوەی هەبووو هەلّی ڕشتە دەرەوە. خۆش گوزارانی دەزگای خەلافەت و خەلیفە لە ژێر هورژمی سوتێنەردا، تواوبونەوە ببوونە ئاو، ببوونە خۆلّ، ببوونە خۆلّەمێش، ببوونە وردە بەرد. چیا لە گڕکان هاویشتن ڕاوەستابوو. بابەك خامۆش ماو لێوەکانی بەیەکدا گوشی. خەلیفە تەکانێکی بەخۆیدا. شمشێرێکی ڕووتی کە لەپەنا تەختەکەی بوو، هەلّگرت. بریسکەی شمشێر ئاوی چاوی ئامادەبوانی دەبرد، دەنگێك لە گەرووی موعتەسەم گەڕا:

- شمشێرەکەت دەناسییەوە؟ بەم شمشێرە نەبوو فیتنەت لە جیهاندا نایەوە؟؟؟؟ دەتوانی پێمان بلّێی بەم شمشێرە چەند کەست کوشتووە؟

- زۆر ،هەموشیان شایانی کوشتن بوون!

موعتەسەم نیگایەکی لە تیغی شمشێر ڕوانی چاوی بەو نووسراوە کەوت کە لەسەری نوسرابوو، لە بابەکی پرسی:

- چی لیّ نوسراوە؟



***- ئەی قارەمان، ئەگەر شمشێرت بە کالاندا کردەوە وا باشترە هەر دەست بۆ دەسکەکەی نەبەی!***

پەردەی لەسەرخۆیی کە بەسەر جوولاّنەوە و قسەکانیدا خەلیفەدا کشابوون ، بەیەکجار دڕاو ڕق و کینەی ڕووت لە سەراسەری گیانیدا، بلێسەی گرت، چاوەکانی لە کالانە هاتنە دەر و لەبن گەروویەوە نەڕاندی:

- جەللاد!

پەردەی ڕەش وەلاکەوت و جەللادێك شمشێر بەدەست پێی نایە ناو کۆشکەوە و بەرەو پێشەوە هات، کڕنوشێکی برد و ڕاوەستا. لەو کاتەدا کە چاوەکان لەدەمی موعتەسەم ڕامابوون و گوێکان چاوەڕێی فەرمان بوون، گرمەی نەڕەیەك لەو بەری تەلارەوە هەمووانی لە ڕزاندەوە:

- سلاّو ئەی برا! تۆ کارێکت کرد کەس نەیکردبوو و ئێستاش توانایەك بنوێنە کەس نەینواندبیّ. موعتەسەم سەری بەرزکردەوە و لەو جێگایەی کەنەڕەی لێوە هەستابوو، ڕوانی. هەموو نیگاکان بەرەو لای قارەمانێکی دیکە کە بەسەرێکی بەرزەوە لەژێر زنجیردا، پایەدار ڕاوەستابوو، وەرسوڕان. موعتەسەم شێت ئاسا نەڕاندی:

- مەگەرنەمکوت ئەو بەرنە بەغدا، بیبەن ، لووت و گوێی ببڕن و پارچەکانی بەسەر پرد هەلّبواسن.

عەبدوللاّیان بەڕاکێش ڕاکێش لە کۆشك بردە دەریّ. ساتێك نیگای دوو برا لەیەك گیران و لێك تێپەڕین.

موعتەسەم گەڕایەوە و جەللادی دەست لەسەر سنگ لەبەرامبەر خۆیدا بینی.

دەمارە دەرپەڕیوەکانی کەللەی ئەستوورو لەبن ڕا تاشراوی جەللاد، بلّندونەوی دەبوون. قۆلّەکانی لیّ هەلّمالّی بوون و مووی بازووەکانی وەك نەشتەر ڕەق ببوون. لە چاوە هەلّ ئاوساو و لە کالانە دەرپەڕیوەوە وەحشەت و مەرگ دەباری، و لەژێر لێوە لەرزیوو ڕەنگ تێیدا نەماوەکانیەوە دوعای دەکرد، ((خوایا ، لیّم ببورە... تۆ خۆت دەزانی کە من ژێر فەرمانم..))

دەنگی خەلیفە لە نێو کۆشك دەنگی دایەوە:

- هەتکی کە!بەشمشێری خۆی هەتکی کە. باوکم دەیکوت: ((ئەو کەسە گەوجە کە دەیەوێ مار ماڵی بکا. جەللاد کرنۆشی برد. شمشێری لە دەستی موعتەسەم وەرگرت و تەماشایەکی کرد. پەنجەکانی بەتیغەکەی دا هێناو بەزەردەخەنەیەکی ساردو وشکەوە لەژێر لێوانەوە کوتی: شمشێرێکی تیژە! بۆلە ملدانی سەرانی عەگید باشە!))

موعتەسەم لە دڵی خۆیدا کوتی: ((کاتێك دەست بۆ شمشێر دەبرێ ئەقڵ خامۆش دەبێ.)) و بەسەر سامییەوە دەستی بە ڕاوێچکە کردن کرد. و بەدەست فەرمانی بە ئاردالان کرد کە بابەك ببەنە سەر کۆلکە. ئاردالاَن فەرمانیان بەجێ هێنا. جەللاد ویستی چاوەکانی بابەك بەدەسرۆکی سوور ببەستێ. بابەك لەخۆی نووسا و بەسنگ جەللادی هەڵدایە سەر کۆلکە. جەللاد هەستایەوە و بەقینەوە بەرەو بابەك هێرشی برد:

- مەلعون ئێستا چرای ژیانت دەکوژێنمەوە.

جەللاد بەیاریدەی ئاردالاَن و غولامانی زەنگی بابەکیان ڕاکێشایە سەر کۆلکە و دووبارە ویستی چاوەکانی بەدەسرۆك ببەستێ. بابەك بەدەنگێك کە هەم پاڕانەوە هەم پایەداری تێدابوو، کوتی:

- جەللاد، چاوم مەبەستەوە! لێم گەڕێ بەچاوی کراوەوە بمرم.

زەردە خەنەیەکی دڕندانەو تۆڵە خوازییانە لێوەکانی موعتەسەمیان تەڕکردەوە:

- چاوی مەبەستەوە! لێگەڕێ بە ئارەزووی خۆی بگا! با لەدواین ساتی ژیانی خۆیدا ببینێ کە ئاگرێك لە ئاورگا هەڵناستێ. بەلاَم بەیەکجار سەری لەلەشی جیامەکەوە، با زیاتر بە زیندویی بمێنێتەوە! یەکەمجار دەستەکانی ببڕەوە!

جەللاد لەوەی کە هەلێکی بۆ هونەرنواندن وەگیر کەوتبوو، خۆشحاڵ بوو. یەکەم جار بەیەك زەڕبە و بەشێوەیەکی تایبەتی دەستی ڕاستی حوکوم دراوی خستە سەر زەوی. خوێن فیچقەی کرد. بابەك برۆکانیشی نەهاتنەوە یەك، بەلاَم جوولاَنەوەیەکی کرد لە سەیر سەیرتر: ئەژنۆی دادا، چەمایەوە و هەموو ڕوخساری بەخوێنی گەرمی خۆی کە لەسەر کولکەوە فیچقەی کردبوو، هەڵسوو. چاوەکان لەنێو کالانەدا ئەبڵەق ببوون. ئەم جوولاَنەوەیە چ مانایەکی هەبووو؟!

هێشتا لێوی پرسیارکردن لێك نەکرابۆوە و وەلاَمێك لە چاوەکانەوە نەهاتبوونەوە کە شمشێری جەللاد بەرزبۆوە و هاتە خوارەوە و قارەمانی سبلان دەستی چەپیشی لە بەدەنی



جیابۆوە و کەوتە سەر کۆلکە. سەردار هیچی نەکوت بە پێوە ڕاوەستابوو، پایەدار بوو. خوێن لە هەردوو شانییەوە دەهاتە دەرەوە. هێمان تالاَوی پرسیاروسەرسامی لە نێو چاوان و سەر لێوان بوو. موعتەسەم هەردوو دەستی لێکدا. بەر لەوەی سەری سەردار لەلەشی جیابێتەوە، پێش ئەوەی پەیوەندی زمان و دڵ لەیەکتری جیاببنەوە باسەیر و سەمەرە خولقێن بۆ خۆی بێتە گۆ:

- لێ ی مەدە، دەستت ڕاگرە!

دەستی جەللاد لەهەوادا وشك بوو.

موعتەسەم زەردە خەنەیەکی تاڵی بۆ کرد:

- کافر! ئەمەیان چ یارییەك بوو لەدەمی سەرەمەرگدا کردت؟ بۆچی روخساری خۆت لە خوێن هەڵسوو؟

چەند گەورە بو ئەو پیاوە، مەرگ چەند سوك بو، چەند سوکتر بو دوژمن! لەبەرچاوی دوژمنی ناکەس دا، پیاوی گەورە، دەبێ گەورەتر بێ شەپۆلی دەنگی برا لە گوێی بابەکدا دەلەرییەوە و توانای بەو بەخشی بوو ((کارێکت کرد کەس نەیکردبوو... توانایەك بنوێنە کەس نەینواندبێ)) شەپۆلی دەنگێکی سەرکوتێنەرەوە،و وردو خاشکەر، بەسەر گیانە سووك و ورد بوەکاندا، گیرابوو:

- پیاو لە بەرامبەر دوژمنی نامەردا ، دەبێ پیاوانە بمرێ. بیرم کردەوە بە بڕینی هەردوو دەستەکانم، خوێن لەلەشم دەڕوا، کە خوێنیش نەما ڕەنگی ڕوخسار زەرد هەڵدەگەڕێ. لە حالێکدا کە ڕوخساری خەڵك بە خوێنەوە سوورە. نەوا دوژمن وا گومان ببا کە ڕەنگی بزڕکاوم لە ترسی مەرگە. گەلی من ئەوە قبووڵناکا بابەك لە بەرامبەر گەلە ڕێوییەکدا ترسێك بچێتە دڵیەوە....

موعتەسەم لەناخی گەروویەوە نەڕاندی:

- دەنگی ببڕە!!

شمشێر هاتە خوارەوە و سەر ، سەرێك کە هەرگیز لەبەردەمی هیچ زۆردارێکدا دانەنەوی بۆوە، کەوتە سەر کۆلکە. چاوەکان هەروا کراوەو مەشخەڵدار بوون. هەناسەکانی کە لەنێو سینەکاندا حەپس ببوون، بەرەڵلاَ بوون. لە گۆشە و پەنایاندا ، دەنگانی قەتیس

بوو لە نێو گەرووادا، دەرپەڕین: ((دەستت بشکێ جەللاد!)) ناڵە لە دڵی ئەلکەندیدا قوڵپی داو بەشێوەی ئاهێکی سوتێنەر هاتە دەرەوە...

لێوەکان هەروا خامۆش مابوون. بەڵام چاوەکان دەتکوت بە چرای زەردەخەنە ڕووناك ببوونەوە و بەهێماو کینایەتەوە بەیەکتریان دەکوت((مزگێنی رزگارمان بوو)) گەرمایی ئەو زەردە خەنەیە کە چاوەکانی ڕووناك کردبۆوە، وردە وردە خوێنی لە ڕوخسارە ڕەنگ زەرد هەڵگەڕاوەکاندا ، زاندەوەو ئەوەی لە نێو دلاندا پەنگی خواردبوو، هاتە سەر زمان: ((خودایە تەمەنی ئەمیرول موئمنین درێژ بکەی و تەخت و تاجی لە بەلای ئەرز و ئاسمانان بەدوور بگری! خەلیفە موعتەسەم پەیکەری خەلافەتی لە زەربەی شمشێری بابەك ڕزگار کرد)).

ئەفشین تەکانێکی دایە خۆی. هاتە پێشەوە بەڵام توانای تەماشاکردنی چاوە خورمایی و سوتێنەرەکانی بابەکی نەبوو. بلێسەیەك کە لەچاوەکراوەکانی بابەك دەهاتنە دەرێ، ئاگری لە گیانی وی بەردەدا. دەروونی پێکداهات و قسەکانی بابەك کە لەکاروانسەرای سەر ڕێگا بەوی کوتبوو، لەدەروونیدا دەنگی دایەوە و لەیەك ساتدا سەری خۆی هەستپێکرد لەسەر کۆلکە کەوتۆتە خوارەوە و خوێنی لێ دەتکێ. دروست هەروەکو سەری بابەك. ئەوەی کە لەسەر کولکە کەوتبوو، سەری ئەوبوو سەری ئەفشین... ئەو سەری لە گێژەوە هات. بەزەحمەت خۆی بەسەر پێوە ڕاگرت. تا چەند بەو حاڵەوە مایەوە و لەو ماوەیەدا چی کرد؟ خۆشی نەی دەزانی. ئەوەی کە ئەوی هێنایەوە سەر خۆی، نیگای گوماناوی و درکە ئامێزی خەلیفە بوو کە هەروەکو دوو نەشتەری تیژ لە چاوە بەقوڵدا چووەکانی چەقی بوون. خەلیفەش دەتکوت لەسەر خۆی نەبوو. لە قووڵایی چاوەکانیدا مەشخەڵی تام و چێژێکی دڕندانە هەروا سەر گەردان مابو. لێوەکانی ئەفشین لەبەرامبەر ئەو چاوانە هەڵکەندران و بێ ئیختیار ئەم دوو وشەیە لە نێوان ددانەکانیەوە هاتنە دەرەوە:

- سەد حەیف!

موعتەسەم چاوی لە چاوی ئەفشین هەڵگرت و نیگای بێ ئارامی وەرگێڕاو لەسەر ڕووی تیغی شمشێری جەللاد نا، بەڵکو شمشێری بابەك ڕاگرت و ئینجا گێر خوارد و بێ خۆ نواندن سەری لە نێوان هەردوو دەستی خۆی گرت و لەسەر تەختەکەی دانیشت، ((نا ،نا هیچ سەرکەوتنێك بەنسیبی من نەبوو،من توانیم بابەك تێك بشکێنم. من سەریم لەلەشی



جیاکردەوە ، گیانیم لێ ستاند. بابەك لە بز نوشوستی هێنا ، بەڵام لێرە ، لە کۆشکی جوسق لە سامەڕا ئەو منی تێکشکاند!))

دەروونی ئەفشین پاش نیگای گوماناوی و درکە ئامێزی خەلیفە ، لەوێناکردن نەدەهات. هەرچی هەوڵیدەدا کە ملی خۆی لەسەر کولکەی جەللادی خەلیفە دوور بخاتەوە، نەیدەتوانی ، ((خۆزگە مەرجی بابەکم قبوولدەکرد. حەیف بۆ ئەو، چ کەڵە پیاوێك بوو! پایە دار و پڕ لە سەختی هەروەکو بەردەکانی بز، سەربەرز هەروەکو چیا سەر بە ئاسماندا چووەکانی ئازەربایجان...! ئەی سەرابی ئارەزووەکان تف لە ئێوە! ئەی ڕەقیبان! نەفرەت لە ئێوە ، نەفرەت لە ئێوە ئەی ڕەقیبان!نەفرەت لەمن، نەفرەت لە ئەفشین... ئاهە لە دەریای خوێنێکدا کە خۆم ڕشتوومە وا نقوم دەبم... ئای لە من! داد لەو سەرکەوتنە بێ شکۆیە، داد لەم تێکشکانە ئارەزوو سوتێنەرە...))

بەفەرمانی موعتەسەم سەری بابەکیان مۆمیا کرد و بەسەرا سەری قەڵەمڕەوی خەلافەتدا گێڕایان و لاشەی بێ سەریان بەسەر بەرزایی تەپۆلکەیەکی لەوە لەپەنا شاری سامەڕا بە ((داری مەرگ)) دەوەهەڵواسی تا بێتە پەند بۆ هەمووان. با هەمووان بزانن کە ئەمەیە سەرەنجامی هەر کافرێك کە چاوی تەماعکاری لەسەر زەوینەکانی خەلافەت ببڕێ و بیەوێ لە جیهاندا فیتنە هەڵایسێنێ و ڕەشو ڕووتانی بێ سەروپێ دژی دەست ڕۆیشتوانی خاوەن ناو ونیشان ڕاپەڕێنی. با هەموو چراکانی ئومێد کە کارو ناوی بابەکیان لە نێو دلاندا رووناك کردبۆوە، بکوژێنەوە. با هەمووان ئاگاداربن کە ئیدی بابەکی خوڕەمی نەما....

پاش ئەوەی سەر و دەستەکان و لاشەی بابەکیان لەسەر کەوڵ هەڵگرت و ڕایەخی جەللادیان لەبەرامبەر تەختی خەلیفە پێچایەوە. موعتەسەم بە پێوە لە بەرامبەر ئامادەبووانیدا سەری بەرزکردەوە:

- ئەمەیە سزای ئەوانەی کە لە دژی خەلیفە زمان بەرز دەکەنەوە. ئەوانەش کە لەپشت دیوارەکانەوە خراپی ئەم حکومەتە دەڵێنەوە و گەندەڵییەکانی دین کاوێژ دەکەنەوە و گوێیان لە ئاوازێك هەڵخستووە کە بەڵکو لەپەنهانەکانەوە بێتەدەرێ و لەم دەوڵەتە بچنە دەرێ، ئەوانە لەژیاندا سەرەنجامیان لەم سەگە ئاژاوەگێرە باشتر نابێ لە

((پەنا داری مەرگ))ی بابەك دەبێ داری تریش بچەقێنرێن. لاشەی مازیار قارنیش دەبێ لەپەنا لاشەی بابەك هەڵبواسرێ ،لاشەی بەدخوازانی دیکەی هەروەکو...

ئاخرین ڕستەی موعتەسەم کەدواییەکەی بۆ ناوخۆی قووتدایەوە، داری خستە ناو ئاگری شڵەژاوییەکەوە کە لەناو دەروونی ئەفشیندا دەسوتا. موعتەسەم ئەو قسانەی کە لەڕووی بەرژەوەندەوە قووت دابوونەوە بەدڵی خۆیدا تێی پەڕاندن، ((ئەم ئەفشینە خایینەش کە بەحەسرەتی دابەش کردنی قەڵەمڕەوی خەلافەتی منەوەیە، خۆم بەسزای خۆی دەگەیەنم. ئەم کابرا موالییە هێمان خەون بە شاهنشاهی ساسانییەوە دەبینێ. باو باپیرانی من ئەم خەلافەتەیان بە ئاسانی دەستنەکەوتووە تا کوڕەکانیان بە ئاسانی لەدەستی بدەن. بۆ پاراستنی هەر ویلایەتێك، ئەگەر پێویست بێ، جۆگەلەی خوێن هەڵدەستێنم بە شمشێری دیمەشقی سەری ناڕازییان لەلەشیان جیادەکەمەوە!))

سالّی ٢٢٣ ی هیجری بوو

زۆر دوورتر لە گردی کە ژاوەی بابەك لە پەنا شاری سامەڕا، لەقەد پاڵەکانی بز کە هێشتا ئاگری خامۆش نەبووبوو، ئەسپەنێریانێکی با ئاساو بێ سوار دەی حیلاند. موعتەسەم قاراقاشقای بەیەکێك لە جەنگاوەرانی خۆی بەخشی بوو. ئەسپی گەڕ ناس ، سواری بێگانەی لەسەر پشتی خۆی بۆ ناو هەڵدێرێکی بەردەلانی قووڵ هەڵداشتبوو، تەنیا و تەنیا هەر خۆی ، سەری بە چیاو چۆلانەوە نابوو. حیلەکانی گوێ کەر کەر و زراو تۆقێنی کە هەرجار دەستی پێ دەکرد، دەشت و بەندەنی دەلەرزاندەوە. هەڵۆیەکیش لە ئاسمان بەسەر سەریەوە بروسکە ئاسا دەفڕی. قاراقاشقا غەمناك بوو. باڵندەکانی ئاسمانیش ، ئاوە ڕێژەوەکانیش ، کانییە تازە هەڵڕژاوەکان بەسەر بەرداندا ئەوانیش، ئاورگەکانیش ، ماڵەکانی میوانسەراو، کاروانسەراکانیش... هەموو شتێك و هەموو کەسێك.. لەغەم و ماتەمینیدا بەنێو خۆیاندا چووبوون، قەلاّیانی بریندار و چۆڵ لە بێدەنگیدا نقووم ببوون. هەر تۆسقالێك لەسەر زەوینی دایك دەتوایەوە. هەر دەتکوت بۆ مەرگی بابەك لەو سەر زەوینەدا ژیان بارگەو بنەی تێك ناوە.

قاراقاشقا حیلەی دەکێشاو هەڵدەستایە سەر پاشو و وەك بلێی دەیویست هەڵۆ ئاسا کە بەسەر سەریەوە دەی قیراند، وەکو بروسکە بەرەو ئاسمان لە شەقەی باڵ بدا: ((ئەی هەڵۆی وەفادار! چ هەواڵێکی بابەك دەزانی؟)) بروسکە شریقەی دەدا، حیلەی ئەسپ لەگەڵ



گرمەی تریشقەدا ئاوێتە دەبوو. حیلە دەبووە تریشقەو بریسکەیەکی کە لە لێدانی ناڵی ئەسپ بەسەر بەردانەوە چەخماخەی دەدا، لەگەڵ بریسکەی ئاسماندا لێکیان دەدایەوە. ئەسپ سمی لەزەوی دەکوتا، سەری بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە، یاڵی ڕادەوەشاند و دەیحیلاند. ئەم حیلەیە تا دوورە دەستەکان ، تا دڵی ئاسمانەکان، تا زیندانی سامەڕا کە لەوێدا ئەفشینیان لە بەندی هاویشتبوو ، تا کۆشکی جوسق ،تا کەژاوەی بابەك و تا گوێی ئەو ئەسپە لێو بەکەفانەی کەسەری مۆمیاکراوی بابەکیان بەسەر نووکی نێزەوە بەهەرێمەکانی قەڵەمڕەوەی خەلافەتدا گێڕا، دەرۆیشت و دەنگی دەدایەوە و لەگەڵ دنیادا تێکەڵ دەبوو و خەلافەتیان بە وەحشەتی مەرگدا دەبردە خوارێ.

حیلەی قاراقاشقا رۆژان بەمانگان و مانگیان بەسەر سالاّنەوە بەسەریەکەوە هەڵ دەچنی و پەیامی چیاکانیان بە پێ دەشتەکان ڕادەگەیاند. رۆژێك هەڵۆ بەرز و بەرزتر هەڵفری و ئەسپ ئەولا و ئەولاترەوە رۆیشت، رۆیشت و تا لە سەربانی بەرزی ئازەربایجان، بڵندترین دوندی ئازەربایجان، گەیشتە سەر قوللەی سبلان. لەوێ دەریاچەیەکی دیتەوە ڕوون وەك چاوەکانی بابەك ، زولاڵ وەك کانی سروشك. هەڵۆ داهاتە خوارێ تا نووکی باڵی خۆی بەسەر ڕووی ڕوونی دەریاچەدا هێناو لەسەر پشتی ئەسپ هاتە خوارەوە. ئەسپ حیلەیەکی درێژی دەستپێکرد و خۆی بە ئاوی دەریاچەدا دادا... حیلە بە ڕووی دیواری سبلان کەوت و دەنگی دایەوە. ئێستاش حیلەی قاراقاشقا لە سبلان هەر دەنگ دەداتەوە... قاراقاشقا بانگی سواری گوم بووی دەکا... بابەك دەڵێتەوە...

## ناوی کەسان و جێگاکان

*** ابو العتاهیه (٢١٠- ١٣٠ھ):**

له شاعیرانی ناسراوی سەردەمی عەباسییه لەدەرباری مەهدی عەباسیدا بە غەزەل خوێنی و پەسنی شۆخانی ڕوخسار جوان ڕۆژگاری دەبردە سەر. پاشان لە ئاکامی نائومێدی لەئەویندارى دا، گۆڕاو پەنای بردە بەر زوهدگەرێتی.

*** ابو نواس:**

له ناسراوترین شاعیرانی عەرەبە. لە ئەهواز لە دایکێکی ئێرانی هاتە دنیاوە و لە بەسرەو کوفە پەروەردە بوو. چووە بەغداو بووە خزمەتکاری بەرمەکییەکان. پاش ئاوابوونی ئەستێرەی بەختی ئەو بنەماڵەیە هەڵات بۆ میسر و پاشان دووبارە گەڕایەوە بۆ بەغدا و بووە هاونشینی ئەمین, شیعرەکانی زیاتر لە بارەی مەی و ئەوینەوەیە. هەندێك دەڵێن لە زینداندا و هەندێك دەلێن لە مەیخانە مردووە.

*** ئستودان:**

ناوی ئەو چاڵە بەردینانەیە کە لەناو چیادا زەردەشتییەکان ئێسقانی مردووەکانیان لەوێدا دەهاویشت و سەرەکەیان دادەپۆشی.

*** ئیسحاق موسڵی (٢٣٥ – ١٥٠ھ):**

عودژەن، موسیقاناس و چیرۆك خوێنی ناسراوی عەرەب کە لە دەرباری هارون و ئەمین و مەئمون و موعتەسەم و واسق و متەوەکل نزیك بووەو لەدەستەی هاو دەمان و پیاوانی تایبەتی ئەوان بووە. نوسراوێکی تێرو تەسەلی لە بارەی ئاهەنگەکان نوسی بوو. و بەقەولی ((صاحب الاغانی)) ئەو ئاهەنگەکانی ڕاست کردەوە و ڕێگاکانی بەرەو ڕاستی برد و لە یەکتری جیاکردنەوە، بەشێوەیەك کە هیچ کەس پێش ئەو ، ئەو کارەی نەکردبوو



وەپاش ئەویش کەس نەیکرد)) مەئمون لەبارەی ئەوەوە کوتبووی: ((ئەگەر ئیسحاق لەسەر زمانی خەڵك بە گۆرانی ناوبانگی نەڕۆیشتبا من ئەوم دەکردە قازی ، چونکە لەهەموو قازیان شایان ترو پاك ترو ڕاست ترو بەدین ترە.)) ئیسحاق لەدوا دوای ژیانیدا کوێر بوو. متەوەکیل لەمەرگی ئەودا کوتی: ((بەمەرگی ئیسحاق دەوڵەتی من لەشەرەف و جوانی بێبەش بوو.))

*** ئەل کەندی:**

ئەبوو یوسف یەعقوب کوری ئیسحاق. لەفەیلەسووفانی((انتقائی)) و زانایانی گەورەی ئیسلام لە زانستەکانی ماتماتیك و سروشت ، بووە و بەقسەی ئیبن ئەل نەدیم((لە بارەی زانستە کۆنەکانەوە خاوەن فەزلی زەمانە و تاك و بێ هاوتای سەدەی خۆی بوو)) ، بەپێی نووسینی نووسەری — اخبار الحکماء، ئەو دانەر و کۆکەرەوەی ٢٣٨ کتێب و نامە بووە. ئەو بە ((فەیلەسووفی عەرەب)) ناسراوە و لەگەڵ موعتەزیلە ((کە هەموو شتێك لەمەحەکی ئەقڵ دەدەن)) و ڕوناکبیرانی جیهانی ئیسلامی بەناوبانگ، پەیوەندی هەبووە و لەدەزگای مەئمون و موعتەسەمدا پایەیەکی بەرێزی هەبووە. لەدەوروبەری ساڵی ١٨٥ھ لە دایك بوەو لەدەوروبەری ساڵی ٢٥٢ کۆچی کردووە.

*** ئیرنا ((٨٠٢ – ٧٩٧ ز)):**

ئیمپراتۆری ڕۆمی ڕۆژهەڵات ((بیزانت))

*** باب ئەل ئەبواب ((دەربەند)):**

شاری دێرینی هەڵکەوتوو لە ڕێی باریکی نێوان دەریای خەزەر و چیاکانی قەوقاز. ئەم ڕێ باریکە لەسەردەمانی پێش و پاش ئیسلام ، بۆ پێشگرتن بەپەلامارەکانی هێرشبەرانی باکوور لە بابەتی تیرەکانی خەزەر، هون، سارمات، ئالاچن و.. خاوەن بایەخێکی سەربازی و بەرگری زۆر بووە. لە زەمانی ئەنەوشیروان بەنداوێکی بەردینی بەرز بەدرێژایی حەوت فرسەخ[1] لە نێوان چیاکانی قەو قاز و دەریای خەزەر بنیاتنراوە کە بە بەنداوی ئەسکەندەر ناسراوبووە لە زەمانی هارون ڕەشید (لە ساڵانی ١٨٣ ھ = ٧٩٩ز) دا لەسەرچاوە مێژووییەکاندا باس لە پەلاماریخەزەران و تالان و بەکۆیلەکێشی ئەوان بۆ سەر دەربەند کراوە. شاری دەربەند ئەمڕۆ دووەمین شاری بایەخ داری کۆماری ئۆتۆنۆمی داغستانی

---

(١) فرسەخ: یەکەیەکی درێژی یە بەرامبەر بە نزیکەی٢ کیلۆمەتر.

ئازەربایجانی سۆڤێتی جارانە. ئەم شارە لەسەردەمانی جیاجیادا بەناوی: باب ، باب ئەل ئەبواب، ئەلحەدید، دەربەند دمیرقاپو، دمیرقاپی دربند، تەیمورگاحالقا، کالحالقا ناوی هاتووە.

*** بەیت ئەل حیکمە:**

دەزگایەکی زانستی بوو کە مەئمون لەسەر شێوازی دانیشگای جوندی شاپور لەبەغدا بنیاتینا. ئەرکی بنەڕەتی ئەو دەزگایە وەرگێڕانی بەرهەمە زانستی و فەلسەفییەکانی یۆنانی بوە. بەیت ئەل حیکمە خاوەن کتێبخانەیەکی گەورە بووە کە لە زەمانی هارون ڕەشید و بەرمەکییەکانەوە هەبووە و بە خەزانەت ئەل حیکمە ناو دەبرا.

*** پەنام:**

قوماشێکی چوار گۆشە بووە کە زەردەشتیان لەکاتی خوێندنی ئاڤێستا یان نزیک بوونەوە لە ئاگر بەڕووی خۆیانەوە دەبەست.

*** تیوفوبوس:**

وانوسراوە کە ئەو کوڕی یەکێك لە شازادەکانی ساسانی بووە کە پاش داگیرکردنی عەرەبان، چووەتە بێزانت و لەوێ مردووە. تیوفوبوس چۆتە سەر ئاینی مەسیح و لەبێزانت چووەتە بەر خزمەتی دەسەڵاتی ئەوێ و ئەوەندە پلەی بەرزبۆتەوە کە خوشکی سزاری هێناو بووە فەرماندەی سوپای سی هەزاری ئێرانیانی کە لە بێزانت پەنابەر بوون. سەرەنجام ئەو لە پیلانێکدا دژی تیوفیل گیراو لە سێدارە درا. ***تیوفیل:** ئیمپراتۆری بێزانت (٨٤٢ — ٨٢٩/ ز= ٢٢٧ — ٢١٤ه

*** جاحیز (٢٥٥ — ١٦٠ه)**

ئەدیب و نووسەر و توانج نووسی گەورەی موعتەزیلە کە پەخشانی عەرەبی کامڵ کرد و ئەو بەنوسەری ٢٠٠ بەرهەم دەزانرێ.

*** جیبال**

یان بیلاد ئەل جەبەل کە پاشان بە عێراقی عەجەم ناوبرا، بەو هەرێمە شاخاوییە دەکوترا کە لەپێدەشتەکانی نێوان دوو ڕووبارەوە درێژ دەبوونەوە تا دەگەیشتە دەشتی ناوەڕاستی ئێران بەپێی نووسینی ئەبول فدا سنووری رۆژئاوای بیلاد ئەلجەبەل، ئازەربایجانە



و سنووری باشووری بەشێك لە وڵاتی عێراق و خوزستان و سنووری رۆژهەڵاتیشی بیابانی خوراسان و فارس ، و سنووری باکووری وڵاتی دیلم و قەزوین وری بووە.

*** جوبرائیل:**

لە بنەماڵەی ناسراوی مەسیحی جوندیشاپورە کە پزیشکی گەورەیان تێدا هەڵکەوتووە. ئەو کوڕی بەختیشوع و باوکی میکایلە کە هەردووکیان لە پزیشکانی ناسراوی عەباسین. جوبرائیل سەرەتا پزیشکی جەعفەری بەرمەکی و پاشان هارون و مەئمون بووە لە زەمانی مەئموندا جارەها کەوتۆتە زیندانەوە نامەگەلی زۆری لەبارەی پزیشکییەوە نوسیوە کە کاریگەری زۆری لەسەر پێشکەوتنی زانستی بەغدا هەبوووە وەك دەڵێن لەساڵی ٢١٢ کۆچیدا مردووە.

*** جەوانشیر:**

ئەو لەنێوان ساڵانی ٦٣٨ تا ٦٧٠ زاینی سەرۆکی دەوڵەتی گردمان بووە. چەندین جار لەگەڵ خەزەراندا کە ئەلبانیان دەخستە بەر پەلاماری تاڵان و بڕۆوە، جەنگاوەو هەرجارێك تیکی دەشکاندن. هەروەها چەندین جار دژی عەرەبان ڕاپەریوە سەرەتا لەپەنای ساسانیان و پاش کەوتنی ئەوانیش بەتەنیایی هەر بەردەوام بووە. سەرەنجام بەخیانەت کوژراوە. جەوانشیر لە لایەکەوە پێش مەشقی بابەك ژمێردراوە و ناوی لەڕیزی ئەو وقارەمانانی وەکو بابەك و قارەمانانی وەکو ((کوێرئوغلی)) و ((نەبی)) هاتووە.

*** چینوت:**

لە ئاینی زەردەشتدا ناوی پردێکە کە روحی مردووەکان بەسەر ئەوێدا تێدەپەڕێ و لەوێوە دەگاتە بەهەشت یان دۆزەخ.

***حەکەمی یەکەم:**

(٢٠٦ — ١٨٠،ه = ٨٢٢ — ٧٩٦ ز) سێ یەمین میری ئەمەوی قورتوبە.

*** دەربەند:**

باب ئەل ئەبواب.

*** زەندیق:**

تەعریبی وشەی ((زەندیك)) ە کە لەرۆژگاری ساسانیاندا بەمانەوییان دەکوترا و لەسەدەکانی سەرەتای ئیسلامدا بەگشتی بە کەسانی بێخودا و یاخی یان ناکۆك بە ئیسلام، دەکوترا.

* **ساتورن:**

جێژنێکه که له ڕۆمی کۆندا بەشانازی خواکانی شتان له ٢٧ ی دیسامبری هەرساڵێك بەرپادەکرا و لەو رۆژەدا هەمووان دەستیان لەکار هەڵدەگرت و کۆیلەکانیش ئازادانە بەشدارییان تێدا دەکرد و لەگەڵ خاوەنەکانی خۆیاندا شەرابیان دەنۆشی. هەندێك لەخاوەن کۆیلەکان لەو رۆژەدا، کۆیلەکانیان ئازاد دەکرد.

* **سپیندارمز:**

(ئارماتی) کە لەفارسیدا بە ئوسفەند ناودەبرا، ناوی چوارەمین لە گەورەترین فریشتەکانە. ئەم فریشتە پاسەوانی زەوی و شادی و ئاوەدانییە و خوشکی ئاهورامەزدایە.

* **سیواد:**

بەدەشتی بەراوی دیجلە و فورات دەکوترێ که هەمان سەرزەوینی عەرەبی عێراقە.

* **سوود:**

کۆمەڵە نامەکانی پزیشکی بیزانت. ئەم کۆمەڵەیە کە حەفتا بەرگ دەبوو. زانایانی ئەو سەردەمە بۆ سەر زمانی عەرەبیان وەرگێراوە.

* **سەهل بن سەنبات**

لەبەتریقان و شازادەکانی ئەرمەنی و فەرمانڕەوای قەڵای ((شکی)) بووە. سەرەتا لەگەڵ بابەك هاوپەیمان بوە و پاشان خیانەتی لێکردوە و تەسلیم بە ئەفشینی کردووە.

* **شارلمانی:**

یان شارلمانی گەورە (٨١٤ — ٧٤٢/ز) پاشای وڵاتی فەرەنگ ئیمپراتۆری رۆمی پیرۆز کە فەرمانڕەوایی بەسەر بەشی هەرە زۆری ئەوروپا دەکرد. دەڵێن لەگەڵ هارون ڕەشید(کە لە ساڵی ٨٠٩ ،ز کۆچی کردووە) پەیوەندی دۆستانەی هەبووەوە.

* **شاه شەڕەفان:**

وێرانەکانی ئەم قەڵایە ئێستا لەبەشی زنگیلان لە ئازەربایجانی سۆڤیێتی جارانە.

* **شەروین:**

سەمعانی دەڵێ: ((بابەکییەکان.. پاشایانی خۆیان بەر لە ئاینی ئیسلام بە پێغەمبەر دەزانن کە بەشەروین ناوی دەبەن و ئەسفراینی لە ((التبصیر)) ی خۆیدا دەنوسێ:



خوڕەمیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوانە لەسەردەمی جاهلیەتدا پاشایەکیان بووە ناوی شەروین بووە و پەسنی ئەو بەسەر پێغەمبەراندا دەدەن و هەندێك جار بۆ ناوی ئەو ماتەمینی و شیوەنی زۆردەکەن.

* **توغرا:**

هێڵێکی چەماوە کەبەسەر فەرمانەکاندا دەیانکێشا. و هەروەها نازناوێك بوو کە بەجۆرێکی تایبەت لەسەر فەرمانەکان بە ئاوی زێڕ یان جیوە دەنووسرا. هەروەها نووسیویانە کە: ((جۆرێك سەرپۆش بووە کە بەگەوهەر و خشڵ ڕازاوەتەوە و تایبەتمەندیی ژنانی عەباسی بوە.))

* **عەبدول ڕەحمانی دووەم:**

فەرمانڕەوایی ئەندەلوس (٢٣٨ — ٢٠٦ هـ = ٨٥٢ — ٨٢٢/ ز)

* **عەبدوڵلای کوڕی موبارەك:**

ئەم ناوە لەسیاسەتنامەی ((عەبدوڵلای کوڕی مالك)) دا هاتووە کە: هارون عەبدوڵلای کوڕی موبارەکی لەخوراسانەوە بەبیست هەزار سوارەوە بۆ جەنگی ئەوان (خوڕەمیان) ناردووە.

* **عەبدوس ئەل فەخری:**

لەساڵی ٨٣١/ز (٢١٦/هـ) لە میسر ڕاپەرینی بەرپاکرد و مەئمون ئەفشینی بۆ سەرکوتکردنی ئەم ڕاپەڕینە ڕاسپارد.

* **عیسمەت کوردی:**

سەر لەشکری بابەك بوو کە محەمەد کوڕی بەعیس فەرمانڕەوای مەرەند بە غەدر ئەوی بۆ قەڵای خۆی بانگ کرد و گرتی و ڕەوانەی لای موعتەسەمی کرد.

* **عەلی بن سەدەقە:**

بەزەریق دەناسرا. یەکێك لەو سەردارانە بوو کە بووە بەرپرسی جەنگ لەگەڵ بابەکیان. بەڵام لەگەڵ خوڕەمیاندا پەیوەندی گرت و لە مەئمون یاخی بوو و ماوەیەکی زۆر لە چیاکان ئالای سەربەخۆ بوونی هەڵگرت و سەرەنجام محەمەد کوڕی حەمیدی توسی بووە بەرپرسی سەرکوت کردنی ئەو و لە ساڵی٢١٢بەدیل گرتی و ڕەوانەی بەغدای کرد و بە فەرمانی مەئمون لەسێدارە درا.

*** عەلی کوڕی هشام:**

دوای کوژرانی محەمەدی کوڕی حەمید لە ساڵی ٢١٤ بەفەرمانی مەئمون بووە فەرمانڕەوای جەبەل و قوم و ئەسفەهان و ئازەربایجان و فەرماندەی جەنگ لەگەڵ بابەك. بەلاّم جەنگی نەکردو نارەزایەتی مەئمونی هەستاند مەئمون ((عەجیف کوڕی غنیە)) ی ڕاسپارد کە دەست گیری بکا. عەجیف ئەوی دەسگیرکرد و (ساڵی ٢١٧) ڕەوانەی بەغدا کرد. بەفەرمانی مەئمون سەری عەلی و براکەی لە لەشیان جیاکرانەوە و سەری مۆمیا کراوی عەلییان لە عراق و خوراسان و شام و میسر گێڕا.

*** عەنتەرە کوڕی شەداد ئەل عەبسی:**

لەپیاوانی ناسراوی عەرەب و شاعیرانی گەورەی سەردەمی جاهلی بووە و یەکێك لەوانەیە کە خاوەنی ((معلقات)) بووە. سیمای عەنتەرە و ئەوین دارییەکانی ئەو لەگەڵ کچە مامەکەی خۆی (عەبلە) دا بە خەرمانەیەکی پرشەدار لە ئەفسانە دەوردراوە. کتێبی ((ژین نامەی عەنتەر)) بریتییە لە کۆمەلێك لە چیرۆکەکانی قارەمانی و شاسواری لەبارەی عەنتەرەوە.

*** فوما:**

لەساڵی ٨٢١/ز (٢٠٦/ه) هاو کات لەگەڵ ڕاپەرینی بابەك، لەبێزانت ڕاپەرینێك ڕوویدا کە سەرتا سەری ئاسیای بچووکی گرتەوە و، جوتیارانی ئازاد، کۆیلە و ڕەعیەتەکانی کە لەدژی خاوەکانیان ڕاپەریی بوون، بەیەك گرتوویی بەشدارییان تێداکرد. لەسەرەوەی ئەم ڕاپەرینە دا پیاوێك بوو بە ((فوما)) دەناسرا. هەروەکو کە بابەك لە هەوڵی بەدەست هێنانی پشتیوانی ئیمپراتۆردا بوو، فۆماش لەگەڵ عەرەباندا کەوتە گفتوگۆوە. فوما بەهێزێکی گەورە گەمارۆی قوستەنتەنیەی دا ، بەلاّم ئیمپراتۆر بە یاریدەی بولگارەکان توانی ڕاپەرین سەرکوت بکا و فوما دەسگیر بکاو لە سێدارەی بدا.

*** فیساگۆرس:**

فەیلەسوف و زانای ماتماتیکی یونانی (لەدایکبووی دەوروبەری ٥٨٠، و کۆچکردووی دەوروبەری ٤٩٧ پ. ز) دەلێن سەفەری بۆ میسرو ئێران و هیندستان کردووە و کەڵکی لە زانایانی ئەو ولاّتانە وەرگرتووە. لە فەلسەفەی ئەودا، زانستەماتماتیکییەکان گرنگی تەوایان هەبووە. ئەو ، ژمارەی بە بنەڕەتی بوون داناوە و مۆسیقاشی بەو هۆیەوە کە



پێکهاتەی دەنگەکان لە هێنانەدی ئاوازەکاندا پاشەبەندی هاوڕێژەیی ژمارەیین لەڕیزی زانستە ماتماتیکییەکان دەژمارد.

*** قوتربل:**

گوندێکی دەوروبەری بەغداد بووە و بەنووسینی ئەبولفیدا ((لەوێ شەراب دەفرۆشن)) و بەپێی نووسینی قەفتی((شەرابی ئەوێ وەك پەندی پێشینان باشە)).

*** کالیستن:**

(٣٢٧ — ٣٦٠/ پ.ز) مێژوو نووسی یونانی کە لەگەڵ ئەسکەندەردا هاتە ئاسیا. لەسەرەتا ئەسکەندەری بەخوا دەژوباند و پاش ئەوە گومانی پیلانگێڕانی دژی ئەسکەندەر لێکراو بەوگومانە تاوانبار کراو کوژرا. کتێبەکەی ئەونامەی زۆری لەبارەی پزیشکییەوە نووسیوە و لە گەشەی زانستی بەغداد کاریگەرییەکی فراوانی بووە وەك کوتراوە لە ساڵی ٢١٢، ه دا کۆچی کردووە.

*** کوستی:**

کوستی کەمەربەندێکە کە لە ٧٢ دەزووی خوری مەڕ دەچنرێ. هەر زەردەشتییەك کە تەمەنی دەگاتە ساڵی پێگەیشتوویی، بەڕەسمی ئەو ئاینە، ئەو کوستییە لە پشتی دەبەستێ.

*** کلیلە و دیمنە:**

ئەم کتێبە بە هیندی نوسراوە. پاشان لەزەمانی ساسانیاندا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی پەهلەوی و ئنجا ئیبن ئەل موقەفەع زاناو وەرگێڕی گەورەی ئێرانی ((کە لە ساڵی ١٤٢/ه کوژرا)) ئەو کتێبەی وەرگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی. ئەم کتێبە پاشان لە ڕێگەی چەند کەسێکەوە کراوە بە فارسی. وەرگێڕدراوی نەسروڵلاّمنشی بەناو بانگ ترین وەرگێڕدراوە.

*** گاهنبار یان گهنبار**

لەشەش جێژنەکانی زەردەشتییانە کە هەر کامیان لە وەختێکی تایبەتی ساڵدا بە بۆنەیەکەوە بەڕێوە دەچێ و بەزنجیرە بەم شێوەیەن:((میدیورزم)) —نێوان بەهار — کە لەنیوەی مانگی مایسدا، ڕۆژی دروستبوونی ئاسمان بەرپا دەکرێ. ((میدیوم ستم)) — نێوان هاوین- لەنیوەی مانگی تەموزدا، و ((پیتە شهیم)) —((دانەوێڵە هەڵگرتن- ڕۆژی

دروست بوونی زەوی. و ((میدیارم))- نێوان ساڵ لە مانگی حوزەیران ڕۆژی دروستبوونی گیانلەبەران، و ((ئیاسرم)) لە مانگی وەرزی گەڕانەوەی مێگەلان، هەروەها ((هەمپتدم)) لە ئاخرین ڕۆژی ساڵی کە بیسەدا لە مانگی نیسان ، ڕۆژی بوونی مرۆڤدا بەرپا دەکرێ.

*** گردمان:**

ناوی ویلایەتێکی ئالبانی کۆن بووە کە سەرزەوینەکانی نێوان داوێنی ڕۆژهەلاتی زنجیرە چیای قەوقاز، دەریای خەزەر و ڕووبارەکانی ئاراس و کوورای دەگرتە خۆی. بنەماڵەی ئێرانی بەرچەڵەك میهرانی لە زەمانی ساسانیان فەرمانڕەوایی ئەم ویلایەتەی دەکرد کە پێ بەپێ لەگەڵ نەمانی دەستەلاتی ساسانیدا پێگەی بەهێز دەبوو و دەوڵەتی گردمانی پێکدەهێناو پەرەی بە فراوانکردنی قەڵەمڕەوی خۆی دەدا. هەڵکەوتوترین کەسی ئەم دەوڵەتە جەوانشێر بووە.

*** لاك پشت:**

عەرەبەکان دەزگای قەلاکوتیان بەم ناوەوە ناو دەبرد.

*** مازیار کوڕی قارن:**

سەردار زادەیەکی تەبەرستانی بوو. پاش مردنی قارن حکوومەتی تەبەرستان کەوتە دەستی براکەی ((مامی مازیار))مازیار چووە لای مەئمون و گوێڕایەڵی خۆی ڕاگەیاند. مەئمون فەرمانی فەرمانڕەوایی بۆ ئەو دەرکرد. مازیار پاش گەڕانەوەی بۆ تەبەرستان، مامی خۆی لەناو برد و دوای ئەوە تازەمانی موعتەسم خەراجی تەبەرستان کە پاژیك بوو لەقەڵەمڕەوی تاهیرییەکان، بۆ ئەوان دەنارد و پەیرەوی لە خەلافەت دەکرد. پاش ئەوە یاخیبوو لەگەڵ بابەکدا بووە هاودەست و بانگەشەی خوڕەمی گەری کرد و داوای لە گوندنشینان و جوتیاران کرد تا ماڵ و موڵکی موسوڵمانان تالان بکەن و لێیان ڕاپەڕن. بە فەرمانی ئەو مزگەوتەکان وێران کران و موسڵمانان کەوتنە ژێر گوشارەوە. ئەفشین نامەیەکی بۆ نارد و هانی ئەوی دا تا لەشۆڕش دژی تاهیریان بەردەوام بێ. لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تاهیر ، کوهیار (برای مازیار) خیانەتی کرد و عەبدوڵلای کوڕی تاهیر ، لەساڵی ٢٢٤ (ساڵێك پاش شکانی بابەك) مازیاری ڕەوانەی بەغدا کرد. مازیار لەکاتی لێکۆڵینەوەدا پەردەی لەسەر پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەفشین لابرد و هەردووکیان لە سێدارە دران.



*** موتەکەلیم:**

بە کەسانێك دەکوترا کە سەرقاڵی ((عیلمی کەلام)) بوون، و ئەوانە گرووپێك بوون لە گرووپەکانی ئیسلام کە ئەبوو ئەل حسێن ئەشعەری، پاشان، ((لە کۆتایی سەدەی سێ یەم و سەرەتایی سەدەی چوارەمی هیجری)) دایمەزراندو ڕێکی خست.

*** محال بیشکین:**

هەمان هەرێمی بیشکینە کە لەوسەردەمەدا خاوەنی حەوت شار بووە یەکێك لەوانە بز بووە.

*** محەمەد کوڕی ڕەواد ئەزدی**

کوڕی ڕەواد و لەبنەماڵەی ڕەوادیان کە لە ڕۆژگاری بابەك لە تەورێز و دەوروبەریدا فەرمانڕەوایی کردووە.

*** مەزدەك یان مەزدەکنامە**

کتێبێکە گوایا لە لایەن((ئیبن ئەل موقەفەع)) ەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی. هەڵبەتە ئەمڕۆ ئەم کتێبە شوێنەوارێکی لەبەردەستدا نەماوە. ئەم کتێبە هەروەکو کە زانیاری لەبارەیەوە وەرگیراوە. هی خودی مەزدەك یان مەزدەکیان نەبووە. بەڵکو لە ناڕەزایی و دژی ئاینی مەزدەکی نوسراوە و لەمبارەیەوە لێکچوونێکی لە گەڵ سیاسەتنامەدا هەبووە.

*** موعتەزیلە:**

یەکێکە لە گرووپەکانی ئیسلام کەلەسەرەتای سەدەی دووەمی هیجری ، لەبەسرە سەری هەڵدا و لە قەڵەمڕەوی عەباسیدا پەرەی ستاند. موعتەزیلە داژداری ئەقڵ گەرێتی بوون و داژداری سەرپشك بوون بوون لەبەرامبەر حەتمیەتدا.

*** میخائیلی دوەم**

ئیمپراتۆری بێزانت لە (٨٢٩ - ٨٢٠/م)

*** مهر:**

لە فریشتەکانی پلەیەکی ئاینی مەزدسیناو خاوەنی لە وەرگاکان و پاسەوانانی چاکەکاران و چاودێری کەری کاری باش و خراپی خەڵکە.

*** نیکفوری یەکەم ((٨١١ – ٨٠٢))**

ئیمپراتۆری ڕۆمی رۆژهەلاّت ((بیّزانت))

*** ڤیدا ((ریك ڤیدا))**

ناوی کتیّبی پیرۆزی هیندۆیانە. رۆژگاری نوسینەوەی ئەم کتیّبە لـە ١٠٠٠ تـا ٢٠٠٠ ساڵ پیّش زاییینەوە دەزانن کە بە سەرپەرشتی سوشروتا پزیشکی هیندی، ئەنجام دراوە. لـەم کتیّبەدا، باس لە ستایـشی خواکـان، ئاهەنگـەکان وئاوازەکـان و پزیـشکی دەرمانـسازی، کراوە.

*** هوم:**

خواردنەوەیەك کە لە گیای هوم وەردەگیرا و ئامادە دەکـرا ولـە جیّژنـەکان و بۆنـەکانی پاڕانەوەکانی ئاینی زەردەشتدا، دەیان خواردەوە.